# وریابوونەوەی کورد

## مێژوویێکی سیاسی

## ١٩٠٠ ـ ١٩٢٥

جەرجیس فەتحوڵڵا

# وریابوونەوەی کورد

## مێژوویێکی سیاسی

## ١٩٠٠ ـ ١٩٢٥

**باسی ئەو ململانێیە دەکا کە لەکۆمەڵەی گەلاندا ـ عصبە الامم ـ سەبارەت بەباشووری کوردستان روویدا لەگەڵ بەڵگەنامە و یادداشتە پەیوەندیدارەکان بەو کێشەیەوە**

**بەرگی دووەم**

**حەسەن جاف**
**لەعەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **وریابوونەوەی کورد** (مێژوویێکی سیاسییە)
- **نووسینی:** جەرجیس فەتحوڵڵا
- **وەرگێڕانی بۆ کوردی:** حەسەن جاف
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** دەزگای موکریانی
- **بەرگ:** محەمەد هاشم
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٥٠٢
- **نرخی هەردوو بەرگ:** ١٠٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٥٤)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەڕۆك

**بەشی دووەم** ........................ ٣٤٥
**بەشی سێیەم: دەقی تەواوی** ........................ ٥١١
**بەشی یەکەم: راپۆرتێك دەربارەی کاری لیژنەکە**........................ ٥١٤
**بەشی دووەم: توێژینەوەی ئەو شێوازی کارکردنەی هەردوو** ........................ ٥٤١
**بەشی سێیەم باسکردنی هەموو لایەنەکانی ئەو کێشەیەی** ........................ ٥٥٦
فەسڵی یەکەم ........................ ٥٥٦
فەسڵی دووەم ........................ ٦٦٨
فەسڵی سێیەم ........................ ٦٧٤
فەسڵی چوارەم ........................ ٧٠٦
فەسڵی پێنجەم ........................ ٧١١
فەسڵی شەشەم ........................ ٧٣٨



**دەربارەی بارودۆخی دانانی ئەم کتێبە**

((من دڵنیام کە یەکێك ئەمڕۆ کتێبێ دەنووسێ بۆ سبەینێ دەڵێ: ئەگەر ئەمەم بگۆڕیبایە باشتر بوو، ئەگەر ئەمەم لێ زیاد بکردایە باشتر بوو، ئەگەر ئەمەم پێش بخستبایە باشتر بوو، ئەگەر ئەمەم دانەنایە جوانتر بوو، ئەمەش مەزنترین پەندە و بەڵگەی ئەوەشە کە مرۆڤ لەکەم و کوڕی بەدەر نییە))

ـ العماد الاصفهانی ـ
١١٢٥ ـ ١٢٠٠

# بەشی دووەم

## یادداشت و بۆچوون– ذکریات وانطباعات

١- وتاری جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی گەلان" ف.پ.والترز"

٢- لیژنەی موسڵ : لە نوسینی " ی.اڤ ڤیرسن" سەرۆکی لیژنە.

٣- لیژنەی موسڵ: لە نوسینی "سی.جی ادموندز" ئەفسەری پەیوەندی بەریتانی- ضابط الارتباط- لە لیژنەکەدا.

٤- کێشەی موسڵ :" عبدالعزیز القصاب" پارێزگا- متصرف-ی موسڵ.



ف.پ.والترز

F.p.Walters

جێگری سکرتێری گشتی کۆمەڵ

لە کتێبەکەیەوە وەرگیراوە" مێژووی کۆمەڵەی گەلان The History of the League of Nations چاپخانەی ئۆکسفۆرد- لەندەن ١٩٥٨

ناونیشانی فەسڵەکە: دەربارەی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە: سنور و — عائدیە-تی ویلایەتی موسڵ (ل٣٧٩، و دوای ئەو

کێشەی موسڵ بریتی بوو لە کێشەیەکی هەرێمی و دەکرێ لەگەڵ ناکۆکی لەسەر سیلیزیای سەرو بەراوردبکرێ لایەنەکانی کێشە کە (١) تورکیا کە بۆ ماوەی چەن سەدەیەك حوکمی ویلایەتی موسڵی کردبو (٢) بەریتانیا کە لەو رۆژەوەی هێزەکانی بەریتانیا وڵاتی نێوان دوو روبارەکەیان لەکاتی جەنگدا داگیر کرد، موسڵیش کەوتە ژێر دەسەڵاتیان (٣) عیراق کە دەوڵەتێکی عەرەبی ی تازە دروست کراوبو و بەریتانیا خولڤاندی و لەلایەن مانداتی-انتداب- بەریتانیەوە بەڕێوە دەبرا.

لەیەکەم رێکەوتننامەی ئاشتبوونە لەگەڵ تورکیادا کە رێکەوتننامەی سیڤەرە ئەم هەرێمانە دران بە عیراق بەڵام لە لوزاندا کەرێکەوتننامەیەکی نوێ لەگەڵ تورکیای نوێدا بەسترا، تورکیای مستەفا کەمال، تورکەکان سووربوون لەسەر گێڕانەوەی و هیچ لایەنێك دەستی لە داواکاریەکانی خۆی هەڵنەگرت و بۆ ئەوی دیکە "تنازل"ی نەکرد بەڵام هەردولاش زۆریان مەبەست بو کەمانەوەی ئەم کێشەیە نەبێتە رێگر لەبەردەم ئیمزا کردنی بەپەلەی رێکەوتننامەی ئاشتبونەوەی گشتی، بۆیە مەرجی ئەوەیان دانا کە لە نێوان تورکیاو بەریتانیادا ووت و وێژ بکرێ دەربارەی ئەو ویلایەتە، جا ئەگەر لەماوەی نۆ مانگدا نەگەیشتنە ئەنجام کێشەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵە- العصبە- وتووێژەکە سەری نەگرت و لە ٢٤/ی ئابی ١٩٢٣دا ماوەی دیاریکراو سەبارەت بە رێکەوتننامەکە کۆتایی هات، بۆیە (رمزی مکدونالد) داوای لە ئەنجومەنی کۆمەڵە کرد بریارێك دەربکا.

لەکۆبونەوەی ئەنجومەندا، هەمووشتێ بەباشی بەڕێوە چو و ئەنجومەن تورکیای دڵنیا کردەوەو گەرەنتیشی دایێ کە بەشداری دەکا لەو ئیجرائاتانەی دەکرێ وەك یەك و بە هەمان مافی دیاری کراو بۆ بەریتانیا. نوێنەری تورکیا (فتحی بگ) کە یەکێك بو لە دۆستە دیارەکانی مستەفا کەمال، گەیشتە جنێف، بەڵام ناوبانگی وەك وت وێژکەرێکی عیناد و کەللەرەق پێش خۆی گەیشت، کەچی کاتێ کە بەزیرەکیەکی تەواوەوە بەڵگەکانی خۆی باس دەکرد، وەك پیاوێکی میانڕەوی بەرێز دەهاتەپێش چاو جا چ لەگەڵ ئەنجومەندا بوایە یان لەگەڵ ناحەزەکەی —الخصم- داوا لە برانتنگ Branting کرا، کە هەموان دانیان بەبێ لایەنی و دادپەروەریدا هێنا، ببێ بە "مقرر" Rapportuuer لیژنەکە. بەڵگەنامەی دووو درێژ پێشکەش کرا و هەردولا وتاری تێرو تەسەلی پێشکەش کرد تورکەکان ئیدیعای ئەوەیان کرد کە زۆربەی دانیشتوانی موسڵ دەیانەوێ بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی تورك بەریتانیەکانیش ئیدیعایەی ئەوەیان کرد کە دانیشتوانی ویلایەتەکە بەگشتی حەز دەکەن بن بە هاووڵاتی شانشینە تازەکە.

دوای بیستنی بەڵگەکانی هەردولا ئەنجومەن دەستی بەپرسیارکرد و (تەئکید)ی لە هەردولا وەرگرت کە پابەند دەبن بەو (تعهد)انەی رێکەوتنامەی لوزان دیاریی کردوە، بەوەی هیچ کارێ نەکەن



کە ببێتە هۆی گۆرانکاری لە سنوردا سەبارەت بەو زەویانەی کێشەیان لەسەرە، هەروەها داوایان لە هەردوولا کرد کە دەبێ پێش وەخت بەڵێنی ئەوە بدەن هەر بریارێك ئەنجومەن دەری دەکا ئەوان پێی رازی دەبن. حکومەتی بەریتانیا بە درێژایی ئەو کاتەی کۆمەڵە خەریکی ئیجرائاتی خۆی بوو لەو بارەیەوە بەڵێنی دا کە پابەند دەبێ، بەڵام (فتحی بەگ) لە سەرەتادا ئەو بەلێنەی نەدا، بەڵام لە دواییدا و لە کۆتایی دانیشتنەکەدا زۆر بە روونی ئەو بەڵێنەی دا.

دوای ئەوەی ئەم مەرجە سەرەتاییانە جێگیر کران کۆمەڵە بڕیاری دا لیژنەی لێکۆلینەوە رەوانە بکاتە ئەو شوێنانە و دەسەڵاتی زانین و دڵنیابوونی درا یێ سەبارەت بە هەستی دانیشتوانی ناوچەکە، هەروەها مافی ئەوەشی هەبوو راوێژ لەگەڵ هەرسێ حکوومەتدا بکات کە پەیوەنددارن بە کێشەکەوە و پاشان راسپاردەی(توصیە) خۆی پێشکەش بکا. لەو کاتەی کە وتووێژەکانی جنێف زۆر بە ئاسانی و هێمنی بەڕێوە دەچون، پشێوییەکی مەترسیدار بە درێژایی سنوری کێشە لەسەر، روویدا. هەموو لایێك دەیگوت پابەندە بە بەڵێنەکەی خۆیەوە کە نابێ هیچ گۆڕانکاریەك لە دۆخی ناوچەکەدا رووبدا. بەڵام دەرکەوت کە بۆ چونی بەریتانیەکان زۆر جیایە لە بۆ چوونی تورکەکان سەبارەت بە هێڵی دیاری کراو و لە کوێ دەبێ، بۆیە هەردوو لایان دەستیان کرد بە رێ و شوێن دانان بۆ پاراستنی ئاسایش و دەست گرتن بەسەر ئەو بەشەی سنوردا کە بەهی خۆی دەزانێ و مافی خۆشیەتی هەر چیەکی تێدا بکا بێ ئەوەی بەڵێنەکانی شکاندبێ ناروونی ئەو دەربڕینەی ئەو ماددەیەی پێ نوسرابوو کە تایبەت بوو بەم مەسەلەیە لە رێکەوتننامەی لوزاندا بوە هۆی ئەوەی هەر لایێك بیەوێ بە ئاسانی هۆی قبوڵ کراو بدۆزێتەوە بۆ ئەو ئیجرائاتانەی دەیکا و نارەزاییش دەربڕێ سەبارەت بە ئیجرائاتەکانی ناحەزەکەی —الخصم-، پێشتر و لەکاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەندا راپۆرت گەیشت کە باسی شەڕی بچووك بچوکی دەکرد و ببوە هۆی رودانی زیانی گیانی. لە نۆی تشرینی یەکەمدا و پێش ئەوەی کاروبارەکانی ئەنجومەن کۆتایی بێت بە چەند رۆژێ حکومەتی بەریتانیا ئاگاداریەکی ئاراستەی تورکیا کردو هەڕەشەی کردەوەیەکی سەربازیی لێکرد ئەگەر هەموو هێزەکانی لەماوەی چل و هەشت سەعاتدا نەکێشێتەوە پشت ئەو هێڵەی کە دەبێ تورکەکان- بە بۆچوونی بەریتانییەکان- رێزی لێ بگرن، تورکەکان لەوەڵامدا پەنایان بردە بەر کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی بڕیارێك دەربکا دەربارەی هێڵی سنوری دیاری کراو بۆ هەردولا، ئەنجومەنیش کۆبونەوەیێکی تایبەتی لەو بارەوە لەبروکسل کرد. (برانتنگ) رازی نەبو هیچ گفت و گۆیەك دەربارەی راڤەکردنی بەڵێنەکانی پێشو بکرێ و پێشنیاری کرد کە ئەنجومەنی بۆ خۆی ئەوەی بۆ بارودۆخی ئێستا بەباشترین هێڵی جارەکی- مۆقت- سنوری دەزانێ دیاریی بکا و بیچەسپێنێ بۆ ئەوەی وەکو پێویستە ریزی لێ بگیرێ. بەمجۆرە ئەو ناکۆکیە چارەسەرکراو

چیدیکە کەس هیچی دەربارەی ئاگاداریەکەی بەریتانیا نەبیستەوە هەردولاش بەڵێنی تەواویان دا کە سەربازی هیچ لاێیك یان وەکیلەمەدەنیەکانیان ئەو هێلە نەبەزێنن کە لە بروکسل دیاری کرا، ئیتر رێگە خۆش بو بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە تاکو دەس بکا بە کارەکانی.


سەبارەت بەدانانی ئەندامانی لیژنەکە پێویست بو هەوڵ بدرێ کەسێك دانەنرێ بەتەواوی بێ لایەن نەبێ جا لەبەر هۆی کەسی- شخصی- بێ یان پەیوەندیی بە پێناسە وولاتەکەیەوە هەبێ، یانیش لەوانەیە وابێ لای هەر لایەنێك لەلایەنەکان.

لەکێشەی موسڵ دا مەسەلەیێکی دیکە هەبو کە دەبو لەبەرچاو بگیرێ. بروا وابو کە هەرێمەکە دەوڵەمەندە بەنەوت تا ئەو رادەیەی کە حکومەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا قبوولی نەدەکرد عیراق بخرێتە ژێر "انتداب"ی بەریتانیەوە تاکو دڵنیا نەبن لەوەی هاووڵاتییە ئەمریکییەکان بێ بەش نابن، بەتایبەتی کە ئەو کێشە هەرێمایەتیە لە لایەن هەندێ لایەنەوە بە تایبەتی ئەڵمانیا وا باس دەکرا کە ئاڵوگۆرێکی نا پەسەندە لە ئاڵوگۆڕە ناپەسەندەکانی نەوت.

بەڵام ویلایەتی موسڵ خاوەن گرنگیەکی ستراتیجی مەزن بوو و ژمارەی دانیشتوانی زۆرن و سامانە ئابوریەکەشی ئەوەندە بەرزە کە بەقەد رادەی زۆربەی ویلایەتە عەرەبی و تورکیەکانە. هیچ گومانیشی تێدانییە کە سیاسەت و ئامانجی بەریتانیا و تورکیا و عیراق یەك بو، با هیچ هیوایێکیش بۆ بوونی نەوت لە ویلایەتەکەدا نەبێ. بەڵام ئەم بۆچوونە وای لە لیژنەکە کرد کە هیچ هاووڵاتیەك نەکاتە ئەندام لە لیژنەکە ئەگەر رەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەبێ کە هاووڵاتییەکانی ئارەزوو، یان "سهم" یان هەبێ لە نەوتەکەدا.

لەسەر ئەم بنەمایە لیژنەکە لە دیپلۆماتێکی سویدی و عەسکەریەکی بەلجیکی و جوگرافی زانێکی هەنگاری کە پێشتر سەرەك وەزیران بووە، پێکهات، ئەمەش یەکەمجار بو کە کۆمەڵەی گەلان بەرپرسیاریەتی لەو جۆرە بسپێرێ بە هاووڵاتی یەکی لەدەوەڵەتانی ناوەند کە لە جەنگدا دۆڕابوون. راپۆرتی لیژنەکە بە پێچەوانەی داواکاریی هەردولا بو، چونکە هەستی دانیشتوان لەگەڵ هیچ کامێکیاندا نەبو و هیچیشیان لەوی دیکەیان بەباشتر نەدەزانی. کوردەکان کە ژمارەیان لەکۆی هەموو دانیشتوانی ویلایەتەکە زیاترە سەربەخۆییان دەویست. ئەوەی دەتوانرێ بگوترێ ئەوەیە کە زۆربە- لەناچاریشەوە بوایە- پێیان باش بو بچنە پاڵ عیراق و نەدرێنەوە دەس تورکیا بەمەرجێ-انتداب-ی بەریتانی لەسەر عیراق تا بیست و پێنج ساڵ درێژە بکێشێ.





وێنەی کۆشکی (ال الشریتی) بارەگای لیژنەی لێکۆڵینەوە- موسڵ ١٩٢٥ (ناوی کۆشکی مەلیکی لێ نرا)



**E.af.virsen** وێنەی ی.اف.ڤیرسین

فەسڵی تایبەت بە (لیژنەی موسڵ) لە کتێبەکەی "یادگارەکان لە جەنگ و ئاشتی دا"


Minnen Fran Fred och Krig

خانەی- البرت بونیر-

Albert Bonniers Falag

بۆ وەرگێڕانی ئەمە هانامان بردە بەر ئەدیب (موئەید تەییب) بە سوپاسەوە، والێرەدا بڵاوی دەکەینەوە بێ ئەوەی لە وەرگێڕانەکەدا هیچ ماندوبونێکمان دیبێ جگە لە چاککردن و هەندێ دەستکاری زمانەوانی، و دانانی هەندێ –تعليق-و پێناسەی پێویست





نەخشەی ویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان)ی

## پێکهێنانی لیژنەی موسڵ

لە ٣٠/ی ئەیلولی ١٩٢٤ ئەنجومەنی کۆمەڵی گەلان بڕیاری دا "لیژنەی لێکۆڵینەوە و راستی کۆکردنەوە" پێك بهێنێ دەربارەی مەسەلەی سنوری عیراق، دوای ئەوەی کۆنگرەی ئاشتی کە لە لۆزاندا بەسترا پێش ساڵێك نەیتوانی بگاتە چارەسەرێ بۆ مەسەلەکە.

ئەرکی لیژنەکە بریتی بو لە کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست کە پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە و بیخاتە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵی گەلان لەگەڵ راسپاردەکانیدا —التوصیات- بۆ ئەوەی کۆمەڵی گەلان بتوانێ لەبەر رۆشنایی ئەوەدا بڕیارێك بدا سەبارەت بە مەسەلەی کێشەکە. هەروەها بڕیاریش درا کە لیژنەکە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە شوێنی کێشەکەدا بکا کە زۆر پێویست بو وابێ، ناوی نوێنەرەکان کە لەلایەن هەردوو لایەنی کێشەکەوە، تورکیا و ئینگلتەرە، دانرابون، دیاری کران لیژنەکە لە سەرۆك و دوو ئەندام پێکهات من خۆم بەرێز (برانتنگ Branting) پالاوتمی کە "مقرر"ی ئەنجومەنی کۆمەڵ بوو.

(کولونیل پاولس Paulis) کە بەلجیکی بو، لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمەڵەوە (ثیونیس Theunis) پالاوترا، هەروەها ئەنجومەنی کۆمەڵ بڕیاری دا (کونت تیلیکی Teleki)ی سەرەك وەزیرانی پێشوی مەجەر بە ئەندامی سێ یەم دابنرێ.بەمجۆرە بڕیاردرا کە مەجەر بگەڕێتەوە کاری نێو دەوڵەتی و چالاکیی خۆی بسەلمێنێ لە کۆمەڵی گەلاندا.

بڕیاری پێکهێنانی لیژنەکە لە مانگی تشرینی یەکەمدا دەرچو و بروسکەیێکم پێ گەیشت دەربارەی دانانم لە لیژنەکەدا. لەپێشدا داوای لێ بوردنم کرد کە ئەو بڕیارە قبول ناکەم، بەڵام دواتر و لە دوای بروسکەی دووەم قبوڵم کرد.

لەهەمان مانگدا لیژنەکە لە جنێڤ کۆبوەوە بۆ دانانی پلانی کار و واشمان بڕیاردا کە دەبێ یەکسەر بچینە شوێنی کارەکەمان، هەروەها پێویست بو هەندێ زانیاریش دەربارەی چەن شتێکی دیاری کراو کۆبکەینەوە و لەگەڵ هەردو حکومەتی خاوەن کێشەکە باسیان بکەین. بۆیە لیژنەکە  بڕیاری دا کە دەبێ پەیوەندیی راستەوخۆی هەبێ لەگەڵ هەردوو لایەنی کێشەکە لەرێ چوونە لەندەن و لەدواییشدا ئەنقەرە.

ئەنجومەنی کۆمەل سەرۆکی لیژنەی لە ئێمە دانەنا، ئەمەی بۆ خۆمان بە جێهێیشت، ئەمەش پێویست بو بۆ ئەوەی بتوانین کاروبارەکانی لیژنەکە و ئالوگۆڕی نامە لەگەڵ هەردو حکومەتیشدا رێك بخەین. من پێشنیاری ئەوەم کرد کە (تیلیکی) بکرێ بە سەرۆك، ئەویش دوای هەندێ دو دڵی رازی بو لەوەش دەترسا لایەنی لایێك بگرێ، هەمان شتیش راستە



دەربارەی ئەندامەکەی دیکە کە رەگەزنامەی بەلجیکی هەبو[١]، بۆیە تیلیکی پێشنیاری ئەوەی کرد کە من سەرۆکایەتی لیژنەکە وەربگرم چونکە سویدیم و گومانیش لە بێ لایەنی سوید نییە، کە ئەم پاساوەیان هێنایەوە نەمتوانی رازی نەبم بەڵام تیلیکی بەهۆی توانای زۆریەوە سەبارەت بە دۆزینەوەی رێگا چارە و بڕیاردان لە جێبەجێ کردندا لەپێشی پێشەوە بو و رۆڵی هەرە گەورەی هەبو لەدانانی پرسیارەکانی راپرسی گشتی دا کە هەردوو حکومەتی لێ ئاگادار کرابوەوە لەو ساتەی دەس بەکار کردن کرا، هەروەها "استقلالیە"ت و بێ لایەنیەکەی بەرانبەر هەردو حکومەت مایەی پێزانین بو. توێژینەوە جوگرافیاییەکانی دەربارەی سروشتی ناوچە کێشە لەسەرەکە و ئەسلی ئەو نەتەوانەی تیایدا دەژین زۆر یارمەتی داین لەمەسەلەی لێکۆڵینەوە لەلایەنی رەگەزی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ. هەروەها ئەو نەخشانەش کە لەکاتی کارکردندا کێشرابون و لەگەڵ راپۆرتەکەماندا دامان نابو لە (پەیمانگەی تیلیکی)ی جوگرافیایی چاپ کران، ئەمەش گرنگیەکی مەزنی هەبو.

(پول تیلیکی) لەبنەماڵەیێکی نەجیب زادەی "مقاطعة" ترانسلڤانیایە، ئەم "مقاطعة"یە ئەوەبو کە لە "تریانون"[٢] بڕیاردرا بخرێتە سەر رۆمانیا. زانایێکی جوگرافیی زیرەك بو، ئەوگەشتەی کە لە سەردەمی لاویدا کردی بۆ سودان دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبو، هەروەها ئەو نەخشانەش کە بۆ دورگەکانی ژاپۆن کردبونی ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیدا کرد.

لە ساڵی (١٩١٣)ەوە ئەندام بوو لە کۆمەڵەی جوگرافیایی شاهانەی بەریتانیا —الجمعیة الجغرافیة الملکة البریطانیة— ئەو نەخشە (اثنوغرافیا)یانەی کە بۆ مەجەری کردبوو بایەخێکی تایبەتیان هەبوو. هەمان شتیش دەتوانین بڵێین دەربارەی ئەو نەخشانەی کە تایبەت بوون بەو ناوچانەی لە مەجەر کرابوونەوەو ئەنجامە (نەرێتی-سلبی)یەکانی ئەو کارەش، ئەو نەخشانەش هەر ئەم کردبوونی.

---

(١) مەجەر لە دەوڵەتانی ناوەند بو واتە هاوپەیمانی تورکیا بو لەکاتی جەنگدا، بەلجیکاش یەکێك بو لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان

(٢) ئەو شارە فرنسیە بو کە رێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ مەجەردا لە ١٩٢٠ لەوێ مۆرکرا و بەشێکی زۆری —مقاطعة- ی ترانسلڤانیا درایە رۆمانیا، و مەجەر لەوڵاتێکەوە کە پێوانەکەی (١٢٥) هەزار میل و ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە (٢٠) ملیون بو، کرا بە دەوڵەتێکی بچوك کە پێوانەکەی (٣٥) هەزار میل و ژمارەی دانیشتوانی (٨) ملیون بوو.

تیلیکی به وەزیری دەرەوەی حکوومەتی (الکونترا) دانرا کە لە شاری (ژیگید Szeged) دامەزرا بۆ دژایەتی کردنی ئەو حکوومەتە شوعیەی (بیلاکون Belakun)[٣] پێکهێنابوو.

بەڵام تیلیکی دەست بەکار نەبوو تا گەشتێکی ئاسمانی پڕ مەترسی نەکرد. تیلیکی ئەندام بوو لە شاندی مەجەر بۆ کۆنگرەی ئاشتبوونەوەو زۆر لێهاتووانە هەوڵیدا ئەنجامە نەرێتییەکانی —النتائج السلبیة— پارچە لێکردنەوە لە وڵاتەکەی روون بکاتەوە، بەڵام هیچ کەڵکی نەبوو، لە ساڵی ١٩٢١ بۆ ماوەیەك بوو بە سەرەك وەزیران، هەر لەو کاتەشدا بوو کە هەوڵێکی سەرنەکەوتووانە درا بۆ گێڕانەوەی مەلیك (کارل) بۆ (عەرش)ەکەی، پاشان بە هۆی ئەو گرفتانەی تووشی حکوومەتەکەی بوون بڕیاریدا دەست لەکار بکێشێتەوەو دەسەڵاتی دایە دەست (کونت بثیلین Bethlen)، خۆیشی دەستی بە مامۆستایەتی زانکۆ کرد لە جوگرافیادا و سەرۆکایەتی پەیمانگەی جوگرافیایی مەجەریش.

برادەرایەتی من لەگەڵ ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووە زیرەکەدا لە ساڵی ١٩٢٤ دەستی پێکرد و لە ماوەی دوور و درێژی پێکەوە بوون و کارکردن بە یەکەوە پەیوەندیمان بەهێزتر بوو و بیروبۆچوونمان لە یەکتر نزیك دەبووە، زۆر جار باسی سیاسەتمان دەکرد و ئەویش لە قسەکانیدا رەخنەی لە رۆمانییەکان و چیکەکان دەگرت و رێزی خۆی بۆ یۆگسلاڤ و بەتایبەتی (صرب)یەکان دەردەبڕی. نیشتمانپەروەرێکی خوێن گەرم بوو لە ناخیدا ئازارێکی زۆری حەشاردابوو لەبەر ئەوەی مەجەر لە (تریانون) شەڕی ئاشتی دۆڕاند و زۆرجار باسی ئەم مەسەلەیەی دەکرد و سکاڵای لێ دەکرد و قسەکانیشی لەم بارەوە کۆتایی نەدەهات، بەڵام سەبارەت بە دوارۆژ گەشبین بوو. چالاکی و ئێسك سووکی (خفة ظله) سروشتی خۆی بوو بە تایبەتی توانای گەورەی کارکردنی. ئەمە نەیدەکردە کەسێکی گۆشەگیر یان بێزارکەر ئەوەی لێ دەرچێ کە سکرتێرە شەخسییەکەی خۆی تووڕە دەکرد هەرچەندە بە هێمن و رێزیشەوە رەفتاری لەگەڵدا دەکرد، بەڵام ئەو داوای لێدەکرد و وای چاوەڕوان دەکرد کە شەو و رۆژ ئامادەبێ ئیش بکا، تەنانەت ئێمەی دۆستانی تیلیکی نازناوی (شەهید)مان بەو بەستەزمانە بەخشی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سکرتێرە زۆر هۆگری بوو و زۆریش راستگۆ بوو لە خزمەتکردنیدا.

(٣) سەرکردەیەکی شیوعی بوو کە حکوومەتێکی شیوعی لە مەجەردا و ساڵی ١٩٢١دا و دوای کۆتایی هاتنی جەنگ یەکسەر پێکهێنا بە پشت بەستن بە گەڕانەوەی ئەو سەربازە مەجەریانەی لە رووسیا دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە دیل گیرابوون. بەڵام حکوومەتەکەی چەند حەفتەیەکی خایاند و دەرکرا، پاشان بیلاکون رایکردە یەکیەتی سۆڤیەت و شوینەواری بزربوو چیتر کەس ناوی نەبیستەوە



تیلیکی پیاوێکی خۆش مەشرەب و روح سووك بوو، ئەمەش وایکرد کە ئیشکردن لەگەڵیدا لەو ناوچە چۆڵ و ناخۆشانەدا شتێکی وابێ کە بتوانین بیکەین سەرەڕای ئەوەی گۆڕانیشی تێدا نەبوو (رغم رتابته).

ئەو بەشەی پەیوەندی بە جوگرافیاوە هەیە لە راپۆرتەکەدا تیلیکی نووسی و دەتوانرێ بگوترێ کە نموونە بوو لە وردی و بابەتیدا، کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو، جەستەیی بێ یان هزری —فکری—، هیچ لە دەربڕینی بیروڕاکانی خۆی سڵی نەدەکردەوە هەرچی چەندێ ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکرد پایەی بەرزبووایە. لە خستنەڕووی جوان و چوونە ناو قوڵایی ئەوەی دەیەوێ قسەی لەسەر بکا، ئەو بە نموونە دەهێنرایەوە، ئەمەشی کە دەکرد هەستی بەرامبەرەکەی بریندار نەدەکرد هەرچەندە جیاوازیی بیروبۆچوونەکەشی لەگەڵیدا زۆر بوایە. جارێکیان دەست پێشخەرییەکی کرد، من لەگەڵیدا نەبووم بەڵکو زۆریشم پێ ناخۆش بوو، بەڵام قەت کاری نەکردە سەر ئەو خۆشەویستییەی لە نێوانماندا بوو. تەندروستی زۆر باش نەبوو و نەخۆش دەهاتە بەرچاو، چونکە نەخۆشییەکی (کەڤنار -مزمن-)ی هەبوو لە گورچیلەدا و تەنها بە یەك گورچیلە دەژیا ئەمەش وایلێکردبوو زۆر وریای خۆی بێ. بەڵام نەخۆشییەکەی لە چالاکی و (حیویە)تی کەم نەکردبووەوە. راوچییەکی لێهاتوو بوو و دەیتوانی تا کەمەر لە بەفردا نقوم بێ و چاوەڕێی نێچیرەکەی بکا بێ ئەوەی بێزار ببێ جارێکیان گورچیلەکەی کە لە موسڵ بووین زۆر بە توندی هەوی کرد و ئێمەش زۆر ترساین نەبادا شتێکی لێ بێ. دوای چەند ساڵێ کرا بە سەرەك وەزیران لە وڵاتەکەی خۆی و هەر بە توانای ئەو، مەجەر توانی ئەو بەشەی لە جەنگدا لە دەستی دابوو، لە رۆمانیا و سلۆڤاکیای وەرگرێتەوە. بەم جۆرە هەلی بۆ رەخسا سەرکردایەتی گەلەکەی و وڵاتەکەی بکا بۆ دەرچوون لەو قۆناغەی کە بە (قۆناغی ئیهانە) ناسرا بوو و یەکێتی مەجەریش بگەڕێنێتەوە. وەك زانیویشمە توانا و زیرەکی و لێهاتوویی ئەو بوو لە وتووێژدا[٤] کە ئەوەی بۆ مەجەر هێنایەدی.

(٤) بەڕێز ڤیرسین لێرەدا ئاماژە بۆ هەر دوو ساڵی ١٩٣٩ و ١٩٤٠ دەکا کاتێ کە هیتلەر چیکۆسلۆڤاکیای لەت و پەت کرد و لە نەخشەی ئەوروپای سڕیەوە دوای کۆنگرەی (میونیخ)ی بەناوبانگ خراپ. ئەوە بوو ئەم ئەوەی بە پێی رێککەوتننامەی ئاشتبوونە (١٩١٩) لە مەجەریان دابڕیبوو گەڕاندییەوە وەك پێشتر باسمانکرد. پاشان رۆمانیا ناچارکرا ئەو بەشەی کاتی خۆی پێی درابوو بیداتەوە. ئەمە هەمووی روویاندا لە کاتێکدا کە مەجەر هاوپەیمانی ئەڵمانیای نازی بوو. بەڵام لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لەشکری ئەڵمانیا چووە ناو مەجەر لە

تیلیکی لەوانە نەبوو کە هەڵپەی دەسەڵات بکا یان هەوڵی دەسکەوتی شەخسی بدا، بە پێچەوانەوە زۆر دوو دڵ بوو لە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی حکوومەتیدا، رەنگە ئەمەشیان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەشی ساغ نەبوو. هەڵوێستی مەجەر لەم جەنگەی ئێستادا[٥] زۆر قورس بوو هەرچەندە دەسکەوتیشی دەسکەوتبوو، بارودۆخی سیاسی کاریگەریی نەریتی —سلبی— هەبوو لەسەر باری دەروونیی ئەمەش وا زیادی دەکرد بەرادەیەك کە چیتر نەتوانێ بەرگەی بگرێ. ئەو کە خاوەن بیروڕای نەگۆڕ بوو لە بەرگری کردن لە راستی و دەستگرتن بە رۆحی دادپەروەرییەوە، نەیدەتوانی خۆی وا ڕابێنێ کە دان بە ئەمری واقیعدا بنێ، کاتێ کە گەیشتە قۆناغی بێ توانایی تەواو لە بەکارهێنانی ئیرادەی خۆیدا و تەماشای کرد کە ئەوەی هەوڵی بۆ دەدا نەهاتەدی یەکسەر خۆی کوشت. تیلیکی لە دەروونی مندا یادگارێکی ئازیزی بەجێهێشت بۆ ئەو مەجەریە رەسەنە پایە بەرزە کە هەمیشە زیندەگی —حیویە— و چالاکی لاوانی بەرجەستە دەکرد و خاوەن گیانێکی ئازاد و لێبووردە بوو و لە ناخۆشترین و ناسکترین کاتدا مەزنترین خزمەتی پێشکەش بە وڵاتەکەی کرد. ژنەکەشی خەڵکی ترانسلڤانیا بوو، بەڵام بەرەچەڵەك ئەڵمانی بوو و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو، بەڵام تەبیعەتی ساردییەکی تێدا بوو، خوشکێکی هەبوو شووی کردبوو بە ئەڵمانییەك و لە بەرلین دەژیا و جوانترین و رێك و پێکترین ژن بوو کە لە ژیانمدا دیبووم. هاوڕێکەی ترم (عقید)ی بەلجیکی —پاولیس— بوو، بەڵام ئەم شتێکی دیکە بوو. چەندین ساڵی لە کۆنگۆدا بردبووە سەر و هەمیشە دەیگووت کۆنگۆ لە رووی ژیارییەوە —حضاری— زۆر لە وڵاتانی عەرەب پێشکەوتووترە. لە کاتی جەنگدا لە سوپای بەلجیکیدا خزمەتی کردبوو و لە دژی ئەڵمانەکان جەنگابوو، بەڵام رقیشی لێیان نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرسامی خۆی بە ئازایەتی و لێهاتوویی و رەوشت بەرزی ئەفسەرە ئەڵمانەکان نەدەشاردەوە، مەسەلەکەش وانەبوو وەك لە دواییدا دەرکەوت بەڵکو پێچەوانەی ئەوەبوو.

(پاولیس) لە رەواڵەتدا لای ئەوانی دیکە وەك کابرایەکی قسە رەق و تووڕە دەهاتە پێش چاو، بەڵام لە راستیدا پیاوێکی لاواز بوو، لاوازیی کەسایەتییەکەی کێشەی زۆر بۆ دروست کرد بەتایبەتی کە کەوتە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی ئەرمەنییەکانەوە لە موسڵ. بیروڕا و هەڵوێستی زۆر زوو دەگۆڕی. ئەو بەشە ئابوورییەکەی راپۆرتەکەی زۆر بە وردی و بێ

کاتێکدا تیلیکی سەرەك وەزیران بوو بۆیە یەکسەر گوللەیەکی نا بە سەری خۆیەوەو خۆی کوشت. ئەمە ئەوەیە کە ڤیرسین ئاماژەی بۆ دەکا.

(٥) مەبەستی جەنگی جیهانی دووەمە.



لایەنییەوە نووسی و هەوڵیشی دەدا بۆچوونی کەسی خۆی تێکەڵ راپۆرتەکەی نەکا، چونکە لە سەرەتادا هاوسۆز بوو لەگەڵ تورکەکاندا، بەڵام لە دواییدا هەڵوێستی خۆی لەژێر کاریگەری پڕوپاگەندەدا لە موسڵ گۆڕی.

دوو سکرتێری سیاسیش وەك یاریدەدەر لەگەڵمان دانران، لەگەڵ دوو پاسەوان کە پلەکانیان لەوان نزمتر بوو. لەناویاندا رودولو Roddolo پیاوێکی خۆش مەشرەب و رووخۆش بوو، بەڵام توانای کەم و سنووردار بوو، بۆ ماوەیەکی کورت بە (وەزیر مفوض)ی وڵاتەکەی لە ئۆسلۆ دامەزرابوو. یاریدەدەری دووەم (کونت پورتالیە Pourtales) کە بە رەچەڵەك سویسری بوو، بەڵام بنەماڵەکەی شێوازێکی نێودەوڵەتیان هەبوو. لە سویسرا گەورە ببوو و لە لاویەتیدا ئەفسەر بوو لە ئەڵمانیا و لە ئینگلتەرەشدا خزمی هەیە. زۆر لێهاتوو نەبوو بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ براکەیدا، نووسەری ناسراو ((گی دی بورتالیە)) بەراورد بکرێ.

کرامرز Kramersی[٦] هۆڵەندی وەرگێڕێکی لێهاتوو بوو و شارەزایەکی زۆری هەبوو لە زمانە رۆژهەڵاتییەکاندا، بەڵام دەبێ لێرەدا دان بەوە دابنێم کە من هاوڕێ کۆنەکەی خۆمم (کولمودین Kolmaodin) لا باشتر و پەسەندتر بوو، حەزیشم دەکرد ئەومان لەگەڵدا بووایە چونکە ئەویش لە زمانە رۆژهەڵاتییەکاندا زۆر شارەزایە.

قسەی زیاترم نییە دەربارەی ئەو کەسانەی دیکەی لەگەڵماندا بوون، بەڵام کاتێ کە گەیشتینە ئاسیا چێشتکەرێکی زۆر شارەزامان دەستکەوت. کاتێ قەیسەر (ولهلم) لە ساڵی ١٩٠٨دا هاتبووە قودس ئەم چێشتی بۆ لێنابوو. پیری توانای ئەوی لە ئامادەکردنی خواردنی بەلەزەتدا کەم نەکردبووەوە.

((جنێڤ))مان بەجێهێشت و چووینە لەندەن و لەوێ دوو وتووێژمان کرد لەگەڵ (أوستن چمبرلن)[٧] و وەزیری موستەعمەرات (إیمیری Amery)ی زۆر زیرەك، هەریەك بە تەنیا. (إیمیری) لە محافزکارە توندڕەوەکان بوو، لە وتووێژەکەشمانەوە بۆمان دەرکەوت کە حکوومەتی

(٦) ج. هـ. کرامرز (١٨٩١-١٩٥١) لە دواییدا بوو بە یەکێ لە رۆژهەڵاتناسە گەورەکان. دوا پلەش کە هەیبوو مامۆستای زمانی تورکی و فارسی لە زانکۆی لیدن.

بگەڕێرەوە بۆ ژیانی لە ل١٢٥ بەرگی یەکەم لە کتێبی (تراث الاسلام-کەلەپووری ئیسلام-) کە ئێمە وەرمانگێڕاوە. چاپی پێنجەم. هەولێر٢٠٠٠.

(٧) Austen Chemberlain (١٨٦٣-١٩٣٧) وەزیری دەرەوە بوو لەوکاتەدا لە وەزارەتەکەی (ستانلی پالدوین)دا.

بەریتانیا ڕێگەی گەڕان بە دوای ڕاستیدای پێ باشترە لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتی لە شوێنی کێشەکاندا.

ئەم وتەیە هۆی ئەوەی دایە دەستمان کە ئێمە یەکسەر ئاماژە بەوە بکەین لیژنە قبوڵ ناکا شێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئیشەکانی دابنرێ و خۆی توانای ئەوەی هەیە کامە ڕێگە باشە پەیڕەوی بکا جا ڕاپرسی بێ یان شتی دیکە. ئەم بۆچوونەی ئێمە لەلایەن بەریتانییەکانەوە ناڕەزایی لەسەر پیشان نەدرا، پێشنیاری ئەوەمان کرد کە حکوومەتی بەریتانی نوێنەرێکی یاریدەدەر —مندوب مساعد— دیاری بکا. پاشان لەندەنمان بەجێهێشت، هەریەك بۆ وڵاتی خۆی بۆ ئەوەی ئاهەنگی ((جەژنی لەدایك بوون)) لەگەڵ خێزانەکانمان بگێڕین و دواییش لە (قسطنطینة) یەك بگرینەوە. حکوومەتی بەریتانی داوەتێکی ڕێزلێنانی بۆ ڕێکخستنی لە ئوتیل ڕتز (چمبرلن) و (لورد روبرت سیسل) ئامادەی بوون، داوەتەکە بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ بوو. سیسل دەم و چاوی دابوو بە یەکدا، بەڵام من ناچارم کرد پێ بکەنێ کاتێ ئەوەی (طلعت پاشا)م[8] بۆ گێڕایەوە کە لە ساڵی ١٩١٥دا بۆ منی باسکرد سەبارەت بە قەسابخانەی ئەرمەنییەکان.

لە بوخارست ئاهەنگی لە دایك بوون (عیدالمیلاد)م لەگەڵ خێزانەکەم گێڕاو پێش ئەوەی سەری ساڵ دابێ بە ماوەیەکی کەم چوومە (قسطنطینة) لەگەڵ کچەکەم و ژنەکەمدا کە لەگەڵم هاتبوونە لەندەن و لە (قسطنطین)ەوە دەچوونە سوید.

لە بیرمە کە سواری ئۆتۆمبێل بووین بە ڕۆخی دانوب دا ڕۆیشتین و لای (جیورجیو Giurgiu) ئۆتۆمبێلەکەمان لەبەر بەفر وەرگەڕا ژمارەیەکی زۆری ((گا))مان بەکارهێنا بۆ ئەوەی دەری بهێنن بۆیە لە کاتی سەفەرەکەمان بە پاپۆڕ دواکەوتین، بەڵام پاپۆڕێکی دیکەمان بۆ ڕەخساو لە دانوب پەڕینەوەو گەیشتینە شاری (روسیتسیوك Ruujtsjuk) لەگەڵ ئەوەشدا درەنگ گەیشتینە (سۆفیا)، بەڵام ئەوان ئیشێکی باشیان بۆ کردین و شەمەندەفەری بە پەلەی ڕۆژهەڵات (قطار الشرق السریع)یان بۆ ماوەی سەعات و نیوێك دواخست بۆ ئەوەی بگەم بە هاوڕێکانم کە چاوەڕێیان دەکردم.

(٨) (١٨٧٢-١٩٢١) یەکێك بوو لە سیانەکەی (إتحادییەکان) کە دەستیان گرت بەسەر (مقدرات)ی حکوومەتی عوسمانیدا بە درێژایی جەنگی گەورە. لە ١٩١٧-١٩١٨ بوو بە سەرەك وەزیران ئەرمەنییەك لە بەرلین لە ساڵی ١٩١٨دا کوشتی.



لام سەیر بوو بگەڕێمەوە (قسطنطینە)، چووم سەردانی بینای وەزارەتی جەنگم کرد کە ئێستا بووە بە بارەگای فەرماندەیی سوپا و دەرگاوانە پیرەکەم بینی و زۆر پێخۆشحاڵ بوو بە بینینم و بە گەرمی باوەشی پێداکردم. (غوستاف ڤالنبرغ) لە —مفوضیە— میوانداری کردین و زۆر ڕێزی گرتین و خۆشحاڵی خۆی بۆ دەربڕین و داوەتی شیوێکی (عشاء) گەورەی کردین و ئاهەنگی سەری ساڵمان لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا گێڕا، پاشان چووینە یانەی (حلقة الشرق) کە (ڤالنبرغ) جێگری سەرۆکی بوو و لە سێی کانوونی دووەم ((قسطنطینە))مان بەجێهێشت بەرەو ئاسیا بۆ ئەنقەرە بۆ ئەوەی وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی تورکیدا بکەین. پێش ئەمەش لەسەر شەرەفی ئێمە داوەتێکی گەورەی شیو —عشاء— کراین لە ئوتێل طوکاتلیان کە نزیکەی چواردە جۆر خواردنی تێدا پێشکەشمان کرا، هەر لەوێش بۆ یەکەمجار ژنە تورکم بینی دوای شیو سەمایان دەکرد ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٢٢ وەك شارێکی (کئیب) و پشتگوێ خراو —مهمل— دەهاتە پێش چاوم، ئاو و هەوایەکی کیشوەری —قاری—ی هەبوو کە بە زستان زۆر ساردە و بە هاوین زۆر گەرم و پەتای (ملاریا)ی تێدا بڵاوبوو، بەڵام شارەکە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرەو باشی دەچوو دوای ئەوەی هەندێ چاکسازی و باشترکردنی بواری کشتوکاڵی تێدا کرا بە هەوڵی پەیمانگەی توێژینەوەی کشتوکاڵی.

خراپ لێك تێگەیشتنێ ڕوویدا کاتێ کە خەریکی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیروڕا بووین لەگەڵ حکوومەتی تورکیا وەك ئەوەی لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیادا ڕوویدا، بەڵام ئەمەی ئێرە مەترسیدارتر بوو بۆیە پەنامان بردە بەر ئەوەی بە وردی ڕوونی بکەینەوە تاکو چیتر بێ ئاگایی نەمێنێ لە مەسەلەی ئەو دەسەڵاتانەی لیژنەکە هەیەتی ناکۆکییەکە لەسەر ڕێوشوێنی ئەو (اجراءات)انە بوو کە لیژنەکە دەیگرێتەبەر لە کاتی ئیشکردنیدا و ڕادەی ئازادی کارکردنی و ئەرکی هەردوو حکوومەتیش لەم بوارەدا. حکوومەتی تورکیا داوای دەکرد بڕیاری کۆتایی ئێمە لەسەر ڕاپرسی گشتی بنیات بنرێ، ئێمەش قبوڵمان نەکرد پێش وەخت خۆمان بەوەوە ببەستینەوە مەگەر دوایی کاتێ دەستبەکار دەبین و ببینمان ئەوە پێویستە. لە دواییدا توانیمان حکوومەت بە بۆچوونەکەی خۆمان قەناعەت پێبکەین، بەڵام دوای زەحمەتییەکی زۆر و دوای ئەوەش کە هەڕەشەی ئەوەمان کرد خاکی تورکیا بەجێدەهێڵین و دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان. لیژنەکە پێش ئەوەی تورکیا بەجێ بهێڵێ بەوەی زانی کە حکوومەتی تورکیا جەنەڕاڵ جواد پاشای بە یاریدەدەر دامەزراندووە لەگەڵ لیژنەکەماندا، لەو کاتەدا جەنەڕاڵ جواد فەرماندەی ئەو لەشکرە بوو کە لە دیاربەکر بوو،[9] هەروەها چەند شارەزایێکیشیان لەگەڵ نارد بۆ کارئاسانی.

(٩) لە واقیعدا پلەی (مفتش)ی گشتی سوپای هەبوو لە ناوچەکەدا.

جواد پاشا ڕاستگۆترین و پاکترین و مرۆڤ پەروەرترین کەس بوو کە من لە گەشت و سەفەرەکانمدا چاوم پێکەوتبێ و لەگەڵی ژیابێتم. زۆرجار لە فارگۆنی شەمەندەفەردا لەگەڵی دەبووم و بە هۆی ڕاستگۆیی و پاکییەوە کاریگەرییەکی زۆری لە دەروونمدا بەجێهێشت و لە نێو ئەو تورکانەی دیتمن و ناسیمن لەو ماوە دوورو درێژەی ژیانم لە تورکیا ئەو لە هەمووان زیاتر لە دەروونی مندا بەرزترین پایەی هەیە.

دوای ئەوەی سەردانی ئەنقەرەمان کرد و لەگەڵ حکوومەتەکەیدا گفتوگۆمان کرد، سواری شەمەندەفەر بووین و بە ئاسیای بچووکدا تێپەڕین و بۆ دوای نیوەڕۆ لە شاری (قونیە) وەستاین. لەوێ مستەفا کەمالی سەرەك کۆماری تورکیا پێشوازی لێکردین، ئەوسا ژنی هێنابوو، ژنەکەی دەستی کرد بە قسەکردن لە گەڵماندا، بەڵام ئەو بۆ خۆی قسەی نەکرد و یەك و شەشی دەربارەی ئەرکی ئێمە سەبارەت بە کێشەی موسڵ لە زار نەهاتەدەر. ئەو وەك سەرۆکی دەوڵەت ئەو ئیشە پەیوەندی بەوەوە نەبوو بەڵکو بە وەزیرەکانییەوە، هەر ئەوانیش دەبایە ئەو ئەرکە هەڵسوڕێنن. بەردەوام بووین لە گەشتەکەماندا و لەو دەرگایەوە تێپەڕین کە پێی دەگوترا (دەرگای کیلیکی-الباب الکیلیکی-) کە دەرگایەکی زۆر گەورە و جوان و شوێنەوارەکانی خەندەق و تونێل-نفق-ـە هەڵکەنراوەکانی کاتی جەنگمان بینی. بۆ ماوەی چەند سەعاتێ لە شاری (أدنە)ی زۆر گەرم وەستاین، کە ئاو و هەواکەی زۆر جیاوازە لەو سەرما سەختەی ناوچە بەرزاییەکانی دەوروبەری. پاشان ڕۆیشتین تا گەیشتینە ((حلب)) و (البازار)ەکەی حەلەبمان زۆر لا جوان و پەسەند بوو، ئەو بازاڕە بە گەورەیی و زۆریی ئەو شتانەی تیایدان ناوبانگی لە بازاڕی (قسطنطینە) زیاتر بڵاوبووەتەوە. پاشان چووینە (دیمشق).

دیمەشق شارێکی جوانە بەو ئاوەی لە نێوان شۆستەکانییەوە دەڕوا و ئەو دارو درەختە چڕەش کە دەوریان داوە. مۆزەخانەیەکی ڕۆژهەڵاتیمان بینی کە زۆر نایاب بوو، بەڵام بە بۆمباکانی (الجنرال سارای Sarrails) و بۆمباران کردنە بێ هۆ و پاساوەکەی وێران ببوو، شتێیکی زۆر سەیرمان بینی لە ئۆتێلەکەماندا، پێش ئەوەی بەرەو بەغدا بکەوینە ڕێ نوێنەری سەرکردەکانی چەتەکانمان بینی کە پارەیان لە حکوومەتی بەریتانی وەرگرتبوو بۆ ئەوەی نەیێنە سەر ڕێمان. لە دیمەشقەوە بەرەو بەغدا کەوتینە ڕێ کە ماوەی نێوانیان هەزار کیلۆمەترە و نزیکەی بیست و چوار سەعاتی دەوێ تا بیبڕین، بەڵام ئێمە زۆرترمان پێ چوو لەبەر ئەوەی لەڕێ لاماندا، ڕێگاکە بە دەشتاییەکی بەریندا تێدەپەڕێ و دەبایە ئێمە چاو غافڵ نەکەین بۆ ئەوەی لە ڕێی ڕاستی خۆمان لانەدەین، پاش ماوەیەك هاتینەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە.



گەشتەکەمان بە ئۆتۆمبێل بوو، من و جەنەڕاڵ جواد پاشا بە یەکەوە لەناو ترومبێلێکی گرانبەها و گەورەدا بووین بە ڕادەیەك کە دەمانتوانی پاڵبدەینەوە.

لەسەر سنووری عیراق ڕێزێك (الهجانە) وەستابوون بۆ سەلام کردن بۆمان. نانی بەیانیمان لەلای ئەفسەری بەریتانی لێپرسراوی سنوور، خوارد، پاشان کەوتینەوە ڕێ بە ڕێگایەکی تەختدا و بە درێژایی هەزار کیلۆمەتر تا بەغدا، بەڵام ئەم بەشەی ڕێگەکەمان باشتر و بە پەلەتر بڕی. لە بەغدا بووینە میوانی نوێنەری باڵا —المندوب السامی— و جواد پاشاشمان لەگەڵدا بوو، بەڵام یاریدەدەرەکانی بران بۆ شوێنێکی دیکە. نوێنەری باڵا (سرهنری دویس) ئێرلەندییەکی کەللە ڕەق بوو، بەڵام بەڕێز و لەسەرخۆ بوو، ویستی واز لە ((رسمیات)) بهێنێ و پەیوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵدا ببەستێ، بەڵام سەرنەکەوت، ژنەکەی زۆر بەڕێز و سەنگین بوو لە کەشێکی ئەوەندە مەزندا دەژیا دەتگووت ژنی سەرۆك دەوڵەتە، چەندین خزمەتکاری ڕۆژهەڵاتی و هیندی لە دەوربوو. پاشان ئێمەیان بە (مستر جاردین) ناساند کە حکوومەتی بەریتانیا دایانابوو بۆ ئەوەی لەگەڵمان بێ، (مستر جاردین) یاریدەدەری وەزیری (أشغال)ی عیراقی پێشوو (صفی بگ بوو)[١٠] کە لەگەڵمان وەك نوێنەری حکوومەتی عیراق بەشداری کرد. (إنطباع)

ئێمە دەربارەی (جاردین) باش نەبوو، چونکە ئەو لە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکاندا، ئەگەر بۆچوونەکەی لەگەڵ هینەکەی ئێمەدا جیاواز بوایە، ڕەخنەی لێ دەگرتین.

بۆ ڕۆژی دوایی چاومان بە مەلیك فەیسەڵ کەوت کە بە جل و بەرگی عەرەبییەوە پێشوازی لێ کردین و لە کۆشکێکدا کە هیچ دیاردەی دەوڵەمەندی و گەورەی ((فخامە)) پێوە دیار نەبوو. بەڵام هۆڵی پێشوازی فراوان بوو و لەسەر شێوازی ئەوروپایی ڕاخرابوو، لەگەڵ مەلیکدا کوڕەکەیشی هاتبوو، لەگەڵ وەزیرەکانی کە دەوریاندا بو پێشوازی لێکردین سیمای عەرەبێکی ڕەسەنی هەبوو لوتێکی باریك وەك دەنووکی باز و دوو چاوی ڕەش و ریشێکی (لحیە مدببە) و قژیشی لەملاو ئەولای پەنا گوێیەوە سپی ببوو، (چەفیە و عەگالی) لەسەر کردبوو کە بە بەردی بە نرخ ڕازێنرابووەوە، جوان و لەسەرخۆ و نەرم دەهاتە پێش چاو.

لە نێو ئامادەبووواندا سەرەك وەزیران، یاسین پاشا، کە عەقید بوو لە سوپای تورکیا و لەگەڵ جواد پاشا ئیشی کردبوو.

---

(١٠) ڕەنگە ڤێرسین مەبەستی بەڕێز (صبیح نشأت) بێ وەك من بزانم کە ماوەیەك وەزیری —أشغال— بوو، چونکە نە لەو سەردەمە و نە لە دواییشدا وەزیرێك نەبوو بە ناوی (صفی).



**مەلیك فەیسەڵ (ڤیرسین وێنەکەی گرتووە) — بەغدا ١٩٢٥**



دوای بەخێرهێنانێکی گەرم و قسەی دۆستانە، مەلیك هاتە سەر قسەکردن لەسەر ئەو ئەرکەی پێمان سپێردرا بوو و گووتی عیراق بەبێ موسڵ بوونی نابێ. دوای ئەوە بە چەند ڕۆژی جارێکی دیکە چاومان بە مەلیك کەوتەوە. ئەمجارەیان زۆر قسەمان کرد و کاتێ کە گەڕاینەوە ماڵەکەمان یەکەم ڕووداوی بەدحاڵی بوون (سوء تفاهم) ڕووبەڕوومان بووەوە، بەڵام دوا ڕووداویش نەبوو لەوانەی کە تەگەرەی خستە سەر ڕێی ئیش و کارەکانمان.

(السر هنری دوبس) چارەییێکی بۆ دانایین سەبارەت بە یاریدەدەرەکانی جواد پاشا، گووتی ئەم دووانە لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە تاوانبارن و فەرمانی گرتنی یەکێکیان دەرچووە چونکە پڕوپاگەندەی بۆ شۆڕش دەکرد، ئەو کەسە (صهر) زاوای شێخ مەحموودە سەرکردەی یاخی بوون و شۆڕش دژی حکوومەت و ناوی (فتاح بەگ)ە یاریدەدەری دووەمیش ناوی (ناظم بەگ) بوو. (دوبس) ترس و دوو دڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بەوەی ئەم دووانە (حصانە)کەی خۆیان بەکاربهێنن بۆ (دعایە) کردن بۆ شۆڕش، گوتیشی ئەو دەزانێ کە حکوومەتی تورکیا زۆرباش شارەزای ڕابوردووی ئەو دووانەیە بۆیە دەبێ یەکسەر عیراق بەجێبهێڵن و حکوومەتی تورکیاش دووانی دیکە لە باتییان دابنێ.

ئێمە یەکسەر وەڵاممان دایەوەو گوتمان ئەمە قەت نابێ و ناکرێ، هەرچەندە ناڕەزایی خۆشمان دەربڕی سەبارەت بەوەی حکوومەتی تورکیا دوو شارەزای داناوە کە جێی (شبهە)ن لای بەرتانییەکان. بەڵام ئێمە قبووڵ ناکەین دووربخرێنەوە لەبەر پارێزگاری کردن لە بێ لایەنی و سەربەخۆییمان، ئەوەی لەم مەسەلەیەدا کردمان ئەوەبوو کە جواد پاشامان لە کێشەکە ئاگادار کردەوەو ئازادی بڕیاردانیشمان بۆ حکوومەتی تورکیا جێهێشت. لە کاتی قسەکردندا (جاردین) گووتی: لەوانەیە حکوومەتی عیراق فەرمانی گرتنی (فتاح بەگ) جێبەجێ بکا بەو سیفەتەی کە هاووڵاتییەکی عیراقییە: ئێمەش گوتمان فەتاح بەگ خەڵکی سلێمانییە و سلێمانیش دەکەوێتە ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە و ناشکرێ بە بەشێك لە عیراق دابنرێ تاکو کۆمەڵی گەلان بە ڕەسمی بڕیار لەسەر چارەنووسی ناوچەکە دەدا.

ئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی چەندین نامە، حکوومەتی عیراق وەك حەپسی کردبن وابوو، چونکە هەردووکیانی خستبووە سەربازگەیەکەوە کە بە تەلی دڕکاوی دەورە درابوو، زۆریشمان هەوڵ لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا تاکو کار گەیشتە هەڕەشە، ئەوسا بەریان دان. ئێمە بۆ دەسەڵاتمان ڕوونکردەوە کە لاریمان نییە لەوەی سنوور بۆ گەڕان و سووڕانەوەیان دابنێن لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە، بەڵام کە گەیشتینە ناوچەکە، واتە موسڵ،

ئەوسا تەواوی ئازادییان دەبێ. سەرەتایەکی خراپ بو بۆ ئیش و کارەکانی ئێمە لە کاتێکدا کە هێشتا لە سەرەتادا بووین، بڕیارماندا ڕاگەیاندنی کۆمەڵی گەلان ئاگادار بکەینەوە کە هیچ ڕێگاییێکمان لەبەردەمدا نەماوە جگە لە بەجێهێشتنی ناوچەکە ئەگەر داوای لێبووردن لەو ڕەفتارە نەکرا، بەڵام دوایی کێشەکە بە (تدریج) چارەسەر کرا (لە موسڵ بە جۆرێکی دیکە دەرکەوتەوە)، بە شێوەی ناکۆکییەکی توندی نێوان ئێمە و دەسەڵاتدارانی ئەوێ.

بۆ ڕۆژی دوایی لە نێو ئەوانەی نوێنەری باڵا داوەتی نان خواردنی نیوەڕۆی کردبوون (گیرترودیل) بوو. بە دەرکەوتنی بە جلێکی شیك و پێستێکی سپی و باڵاییێکی ڕێك و دووچاوی تیژەوە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا. بە گەنجی جوان بووەوە و تەمەنیم بە (٤٨) ساڵ خەملاند، بەڵام ئەو زۆری لە پەنجا تێپەڕاندبوو، نموونەی ژنە ئینگلیزی ڕۆشنبیر بوو و قسەشی زۆر خۆش بوو. پێویستی نەدەکرد خۆمان زۆر ماندوو بکەین بۆ ئەوەی بزانین چەند شوێنی گەورەی هەیە و چەند قسەی ئەو کاریگەر و بڕیاردەرە لە عیراقدا. (دوبس) زۆر بەڕێزەوە لەگەڵیدا قسەی دەکرد هەروەها ژنەکەش بە شێوەیەکی تایبەت و خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد. دەڵێن ئەو بووە هۆی ئەوەی (السر پرسی کوکس) لە عیراق دووربخرێتەوە، کە پاشان (دوبس) هاتە جێی. لە واقیعدا ئێمە لەبەردەم کەسایەتییەکدا بووین کە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەوەی میسۆپۆتامیا ببێتە شانشینێکی سەربەخۆ. لەلای عەرەبەکانیش پایەیکی بڵندی هەبوو. لەم وڵاتەشدا کە قسەی ژنان هیچ بایەخێکی نییە و هیچ ڕۆڵێکیش نابینێ لە کاروباری گشتیدا ئەم ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ژیانی سیاسیدا.

ئەو ڕاستەوخۆ دەستی وەرنەدایە کاروباری لیژنەکەمان، بەڵام ئێمە هەستمان بە کاریگەری ئەو دەکرد لە هەڵوێستی حکوومەتدا لێرەو لەوێ، زۆر زیرەکانەش دەیتوانی ئەوەی دەیەوێ پێمان ڕابگەیێنێ و بە دوای ویست و ئارەزووەکانمدا بگەڕێ و خاڵە لاوازەکانمان بدۆزێتەوە و هەموو قورسایی خۆیشی بخاتە ڕەوتی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەبێ پڕوپاگەندە کردنیش.

یەکسەر داوەتی ماڵی خۆی کردین، خانوویەکی ڕێك و پێك و ئەو ڕۆشنبیری و ڕێك و پێکییەی خۆی بە تەواوی لە ماڵەکە و ئەوەی لە ماڵەکەشدا بوو، ڕەنگی دابووەوەو هەوڵیشیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ بەرژەوەندی عیراق کارمان تێبکا. ئەو گومانی لەوە هەبوو کە ئێمە لایەنی تورك دەگرین، بۆیە بەجۆرێ لە گاڵتە پێکردنەوە ئاماژەی بە یاردەدەرە تورکەکان دا و گووتی: فەتاح بەگ کە زاوای شێخ مەحموودە، لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان کەڵکی بۆتان هەبێ



بۆیە هاوڕێ بەلجیکیەکەم زۆر بە ڕەقی وەڵامی دایەوە، ئەویش زۆر بەڕێز و لەسەرەخۆ بابەتەکەی گۆڕی و چووە سەر باسکردنی شتی دیکە.

لەو کاتەدا فەرمانبەر بوو لای حکوومەتی عیراق، هەروەها سکرتێرەی نوێنەری باڵاش بوو و سەرۆکی فەرمانگەی شوێنەواریش باسی هەوڵی خۆی بۆ کردین لە دۆزینەوەی شوێنەواری زۆر گرنگ و دەرهێنانیان لە ژێر چینەکانی خۆڵ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕووناکی ببینن.

ژیانی ئەو ئافرەتە چیرۆکی (مغامرە)یەکی گەورەیە کە هیچ کەس ناتوانێ بیگاتێ یا هەمان سیفاتیشی هەبێ. باوکی خاوەن زەوییەکی کشتوکاڵی گەورەبوو، هەروەها کارگەیەکی سەرکەوتووشی هەبوو، بۆیە ئەمیش کچی چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بوو و لەسەر دەستی پیاوانی هەڵبژاردەی سیاسەت پەروەردە کرابوو، ڕقی لەخۆ دەرخستن دەبووەوەو خۆی دوور دەگرت و گۆشەگیرییەکەشی هۆی سیاسی هەبوو. ماوەیەکی دوورو درێژی دەویست تاکو ناوبانگ دەربکا و وەك خۆی چۆنە ئاوهاش بناسرێ. شارەزاییەکی باشی لە زاماندا هەبوو، ئەوەی ئەم شارەزاییەی زیاتر کرد عەشقی ئەو ئافرەتە بوو بۆ ڕۆژهەڵات.

خۆشەویستییەك و بایەخدانێکی مەزنی هەبوو بە زانستی شوێنەوار. لە لاویەتیدا بوێری و ئازایەتییەکی گەورەی نواند بەوەی چەندین جار بەسەر چیای (الالب)دا سەرکەوتبوو، بەڵام وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە لە هەموو شتێ زیاتر مایەی بایەخ پێدانی گەورەی ئەوبوو لەم کاتەدا. ئا لێرەدا یارمەتیی دا لەوەی عەرشێك بۆ مەلیك دەستەبەر بکا، گەشتێکی کرد بۆ هیند بە مەبەستی ڕێکخستنی ئیش و کارەکان لە نێوان حکوومەتی هیند و فەرماندەیی سوپای بەریتانیا لە قاهیرە، لە دانانی بنەماییەکی نەگۆڕ بۆ سیاسەتی ئینگلتەرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتنی بەدەست هێناو ئەمەش ڕێی خۆشکرد بۆ گەشەپێکردنی سیاسەتێکی سەرکەوتووی پڕوپاگەندەی شاراوە (الدعایە الخفیە). ماوەیەك لە بەسرە نیشتەجێ بوو و لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا کاری کرد، لەوەش دەچوو ژیانی خۆی بۆ وڵاتی عەرەب و یەکیەتی عەرەب تەرخان کردبێ. لە بەسرە لەگەڵ (السر پرس کوکس) کە دوایی بوو بە نوێنەری باڵا ئیشی کرد، پاشان هەر لەگەڵ ئەو ساڵی ١٩١٧ هاتە بەغدا و لەوێ بەرەو ڕووی جۆرەها پیلان و دەسیسە بووەوە، ماوەیەکیش دژی سیاسەتی ئینگلیز بوو، کە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش باسکرا لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوە لە پاریس ئەو ئامادەی بوو و زۆریش پشتگیری مەلیك فەیسەڵی کرد، بێ ئەوەی نەهاتنەدی یەکیەتی عەرەبی لە کارەکانی ساردی بکاتەوە وەك (لورنس)، ئەم کۆڵی نەدا هەرچەندە دەشیزانی ئینگلیز بەڵێن و پەیمانەکانی خۆیان

ناهێننەدی. لە دواییدا هەرچی شتێ بۆ عەرەب هاتبێتەدی هەر هەمووی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە چەسپاندنی سنووری عیراق لەو کاتەدا کە بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو نەخشەی کێشرا، هەر لە ڕێی ئەم ژنەشەوە بوو کە دەزانرا خەڵکی چییان دەوێ. کە مەلیك فەیسەڵ بوو بە مەلیك سەرکەوتنەکە بۆ ئەو دەگەڕایەوە چونکە ئەو فەیسەلی دروست کرد، پێشتر فەیسەڵ لە دیمەشق کرا بە مەلیك، بەڵام فەرەنسییەکان دەریان کرد، ئەوە بوو ئەم ئەو عەرشەی بۆ دۆزییەوە لە بری ئەوەی لە دەستی چوو، دوا سەرکەوتنیشی ئەوەبوو کە عیراقییەکان موسڵیان دەسکەوت.

بەڵام نەخۆش بوو و تەندروستیشی بەرەو خراپی دەچوو و دوای ئەوە بە ساڵێ مرد. بەڵام ئێمە نەماندەزانی نەخۆشی وا کاری تێکردووە چونکە هەمیشە چالاك و بەگوڕ بوو، لەوانەشە ویستبێتی وا خۆی پیشان بدا کە هیچی نییە.

کەڵکمان لە ڕۆژانی مانەوەمان لە بەغدا وەرگرت بە قسەکردن لەگەڵ خەڵك لە بازاڕەکاندا بۆ ئەوەی زانیاری کۆبکەینەوە سەبارەت گرنگی ئابووری موسڵ بۆ بەغدا. چووینە قوتابخانە بەتایبەتی قوتابخانەکانی جوولەکەکان و قوتابخانەکانی ئێوارانی کچان و سەردانی نەخۆشخانەکانمان کرد کە ئینگلیزەکان بەڕێوەیان دەبرد، زۆر ڕێك و پێك و پاك و خاوێن بوون کە ئەمەش لەو شوێنانەدا شتێکی ئاسان نییە. ڕۆژێکیان ئامادەی پێشبڕکێی ئەسپ بووین کە مەلیك و جێنشینەکەی —ولی عهد— ئامادەی بوون. لەگەڵ هاوڕێیەکەم (العقید پاولس) قسەم کرد سەبارەت بەو کۆت و بەندانەی (الحَجْر) بەسەر هەردوو یاریدەدەرە تورکەکاندا سەپێنرابوو، مەلیك گووتی ئەو کۆت و بەندانە لە بەرژەوەندی ئەواندایە چونکە لەوانەیە خەڵکی دەست درێژی بکەنە سەریان، (پاولس) وەڵامی دایەوەو گووتی، ئەوە کارێکی باش نییە و ئەگەر بەریان نەدەن ئەوسا حکوومەتی تورکیا دەتوانێ بڵێ لیژنەکە بێ لایەن نەبوو و لە ئەنجامیشدا هەر بڕیارێك ئێمە پێی بگەین ئەوان قبووڵی ناکەن، بەتایبەتی ئەگەر بە دڵی ئەوان نەبێ، لەوە دەچێ قسەکەمان کاری لە مەلیك کردبێ بۆیە یەکسەر گوتی: ڕاست دەکەن، پاشان (هنری دوبس)ی بردە ئەولاوەو بە توندی قسەی لەگەڵدا کرد.

ئەو ئێوارەیە دەربارەی هەمان شت قسەم لەگەڵ (السر هنری دوبس) کرد و گوتی هەموو مەسەلەکە بریتییە لە بەدحاڵی بوون (سوء تفاهم)، پاشان گوتی بەریتانیا لەگەڵ عیراقدا پەیمانێکیان مۆرکردووە بۆ ماوەی چوار ساڵ و بەڵێنیان داوەتێ کە لە رووی سەربازی و داراییەوە پشتگیریان بکەن (ئەم پشتگیرییە لە واقیعدا تەنها بریتی بوو لە ناردنی هەندێ شارەزا و ڕاوێژکار). بەرهەڵستی کردنی ڕێککەوتننامەکە لە پەرلەماندا زۆر توند و چالاك



بوو، هەندێ لە ئەندامانی کوژران[11] و لە دواساتدا بڕیاری لەسەر درا، لە یاسین پاشای سەرۆکی پارتی نیشتمانی داواکرا ئەنجوومەنی وەزیران پێك بهێنێ بە ڕەزامەندی (السردوبس) هەرچەندە (مس بل) پێی باش نەبوو. دوبس زۆر باش دەیزانی کە یاسین پاشا پیلانی دژ دەگێڕێ، بەڵام وای پێ باش بوو لە حوکمدا بێ نەك لە دەرەوەی حوکم.

دوبس گوتی ویلایەتی موسڵ گرنگییەکی گەورەی لای بەریتانیا نییە و گرنگییە ستراتیجییەکەی زۆر لاوەکییە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ گرنگی نۆکەندی سوێس. دەبێ لیژنەکە بەو چاوەوە تەماشا نەکا کە کێشەی موسڵ کێشەی نێوان تورکەکان و ئینگلیزەکانە، چونکە کێشەکە شەڕی نێوان تورکەکان و عیراقە. ویستی ئەم خاڵەمان بەڕاشکاوی بۆ روون بکاتەوە، پاشان باسی ناکۆکی نێوان شیعەی باشوور و سوننەکانی کرد. بۆ ڕۆژی دوایی یادداشتێکی دبلۆماسی روونکەرەوە بە زمانی ئینگلیزی و بە ئیمزای مەلیکمان پێگەیشت، تیایدا باسی بارودۆخی گشتی و گرنگی ویلایەتی موسڵی بۆ عیراق دەکرد، دیاریش بوو دەیویست ئینگلیزەکان ئەو نامەیە ببینن کە لە ڕێ کەناڵە رەسمییەکانەوە پێمان گەیشت.

بۆ ڕۆژی دوایی سەرەك وەزیران و وەزیری ناوخۆ سەردانیان کردین، وەزیری ناوخۆ لە عەرەبی زیاتر هیچ زمانێکی نەدەزانی، بەڵام سەرەك وەزیران کە جەنەڕاڵێکی تورکی بوو ئینگلیزی و فەرەنسی زۆر بە باشی دەزانی و قسەی پێدەکردن.

لە قسەکانەوە بۆمان روون بووەوە کە ئینگلیزیان زۆر خۆش ناوێ، هەروەها باسی ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەشیان بۆ کردین، بەڵام لە دواییدا پەشیمان بوونەوەو گوتیان ئەو ناکۆکیانە ئەو ڕۆڵە گرنگەی جارانیان نەماوە. پاشان باسی مەسەلەی دوو یاریدەدەرە تورکەکانیان کرد. لێرەدا عەقید (پاولس)ی هاوڕێم بەو توندییەی پێ ناسراوە هاتە قسە و گوتی: ناچارمان مەکەن وڵاتەکەتان بەجێبهێڵین بۆ ئەوەی لە ناوچەیەکی دیکەی بێ لایەن کاربکەین، ئێمە لەگەڵ ئەم حکوومەتەی ئێستادا ناتوانین ئیش بکەین، باشترین شت ئەوەیە پێشنیار بکەین حکوومەتێکی دیکە پێك بێ.

یەکسەر و دوا بەدوای ئەو قسانە ئەو دوو وەزیرە کە زۆر بە توندی باسی بەربەریەتی ئینگلیزیان دەکرد، گۆڕان و بوون بە دوو مرۆڤی زۆر نەرم و لەسەرخۆ وەك ئەنجامێك بۆ کاریگەری هەڕەشەکانی عەقید (پاولس).

(١١) دوان لە ئەندامانی ئەنجوومەنی دامەزراندن کوژران و هەوڵی کوشتنی چەندینی دیکەش درا.

هەر لە هەمان رۆژدا لەگەڵ (السر هنری دوبس) قسەم کرد، گوتی ئەگەر ئێوە پەناتان بردایەتە بەر راپرسی گشتی لە موسڵ و مەسیحییەکان دەنگیان بۆ بەرژەوەندی تورك دا ئەوا ئەوەیان لە ترسەوەیە لە تورکەکان کە نەبادا ویلایەتە بگەڕێتەوە بۆ تورکیا و بزانن ئەمان دەنگیان بۆ تورك نەداوە. پاولس لە یادداشتە رۆژانە هەمە لایەنەکەیدا ئاماژەی بەوەدابوو کە ئەرکەکەی ئێمە ئاسان نابێ ئەگەر پەنامان بردە بەر راپرسی گشتی، بۆیە کە لە لەندەن بووین گۆڕانکاریمان تێداکرد بۆ ئەوەی راپرسییەکە تەنها خەڵکە هۆشیارەکە بگرێتەوە.

مەلیك لە پاش نیوەڕۆی بیستی کانوونی دووەم داوەتی چای خواردنی کردین و بە تەنیا خۆی پێشوازی لێکردین و جل و بەرگی ئەوروپی لەبەردابوو. هەمان رێگەمان گرت کە بە نزیك بینا تورکیە کۆنەکەدا تێدەپەڕی کە کرا بوو بە فەرمانگەی گومرگ، ئەو بینایە یەکێکە لەو بینا کەمانەی کە بە بەرد دروست کرابوو لە بەغدا و ئێستا لە نێوان خانووە قوڕینەکانی بەغداد دیارە. مەلیك وتەکەی خۆی بە عەرەبی خوێندەوەو ئەفسەری گواستنەوەی سەربازی (ضابط النقلیات العسکریة) بۆی وەردەگێڕاین و داوای لێبووردنیشی کرد کە ئیزعاجی کردووین. بەڵام لێپرسراویەتییەکەی ناچاری دەکا ئاگادارمان بکاتەوەو رای گەلمان پێ بڵێ بێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێ بەڵگە بێنێتەوە. وەك پێشتر گوتبووی گوتی عیراق بێ ویلایەتی موسڵ نابێ بە عیراق و ئەویش بەبێ دانیشتوانی ئەو ویلایەتە کە نزیکە هەشت شەد هەزار کەس دەبن ناتوانێ بە باشی ئەرکی خۆی بەجێبهێنێ و بەرگە بگرێ بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە، چونکە ناوچەکانی ئاودێری و سکەی شەمەندەفەر و نەوت لە شتە زۆر پێویستەکانن بۆ عیراق.

ئەوەی لەبیرم مابێ من لەسەر کورسییەك دانیشتبووم لای چەپی مەلیکەوە، لەکاتێکدا دوو هاوڕێکەم بەرامبەری دانیشتبوون، لەبیرمە مشکێکی بچکۆڵە لەسەر دەسکی کورسییەکەم دانیشتبوو و بێ ترس تەماشای دەکردم، لە هەمانکاتدا کۆمەڵە مشکێکی دیکە بە بەرچاوی تەماشاکەرە بێدەنگەکانەوە بە راکردن بەسەر زەوی ژوورەکەدا دەهاتن و دەچوون.

مەلیك لە جاران زیاتر راشکاوانە قسەی کرد، باسی چەندین سەدەی چەوساندنەوەی عەرەب لەلایەن تورکەکانەوە کرد هەروەها هەوڵەکانیشی خۆیشی سەبارەت بە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ رۆژئاوا دژی تورك و لە پێناو یەکێتی عەرەبدا و ئامانجی ئەویش دروست بوونی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو لەو بەشەی وڵاتی عەرەبی کە دەکەوێتە ئاسیا. بەڵام هەموو ئەم هەوڵانەی سەریان نەگرت بە هۆی ناکۆکی ناوخۆی عەرەب لەگەڵ یەکدا و هەڵپەشیان بۆ دەسەڵات.



هەروەها گوتیشی ئەو عیراقێکی تەواو ئازادی دەوێ تەنانەت لە دەسەڵاتی ئینگلیزیش. زیاتر قسەی کرد و هەندێ هەڕەشەش لە قسەکانیدا هەبوون کە گووتی عیراق پەنا دەباتە بەر شێوازی دیکە لە پێناو یەکێتی خاکی عەرەبدا ئەگەر نەیتوانی موسڵی دەست بکەوێ، گووتیشی ئەم وڵاتە عەرەبییە پێویستی بە پارە هەیە و سەرمایەی بێگانەش نایێتە ئێرە ئەگەر کێشەی موسڵ لە بەرژەوەندی عیراق چارەسەر نەکرێ. پاشان باسی شۆڕشی شێخ مەحموودی کرد کە دژی ئەو بەرپا ببوو.

لە وەڵامدا بە مەلیکم گووت لێژنەکەمان هەموو هەوڵێك دەدا بۆ ئەوەی بێ لایەن بێ و پاشان رۆیشتین. بۆ رۆژی دوایی مەلیك داوەتێکی رەسمی شیو خواردنی بۆ کردین، هەر ئەو بەیانیەش هەواڵی مردنی (حمیّە-خەزوری-) لە میسر پێگەیشتبوو، بۆیە نیازی هەبوو داوەتەکە نەکا، بەڵام (مس بیل) قسەی تێداکرد و قەناعەتی پێ هێنا واز لە نیازەکەی بهێنێ، دیسانەوە (مس بیل) قەناعەتی پێکرد شەمپانیا و خواردنەوەی دیکە پێشکەش بکرێ، لەکاتێکدا ئەو دەیویست پێشکەش نەکرێ، بۆیە (مس بیل) پێشنیاری کرد کە تەنها پێشکەش بە داوەت کراوە ئەوروپییەکان بکرێ عیراقییەکانیش با بۆ خۆیان هەر ئاو بخۆنەوە چونکە ئەمەیان لەگەڵ فەرزە ئایینییەکەیاندا رێکە.

بەڵام من سەرنجمدا کە عیراقییەکان لەسەر مێزەکە پەرداخە ئاویان دانابوو کەچی پەرداخی ویسکی و شەمپانیاکەیان لەژێر مێزەکەدا شاردبووەوە، پاشان دوای تەماشاکردنی مەلیك دەستیان کرد بە ئاشکرا بخۆنەوە. پاشان کە (الشورباء) یان پێشکەشکرد لە بەردەممدا پەرداخێ (الشیری) دانرابوو و لە بێ بەختی من سەری بوتڵەکە (ئەوەی بوتڵەکەی پێ دادەخرێ) کەوتە ناو پەرداخەکەمەوە مەلیکیش دەستی برد و بە پەنجە لە پەرداخەکەی دەرهێنا بۆیە دەمم لە خواردنەوەکە نەدا. خزمەتەکە زۆر سست بوو بەڕادەیێ مرۆڤی بێزار دەکرد لە دەو پانزە دەقیقەدا مەلیك مێزەکەی بەجێهێشت پاشان قاوەمان لە هەمان هۆڵدا پێشکەش کرا کە مشکەکان تەراتێنیان تێدا دەکرد.

کەسایەتی مەلیکمان بۆ روون بووەوە کە کەسایەتییەکی رۆشنبیری ئەوروپییانە بوو قەتیش باسی سیاسەتی نەکرد لە دانیشتنەکەدا.

سەردانی هەندێ قوتابخانەی جوولەکانمان کرد و بۆمان دەرکەوت کە توورکەکان جولەکەکانیان نەدەچەوساندنەوە و راویان نەدەنان و پەیوەندیشیان لەگەڵیاندا باش بوو، چونکە ئەوان قەت تێکەڵی سیاسەت نەدەبوون و کاریان بەسەر بەرهەڵستکارانەوە نەبوو. پاشان

سەردانی هەندێ لە پیاوانی ئایینی مەسیحیمان کرد و باسی قەسابخانەی ئەوتۆیان بۆ کردین کە تورکەکان ئەنجامیان دابوو لەکاتی دەسەڵاتیاندا کە مرۆڤ موچرکی بە لەشدا دەهات و گوتیشیان کە مەسیحییەکانی موسڵ بەر قەسابخانەکان نەکەوتن لەبەر ئەوەی والی موسڵ فەرمانەکانی (قسطنطینة)ی جێبەجێ نەکرد. لەوانیش بۆ یەکەمجار ناوی (ئاشوری)مان بیست. گەلێکی ئازا، بەڵام تورکەکان راوەدوویان دەنان. ئێستا بە پەرت و بڵاوی لە ناوچەی موسڵدا دەژین. دەسەڵاتی روحی و دونیەوێ بەدەست (البطريرك)ە کە دەسەڵاتەکەی پشتاو پشت بۆ ماوەتەوە (بطريرك)ی پێشوویان تورکەکان[12] کوشتیان براکەی کە دەبوو بێتە جێی ئەو، نەخۆش بوو مرد بۆیە (بطريرك) یەت کەوتە دەست (کوڕە زاکەی-حفيد-)[13] و لەبەر ئەوەی منداڵ بوو لە ئینگلتەرەش دەیخوێند، لێژنەیەك لە روحانییەکان پێك هات بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارە ئایینییەکان لە بری ئەو، لە هەمانکاتیشدا خاتوو (سورما) راسپێردرا کاروباری دونیەوی سەرپەرشتی بکا، چونکە ئەویش لە بنەماڵەی (البطريرك) بوو. ئاشوورییەکان چەند هۆزێکن کە ئازادانە لە چیاکانیاندا دەژیان و ساڵانە باجیان (دەیەك) دەدا بە (بطريرك) و (الجزية)ش بە تورکەکان و یاسای خۆیانیان هەیە و خوورەوشتیان بە تەواوی رەوەندانەیە، سزای کوشتن (الديّە-خوێن دان لە بری کوژراوەکە)یە، بەڵام بنەماڵەی کوژراوەکە مافی خۆیەتی کە تۆڵەی خۆی بکاتەوە یان بکوژەکە بکوژێ یان یەکێ لە خزمانی.

بۆ دزیش دەبێ (غرامە-پارە) بدەن، بەڵام خیانەتی هاوسەریەتی —الخيانة الزوجية— سزای مەرگە بێ جیاوازی و کوشتنەکەی بەدەستی ئەو کەسە ئەنجام دەدرێ کە تاوانەکەی دەرهەق کراوە. میراتیش تەنها بۆ نێرینەیە و مێینە لێی بێ بەشن. لە ساڵی ١٩١٤دا ئاشوورییەکان لەگەڵ روسەکاندا شەڕی تورکەکانیان کرد کە روسیاش لە جەنگ کشایەوە گەڕانەوە شاخەکانیان. لە ساڵی ١٩١٨دا لەگەڵ ئینگلیزەکان رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد بۆیە لای تورکەکان بوون بەیاخی و شایانی سزان، ئەمەش هەندێکیانی ناچار کرد رابکەن و لە موسڵدا نیشتەجێ بن. بە کورتی کۆمەڵە هۆزێکی ئاژاوەگێڕی شەڕکەرن. لە موسڵ خاتوو (سورما)مان بینی، لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا بوو، ژنێکی سەرنج راکێش و خاوەن پەروەردەیەکی ئینگلیزی بوو ئێوارەیەکیان شیوی لەگەڵماندا خوارد هەر زوو دۆستایەتییەکی توند لە نێوان خۆی و ناحەزە سیاسییەکەی جەنەراڵ جواد

(١٢) سمکۆی شوکاك کوشتی نەك تورکەکان.

(١٣) براکەی بوو کە بوو بە (بطريرك).



پاشا دروست بوو، ئەویش (إعجاب)ی خۆی بۆ دەربڕی. پێشتر وام بە خەیاڵدا هات کە باش نییە لەگەڵ یەکدیدا بن، کەچی دوایی بۆم دەرکەوت کە هەردوولایان یەکتر بینینیان پێ باش بوو. پاشان پەنابەرە ئاشوورییەکان هاتنە لامان و هەستێکی یەکجار بە ئازار و خەفەتیان لا جێهێشتین، لێمان دەپاڕانەوەو داوایان لێدەکردین شوێنێکیان بۆ بدۆزینەوە تیایدا بژین. دەبایە ئێمەش بۆیان روون بکەینەوە کە ئەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەیە و ناتوانین هیچیان لەم بارەوە بۆ بکەین، جگە لەوەی داواکارییەکانیان بخەینە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان.

زۆر بە دەگمەن لە ژیانمدا کەسم دیوە لەو پەنابەرانە نەگبەتتر و لانەوازتر. لە هەمان کاتدا هەندێکیانمان بینی چووبوونە ناو سوپای عیراق و سوپای ئینگلیز و بەوە ناسرابوون کە قەت پابەندی رێنماییەکان نەدەبوون و زۆریش خەتەرن و بڕوایان پێ ناکرێ. دوای ئەوان کۆمەڵە کوردێ هاتنە لامان لە پارتی نەتەوەیی، ئەم پارتە زۆر بە توندی دژی بێگانەکانە و دەیەوێ وڵات لە دەسەڵاتی بێگانە رزگار بکا، هەروەها وەفدێکیشیان نارد کە لەم بارەوە یادداشتێکیان داینێ.

لە دواییدا لەگەڵ (السر دوبس) قسەمان سەبارەت بە نەوت کرد، ئەو پێی وابوو کە مەسەلەی نەوت گرنگترین شتە لە کێشەکەدا و دەبێ لێژنەکە زۆرترین بایەخی پێبدا. لەو کاتەدا ئەوە راست نەبوو چونکە مەسەلەی دەرهێنانی نەوت و لە رووی بازرگانییەوە بەکارهێنانی هێشتا لە سەرەتادا بوو و ئەو هەولانەش کە لەم بارەوە دەدران لە قۆناغی سەرەتاییدا بوون، بەڵام گرنگی نەوتی عیراق لە دواییدا ئەوەندە گەورە بوو کە دەبووایە حیسابی بۆ بکرێ. دوای چەند هەفتەیەك لە بەغدا کە تیایدا خەریکی توێژینەوە بووین و زۆریش ماندووی کردین، ئەمە جگە لە کێشە و گرفت لەگەڵ دەسەڵاتدا، بەغدامان جێهێشت و چووین بۆ موسڵ. رۆژەکە زۆر سارد بوو و لە بیرمە تێرمۆمەترەکە ئاماژەی (١٤) پلەی سەدی لەژێر سفرەوە دەکرد، ئەمەش شتێکی زۆر دەگمەنە لە بەغدا و لە بیابانیش هەزاران گیانەوەر مرداربوونەوە لە سەرما و زۆر دارخورماش وشکی کرد و خەڵکەکەش زۆریان چەشت لە نەهامەتی. بۆ هەر یەکێکمان لە شەمەندەفەرەکەدا فارگۆنێ تەرخان کرابوو لەگەڵ خزمەتکارێ و فارگۆنێکی (إسعاف)یش کرابوو بە پاشکۆی (ملحق) فارگۆنی نان خواردنەکە. ئەوسا سکەی شەمەندەفەر لە رۆژئاوای دیجلەوە دەڕۆیی بەرەو سامەڕا و لای شەرگات کۆتایی دەهات و بە بیابانێکی وشك و ترسناکدا تێدەپەڕی و بە درێژایی رێگا چاومان بە شتی ئەوتۆ نەکەوت. ئەوسا نیاز وابوو سکەی شەمەندەفەرێکی تازە دابنێن کە لە رۆژهەڵاتی دیجلەوە دەڕۆیشت تا دەگەیشتە کەرکووك و هەولێر و بە ناوچەییەکی دەوڵەمەندتردا تێدەپەڕی.

هەرچوار پەلمان لە سەرما تەزی و فارگۆنەکانیشمان دەستکردی هیند بوو و پەنجەرەکانی تەلی پێوە بوو بۆ ئەوەی مێشوولە نەیێتە ژوورەوە. من قاپووتێکی (فرو)م لەبەردا بوو و کلاوێکی چەرمیشم کردبووە سەرم بۆ ئەوەی خۆم لەسەرما بپارێزم. لەبەر ئەوەی سەرۆکی لیژنەکە بووم لە فارگۆنی (إسعاف)ەکەوە زۆپاییێکیان بۆ هێنام و گەرمیان کردمەوە. لە فارگۆنەکەدا (حەمام) هەبوو، بەڵام ئاوەکەی بەستبووی بەیانیش کە چایان بۆ هێناین چایەکە ساردبوو.

لە دواییدا بۆمان دەرکەوت ئەوەی لێرە چەشتمان هیچ نەبوو لە چاو ئەو ناخۆشی و کێشانەی چاوەڕێیان دەکردین و نرخیشی زۆر گران کەوت لەسەر (أعصاب)مان.

دەمانتوانی ئەوەی پێی دەگوترا چیای حەمرین لە پەنجەرەکانەوە ببینین، ئەو چیایە ئەوە بوو کە تورکیا دەیویست بیکاتە سنووری سروشتی لەگەڵ عیراقدا، بەڵام ئینگلیزەکان بە کۆمەڵە گردێکی لمین —کثبان رملیە— ناویان دەبرد و لە راستیشدا هەردوولایان راستیان دەکرد چونکە ئەو زنجیرە چیایە تا بەرەو رۆژهەڵات دەڕۆیشت وردە وردە نزم دەبووەوە تا لای دیجلە لەچاو بزر دەبوو و چیتر نەدەبینرا لای رۆژئاواش بیابان بوو کە بە کەڵکی ئەوە دەهات ببێ بە سنوورێکی ستراتیجی بەکەڵك.

## پیلان و دەسیسە لە موسڵ

بۆ بەیانی گەیشتینە شەرگات کە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییە و دوای چەند سەعاتێ بە ترومبێل گەیشتینە موسڵ و لە بەغدا جوانتر هاتە پێش چاومان. بیناکانی لە بەرد دروست کرابوون و هەندێکیان لە مەرمەڕ بوون و دەکەوتنە رۆخی سەرووی دیجلە بەرامبەر نەینەوای دێرین کە یۆنان (یونس) پێغەمبەری لێ نێژراوە. لەوێ جۆرە ماسییەکم بینی کە ئەوەندە گەورە بوون کە رێك بە زەحمەت دەیتوانی یەکێك هەڵبگرێ، لەوانەشە هەندێ جار کە ناچار بوایە یونس پێغەمبەر خۆی لەناو زگی یەکێ لەو ماسیانە بشاردایەتەوە، تامیشیان ناخۆش نەبوو، بەڵام لە دەمدا تامێك وەك تامی لم دەمایەوە دوای خواردنی.

پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە (کونت تیلیکی) و جواد پاشا لەگەڵ چەند یاریدەدەرێ رۆیشتن پیاسەیەك بەناو شاردا بکەن، بەڵام یەکسەر خۆپیشاندان بۆ لایەنگری تورکان دەستی پێکرد و پۆلیسیش ناچار بوو خۆپیشاندەران بە لێدان بڵاوە پێ بکا، ئەمەش یەکەم کێشە بوو کە بووە هۆی ناکۆکی زۆر لە نێوان ئێمە و پۆلیس و دەسەڵاتدارانی ئینگلیزدا. ناکۆکی لەناو لیژنەکەشدا سەری دەرهێنا کاتێ کە عیراقییەکان رازی نەبوون لەگەڵ تورکەکاندا لەسەر یەك مێز کۆببنەوە، بەڵام ئێمە توانیمان




مەسەلەکە چارەسەر بکەین بێ ئەوەی تووشی زەحمەتێکی ئەوتۆ ببین. ماڵێکمان بۆ تەرخان کرا کە پێشتر ئامادە کرابوو بۆمان. ئەو خانووەش مەلیك کە دەهاتە موسڵ لەوێ دەمایەوە. قاتی خوارەوە هۆڵێکی فراوان بوو کە چەندین ژووری بەرامبەر یەکدی تێدابوو لە شێوەی (صلیب-خاچ-) ئەم بەشە بوو کە بۆ ئێمە تەرخان کرابوو و زۆپاشی تێدا نەبوو جگە لە چەند بەرمیلێکی گەورە کە دووکەڵ کێشەکانی لە کونی پەنجەرەکانەوە دەچووە دەرەوە، بۆیە کە دامانگیرساند دەبایە پەنجەرەکان بکەینەوە. (متصرف-محافظ-) سەردانی کردین لەگەڵ ئەفسەری سیاسی (میجر لوید) لەوانەوە زانیمان کە فەرمانیان لە بەغداوە بۆ هاتووە کە دەبێ رێوشوێنی پاراستنی ئەندامانی وەفدە تورکییەکە دابین بکەن لەوانە دەبێ دەسەڵات ئاگای لێ بێ کە وەفدەکە دەڕوا و پێش سەعاتی پێیان بڵێن بەرەو کوێ دەڕۆن و پۆلیسیش لەگەڵیان دەبێ و نابێ جواد پاشا بە جلی سەربازییەوە بچێتە دەرەوە هەروەها بە راشکاوی پێیان گوتین کە رێوشوێنی زۆر توند دەگرنەبەر دژی هەر یەکێ بیەوێ ئاسایش تێك بدا و خۆپێشاندانیش سەرکوت دەکرێ. منیش یەکسەر بۆیانم روون کردەوە کە ئێمە قەت ئەم رێوشوێنانە (اجراءات) قبووڵ ناکەین و مەرجەکانی خۆمانمان پێ گوتن: تورکەکان ئازادی تەواویان دەبێ و دەبێ رێگەشیان بۆ خۆش بکرێ بە هەوەسی خۆیان بۆ کوێیان دەوێ بچن بێ ئەوەی کەسیشیان لەگەڵ بێ. ئەوەشمان روونکردەوە کە مافی لایەنی تورکییەکە شاهیدەکانی خۆی دەستنیشان بکاو پێناسەیان دەبێ بە نهێنی بمێنێتەوەو داواشمان کرد کە پارێزگاری تەواوی بۆ تورکەکان دابین بکرێ و بەو شێوەیەی خەڵکی هەستی پێ نەکەن، پاشان بە راشکاوی ئاگادارمان کردنەوە کە ئێمە تا ئەم مەرجانەمان جێبەجێ نەکرێ دەست بەکارنابین. ئەوسا (متصرف) و (میجر) گوتیان پەیوەندی بە بەغداوە دەکەین و مەرجەکانی ئێوەیان پێڕادەگەیێنین.

بۆ بەیانی رۆژی دوایی بە دیجلەدا گەشتێکمان کرد بۆ نەینەوا[١٤] کە لە ژێر گردی خۆڵدا بزر ببوو. پێشتر پشکنین (تنقیبات)ی کەمی تێدا کرابوو. هەر ئەوەندەمان زانی کەوتینە بەردەم خۆپێشاندانێکی (رێکخراو-مدبر-) کە ئاڵای عیراقی تێدا هەڵگیرابوو ژمارەیەکی زۆری منداڵیشی تێدا بوو کە خۆیان بە تروبێلەکەماندا هەڵدەواسی.

ئەم کارەمان بە ئاژاوەگێڕی و تێکدانێکی ئەنقەست هاتە بەرچاو، چونکە پۆلیس رەشماڵێکیان -خیمە- لەبەردەم دەرگای ماڵەکەماندا هەبوو و دەیانتوانی بە ئاسانی خۆپێشاندەران ببینن.

---

(١٤) مەبەست گوندەکەی یونس پێغەمبەرە.



**لەبەردەم مزگەوتی یونس پێغەمبەر (گوندەکە)**

**رودلو لەناوەڕاستی ئەوانەدایە کە لە دواوە وەستاون (لە ڤیرسین)ەوە**



کە لە نەینەوا بووین ئەفسەرێکی ئینگلیز هاتە لامان و پرسی ئایا ئێمە لە خۆپێشاندانەکە رازین؟ منیش وەڵامم دایەوە کە ئێمە دژی هەموو جۆرە خۆپێشاندانێکین و قەتیش قبووڵی ناکەین و هیچ سوودێکیشی نابێ و لیژنەکە دەخوازێ کارەکانی خۆی لە کەش و هەوایێکی هێمن دا بکا. هەڵوێستی ئێمە نەگۆڕ بوو بە دەسەڵاتمان راگەیاند بۆیە چیتر خۆپێشاندان نەکرا.

لە نەینەوای کۆن شتێکی ئەوتۆ نەمابووەوە سەرنج رابکێشێ، پێیان گوتین کە ئەم شارە کاتێ لە ئەوپەڕی دەسەڵات و مەزنیدا بوو ئەوەندە پان و بەرین و گەورە بوو مرۆڤ پێویستی بە چل رۆژ بوو تاکو لەم سەر بۆ ئەو سەری بڕوات بێگومان ئەم قسەیە زێدەڕۆیی زۆری تێدایە.

نوێنەری (بطريرك)ی کلدانی لەگەڵمان هات و بانگێشتی کردینە بارەگاکەی خۆی کە زۆر رێك و پێك رێکخرابوو و لە ناوەڕاستیدا باخێك هەبوو کە چواردەوری بە کۆڵەکەی مەڕمەڕ دەورە درابوو.

کە گەڕاینەوە بروسکەیێکمان بۆ هاتبوو کە وەڵامی ئەو داواکاریانە بوو پێشکەش بە (متصرف)مان کردبوو لە بروسکەکەدا هاتبوو کە (سر هنری دوبس) هەموو مەرجەکانمانی قبووڵ کردووە جگە لە مەسەلەی بەرپرسیارییەتی لەو رێوشوێنانەی دەگرینەبەر دەرهەق دیاردەکانی دژایەتی کردنی وەفدە تورکییەکە، هەروەها بروسکەیێکیشمان لە ئەنقەرەوە پێگەیشت کە تیایدا نارەزایی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بەو (اجراءات)ە ناپەسەندانەی ئینگلیز دژی وەفدەکەیان و هەموو بەرپرسیارییەکی خستە ئەستۆی ئینگلیزەکان سەبارەت بە پاراستنی وەفدەکەیان.

ئێمە خۆمان لەبەردەم بارودۆخێکی زۆر خراپدا بینی بە هـۆی ئـەو بـەدحالی بوونـەو لێـك تێنەگەیـشتنەی هـەردوو لایـەنی تـورکی و بـەریتانی. بـۆ رۆژی دوایـی بروسـکەیێکمان لـە سکرتاریەتی کۆمەڵەی گەلانەوە پێگەیشت تیایدا ئاماژە بە نارەزایی دەربڕینی تورکەکان دەکا سەبارەت بەوەی بەرامبەر وەفدەکەیان کرا لە عیراقدا.

وەڵامی جنێڤ و ئەنقەرەمان دایەوەو گوتمان ئەگەر ئەنقـەرە رازی نییـە لـەو رێوشـوێنانەی ئینگلیزەکان بە پێویـستیان زانیـوە بـۆ پاراسـتنی وەفـدە تورکییەکـە بـا خـۆی بێـت و ئـەو بەرپرسیارییەتە بگرێتە ئەستۆ.

پاش نێوەڕۆی هەمان رۆژ نامەیەکمان لە جواد پاشاوە پێگەیـشت و تیایـدا دەیگـوت ئـەو کەسانەی هاتبوونە پێشوازی و سڵاولێکردن و دەست ماچکردنی کە بە موسڵدا پیاسەی دەکـرد تووشی لێدان و گرتن هاتبوون. لـە ٣١/ی کـانوونی دووەمـدا کـە یەکـشەممە بـوو نوێنـەرانی

دەسەڵات هاتنە لامان و هەمووشیان بە یەك زمان و دەنگ داوایان دەکرد کێشەی موسڵ لە بەرژەوەندی عیراقدا چارەسەر بکرێ. منیش بەو بۆنەیەوە وتارێکی کورتم بۆ خوێندنەوەو تیایدا سوپاسی هاتنیانم کرد و دووپاتیشم کردەوە کە ئامانجمان ئەوەیە بگەینە چارەسەرێکی دادپەروەرانە کە لە بەرژەوەندی خەڵکەکەدا بێ و واشیان لێ چاوەڕێ دەکەین کە کار ئاسانیمان بۆ بکەن. ئاماژەم بەوەشدا کە هەموو لایێك ئازادیی ئەوەیان هەیە رای خۆیان دەربڕن و هەر تەگەرەدانانێك یان تاقیب کردن و ئەزیەت دانی هەر کەسێك لەم بارەوە خراپترین ئەنجامی دەبێ و ئەوەشم پێیان گووت کە پێویستە لاوان خۆیان لە خۆپیشاندان دووربخەنەوە.

وتارەکەم بەفەڕەنسی خوێندەوەو لە پێشدا کرا بە عەرەبی و پاشانیش جواد پاشا کە جلی سەربازی لەبەردابوو وتەکەی کرد بە تورکی، مەبەستیش لێرەدا ئەوەبوو کە مافی هەموو کەسێ لە رادەربڕیندا پارێزراو بێ، هەندێ کەس ناڕەزاییان دەربڕی لەسەر وەرگێڕانە تورکییەکە گوایا هەموو کەس عەرەبی دەزانێ منیش گووتم وەرگێڕان بۆ زمانی تورکی پێویستە بۆ ئەوەی لای هەموو کەس روون بێ کە مافی رادەربڕینی هەیە لەم مەسەلەیەدا. زۆر لەسەر هەڵوێستەکەیان سوور نەبوون، بەڵام دیارە هەندێکیان پێیان ناخۆش بوو و نەشیانتوانی ئەو هەستەیان بشارنەوە. دوای وتارەکەم قاوەو جگەرە پێشکەشکرا و جواد پاشاش ئامادەبوو. دەستمان کرد بە قسەکردن، بەڵام بە شێوازێکی گشتی و جواد پاشا تەوقەی لەگەڵ هەمووان کرد، پاشان نوێنەری ئایینە جیاجیاکان سەردانیان کردین، ئەو رۆژە پێشوازیمان لە سەد کەس کرد. جواد پاشا بۆی باس کردین کە ئەورۆژە خۆپیشاندان لە جادەکانی شاردا کراوەو خۆپیشاندەران جل و بەرگی فەرمانبەریان لەبەردابوو، بەڵام دوایی روون بووەوە کە ئەرمەنی و سەربازە ئاشوورییەکان بوون.

پاش نیوەڕۆ چووین لە مەسەلەی گیراوەکان بکۆڵینەوە کە جواد پاشا باسی کردبوو، بینیمان کە هەندێکیان پۆلیس گرتبوونی، پۆلیسەکان زۆر ترسان لە هەڵوێستی توندو بەهێزی (پاولس)، هەر هەمان رۆژ لە بەردەم ماڵەکەماندا خۆپیشاندان رێکخرا، بەڵام ئێمە بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبووین پێشوازییان لێ بکەین.

بەڵام هەستمان کرد کە پۆلیس چاودێریمان دەکا جێگری (ملحق) بەریتانی هیچی بۆ نەکردین سەرەڕای ئەوەی ناڕەزایی خۆشمان بۆ دەربڕی، هیچ کەس نەیدەتوانی بمانبینێ بەبێ رەزامەندی پۆلیس و ناونووس کردنی. پۆلیس کاتەکانی چوونە دەرەوەو گەڕانەوەمانی دەنووسی و دەیدا بە دەسەڵات کە بە ناو شاریشدا پیاسەمان دەکرد پۆلیسەکان بە جل و بەرگی



مەدەنییەوە بە دوامانەوە بوون، شەوانیش بە دەوری ماڵەکەدا دەسووڕانەوەو بەتایبەتی پەنجەرەی ژوورەکانی لای رۆژئاوایان چاودێری دەکرد کە تورکەکانی تێدا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا جواد پاشا توانی چەند نامەیەك وەربگرێ کە بە جگەرەوە لوول درابوون.

بۆ رۆژی دوایی بە ناوشاردا گەڕاین و پیاوێکی زۆر ساویلکەمان لەگەڵدا بوو وەك رێنیشاندەر —دلیل— کابرا بردینی بۆ لای ماڵێك و گووتی ئەمە خانووی رێگرێکی کۆنی بەناوبانگ بوو کە کاروانی هاتوچۆکەرانی —مسافر— رووت دەکردەوە، بەڵام ئێستا نیشتمان پەروەرێکی گەورەیە[١٥]. لە دیجلە پەڕینەوەو سەردانی مزگەوتێکمان کرد خەڵکی بڕوایان وایە یونس پێغەمبەری تێدا نێژراوە و ویستمان لەگەڵ ئیمامی مزگەوتەکەدا قسە بکەین دەربارەی حاڵ و باری خەڵك و ناوچەکە، بەڵام ئەو زۆر وریا بوو و لە ((انشاءالله)) زیاتر چیدیکەی نەدەگوت.

گەڕانەکانمان وێنەیەکی ناڕوونیان دەربارەی بارودۆخەکە بۆ دەستەبەرکردین و لە هاوەڵە عیراقییەکانی خۆمان لەوێ زانیمان کە جواد پاشا کەسایەتییەکە پایە و رێزی خۆی هەیە هیچ ترسی ئەوەش لە ئارادا نییە کە یەکێك دەستدرێژی بکاتە سەری، بەڵام خەڵکەکە زۆر رقیان لە هەردوو یاوەرەکەیەتی (ناظم و فتاح) بەگ. بۆ رۆژی دوایی دیسانەوە داوام کردەوە کە پۆلیسمان بە دوادا نەنێرن و چاودێریمان نەکەن، بەڵام بەڕێز (جاردین) گووتی ناتوانێ ئەوە بەکا تا وەڵامی لە ئەنقەرەوە بۆ نەیێت چونکە دەسەڵاتدارانی ئێرە نایانەوێ لێپرسراویەتی تووش بوونی تورکەکان بخەنە ئەستۆی خۆیان. لەو رۆژەدا بە فڕۆکە بەسەر موسڵدا سووڕاینەوە، چونکە نەماندەتوانی ئیشەکانی خۆمان بە باشی ئەنجام بدەین بەهۆی چاودێری پۆلیس کە بێزاریان کردبووین و هەر بە دوامانەوە بوون و چاویان لێ غافڵ نەکردین. چەند کەسێکمان بانگ کرد بۆ ئەوەی دەربارەی بارودۆخی ناوچەکە پرسیاریان لێبکەین و یەکێکیان تێدابوو کە کەسێکی زۆر گرنگ بوو و ئەندامی (حزب الاستقلال) بوو و لایەنگری حوکمی عەرەبان بوو، ئەو وای بۆ دەچوو کە عیراق دەتوانێ بێ یارمەتی بەریتانیا، خۆی بەڕێوەببا. ئەو کەسانەی چاومان پێیان

(١٥) بێگومان ماڵی (سعدالله توحله) بووە کە لە سەردەمی عوسمانیدا پێیان دەگوت دزە گەورەکەی موسڵ. زۆر شت لە بارەیەوە لە کتێبی (مهد البشریه) و (فەسڵی موسڵ) کە ئێمە وەرمانگێڕاوە، نووسراوە ئەوسا ماڵەکە دەکەوتە خوارئاوەدانی بەری باکووری شار و وەك قەڵا وابوو. ئێمە خاوەن ماڵەکەمان دی و ناسی و ئەوسا زیندوو بوو و ماڵەکەش مابوو.

کەوت هەر یەکە و هەڵوێست و رایێکی هەبوو و لەسەر شارێکی (منطلق) تایبەتەوە قسەیان دەکرد و زۆر کەم کەسی وەهامان دۆزییەوە لە ناویاندا کە بێ لایەنانە قسە بکا، بە پێچەوانەوە زۆربەیان شتی شەخسی پاڵی پێوەدەنان و هەندێکیشیان دەیانگووت جۆری حوکمەکە گرنگ نییە و ئەو تەنها مەبەستی ئەوەیە نانێ هەبێ بیخوا.

لە سێی شوبات بۆ جاری دووەم سەردانی (متصرف)مان کرد و قسە و باسەکانمان گشتی بوون و هیچ پەیوەندییەکیان بە بارودۆخەکەوە نەبوو. لەلای ئەو چاومان بە (میجر لوید) کەوت کە لە ویلز ئیشی (محاماتی-پارێزەری-) دەکرد، بەڵام لە کاتی جەنگدا هاتە وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە و تیایدا مایەوە. بۆ ئێوارەی ئەو رۆژە نامەیێکی درێژمان لە بەڕێز (جاردین) پێگەیشت کە تیایدا گوتبووی لێك تێگەیشتنێك روویداوە لە مەسەلەی هاتنی پۆلیس لەگەڵماندا کە ئێمە داوامان کردووە لایان بەن و لەگەڵمان نەیێن، ئایا لیژنەکە دەیەوێ بەرپرسیاریەتی ئەندامە تورکەکانی لیژنەکە بگرێتە ئەستۆ؟

بۆمان دەرکەوت کە زەحمەتە بتوانین لێکۆڵینەوەی (جددی) لە موسڵدا و لەو بارودۆخەدا بکەین، بۆیە بڕیارماندا لیژنەکە ببێ بە چەند بەشێکەوە، هەر بەشەو کاری خۆی سەربەستانە بکا، ئەمەشمان بۆ ئەوە بوو کە خۆمان لە چاودێریی —مراقبە— دەسەڵات لابدەین.

لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیاردا قسەمان کرد و زانیاریی تازەمان دەربارەی بارودۆخەکە دەسکەوت زانیاریشمان دەربارەی ئەو (اجراءات)انەی مایەی پەستی و بێزاریمان بوون دەسکەوت و بۆ نموونە زانیمان کە ژمارەیەکی زۆر، کە مەلیك سەردانی شارەکەی کردبوو پارەیان وەرگرتبوو، جگە لە سەردانی نوێنەری باڵا دوای ئەو بە ماوەیێکی کورت ئەمەش مانای ئەوەبوو کە دەسەڵات بەرتیلی داوە بە خەڵك بۆ ئەوەی کار لە ڕای گشتی بکەن لە بەرژەوەندی ئەواندا. دوان لە سکرتێرەکانمان نارد بۆ ئەوەی گەشتێ بە فڕۆکە بکەن بۆ پشکنینی سروشت (فحص الطبیعة)ی دەوروبەری موسڵ، پاشان چاومان بە وەفدێك کەوت کە ئەندامی (لیژنەی بەرگری نیشتمانی —لجنة الدفاع الوطني—) بوون.

لە ئەنقەرەوە بروسکەیێکمان بۆ هات وەڵامی پێشنیارەکەمانی تێدا بوو سەبارەت بە پارێزگاری تورکەکان وڵامەکە ماقوڵ نەبوو، بۆیە ئێمەش بە بروسکەیێك وەڵاممان دانەوەو گوتمان وای دادەنێین کە لەگەڵ ئێمەدا (متفق)ن و بە پێشنیارەکەمان رازین، بۆیە داوای وەڵامان لێ نەکردن.



دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی پێکهێنانی لیژنەی بەرگری خۆپێشاندان لە بەردەم پەنجەرەکانماندا رێکخرا بێ ئەوەی دەسەڵات رێی پێدابن —إجازە— بەڵام چاویشی لێی پۆشی و خۆی نەکرد بە ساحێبی. ئەمڕۆ کەسێکی گرنگ سەردانی کردم کە (المونسنیور بیریە M. Berr)ی سەرۆکی —اساقفە—ی بەغدا و (القاصد الرسولي) و هەروەها (راهب)ێکی پێشووی (دومنیکان) بوو، ئەو کەسە سەردانی کردم و دوانی دیکەشی لە تایەفەکەی —طائفیة— خۆی لەگەڵیدا بوون. تەمەنی شەست ساڵان بوو ماوەیێکی زۆری لە وڵاتدا بردبووە سەر و چەندین جار لەلایەن تورکەکانەوە هەوڵی کوشتنی درابوو و بە چاوی خۆشی ئەو قەسابخانانەی بینیبوو کە دەرهەق بە ئاشوورییەکان کران.

پیاوێکی زیرەك و قسە خۆش و شایانی هەموو رێزێك بوە. ئەو کەنیسەیەی ئەوی تێدا دەژیا لەو شوێنە هەرە باشانە بوو کە دەچووینە ئەوێ بۆ ئەوەی لەزەت لە خۆشترین خواردنیان بچێژن کە لە پەنجەرەیێکی بچووکی دیوارەکەوە پێشکەش دەکرا. خواردنەکە (راهبات)ەکان، لە بەشێکدا (جناح) کە بۆیان تەرخان کرابوو لە پشت دیوارەکەوە ئامادەیان دەکرد (بیریە) مرۆڤێکی خاوەن رۆشنبیرییەکی جیهانی بوو و زانیاری زۆر بە کەڵکیشی داینێ دەربارەی ئەو کەسانەی دەتوانین سوودیان لێ وەرگرین بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

بۆ رۆژی دوایی جواد پاشا پێی راگەیاندین کە تورکەکان بە نیازن خۆپێشاندانێك رێك بخەن و بە چەکەکانیانەوە دێنە سەر جادە و لەوانەشە ئەنجامەکەی زۆر خراپ بێ. جواد پاشا بە هۆی وەرگێڕەوە قسەی لەگەڵ میوانەکانی دەکرد چونکە عەرەبی نەدەزانی و دانیشتوانی موسڵیش زۆربەیان عەرەبن. داوامان لە جواد پاشا کرد کە بە هاورێکانی بڵێ ئارامی بپارێزن و کارێك نەکەن کە ئاسایش و نیزام تێك بدا و ببێتە هۆی دروست بوونی ئاژاوە.

ئەو رۆژە کە شەشی شوبات بوو لە (السردوبس)ەوە بروسکەیێکمان پێ گەیشت کە سەرەك وەزیران نارەزایی دەربڕیبوو سەبارەت بە هەندێ پرسیار کە ئێمە لەکاتی چاوپێکەوتنەکانماندا — مقابلات— کردبوومان ئێمەش وەڵاممان دایەوەو سەرەتا سوپاسمان کرد و لە دواییشدا داوامان لێکرد کە بەناوی ئێمەوە بە سەرەك وەزیران رابگەیێنێ لیژنەکە مافی ئەوەی هەیە و ئەرکی سەرشانیشییەتی کە لێکۆڵینەوەیەکی ریشەیی (جذری) بکا دەربارەی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان هەیە بە دوارۆژی ئەو ناوچەیەی کێشە و گرفتی لەسەرە و هەر هەوڵێك کە بیەوێ تەگەرە بخاتەرێی جێبەجێ کردنی کارەکانی دەداتە دواوە قبووڵی ناکا. پاشان سەرسامی خۆمان پیشاندا کە چۆن ئەو پرسیارە نهێنیانە گەیشتووەتە سەرەك وەزیران دوای ئەوەی دەسکاری

کراوە تاکو ببێتە هۆی ئەم ناڕەزاییی دەربڕینە و بە توونـدی سـەر زەنـشتی حکوومـەتمان کـرد لەسەر ئەوە.

لە هەمانکاتدا مستەر جاردین هاتە لامان و داوای روونکردنەوەی لێکـردین سـەبارەت بـە گەشتەکانمان و گووتی ئەو دەزانێ کە بـەم زووانـە شـار بەجێـدێڵین و دەسـت بـە گەشـتەکانمان دەکەین و ئەویش زۆری پێ خۆش دەبێ ئەگەر وردەکارییـەکانی چـۆنیەتی کـارکردنی لیژنەکـە لەگەڵ یاریدەدەرە تورك و ئینگلیز و ئەوانی دیکەی لەگەڵماندا دێن بزانێ، ئەمەش پێویستە بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی بە باشی و تەواوی جێبەجێ بکا، هەروەها بـۆ حکوومەتەکەشـی روون بکاتەوە کە ئەو دەسەڵاتە و (امتیازات)انەی دەدرێ بە هەردوو یاریـدەدەری تـورك و ئینگلیـز وەك یەك و یەکسان دەبێ، هەروەها پێویستیشە کە دەسەڵات ئاگادار بکرێتەوە سـەبارەت ئـەو شوێنانەی تورکەکانی ئەندامانی وەفدەکە بۆی دەچن بۆ ئەوەی بتوانێ بیانپارێزێ. هەروەها بـە زارەکی (شفهی)یش پێی گوتین کە دەبێ پۆلیس رێوشوێنی پاراستنی ئەندامانی لیژنەکـە دابـین بکا و پێویستە ئاگاداریـان بکەینـەوە بـۆ کـوێ دەچـین تـاکو پۆلیـسمان لەگەڵـدا بنێـرن بـۆ پارێزگاری.

یەکسەر ئەم مەرجانەمان دایە دواوەو قبووڵمان نەکرد و هەڵوێـستی خۆمـان روونکـردەوەو گوتمان ئەگەر شارەزا یاریدەدەرە بەریتانییەکە بە نووسین بـۆی نووسـین کـە سـەفەرەکەمان بـۆ ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ ئەمین نییە ئەوسا ئێمە سەفەرەکەمان هەڵدەوەشـێنینەوە هـەروەها گوتیشم بە سیفەتی ئەوەی سەرۆکی لیژنەکەم کارەکانی خۆمان کۆتایی پـێ دێـنین ئەگـەر ئـەم تەگەرانەی دەخرێنە رێی جێبەجێ کردنی ئیش و کارمان بەردەوام بێ، راپۆرتیش بۆ کۆمەڵـەی گەلان دەنێرین و تیایدا دەڵێین کە ئیش کردن لە سایەی ئەم حکوومەتەدا ناکرێ و نابێ.

(مسترجاردین) بە تەواوی (إحراج) بوو، و گووتی حکوومەتی بەریتانیا بە بەرچاوی هەموو دونیاوە بەرپرسیاریەتی پارێزگاری ئێوەی گرتووەتە ئەستۆی خۆی، ئێمەش گووتمان ئەگەر ئێمـە بۆ خۆمان بەرپرسیاریەتی پاراستنی خۆمان گرتە ئەستۆی خۆمان ئەوسا هیچ کەسێ لە جیهاندا ناتوانێ لۆمەی بەریتانییەکان بکا ئەگەر ئێمە شتێکی خراپمان بەسەر بێ.

دوابەدوای ئەمە مشتومڕ دەستی پێکرد، بەڵام ئێمە سووربووین لەسەر رایەکـەی خۆمـان. (مستر جاردین) قسەکانی کۆتایی پێهێنا و گووتی ناتوانێ ئەوەی ئێمـە بڕیارمـان لەسـەرداوە قبووڵ بکا بۆیە بە پێویستی دەزانێ بروسکەییێك لەو بارەوە بۆ نوێنەری بـاڵا بکـا تـاکو خـۆی بەیانی بە فڕۆکە بێتە موسڵ.



دوای ئەم چاوپێکەوتنە دەمارگرژکـەرە، دیدەنییـەکی دیکـەمان هـەبوو لەگـەڵ خـاتوو (سورما)ی خزمی[١٦] (بطریرك)ی ئاشووری. زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردین و داخی دڵـی خۆی هەڵڕشت سەبارەت بـە دوارۆژی ئاشـوورییەکان. بـۆ ئێوارەکـەی داوامـان لـە (مـستر جاردین) کرد کە دەسەڵات ئاگادار بکاتەوە واز لە تەنگ هەڵـچنین —مـضایقە— بـە وەفـدی تورکی بێنن و ئازادی تەواویان بدەنێ.

لە حەوتی شوباتدا مشتومڕێکی زۆر گەرم لە نێوان (الکونت تیلیکی) و (العقید پاولس) رووبدا سەبارەت بە رێکخستنی گەشتەکان و هەریەکەشیان سوور بوو لەسەر رایەکەی خۆی.

تیلیکی روونی کردەوە کە لەوانەیە خراپ تێگەیشتن یان لێکدانـەوەی هەڵـە هـەبوو بـێ سەبارەت بـە رۆیـشتنمان بـۆ شارۆچـکەکانی ویلایەتـەکان بـێ دیـاردەی رەسمـی و بـاوەڕی حکوومەتی، ئیتر وا بڵاودەبێتەوە کە وەفدەکە وەك ئەوەی دەگوترا نییـە و پایـە بـەرز نییـە چونکە ئێمە بەو شێوەیە گەشتەکانمان دەکرد، بۆیە ئەو وای بە باش زانی کۆمەڵە سـوارەیەك لەگەڵمان بن کاتێ دەچینە ناوشارەکان و بەخۆ دەرخستنێکەوە —أبهە— کە لەگەڵ ئەوەی لـە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکاندا باوە رێك بکەوێ. تەنیا شتێ کە قبووڵی ناکەین ئەوەیە نابێ پۆلیس لەگەڵمان بێ یان لە دەورمان بسووڕێنەوە کاتێ کە لێکۆڵینەوەکانمان لە گوندەکاندا و لەگەڵ خەڵکیدا ئەنجام دەدەین. ئەم پێشنیارەی دوایی لەلایەن (العقید پـاولس)ەوە پێـشکەشکرا و هەر هەموو قبووڵیان کرد.

(السر هنری دوبس) دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ بە فڕۆکە گەیشتە لامان، لەگـەڵ نیـشتنەوەی فڕۆکەکەی گەر دەلوولێکی بەفرین —إعصار ثلجی— هەڵیکرد و بـووە هـۆی ئـەوەی بەشـی پیێشەوەی فڕۆکەکە هەندێ زەرەری لێ بکەوێ و لووتی (السردوبس)یش بریندار ببـێ، بۆیـە دەبایە پێش کۆبوونەوەکە ئیسراحەت بکا، هەر لەبەر ئـەوە کۆبوونەوەکـە دواخـرا تـا رۆژی دوایی.

چەندین ئینزاری یەك لە دوا یەکمان بۆ هات، جواد پاشا عەسر هات و پێـی راگەیانـدین کە ئەو کەسانەی سەردانیان کردووە هەمان شەو هەموویان گیراون، ئێمەش پێمـان راگەیانـد کە ئەوەی پێویست بێ بـۆ بـەردانیان دەیکـەن، و (العقیـد پـاولس) سـەردانی فەرمانگـەی پۆلیـسی کـرد و تۆقانـدنیانی و داوای زانیـاریی کـرد دەربـارەی ئەوانـەی گـیراون و هـۆی

(١٦) پوری — خوشکی باوکی.

گرتنەکەشیان، دوابەدوای ئەوە بەریان دان، بەڵام پۆلیس هەر حەزیان لە چارەی ئێمە نەبوو ئەمەش کە لەگەڵ (السردوبس) بۆ رۆژی دوایی کۆبووینەوە بۆمان روون بووەوە. ئێمە داوای زانیاریمان لە (مستر جاردین) کردبوو دەبارەی هەموو گیراوەکان، ئەویش بە نامەیێك وەڵامی داینەوە کە زۆر شێوازەکەیمان بە دڵ نەبوو، پاشان زانیمان کە گیراوەکان چەکیان پێبووە بۆیە بۆمان دەرکەوت کە گرتنەکەیان هۆ و پاساوی هەبووە.

رۆژی دوایی کە یەکشەممەی هەشتی شوبات بوو، لە رۆژانی دیکە ((درامی)) تر بوو، لە موسڵ، چونکە گۆڕانکاری لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی دەسەڵات لەگەڵ ئێمەدا روویدا. رۆژێکی زستانەی جوان بوو، رووی زەوی بەفر داپۆشیبوو و ئاسمانیش ساماڵ و هەتاو تیشکی دەدا. لەگەڵ (السر هنری دوبس) کۆبووینەوەو بڕیاردرا جواد پاشاش ئامادەبێ. لە بیرمە لە کۆبوونەوەکە جگە لە (السر هنری) و هەرسێ ئەندامانی لیژنەکەمان هەردوو نوێنەری تورکی و بەریتانی و تایپیێست (کاتب طابعة)ێکی ئینگلیزی و هەردوو سکرتێریش (روودولو) و (الکونت پورتالیە) ئامادە بوون. دیار بوو کە (السر هنری) دەیەوێ وای پێشان بدا کە رازییە و دەیەوێ ئێمەش رازی بکاو گووتی: دەبێ لیژنەکە رێگە بە دەسەڵات بدا رێی پیشان بدا و سەرکردایەتی بکا و یاسای عیراقیش دەکرێ بەسەر هەر کەسێکدا جێبەجێ بکرێ کە هەوڵ دەدا بە قسە بێ یان نووسین یان ئاماژە، کارێ بکا ببێتە هۆی لێکردنەوەی پارچەیێك لە زەوییەکەی و لکاندنی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە، ئەو یاسایە سزای بەندکردنی بۆ ماوەیێکی زۆر لەم بارەوە داناوە. منیش وەڵامم دایەوە کە ئەم یاسایە دەرهەق بەو کەسانەی بیروڕای خۆیان بۆ ئێمە دەردەبڕین جێبەجێ ناکرێ و ئێمەش بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی لەلایەن کۆمەڵی گەلانەوە پێمان دراوە کاردەکەین، کە ماف بە هەموو مرۆڤێك دەدا بیروڕای خۆی دەربارەی ئەم کێشەیە دەربڕێ. هەتاکو ناکۆکی هەبێ و مابێ لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا سەبارەت بەم ویلایەتە.

(السر هنری) گووتی لێکۆڵینەوەکانمان بە شێوازێکی پۆلیسیانە ئەنجام داوە، منیش زۆر ئاسان بوو بەڵامەوە وەڵامی بدەمەوەو گوتم ئێمە ئەو شێوازەمان پەیڕەوکرد چونکە تاکە رێگەیێك بوو لە بەردەمماندا تاکو خۆمان لە خۆتێهەڵقورتاندنی پۆلیس و سەغڵەت کردنمان رزگارمان ببێ. ئەوەشمان روون کردەوە کە هەرکەسێ سەردانی جواد پاشای کردبوو گیرابوو، لەو رۆژەوە کە گەیشتووینەتە موسڵ ناڕەزایی لە دوای ناڕەزایی دەردەبڕین سەبارەت بەم (اجراءات)انە کە دژمان دەکرێ تاوای لێهات هەست بکەین کە ئیشەکان لە خراپەوە بۆ



خراپتر دەچێ و حکوومەتی عیراق بە هەموو شێوەو رێگاییێك کە بۆی بلوێ و لە بەردەستیدابێ تەگەرە دەخاتە رێی ئیشوکارەکانمان و دەست درێژی دەکاتە سەر بێ لایەنیمان. بۆیە بڕیارماندا ئەگەر دەسەڵاتی نێوخۆیی بەردەوام بێ لەسەر ئەم شێوازە کارەکانمان رابگرین و بە نامەش (جنێڤ) ئاگادار بکەینەوە. نوێنەری باڵاش زۆر چاك دەزانێ ئەگەر ئێمە ناچار کراین وابکەین ئەوسا هەڵوێست (موقف) و پلەوپایەی (مکانە) عیراق و بەریتانیا چۆن دێنە پێش چاو.

لێرەدا (السر هنری دوبس) پەنای بردە بەر تۆپە قورسەکەی و گووتی: پێناسەی ئێوەی ئەندامانی لیژنەکە، بە نەتەوە جیاوازەکانتان و ئارەزووە تایبەتییەکانتان وایکرد ئەرکەکەتان گران بێ، چونکە ئێوە لە نەتەوەی جیاجیا هەڵبژێردراون، یەکێکتان لە دەوڵەتێکی بێ لایەنەوەیە یەکێکی دیکەتان لە دەوڵەتانی ناوەندەوەیە (دول الاوسط) سێیەمتان لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانە، جا ئەگەر لیژنەکەتان بوو بە چەند بەشێکەوەو هەر بەشە و بە تەنیا لێکۆڵینەوەی خۆی بکا، ئەوسا ئێوە رێ بۆ لایەنداری یان تەرەفگیری (إنحیاز) خۆش دەکەن. یەکسەر وەڵامم دایەوە من وای بە پێویست دەزانم ئەوەی گووتی بە نووسین پێشکەشی بکا، چونکە ئێمە قسەی وای لێ قبووڵ ناکەین و ئینگلتەرەش ئەندامە لە کۆمەڵی گەلاندا و دەیتوانی لەسەر پێکهێنانی لیژنەکە قسە بکردایە و قبووڵی نەکردایە، جا کە سەرەتا رازی بووەو قبووڵی کردووە ئێستا ناتوانێ هیچ بکا، ئەگەر لە هەر روویێکەوە گومانتان هەیە بە نەریتی —سلبی— دەزانن باشتروایە ئاراستەی ئەنجوومەنی کۆمەڵی بکەن. ئێمە لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەوە ئەو ئەرکەمان پێ سپێردراوە و تەنها بەرامبەر بەو خۆمان بە لێپرسراو دەزانین نەك بەرامبەر هچ دەسەڵاتێکی دیکە. پاشان گووتم: ((ئەگەر جارێکی دیکە مەسەلەکە بەم جۆرە باس بکرێ ئەنجامی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە)). پاشان بە پێویستم زانی هەڕەشەی ئەوەش بکەم کە ئێمە و هەرسێکمان لە لیژنەکە دەکشێینەوە. کاریگەریی قسەکانم لەسەر نوێنەری باڵا زۆر توند بوو بەتایبەتی کە هەردوو هاوەڵەکەم بە تەواوی پشتگیریان کردم هەرچەندە من پێشتر رای ئەوانم وەرنەگرتبوو. لە بیرمە نووسەری ئینگلیزی (ت. ب. کاویل ایڤاتر T. B. Cowell Evans) کە سکرتێری تایبەتی وەزیری کشتوکاڵ بوو، لە کتێبەکەیدا (ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان لە مەیدانی کارکردندا ( The League Concil in Action) باسی ئەم قسە و گفتوگۆیەی کردبوو، هەروەها (السر أوستن چمبرلین) لە کتێبەکەیدا نووسیبووی کە ئەویش هاوڕایە لەگەڵ نووسەری ئەم دێرانە.

دەتوانم بڵێم دوای ئەم شەڕە قسەیە هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێمان لا چۆن، هەرچەندە هەندێ دەستدرێژیش لە ئەنجامی گیلی دەسەڵاتی عیراقییەوە کران. داوەتێکی شیوخواردنمان ڕێکخست کە هەندێ ئەفسەر و فەرمانبەری تێدا ئامادە بوون، منیش بە دوورو درێژی قسەم لەگەڵ (السر هنری) کرد و بە بیرم هێنایەوە کە ئەرکی ئەو وەك نوێنەری باڵا ئەوەیە کە دەبێ بێ لایەن بێ. واشی بۆ دەچم کە توانیبێتم بیروبۆچوونی خۆم بگەیێنمە ئامانج و بە شێوازێکی نەرم و بە نیازێکی پاك، بەڵام زۆر بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە (حازم) بۆیە شەرمەزاریی بە روونی پێوە دیاربوو.

دوای ئەم کۆبوونەوەیەمان من و هاوڕێکانم هەستمان کرد کە ئەوەی پێویست بوو بۆ پاراستنی پایەی خۆمان لای بەرامبەر کردمان، لە کاتێکدا ئەو دەیویست کار لە بێلایەنی ئێمە بکا و گاڵتە و سووکایەتیش بە کۆمەڵی گەلان.

بە تەواوی قسەکانم لەبیر نەماوە، بەڵام ئەوەی لە بیرمە ئەوەیە کە دوای ئەوە هەر هەوڵێك بۆ کارکردنە سەر بێلایەنیمان راوەستا و هەموو کۆسپ و تەگەرەکانیش کە ڕێی لێ دەگرتین لابران.

گفتوگۆکەمان ماوەییێکی زۆری خایاند، بەڕادەیەك کە کاتی ئەوەمان بەدەستەوە نەما خۆمان بگۆڕین و هەر بەو جلەی بەیانی لە بەرمان کردبوو پێشوازیمان لە میوانەکانمان کرد، ئەمەش مایەی سەرسووڕمانێکی گەورە بوو لای ئەوانەی داوەت کرابوون چونکە هەموویان بە پۆشاکی رەسمییەوە هاتبوون. پاشان هەواڵمان پێگەیشت کە لیژنەی بەرگری نیشتمانی کە لە راستیدا کۆمەڵە کەسێکی توندڕەو بوون، دەیانەوێ لە دژی ئێمە خۆپێشاندان ڕێك بخەن. منیش (مستر جاردین)م ئاگادارکردەوە و داواشم لێکرد رایگرێ چونکە ئەگەر روویدا دەبێتە هۆی بێزاری توندی ئێمە، ئەویش بە پەلە بە دەنگ داواکارییەکەمانەوە هات و ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوەبوو کەوا بەشێوەییەکی سەرنجڕاکێش نەرم بووە لە هەڵوێستەکانیدا.


بە پێچەوانەی ویستی (السر هنری) و (جاردین) خۆمان بۆ سەفەر ئامادەکرد، بەڵام پێش ئەوەی سەفەر بکەین شێخی هۆزەکانی شەممەر (عجیل) سەردانی کردین، پیاوێکی زۆر ڕێك و پێك و رەواڵەتێکی سەرنجڕاکێش و توانایەکی باشی دەربڕین کە وای لە من کرد گوێ گرتن لە زمانی عەرەبی مایەی چێژێکی راستەقینە بێ لام، بەمجۆرە ئەو پیاوەم دی، بەڵام بۆچوونیشم سەبارەت بەو وابوو کە جێی بڕوا نییە. گووتی هۆزەکەی کە لە ناوچەییێکی فراواندا بڵاوەو کێشەییێکی زۆری تووش بووە بە هۆی سەرماوەو لە ٨٠٪ حوشترەکانیان




مردار بوونەتەوە لەگەڵ ژمارەییێکی زۆری مەڕ کە هۆزەکەی هەیەتی. شوێنی و نیشتەجێ بوونی هۆزەکەی دەکەوێتە باشووری موسڵ و لە رۆخی فوراتدا بڵاوبوونەتەوەو پێش جەنگ تا ماوەییێکی دوور بەرەو باکوور دەڕۆیشتن، بەڵام ئێستا تەنها لە ناوچەی ویلایەتی موسڵ دەسووڕێنەوەو بازرگانییەکی فراوانی مەڕ لەگەڵ سووریادا دەکەن و تەنانەت لەگەڵ میسریشدا بازرگانی بە حوشترەوە دەکەن.

شێخ لە سەرەتادا لایەنگری تورك بوو، بەڵام لە دواییدا بایدایەوە بەرەو لایەکەی دیکە، بەڵام ئەو دەیگووت موسڵ نابێ بدرێ نە بە عیراقییەکان و نە بە تورکەکان بەڵکو دەبێ بدرێ بە عەرەب چونکە وڵاتی ئەوانە.

بۆ ئێوارە جانتاکانمان ئامادە کرد و بڕیارماندا موسڵ بەجێ بهێڵین بەو هیوایەی خەڵکەکە لەو ماوەیەی ئێمە لەوێ نابین هێور دەبنەوە. منیش وەك سەرۆکی لیژنە بڕیارمدا لەگەڵ هەردوو نوێنەری تورك و بەریتانی جواد پاشا و (جاردین) و سکرتێری یەکەم (رودولو) لە موسڵ بمێنمەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە لێکۆڵینەوەکانمدا لە ناوچەکانی نزیك شار و دواییش لە کەرکووك کۆببینەوەو لەوێشەوە بچینە سلێمانی. بڕیاردرا (کونت تیلیکی) لەگەڵ یەکێك لە یاریدەدەرەکان و وەرگێڕێك بچێتە هەولێر (اربیلای کۆن) کە دەکەوێتە نزیك (میدان)ی گۆڕەپانی ئەو شەڕەی ئەسکەندەر تیایدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر داریۆشدا لە شوێنی (گوگمیلە)دا بە دەست هێنا. هەروەها بڕیاردرا (پاولس) بچێتە کەرکووك و لەوێ بەردەوام بێ لە لێکۆڵینەوەکانیدا و دوو پیاویش رەوانەی کفری بکا. کەرکووك شارێکە چەندین ڕێگەی گرنگی لە باشوورەوە لە نێوان هەولێر و موسڵ، پێدا دەڕوا. بڕیارماندا لە ٢٥/ی شوبات لە کەرکووك کۆببینەوەو لەوێشەوە بچینە سلێمانی.



مەلا ئەفەندی و عیزەدینی کوڕی لە ناوەڕاستداو لە نێوان ئەو و ڤریسینا وەستاوە



راهیبێکی کلدانی (ڤریسن ڕێتکەی گرتوە)



**لێکۆڵینەوەکانمان لە ناوچەی مووسڵ**

**شەیتان پەرستەکان(*)**

لە گەشتەکانماندا بۆ ناوچە جیاجیاکانی موسڵ بۆمان دەرکەوت کە داواکارییەکانمان سەبارەت بە کەمکردنی چاودێری پۆلیس لەسەرمان جێبەجێ کراوەو ئەو کێشەو تەگەرانەی پێشتر تووشمان دەهات راگیراوە. جارێکیان ئەفسەرێکی بەریتانی هەوڵیدا جاسووسێکمان لە سەردابنێ بە ناوی چێشتکەر، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت، ئەفسەرێکی دیکە هەوڵیدا رێمان لێبگرێ لەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ جاسووسێك بکەین کە پۆلیس بوو و ناوی خۆی گۆڕیبوو، بەڵام ئەویش نائومێد بوو سەرنەکەوت.

بەڵام بە شێوەیێکی گشتی پێویستە سوپاسی دەسەڵاتی بەریتانی بکەین لەبەر ئەوەی بە باشی رەفتاریان لەگەڵدا کردین و لەبەر نەرمی هەڵوێستیشیان، هەروەها دەبێ سوپاسی دەسەڵاتی عیراقیش بکەین لەبەر ئەوەی دوای هەوڵ و (ضغط)ی بەریتانییەکان هەڵوێستی خۆیان گۆڕی. وەك گووتم من لە موسڵ مامەوە بۆ ئەوەی بچم بۆ هەندێ ناوچە کە تا ئێستا لە بیرمدا ماون بە هۆی ئەو رووداوە ئەنتیکانەی روویاندا تیایاندا.

شاری تەلەعفەر نزیکەی لە سەد کیلۆمەتر کەمتر لە رۆژئاوای موسڵەوە دوورە، زۆربەی دانیشتووانی شارەکە تورکن و سەر بە تورکیان، کاتێ کە چووینە ناوشار خۆپێشاندانێك بەرەو رووومان هات کە بۆ بەرژەوەندیی تورکیا رێکخرابوو و بەدواماندا هاتن بە (هتاف) کێشان و هاواری رێکخراوی (منظم) لەسەر یەك. کە چوومە لای قایمقام هەرا و هاواری خۆپێشاندەران بەرزبووەوەو دژ بە دەسەڵات.

لە قایمقامم پرسی ئەوە (هتاف)ی چی دەکێشن؟ وەڵامی دامەوەو گووتی دەڵێن ((بژی مەلیك فەیسەڵ)). منیش لە وەڵامەکەی سەرم سووڕما، چونکە سیمای خەڵکەکە شتی دیکەی

(*) ئەمە ئەو بەیت و بالوورەیەیە کە ناحەزانی گەلی کورد دوای برا ئێزدییە کوردەکانی دەخەن، دەنا ئێزدییەکان پێش ئایینە ئاسمانییەکان بڕوایان بە خوا هەبووەو خوایان پەرستووە نەك شەیتان. هەقیش وابوو مامۆستا (جرجیس فتح الله) ئاوازی ناحەزانی کوردی نەژەندایە و ئەو دەستەواژەیەی راست بکردایەتەوە.
وەرگێڕی کوردی/ حەسەن جاف.

تێدا دەبینرا، بۆیە یەکسەر لە وەرگێڕەکەمانم دەربارەی (هتاف)ی خۆپێشاندەران پرسی گووتی هاوار دەکەن بژی مستەفا کەمال، بژی پاڵەوانی ئیسلام.

وەرگێڕانی دوایی بێگومان راست بوو، چونکە ئەنجامی راپرسییەکە دەریخست کە زۆربەیان بۆ بەرژەوەندی تورکیا دەنگیان دابوو. شارەکە وەك مێرگێك دەهاتە بەرچاو کە لە بیابانێکی عەرەبیدا بێ، کاتی خۆی دروست کرابوو بۆ ئەوەی ببێ بە بنکەیێکی سەربازی لەسەر رێگەی سوپا کە تا هەولێر و کەرکووك لە رۆژهەڵاتی دیجلە دەکشا. زۆربەی دانیشتوانیشی نەوەی تورکە کۆچەرەکانن کە هەمیشە دڵسۆزی تورکیا بوون.

بۆ ماوەییێکی دوورتر لە رۆژئاوای موسڵ بە زیاتر لە سەد کیلۆمەتر چیای شەنگارە کە مەڵبەندی (شەیتان پەرستەکانە!!). لیژنەکە سەردانی شارە سەرەکییەکەی ئەم (شەیتان پەرستانەی!!)) لە شێخ ئادی کردبوو و لەوێ هەلی زیاترمان بۆ رەخسا بۆ ئەوەی لەم تایەفە سەرنجڕاکێشە بکۆڵینەوە.

پاشان سەردانی ((ئاکرێ)) یان ((عقرة))م کرد کە بە عەرەبی وای پێدەگوترێ. شارێکی جوانە و دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی موسڵ و ماوەیێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی زێی گەورەوە دوورە، لەم سەردانەمدا دە پۆلیسی عیراقیم لەگەڵدا بوو. کە چووینە گۆڕەپانی ئاکرێ بۆم روون بووەوە هاتوومەتە شارێکی جوان کە دیمەنێکی سیحراویی هەیە و لەسەر بەرزاییەکی جوان بنیات نراوە. ماڵەکانی لە شێوەی یەك لەسەر یەك (مدرجات) دروست کراون بە شێوەیەك کە سەربانی ماڵێکی نزمی دەبێتە رێگەییێك بۆ ماڵێکی بەرزتر و بەم جۆرە.. لە گۆڕەپانەکەدا نزیکەی دووسەد و پەنجا پیاوم دیت کە هەر لە چەتە دەچوون. زۆربەیان دوو تفەنگی بەدەستەوە بوو و هەندێکیشیان یەکێکی دیکەی چەکداری لەگەڵدا بوون، بە تەواوی هەموو گۆڕەپانەکەیان پڕکردبوو.

پۆلیسە پاسەوانەکانی من خۆیان لەژێر زەمینێکدا (سرداب) شاردەوە، ئیتر نازانم دیمەنی ئەو چەتانە بوو یان فەرمانیان پێکرابوو کە کاریان بەسەر کەسەوە نەبێ کاتێ کە ئێمە لێکۆڵینەوە لەگەڵ خەڵکەکەدا دەکەین وەك پێشتر داوامان کردبوو. بەڵام من بەلامەوە سەیر نابێ ئەگەر لە ترسا خۆیان شاردبێتەوە. بۆ چەند رۆژێ خۆیان شاردەوە تا خۆم ئامادەکرد بۆ ئەوەی بگەرێمەوە ئیتر ئەوانیش خۆیان دەرخست.

من لە ماڵی قایمقام بووم کە رێزی زۆری والێکرد شوێنێکم بۆ ئامادە بکاك کە بە هەردوو رەنگی ئاڵای سویدی داپۆشرابوو هەروەها ژوورێکی (توالێت)ی بۆ ئامادەکردم لەسەر شێوەی (کوخ)ێکی بچووك و ئەویشی بە هەردوو رەنگی ئاڵای سویدی داپۆشیبوو.



وەرگێڕەکەم قەشەییێکی کلدانی بوو، پیاوێکی زیرەك و هۆشیار و قسە خۆش بوو. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەگەڵ ئەو چەتانەدا ئەنجامدا شتی زۆر خۆشی تێدابوو. زۆر بەرێز بوون و لە بەردەم مندا بە رێزەوە رادەوەستان، بەڵام کە قسەم لەگەڵدا دەکردن تەبیعەتەکەیان (مزاج) زاڵ دەبوو دەردەکەوت لە یەکێکیانم پرسی کە بەراستی دەم و چاوی لە هی چەتە دەچوو.

- کێت پێ باشە؟ تورکیا یان عیراق؟

زۆر بە راشکاوانە گووتی:

- من پێم باشە هەر حکوومەت نەبێ، چونکە هەموو حکوومەتێ هەمان خوی خراپی هەیە کە دەست وەردانە لە کاروباری تایبەتی من.

بێگومان مەبەستی ئەوەبوو کە حکوومەت لە سەرچاوەی داهاتی بێ بەشی دەکات، ئەو داهاتەی پشت بە راو رووت دەبەستێ.

لە یەکێکی دیکەم پرسی کام لەو دوو دەوڵەتەی پێ باشە یەکسەر بە پرسیار وەڵامی دامەوە.

- عەلی بۆ کامیان دەنگی دا.

منیش پێم گووت ناتوانم پێی بڵێم عەلی بۆ کێ دەنگی داوە چونکە ئەرکی ئێمە پاراستنی نهێنی تەواوە بەڵام لێم پرسی بۆچی لە رای عەلی دەپرسێ ئەویش گووتی:

- چونکە من دەمەوێ دەنگ لە دژی ئەوەی ئەو دەیەوێ بدەم.

ئەمە بوو شێواز و رێگەی ئەو کابرایە بۆ چارەسەکردنی ئەم مەسەلە نیشتمانییە گەورەیە[١٧].

(١٧) (کونت تیلیکی) تووشی (مفاجأه)یەکی لەو جۆرە بوو کاتێ لە شەقڵاوە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو. لەگەڵ (کاپتن لاین)ی ئەفسەری سیاسی لە هەولێر لە کاتی گەیشتنی لیژنەکە چووبووە شەقڵاوەو لەوێ لەگەڵ قادر بەگ میران سەرۆکی باڵای هۆزەکانی خۆشناو دانیشتبوون. ئەم بڕگەیە لە یادداشتەکانی (لاین)دا سەبارەت بەو چاوپێککەوتنە نووسراوە:

((تیلیکی زۆری هەوڵدا گرنگی هاتنی ئەوان بۆ قادر بەگ روون بکاتەوەو چەندیش گرنگە پێش ئەوەی داوا لەو و لە ئامادەبووان بکا بە نهێنی دەنگ بدەن. مەبەستیشی لەوە ئەوەبوو کە ئەوان تێبگەن هاتنی ئەمان وەك نوێنەری یەك دەوڵەت نییە بەڵکو نوێنەری پەنجا و دوو دەوڵەتی ئەندامی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییەن. قادر بەگ گوێی لێگرتبوو تا تیلیکی لە قسەکانی ببووەوە، پاشان سەرۆکی باڵای خۆشناو ئەم پرسیارە ئاسانەی لێکردبوو ((تیلیکی چەند تفەنگ دەتوانێ دابین بکات بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی؟)).

بێگومان تیلیکی نەیدەتوانی وەڵامێکی ئاسانی ئەو پرسیارە ئاسانە بداتەوە چونکە کۆمەڵی گەلان تفەنگی نییە. بۆیە تیلیکی نەیدەتوانی وەڵامێکی روون بداتەوەو لەوەش دەچێ بەو پرسیارە ناکاوە شڵەژابێ. بەڵام پاش

ئەم گەشتەم لە هەموو ئەو گەشتانەی کردم درێژتر بوو، چونکە گەشتەکانی دیکەم لە موسڵەوە نزیك بوون.

زۆر زەحمەت بوو بیرۆکەیێکی روون سەبارەت بە ویستی دانیشتووان پێك بهێنین چونکە لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە و بە پێی بەرژەوەندی خاوەن موڵکەکان دەگۆڕا.

لە کۆتایی مانگی شوباتدا چاوم بە ئەندامانی دیکەی لیژنەکە کەوت لە کەرکووك کە بە ماوەیێکی دوور دەکەوێتە رۆژهەلاتی ئاوەڕۆی دیجلە و نزیك دوو رێیانی سلێمانی و ئێران. هاوڕێکانم لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە هەولێر، کە من لە رێی گەڕانەوەمدا سەرم لێی دابوو، ئەنجام دابوو هەروەها لە کەرکووکیش. بەلام نەخۆشییە کتوپڕ و مەترسیدارەکەی تیلیکی ناچاری کردبوون بە فڕۆکە بیگەیێننە بەغدا، چونکە تووشی وەستانی گورچیلە ببوو و تا مانگی ئازاریش بە دەست ئەو نەخۆشییەوە دەتلایەوە.

لە نیوەی رێ لە نێوان هەولێر و کەرکووك شاری پردێ هەیە و زۆربەشیان لایەنگری تورکیان هەروەها یەکێکیشە لە بنکەکانی سوپای تورکی، هەمان شتیشمان لە کەرکووك هەست پێکرد، بەلام لە هەولێر کەمتر دیاربوو.

ماوەییێك هاتەوە سەرخۆی دەستی کرد بە قسەکردن بۆ سەرەك هۆزە کوردەکە و قورسایی رای گشتی و دەسەلاتی ئەدەبی رەهای کۆمەڵەی بۆ روونکردەوە شێخ زۆر بە رێزەوە گوێ بۆ روونکردنەوەکان شل کردبوو، بەلام دیاریش بو کە قەناعەتی پێیان نییە و گووتی:

- لەم ولاتەدا ئێمە بە تفەنگ شت دەژمێرین، بەبێ تفەنگ کەس ناتوانێ مافی خۆی پیادە بکات. بەم قسانە وەك بلێیت (غەیبی) زانیبێ چونکە دوای دوانزە ساڵ راستی قسەکانی قادر بەگ هاتە دی لە هەڵوێستی کۆمەڵی گەلان سەبارەت بە هێرش کردن و داگیرکردنی حەبەشە.

{یادداشتەکان: (دالاس)ی کوڕ: لە عیراق ۱۹۱۸-۱۹٤٤ کورد و عەرەب و بەریتانی Kurd Arabs and Britons}

(the memoirs of Wallace lyon in Iraq 1918-1944) چاپی لەندەن ل۱٥۰-۱٥۱ ساڵی ۲۰۰۲ لەوە دەچێ (ڤرسین) ۰-إنطباع-ێکی باشی لای (لاین) بەجێ نەهێشتبێ بەڵکو (إنطباع)ەکەی تا ئەو پەڕی خراپی بووە. پێ گوتبوو ((کابرایەکی لە خۆبایی وشکی ناپەسەندەو خاوەن ئەو جۆرە تەبیعەتە خراپەیە ئەڵمانەکان پێی ناسراون. ناشزانم بۆچی ئەمیان هەڵبژارد بۆ ئەم کارە. چونکە هەرچی چەنێ خاوەن بەهرەیان توانابێ، کەسێکی ئاسایی ناتوانێ هەستی پێ بکا. زۆر گرانیشە مرۆڤ بیربکاتەوە لەوەی ئایا ولاتی سوید نەیدەتوانی کەسێکی لەم باشتر بێنێتە بەرهەم)) (ل١٤٥ هەمان سەرچاوە).



رەگەزی کورد کاریگەرییەکی دیاری هەیە و کوردەکانیش نەیاندەویست جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ تورکیا. لەم کەسایەتییە دیارانەی (پاولس)ی هاوڕێم قسەی لەگەڵدا کرد، جەنەراڵی پێشووی سوپای تورکیا (عزت پاشا) کە ئێستا بووە بە هاولاتییەکی عیراقی و وەزیریش[۱۸]، بەلام لە ئەنجامی ناکۆکییەك لەگەڵ مەلیك فەیسەڵ دەستی لەکار کێشابووەوە. جەنەراڵ ئاماژەی بەوەدا کە بەشەکانی باشووری عیراق بەجۆرێ لە جۆرەکان پەیوەندییان لەگەڵ بەغدادا هەیە و لەوانەشە دابڕانیان هەڵە بێ، هەرچەندە بۆ خۆی دۆستی تورکان بوو، بەلام پێی باش بوو ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عیراق.


(عزت پاشا) پیاوێکی پایەبەرز بوو، ئێمە سەرنجماندا کە هەردوو نوێنەری عیراقی و تورکی لە وەفدەکەمان کە خواحافزیان لێدەکرد دەستیان ماچ دەکرد وەك بەڵگەییێك بۆ رێزێکی گەورە بۆ کەسایەتی ئەو. قسەکانی (عزت پاشا)م لە کتێبی گەورەی یادداشتەکان کە (پاولس) نوسیبووی و من دانەییێکم لێی هەیە خوێندەوە، دەگمەنە کەسێکی دیکە هەبێ بەو قووڵی و روونییە، بڕواشم وایە کە قسەکانی کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر (پاولس) تاکو لە بارودۆخەکە تێبگا، بەلام بڕیارەکەی لەسەر ئەو کایگەرییەی بیۆەژنە ئەرمەنییەکان لە دەروونیدا دروستیان کردبوو توانیبوویان چاویان پێی بکەوێ، بنیات نرابوو.

ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو بچینە سلێمانی، ئەو شارەی دەکەوێتە ئەوپەڕی رۆژهەلات نزیك سنووری ئێران یان ولاتی فارس وەك ئەوسا پێی دەگوترا کە خۆمان ئامادە دەکرد بۆ سەفەر نوێنەری تورك جواد پاشا پێی گوتم:

- کە دەگەینە سلێمانی تورکەکان پارێزگاری لیژنەکە دەگرنە ئەستۆ، من لەوێ واهەست دەکەم دەڵێی لە ماڵی خۆمدام.

شارەکە مەڵبەندی شێخ مەحموود بوو کە شۆڕشی دژی عیراق هەڵگیرساندبوو وەك گوتبووشم زاوای (صهر) فەتاح بەگ بوو.

(۱۸) وەزیری ئەشغال و گەیاندن (الاشغال و المواصلات) بوو، لە سالانی ۱۹۲۱ و ۱۹۲۲ پاشان بە فەرمانی فەیسەڵ دەستی لەکار کێشایەوەو لەوانەشە لەگەڵیدا ناکۆك بووبێ.



شاری پردێ
(ڤیرسین وێنەکەی گرتووە)



دوای قسەکەی جواد پاشا بە ماوەییێکی کەم نامەییێکم لە کوردەکانی سلێمانییەوە پێگەیشت داوایان لێمان دەکرد کە ڕێیان بدەین ئەو تورکانەی لەگەڵماندان بکوژن، مەبەستم ئەوەیە کە ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی قسەکانی جواد پاشا بوو کە دەیگووت ئەوان لایەنگری تورکن.

بێگومان وەڵامی ئێمە ئەوە بوو کە کۆمەڵی گەلان ناکرێ بەوە رازی بێ هیچ کەسێ لەوانەی لەگەڵی کاردەکەن تووشی هیچ دەستدرێژییەك بێ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. ئیتر وەڵامیان داینەوە کە لەوە تێدەگەن و ڕێزی ئەو بڕیارە دەگرن، بەڵام داوایان کرد هەر هیچ نەبێ ڕێیان بدەین ئەگەر بۆ ماوەی دوو دەقیقەش بێ نوقمی بیرێکیان بکەین. ئەم داواکارییەشمان قبووڵ نەکرد[١٩] بەڵام قەت تورکەکان نەیاندەوێرا بە تەنیا دەربچنە دەرەوەو هەر لەگەڵ ئێمەدا بوون لەکاتی سووڕانەوەماندا.

مانەوەمان لە سلێمانی خۆش و بە کەڵك بوو و توانیمان راییێکی باش (انطباع) لای خۆمان دروست بکەین سەبارەت بە عەقڵ و ڕەوشتی نوێی کوردان. لە کاتێکدا کوردەکانی باکوور وەها هاتنە پێش چاومان کە چەتەن و لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان زیاتر چی دیکەیان مەبەست نییە، کەچی لە سلێمانی هەوڵی وریابوونەوەی ئایندەی کوردمان بینی کەخریکە بێتە بەر. ئەو کوردانەی لێکۆڵینەوەمان لەگەڵیان کرد کە زۆربەیان لە سەرکردەکان بوون دژی چوونە پاڵی تورکیا بوون و داوای ئەوەیان دەکرد لەگەڵ عیراقدا بژین، بەڵام بە چەند مەرجێ، نەك تەنها هەر خوێندن بە زمانی کوردی بێ لە پەیمانگاو قوتابخانەکاندا، بەڵکو دەبێ ئیدارە کوردی بێت و فەرمانبەرەکانیشی کوردبن. بەڕاستی زۆر خۆش بوو قسە لەگەڵ ئەم پیاوە تێگەیشتووانەدا بکرێ کە هەڵوێستیان کەوتبووە ژێر کاریگەریی بزاڤە رزگاریخوازییەکان کە چالاك بوون لە جیهانی ئیسلامیدا.

پێش ئەوەی بچین بۆ سلێمانی ئاگاداریان کردین کە وریا بین لە شێخ مەحموود و چەتەکانی کە خەریکی ڕاو و ڕووت و دزین بۆیە بە درێژایی ڕێگا زرێپۆشمان لەگەڵدا بوو و لە کاتی گەڕانەوەشماندا کۆمەڵێ سوارە پارێزگارییان دەکردین.

(١٩) (ڤیرسن) نەیدەزانی کە خەڵکی سلێمانی بە گاڵتە و گەپ بە ناوبانگن، ئەمەشیان هەر بۆ گاڵتە و پێکەنین بوو، بەڵام لەوە دەچێ ئەو وایزانیبێ ڕاستە وەك لە قسەکانییەوە دەردەکەوێ.

یەك شەو لە هەولێر ماینەوە. ئەو شارە دەکەوێتە سەر گردێکی خڕ و هەروەکو گەوهەرێك دیارە کە دەوروبەری خۆی دەڕازێنێتەوە، بەڵام بیناکانی لە ناوەوە لەسەر شێوەی کۆن دروست کرابوون.

لە سەرەتای ئازار چووینەوە موسڵ و دەبایە لێکۆڵینەوەکانمان تەواو بکەین بە سەردانی هەندێ شارۆچکە و (قصبات) لە باکوور. یەکێك لە سەردانەکانمان تەرخانکرد بۆ ئێزدییەکان کە پێشتر پێمان گوتبوون ((شەیتان پەرست!!)) و ژمارەیان لە سی هەزار کەس زیاتر نابێ ولاتەکەیان دەکەوێتە رۆژئاوا و باکووری موسڵ، بنەچە و مێژوویان زۆر نادیار و شێواوەو لە رووی رەگەزەوە کوردن و زمانەکەشیان کوردییە، ئەمەش گومانی تێدانییە. بۆ خۆیان دەڵێن کە کۆنترین گەلن لەسەر رووی زەوی و دەربارەی ئەسڵی ناوەکەشیان زۆر تیۆر هەیە لەوانە گوایە لە وشەی (یزدان)ەوە وەرگیراوە کە ناوی مەزنترین خواوەندیانە، لە رووی ئایین و تەنەوە (دیناً و جسمانیاً) جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو دوایی کوردەکان بەتایبەتی سەرکردەکانیان ئێزدییەکان بۆ چەند سەدەیێك بە تەواوی لە جیهانی دەرەوە دابڕابوون و رێگەشیان نەدەدا هیچ کەسێ بێتە سەر ئایینەکەیان و نەشیان دەهێشت خوێنیان تێکەڵ خوێنی خەڵکی دیکە بێ. ئەوان لە شەش چین پێکهاتوون. میرەکەیان بۆی هەیە لە هەموو چینەکان ژن بهێنێ و هەرچەندی ژنی بوێ دەتوانێ هەیبێ، سەیرەکەش لەوەدایە کە ئایینەکەیان تووشی چەوساندنەوەو قەسابخانەی (مجازر) ترسناکی دەکردن و ئەوانیش وەك پاڵەوان لە پێناو ئایینەکەیاندا دەمردن. کەس نەیتوانیووە بگاتە راستی بڕوای ئەوان یان شتی زۆری دەربارە بزانێ. لە فارسەکان مەبدەئی ململانێ خێرو شەڕیان وەرگرتووەو لەوانەشە هەر لەوانەوە بڕوای (التناسخ) یان وەرگرتبێ، رەنگە خوی سەربڕینی گایێکی سپی هەموو ساڵێ لە ئایینی (میثرائی)یەوە وەریان گرتبێ. رێزی تەورات و ئینجیل و قورئان دەگرن هەروەها مەسیح و (صلیب) و دەڵێن کە سەرچاوەی ئاوی پیرۆز کە لە پەرستگای خۆرەوە هەڵدەقوڵێ هەر ئەو ئاوی زەمزەمەیە کە لە مەککە دایە و هەمان ناویشی لێدەنێن. بڕواشیان وایە کە ئاوی بیرەکەی مەککە بە ((معجزە)) یەك هاتووەو گەیشتووەتە لای ئەوان. لە پەرستگاکەیاندا وێنەی خۆر و مانگ و ئەستێرە هەیە و لەسەر دەرگای پەرستگاکەدا وێنەی مارێکی رەش هەیە. رێزی ئاگر دەگرن (تقدیس) و بۆ هەندێ دار بەتایبەتی دار هەنجیر دۆعا دەخوێنن (إبتهالات) و دیوار و بەردی ئەو شوێنانە ماچ دەکەن کە یەکەم تیشکی خۆری بەردەکەوێ لە کاتی خۆرهەڵهاتن. ئەوەی من



لێرەدا باسم کردووە پەیوەندییان هەیە بە کاریگەری یان رەگەزە دەرەکییەکان —العناصر الخارجیە— کە هاتوونەتە سەر ئایینەکەیان یان کاریان تێکردووە، بەڵام رەگەزە بنەڕەتییەکان —العناصر الاصلیە— ئەمانەن: ئێزدییەکان بڕوایان بە خوایێکی مەزن هەیە کە یەزدانە ئەویش زۆر دوورە و لە چینە بەرزەکانی ئاسماندا جێگیر بووە، هەر بۆ ئەو خوایەش راستەوخۆ نوێژدەکەن و ئەویش کاری بەسەر ئەوەوە نییە کە لەسەر زەوی روودەدا و مەبەستیشی نییە، حەوت مەلائیکەی هەیە (طاووس ملك) یەکێکە لەوانە و لە هەمووشیان بەهێزترەو (شیطان-شەیتان-)ی پێ دەگوترێ دوای ئەو ((ملك عیسی)) یان ((عیسای مەسیح))دێت. لە رێی —خلال— (ملك طاووس)ەوە خوا جیهانی دروست کرد و بۆ ماوەی دە هەزار ساڵ داویەتی بەو، ئێستا شەشی رۆیشتووە چواری ماوە. ((ملك طاووس)) لە شێوەی تاوسێکی برونزی (طاووس برونزی) بەرجەستە دەکرێ و چەند دانەیێکیشیان لێی هەیە. کەسانی چینی چوارەم لە ئێزدییەکان هەڵی دەگرن و لەم دێ بۆ ئەو دێی دەبەن و پیشانی ئێزدییەکانی دەدەن بۆ ئەوەی ئەوانیش دۆعا و نوێژی بۆ بکەن و لە چەند حاڵەتێکیشدا هەر لە کەڵەشێر دەچێ و بە شێوەیەکی زۆر سەرەتاییانەی ناهونەریانە دروست کراوە. لای ئەوان ناوهێنان یان گوێ گرتن لە وشەی (شەیتان) حەرامە، تەنانەت ئەگەر لە چەند بڕگەیێکیشی بێ، ئەو ئێزدیەی گوێی لە کەسێك دەبێ ئەو وشەیە دەڵێ دەبێ بیکوژێ و پاشان خۆیشی بکوژێ. حەرامە ئێزیدی جلی شین لەبەر بکا، بنەمای ئایینەکەیان ئەوەیە کە دۆعا بۆ شەیتان بکرێ، ئەوانەی کە سەرپەرشتی پەیکەری —هیکل— شێخ ئادی دەکەن دەڵێن باشتروایە نوێژ بۆ هێزی شەڕ بکەیت بۆ ئەوەی خۆتی لێ بپارێزی، نەك خوای خێر کە هەر خێری لێ دەوەشێتەوەو خراپە ناکا. تایبەتمەندی ئایینەکەیان و تەقسە نهێنییەکانی تووشی کێشەی زۆری دەکردن بەتایبەتی لە کاتی خزمەتی سەربازیدا، بۆیە لە روسیا کە ژمارەیەك —جالیە— ئێزیدی تێدا دەژی سەربازییان پێ نەدەکردن.



**کاروانی لیژنەکە بەرەو سلێمانی (لە ڤیرسینەوە)**



بەڵام لە تورکیا ئەم بەخشینەیان بەرنەدەکەوت چونکە تورکەکان ئایینی ئێزیدییان بە یەکێ لە مەزهەبەکانی ئیسلام دادەنا، بەڵام تووشی شێواندن بووە. لە رابوودودا ژمارەیان زۆر بوو، بەڵام کوشتن و راونان و هێرش کردنە سەریان وای لێکردن کەم ببنەوە.

لیژنەکە تەماشای کرد کە تەنها نەخشەیێك دابەشبوونی جوگرافی هۆزەکانی ئێزیدی روون دەکاتەوە، کە لە ناوچەیێکی فراواندا بڵاوبوونەتەوە لە باکووری وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە، ئەو نەخشەیەیە کە ئەکادیمیەی فرەنسی لە ساڵی ١٧٦٥دا کێشاویانە. شوێنەکانیشیان بە ناوی وڵاتی مەجوس دیاری کردبوو (Le Pays des Mages) مـن جارێکیان بە تەنیا سەردانی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێزدییەکانم کرد، پاشان لیژنەکە هەموویان سەردانیان کردن و هەر هەمووشیان لە شوێنە پیرۆزەکەی (المكان المقدس) باکووری موسڵ کۆبوونەوە.

لەکاتی سەردانەکەماندا کۆمەڵێ سوارەمان بینی کە بۆ پێشوازیی نێردرابوون، ئەو سوارانە پیاوەکانی میرەکەیان بوون، کە گەنجێکی جوان و دەم و چاو ریشن بوو تەمەنی هەر بیست و پێنج ساڵێك دەبوو، یاوەرەکانی ریشێکی درێژیان هەبوو کە هەر لە (هیولات)ی جیهانی گیانەوەر یان دەکرد بەڵام بە دەم و چاوی بەشەرییەوە کە هەر لە دەم و چاوی پەیکەرەکانی ئاشوورییان دەکرد. میر عەباییێکی رەشی لە خۆ ئاڵاندبوو و لە ژێریشەوە جل و بەرگە سپییەکانی ئێزدییەکانی لەبەردابوو. سوارەکان بەسەر ئەسپەکانیانەوە گەلێ یاریی لاوچاکییان کرد و زۆریشی سەرکەوتنیان تێدا بەدەست هێنا، ئەو چالاکییەیان هەر لە چالاکی سوارچاکانی باکووری ئەفریقیای دەکرد کە ناوبانگیان پێ دەرکردبوو.

ریزێك لە مێرد منداڵانی دیدەوانی (صبيان الكشافة) لە پێشوازیماندا بوون لەبەر دەرگای[٢٠] میر ریزببوون و چووینە ژووری پێشوازی لە نهۆمی یەکەم چونکە نهۆمی خوارەوە (زەوی) تەرخانکرابوو بۆ ئەسپەکان (اسطبل) بوو. بە یاریدەی وەرگێڕێکەوە قسەمان کرد و چەند جارێکیش چوونە دەرەوەی میر و گەڕانەوەی بۆ ماوەیەکی کەم قسەکانی پێ دەبڕین. هۆی ئەم چوونە دەرەوەو هاتنەوەی ئەوە بوو کە تازە و پێش یەك هەفتە ژنی پێنجەمی هێنابوو و دەچووە لای و دڵداریی لەگەڵدا دەکرد (مغازله)، گوتیشیان چوونە دەرەوەی بۆ ئەوە بوو قومێ عارەق بخواتەوە چونکە دەڵێن (مدمن) بوو و ئەمەشمان لەو ماندویەتییەی بەدەم و چاوییەوە دیار بوو بۆ روون بووەوە. پاش تۆزێك چووینە (مەرقەدی موقەددەس-المرقد المقدس-) کە تەنها (کاهن) و ئەوانەی خزمەتی دەکەن تیایدا دەژین و ساڵانە

(٢٠) پێدەچێ ڤیرسین لێرە لێی تێکچووبێ، ئەو ریزە (کشافە)یەی ئەو باس دەکا لە ((القوش)) لە پێشوازیاندا بوون نەك لە (باعزرا).

ئێزدییەکان سەردانی دەکەن بە مەبەستی (حەج) و دیاریی پێشکەش دەکەن لە پارە و قوربانی. گایە سپییەکەش بە چەقوییێکی تایبەت سەردەبڕدرێ و گۆشتەکەشی دەفرۆشرێ بە حاجییەکان. گۆڕەپانی مەرقەدەکە هەفتەی جارێ رووناك دەکرێتەوە بە چرایەك کە بە رۆنی زەیتون دادەگیرسێ. لە دیوی دەرەوە مەرقەدەکە زۆر جوان و دڵگیربوو، بە کانی ئاوی بە خوڕ و رێڕەو و گۆڕەپانە بچووکەکەی کە بەردڕێژ کرابوو، هەروەها بە دارمیوەکانی کە لەو وەرزی ساڵەدا گەییبوون. پیاوەکان جلی کوردییان لەبەردابوو کە لەو ناوچەیەدا باوەو هەریەکەو خەنجەرێکی دەسك زیوین بە پشتوێنەکانیانەوە بوو، هەر لە خەنجەری چەتەکانی (ئاکرێ)ی دەکرد.

لە یەکێکیان داوام کرد دانەییێکم بۆ بێنێ و یەکسەر لەو کاتەی بەڵێنیدابوو بیهێنێ بۆی هێنام.

ژنەکانیان جلی سپی لەبەردەکەن و بەو جلانەوە هەر لە جلی (راهبات الكرمليات) دەکەن.

زانیمان کە میر پیاوێکی کاری سەرکەوتووە (رجل أعمال) و مەیدانی بازرگانییەکەی تەقسە ئایینییە تایبەتەکانە. کانییەکە و چەقۆی قوربانییەکان و کرێ خانووی نیشتەنی حاجییەکان هەموو دەخرایە زیادکردنەوە (مزایدە) لە وەرزی حەجدا، ئەوەی داهاتی ساڵانەی میری زیاد دەکرد حەوت دانە بوو لە (طاووس ملك) کە لە زیادکردنە ئاشکراکەدا (المزاد العلني) پیشانی دەدا و بە دیهاتەکاندا دەیانسووڕاندەوەو دیارییان پێی پەیدا دەکرد. دەیانگووت کە داهاتی میر لەم جۆرە بازرگانییە و لەم ساڵە ناخۆش و خراپەدا (١٩٢٥) گەیشتبووە بیست و پێنج هەزار رووپیە واتە (١٧٥٠٠٠) فرەنکی فڕەنسی.

راهبە کلدانییەکان کە دراوسێی ئێزدییەکانن دەڵێن ئەوان لە وڵاتی فارسەوە هاتوون و لە بنەڕەتدا بڕوایان بە مەزهەبێکی مەسیحی هەبووە کە تێکەڵی هەندێ بڕوای فارسی بووە، و مەرقەدی شێخ ئادی لە ئەسڵدا کەنیسەیەکی مەسیحی بووە. ئەم راهیبانە دەڵێن کاتێ کە سەرۆکی (الرهبنە) بۆ حەج چووە بۆ ئۆرشەلیم، بریکارەکەی یان جێگرەکەی لە بەڕێوەبردنی کنیسەدا کە ناوی (ئادی) بووە، دەستی گرتووە بەسەر مەرقەدەکەدا و دوای گێرمە و کێشە و شەڕ و هەرا توانیوویەتی بۆ خۆی ببا و پاشانیش بانگەشە بۆ ئەم ئایینە نوێیە بکا و مەرقەدەکەشی لەناو (هیکل)ەکەیە کە پاشماوەی (الصرح)ە کۆنەکەیە.

ئەمیر رێی داین سەردانی مەرقەدەکە بکەین، لە دەرگاییێکی جوانەوە چووینە ژوورەوە کە لە سوچێکیدا وێنەی مارێکی رەشی گەورە بە بەرجەستەیی هەڵکوڵرابوو (الحفر البارز). پێڵاوەکانمان داکەند و داوایان لێکردین کە پێ لە (العتبە)ی دەرگاکە نەنێین کە دەچینە ژوورەوە کە هیچی ئەوتۆی تێدا نەبوو بەتایبەتی سەرنجڕاکێش بێ کە ویستمان بێینە دەرەوەو پێڵاوەکانمان لە پێ بکەین گوێمان لە هەلهەلەی ژنان بوو و پاش ماوەییێك کەژاویەکی (موکب) سەیر هات کە دوو پیاو لە پێشیەوە دەڕۆیشتن یەکێکیان نای لێدەدا و ئەوی دیکەیان دەفی لێدەدا و لە دواشیانەوە ژنێکی چاو داخراو لەسەرەخۆ دەڕۆیشت و بخوری بە دەورپشتی خۆیدا بڵاودەکردەوە، پاشان سێ پیاو هاتن کە نان و



رۆنیان پێ بوو، گوتیان ئەمە کەژاوەی رۆژانەیە بەبۆنەی پێشکەشکردنی دیاری بۆ شێخ ئادی. پاش چەند دەقیقەییێك ئەوانەی بەشداریی ئەو رێوڕەسمەیان کردبوو گەڕانەوە، بەڵام بێ مۆسیقا و بێ ژن، پیاوەکان نوشتانەوە بۆ ماچکردنی —العتبە— و دەرگاکە.


بە نان خواردنی نیوەڕۆ کۆتاییمان بەسەردانەکەمان هێنا کە خاوەن ماڵەکە دە قاتی نرخی خواردنەکەی لێ دەسکەوت. شوێنەکەمان بەجێهێشت و بیروڕاییێکی وامان لادروست بوو کە ئەمانە تایەفەییێکی دواکەوتوون و لەلایەن ئەو دوای دانیشتوانی عیراقەوە بە چاوی سووك تەماشا دەکران (*) دوای ئەوەی سەردانی (شەیتان پەرستان!!)مان کرد، لە باکووری موسڵ دوو ناوچەی مابوو سەریان لێ بدەین زاخۆ کە دەکەوتە سەر ئەو سنوورەی بۆ ویلایەتەکە کێشرابوو، هەروەها دهۆك کە دەکەوتە نیوەی رێ لە نێوان موسڵ و سنووری باکوور، لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانماندا لەوێ تووشی دوو رووداو بووین کە لەوانەبوو ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە. جواد پاشا زانیاری هەڵەی پێگەیشتبوو، بۆیە رەفتارێکی زۆر سەیر و ناشایستەی نوواند کە بووە هۆی ئەوەی قسەی پێ بگوترێ و ئەویش تووڕە بوو ژوورەکەی بەجێهێشت. گومانی تێدا نییە کە ئەم پیاوە بە رەوشت و بەڕێزە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانمان تووڕە بوو چونکە لە بەرژەوەندیی تورکاندا نەبوو، بەڵام لەپڕ واهاتە پێش چاو کە بەرەو بەرژەوەندی ئەوان وەرچەرخا لە دهۆك، لێژنەکە کۆمەڵە کەسێکی چەکداری چاوپێکەوت کە خۆیان کرد بە ژوورەکەدا و بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد. ئەمانە وایاندەزانی کە ویلایەتەکە بووە بۆ تورکیا و حکوومەتی عیراق پاشەکشەی کردووەو کاروبارەکانی داوەتە دەست لێژنەکەمان.

دەبایە من بە توندی رەفتار بکەم و بەپەلە ناوچەکە بەجێبهێڵم نەبادا کارەکە ئاڵۆزبێ و (ئاشتی)مان لەدەست بچێ یان ببینە هۆی ئاشوب، بۆیە دەبێ چەند دەتوانین پەلە بکەین و یاوەرە ئینگلیزەکەمان دیار بوو لە ترسا خەریك بوو دەتۆقا وتارێکم بۆ ئەوانەی هاتبوون خوێندەوەو ئاگادار ((تحذیر)) و ئامۆژگاریم کردن کە دەبێ هێمن بن و پێشم گووتن کە کاروبارەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچن و قسە و باسی پاشەکشەی حکوومەتی عیراق درۆیە و هیچ بنەماییێکی راستی نییە و دەبێ هاوڵاتیانی دهۆك یەکەم کەس نەبن کە ئاسایش تێك بدەن ئەو نیزامەی تا ئێستا کارمان لەسەر کردووەو لێیشی رازین نەشێوێنن لەم شارەی کە بریتییە لە بەشێکی زۆر بچووکی ویلایەتی موسڵی گەورە.

خەڵکەکە لێمان دوورکەوتنەوە، بەڵام هەر تووڕە بوون. کە شارەکەمان بەجێهێشت بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو روو لە خراپ و دوور لە سەقامگیری (استقرار) بوو .

---

(*) نازانم ڤیرسین ئەم بیروڕا چەوتەی چۆن لادروست بووبوو، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیرە مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا هەروەکو خۆی بێ روونکردنەوە تۆماری کردووەو وەریگێڕاوە (و. کوردی. حەسەن جاف).



ماڵی لیژنەکە - زاخۆ ١٩٢٥-
(لە ڤێرسینەوە)



لەو کاتەدا شۆڕشێکی کوردی گەورە هەبوو دژی تورکەکان لە تورکیا[٢١] بەڵام ئێمە ئەوەندە دووربووین کە هەواڵی زۆر کەممان پێدەگەیشت دەربارەی ئەو شۆڕشە، لەوانەشە ئینگلیزەکان دەستیان تێدا هەبووبێ، بەڵام هۆی سەرەکی ناڕەزایی هەموو کورد بوو لە مستەفا کەمال، ئەو ناڕەزاییە هەموو جیهانی ئیسلامی گرتبووەوە بە هۆی هەڵوێست و کردەوەکانی سەبارەت بە ئیسلام. ئەو شۆڕشە دەنگدانەوەیەکی کزی هەبوو لە وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە، هەرچەندە مەترسییەکی گەورەشی دروست دەکرد بۆ حکوومەتی تورکیا، ئەمەشمان لەوەوە بۆ دەرکەوت کە سوپای تورکیا لە سنوور کشایەوەو چەند (حامیە)ییێکی زۆر بچووك مانەوەو لە هەندێ ناوچەی دیاریکراودا.

ئێستا دەمانتوانی بڵێین کە ئەرکی ئێمە لە موسڵ خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێ و خۆمان ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە.

لە کۆتایی مانگی ئازاردا سواری ترومبێلەکەمان (فورد) بووین و لە موسڵەوە رووومان کردە چیای شەنگار پاشان بۆ (دیر الزور) لەسەر رووباری فورات و دوای ئەوەیش بۆ (تدمر) تاکو گەیشتینە دیمەشق. لیژنەکە بڵاوەی لێکرد لە بەیروت کە ئەوسا مەڵبەندی ئیدارە بوو لە سووریا و وەك پایتەخت وابوو. پێش ئەوەی سنووری عیراق ببڕین شێخی مەشایخی شەممەر کە پێشتر باسم کرد هاتە لامان بە سواری هەمان ترومبێل و کوڕە منداڵەکەشی کە هێشتا باڵغ نەبوو بوو لە تەنیشتی بوو، بەڵام تا چەناگەی پڕ چەك بوو، زۆر پێشوازییەکی باشی لێکردین و شیری حوشترمان لەگەڵی خواردەوە کە من زۆرم لا پەسەند بوو.

زرێپۆشە ئینگلیزیەکان خواحافیزییان لێکردین و ئەرکی پاراستنی ئێمەیان دایە دەست چەند ترومبێلێکی فەڕەنسی کە بە رەشاش چەکدارکرابوون و چیتر هۆیەك نەما بۆ ئەوەی بترسین. بۆ ئێوارە گەیشتینە (دیرالزور) و لەوێ (کۆلۆنێل أندریە) پێشوازیی لێکردین کە لە دواییدا کرا بە جەنەڕاڵ. ئەوسا فەرماندەی فەوجێك بو لە سەربازەکانی (الزواف)[٢٢] و بە (إستعراض)ێکی سەربازی پێشوازیی لێکردین و پاشان بانگهێشتی کردین بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ کە خواردنێکی نایاب بوو.

---

(٢١) شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.

(٢٢) هۆزێکە لە باکووری ئەفریقیا و فەڕەنسییەکان هێزی سەربازییان لێ پێك هێنان.

فەرەنسییەکان لێرە هەوڵیاندابوو ئەو شوێنە بکەن بە کۆمەڵگەیێکی فەرەنسی بچووك و (ماڵی سۆزانییان-بیوت دعارە-) کردبووەوە کە ژنە فەرەنسی رەسەنی (فرنسیات أصیلات) تێدابوو ئێمەش داوەت کراین بچینە ئەو ماڵانە، بەڵام ئێمە بە توونەدی ئەوەمان دایە دواوە.

بۆ رۆژی دوایی چووینە (تدمر) کە دوو سەد کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای (دیرالزور)، کاتی خۆی لە سەردەمی زۆر کۆندا وێستگەی کاروان بووەو دەڵێن کە مەلیك سلێمان دروستی کردووە.

لە چەرخێ لە چەرخەکاندا شارێکی ئاوەدان بوو و بینای زۆر گەورەی تێدا دروست کرابوو کە تا ئێستا شوێنەوارەکانیان ماون. لەسەر دارو پەردوی هەیکەلی خۆر کە بۆ خوای (بعل) دروست کرابوو گوندی (تدمر) بنیات نرابوو کە (إنطباع)ێکی سەیری لا بەجێهێشتین. پاشان بەرێکەوتین بەرەو دیمەشق، بەڵام پێشتر گەشتێکمان بۆ (بعلبك) کرد کە مانای ناوەکەی (گەورەی دۆڵ-سید الوادی-)یە و دەکەوێتە خوارووی چیاکانی (آنتی لبنان)[23] و هەر لەوێش زۆربەی شوێنەوارە مەزنەکانی هەیکەلی خواوەندی خۆری گەورەی تێدایە، گوڵی پشکوتوو و داری جوان کە لەگەڵ ئەو شوێنەدا دیمەنێکی جوانیان دروست کردبوو کە وەسف کردنی پێویستی بە قەڵەمێکە باشتر بێ لە قەڵەمەکەی من. (بعلبك) لە سەردەمە کۆنەکاندا مەڵبەندی سەرەکی پەرستنی خوای (بعل) بوو کە بە ناوە گریکییەکەیەوە ناسرابوو (هیلیو پوس) واتە شاری خۆر کە لە نووسراوە ئاشووری و قبطییە کاندا باسکراوە. بەداخەوە (بعلبك)مان بەجێهێشت و رومان کردە بەیروت کە دەکەوێتە سەر دەریا و دوای دوو سەعات بە ترومبێل گەیشتینە ئەوێ و لە چیاوە هاتینە خوارەوە بەرەو رۆخی جوانی دەریا. بەیروت دەکرێ ببێ بە مەڵبەندێکی تەندروستی جوان و ناوبانگێکی باشی بۆ پەیدا بکا و دەکەوێتە کۆتایی چیای لوبنان، زۆربەی دانیشتووانی گریك بوون و مزگەوت و کەنیسەی زۆری تێدایە، هەروەها مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگە و هەمیشە کەشتی تێدا وەستاوە کە پڕن لە شمەك و بەرەو رۆخەکانی سووریا دەڕۆن. بەندەرەکەی پلەیەکە و کۆمپانیاییێکی فەرەنسی دروستی کردبوو و شارەکەش شارێکی تازەیە بەڵام شێوازێکی تایبەتی نییە، کاتی خۆی بارەگای

(٢٣) زنجیرەی رۆژهەڵاتی چیاکانی لوبنانە.



نوێنەری باڵای فەرەنسی بوو کە ئەوسا (الجنرال سارای) بوو و هاتبووە جێی (الجنرال فیغان) کە کاروباری فەرمانەکەی زۆر بەباشی بەڕێوە دەبرد، بەڵام بە هۆی ململانێی ناوخۆی سیاسییەوە لەسەر کار لابرا.

(الجنرال فیغان) زۆر رێزی بۆ ئایین هەبوو ئەمەش شتێکە دەبێ لە رۆژهەڵاتدا دیاربێ، لە کاتێکدا (الجنرال سارای) ماسۆنیەکی توندڕەو بوو بە ئاشکرا گاڵتەی بە هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلامی دەکرد، هەر ئەمەش بووە هۆی وەك بزانم هەڵگیرسانی شۆڕشی دیمەشق کە دەکرا رێی لێ بگیرێ. سەردانی (الجنرال سارای)م کرد بۆ خوا حافیزی بینیم پیاوێکی زل و باڵابەرز و زۆر جوان بوو و چاوەکانی شینێکی کاڵ بوون وەك شینایی جل و بەرگە سەربازییەکەی، هەروەها بۆم دەرکەوت کە هیچ شتێ دەربارەی ئەو وڵاتە نازانێ کە حوکمی دەکا، تەنانەت ناوی شارە سەرەکییەکانی سووریاشی نەدەزانی، بۆیە ئێمە ناچار بووین بۆ چەند جارێ بەبیری بهێنینەوە.

کەسایەتییەکی بەرێز و نەرم بوو، بەڵام من رێزی گەورەم بۆ شێوازی ئەو لە حوکم کردندا نەبوو، لەو جۆرە فەرماندە ((محترف))انە بوو وەك زۆربەی جەنەراڵە فەرەنسییەکان و بەلاشییەوە گرنگ نەبوو کە سەرکەوتنێکی گەورە لە سووریا بەدەست بهێنێ. لەکاتی جەنگدا فەرماندەیی سوپاکانی هاوپەیمانانی پێ سپێردرا لە (سالونێکی)، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبوو بۆیە جەنەراڵ (فرانشیە داسپیری)یان هێنایە جێی کە لە دواییدا کرا بە مارشاڵ و هەر ئەویش بوو کە جەنگی دژی بولگاریا کرد و لە پاییزی ساڵی ١٩١٨دا سەرکەوتنی تیادا بەدەست هێنا.

لە ئوتێلە باشەکەماندا لە بەیروت ئاهەنگی خواحافیزی بۆ هاوڕێیان سازکرا و بڕیاردرا کە لە کۆتایی مانگی نیساندا یەکتر ببینین.

گەڕامەوە بارەگاکەی خۆم لە بوخارست. لە پێشدا سواری کەشتییەك بووم لە ئەسکەندەرییە و پاشان کەشتییەکی خەڵك و بارهەڵگر تا (پیروس)[24] و لەوێشەوە بۆ (قسطنطنیە). کە لە بەیروت بووم داوام لە کونسڵ کرد بروسکەیێك بۆ ژنەکەم رەوانە بکا و داوای لێ بکا بێتە (قسطنطینە) بۆ ئەوەی بیبینم، بەڵام ئەو پارەکەی بۆ خۆی

(٢٤) بەندەری ئەسینا لەسەر دەریای ئیجە.

هەڵگرتبوو و بروسکەکەی نەناردبوو و دواکەس بوو کە لە کارەکەی دەرکرا لە ئەنجامی هەوڵی من.

لە (قسطنطینە) وەك جاران، بوومە میوانی (ڤالنبرغ) کە لە پاپۆر دابەزیم، هاوڕێی دڵسۆزم جەنەڕاڵ جواد پاشا لە پێشوازیمدا بوو و زۆر خۆشحاڵ بووم کە جارێکی دیکە چاوم پێی کەوتەوە. دوای چەند رۆژێ لە وەستانی پاپۆڕەکە سەفەرم کردەوەو لە (کونسانزا) دابەزیم و لەوێشەوەیە شەمەندەفەر چوومە بوخارست و هەستم بە شادییەکی زۆر کرد کە گەیشتمەوە ماڵەوە، هەرچەندە دەشمزانی کە کێشەی زۆر چاوەڕێم دەکا لە (جنێڤ) دوای ئەوەی لە نووسینی راپۆرتەکەم دەبمەوە.


**جنێڤ:**


لە بیستی نیساندا گەیشتمە (جنێڤ) و ژن و کچە بچووکەکەشم لەگەڵدا بوون، لە (جنێڤ) بڕیار وابوو ئێمەی ئەندامانی لیژنەی موسڵ کۆببینەوە بۆ ئەوەی راپۆرتەکەمان تەواو بکەین.

ئوتێل (ریچموند)مان بەکرێ گرت و فەرمانگەی تایبەتمان تێدا دانا بە شێوەیەکی سەربەست (مستقل) لە کۆمەڵی گەلان بۆ ئەوەی لەو دەسیسە و (مناورات)انەی چاوەڕێمان دەکەن بە دووربین.

من ناتوانم بڵێم کە ئەو رایەی سەبارەت بە کۆمەڵی گەلان لامان دروست بووبوو باش بوو. پێشتر زۆربەی کارەکانی لەلایەن یەك تاکە کەسی چاویلکە لە چاو بەڕێوە دەبرا و جێی برواش نەبوو، بارودۆخەکەش دەسەڵاتی ئەنگلو فڕەنسی بەسەردا زاڵ بوو و هیچ تروسکاییەك دیار نەبوو ئاماژە بەوە بکا کە چارەسەری کێشەکە بەبێ لایەنانە و بابەتیانە دەبێ، هەرچەندە پەرۆشی کارکردن زۆرباش بوو، بەڵام عەقلیەتەکە بەڕاستە رێدا نەدەرۆیشت.




ڤێرسین و جەنەڕاڵ جەواد پاشا (لە ڤەرسنەوە)



ئەنوەر پاشا و جەنەڕاڵی ئەڵمانی فون سیکت (لە ڤێرسینەوە)


لەو کاتەدا (السر اریك درمۆند Eric Drumond) سکرتێری کۆمەڵی گەلان بوو، پاشان بوو بە هاوڕێی من لە رۆما کە لەوێ کرا بە باڵوێز. سەرۆکی بەشی فەڕەنسی (مسیو مونتو M. Montonx) بوو کە لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوە لە پاریس وەرگێڕ بوو، پیاوێکی زۆر لێهاتوو و زانیارییەکی زۆری هەبوو سەبارەت بە کاروباری گشتی و تەنانەت رۆژهەڵاتیش من جوانترین یادگار و گەرمترین سوپاسم لە دڵدایە بەرامبەر بەو. بۆ هاوین چوینە شارۆچکەی (هرمانس Hermance) کە دەکەوێتە سەر سنووری فەڕەنسا و باشووری دەریاچەی (جنێڤ). دەکرا لەو شوێنە، ئەگەر ئیشە ماندووکەرەکەمان نەبایە، کاتێکی خۆش بەسەر بەرین. سەرەتا هەندێ زەحمەتیمان هاتەڕێ و ((کونت تیلیکی)) دەیویست کارەکانمان لە پاریس ئەنجام بدەین، ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەیێکی تایبەت کە بریتی بوو لەوەی لەو کاتەدا پارەیێکی زۆری (تزویر) لە پارەی کاغەزیی فەڕەنسی –العملة الورقية– کەوتبووە بازاڕەوە و دەریش کەوت کە سەرچاوەی چاپکردنی ئەو پارانە لە (بودابست) بوو و لە ((پەیمانگەی تیلیکی ئەثنوگرافی)) کە میر (ڤندشگراتز Windischgratz) بەڕێوەی دەبرد، پاشان میر و بەڕێوەبەری پۆلیسی (بودابست) هەردووکیان سزا دران. بڕواناکەم تیلیکی ئاگای تەواوی لەو مەسەلەیە هەبووبێ، بەڵام بڕواش ناکەم کە هیچی لە بارەوە نەزانیبێ چونکە پارەکە لە پەیمانگەکەی ئەودا چاپ کرابوو، بەڵام حکوومەتی فەڕەنسا نەیدەویست مەڵبەندی کارکردنمان بگوازینەوە فەڕەنسا چونکە نەیدەویست هیچ پەیوەندییەکی بەو ئەنجامە هەبێ کە کێشەی موسڵی دەگاتێ هەروەها ئەو کێشە سیاسیانەش کە لە دواییدا لێی پەیدا دەبن.

(پاولس) ویستی بروکسل ببێتە مەڵبەندی کارکردنمان، چونکە ئەو بۆ خۆی سەرقاڵی وانە گوتنەوە بوو لە پەیمانگەی پزیشکی دەدان، بەڵام من ناچارم کرد لەگەڵم بێت بۆ پاریس بۆ لای تیلیکی و لەوێش هەردووکیانم ناچار کرد (جنێڤ) بکەین بە مەڵبەندی کارکردن و لەم کارەدا سەرکەوتنم بەدەست هێنا. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانمان مایەی رەزامەندییەکی ئەوتۆ بوو کە نەدەکرا لە شوێنێکی دیکە ئەوە وەدەست بهێنین. هەرسێکمان لە (جنێڤ) کۆبووینەوە و دەستمان بەکارەکانمان کرد، بەڵام تۆزێ دواش کەوتین بە هۆی (مغامرات)ی دڵداری هاوڕێکانمەوە.

من بۆ خۆم چووم بۆ ستۆکهۆڵم و چەند رۆژێکی تێدا مامەوە بۆ ئەوەی حکوومەتەکەم لە بارودۆخەکە ئاگادار بکەمەوە و کە گەڕامەوە دیتم (مقرر)ێکی تازەیان بۆ کۆمەڵی گەلان لە بری (برانتنگ) داناوە کە کۆچی دوایی کردبوو. (مقرر)ە تازەکە بەڕێز (اوندین) بوو کە هەستم کرد زۆر بایەخ بە مەسەلەی موسڵ دەدا، پیاوێکیش بوو زۆر ورد بوو لە شتی دەکۆڵیەوە، بەڵام هەستیشم کرد کە زۆر حەز دەکا ویلایەتەکە دابەش بکرێ و گوتم رەنگە ئەم پێشنیارە پێشکەش بکا، بەڵام بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو کە هاوڕێکانم بەو چارەسەرە رازی بن.




لە ڕاستەوە ڤێرسێن و دیپلۆماتی تورك فەرەیدون بەگ – کۆنت تیلیکی (لە ڤێرسینەوە)


عەقید پاولس (لە ڤێرسینەوە)

ئەو کاتەی لە ستۆکهۆڵم بووم، کە دوو رۆژی خایاند، ئەو هەلەم قۆستەوە کە لەبەردەم مەلیکدا ئەو کێشەیە باس بکەم و سەرنجم دا زۆر غەمبارە بەهۆی ئەو بڕیارانەی سەبارەت بە چەك دامالێن درابوو.

نازانم بۆچی باری تەندروستیم تێکچوو و توانای کارکردنم نەما ئایا ئەمە لە ئەنجامی ئەو رووداوە لاوەکیانەوە بوو (الاحداث العرضیە) یان بە هۆی زیاتربوونی دوژمنایەتی (پاولس) بۆ تورکەکان لە ئەنجامی هاندانی لایەنی عیراقی، یانیش لەوانەیە (مس بیل) دەوری هەبووبێ لە گۆڕینی هەڵوێستی ئەو. لە هاوین تووشی نەخۆشییەکی سەیر هاتم کە زۆر بە زەحمەت هەناسەم بۆ دەدرا تا ئەو رادەیەی زەینم بۆ ئەوە بچێ کە تووشی نەخۆشی دڵ هاتبم، بەڵام ئەو نوژدارەی (طبیب) لە جنێڤ (فحص)ی کردم گووتی دڵت هیچی نییە، منیش داوای چارەسەری ئەو تەنگە نەفەسییەم لێکرد گووتی ((جنێڤ بەجێ بهێڵە و موسڵ لەبیر بکە)). تەنها دوو هەفتە مابوو بۆ تەواوکردنی راپۆرتەکەمان، پاشان دەرمانێکی دامێ کە هێورکەرەوە بوو (مسکن) و زۆر ئیسراحەتم پێی کرد. کە راپۆرتەکەمان تەواو کرد خۆم و ژن و کچەکەم لەگەڵ پووڕەکەیان گەشتێکی دوورو درێژمان بە ترومبێل کرد بە سویسرادا پاشان گەڕامەوە (جنێڤ) و هەستم بە باشی کرد و لە نەخۆشییەکەم چاك ببوومەوە و بیستیشم کە (سڤن هدین Sven Hedin)[٢٥] لە ئەنجامی ماندوبوونی زۆرەوە (إرهاق) تووشی هەمان نەخۆشی ببوو.

راپۆرتەکە نموونە بوو لە وردی و رێکیدا کە دەکرا بەو بارەوە چاوی لێ بکرێ. ئێمە کارەکانمان دابەشکرد. تیلیکی بەشە جوگرافییەکەی نووسی (پێشتر باسی ئەوەم کردبوو کە زانایێکی زیرەکی جوگرافی زان بوو) و (پاولس) بەشە ئابوورییەکەی نووسی، منیش بەشە سیاسییەکە و ئەنجامە گشتییەکانم نووسی.

(٢٥) (سڤن هدین ١٨٦٥-١٩٥٢) گەڕیدەیەکی سویدی بوو و چەندین کتێبی لەسەر گەشتەکانی نوسیبوو کە وەرگێڕدرا بوو بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان. توێژەرێکی ورد و شارەزا بوو دەربارەی گەلانی رۆژهەڵات و ژیار (حضارە)کانی ئاسیا و وێنەکێشێکی زۆر لێهاتووش بوو و هەموو ئەو دیمەنانەی دیبوونی بۆ خۆی وێنەیانی کێشابوو. هاتبووە باکووری کوردستان (ارضروم و بایزید) و وێنەی ژیانی رۆژانەی ئەوێی لە کتێبەکەیدا (گەشتی بۆ هیند) تۆمارکردبوو. کە هاتە (استانبۆل) لەگەڵ ڤێرسن ژیا. چووە باشووری کوردستان و لە موسڵ ئامادەی ئاهەنگێکی کوردی بوو بوو و وێنەی هەڵپەرکێی کوردی گرتبوو و زۆری لا جوان بووبوو، ئەمەشی لە کتێبەکەیدا (بەغداد، بابل، نەینەوا) تۆمار کردبوو.



پێویستی بە قسەیێکی زۆر هەیە ئەگەر بمەوێ وردەکارییەکانی ئیشکردنمان لە راپۆرتەکەدا باس بکەم کە بایەخێکی زۆرمان پێی دابوو. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو بەشەی تیلیکی نوسیبووی زۆر جوان بوو. لێرەدا دەمەوێ بە کورتی و بە رستەی کەم باسی ئەو قسە و پەیڤینانە بکەم کە لە کاتی ئیش کردن و ئەو ئەنجامەی لێژنەکە پێی گەیشت دەکران.

لە کاتی ئیشکردندا چەند جارێ هەڵم بۆ رێکەوت لەگەڵ (أریك درموند) راوێژ بکەم و تکای لێکردم کە راپۆرتەکە رێك بێ و (تحفظ)ی تێدا نەبێ و لە دوای ماندوبوونێکی زۆر لەمەدا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا. لە واقیعدا من هەمیشە هەڵم دەقۆستەوە کە بیروبۆچوونی من و (پاولس) لێك نزیك دەبوون بۆ ئەوەی داوای لێ بکەم کە هەموو فەسڵ و هەموو بەشێ ئیمزا بکا چونکە ئەو زۆر رارابوو و قەت لەسەر یەك را سەقامگیر نەدەبوو و ناوە ناوە رایەکانی خۆی دەگۆڕی.

راپۆرتەکەمان پێشەکییەکی کورتی تێدابوو دەربارەی کارەکەمان پاشان بیروبۆچوونی هەردوو حکوومەتی ئینگلیزی و تورکیمان هەڵسەنگاندبوو. ئەوەی زانراویشە ئەوە بوو کە حکوومەتی بەریتانیا دەیویست دەسەڵاتە ناوخۆییەکان قەناعەتمان پێ بکەن کە راپرسی گشتی و را وەرگرتن بێ سوودە، لە کاتێکدا حکوومەتی تورکیا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ راپرسییەکی میللی گشتی بکرێ، بەڵام ئەرکەکەمان ئازادیی تەواوی پێ بەخشین بۆ ئەوەی باشترین رێگا هەڵبژێرین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بۆیە بایەخێکی زۆرمان دا بە وردبوونەوە لەو تواناییانەی کە دەکرێ بەکاربهێنرێ تاکو کێشەکە بەم شێواز یان بەو شێواز چارەسەر بکرێ، ئەرکی ئێمە ئەوە نەبوو سنووری نێوان دوو دەوڵەت دیاری بکەین، بەڵکو ئەوەبوو کە چارەنووسی ناوچەیێکی فراوان کە ژمارەی دانیشتووانی هەشت سەد هەزار کەسە و لە نەتەوە و رەگەزی جیاجیان، دیاری بکەین، بۆیە رایەکەی بەریتانیامان لاباش نەبوو و دامانە دواوە، بەڵام بۆشمان دەرکەوت کە راپرسی گشتی زەحمەتی زۆری دێتەرێ کە نەدەکرا بەسەریدا زاڵ بین. رادەی نزمی هۆشیاری دانیشتوانی ویلایەتەکە و ترسی ئەوەش کە لە دواییدا تووشی کێشە دەبن راپرسی گتشتیی وا لێکردبوو کە (عملی) نەبێ، هەروەها نەدەکرا رێگە لە روودانی ئاژاوە و کاری تێکدەرانەی مەترسیدار بگیری ئەگەر (راپرسی)مان بکردایە. لەو ناوچەیەدا هێزێکی گەورەی سەربازیی یەکێ لەو دوو دەوڵەتە هەبوو، هەروەها ناوچەکەش شوێنی نیشتەجێ بوونی هۆزێکی زۆربوو کە جەنگاوەر و حەزیان بە شەڕ و کوشتارە. بەڵام ئێمە بیروبۆچوونی کەسە دیارەکانمان وەرگرت کە خاوەن دەسەڵات (نفوذ) بوون، هەروەها هەوڵێشماندا بیروڕای کەسانی

دیکەش وەربگرین، قەت ئەوەشمان لەبیر نەچوو کە کاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەنجامی قۆناغی دەرەبەگایەتی بوو، وا لە خەڵکەکە دەکا بیروبۆچوونی راستەقینەی خۆیان دەرنەبڕن، بەڵکو ئەوە جێبەجێ بکەن کە سەرکردەکانیان پێیان دەڵێن.

پرسیارەکان تەنها ئاڕاستەی ئەندام پەرلەمانەکانی پێشوو و ئەندامەکانی ئێستای ئەنجوومەنی شارەوانی دەکران و گوێشمان لە بیروڕای کۆمەڵێکی زۆر دانیشتووان گرت، کە لە زۆریان زانیاری باوەڕپێکراومان دەسکەوت سەبارەت بە هەڵوێستیان و زۆریشمان مەبەست بوو هۆی ئەوە بزانین بۆچی دەنگ بەم لایەن یان بەو لایەن دەدەن.

لەو بەشەی راپۆرتەکە کە باسی لایەنی جوگرافی دەکا وەسفێکی دوور و درێژی ئەو سنوورەی تێدا کرابوو کە پێشنیار کرابوو بۆ ناوچەکە، هەروەها بۆچوونێکی ئەکادیمیانەش سەبارەت بەناوی (العراق) و درێژبوونەوەی (إمتداد) وڵاتیش خرایە بەر تاقیکردنەوەیەکی هەمەلایەنەوە (امتحان شامل) بڕوا دەکەم ئەو باسکردنەمان بۆ رەگەزە جیاوازەکان زۆر بە بەڵگە و روون بوو. لە کاری مەیدانیدا دواکەوتین چونکە دەبایە مەسەلەی هۆزە رەوەندەکان لەبەرچاو بگرین. لە کارەکەماندا هەموو ئەو (تفاصبل)انەی پەیوەندییان بە ئیشەکەمانە هەیە، باسمان کردبوون، تەنانەت باسی ئەو شەڕەشمان کردبوو کە لە دەوروبەری زاخۆ (سنووری باکووری عیراق) لە سەردەمە کۆنەکاندا روویدابوو کاتێ کە کوردەکان هێرشیان کردبووە سەر سوپای کشاوەی یۆنان بە فەرماندەیی (گزینوفون) کە بە حەملەی دە هەزارەکە بەناوبانگە.

دەربارەی مەسیحییەکان لێکۆڵینەوەی وردمان کرد بۆمان دەرکەوت کە کلدانییەکان لەڕووی ژیارییەوە (حضاری) پێشکەوتوون و لەو رەگەزانەن کە شاریان دروست کردووەو (کاهن)ەکانیان لە پەیمانگەی دۆمەنیکانی فەڕەنسی لە موسڵ خوێندویانەو ئاستێکی بەرزی رۆشنبیرییان هەیە. بەپێچەوانەی ئەوان ئاشوورییەکان یان (النساطرە) کە زۆر دواکەوتووبوون و بەگشتی نەخوێندەواربوون و ئاستێکی زۆر نزمی خوێندەوارییان هەبوو و زیاتر خەریکی شەڕ و کوشتاربوون. ناوچەکە هەر هەمووی لە چیای ئەمانۆسەوە دەکشا تا کەنداوی فارس، ئەو بەشەی کە کێشەی لەسەر بوو بانێکی شاخاوی بوو (هضبة جبلية) لای رۆژهەڵاتەوەو چەند رووباری تیژڕەوی پێدادەڕۆیشت. ئەوەی سەرنج راکێشە ئەوەیە کە رووباری دیجلە هیچ لقێکی لای چەپییەوە لێ نابێتەوەو ئەم بەشەی زۆر تەختترە. دەتوانین بڵێین کە ئەم رووبارە دەکرێ سنوورێك بێ لە نێوان بەرزی و نزمییە (تضاريس) جیاوازەکانی زەوییەکە. عەرەب دیارترین قەومن کە جێ پەنجەیان لە ناوچەکەدا دیارە وڵاتەکەیان ئاوەدانکردووەتەوەو شاری گەورەیان



تێدا دروست کردووە. موسڵ وەك شارێکی عەرەبی تەواو هاتە پێش چاومان، لە پێشدا تورکەکان وەك سەرباز و لە دواییشدا وەك حاکم هاتبوونە ئەو شارە، ئەوان تەنها خەریکی کاری بەڕێوەبردن بوون و نەچوونە مەیدانی بازرگانییەوە. مەسیحییەکان لە عەرەب و تورك کۆنتربوون، بەڵام ژمارەیان لە ئەنجامی چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی عەرەب و تورك زۆر کەم ببووەوە، ئەمەش هەمان شت بوو کە دووچاری (شەیتان پەرستەکان!!) هاتبوو کە ناچارکرابوون بکشێنەوە بەرەو ناوچە شاخاوییە سەختەکان کە زۆر زەحمەت بوو لەوێ پێیان بگەن. هەروەها هۆزی وەهاشمان بینی کە خەڵکەکەی زمانی خۆیان ئاشکرا نەدەکرد یان قبووڵیان نەدەکرد باسی بیروباوەڕ ئایینییەکانی خۆیان بکەن.

کوردەکان وەك پێشتر باسمان کرد زۆرینەی رەهای (الاغلبية المطلقة) ناوچەکەن لە چاو رەگەزەکانی دیکەدا وەك بۆمان دەرکەوت رادەی هۆشیارییان تا پلەیێکی زۆر جیاوازە، لە باکوور زۆربەیان چەتە بوون، بەڵام لە رۆژهەڵات زۆر پەرۆش بوون بۆ وەرگرتنی زانست و رۆشنبیری و دیاردەکانی شارستانییان لا پەسەندە و بایەخ دەدەن بە دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ خۆیان.

ئەو سنوورەی حکوومەتی بەریتانیا دەیویست زۆرباش بوو بەلای ئێمەوە، چونکە بەناو زنجیرە چیای بەرزدا تێدەپەڕی و زۆر هێڵیشی تێدابوو کە دەکرا ببێ بە خاڵی جیاکەرەوە، هەروەها ئەو سنوورەش کە تورکیا لە باشوور داوای دەکرد ئەویش سنوورێکی باش بوو، بەڵام لای رۆژهەڵاتەوە باش نەبوو چونکە لە دەوروبەری دیالەدا ناوچەی بیابانی تێدەکەوت کە ئاوی زۆر کەم بوو.

سێ رووباری گرنگ لە ناوچەکەدا هەبوو: دیجلە و زێی گەورەو زێی بچووك کە دەکرێ ببن بە خاڵی جیاکەرەوە، بەڵام دیجلە دابەش نەدەکرا چونکە بەدرێژایی بەناو ویلایەتەکەدا دەڕۆیشت و رێی ئەوەش نادا بوارێك دیاری بکرێ بۆ ناوچەیێکی سەربەخۆ، هەروەها زێی گەورەش رێی دیاریکردنی ناوچەیێك نادا چونکە ئاوەڕۆکەی بە زەویەکدا دەڕوا کە سروشتی زۆر جیاوازی هەیە، رەنگە زێی بچووك ببێ بە سنوورێکی باش ئەگەر ویسترا ویلایەتەکە دابەش بکرێ ئەو دابەشکردنەش قبووڵ نەدەکرا چونکە ناوچەکە بە یەکەوە گرێدراون و هەر بەشەو پێویستی بە بەشەکەی دیکە هەیە و زۆربەی رێگاکانیشی دەچنەوە سەر رێی بەغدا. دەکرا چەند پارچەیێك کە زۆر گرنگ نین لە باکوور بکرێتەوە، بەڵام بەشەکانی باشوور بە بەغداوە بەستراوە و هەموو رێگەکان بەرەو ئەوێ دەچن. ئاماژەشمان بەوەدا کە زۆربەی دانیشتووان کوردن و نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەبن لە کۆی هەشت سەد هەزار.

تورکەکان (تورکمان) لە رووی رەگەزەوە دەگەڕێنەوە سەر گەلی حکوومەتی تورکیا و (شەیتان پەرستەکان!!)یش خزمی کوردەکانن، بەڵام لە ئەنجامی گۆشەگیری و دەستگرتن بە خۆورەوشتی خۆیانەوە زۆر بەتووندیش، وەك تایەفەیێکی دیکە دەهاتنە پێش چاو.

تەنها کورد و عەرەب لە ناوچەیێکی فراواندا دەژیان کە دەکرێ ببێتە بنەمای سنوورێکی نەتەوەیی (عرقی)، دەشمانتوانی ئەگەر بمانویستبا سنوورێکی نەتەوەیی (عرقی) دیاری بکەین. پێشنیاری دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی بکەین لەسەر رووبەرێکی فراوان کە (شەیتان پەرستەکان!!) و تورکەکانیشی تێدەکەوێت. کۆی گشتی کوردەکان سێ ملیۆنە، ملیۆن و نیوێکی لە تورکیایە و حەوسەد هەزار لە ئێران و نیو ملیۆنیش لە عیراق(*).

لە رووی نەتەوەییەوە هەندێ کێشەمان تووش بوو، چونکە هەندێ شارۆچکە لە باشووری ویلایەت هێزی سەربازی تورکی تێدا نیشتەجێ بوو و شاری موسڵی (عەرەبیش!) لە باکوورەوە گەمارۆ درابوو. دەبایە سەرنجی ئەو تاکە رێگەیەش بدەین کە موسڵ بە وڵاتە عەرەبییەکانەوە دەبەستێ چونکە بە شارەکانی تورك و کورددا تێدەپەڕێ، دوا کێشەش لە بەشەکانی رۆژهەڵاتدا بوو کە بەشی کۆتایی ویلایەتی موسڵە و کوردەکانیش لەوێ زۆرینەی رەهان (الأغلبية المطلقة) تەنها لە رێی دیجلەوە بەستراوەتەوە بە باکوور و دەکرێ لە رێی هەولێریشەوە بیگەینێ و ناتوانی بگەیتە سلێمانی تەنها لە رێی کەرکووکەوە نەبێ.

لە راپۆرتەکەدا بەڵگەیێکی دیکەی مێژوویی باس کرابوو بۆمان دەرکەوت کە ناتوانین پشت گوێی بخەین. ئەویش ئەوەیە کە نە عەرەب و نە فارس و نە تورك و نە مەغۆل دەتوانن بڵێن بەبێ شەڕ و کێشە موسڵیان وەدەست خستووە، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە کە سوڵتانەکانی تورك چوار سەدە حوکمی موسڵیان کردبوو، بەڵام حوکمەکەیان کاریگەری لەسەر پێکهاتەی موسڵ نەبووە، چونکە پاشاکان بە شێوەیەکی تەواو ئازادانە حوکمیان دەکرد و دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی سوڵتان تەنها لەسەر رێی موسڵ — هەولێر — کفری دەسەڵاتێکی راستەقینە بوو.

گووتمان بەشە ئابوورییەکەی (پاولس) نوسیبووی. سەرەتا بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەی وردی ئەو یادداشتانەی کە لە هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و تورکیاوە پێمان گەیشتبوو پاشان باسکردن و روونکردنەوەی ئەو پرسیارانە کە لێژنە ئاڕاستەی هەردوو حکوومەتی کردبوو لەگەڵ

(*) هەرچەندە ڤیرسین باسی ژمارەی کورد لە بیستەکانی سەدەی رابوردوودا دەکات، بەڵام ئەگەر وردو بابەتی بووایە وەك خۆی دەڵێ ئەو ژمارانە لەو کاتەشدا زۆر لە راستییەوە دووربوون. (و. کوردی: حەسەن جاف).



وەڵامەکانیان ئەو وەڵامانە لەسەر ژمارەی روونی ناردنە دەرەوە (تصدير) و هێنان (استيراد) بنیات نرابوو و پەیوەندیی موسڵیش لەگەڵ تورکیادا زۆر گرنگ نەبوو. لە راپۆرتەکەماندا پەیوەندیی بازرگانی نێوان بەشە جیاجیاکانی موسڵمان روون کردبووەوە، و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە سەرەڕای بێ بایەخی بازرگانی موسڵ لەگەڵ تورکیادا، بەڵام دەتوانێ خۆ بەخۆی پێویستییەکانی خۆی تاڕادەیێك دابین بکات، بەڵام بەشەکانی دیکە تووشی کێشەی زۆر دەبوون لە رووی ئابوورییەوە ئەگەر موسڵ بخرێتە ناو سنووری تورکیاوە.

(پاولس) باسی مەسەلەی ئاودێری و نەوتی کردبوو، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانی ئێمەدا رۆڵێکی تاڕادەیەك کەمیان هەبوو. لە رووی ئاودێرییەوە کێشەکە ئاسان دێتە بەرچاو و دەکرێ چارەسەر بکرێ ئەگەر بەستێ (سد) لە خاڵی گەیشتنی دیجلە بە رووباری (نارین) دروست بکرێ.

بەڵام لە کێشەی نەوتدا، زۆر بە وردی لەو وتووێژەمان (مفاوضات) کۆڵییەوە کە دەربارەی ئەم کێشەیە کراوەو لێرەدا ئاماژە بەوە دەدرێ کە کۆمپانیای نەوتی تورکی کە پێشتر لە کۆمپانیای نەوتی فارسی و کۆمەڵە کۆمپانیاکانی شانشینی هۆڵەندی و کۆمەڵە کۆمپانیاکانی فەڕەنسی و یەك کۆمپانیای ئەمەریکی پێکهاتبوو، سەرنجماندا کە جارێکی دیکە دەستیان بە وتووێژ کردووە لەگەڵ عیراق وەك تەواوکەرێ بۆ ئەو وتووێژەی پێش جەنگ بە ماوەیێکی کەم لەگەڵ تورکیادا کردبوویان.

هەروەها بۆشمان دەرکەوت کە کارکردن لەم بوارەدا کاتێکی زۆر و پارەیێکی زۆری دەوێ لەو ناوچەیەی نەوتی تێدایە. ئیشەکەی (پاولس) زۆر ورد بوو لە لێکۆڵینەوەی ئەو راپۆرتە بازرگانیانەی کونسوڵی ئەڵمانی لە موسڵ نوسیبووی، هەروەها لەو زانیارییە گرنگانەش کە لە کتێبەکەی (کینیت Cuinet)دا بە (ناوی تورکیای ئاسیەوی Le Turquied’ Asie) هاتبوو.

لە راپۆرتی کونسوڵی ئەڵمانیدا گوترابوو کە ناکرێ موسڵ لە بەشەکانی باکووری دابڕدرێ و بازرگانی راستەوخۆش لەگەڵ تورکیا تاڕادەییێ هەر بوونی نییە.

هەردوو رێگای سەرەکی بازرگانی لەگەڵ بەغدا و کەنداوی فارسدا بوو، تەنانەت لەگەڵ سووریاشدا چونکە رێگەکان کەم بوون. ئەو ژمارە هەمەلایەنەی تەفاسیلی هێنان و بردنی ماددەکانی خۆراکی تێدا تۆمارکرابوو وێنەیەکی زۆر روونی بارودۆخەکە بوو ئەمەش ئەو ئەنجامانە بوون کە (پاولس) پێیان گەیشتبوو بازرگانی لەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە دوو رێڕەوی هەیە یەکەم کە زۆر گرنگە بەرەو بەغدا و دووەم بەرەو سووریا، تەنها چەند ناوچەیێك نەبێ لە ئەوپەڕی باکوور کە پەیوەندییان لەگەڵ تورکیادا هەبوو. دەربارەی موسڵیش ئەگەر لە

عیراق جیابکرێتەوە بارە ئابوورییەکەی زۆر خراپ نابێ بە بەراورد لەگەڵ ئەو شارانەی دەکەونە باشووری، چونکە ئەمان تەنها ناوچەی بازرگانییان بەغدایە بۆیە ئەگەر جیا بکرێتەوە حاڵیان خراپ دەبێ.

بەشی ئابووری راپۆرتەکە دەگاتە ئەوەی کە باشترین چارەسەر ئەوەیە موسڵ بەدەست عیراقەوە ببێ، بەڵام دەکرێ هەندێ ناوچەی ئەوپەڕی باکووری لێ دابڕدرێ کە لەو رووەوە بایەخێکی کەمیان هەیە بۆ عیراق. لە راپۆرتەکەدا راسپاردەیەکی دیکە هەیە بۆ ئەنجوومەن ئەگەر ویستی دابەشی بکا، ئەو هێڵەی دیاریی کردووە دەکەوێتە باکووری رێی بچووك. پاشان راپۆرتەکە باسی ئەو هۆیە ستراتیجیانەی کردبوو کە عیراق والێدەکا حەز بە دابەشکردن نەکا.


بەشی کۆتایی راپۆرتەکە بەشی سیاسی بوو کە خاوەنی ئەم یادداشتانە نوسیبووی. من بە دوورو درێژی باسی کۆمەڵە نەتەوەیەکان و دابەشبوونی جوگرافیانم کردبوو لە ویلایەتی موسڵ و گەیشتبوومە ئەم ئامانجانە:

هەڵوێستی یەکەی —وحدە— لێوای سلێمانی ئیداری هیچ کێشە و ناڕوونییەکی تێدانییە، ناوچەکە تەنها کوردی تێدا دەژی و ژمارەیان (١٩٠٠٠٠) لەوانە (٧٥ عەرەب و (١٥٥٠) جوولەکە، لێژنەکە بۆی روون بووەوە کە نزیکەی هەموو دانیشتووانی دەیانەوێ سەر بە عیراق بن. بەڵام ئەم ویستە لەوەوە نەهاتووە کە گوزارە لە لایەنگری تایبەت بێ بۆ حکوومەتێکی عەرەبی بەڵکو ئەوان حوکمێکی زاتی فراوانیان دەویست کە لە هەموو بوارێکدا زمانی کوردی بەکاربهێنرێ هەروەها بە پشتگیرییەکی بەهێزی ئینگلیزیش لە ناوچەکەدا. لەو ناوچەیەدا ئێمە شایەتی بزاڤێکی نەتەوەیی کوردی لاو بووین، بەڵام ماقوڵیش بوو و ئاواتی سەربەخۆییێکی تەواو بوو، بەڵام بە چاودێری و سەرپەرشتی رۆشنبیری و ژیار —حضاری—ی ئەورووپا. لێهاتوویی ئیدارییە ئینگلیزەکان لە حوکم کردنی ناوچەکە زۆر بە روونی دیاربوو ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی رێزیان لێ بگیرێ و پایەیان —مکانە— پتەو بێ.

لە یەکەی —وحدە— لیوای کەرکووکی ئیداری بیروڕاکان کەمتر لێك دەچوون و بە زەحمەت شی دەکرانەوە. دانیشتووانی ئەوێ بریتی بوون لە چەند نەتەوەییێك، جگە لە (٣٧٠٠٠) عەرەب (٤٨٠٠٠) کورد و (٢٦٠٠٠) تورك و (٢٥٠٠) مەسیحی لێ بوو.

مەسیحییەکان هەموویان عیراقیان دەویست هەچەندە هەندێ تایەفەیان ویستی دیکەیان هەبوو. تورکەکانیش کە لە مەڵبەندی لیواکە (کەرکووك)





هەولێر ١٩٢٥
ڤیرسین وێنەکەی گرتووە

دەژین، هەروەها لەو شارۆچکانەشدا (قصبات) کە لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەن لە هەولێر و پردێ و کەرکووك، هەر هەموویان حەزیان دەکرد بخرێنە پاڵ تورکیا، جگە لە بەشێکی کەم کە حەزی دەکرد لەگەڵ عیراق بمێننەوە ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی ئابووری بوو. ڕاکان لای عەرەب و کوردەکان جیاوازبوو. ژمارەییێکی زۆریان تورکیایان دەویست، بەڵام سەرەك هۆزە کوردەکان کە حەزیان دەکرد لەگەڵ عیراقدا بن مەبەستیان هەبوو وەك سەرنجیشماندا زۆربەیان مووچەی لە حکوومەتی عیراق وەردەگرت بۆ پاراستنی ئاسایش لە عیراقدا. لە یەکەی —وحدە— لیوای هەولێری ئیداری کوردەکان زۆرینەی ڕەهان —الاغلبیة المطلقة— لەوێ زیاتر لە (١٧٠٠٠٠) کورد و (١٢٠٠٠) عەرەب و کەمتر لە (٣٠٠٠) تورك و نزیکەی (١٤٠٠٠) مەسیحی و لە (٣٠٠٠) کەمتر جوولەکە.

لەگەڵ ئەم یەکەیەدا شاری کۆیە و دەوروبەری هەبوو ڕای خەڵکەکەی و مەبەستیان هەمان شت بوو کە خەڵکی سلێمانی داوایان دەکرد، کۆی دانیشتووانی (٦٠٠٠٠) کەسە و زۆرینەی ڕەهایان کوردن و سەکردەکانیشیان ڕادەیەکی بەرزی ڕۆشنبیریان هەبوو.

لە شاری هەولێر مەیل بەلای تورکدا زاڵ بوو، بەڵام هەندێکیان لەگەڵ عیراقدا بوون، زۆربەشیان حوکمی تورکیان لە حوکمی عەرەب پێ باشتر بوو. لە ناوچەکانی نزیك سنووری تورکیا کۆمەڵە دانیشتوانێکمان بینی کە کەس گوێیان پێ نادا و زەحمەتیش بوو بزانین چییان دەوێ.

لە یەکە —وحدە—ی لیوای موسڵی ئیداری تێکەڵ بوونی نەتەوایەتی لە هەموو ناوچەکان ئاڵۆزتر بوو. (١٢٠٠٠٠) عەرەب، لەوانە (٧٤٠٠٠) هەزاریان لە شاری موسڵ بوون، بەرامبەر (٨٠٠٠٠) کورد و (١٠٠٠٠) تورك و (٥٥٠٠٠) مەسیحی کە (١٩٠٠٠) لە شارەکە دەژین، هەروەها (٢٦٠٠٠) (شەیتان پەرست!!) و نزکەی (٨٠٠٠٠) جوولەکە کە نیوەیان لە موسڵ دەژین.

زۆرینەی عەرەب عیراقیان دەویست و ئەندامانی پارتی —الاستقلال—ی بەهێز ئاواتیان بە عیراقێکی سەربەخۆ دەخواست و هەوڵیان دەدا پەیمانی ئینگلیزی عیراقی هەڵبوەشێننەوەو بە زووترین کاتیش. هەندێ لە عەرەبەکان گووتیان تورکیایان لە عیراق پێ باشترە لەژێر حوکمی ڕاوێژکاری ئەورووپیدا.

ئەگەر دابەشبوونی کۆمەڵایەتی هەموو ئەوانەی بیروڕای خۆیان دەربڕی لەبەرچاو بگرین، دەگەینە ئەم ئەنجامە کە ژمارەییێکی زۆر لەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە بۆ



ئەنجوومەنی شارەوانی لەگەڵ ئەوانەی خوار هەژدە ساڵی و جگە لە پیاوانی ئایینی ئیسلامی، ئەمانە لەگەڵ حوکمی عەرەبیدا بوون. لەکاتێکدا کۆمەڵانی چینە هەژارە کە تورکیای پێ باشتر بوو و هەست و سۆزێکی قووڵیان بۆی هەبوو. هەستی دژایەتی کردنی بێگانە و غەیرە عەرەب لای عەرەبەکان ڕوون بوو. نەدەکرا دڵنیابین لە ئاوات و ویستی کوردەکان لە ویلایەتەکە لەبەر ترس لە حکوومەت لەلاییێك و لە لاییێکی دیکەوە لەوەش دەترسان کە عەرەب دژایەتی هەموو بێگانە و ئەوانەی کە عەرەب نین بکەن. دەتوانین بڵێین کە هەستی نەتەوەیی و ئاواتەکانی کوردەکان لێرە زۆر دیار نەبوو وەك ئەوەی لە بەشەکانی باشووری ویلایەتدا دەردەکەوت.

تورکمانەکان لایەنگری ئەوەبوون ویلایەتەکە بخرێتە سەر تورکیا و زۆریش پەرۆش بوون بۆ ئەمە و خەڵکی تەلەعفەر خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست بۆ ئەم مەبەستە، هەرچەندە هێزێکی سەربازی لەوێ هەبوو و چاودێری جموجۆڵی ئەوانی دەکرد. (شەیتان پەرستەکان!!) حکوومەتێکی عەرەبان پێ باش بوو بە مەرجێ لەژێر منداتی —انتداب— ئەورووپیدا بێ. مەسیحی و جوولەکەش هەڵوێستیان ڕوون بوو. ئەوان حوکمی عەرەبیان دەویست، بەڵام ترسی خۆشیان لە حکوومەتێکی عەرەبی تەواو —خالص— بەبێ چاودێری ئەوروپا نەدەشاردەوە.

دوو ناوچە هەبوو زەحمەت بوو پێی بگەین، یەکەمیان ئەو ناوچەیە بوو کە هێزەکانی شێخ مەحموود کۆنترۆڵیان کردبوو کە لەوێشەوە سەرکردایەتی شۆڕشێکی چەکداریی دەکرد دوومیشیان ئەو ناوچە دوورانە بوون کە دەکەوتنە ئەوپەڕی باکوور کە لەبەر خراپی باری ئاو و هەوا زەحمەت بوو بگەینە ئەوێ.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕوونی کردەوە کە هەست کردن بە دڵسۆزی —ولاء— بۆ عیراق هەر نییە مەگەر لای هەندێ عەرەب نەبێ و هەستی کوردەکانیش کوردییە و عیراقی نییە.

مرۆڤ لای کوردەکان هەستی بە بوونی هەستێکی نەتەوەیی گەشەکردوو دەکرد کە تا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات بڕۆیت گەشە دەکا. لەوێ هەستی نەتەوەیی لەو ناوچانەی نزیك موسڵ و ئاکرێ بوون بەهێزتر بوو. لاوازیی هەستی نیشتمانی عیراق لەو مەرج و تەگەرانەوە دەردەکەوت کە ئەو کوردانەی لایەنگری عیراق بوون باسیان دەکرد و داویان دەکرد.

هەندێ لە عەرەبەکان تورکیایان لە عیراقێکی ژێرمانداتی —انتداب— ئەوروپی لاباشتر بوو. دەتوانین بڵێین کە لایەنگری عیراق بەهێز نەبوو، بەڵام ئیدیعای تورکەکان کە زۆربەی دانیشتووان هاونیشتمانی تورکیان لاباشترە ئیددیعاییێکی بۆش بوو و لە واقیعدا هیچ رەواڵەت و سێبەرێکی نەبوو. ئەگەر سلێمانی جیا بکەینەوە هیچ شوێنێکی دیکە لە ویلایەتەکەدا راییێکی یەکگرتوویان نەبوو. توانیشمان لاوازی و بێ بنەمایی قسەکانی تورکیا ببینین دەربارەی ویستی هەموو دانیشتوانی ویلایەتەکە. هەروەها ئەوەشمان بۆ ئیسپات نەبوو کە ئینگلیزەکان باسیان دەکرد دەربارەی ناوچە و نەتەوە جیاجیاکانی هەرێمەکە.

بەشێك لە راپۆرتەکە بۆ کێشەی ئاشوورییەکان تەرخان کرابوو، بەڵام ئێمە قبووڵمان نەکرد لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنە و دووردرێژ —مفصل— دەربارەیان بکەین لەبەر چەند هۆیەك کە ئێرە جێی باسکردنیان نییە، بەڵام پێشنیارمان کرد ناوچەییێکی دیاریکراویان بۆ تەرخان بکرێ تاکو تیایدا نیشتەجێ بن بێ ئەوەی هیچ پارچەییێك لە تورکیا جیابکرێتەوە وەك بەریتانییەکان ویستیان.

راپۆتەکەمان بەوە کۆتایی پێ هێنا کە گووتمان بەرژەوەندیی ویلایەتەکە لەوە دایە بەڕای ئێمە کە لەت نەکرێ و یەکیەتییەکەی بپارێزرێ و لەبەر هۆی ئابووریش دەبێ بخرێتە سەر عیراق. بەڵام ئەگەر کۆمەڵی گەلان ویستی لەبەر هۆی تایبەت پارچە پارچەی بکات، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە زێی بچووك باشترین سنوورە. هەروەها پێشنیاری ئەوەشمان کرد کە کۆمەڵگەی گەلان سەرپەرشتی مانداتی —انتداب— وڵاتەکە بکا بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ. من بۆ خۆم بە ماوەییێکی درێژی دەزانم. هەروەها راسپاردەی (توصیە) ئەوەشمان کرد کە ئاواتی کوردەکان لەبەرچاو بگیرێ و روونمان کردەوە کە زۆربەیان لە حاڵ و بارێکی دیکەدا بن جگە لەوەی ئێستا، دەسەڵاتی تورکیان پێ باشترە لە عەرەب.

لە کۆتاییدا هەندێ دەست پێشخەریمان پێشنیار کرد لە بواری بارزگانیدا.

کارەکەمان بایی ئەوەندەی من تێی بگەم رۆڵی خۆی گێڕا لە بەهێزکردنی ئاشتیدا .

لە سەرەتای کارکردنماندا هەوڵماندا رێ بگرین لەوەی تورکیا تووشی جەنگ ببێ بە هۆی موسڵەوە، بەڵام لە پێناو پاراستنی ئاشتی و بەمەبەستی بەهێزکردنی دەوڵەتی عیراق پێشنیاری ئەوەمان کرد کە هەموو بەشەکانی یەکگرتوو بێ و کۆمەڵی گەلانیش رەزامەندی (مصادقە) لەسەر هەبێ.



زۆر زەحمەت بوو زەمینەیەك بدۆزینەوە کە هەمووومان لەسەری رێك بین، بۆیە لە زۆر مەسەلەدا سازشمان (مساومە) کرد تا گەیشتینە چارەسەرێ هەمووان لێی رازی بن و زۆر شادمانم کە رایەکانی من لە لایەن (چمبرلین)ەوە پشتگیری بکرێ و لێی رازی بێ کاتێ کە لە باخچەی ماڵی بەڕێز (اریك درومond) دانیشتبووین و قسەمان دەکرد و بۆ ماوەییێکی زۆر کە تا نیوە شەوی خایاند دەربارەی کێشەی موسڵ، لە هەمانکاتدا وردبین (مدقق) دانرابوو چاودێریی ئێمەیان دەکرد و ئاگایان لە کارەکانمان بوو، بەڵام وەك رێزێك بۆ ئێمە دووراو دوور ئەمەیان دەکرد.

هەروەها شادمانیش بووم بەوەی پاش چەند ساڵێ لە بەڕێز (رامسی ماکدونالد)م بیست کە پێشنیارەکانمان تاڕادەییێکی زۆر بەبایەخ و وردبوون.

ی. إف. ڤیرسین



**سی. جی. إدموندز**

ئەمە دوو فەسڵی دوایی کتێبەکەیەتی ((کرد، و ترك و عرب: سیاسة‌ت و رحلات و بحوث عن الشمال الشرقي من العراق ۱۹۱۹ – ۱۹۲۵)).

- کورد و تورك و عەرەب: سیاسەت و گەشت و توێژینەوە دەربارەی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق ۱۹۱۹-۱۹۲۵.

Kurds, Turks, and Arabs: Political, Travel and Research in North Eastern Iraq 1919-1925.

کە لە ساڵی ۱۹۵۷ چاپکراوە

ئەم دوو فەسڵە لە وەرگێڕانی کتێبەکەیە کە ئێمە وەرمانگێڕاوە، چاپی یەکەم ۱۹۷۰ و چاپی دووەم ۱۹۹۹.

## لیژنەی مووسڵ

**- ١ -**

خوێنەر لەبیریەتی کە ڕێککەوتننامەی لۆزان کە لە ٢٤/ی تەمووزی ١٩٢٣دا مۆرکرا، مۆڵەتی نۆ مانگی دابوو بەو لایەنانەی ئیمزایان کردووە بۆ ئەوەی کێشەکە ئاشتیانە چارەسەر بکەن. ئەوە بوو بە رەسمی لە ٥/ی تشرینی یەکەمدا دەست بە وتوویژی دوولایەنە کرا بە یادداشتێکی بەریتانی کە پێشکەشی حکوومەتی تورکیا کرا، پاشان ڕێککەوتن کە لە نۆ مانگی داهاتوودا دەست پێبکەن بەڵام وتوویژی فیعلی لە ١٩/ی ئایاری ١٩٢٤ دەستی پێکرد، ئەم دواکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیێکی جیاجیا، وەفدێکی بەریتانی بە سەرۆکایەتی (السر پرسی کوکس) و ئەندامیەتی —النقیب— (ر. ف. جاردین R. F. Jardine) یاریدەدەری (مفتش)ی ئیداری لیوای مووسڵ کە لەساڵی (١٩١٩)ەوە ئەو فەرمانەی بەڕێوەدەبرد و لێکۆڵینەوەییێکی تایبەت، جوگرافی و مرۆیی سەبارەت بە دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان ئامادەکردبوو، گەیشتە ئەستەنبوڵ.

دەسەڵاتی بەریتانی لەم ماوەیەدا سەرقاڵی کێشەییێکی ترسناك بوو ئەویش کێشەی (النساطرە) مەسیحییەکان بوو کە بە (اشوری)یەکانی دانیشتووی چیاکانی هەکاری ناویان دەرکردبوو، ئەم هەرێمە ویلایەتێکە دەکەوێتە باکووری ویلایەتی مووسڵ. لە بەهاری ١٩١٦دا ئەم جەنگاوەرە شاخاوییە ئازایانە راپەڕینیان دژی حکوومەتی تورکی کرد بە هاندانی فەرماندەی سوپای رووسیای هێرشبەر، بەڵام کشانەوەی هێزەکە ئەمانی بە تەنیا هێشتەوە لە مەیدان و کەوتنە بەر شاڵاوی رق و کینەی حکوومەتە شەرعییەکەیان، ئیتر ناچار بوون خۆیان و خێزانەکانیان کۆچ بکەن بەرەو ئێران، بەڵام چەکەکانیان هەر پێ بوو و دەکشانەوە و شەڕیشیان دەکرد، لەژێر فەرماندەیی سوپای رووسیادا مانەوە تاکو سوپای ئیمپراتۆری لەبەر یەك هەڵوەشایەوە و ئەمانیش تاقە یاریدەدەریان لەدەست چوو لەگەڵ نەمانی بژێوی ژیان، بۆیە (٣٥ هەزار)یان کە زۆربەیان خەڵکی هەکاری و چەند سەدێکیان لە ناوچەی ئامێدییەوە لە ئەوپەڕی باکووری سنووری ویلایەتی مووسڵ لەگەڵ چەند هەزار کەسێ لە ئێرانییەکانی دانیشتووی گوندەکانی دەشتی ورمێ، ئەمانە هەموو بە پارێزگاری هێزەکانی بەریتانیا کە هێشتا لە رۆژئاوای ئێراندا بوون، بران و خرانە سەربازگەییێکی گەورەی پەنابەران لە بەعقوبە



کە سی میل لە باکووری بەغداوە دوورە. لە ماوەی چوار ساڵدا (١٩١٩-١٩٢٣) زۆربەی ئەوانەی رەگەزنامەی تورکیان هەبوو لەوانە (٧٠٠٠-٨٠٠٠) کەس لە باشووری هەکاری لەسەر سنوور نیشتەجێ بوون چونکە لەو شوێنەدا دەسەڵاتی تورکی نەبوو نەیدەگەیشتێ. هەندێکی دیکەیان لەبەری عیراق لەودیو سنوور نیشتەجێ کران و ژمارەییێکی زۆریان خرانە ناو هێزی لیڤی عیراقی و لەژێر فەرماندەیی ئەفسەری بەریتانیدا. کە هەردوولا دانیشتن بۆ باسکردنی مەسەلە و بابەتی کێشەکە، نوێنەری تورکیا داواکاریی حکوومەتەکەی دیاریی کرد کە گەڕانەوەی هەموو ویلایەتی مووسڵ بوو، (السر پرسی کوکس)یش داواکاریی خۆی دیاری کرد، هێڵێکی سنوور کە زۆر لە سنووری ویلایەت دوور دەکەوێتەوە بەرەو باکوور، ئەمەش مانای وایە کە هەموو وڵاتی ئاشوورییەکان لە ناو عیراقدا دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەو بەشەی کە پێشتر گەڕابوونەوە بۆی، ئەمەش لە هەموو ئەو پێشنیارانە زیاتربوو کە لە لۆزان باسکرابوو و کەسیش ئامادە نەبوو یەك ئینج لە هەڵوێستی خۆی بێتە خوارەوە. لە ٥/ی حوزەیراندا کۆنگرەکە بێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێك کۆتایی پێ هێنرا و لە ٦/ی ئاب واتە دوای تێپەڕبوونی یەك مانگ بەسەر ئەو مۆڵەتەی لە ڕێککەوتننامەکەدا دیاری کرابوو، حکوومەتی بەریتانیا کێشەکەی خستە بەردەم کۆمەڵی گەلان.

لە هەمان کاتدا و لەبەر ئەو دۆخە سەختەی سیاسەتی چالاکی شێخ مەحموود خولڤاندی لە هاتنە ناوەوەی ئەو ناوچانەی لێی قەدەغەکرابوون، نوێنەری باڵا دووبارە هاتەوە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە دەبێ بەهێزی پیادە سلێمانی داگیر بکرێ، ئەمەش لە ناوەڕاستی تەمووزدا جێبەجێ کرا کاتێ (رتل)ێ لە سوپای عیراق بە یارمەتی هێزی پۆلیس و یەکەیێك لە (لیڤی)ی (آشوري)یەکان و پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی سلێمانی گیرا و (چایمن)یش دەسەڵاتی سەرپەرشتی کردنی ئیدارەی درایێ و وەك دەسەڵاتی (متصرف)یش کە پابەند بێ بە فەرمانەکانی حکوومەتی عیراق، بەڵام بۆ ماوەییێك پەیوەندیی بە نوێنەری باڵاوە دەبێ و فەرمان لەوەوە وەردەگرێ.

لە سەرەتای مانگی ئابدا تورکەکان بڕیاریاندا کە دەسەڵاتی خۆیان قایم بکەن لە هەکاریی باشوور و لە چەندین بۆنەشدا لەبەر کۆمەڵدا ناڕەزاییان دەربڕیبوو سەبارەت بە کردەوە ئاسمانییە جیاوازەکانمان و بزاڤە سەربازییەکانمان بۆ رەواندز و سلێمانی بەڵام تووشی شکست هاتن. (اشوری)یەکان کە بەو دواییە گەڕابوونەوەو لە هەردوو بەری ئەو ڕێگەیەی (جولەمیرگ)ی دەبەستەوە بە مەڵبەندی ناحیەی (چال) نیشتەجێ بووبوون، والی هەکارییان لەکاتی

سەردانەکەیدا بۆ مەڵبەندە ئیدارییە بچووکە، گرتبوو، بەڵام ئێمە یەکسەر و بە پەلە بەرماندا، بەڵام تورکەکان بەرامبەر بەم کارە هێزێکی سەربازییان لە (جزیرە ابن عمر) کۆکردەوە و لە رووباری هیزل پەڕینەوە و هاتنە ناو خاکی عیراق بە دووری چەند میلێك لە زاخۆوە و بەردەوام بوون لە هاتنە پێشەوەدا هەرچەندە هێزی ئاسمانی بەریتانی بەرەنگاریشیان بوو.

لەو ماوەیەی لە ناوچە شاخاوییەکانی سنووری ویلایەتی مووسڵدا بوون کە چەند رۆژێکی خایاند پێش ئەوەی بکشێنەوە بۆ ناوچەی (چال) هەشت هەزار (اشوری)یان دەرکرد و دووبارە وەك پەنابەر خۆیان لە عیراق دیتەوە.

کۆمەڵ لە پاییزی ئەو ساڵەدا دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەو کێشەیەی خرابووە بەر دەستی، لەگەڵ هەموو ئەو ناڕەزاییەی هەردوولا دەریان بڕیبوو سەبارەت بە چالاکی سەربازیی لایێك دژی لایەکەی دیکە. لە ٣٠/ی ئەیلولدا ئەنجوومەنی کۆمەڵ ئەم بڕیارەیدا: هەردوولا پێشتر بەڵێنی ئەوەیان دابوو کە هەر بڕیارێ ئەنجوومەن دەیدا سەبارەت بەو مەسەلەیەی خراوەتە بەردەمی ئەوان قەبووڵی دەکەن، هەروەها بەڵێنی ئەوەشیان دابوو کە هیچ کامێکیان هیچ کردەوەیەکی سەربازی نەکەن بە مەبەستی گۆڕانکاری دروست کردن لەو بارودۆخەی هەیە. ئەنجومەن بڕیاری ئەوەشیدا لیژنەییێکی تایبەت پێك بهێنێ لە مەسەلەکە (-موقعیاً- لە هەمان شوێن کە کێشەکەی تێدایە) بکۆڵێتەوە راسپاردە پێشکەش بکا بۆ یارمەتیدانی ئەنجومەنی کۆمەڵ تاکو بتوانێ بگاتە چارەسەرێ.

ئەو بەڵێنانەی پەیوەست بوون بە کردەوەی سەربازی دووبارە ئەو گرفتانەی زیندوو کردەوە و کێشەی دیکەی تازەشی هێنایە ئاراوە سەبارەت بەوەی کام (وضع راهن-بارودۆخ) کە هەیە-) دەبێ پارێزگاری لێ بکرێ، ئایا بارودۆخی ٢٤/ی تەمووزی ١٩٢٣یە (وەك بەریتانیای مەزن داوا دەکا) یان بارودۆخی ٣٠/ی ئەیلولە (وەك تورکیا داوا دەکا)؟ پاشان ئەگەر لایەنێکیان رەواندز و سلێمانی داگیر بکا و سەربازەکانی لایەنەکەی دیکەش هەکاری داگیر بکا، دەبنە هۆی گۆڕانی هەر بەشێ کە لە بەرژەوەندی لایەنەکەی دیکە نییە، یان ئەمە بە کردەوەیەکی پۆلیسی ناوخۆیی دادەنرێ؟

کۆبوونەوەیەکی نائاسایی گرنگ –فوق العادە–ی ئەنجوومەنی کۆمەڵ لە (بروکسل) کرا بۆ لێکۆڵینەوە لە ناڕەزاییە نوێیەکان. لە دواییدا لە ٢٩/ی تشرینی یەکەمدا هەردوو حکومەت رازی بوون هێزەکانیان بکشێنەوە بۆ ئەم بەرو ئەوبەری ئەو هێڵەی نوێنەری بەلجیکی (مسیو برانتنگBranting) پێشنیاری کردبوو، ئەم هێڵەش بەدرێژایی ئاوەڕۆی رووبارەکاندا دەکشێ



نەك لووتکەی چیاکان کە لە راستیدا جووتە لەگەڵ سنووری کۆنی ویلایەتەکە لە نێوان مووسڵ و هەکاری. بەم بڕیارە رێگە خۆش کرا تاکو لیژنەی لێکۆڵینەوە کارەکانی خۆی ئەنجام بدا.

بەغدا هاوینێکی پڕ کێشەی بینی، وتووێژ لە ئەنجوومەنی دامەزراندندا دەربارەی رێککەوتننامەکە تا مانگی ئایار درێژەی کێشا و لەم بارودۆخەی کۆبوونەوەی نهێنی و خۆپێشاندانی پڕ هەرا ئاگرەکەی خۆش کردبوو دوژمنایەتەکی توونديشی بە دیارخست، حکوومەتی بەریتانیا بڕیاریدا کە مۆرنەکردنی رێککەوتننامەکە تا کۆتایی ١٠/ی حوزەیران وای لێدەکا هەنگاوی دیکە بنێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەندی بە عیراقەوەیە و لەلایەن هەیئەی گشتی کۆمەڵی گەلانەوە بڕیاری لەسەر دراوە. لە دوا ساتدا (٦٩) نوێنەر لە کۆی (١٠٠) نوێنەری ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندن ئامادەی دوا دانیشتن نەبوون و پێش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی بۆیان دیاری کرابوو واتە لە نیوەشەودا رێککەوتننامەکە مۆرکرا بە زۆرینەی (٣٩) دەنگ بەرامبەر (٢٤) و (٨) کەسیش دەنگیان نەدا. نوێنەرەکانی لیوای سلێمانی و کەرکووك و هەولێر و قەزاکانی لیوای مووسڵ گوێیان نەدا بە هیچ هەڕەشە و ترساندنێ کە زۆرینەی ئەو سی و نۆ دەنگەیان پێکدەهێنا و رێککەوتننامەکەیان مۆرکرد. بەڵام ئەم بڕیارە (تحفظ)ێکی تێدابوو ئەویش ئەوەبوو کە ئەگەر حکوومەتی بەریتانیا مافی عیراق لە هەموو ویلایەتی مووسڵدا نەپاراست، هەڵدەوەشێتەوە و (باطل) دەبێ. پاشان ئەنجوومەنی دامەزراندن یاسای بنەڕەتی (دەستوور) دەرکرد لەگەڵ یاسای هەڵبژاردن، ئیتر ئەنجوومەن هەڵوەشێنرایەوە و رێککەوتننامەکە بە رێوشوێنی ئاسایی مۆرکرا و مەلیك جورج لە ١٠/ی تشرینی یەکەمدا ئیمزای کرد و مەلیك فەیسەڵیش لە ١٢/ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٤دا ئیمزای کرد.

لەو کاتەی کە من لە کەرکووك نەبووم رووداوێکی ناخۆش روویدا. لە ٤/ی ئایاردا و ئەنجامی کێشەییێکی تاکەکەسی (فردی) کە لە نێوان فرۆشیارێك –بائع– و سێ کەس لە (لیڤی)ی ئاسووری (لە پاییزی رابوردوودا سیخیان هێنایە جێی ئەوان) لەسەر نرخی شتێکی ئاسایی بووە هۆی ئەوەی دوو سریە یاخی بن لە فەرمان و رەشاش بەکاربهێنن و پەنجا کەس لە خەڵکی کەرکووك بکوژن و ژمارەییێکی زۆر لەمە زۆرتریش بریندار بکەن تاکو ئەفسەرە بەریتانییەکانیان توانییان بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن. بۆ رۆژی دوایی خەڵکانێکی تووڕە و چەکدار هێرشیان کردە سەر گەڕەکە کۆنەکەی مەسیحییە کلدانییەکان و ماڵەکانیان تاڵان کرد و ژمارەییێکیان لێ کوشتن. بەداخەوە ئەو لیژنەیەی پێکهێنرا بۆ ئەوەی لەو مەسەلەیە

بکۆڵێتەوە نەیتوانی بەرپرسیاریەتی هیچ کام لە ئەندامانی (لیڤی) دەست نیشان بکات، بۆیە حکوومەتی عیراقی و رای گشتیش قەناعەتیان وابوو کە دەسەڵاتدارانی بەریتانی تاوانبارە ئاسوورییەکان دەپارێزێ. ئەوە بوو یەکسەر فەوجی یەکەمی پیادەی (إنسکیلینگ Inskilling)ی شاهانە بە فڕۆکە لە بەغداوە ڕەوانەی ئەوێ کرا تاکو کێشەکە بەربەست بکا، شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە (السیخ)یش لە کفرییەوە بە فڕۆکە لە کانوونی دووەمی ۱۹۲۳دا گوازرابوونەوە بۆ کەرکوك. بەڵام فەوجی (إنسکیلینگ) هەمیشە شانازی بەوەوە دەکا کە یەکەم فەوج بوو لە مێژووی جەنگدا کە سەربازەکانی بە فڕۆکە گوازرانەوە و ڕاستەوخۆ لە مەیدانی ڕووداوەکەدا داگیران و ئامادەش بوون بۆ ئەوەی یەکسەر دەست بە شەڕ بکەن.

کە لە پشوو گەڕامەوە بۆ عیراق بە هەمان ڕێگەی بیاباندا گەڕامەوە کە ترومبێلی پۆستەی پێدا دەڕۆیشت لە بەیروتەوە بۆ ڕەمادی و بە دیمەشقدا تێدەپەڕی. لە ۱۵/ی تشرینی دووەمدا گەیشتمە بەغدا و لە مەخفەری گومرکدا نامەیێك لە (الليدى دوبس)ەوە چاوەڕێی دەکردم کە تیایدا داوەتی دەکردم لە ماڵی نوێنەری باڵادا میوان بم و (السر پرسی لورین)ی وەزیری بەریتانی لە ئێران و خێزانەکەی میوانی هەمان ماڵ بوون، ئەو سەفەری کردبوو بۆ باشووری ئێران بۆ ئەوەی هەوڵ بدا جۆری ئەو پەیوەندییە دیاری بکا لە نێوان ئێران و شێخی (المحمره) سەرکردەی عەرەبی نیمچە سەربەخۆ کە پاڵفتگەکانی نەوتی کۆمپانیای ئەنگلۆ ئێرانی (عبادان) دەکەوتنە ناوچەی دەسەڵاتی ئەوەوە، دوای ئەوەی ڕەزاخان سەرەك وەزیرانی ئێران دوای مانگێ خۆی کردبوو بە شای ئێران، ئەو ناچەیە جگە لە پالفتگەکانی نەوت چەندین میل بۆڕی نەوتی پێدا تێدەپەڕی. دوای ئەوە وەزیر هاتە بەغدا بۆ ئەوەی لە مەسەلەی پەیوەندییەکانی سنوور و کێشەکانی دیکەی هەڵپەسێردراوی نێوان هەردوو دەوڵەت، بکۆڵنەوە کە لەوانەیە هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ لێك نزیك کردنەوەیان ببێتە هۆی چارەسەر کردنیان.

دوای یەك هەفتەی زۆرخۆش لە میوانداریی (دوبس) گەڕامەوە کەرکووك دوای ئەوەی حەوت مانگ دەبوو نەچووبوومە ئەوێ شەمەندەفەرەکە تا (توزخورماتو) هاتبوو و سکەکەشی بە سەرپەرشتی ئەندازیاری زیرەك (إليك هولت) گەیشتبووە دەوروبەری کەرکووك. بەڵام من پێم باش بوو سەفەرەکە بە ترومبێلەکەم تەواو بکەم کە لە وێستگەی (قەرەغان) لەسەر سنووری لیواکەم چاوەڕێی دەکردم. گەشتێکی زۆر ناخۆش و بێزارکەرم تووش بوو لەو ڕێگە لمینە (رملی)ی کە قیرتاو نەکرابوو ئەمە جگە لە گەردەلوولێکی توونـد و پاشان بابێکی لەو خراپتر هەڵی کرد کە خەریك بوو بخنکێین چونکە ئەوەندە لم و تەپ و تۆزی کرد بە سەرمانا لە پێنج



یاردە زیاتر چاومان بڕی نەدەکرد، هەرچەندە لەسەرخۆش بڕۆیشتینایە ئەستوورایی هەوری تەپ و تۆزەکەی دەوروبەرمان زیاتری دەکرد و بارانیش هێشتا نەباریبوو. ئیتر میل لە دوای میلمان دەبڕی لە دەشتێکی بۆری بێ ڕەنگ کە هیچ ڕەنگێکی تێدا نەبوو چاو ئیسراحەتی پێ بکا هەرچەندە کەمیش بوایە. جیاوازییەکە لەگەڵ دەشتی ئینگلیزیی جوان کە بە جێم هێشتبوو یەکجار زۆربوو، بۆیە کەمێك دڵم تەنگ بوو و هەستم بە (كأبە) کرد.

بەڵام ئەوەی دڵی خۆش کردم ئەو پێشوازییە گەرمە بوو کە لەسەر ڕێ چاوەڕێی دەکردم. ڕێ و شوێنی ئاسایی پێشوازی هێشتا لە لیواکانی باکووردا باوی ماوە لە کاتێکدا لە باشوور کە زیاتر (واقعی)یانەن باوی نەماوە. فەرمانبەرەکانی کفری و (طوز) و (طاووق) گوێیان بە ڕەشەبا لمینەکە نەدا و هەر یەکە و لە سنووری قەزاکەی خۆیدا دەرچووبوونە پێشوازیم لە (تازە) کە (۱۲) میل لە کەرکووکەوە دوورە (مجید الیعقوبی) کە دوای (فەتاح پاشا)ی پیر کرابوو بە (متصرف)ی کەرکووك، خۆی و چەندین فەرمانبەر و خەڵکی دیکەش لە عیراقی و بەریتانی لە پێشوازیمدا بوو.

((سرب))ی سی هەر هەمووی لە کەرکووك بوو و ئێستا ئەو سربە لە ژێر فەرماندەییی (روب Robb)دا (ئێستا مارشالی ئاسمانی گەورە-السر جمس روب-) کە کاتێ گوازرایەوە لە پرۆسەکانی گەیاندنی (تعزیزات)ی تایبەتدا بە فڕۆکە من لەگەڵیدا فڕی بووم و ناسیبووم، بەڵام ئەم پەیوەندییەمان زیاتر و بەهێزتر بوو و لەسەر بنەمای ڕێز و لێك گەیشتن کە هەمان پەیوەندیم لەگەڵ (کنکید)یشدا هەبوو، هەر لەبەر ئەمەش پەیوەندیی نێوان هێزی ئاسمانی و دەستەی ئەفسەرە سیاسییەکان زیاتر و بەهێزتر بوو.

(چاپمان) دووبارە وایلێهات کە فەرمان لە منەوە وەربگرێ، پێشتر کە کرابوو بە (متصرف)ی سلێمانی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ نوێنەری باڵادابوو، منیش یەك ساتم بە فیڕۆ نەدا و یەکسەر بە فڕۆکە سەفەرم کرد تاکو بۆ خۆم شتەکان ببینم. سەرەتا و لە یەکەم سی و شەش سەعاتی گەڕانەوەمدا هەستێکی سەیرم لادروست بوو کە هەرچی لە دەورمدایە ڕەواڵەتێکی خەڵەتێنەری ناڕاستەقینەن. بەڵام بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی کە بە ئاسمانی کەرکووکەوە دەسووڕامەوە و چاوەڕێم دەکرد پێنج فڕۆکەی دیکە بفڕن، هەستم کرد کە قەت ناوچەکەم بەجێنەهێشتووە. پاشان بەرەو چینە بەرزەکانی ئاسمان سەردەکەوتم و بەرەو باکوور و بەسەر دەشتەکەی چەمچەماڵ و گردەکەیدا، دوای ئەوە بەسەر قەرەداغ و دەربەندی بازیان بەلای چەپدا و دەربەندی (باسەڕە) بەلای ڕاستدا، لە دواییدا بەسەر سەربازگەی لیڤی ئاسووری

لە تەنیاڵ و سەربازگەی سوپای عیراق لەسەر لوتکەی تاسلۆجە، ئەوجا سەرچنار بە دیارکەوت. پێش هەفتەیێ (السر هنری دوبس) دوو ڕۆژی لە سلێمانی بردبووە سەر و گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ کردەوەیەکی ئاسمانی دژی شێخ مەحموود بکرێ چونکە لە سیتەك خۆی بۆ دژایەتی ئێمە مەڵاس دابوو، سیتەك لە پاش ئەزمەر دێ لە شارباژێر. ئەمەش ئەرکی ئەو شەش فڕۆکەیەی ئێمە بوو. دیمەنە جوانەکەی دۆڵی قەڵاچوالان لە ئاسمانەوە زۆر جوانتر دەهاتە پێش چاو و زیاتریش کاری لە دەروونی مرۆڤ دەکرد. بەهۆی رووناکی بلورینی سافەوە توانیم زۆر دیاردە و ئاماژەی زەوی دەستنیشان بکەم و ناویان لێ بنێم کە لە سەردانەکانی (١٩١٩)ەوە هەر لە زەینمدا مابوون. سیتەك باش بوردومان کرا بە بۆمبای تەقینەوەی گەورە —القنابل ذات الانفجار العالی—، و دوای ئەویش بە ماوەییێکی کەم بۆمبای سوتێنەر —قنابل محترق— ئاگرێکی گەورە و پاشان دۆکەڵێکی چڕ. دوای کۆتایی هاتنی بۆردومانەکە لە سلێمانی نیشتینەوە. دووبارە شارەکە داگیرکرایەوە و بەڕێوەبەر بۆ ناحیەکانی دانرایەوە کە هەریەکەو لەلایێکی جیاوازەوە هێنرابوون و دامەزرێنرابوون، لەوانە سلێمان خانی ڕۆغزایی تانجەڕۆ کە دەبایە سەرپەرشتی دەوروبەری سلێمانی بکا. ئیتر دام و دەزگاییێکی ئیداریی تەواو دامەزرێنرا. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا بارودۆخی سیاسی وەك (چاپمان) باسی کرد زۆر جێی متمانە نەبوو وەك بەهار، ئیتر چەکدارەکانی شێخ مەحموود لە بنکەکانیانەوە لە شارباژێر و پێنجوێن کەوتنە جووڵە و تا دەوروبەری سلێمانی دەهاتن. ناوبانگی ئیدارەش لە هەڵەبجە بە تەواوی زڕابوو بەهۆی ناکۆکی بەگزادەکانی جاف لەناو خۆیاندا. شێخ ئاودەڵ لە قەرەداغ کە من تا پێش ڕۆیشتنم بە ماوەییێکی کەم هیچ گومانم لێی نەبوو، ئیشی زۆر خراپی دەکرد و پارەی بە زۆر لە کاروانەکان و لە خەڵکی دەسەند بێ ئەوەی گوێ بە کەس بدا. جاف گەڕانەوە لەوەڕگا هاوینەکانی خۆیان لەودیو سنوور و دەستیان کردەوە بە دزی و ڕاو و ڕووت بە درێژایی ڕێگای گەشتی زستانەی پان و پۆڕیان سوپای عیراق توانی سەرکەوتنی باش بە دەست بێنێ لە هەندێ شەڕدا لەگەڵ دوژمن و هێزی ئاسمانی بەریتانیش (کە بەم دواییە فڕۆکەی یەك کورسی —ذات مقعد واحد— لە جۆری سنایب ی بۆ هاتبوو بۆ ئەوەی کارەکان بەردەوام بن) هێرشی زۆری کرد.

بەمجۆرە دوو مانگی یەکەمم بە ئیش و کاری ڕۆتینی ئاسایی بردە سەر. نیوەشەوانی ئەو دوو مانگە لە کەرکووك نەبووم. زۆربەی فڕینەکانیشم لەگەڵ (روب) بوو و جاروباریش لەگەڵ (ایری)، جا یان سەردانی سلێمانی و هەڵەبجەم دەکرد، یان یاوەریم دەکرد لە بۆردومانی ڕاستەقینەدا، یانیش فڕینی چاودێری و گەڕان، -طیران استطلاع—. زۆرجار ناچار دەبووم لە



کفری بمێنمەوە، کە نزیکترین بنکەیە لەمەترسیدارترین کاری چەتەگەری جاف لە (گل و بیواز و وارماوە). لەوێ لەو ئیش و کارە ڕۆتینیەی لەسەر نووسینگەکەم کەڵەکە دەبوون ڕزگارم دەبوو و توانیم بە یارمەتی ئەفسەرەکانی سریەی زریپۆشەکانی هێزی ئاسمانی لە سەربازگەکەیاندا لە (کنگریان) چەند گەشتێکی خۆشی ڕاو ڕێکبخەم بۆ بێستانەکانی گوندەکانی دەوروبەر کە لەوێ و لە دەوروپشتی ژمارەیەکی زۆری (القطا Partridge) جگە لە (الدرّاج الأسود) و (الشنقب Wood cack) هەیە.

لەم ماوەیەدا یەك ڕووداو هەیە کە شایانی باسکردن بێ، ئەویش سەردانی مەلیك فەیسەڵی یەکەم بوو بۆ کەرکووك، کە ئەمەش یەکەم گەشتی بوو لەو ساوەی هاتووەتە وڵات، گەشتەکەی فراوان بوو و لیواکانی باکووری گرتبووەوە بۆ ئەوەی پێش گەیشتنی لیژنەکەی کۆمەڵی گەلان دڵی خەڵك بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. لە ١٩/ی کانوونی دووەم کە ڕۆژێ پێش گەیشتنی مەلیك بوو پەڵەی دا، وەك کوردەکان پێی دەڵێن. ئەمەش بریتییە لە بارانێکی بەخوڕی زۆر کە زستانان دەبارێ و دەبێتە هۆی ئەوەی زەوی تێر ئاوببێ بۆ قوڵایی چوار ئینج لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا کە مانەوەی ئاو لە خاك (تربە)دا سنووردارە ئەمجۆرە بارانە بە خوڕە کە دەکەوێتە پێش هاتنی کەسایەتییەکی گەورە بە (پێ و قدومێکی) باش و سەردانێکی پیرۆز دادەنرێ و لە قەدری کەسەکە زیاد دەکا. لەم بۆنەیەدا (پەڵە) کە دوو مانگی تەواو لەکاتی خۆی دواکەوتبوو خەڵکەکەی بە تەواوی نارەحەت کردبوو، بۆیە کات لەمە باشتر نەبوو کە مەلیك هەڵیبژێرێ بۆ سەردانەکەی.

بەیانی بیستی مانگ بە ترومبێلەکەی خۆم لەگەڵ (میلر) و چەند فەرمانبەرێکی دیکە کەوتینەڕێ بۆ ئەوەی لە پێشوازیی مەلیکدابین لە پردێ کە سنووری لیواکەیە، لە گوندی یاروەلی کە چوار میل لە کەرکووکەوە دوورە و خاڵی پەڕینەوەی ڕووباری (خاسە)شە، تەماشامان کرد لافاو هەڵساوە و زۆر بەخێرایی و بە هاژە هاژ دەڕوا و ڕەنگی قاوەیی وەك ڕەنگی (شوکولاتە)ی لێ هاتووە. (خەلیلی) سایقم لە نەفامی و نەزانی خۆیەوە ویستی بە ترومبێلەکەوە لە لافاوەکە بدا لە شوێنی پەڕینەوەکەوە، بەڵام ترومبێلەکە چەقی و ئاو تا سەر مەکینەکەی هات و کوژاندییەوە. ناچاربووین لە ئاوەکە بێینە دەرەوە و تا ڕانمان تەڕ بوو. ئەمەش بووە ئاگادار کردنەوەییێك بۆ ترومبێلەکانی دیکە کە هەموویان لەو بەرەوە وەستان. پاشان هەواڵمان نارد لە کەرکووکەوە تەکسیمان بۆ بێ بۆ ئەوەی یاوەرەکانی مەلیك بگوازینەوە بۆ شار ئەگەر ناچاربوون بە بەلەم ڕووبارەکە ببڕن. بە تەما نەبووین مەلیك پێش دوو یان سێ

سەعاتی دیکە بگا، بۆیە پەنامان بردە بەر یاروەلی و ناوە ناوەش دەردەچووینە دەرەوە و تەماشای ئاوەکەمان دەکرد و بە دوای بوارێکدا دەگەڕاین بۆ پەڕینەوە کە زەوییەکەی بەردین بێ تاکو بتوانین بەو ئەسپانەی لە کۆمەڵەی سوارەیەکی هەمەوەند، کە ئەوانیش پەنایان بردبووە بەر گوندەکە، خواستبوومان لە ئاوەکە بدەین و بیپەڕینەوە، پێش ئەوەی ئەو تەکسییانەی داوامان کردبوو بە نیو سەعات بگەنە دێکە بوارێکمان دۆزییەوە و پەڕینەوە بەری ئەوبەر و خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی ڕێگە پیشان ئەو ترومبێلانە بدەین کە دەگەنە ئەوێ بۆ ئەوەی بتوانن بیپەڕنەوە. گومانی تێدانییە کە (میللر) پاڵەوانی مەیدانەکە بوو، هەرچەندە ئەوەندە قەڵەو بوو نەیدەتوانی سواری ئەسپ ببێ وەك پێشتر باسم کرد، بەڵام ئەو قەڵەوییەی یارمەتییدا کە وەك کۆڵەکەیەك لە ناوەندی رووبارەکەدا بوەستێ و خۆی بگرێ و ببێ بە ڕێگە نیشاندەرێکی باش و خەڵك لە مەترسی رزگار بکات، سەرەتا ئاماژەی بۆ ترومبێلەکە دەکرد بەرەو لای ئەو بێت و هەر کە لێیشی نزیك دەبووەوە ئەوجا ڕێگە باش و سەلامەتەکانی بەشی ئەو دوای رووبارەکەی پیشان شوفێرەکە دەدا. مەلیك بەو کارە زۆر پێخۆشحاڵ و (معجب) بەرادەیەك کە لە ساڵەکانی دواییدا ئەو رووداوەی دەگێڕایەوە. هەر کە کاروانی مەلیك پەڕییەوە دەرگای ئاسمان کرایەوە و بارانێکی بە لێزمە و خوڕ دەستی بە بارین کرد، بەڵام ئەو بارودۆخە رێی لە کەسانی ناودار و دەوڵەمەند نەگرت کە بێنە پێشوازی مەلیك و خەڵکەکەش بەکۆمەڵ هاتبوونە دەرەوەی شار لەگەڵ یەکەکانی لیڤی و پۆلیس و سوارەی هۆزەکان، ئەوانیش لەگەڵ پێشوازیکەراندا دیمەنێکی زۆر جوان و دڵگیریان پێکهێنا بۆ دیمەنی هاتنی مەلیك بۆ کەرکوك. لە مێژووی شارەکەدا و بۆ یەکەمجار ئاڵای عیراق هەڵکرا وەك ڕێزێك بۆ مەلیك و دوای رۆیشتنیشی هەر ئاڵاکە مایەوە و کەس داینەگرت.

ئەو لافاوە بە درێژایی ئەو شەوە و رۆژی دواییش هەر بەردەوام بوو. کە پرۆگرامی پێشوازی و داوەت و زیافەت کۆتایی هات، هەرسێ رووبار (طاووق چای) و (ئاوە سپی) و (قورو چای)- ئەمەیان ئاوەڕوییەکی بچووکە بەوە بە ناوبانگە کە بە زەحمەت دەتوانی لێی بپەڕییەوە و دەکەوێتە نزیك کفری. ئەم سێ رووبارە لافاویان هەڵسابوو و ڕێگەی باشووری کەرکوك بە تەواوی براو کەس نەیدەتوانی هات و چۆ بکا، ئەو لافاو و بارانە کە بۆ چەند رۆژی دوایی هەر بەردەوام بوو بووە هۆی دواکەوتنی مەلیك.

باران تا رۆژی لەدایك بوونی مەسیح —عید المیلاد— رانەوەستا ئیتر مەلیك بڕیاریدا بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، دوای ئەوەی ئەو راپۆرتانەی باسی چاك بوونی باری ئاو و هەوایان دەکرد،



هانیاندا و کەرکووکی بەجێهێشت و کاتێ کە لە کەرکووك دەرچووین بەفریش دەباری و توانیمان بە ترومبێلەکانمان بەسەر پردە ئاسنینە تازەکەی سەر (طاووق چای) بپەڕینەوە هەرچەندە هێشتا تەواویش نەبووبوو، لە (ئاوە سپی) بوارێکی باشمان دۆزییەوە پێش ئەوەی بارانێکی بە خوڕ، کە هەمەوو دەوروبەرمانی کردە گۆماوێکی گەورە ڕێمان لێ بگرێ، پەڕینەوە.

ئەو شەوەم لەگەڵ سریەی زرێپۆشی هێزی ئاسمانی، لەو شوێنەی کە هێشتا بە رەسمی سەری هێڵە —رأس الخط— لە (کنگران) بردەسەر. بۆ بەیانی کە لە خەو هەڵسام شۆستەی وێستگەکە بەفری بە سەرەوە بوو. مەلیك و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەگەڵ فەرمانبەرە عیراقییەکان ئەو شەوە میوانی دەوڵەمەندەکانی کفری بوون و بۆ بەیانی سەعات هەشت دووبارە هەموومان کۆبووینەوە. من و (متصرف) لەگەڵ مەلیکدا ماوەیەکی زۆر قسەمان کرد و ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو بە سەرکەوتنی سەردانەکەی و بەڵێنی ئەوەشی داینێ کە وەزیرەکانی هان بدا هەموو ئەو پێشنیارانەی دەیخەینە بەردەمیان سەبارەت بە چاککردنی ئیدارە و دڵنیاکردنەوەی هەستی گشتی خەڵکی پەسەند بکەن و کاری پێ بکەن.

زۆر دەگمەنە لەو دەشتە و بۆ ماوەیێکی زۆریش لە باکووری کفری بەفر بباریێ، من ئەو رۆژەم لەبیرە هەرچەندە لە یادداشتە رۆژانەکەمدا —یومیات— تۆمارم نەکردبوو کە ئەو شەوە و بۆ یەکەمجار لە ماوەی دە ساڵدا —وەك گوتیان— لە بەغداش بەفر باری. دوای بەفرەکە سەرمایێکی سەخت بۆ ماوەی چەند رۆژێ بەردەوام بوو و رووباری خاسە لە کەرکووك بەستی. بێگومان بارودۆخەکە لە سلێمانی ئەوەندە ئاڵۆز بوو کە مەلیك نەیتوانی بچێ سەردانی بکا. بۆ خۆم دوای چەند بروسکەیێکی (چاپمان) کە شتی خراپی تێدا نوسرابوو سەبارەت ناوچەکە بە پێویستم زانی سەفەر بکەم بۆ سلێمانی و ئەو ئاهەنگی سەری ساڵی تازەیەی خۆمان بۆ ئامادە کردبوو لە دەست بدەم، فڕۆکەخانەکان هەر هەموویان پەکیان کەوتبوو بۆیە بە ترومبێل سەفەرەم کرد. لە بەرەبەیانی ٣١/ی مانگدا لەگەڵ ئەفسەرێکی بەریتانی لە لیڤی ئاسووری بە ترومبێلە (فۆرد)ەکەی خۆم دەرچووین زەوی شەختە گرتبووی و خەریك بوو بە زەحمەت ترومبێلەکە بڕوا بۆیە دەستمان کرد بە پاڵنانی لەسەر دوو بەرزایی زۆر لێژ، بەڵام لە بەرزایی سێیەمدا و دوای ئەوەی بەفر دەستی بە بارین کرد، پەکمان کەوت. چەند سەعاتێکمان پێ چوو تا توانیمان دە میل ببڕین و هیچ ئومێدێکمان نەما بەوەی ئەو شەوە بگەینە چەمچەماڵ بۆیە بڕیارماندا بگەڕێینەوە و دوای پاڵنان و راکێشانێکی زۆر بۆ رۆژئاوا گەیشتینە کەرکووك و تەماشامان کرد بەفر بە ئەستووری دوو ئینج یان سێ ئینج دایپۆشیوە. لەو کاتەی بەلەزەترین

کوپە چاییم دەخواردەوە کە لە هەموو ژیانمدا چای ئەوەندە بەلەزەتم نەخواردووەتەوە، تەقەییك کرا و لە شووشەی پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەوە و لە قاچی ئەو مێزەی دا لە نزیك ئەژنۆم بوو. لە دواییدا بۆمان دەرکەوت کە تەقەکە کوڕەکەی (متصرف) کردبووی، ئەویش منداڵێکی بێ تەربیەت و شەللاتی —مستهتر— و تەمەن شازدە ساڵان بوو، بە دەمانچەکەی باوکی دوای ئەوەی لە چەکمەجەکە دەری هێنابوو یاریی دەکرد و ئەو فیشەکەی لەدەست دەرچووبوو.

لە سەرەتای کانوونی دووەمدا (رۆغزایی جاف) خۆیان عەیبدار کرد کاتێ کاروانێکیان تالان کرد کە بەرێی (ابراهیم خانچی)دا دەڕۆیشت. کردەوە ئاسمانییەکان کە دژیان کرا سەرکەوتوو بوو و منیش چوومە کفری بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵە تاوانبارە بەڵێنی ملکەچی وەربگرم و باسی قەرەبوو کردنەوەیان لەگەڵدا بکەم، کەچی لەپڕ و لە شەوێکی درەنگدا بروسکەیێکی بە پەلەم لە (کورنوالیس)ەوە پێگەیشت، کە لە بیستی مانگدا نووسرابوو و دەڵێ ((تکا دەکەم بە فڕۆکە وەرە بەغدا و چەندی دەتوانی لە کەلوپەل لەگەڵ خۆتی بهێنە، چونکە لەوانەیە داوات لێ بکرێ لەگەڵ لیژنەکەدا بچیتە مووسڵ)) بۆ ئەوەی دڵنیابم لە چارەسەرکردنی ئەو رووداوەی کە هاتبووم بۆ یەکلایی کردنەوەی، بە نووسین رێنمایی نوێم بۆ کەریم بەگی جاف و فەرمانبەرە ناوخۆییەکان کە پەیوەندییان بە ئیشەکەوە هەیە، نووسی، بەڵام ئەو سزایانەی کە دەمویست بە سەریاندا بسەپێنم زۆر لەوە کەمتر و سووکتر بوو کە پێشتر بڕیارم دابوو بیکەم. ((کفری))م پێش خۆرهەڵهاتن بەجێهێشت بەرەو کەرکووك بۆ ئەوەی خۆم ئامادە بکەم و لە ٢٢/ی مانگدا بە فڕۆکە چوومە بەغدا.

ئەو لیژنەیەی کۆمەڵی گەلان رەوانەی کردبوو لە ١٦/ی مانگدا گەیشتبوون و بریتی بوو لە بەرێز (أ. ف. ڤیرسن A. F. Wirsen) کە سوئیدی بوو، (کونت پول تیلیکی Count Paul Teleky) کە هەنگاری بوو، (العقید پاولس) کە بەلجیکی بوو. هەروەها (السنیور رودولو Rodolo) کە ئیتاڵی بوو و (هوراس دی پورتالید Horace de Pourtalis) کە سویسری بوو، ئەمانەی دوایی وەك (مقرر) لەگەڵ لیژنەکە بوون.

(ڤیرسن) وەزیری —أقدم— بوو لە سلکی دیپلۆماسیدا و هاوڕێکانی بە سەرۆکی لیژنەکەیان هەڵیانبژاردبوو، رەنگە ئەمەش لەبەر ئەوەبووبێ کە نوێنەری وڵاتێکە بە درێژایی جەنگ بەبێ لایەنی —الحیاد— مایەوە. ئەوەی لە (ڤیرسن) چاوەڕوان دەکرا ئەوە بوو کە دەروازەی لێك نزیك کردنەوە بدۆزێتەوە نەك ناوەڕۆکی مەسەلەکە چارەسەر بکا. بەڵام تیلیکی بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەو بوو، ئەمیان بە چارەسەری بنبڕ نەبێ رازی نەدەبوو.



لە وڵاتی خۆیدا —هەنگاریا— یەکێك بوو لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کرێکاری کە دژی شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ بوو، ئەو شۆڕشەی توانی حکوومەتی (بیلاکون)ی شیوعی بڕوخێنێ. هەروەها لە وڵاتەکەی خۆیدا لە تەمووزی ١٩٢٠ تا نیسانی ١٩٢١ سەرەك وەزیران بوو، ئێستاش سەرۆکی رێکخراوی دیدەوانی —کشافە— هەنگارییە[1]. بایەخدانی بنەڕەتی ئەو بە کێشەی مووسڵ بریتی بوو لە بایەخدان بەدیاردە جوگرافییەکان و پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکە. چیرۆکێکیان لێ دەگێڕایەوە کە نازانم چەندی راستە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ئەندامێکی دیاری، ئەگەر سەرۆك نەبووبێ کۆمەڵەیێك بوو بە ناوی (کۆمەڵەی حاجییەکانی هەنگار —جمعیە الحجاج الهنغار—) کە هۆی دامەزراندنەکەی بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ تورکیادا بوو، بەو قسەیەی گوایا پەیوەندی رەگەزی —صلە عنصریە— کۆن هەیە لە نێوان هەردوو گەلی تورك و مەجەریدا. ئەم چیرۆکە و رەگەزنامەی ئەو وڵاتەی پێشتر دوژمن بووە، وای لە عێراقییەکان کرد کە رقیان لێی بێتەوە و ئەوەی ئەم رقەشی زیاتر کرد دیاردەیەکی سەیر بوو لە ناوەکەیدا ئەگەر بە پیتی عەرەبی بنووسرایە، چونکە ئەوسا مانای دەبوو بە (رێوی) بە زمانی تورکی. (پاولس) پیاوێکی بە سۆز —عاطفی— بوو و خاوەن شارەزاییەکی زۆریش بوو لە جیهانی بازرگانی و ئیدارەدا لە کۆنگۆ و بە پلەی یەکەم بایەخی بە کاروبارە ئابوورییەکان دەدا. (رودولو) راوێژکار یان وەزیرێکی بچووك بوو لە سلکی دیپلۆماسی ئیتاڵیدا و گوازرابووەوە بۆ کۆمەڵی گەلان. (پورتالیە) لە بنەماڵەیێکی زۆر گەورەی سویسری بوو کە بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد، کە قسەی دەکرد دەتگووت یەکێکی خەڵکی ئینگلتەرە قسە دەکا، وابزانم پێی گوتم کە لە قوتابخانەیێکی —توجیهی— قوتابی بووە لە ئینگلتەرا، هەروەها بە هۆی داب و نەریتی بنەماڵە رەسەنەکەیەوە پێش جەنگ لە لیوای سوارەی (پروسی) لە سوارەکانی ((گەردەلوول —الصاعقە—)) کاری کردووە. ئەم لەسەر میلاکی هەمیشەیی فەرمانبەرانی کۆمەڵی گەلان نەبوو، بەڵام سکرتێری گشتی —ئەوسا— (السر أریك دروموند Sir Eric Drummond) ناو بە ناو هەڵیدەبژارد بۆ کار و ئەرکی تایبەتی لەم جۆرە. لەگەڵ ئەم دوو ((مقرر))ەدا ژمێریارێك —محاسب— و فەرمانبەرێکی سویسریشیان لەگەڵ دانابوون.

(١) (تیلیکی)ی بەستزمان —المسکین— دووبارە بووەوە بە سەرۆکی حکوومەتی مەجەر لە ١٩٣٩. لە نیسانی ١٩٤١ خۆی کوشت، چونکە مردنی لاباشتر بوو لەوەی رێ بدا بە هیتلەر خاکی وڵاتەکەی بەکاربێنێ (نووسەر).

لەگەڵ تیلیکی خزمەتکارە تایبەتییەکەی هاتبوو کە سەرپەرشتی کردنی خۆراکی پێ سپێردرابوو. لە دواییدا (ج. هـ. کرامرز J. H. Kramers) کە ڕۆژهەڵاتناسێکی گەنجی هۆڵەندی بوو لەگەڵ لیژنەکە دانرا وەك وەرگێڕ، تورکیشی لە هەموو زمانەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات باشتر دەزانی. پلەی زانستیشی هەرچی چەند بوایە قەت (ادعاء)ی ئەوەی نەدەکرد کە دەتوانێ بە عەرەبی یان بە فارسی بە باشی قسە بکا. بە پێچەوانەی (پورتالیە) تیلیکی ئینگلیزییەکی باش دەزانی، بەڵام (ڤیرسن) زۆرباش نەبوو لە ئینگلیزییدا، بەڵام فەرەنسیی باش دەزانی. کەچی هەردوو (پاولس و رودولو) هیچیان یەك وشە ئینگلیزییان نەدەزانێ.

وەفدی تورکی کە لەگەڵ لیژنەکە گەیشت بریتی بوو لە سەرۆکەکەی جەنەڕاڵ جەواد پاشا پشکنەری گشتی سوپا لەبەرەی —الجزیرە— و فەرماندەی گشتی پاڵوێراویش بۆ هەمان بەرە (وەك لە دواییدا زانیمان) لەکاتی دەستپێکردنی کردەوە جەنگییەکان دژی عیراق. بەشداربوونی ئەو وەك ڕاوێژکار و چاودێر وابوو، یەکێکیش بۆ لە فەرماندە نیشتمان پەروەرەکان کە لیژنەی باڵای هاوپەیمانان لە ئەستەنبۆڵ ساڵی ١٩٢٠ دەستگیریان کرد و بۆ (مالطە) دووریان خستەوە. لەگەڵ ئەویشدا وەك ئەندام و وەك شارەزاش: (الرائد کامل بك) بۆ لیوای مووسڵ و (ناظم بەگ نفتچی زادە) بۆ لیوای کەرکووك و (فتاح أفندی) بۆ لیوای سلێمانی. پاشان (ملازم)ێکی گەنجیان کە ناوی (بدری بگ) بوو لەگەڵ دانا وەك یاوەر. کامل باشترین نموونەی ئەفسەری تورك بوو، کوردستانی زۆر باش دەناسی و ئەرکە زەحمەت و قورسەکەی خۆی بە شێوازێکی ڕاست و لێهاتوانە، بایی ئەوەندەی بتوانین حوکمی بەسەردا بدەین، جێبەجێ کرد. (ناظم) دوو ساڵ پێشتر لە کەرکووك ڕایکردبوو و (فتاح)یش زاوای شێخ مەحموود، ئەم دوانە لە شەڕی پڕوپاگەندەی ساردا کە پێش هاتنی لیژنەکە کەوتبوو، زۆر چالاك بوون. (ناظم) بە فیعلی کرا بە ئەفسەری سیاسی ئەو (رتل)ەی چووە ناو خاکی عیراقەوە کاتێ کە لە (الجزیرە)وە بەرەو (چال) لە مانگی ئابی ڕابووردوودا دەڕۆیشت.

(جاردین) وەك چاودێری بەریتانی هەڵبژێردرا. وەك خوێنەر لە بیریەتی لەگەڵ (السر پرسی کوکس) لە مانگی ئایاردا چووبووە ئەستەنبۆڵ و (صبیح بگ نشأت) نوێنەری حکوومەتی عیراقیش یارمەتی دەدا لە ئەرکەکەیدا. (صبح بەگ) پیاوێکی قسەزان و هەمیشە ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو قەت لەسەر ئەوەی شتێ بدۆزێتەوە بۆ قسەکردن پەکی نەدەکەوت لەبەر ئەوەی فەرەنسییەکی زۆرباشی دەزانی لەوە زیاتر کە لەلای ئەفسەرە پێشووەکانی عوسمانیدا بە زانینێکی پوختەی ئەم زمانە دیپلۆماسییە دادەنرا، بۆیە دەکرا پشتی پێ ببەسترێ بۆ ئەوەی کارێکی باش بکا لە هەر کۆمەڵە نوێنەرێ کە داوای لێدەکرێ ئیشیان لەگەڵدا بکات.




صبیح نشأت

دوای ئەوەی چاوم بە (کورنوالیس) کەوت بە پەلە چووم بۆ دیدەنی نوێنەری باڵا کە یەکسەر پێی گووتم: من تووشی کێشە بوومە. (جاردین) هەموو ئەو لێکۆڵینەوە ناوخۆییانەی کێشەکەی ئەنجامداوە جگە لەوەی ئەو وەك چاودێرێکی بەریتانی پێشکەش بە کۆمەڵە و لیژنەکە کراوە، لەلاییەکی دیکەوە تەمەنی بچووکە و شارەزاییەکی کەمی هەیە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بێگانەدا کە لە رادەی —مستوی— ئەندامانی لیژنەییەکی دەرەوەی نێردراو بن —لجنە خارجیە موفدە—[2] یان گفتوگۆ کردن لەگەڵ چاودێرێکی تورکدا. هەڵوێستێکی دادپەروەرانەش نییە داوای لێ بکرێ ڕووبەڕووی ئەم تۆپە قورسە ببێتەوە و جگە لە (صبیح)یش کەس یارمەتیی نەدا. بەڵام من (مەبەستی من بوو) ئەگەرچی هەرسێ یان چوار ساڵێك لەو زیاترم بەڵام لە ئەورووپا خوێندوومە و فەرەنسی و ئەڵمانی زۆر بەباشی دەزانم جگە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە ئێران شارەزاییم تێدا پەیدا کردبوو، ئەمەش شتێکە کە زۆربەی هاوڕێکانم کە تەنها لە عیراق و هینددا ئیشیان کردووە، ئیشیان تێدا نەکردووە. بۆیە ئەم (نوێنەری باڵا) پێی باشە لەگەڵ وەفدی ئەنگلۆ عیراقیدا بم بەڵام مەسەلەی —القِدَم— واتە (کێ خزمەتی زیاترە) ناڕەحەتی کردووە، منیش وەڵامم دایەوە کە (جاردین) لە برادەرە هەرە باشەکانمە و دواشتیش کە بمەوێ ئەوەیە ململانێی لەگەڵدا بکەم لەسەر پۆستێ کە مافی خۆیەتی و بە لێهاتوویی و وردی توێژینەوەکانی پێی گەیشتووە، ئامادەشم بە هەر شێوەیەك کە

(٢) لێرە بەدواوە وشەی (لیژنە) بەکاردەهێنین کە مەبەستمان هەموو جەماعەتەکە بێ و (نوێنەرانیش) بۆ سێ ئەندامە بێ لایەنەکە کە کۆمەڵی گەلان ڕایسپاردوون ڕاپۆرتەکە بنووسن. ((دانەر)).

ئەو هەست بکا سوودی هەیە ئیش بکەم. لە دواییدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە من بە سیفەتی (ضابط إرتباط) ڕێکخەر یان ئەفسەری پەیوەندی لەگەڵ لیژنەکە دابم، ئیتر بەو جۆرە دەتوانم هەمیشە لەگەڵ (جاردین) و (صبیح)دا باسی کاروبار و مەسەلەکانمان بکەم لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەفسەر یان ڕێکخەری پەیوەندی هەموو ئەندامانی لیژنەکە دەگرێتەوە جگە لە چاودێرە تورکەکان و دەشبێ بە ڕەسمی، هەروەها لەبەر ئەوەش کە هەر چارەسەرێك کە بۆ کۆسپێ یان کێشەییێك من دەیکەم شێوازێکی تاکڕەوانەی دەبێ و جیاوازە لەوەی چاودێر و شارەزاکانی چونکە ئەوان (تحویل) کراون بەرگری ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەو وڵاتە بکەن کە نوێنەرایەتی دەکەن، ئەوە ئەوسا من توانای ئەوەم دەبێ کە یارمەتییان بدەم لەوەی ڕوونکردنەوەییێکی سانا بە پێچەوانەی ئەوەی لیژنەکە بۆی دەچن لەو ئەرکە زۆر وردەیاندا، پێشکەش بکەم. کەسیش گومانی لەوەدا نەبوو کە ئێمە ئێستا شەڕی مان و نەمان دەکەین بەگوێرەی عیراق چونکە بەسرەو بەغدا بێ مووسڵ ناکرێ لەبەر هۆی ئابووری و ستراتیجی دەوڵەتێکی ماقووڵی لێ دروست بکرێ. هەرچەندە ڕۆژنامەکانی جیهان ئەم جەنگەیان وەك هەوڵێکی مەزن بۆ دەستگرتن بەسەر نەوتدا پیشان دەدا، بەڵام گرنگە ئێمە ئاوڕێك لە دواوە بدەینەوە و بڵێین ناوی نەوت زۆر کەم لە حیساباتی سیاسیماندا بەدەردەکەوت هیچ نەبێ لەسەر ئاستی کارکردن، بەبیریشمدا نایێ لە یەك بەڵگەنامەدا باسی نەوت کرابێ وەك هۆیەکی گرنگ کە دەبێتە پێشەنگ لە مەیدانی بازرگانیدا، ناردنە دەرەوە بێ (إستیراد) یان لە دەرەوە هێنان (تصدیر) بێ، کەوا بکا هەرسێ ویلایەتە پێشووەکەی تورکیا یەکیەتییەکی ئابووری خاوەن قەوارەیەکی تەواو پێك بێنن کە نەکرێ دابەش بکرێ[٣]، کۆمەڵێ یادداشتیش ئاڵوگۆڕ کرابوو کە شارەزایان پێش گەیشتنی لیژنەکە و دوای ئەویش ئامادەیان کردبوو، هەروەها لەکاتی لێکۆڵینەوەکانیشدا، بەڵام کێشەکە بە دەستەواژەیەکی زۆر جوان کورت کرابووەوە کە لە یادداشتێکی مەلیك فەیسەڵدا و بۆ خۆی نووسیبووشی و پێشکەشی لیژنەکەی کرد ((بۆیە من مووسڵ بۆ عیراق وەك سەر بۆ لەش دادەنێم، بڕوای نەگۆڕیشم، ئەگەرچی مەسەلەکە دیاری کردنی سنوور بێ لە نێوان عیراق و تورکیا، بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەکە قەوارەی عیراقە وەك

(٣) زۆر گومانمان لەوە هەیە کە نەوت لە حیساباتی ئینگلیزدا نەبووە لە عیراق، هێشتا مێژوونووسان لە یادیانە چۆن ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ دەستکاری کرا و ولایەتی مووسڵ بە کەرکووکیشەوە لە ناوچەی فەڕەنسی دەرهێنرا کە بەهۆی نەوتەوە بوو نەك شتی دیکە (وەرگێڕ).



یەك، بۆیە خۆشی و ناخۆشی چوار ملیۆن مرۆڤ ئێستا لەبەردەست لیژنەی باڵاتاندایە))[٤] ئیعتبارێکی دیکە هەبوو وای لە ئێمەی ئەفسەرە بچووکەکانی بەشەکانی بەریتانی کرد، کە لە بارێکی باشتردا بووین بۆ ئەوەی بتوانین ئەوە ببینین کە هیچ فەرق و جیاوازییەك نییە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی عیراق و بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی وڵاتەکەمان[٥] و شوێن و پایەی ((مکانە)) (تا ئێستاش بە حەقی دادەنێم)، بۆیە حەزمان نەکرد دەست لە حەقێك هەڵبگرین بە شێوەیەك کە زانیارییە سەرەتاییەکانمان لە یاسای نێودەوڵەتی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە مافێکی بێ مشت و مڕمانە، وەك هەمان بۆچوونی (لایارد) کە پێش (٨٥) ساڵ گوتبووی: شوێن و دەرامەتی ئەم هەرێمە کە هیچ شوێنێك لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا نایگاتێ، بەو دوو ڕووبارە مەزنەی کە بە کەڵکی کەشتی رانی (ملاحە) دێن خەریکە بگەنە دەریای ناوەند و بە پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ کەنداو و ئۆقیانۆسی هندیدا، ئەمە هەموو دەیکا، بە تێپەڕبوونی کات، بە شوێنێکی دەوڵەمەند و دانیشتوانی زۆر هەروەك چۆن جاران بە گرنگترین بەش دادەنرا لە ئیمپراتۆرییەتەکانی بابل و ئاشوور و فارس، هەروەها ئەو کاتەش کە مەڵبەندی (خلافەت) بوو. بەڵام دەبێ گۆڕانی مەزن و هەمیشەیی و بۆ ماوەیێکی درێژی کات ڕوویدا، ئەوسا دەکرێ ئەو وێرانی و تێکچوونەی حوکمی خراپ و چەوساندنەوە و پشتگوێ خستن کردوی چاك بکرێنەوە. بەبڕوای من قەدەر ئینگلتەرەی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانە زۆر بە سوود و گرنگە بکا لە بواری بازرگانی و ژیاردا —مدنیە—.

هەر کە لیژنەکە گەیشت بارودۆخەکە شڵەژا. حکوومەتی عیراق زۆر نیگەران بوو بە گەڕانەوەی لە ناکاوی (ناظم و فتاح) لەژێر پەردەی (حصانە)ی دیپلۆماسیدا کە هەردووکیان لای ئەمان بە خائین و ڕاکرد و دانراون، لەوەش پتر —ئەمەشم لە ڕێ کە دەچووم بۆ بەغدا بۆ دەرکەوت— کە گەڕانەوەی ئەو دوانە ترسی خستە دڵی ئەوانەی کە هەڵوێستیان نەرمی تێدا بوو لە هەردوو لیواکەدا. نوێنەری باڵا نارەزاییەکی توندی بۆ (ڤیرسن) دەربڕی لەم بارەوە. لە هەمان کاتدا کە

(٤) لە لاپەڕە (٧)ی ((ڕاپۆرتی مەسەلەی سنووری نێوان تورکیا و عیراق. بەڵگەنامەی کۆمەڵ لە M ٤٠٠ ١٤٧ ساڵی ١٩٢٥، بەرگی٧). و لە لاپەڕەکانی داهاتوو بە ((ڕاپۆرتی ڤیرسن)) ئاماژەی پێدەکەین بۆ ئاسانی، هەرچەندە ڕۆڵی ڤیرسن لە ڕێکخستنیدا لە ڕۆڵی (تیلیکی و پاولس) زۆر کەمتر بوو هەروەها (ڕودولو)ش کە حەزی نەدەکرد دەرکەوێ (دانەر).

(٥) هەمان سەرچاوە: بەرگی (١)، ل٣٤٧.

ئەندامانی لیژنەکە لەگەڵ جەواد پاشا میوانی (شرف) بوون لەو ئاهەنگی نانخواردنەی فەرمانگەی نوێنەری باڵای بەریتانی بۆی کردبوون، هەرسێ شارەزاکە خرانە (سەربازگەییێکی) دەرەوەی شار، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چاودێری تورکی ناڕەزایی خۆی سەبارەت بەم کارە دەربڕێ و ماڵەکەشی بە سەربازگەی بەندکردن وەسف کردبوو کە بێگومان ئەم قەسەیەی زێدەڕۆیی تێدابوو. (ڤێرسن) ((تدخل))ی کرد و گوازرانەوە بۆ خانوویەکی بچووك نزیك ماڵی نوێنەری باڵا، لە هەمان کاتدا نوێنەرەکان ئەوەشیان روونکردەوە کە دەبێ دەسەڵات سەربەستی هاتوچۆی تەواو بە ئەندامانی وەفدی تورکی لەو کاتەوەی کە دەچنە ناو سنووری ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە، بدا بەوەش رازی بوون کە شارەزاکان لە ماڵەکەدا بمێننەوە تا کاتی رۆیشتن بۆ مووسڵ.

بۆ چەند جارێ نوێنەر و ئەندامەکانم لە زۆر کۆنگرە و داوەتی نان خواردن و پێشوازییە رەسمییەکاندا چاو پێکەوت و لە ٢٦ی مانگ و پێش ئەوەی سواری شەمەندەفەری شەو ببین و بەرەو مووسڵ بەڕێکەوین نانی شێومان لە ماڵی نوێنەری باڵا خوارد و (ناطم و فەتاح)یش داوەت کرابوون. یەکەمیان (ناظم) وێنەیەك بوو لە غەم و خەفەت کە پیاو بەزەیی پێدا دەهاتەوە لەو جل و بەرگە ئەورووپییەی لەبەریدا بوو بەڵام بەگوێرەی لەشی نەبوو و لێی نەدەهات، کە باسی ئەو ئازارەم کرد کە تووشم بوو کاتێ ئەو بڕیاریدابوو بە دزییەوە لە کەرکووك دەربچێ، بە دەم و چاوییەوە زەردەخەنەییێکی شەرم ئامێزم بەدی کرد. دوای ئەوەی قسەییێکی زۆر و راشکاوانەمان کرد بەڵام لە کەش و هەواییێکی دۆستانەدا، ورتە ورتێکی لێوەهات دەربارەی جێبەجێ کردنی ئەرکی نیشتمانی.

پێشتر (فەتاح)م نەدیبوو، بەڵام کابراییێکی زلەی مل ئەستوور بوو و ملی دەتگووت ملی گایە و هیچ لایەنێکی سەرنجڕاکێشم تێدا بەدی نەکرد.

وڵات هەر هەمووی تووشی سەختترین زستان هاتبوو، کە چەندین ساڵ بوو بە خۆیەوەی نەدیبوو، لەو شەمەندەفەرەی ئامێری گەرمکەرەوەی تێدا نەبوو لەسەرما نەدەحەواینەوە و نەمن و نە (لیتلدیل) کە لە فارگۆنەکە لەگەڵمدا بوو و ئێستا پشکنەری پۆلیسە لە لیواکانی کەرکووك و هەولێر و سلێمانی، هیچمان خەو نەچووە چاومان. گەیشتینە سەری سکەی شەمەندەفەرەکە (رأس السکە الحدید) لە شەرقات کە (٥٠) میل دەکەوێتە باکووری (بیجی)، کات نیوەڕۆ بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بتوانین ئەو گردە گەورەیە ببینین کە داروپەردووی (خرائب) پایتەختە کۆنەکەی ئاشوورییەکان (ئاشوور)ی داپۆشیبوو. لە شەرقات (متصرف)ی لیوای مووسڵ (عبدالعزیز بك القصاب) پێشوازی کردین، کە لە بنەماڵەییێکی دیاری بەغدایە



و شارەزاییەکی زۆری هەیە لە بەڕێوەبردندا —ادارە— بە هۆی کارکردنی لە فەرمانگەکانی تورکیدا، لەگەڵ (متصرف) (الرائد هـ. ی. لوید H. E. Lioyd) پشکنەری ئیداریش هاتبوو. دوای یەکترناسین و سڵاو لێك کردن سواری ترومبێل بووین بۆ مووسڵ و لەوێش لە خانوویەکی داروخاوی بە ناو (کۆشکی مەلەکی) چونکە مەلیك فەیسەڵ لەسەردانی پێشویدا لەوێ دابەزیبوو، دایانبەزاندین.

هەر کە گەیشتین (لوید) پەیوەندیی پێوەکردم و گوتی خەڵکەکە لە ناو شار بە جۆرێك وروژاون کە لە مەترسی بەدەر نابێ، بۆیە ئەو و عەبدولعەزیز حەز دەکەن هەر ئێستە چاویان بە سەرۆکی لیژنەکە بکەوی بۆ ئەوەی لەو فەرمانانە بکۆڵنەوە کە لە وەزارەتی ناوخۆی عیراقەوە پێیان گەیشتووە سەبارەت ئاسان کردنی کاری لیژنەکە لە هەموو روویێکەوە و بەتایبەتی پاراستنی وەفدە تورکییەکە لە دەستدرێژی و سووکایەتی پێکردن. کە داوام لە (ڤیرسن) کرد کاتێکی بەپەلە دیاری بکا بۆ دیدەنییان گوتی حەز دەکا لەگەڵ هاوڕێکانی راوێژ بکا پێش ئەوەی هیچ شتێ لەگەڵ دەسەڵاتی نێوخۆییدا باس بکا، بەڵام لەبەر نارەحەتی. زۆریان، هەر ئێستە جەواد دەبینێ و داوای لێدەکا لە شار نەچێتە دەر.

هەر کە گەیشتمە ژوورەکەم لە قاتی خوارەوە عەبدولعەزیز یەکسەر هاتە ژوورەوە و زۆر تووڕە و پەست دیار بوو چونکە (جەواد) لەگەڵ (تیلیکی) چووبووە دەرەوە و گوتی جادەکان هەمووی وروژاون. منیش یەکسەر لەگەڵ (جاردین) بە ترومبێلەکەی خۆم رۆیشتم، پاش ماوەییێك چاومان بە (تیلیکی و جەواد) کەوت، جەواد جل و بەرگی جەنەڕاڵێکی تورکی لەبەردابوو، لەگەڵ تیلیکی لەسەرخۆ بەرەو کۆشك دەچوون و کۆمەڵێك دەوری دابوون بە چەپڵەلێدان و هوتاف کێشان و لە هەمان کاتدا کۆمەڵێکی دیکە هاواری بە ژیانی عیراق و فەیسەڵ دەکرد و ئەوەندەش نەمابوو. لە شۆستەی لای راستەوە بکەنەوە سەر کۆمەڵی یەکەم. یەك دوو پۆلیسیش بێ هوودە هەوڵیان دەدا ئاشتی و ئارامی بپارێزن.[٦]

ئەم دیاردانە وەك تەقەی یەکەمی پێش شەڕ هەڵگیرساندن کە بە ئامانجی شوێن قایم کردن روودەدا وابوو، بووشە هۆی راگرتنی ئیش و کارەکانی لیژنەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە و لەو بڕوایەشدام کە هەردوولا بەرپرسیارن.

---

(٦) گێڕانەوەی تیلیکی بۆ ئەم رووداوە لە راپۆرتەکەی (ڤیرسن)دا و لە ٩دا باسکراوە، جگە لە گێڕانەوەی نوێنەرەکان بۆ زۆربەی ئەو رووداوانەی دیکە کە من لە نووسینەکەمدا باسم کردوون.

لێکۆڵینەوەکانی لێژنەکە یەکەم زنجیرەی ئەو لێکۆڵینەوانە بوو کە کۆمەڵ سەبارەت بە عیراق کردنی هەر لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە تاکو ساڵی **١٩٣٥**. هەموو جارێکیش من بانگ دەکرام بۆ ئەوەی رۆڵێکی دیاری کراو ببینم لە هەر بۆنەیەکدا کە هەستم بکردایە کەلێنێکی قووڵ هەیە، کە شێوازێکی سایکۆلۆجیی هەبێ، لە نێوان رەوشتی سنوور تەسکی ئێمە، رەوشتی دانیشتوانی دوورگەیێکی لە کێشوەر دابڕاو، لە نێوان تەبیعەتی (طبائع) سیاسەتمەدارەکانی کیشوەری ئەورووپا و فەرمانبەرەکانی. ئەوانەشیان لی دانابڕم کەوا چاوەڕوان دەکەین خۆشەویستی زۆری خۆیان بۆ ئێمە دەربڕن بەتایبەتی هاووڵاتییانی دەوڵەتە بچووکەکان. جا ئەگەر ئەمە یەکەم هەل بێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا کاربکەن، ئەوسا ئەوان بێ ئەوەی کەسیان وەلا خەین، هەموویان ئەرکەکانی خۆیان رادەپەڕێنن، بەڵام لە دەرونیشیاندا گومانێکی مەزنیان هەیە سەبارەت بەهۆیە پاڵپێوەنەرەکان و رەوشتی ئێمە، کە ئیشیش دەکەن بڕیار دەدەن کە رێ نەدەن ئێمەی لووتبەرز و خۆ بە زلزان کە لە کەناڵەوە[*] رۆیشتوونیەتە ئەوەی، هیچیان بەسەردا بسەپێنین. هەر هەمووشیان بەگشتی شارەزاییان نییە لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەی هەر نێردەیێکی —بعثە— لەم جۆرە، ماوەیێکم دەقۆستەوە بۆ ئەوەی ئەو رقە نەهێڵم و راوبۆچوونە پێش وەختە نەگۆڕەکان بسڕمەوە، یانیش باوەڕە ناڕاستەکان —مزیف— راست بکەمەوە، پاشان لە خاڵی دەسپێکەوە دەستم پێدەکرد، دوای ئەوەی هەریەکەمان گەوهەری ئەوی دیکەی دەزانی و بڕوای هاوبەش لە نێوانماندا دروست دەبوو، بۆیە ئیشەکە زۆر بەباشی و بەخێرایی دەکرا. کەچی برادەرەکانمان ئەمڕۆ لۆمەمان دەکەن چونکە لە سەرەتاوە (وقائع)ەکان و بیروبۆچوونەکانمان بەباشی روون نەکردبووە لە کاتێکدا ئێستا بە پەلەدان بە راستی هەمان (وقائع) دادەنێن.

لەم بۆنەیەشدا دەبێ بڵێم کە ئاکارەکانی تەکتیك (میزات التکتیك) لە هەڵوێستی ئێمەی نوێنەری هەردوو حکوومەتی بەریتانی و عیراقی، بەلای ئێمەدا دەشکایەوە نەك بەلای وەفدی تورکیدا. هەموو رەواڵەتە دەرەکییەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئێمە لە بارێکداین لەوان باشتر چونکە ئیدارە، بەهێزەکانی پۆلیسیشەوە، لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بوو ئەمەش هەلی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ کە بتوانین پاڵەپەستۆ بخەینە سەر هەر تایەفە و کۆمەڵە خەڵکی کە بمانەوێ، هەروەها ئەو هۆیانەشمان لەبەر دەستدابوون کە ئاسانکارییان بۆ دەکردین لە مەسەلەی

---

(*) نووسەر لێرە مەبەستی کەناڵی مانشە (المانش) کە دوورگەکانی بەریتانیا لە ئەورووپا جیادەکاتەوە (حەسەن جاف).



وەرگرتن و دەستکەوتنی دوایین و وردترین زانیاری، کە ئەمەش شتێکی پێویستە بۆ بیناکردنی کێشەیێکی تۆکمە و قەناعەت هێن. هەر یەکێ لەوانەی ئەو یادداشتەی داواکارییەکانمان راڤە دەکات و وەڵامەکانمان سەبارەت بەو پرسیارانەی لێمان کراوە نووسیوە یان یارمەتی داوە لە ئامادەکرنیدا، جا چاودێر بووین یان لەو فەرمانبەرانەی کە ناوچەی کێشە لەسەر (المنطقة موضع النزاع)یان بەڕێوەدەبرد لەلای ئێمە بوون. لە کاتێکدا لایەنی تورکی کەسیان هاوبەش نەبوون لە ئامادەکردنی هیچ شتێکدا دەربارەی کێشەکەیان کە ئێستا جێی باسکردنە، یادداشتەکەشیان لەڕووی بەڵگەوە لاواز بوو و پشتی بەو تۆمارگە و (سجلات) هەڵە و کۆنانە دەبەست کە لە ئەستەنبوڵ دەست دەکەوتن، هەندێ جاریش پشتی بە یادەوەریی ئەو ئەفسەر و فەرمانبەرە مەدەنییانەی لە ویلایەتەکەدا کاریان کردبوو پێش چەند ساڵی و هەر هەمووشیان روون نەبوون و گومان و لەبیرچوونەوە بەسەریاندا زاڵ بوو. کەسمان نەدیت لەو نووسەر و شارەزایانە کە بایی ئەوەندە رۆشنبیری و زانیاری راستی لابێت تا بتوانێت بەڵگەی نوێ بهێنێ و ئەو بەڵگانەش پووچەڵ بکاتەوە کە نەیارەکانیان (خصوم) پێشکەشی دەکەن.

لەلاییێکی دیکەوە لەوانەیە خوێنەر دوای ئەوەی ئەمانەی ئێرەی خوێندەوە رادەی ئەو مەترسییانەی کە تووشی ئیدارە هاتوون لە بەشی زۆری وڵاتدای بۆ دەرکەوتبێ. پایەی ئەو دەوڵەتەی بۆ چەندین سەدە حوکمی ئەم وڵاتەی کردبوو هێشتا لە دڵی خەڵکیدا بەرزبوو، ئەمەش بەهۆی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی مستەفا کەمال بەدەستی هێنابوو زیاتریشی کردبوو. پڕوپاگەندەی تورکەکانیش کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد بەمزوانە دەگەڕێنەوە هەموو خائینەکان بە توندی سزا دەدرێن، ئەم پڕوپاگەندانە نەکەم دەبوونەوە و نەدەوەستانیش، بۆیە خەڵکەکە هەریەك بە گوێرەی هەڵوێستی خۆی، یان بە ئومێدێکی هەمیشەییەوە چاو لەڕێ بوون یان لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیان.

ژمارەیەکی یەکجار زۆریش هەبوون دەتگووت شەمەندەفەری بۆمبڕێژ کراون و تەنها بڵێسەیەکیان دەوێ بۆ ئەوەی بتەقنەوە و ئەندامانی لیژنە و یادداشتەکان و ئیدارەی نێوخۆیی و هەموو شتێ ببەن بە ئاسمانا. ئەم بارودۆخە باشترین هەلی دەرەخساند بۆ چاودێری تورکی، ئەوەمان پێگەیشت کە هەزاران ئاڵای تورکیا بڵاوکراوەتەوە بۆ ئەوەی بە پەنجەرەی ماڵەکانی مووسڵەوە هەڵیواسن، جگە لەو شار و شارۆچکانەی لیژنەکە سەریان لێ دەدەن. هەروەها بۆشمان دەرکەوت کە هەڵبژاردنی (ناظم و فتاح) بەڵگەی ئەوە بوو کە تورکەکان هەموو هیوای خۆیان لەسەر پڕوپاگەندە و دەسیسە بنیات نابوو نەك ژیربێژی زانستی (المنطق العلمي) سووربوونی حکوومەتی تورکیا لەسەر گرنگی راپرسی گشتی بۆخۆی جۆرێك بوو لە جۆرەکانی

پڕوپاگەندە، چونکە هیچ شتێ بەقەد ئەوە کار لە داڕووخانی دەسەڵاتی ئیداری لەلای خەڵك ناکا لەوەی کۆمەڵێك بێن سەر بە هیچ لایێك نەبن و خۆیان لەسەرو نەتەوایەتییەوە دابنێن، پاشان پرسیاریان لێ بکەن ئایا لە حاکمەکانی ئێستایان رازین کە لەوانەیە بە باج کۆکردنەوە، یان سزادانی برا و ئامۆزاکانیان جا بە تۆمەتی پیاو کوشتن بێ یان ڕێگرتن، نارەحەتیان کردبن، یانیش هەر لەبەر ئەوەبێ کە دەیانەوێ ئەو حاکمە بگۆڕن بە یەکێکی دیکە، ئەوەی کێشەکە خراپتر دەکا ئەوەیە کە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە نەخوێندەواربن و هەمیشە لە خواردن و خەوتندا چەکەکانیان لێیان جیانەبێتەوە و هیچ بایەخێکیش بە ژیانی ئادەمیزاد نەدەن.

حکوومەتی تورکیا یادداشتەکەی خۆی بە بڕگەیێك کۆتایی پێ هێنابوو کە زۆر بە وردی هەڵبژێردرابوو بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی باش لە دەروونی هاووڵاتییانی ئەو دەوڵەتە بچووکانە بکا کە ئەرکی ناوبژیوانی نێودەوڵەتییان پێ سپێردرابوو ((بۆ یەکەمجار لە دروست بوونی کۆمەڵی گەلانە و، کێشەیێك دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵ کە بایەخێکی گەورەی هەیە و لە نێوان دەوڵەتێکی مەزنی رۆژئاوا و دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی نزیك روویدابێ، بابەتی ئەو کێشەیە پەیوەندیی هەیە بە چارەنووسی گەلێکی رۆژهەڵاتییەوە. هەستی بڕوای هاوبەش و دیاردەکانی نیاز باشی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا و بڕوا و ئیمانی گەلانی رۆژهەڵات بەو سەردەمە تازەیەی کۆمەڵی گەلان پارێزگاریی لێدەکا، بەڕادەیێکی زۆر پشت بەو چارەسەرە دەبەستێ کە لیژنەکەتان دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردی هەمەلایەنەی بابەتی کێشەکە دەیگاتێ. حکوومەتی کۆماری قەناعەتی هەیە کە لیژنەکەتان بەڕاستی حەز دەکا کە هاوبەش بێ لە خولقاندنی ئەو بڕوا هاوبەشە لە نێوان هەردوو جیهانی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایيدا و ئەنجامەکەشی زۆر باش دەبێ و هەروەها دەبێتە سەرکەوتنی دادپەروەری کاتێ کە راسپاردە بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجوومەن کە پێویستە بوار خۆش بکرێ بۆ خەڵکی ویلایەتی مووسڵ بە ئەوپەڕی ئازادییەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن)).

کەواتە ئەرکی نوێنەرەکان زۆر ورد و زەحمەت بوو، بۆیە بڕیاریان دا —لەمەدا باش بۆی چووبوون— رێگە نەدەنە دەسەڵات کە خاوەنی (نفوذ)ێکی فیعلیە لەسەر ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە کە جووڵەیان یان جوڵەی وەفدی تورکی یاوەر ئیفلیج بکا یان بیبەستێتەوە، بەڵام کەسیشیان لەناودانەبوو خاوەن شارەزاییەکی راستەقینە بێ لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نارەزایی توند سەبارەت بە راپرسییەکە جگە لە نارەحەتی حکوومەت و دەسەڵاتە نێوخۆییەکان کە شتێکی سروشتی بوو، سەبارەت بە تێکچوونی نیزام و پاراستنی وەفدی تورکی لە دەستدرێژی، هەموو ئەمانەیان والێکدەدایەوە کە بەڵگەبن بۆ چەسپاندنی



گومانەکانی پێشوویان و شێوازی ئەوەش بن کە رێی گەیشتنە راستیان لێ بگرێ و نەشهێڵێ نەیارەکانمان —خصومنا— زانیارییان دەستکەوێ یان دڵنیا بن لە هەستی راستەقینەی خەڵکی. ئەوەی زیاتر بێ تاقەتی کردبوون ئەوە بوو کە بە تەکتیکێکی تەسکیان —تکتیك ضیق— دانابوو کە ئەنجامی دوو هەڵەی راستەقینەی لایەنی عیراقی بوون، یەکەمیان هەڵەیێکی بە ئەنقەست و نەفامانەبوو و دووەمیشان بەهۆی پەلەکردن و کەم شارەزاییەوە بوو.

بارودۆخی ناوخۆی لیوای مووسڵ زۆر لەهی لیوای کەرکووك و هەولێر و سلێمانی جیاوازە، هەڵوێستی (متصرف) و پشکنەری ئیداری —المفتش الاداري— و پۆلیس زۆر لەوەکانی ئەو سێ لیوا ناوبراوە زەحمەتترە مووسڵ جگە لەوەی دووەم شاری گەورەی عیراقە لە رووی قەبارەوە، کەمتر کاریگەریی عوسمانییەکانی لەسەرە و رەنگە لە بەغدا زیاتر هەستی نەتەوایەتی عەرەبی تێدابێ، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بنەماڵەی ئەریستۆکراتی زۆر لەو شارەدا کە بە تەواوی دەستیان بەسەر سیاسەتی ناوخۆدا گرتووە هەروەها بە باشیش بەشدارییان لە وەزارەتە یەك لە دوایەکەکاندا و پلە بەرزەکانی دیکەی دەوڵەتدا کردووە، رەنگیشە چینی تایبەت بن کە هەست بکەن بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان زیاتر بە حەلەبەوە بەستراوەتەوە نەك بەغدا. لە کۆی شەش سەد هەزار لە دانیشتوانی لیواکە، نزیکەی دووسەد هەزاری لەناو شارەکەدا دەژی، لەگەڵ ئەوەش کە کورد لە نیوەی دانیشتوان زیاترە، بەڵام ئەوان دوورن لە ناوەندەوە —المرکز— کەمتریش بایەخ بە سیاسەت دەدەن بە پێچەوانەی براکانیان لە باشووری کوردستان. پێش ئەوەی لیژنەکە بگات رێنمایی لە بەغداوە دەرچوو بۆ پێکهێنانی لیژنەکانی (بەرگری نیشتمانی) لە هەموو وڵاتدا بە مەبەستی وروژاندنی هەستی نیشتمانی و پیشاندانی لەڕێی کۆبوونەوە گشتییەکان و خۆپیشاندان و ئاهەنگی ئایینی سازکردن و بروسکە ناردن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە هاووڵاتییان بڕیاریانداوە بەرگری لە نیشتمانی پیرۆزی خۆیان بکەن تا دوا هەناسە. لە مووسڵ بەتایبەتی کە گومان خرایە سەر (عەرەبایەتی موسڵ)[*] ئەم رێنماییانە زۆر بە گەرمییەوە جێبەجێ کرا و چەندین کەسایەتی دیاری مووسڵ لە بەغداوە هاتن بۆ بەشداری کردن لەو هەوڵەدا. بەڵام ئەندامانی لیژنەکە (نوێنەرەکان) کە دەستیان بە ئیش کرد نەزان نەبوون چونکە یەکسەر بۆیان دەکەوت کە (لیژنەکانی بەرگری نیشتمانی) و کۆمەڵە نیشتمان پەروەرە عیراقییەکان ژمارەیێکی زۆری ئاژاوەگێڕی خۆرە پێش خەری

(*) مووسڵ قەت عەرەبی نەبووە بەڵکو وەکو بەشەکانی دیکەی باشووری کوردستان (تعریب) کراوە. ئێستەش ئەگەر راپرسی و سەرژمێریەکی بێ لایەن و لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکرێ زۆرینەی کوردن. (حەسەن جاف)

چالاکی تێدایە و ئەم جۆرە کەسانەش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر زۆرن و هەمیشە هەن و ئەوەی دەروونیشیان دەوروژێنێ رقەکەیانە لە ئەورووپییەکان بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی ئاگرەکەش خۆش دەکا دەمارگیری ئایینییە. هەندێ جاری زۆر کە بە نهێنی لەوکەسە خوێن گەرمانە دەپرسی کامە لایەنیان پێ باشە وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن ئەوان بەم هەرایەی دروستیان کردووە بەرگری لە مافی عیراق ناکەن، بەڵام مەبەستیان تورکیایە و ئەویان دەوێ. نوێنەرەکان شەڕە چەقویەکیان بینی لە نێوان نیشتمان پەروەرێکی خوێن گەرمی بەغدایی کە ناوی (ابراهیم کمال) بوو لەگەڵ یەکی لە پیاوە ناسراوە عەرەبەکانی مووسڵ (ابراهیم کمال لە دواییدا بوو بە وەزیرێکی زۆر باشی دارایی و ئەگەر مەرگی ناوادە وازی لێی بهێنایە بێگومان دەگەیشتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران).

ئەم کردەوانە بوونە هۆی پشتگوێ خستنی هەر بەیاننامەیەك کە بەناوی (لیژنەی بەرگری)یەوە دەردەچوو جگە لەو هەموو زەرەر و زیانەی ئەوان هۆکاری بوون و هیچ قازانجێکی ئەوتۆشیان دەست نەکەوت. لە هەفتەی یەکەمی دەسپێکردنی کارەکانی لیژنەکە لە مووسڵ، (لیژنەی بەرگری) لەژێر کاریگەریی رووداوەکەی (تیلیکی-جواد)دا بڕیاریدا بۆ ئەوەی غافڵگیر نەکرێن عەسابە لە قوتابیان و هی دیکە دروست بکەن و چواردەوری کۆشك بگرن بۆ ئەوەی هەر نوێنەرێ یان ئەندامێك لە دەرگا سەر دەرکا بە رواڵەتەکانی سۆزی نیشتمانی رووبەڕووی ببنەوە. لەبەر ئەوەی من لە مووسڵ نەناسراو بووم جارێکیان کەوتمە ناو کۆمەڵە گەنجێکی خوێن گەرمەوە کە ئالاَیان دەشەکاندەوە و دروشمیان بەرزدەکردەوە و هوتافیان دەکێشا تا توانیم بە رستەیەك لە عەرەبی (زارەکی نەك فصحی) کە زۆر باشم دەزانی بێدەنگیان بکەم، نەك بێدەنگ بوون بەڵکو خەجاڵەتیشیان پێوە دیاربوو. (متصرف) لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوو دوای ئەوەی ئامۆژگارییان کرد کە ئەو هەڵسوکەوتە منداڵانەیەی زیانێکی گەورە بە کێشەکە دەگەیەنێ.

بۆیە هەوڵیدا خۆپیێشاندان رابگرێ بەڵام بۆی نەکرا، نەك ئەوەش بەڵکو ئەو هەڵوێستەی بووە هۆی ئەوەی کۆبوونەوەیەکی گشتی رێکبخرێ وەك ناڕەزایی دەربڕین دژی هەوڵەکانی (متصرف) بۆ زەوت کردنی مافی قسەکردن و رادەربڕین لە مەسەلەیەکدا کە کاریگەرییەکی زۆری دەبێ لەسەر دوارۆژ و یەکێتی وڵات.

هەڵەی دووەمیش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە رێکخستنی پۆلیسی ناوخۆیی لە عیراقدا دەیویست بیکا بە شتێك کە لە جەندرمە بکا وەك لەوەی هێزێکی مەدەنیانە بێ لەسەر شێوازی ئەورووپی، بۆیە قەت لەسەر ئەوە مەشقیان پێ نەکرابوو کە لە حاڵ و باری وا ناسکدا کە پێویستی بە رەفتاری باش و عەقل هەیە، هونەری بەدواداچوونی نهێنی بە مەبەستی



چاودێری و پارێزگاری کردن بەکار بێنن. بۆ خۆمان ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە رێ و شوێنی پارێزگاری کردن لە بارەگای لیژنە زۆر خراپ و گەمژانە بوو (الغباء)، چونکە پۆلیس رەشماڵێکی (خیمە) لەبەردەم دەرگاکەدا بە تەلەفۆنەوە دانابوو و هەر کەسێ لە بیناکە بهاتایە دەرەوە بە تەلەفۆن کردن تاقیبیان دەکرد یان راپۆرتیان دەنووسی بۆ نزیکترین مەرکەزی پۆلیس. ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کرد ئەوەبوو کە سەرۆکی لیژنە پیاوێکی کەم خەوی خەوسووك بوو، بۆیە دەستی بە سکاڵاکردن کرد لەوەی کە بەدرێژایی شەو لە رەشماڵی حەرەسەکانەوە کە راستەوخۆ لەژێر پەنجەرەکەی ئەودایە، گوێی لە چپە و قسە دەبێ و ئەمەش خەوی لێ حەرام دەکا (پۆلیس لە دواییدا گوتی ئەو دەنگانەی بە شەو دەیبیستن و سکاڵای لێ دەکردن هی فەرمانبەرێکی سویسری خۆی بوو کە شەوان لە یەکێ لە گەڕەکەکانی شارەوە کە ناوبانگێکی خراپی هەبوو، بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە. کابراییێکی نەناسراو هەبوو لە ژوورێکی ژێر قالدرمەکاندا و ئیش و کاری رێگرتن بوو لە هەموو کەس. رۆژێکیان خزمەتکارەکەی (تیلیکی) پێی راگەیاندم کە دەیەوێ ئەو ژوورە بکا بە کۆگای ئازووقە چونکە شوێن لەوە باشتر لە بیناکەدا نییە.

منیش وای بۆچووم کە ئەو کەسەی لەو ژوورەدایە حەرەسە کە ئاگای لە کۆشکەکە دەبێ کاتێ کەسێ لێ نابێ، بۆیە ناردم بەدوایدا و داوام لێکرد تا لیژنە لێرەیە شوێنێکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر دەستی کرد بە منجە منج و لەگەڵیشیدا هەموو لەشی لەسەرەوە تا خوارەوە، دەجوڵایەوە و دەیویست بە کەمترین وشە راستی ئەو ئەرکەی لێرە پێی سپێردراوە لەمن بگەیێنێ. منیش یەکسەر رەشماڵەکەم لابرد و پۆلیسە نهێنییەکەم دەرکرد و ژوورەکەم پێ چۆڵ کرد و ئەو منجە منج و خۆ جوڵاندنە هیچ کەڵکی بۆی نەبوو بەڵام ئەو کاریگەرییە خراپەی ئەو ئیشە جێی هێشت قەت بە تەواوی نەسڕدرایەوە.

نوێنەرەکانی لیژنەکە بۆ چەند رۆژێ رازی نەبوون دەست بەکارکردن بکەن تا لەسەر پەیڕەوی کار و شێوەی پارێزگاری کردنی رێککەوتین. گومانەکانی پێشووشیان وای لێ کردبوون کە گوێ نەدەن بە پێشنیارەکانی ئێمە سەبارەت بەو دوو خاڵە، پاشان بۆمان دەرکەوت کە داوایان لە (أنقرە) کردووە پارێزگارییەکی تایبەتیان بەهۆی پۆلیسی نهێنییەوە بۆ رێکخەن بە رێککەوتن لەگەڵ (جواد پاشا)دا و واشیان بە باش زانیبوو کە چاوەڕێی وەڵامی (أنقرە) بکەن کە هیچی ئەوتۆی تێدا نەبوو رێگەیان بۆ روون بکاتەوە، چونکە حکوومەتی تورکیا گوتبووی کە سەلامەتی وەفدەکەیان دەخەنە ئەستۆی حکوومەتی بەریتانی. بەڵام لە ٣١ی کانوونی

دووەمەوە وردە وردە هێوربوونەوە و گەڕانەوە دۆخی سروشتی خۆیان و دەستیان کرد بە پێشوازی کردنی وەفدەکان، ئەوەبوو پێشوازییان کرد لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی لیوا و پاشان ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی و پیاوماقوڵانی موسڵمان و مەسیحی و ئەندامانی ژووری بازرگانی و پارێزەران و لە دواییشدا چەند کەسایەتییەك کە هەردوو چاودێر پێشنیاریان کردبوون.

وای بۆ دەچم کە (پاولس) لەژێر کاریگەرییەکی تووندی هۆیە ئابوورییەکاندا بیری کردبێتەوە و هەستی بەوە کردبێ کە لایەنگرییەکی رەسەن و راستەقینە هەیە بۆ عیراق، بەڵام دوو نوێنەرەکەی دیکە گومانێکی قووڵیان لابوو سەبارەت بەو بەڵگانەی دەستەی فەرمانبەران پێشکەشیان کردبوو، بە ئاشکرا دیاربوو کە شتێ دەدۆزنەوە بە تەواوی جیاواز بێ لەوەی تا ئەو کاتە رێیان پێ درابوو ببینن ئەگەر بیانتوانیبایێ ئەو دوو کەڵە ئەستوورە ببڕن بەرەو تیشکی هەتاوی هەڵهاتوو ئەم دوودڵییەی بەسەریاندا زاڵ بوو، بووە هۆی زنجیرەیەك هەڵە کە بووە هۆی ئەوەی گومان لای لایەنی عیراقی دروست ببێ، چونکە بەدزییەوە هەندێ کەسایەتی خاوەن پلەی نزمی کۆمەڵایەتی یان ناوبانگ خراپیان، بۆ چەند جارێ بینیبوو و سەریان لێ دابوون پێش ئەوەی سەر لە کەسانی پلە باڵا و ناسراوی کۆمەڵگەی مووسڵ بدەنەوە کە زۆر لەمانەش پلە و پایەیان هەبوو لە دام و دەزگا رەسمییەکاندا. سەردانی (القاصد الرسولی) لە مووسڵ کرا کە (أسقف)ێکی فەرەنسی بوو کەچی (متصرف) کە نوێنەری یەکەمی حکوومەتە، ئەویان پشتگوێ خست لە کاتێکدا (متصرف) بۆ خۆی چووبووە شەرقات بۆ ئەوەی پێشوازییان لێ بکا، بۆیە من سەرۆکی لیژنەکەم لەم هەڵانە و هی دیکەش ئاگادارکردەوە.

بیرۆکەی راپرسی (التجریبی) هەر مابوو بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەو بیرۆکەیە عەمەلی نییە. لە ٦ی شوباتدا سەرۆك لەپڕ ئەوەی راگەیاند کە لیژنەکە لە ٨ی شوباتدا دەکرێ بە سێ دەستەی فەرعییەوە و هەریەکەشیان بەرەو ئامانجێك دەڕۆن کە ئاشکرا ناکرێ و داوای دوانزە ترومبێلی کرد بۆ ئەوەی هەر ئەو رۆژە بکەونەرێ. پەیوەندی کەسیەتیمان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە و وەفدی تورکی، سەرباری هەموو ناخۆشی و تەگەرە دانانێك زۆرباش بوو (بەڵام — ناظم و فتاح— پێیان باش بوو بە تەواوی گۆشەگیربن)، رەنگە ئەم رێککەوتنەشمان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نانمان بەیەکەوە دەخوارد. (السینور رودولو) چێشتکەرێکی لە بەیروتەوە لەگەڵ خۆی هێنابوو وێنەی نەبوو، هەر ئەو چێشتکەرە بوو کە خواردنی بۆ قەیسەری ئەڵمانیا ئامادە دەکرد کاتێ پێش جەنگ سەردانی سووریا و فەلەستینی کردبوو. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە



لەگەڵ خۆیدا بڕێکی زۆری لە چاکترین شەراب هێنابوو. لەوەش دەچوو هەرسێ نوێنەرەکە زۆریان حەز لە قسە و باسەکانی سەرمێزەکە بووبێ، ئیتر رووداوەکانی رۆژ هەرچییەك بووبێ دانیشتنەکانمان لە کەش و هەوایەکی دۆستانەی خۆشدا کۆتایی دەهات.

بەدەر لە ژووری نانخواردن کە دەکەوتە نهۆمی سەرەوە ئەو ژوورەی بۆمن تەرخان کرابوو لە قاتی خوارەوە باش نەبوو، چونکە زۆر گەورە بوو هەر بۆ ژووری کۆنگرە یان نووسینگەی فەرمانبەرانی ئیدارە یان شوێنی چاوەڕوان کردنی کەسانی غەیرە رەسمی باش بوو. زۆپایێکی ئاسنینی گەورەی تێدابوو کە بە دار گەرم دەکرا وەك ئەوانەی ژوورەکانی دیکە، بەڵام ئەوەکەی من عەیبێکی هەبوو کە ئەندازیاری ئەشغاڵی نێوخۆیی نەیتوانی بیدۆزێتەوە و چاری بکا. بۆیە کە بە شەو دەخەوتم زۆپاکەم دەکوژاندەوە و هەرچی جل و پاڵتۆم هەبوو هەمووم لەسەر خۆم کەڵەکە دەکرد لە سەرما، بەڵام سەرمای رۆژ وابوو کە نەماندەتوانی دەست لە ئاگر هەڵبگرین، بەڵام ئادابی رەفتارکردن ناچاری دەکردین دەنگ هەڵنەبڕین، زۆرجار کە تەماشای ئەندامانی وەفدەکەمانم دەکرد قاپوتی قورسیان لە خۆیانەوە پێچابوو و سەریان لە یەك نزیك کردووەتەوە و چڕە دوکەڵێکی رەشیش دەوری داون و خەریکە رووناکی کزی کارەبای مووسڵ دەشارێتەوە، هەروەك ئەوانەی وێنەی ((کاتسبی)) بەناوبانگ و هاوڕێکانی لە (پیلانی بارود)[(٧)] دا دەهاتنە بەرچاوم، جا ئەگەر لەو کاتەدا یەکێ لە نوێنەرەکان بێ ئاگادارکردنەوە بهاتایەتە ژوورەوە و ئێمەی لەو بارودۆخەدا ببینیایێ ناهەقی نەبوو ئەگەر زەینی بۆ ئەوە بچووبایێ کە ئەوەی دەیبینێ بەڵگەیێکی قەناعەت هێنە بۆ بەهێزترین گومانەکانی.

هەموو ناوچەکانی باکووری عیراق بەفر داپۆشین و پلەی گەرماش دابەزییە خوار پلەی بەستنی بە شەوان، سەرماش زۆر کاریگەر بوو لەبەر سێبەر لە کاتێکدا لەبەردەم خۆر و بای ساردی وشك وەك کۆلۆنیای تیژ وابوو کە بەدەم و چاودا دەکرا. من ئەسپەکەی خۆم لە کەرکووکەوە هێنابوو من و (رودولو) دەچووینە گەڕان بەناو باخەکانی دەوری شاردا بە سواری. (جاردین) و چاودێری بەریتانی لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بوون بە (ڤیرسن)ەوە دەربارەی ئەو

(٧) (روبرت کاتسبی Robert Catsby، ١٥٧٣-١٦٠٥) نووسەرێکی ئینگلیزی پیلانگێر بوو، لە ساڵی ١٦٠٤ یەکێك بوو لەو پیلانگێڕانەی بەشداری (پیلانی بارود)ی کرد و هەر خۆی بزوێنەر و سەرۆکی بوو. پاشان کە ئاشکرابوو ویستی رابکا و لەو کاتەدا کوژرا. نووسەر ئاماژە بە وێنەیەکی بەناوبانگ دەکا کە بۆ پیلانەکە کێشرابوو.

کێشانەی دێنە پێش. هەردوو وەفد پەنایان بردەبەر یادداشتی نووسراو —المذكرات الخطية— یان (ئەوەی لە زمانی دیپلۆماسیدا پێی دەگوترێ Notes Verbales وەك نوێنەرەكان ناویان لێ نابوو)، هەر كاتێ یەكێكیان هەستی بكردایە كە ئەو یادداشتە نووسراوانە كەڵكی بۆ چەسپاندنی بۆچوونێكی تایبەت و دیاری كراو یان تۆماركردنی نارەزاییەك یان نووسین و دیاری كردنی شتێك لە مەحزەرەكاندا هەیە پەنایان بۆ ئەو یادداشتانە دەبرد، هەروەها قسەی زۆرمان كرد و رودولو پیاوێكی لەسەرخۆ خاوەن ئەزموون و زیرەك و زۆریش (معجب) بوو بە سەرۆكەكەی (السیر أریك درومونر)، لەو بیروبۆچوونانەش رزگاری ببوو كە مێشكی نوێنەرەكانی پڕكردبوو.

وای بۆ چووبووم كە لەو شێوازە سەیرەی پەیڕەوی دەكەن بۆ بەجێهێنانی ئەركەكەیان نارازییە، هەموو جارێكیش زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەركی ئەوەی دەگرتە ئەستۆ و (وقائع شاذه — ریزپەڕ)ەكان روون بكاتەوە كە هیچ نیازێكی خراپی لە پشتەوە نییە و هەمیشە وەفدەكەی ئێمەی پێی تاوانبار دەكرا. گومانیشم لەوەدا نییە كە هەمان رۆڵی دەبینی لە مەسەلەی راستكردنەوەی ئەو بۆچوونە خراپانەی كە دەربارەی قسەكان زەینیان بۆ دەچوو، یەك و شەش لە زاری ئەو بهاتبایە دەرەوە بەس بوو بۆ راگرتنی كەمترین هۆیەكانی لێك گیربوون —إحتكاك— و راستكردنەوەی بەپەلە و خێرا وەك لە مەسەلەی سەردانەكاندا روویاندا.

بڕیاری بەش بەش كردنی لەناكاوی لیژنەكە و بڵاوبوونەوەیان بەرەو شوێنی نەزانراو لە وڵاتێكدا كە نە ئوتێلی تێدایە و نە هۆی حەوانەوەی ئەورووپییانە هەرچی چۆنێك بێت، لە زستانێكیشدا كە سەختترین زستان بوو لەو وڵاتەدا كە تا ئەوسا زانرابێ، ئەمەمان وەك خراپترین شێوازی پشتگوێ خستنی دەسەڵاتی نێوخۆ كە لیژنەكە كردبێتی، هاتە پێش چاو كە من لە سەرەتادا زۆرم حەز لێی بوو. بەدەر لەو رێگرییە —محاذیر— سیاسییە مەترسیدارانە، ئەمە هەموو ئەو رێ و شوێنە بنبڕانەی من رێكمخستبوو وەك ئەفسەری پەیوەندی لێپرسراو لە رێكخستنی كارەكانی لیژنەكە، تووشی لێك ترازان دەكا، جگە لەو رێ و شوێنانەی كە كردبووم تاكو دڵنیابم لەوەی ئەوەی لە مووسڵ روویدا جارێكی دیكە روونەداتەوە، بۆیە من و (جاردین) رێككەوتین كە ئەو یادداشتێكی نووسراوی پەلە پێشكەش بكا و تیایدا نارەزایی دەربڕێ (هەست دەكەین كە كاتی ئەوە هاتووە بۆ خۆت دەستپێشخەری بكەیت و هەوڵ بدەیت وا لە لیژنەكە بكەیت كار لەسەر هێڵێك بكا كە زیاتر رێك و پێك بێ و كەمتر بێ پەروایی بێ). نوێنەری باڵا خۆی ئەوەی راگەیاندبوو كە هەر كاتێ بوونی ئەو پێویست و بە سوود بێ،



ئامادەیە بچێتە مووسڵ. ئەو شەوە ئاو و هەوا زۆر خراپ بوو، دوو سەعات ئێمە لە توندترین حاڵەتی دڵەڕاوكێدا بووین كە زانیمان سەرەڕای بەفر بارینی زۆر، ئەو بە فڕۆكە بەرەو لای ئێمە دێ، هەرواش بوو، ئەو فڕۆكەیەی ئەوی تێدابوو لەگەڵ ئەو فڕۆكەیەی لەگەڵیدا بوو، لەكاتی نیشتنەوەدا لە زەوییاندا و تێكشكان بەڵام كەس بریندار نەبوو جگە لە رووشانی كەم. پێش ئەوەی بگا گۆڕانێكی گرنگ لە هەڵوێستدا روویدا، جەواد پاشا یادداشتێكی ئاڕاستەی سەرۆك كرد و تیایدا ئەوەی گرتبووە ئەستۆ (كە خۆی بەرپرسیارە لە سەلامەتی هەموو ئەندامانی وەفدی توركی ئەگەر هەر كارێكی توندوتیژی روویدا) هەروەها رەزامەندی خۆیشی دەربڕی {لەسەر ئەو رێ و شوێنە وردانەی (پێشتر) نوێنەری باڵا پێشنیاری كردبوون كە هیچ زیانێك بە شوێن و هەستی وەفدی توركی ناگەیێنێ و وەفدەكەش ئامادەیە بۆ یارمەتی لەپێناو جێبەجێ كردنی ئەركەكان}.

سەبارەت بە نوێنەرەكان نەمانزانی بۆچی وازیان لەو بیرۆكەیە هێنا كە بچن بۆ شوێنێ بێ ئەوەی پێشتر دەستنیشانی بكەن و بیڵێن؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو كە زیاتر مەسەلەكەیان هەڵسەنگاند یان لەبەر نارەزایی ئێمە بوو، ئەمجارەیان بە تەواوی بە پێچەوانەی بڕیارەكەی پێشوویان رایانگەیاند كە نیازیان وایە بۆ هەر كوێ بچن پاسەوانی رەسمییان لەگەڵدابێ.

(السر هنری دوبس) ئەو بەیانییەی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەكە و چاودێرەكان بەسەر برد و دوو سەعاتی ئێوارەشی بە تەنیا لەگەڵ سەرۆك بوو. دوای قسەكردن بەڕاشكاوی گەیشتنە لێك تێگەیشتنێكی تەواو و لەسەر پڕۆگرامێكی دیاری كراو رێككەوتن. لە ١١ی شوباتدا لیژنەكە بوو بە چوار دەستەی (فرعی). سەرۆك و هەردوو چاودێر لە مووسڵ دەمێننەوە و بەردەوام دەبن لە لێكۆڵینەوەكانیان لە ناوچە دەشتاییەكاندا و (تیلیكی) و (كرامرز) و (ناظم) دەچن بۆ هەولێر پاشان (لاین)یش وەك شارەزاییێكی بەریتانی دەچێتە لایان. (پاولس) لەگەڵ (صبیح و كامل) دەچنە باكووری كەركووك و (پورتالیە) لەگەڵ (فتاح) و شارەزایەك كە لەوێ لە شوێنەكە (موقع) دیاری دەكرێ دەچنە ناوچەی كفری. دوای ئەوە هەموو لیژنەكە لە كەركووك كۆدەبنەوە. لەبەر گرنگی سلێمانیش وەك مەڵبەندێكی بزووتنەوەی نەتەوایەتی كوردی، لیژنەكە هەر هەموویان دەچنە ئەو شارە و لەوێوە دەگەڕێنەوە مووسڵ بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە لێكۆڵینەوەكانیاندا لە ناوچە شاخاوییە كوردییەكانی لیواكەدا كە لە سنووری ویلایەتەكەوە نزیكن.

– ٢ –

بارودۆخ لە لیواکانی باکووری رۆژهەڵاتدا بە تەواوی جیابوو لەوەی مووسڵ، لەوێ فەرمانبەرە لێپرسراوەکان لە کوردە عەشایرییەکان بوون نەك لە عەرەب، ئەوەشیان دەزانی وەك ئێمەی بەریتانییەکانیش دەمانزانی کە زۆر بێ مانایە کە ئێستا هەوڵی ئەوە بدەین کێشەکەمان بەوە بەهێز بکەین راوێژێکی ناسروشتی بە دانیشتوان بکەین، چونکە هێشتا زۆر بەسەر هەڵکردنی ئاڵای مەملەکەتدا تێنەپەڕیبوو، لەگەڵ قەناعەت پێکردنیان کە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن دوای ئەوەی بە تەواوی دەریانخست کە نایانەوێ بچنە پاڵ دەوڵەتە تازەکە، بۆیە بڕیارماندا کە زەقکردنەوەی هۆی ئابووری باشترین بەڵگەمان بێ لە راستیشدا شتێکی باشە و قابیلی وەڵامدانەوە نییە ئەگەر لە روانگەی رازی بوونی خەڵکەکەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین، چونکە ئەوان لەم رژێمەی ئێستا کە خەڵکێکی دیاری ناوچەکەی خۆیان حوکمی تێدا دەکەن و بەریتانیای بەهێز پاڵپشتییان دەکا رازی بوون و هەموو ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی یادگارە خراپەکانی دوارۆژەکانی حوکمی عوسمانی بوو لەوێ. بۆمان دەرکەوت کە ئەو خۆپێشاندانە رێ پێدراوانەش لەوانە بوو کار لە ئاسایشی گشتی بکا و ئاژاوەگێران ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی ئیشێکی وابکەن کەڵك بە نەیارەکانمان —خصوم— بگەیەنێ، بۆیە هەموو رێ و شوێنێکمان گرتەبەر، ئەوەندەی بۆمان دەکرا، تاکو نەهێڵین لەو سێ لیوایەدا رێنماییەکانی بەغدا جێبەجێ نەکرێ کە داوای پێکهێنانی (لیژنەکانی بەرگری نیشتمانی)یان دەکرد، لە کەرکووکیش دوو کەسمان گرت کە لە بەغداوە نێردرابوون بۆ دامەزراندنی ئەو لیژنانە، یەکسەر کە لە شەمەندەفەرەکە دابەزین و بەو شەمەندەفەرەی دەچووەوە بەغدا رەوانەمان کردنەوە.

بەرەبەیانی ١١ی شوبات لە مووسڵ دەرچووم بەرەو هەولێر قسەیێکی کەمم لەگەڵ (لاین) کرد پێش ئەوەی لەسەر سنووری لیواکە و لە نزیك زێی گەورە لەگەڵ لیژنە فەرعییەکە بڕوا، بەڵام لەگەڵ (متصرف)ی لیوا ئەحمەد ئەفەندی زۆرم قسەکرد. تاقیکردنەوەکانمان لە مووسڵ بۆمانی دەرخست کە ئەو سیاسەتەی پێشتر دانرابوو سەبارەت بەم سێ لیوایە راست بوو و لەگەڵ پەیڕەوی لیژنەکەشدا بە تەواوی دەگونجا، ئەو پەیڕەوەی دوای چەندین کۆسپ و تەگەرە لیژنەکە پێی گەیشتبوو رێنماییەکانی پێشوومان دووپات کردەوە کە نابێ رێ بدرێ بە هیچ



لایێك خۆپێشاندان بکەن[1] و دووبارەشمان کردەوە کە لیستی ئەو شایەتانەی گوێ لە شایەتییەکانیان دەگیرێ دەبێ لەسەر بنەمای کەسایەتی و رێ و شوێنی بەرز (وەك لە مووسڵ کردمان) ئامادە بکرێن، پێویستیش بوو لیژنەکە تێبگا کە فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبردن لە هەرسێ لیواکەدا تەنها لەبەر رێز و پایەیان لە نێو قەومەکەی خۆیاندا هەڵبژێردراون بۆ ئەو فەرمانانە، بۆیە دەبێ راکانیان پشتگوێ نەخرێ یان وەك قسەی (تووتی ئاسا) کە فەرمانبەرەکان لە دەسەڵاتدا دەیڵێنەوە، حیساب بکرێ، ئەمە بێ ئەوەی ئێمە هیچ هەوڵ بدەین هەستی لایەنگری تورك بشاریتەوە ئەگەر هەبێ، بەڵکو دەبێ ئەندامانی لیژنە لەوانە بکۆڵنەوە کە ئەو رایەیان هەیە لەگەڵ ئەو هۆیانەی پاڵیان پێوە دەنێ وابکەن و دەبێ پۆلیسیش لە رێی لیژنە بە دوور بێ. ئەو رێوشوێنانەی (متصرف)ی هەولێر کردبووی زۆرباش بوون کە بۆ عەسری ئەو رۆژە لەگەڵ (پاولس و پورتالیە) بەناو بازاڕ و کۆڵانەکانی قەڵادا پیاسەمان دەکرد، بارودۆخەکە زۆر هێمن بوو بەگشتی و هیچ شتێکی بە ئەنقەست یان دروست کراو (تعمد و افتعال)مان نەدی و دوکاندارەکان لە خاوەن پیشە و بەققال خەریکی ئیش و کاری خۆیان بوون، ئەوەندەش سەرقاڵی کار و کاسبی بوون زەحمەت بوو بتوانی وایان لێبکەیت چاوهەڵبڕن و تەماشات بکەن یان وەڵامت بدەنەوە کاتێ هەواڵی نرخی ئەو کاڵایانەت دەپرسی کە مایەی بایەخی خەڵکەکە بوو.[2]

---

(١) (لاین) لە یادداشتەکانیدا نوسیبووی: سەرنجمان دا ژمارەیێك ئەفسەری سوپای عیراق گەیشتنە شار بەڵام بە جل و بەرگی مەدەنییەوە، منیش بانگم کردنە نووسینگەکەی خۆم و لێم پرسین چی دەکەن لە هەولێر، ئەوانیش زۆر بە شانازییەوە گوتیان لە (بلاط)ەوە نێردراون بۆ ئەوەی خەڵکەکە هان بدەن دژی تورك، سەرەتا داوا لە خەڵکەکە دەکەن هەر کە هەڵیان بۆ هەڵکەوت دەم و چاویان بە تف سواغ بدەن، ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی بیروبۆچوونی ئێمە بوو و هیچ سوودێکیشم لێ نەدەدی بەڵکو بە پێچەوانەوە لەوانە بوو زیانێکی زۆری هەبێ، بۆیە داوامان لێکردن یەکسەر بگەڕێنەوە بەغدا چونکە ئێمە ئیشی خۆمان بەباشی کردووە و هەناسەیێکی ئۆخەییشم هەڵکێشا کاتێ —چارلس لیتلدیل— پێی راگەیاندم کە لێیان رزگار بووین (ل١٤٨- سەرچاوەی پێشوو).

(٢) لاین سەرچاوەی پێشوو ل١٤٩ ((یەکەم خاڵم دژی نوێنەری تورك تۆمارکرد چونکە ناوی یەك نوێنەری مەسیحی و جولەکەی نەدابنێ، لە کاتێکدا من ئامادەم کردبوون. تیلیکی لەمە بێ ئاگا نەبوو، پاشان تووشی سەرئێشەی پڕوپاگەندەی نوێنەری تورکمان لە شارەکەدا تووش بوو. لەو کاتەشدا ئەحمەد ئەفەندی کاری خۆی دەکرد، بەڵام زۆر زیرەك و لێزانانە کە دەیپرسی ئایا ئایینەکانیان (واتە مەسیحییەکان و جولەکەکان) چی بەسەر دێ ئەگەر تورکەکان گەڕانەوە.

ئەو شەوە (لاین و لیتلدیل) داوەتی نان خواردنی ئێوارەیان کردین لە ماڵەکەی خۆیاندا کە دەکەوتە دەرەوەی شار، (متصرف)یش چاودێرە تورکەکانی داوەت کرد. ئەوی راستی بێ من دڵنیانیم لەوەی (لاین) ئێرلەندی بێ بەڵام لە ناوچەیەکی ئێرلەندیدا پەروەردە کراوە، ئەو رەوشتە شاخاوییە زبرەی بە سروشتێك و تەبیعەتێکی جوان رازاندوەتەوە هەر دەڵێی رەوشتی ئەوانەیە کە دەچوونە (بلارنی Blarnry) بۆ حەجکردن. نەخۆی و نە هاوڕێکەی کەسایەتی پەرستی خۆ رەپێشخەر نەبوون. میوانەکانیش سەریان سوڕمابوو لەوەی کە دەبێ ئەم دوو (لامەی-لام-)[3]ی هەولێر چی بن و چۆن لەگەڵیاندا رەفتار بکەن بەم تەبیعەتەیان کە هەوڵیان نەدەدا بیشارنەوە.

(لاین و تیلیکی) بە درێژایی دوو هەفتەی پاشتر هەمیشە بە یەکەوە دەبینران و لە ناوچەکانی لیواکەدا دەگەڕان و دۆستایەتییەکی پتەویان لە نێواندا دروست بوو یەکتریشیان زۆر باش ناسی. تیلیکی کە نوێنەری دروشمی بنەماڵە رەسەنەکەی خۆی بوو کە بریتی بوو لە وێنەی (وعل-ئاسك)ێك بازدەداتە سەر تاج، زۆری مەبەست بوو بە سەرە (وعل-ئاسك)ێك لە جۆری ئاسیەوی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، بۆیە بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات ئیش و کارەکانی لیژنەکەی راگرت چونکە چووبووە چیای سەفین کە چیایەکی جوانی ناوچەی خۆشناوە و بەرزترین لووتکەی (٦٥٠٠) پێیە و نزیکەی (٢٥)میل دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی هەولێر، بەڵام بێ بەختی (الکونت) لەوەدابوو کە تەقەی لە (وعل-ئاسك)ێکی زۆرباش کە (لاین) پیشانی دابوو، کردبوو بەڵام نەیپێکابوو. (تیلیکی لەشی زۆرباش و بەهێز نەبوو، بۆیە ئەرکی گەشتە زستانییەکانی کوردستان باری تەندروستی تێکدا و لە رەواندز زیاتر نەیتوانی بێت.

لە ١٢ی مانگ لەگەڵ لیژنە (لاوەکییە-فرعی-)کەی کەرکووك چوومە پردێ، شارەکە بە تەواوی هێمن بوو و شتێ نەبوو لەو شارە بچووکەدا سەرنج رابکێشێ. لە بینای سەرادا دەستمان کرد بە گوێگرتن لە شایەتەکان، ئەمەش یەکەمجارم بوو لەم پرس و وەڵامەدا بەشدار بم. بڕوام وایە کە (پاولس) زۆر بێ لایەنانە کارەکەی خۆی کرد و بە شێوازێك کە لەگەڵ رادەی هۆشیاریی شایەتەکان و ئامادەگی زەینیان بگونجێ. تورکەکان لیستی شایەتیان پێ نەبوو، بۆیە حەوت ناو لە لیستە عیراقییەکە هەڵبژێردرا بێ دەستنیشان کردن و داوا لە (صبیح و کامل) کرا کە قسەکان وەربگێڕن بە مەرجێ هەریەکەیان چاودێربێ بەسەر ئەوی دیکەوە کە قسەکان وەردەگێڕێ.

(٣) مەبەستی (لیتلدیل و لاین) چونکە ناوی هەردووکیان بە پیتی لام دەست پێدەکات.



دوای باسکردنی هۆی سەردانی لیژنەکە و ئەرکی هەر یەکێك لە ئامادەبوان چەند پرسیارێکی ئاسانیان لە شایەتەکە کرد دەربارەی نەتەوەکەی و ئایینی و پیشەی و ئەو هۆیەی بەکاردەهێنێ لە هاتوچۆدا و ئەو بازاڕەی شتی لێدەکرێ و دەفرۆشی و شتی دیکەی لەم بابەتە. پاشان دوای ئەوەی هەموو ئامادەبوان لە ژوورەکە چوونە دەرەوە بە وەرگێڕەکانیشەوە داوای لە هەر شایەتێك کرد وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە! پێی باشە لەژێر حوکمی تورکیدا بێ یان حوکمی عیراق؟ بەمەرجێ وەڵامەکە لە وشەی (تورکیا) یان (عیراق) زیاتر نەبێ.

ئەم پرسیارە کە لە دواییدا ناونرا (پرسیارە بچووکەکە) ئاسانکردنێکی بێ مانای بابەتەکە نەبوو وەك لە سەرەتادا دەردەکەوێ، چونکە ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو کەسەی پرسیارەکە دەکا راییێکی گشتی دروست ببێ لەلای دەربارەی ئەو لایەنەی گوندییەکان پشتگیریی دەکەن، ئەوەش هۆییێکە نابێ لەبیر بکرێ و رێگەش لەو شایەتانە ناگرێ کە ئامادەیی زەینییان هەیە بۆ ئەوەی ئەو هۆیانەی پاڵی پێوەنان لایەنگری ئەو لایەنە بن روون بکەنەوە و ئەو مەرجانەش کە پەیوەستن بەو هەڵبژاردنەوە بخەنەڕوو. لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی پردێ تورکن و لەبەر ئەوەش کە مەڵبەندێکی سەرەکی بازرگانی و گواستنەوەی بە کەڵەك و بە بەغداوە بەستراوە، بۆیە ئەو پرسیارانەی پەیوەست بوون بەو لایەنەوە گومانی نییە کە لایەنی عیراق دەگرن، پاشان زانیم لە رێی دەستەی شایەتەکانەوە (هیئة الشهود) کە پێنجیان لایەنگری عیراق بوون و دوانیشیان تورکیای وبستبوو. ئەمەش ئەنجامێکی زۆر باشە بۆ عیراق ئەگەر حیساب بۆ نەتەوەی دانیشتوانی شارەکە بکەین.

دوای نانخواردنی نیوەڕۆ لەگەڵ (پورتالیە) چووم بۆ کەرکووك و (پاولس) و شارەزاکانمان بەجێهێشت بۆ ئەوەی خەریکی لێکۆڵینەوەکانیان بن لەو گوندانەی کەوتوونەتە ئەمبەر و ئەوپەری جادەکە. وارێکەوت کە تایەی ئەو ترومبێلەی (کامل و فتاح)ی تێدابوو تەقی و لە ترومبێلەکەی (پاولس و صبیح) جیابووەوە. لە دووجار وەستانی ترومبێلەکەیان گوندنشینەکان وایانزانی کە (صبیح) نوێنەری تورکیایە (بێگومان زۆرباش شێوەزاری ئەستەنبوڵی دەزانی)، بۆیە ئەو گوندنشینانە دەستیان کرد بەوەی هەستی لایەنگری خۆیان بۆ تورکیا دەربڕن و دۆعا بۆ (پادیشا)ی خەلیفە بکەن کە هەر نەمابوو. (پاولس) زۆر دڵخۆش بوو بەوەی (صبیح) بە ئەمانەتەوە ئەوەی بۆ وەرگێڕا بێ ئەوەی پێویست بە چاودێر بکا، هەرچەندە ئەو شایەتییەش لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو. بەڵام (پاولس) ئەو شەوە ئەوەی لێ نەشاردمەوە کە زۆر بێزی لەو پیس و پۆخلیەوە هاتەوە کە لەو گوندانەدا بینی، زۆریش ئازاری چەشتبوو چونکە ئەو لادێیانە

زۆر دواکەوتوو بوون و بەرای ئەو زۆر لە نزمترین دانیشتوانی کۆنگۆ دواکەوتووتر و سەرەتاییی تر بوون، بۆیە ناتوانێ نەگاتە ئەنجامی ئەوەی کە پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە بۆ وەرگرتنی رای جووتیارەکان شتێکە بێ هودەیە و ئەنجامی نابێ، ئێستا بۆی دەرکەوت کە ئێمە راپرسی گشتیمان قەبووڵ نەکرد راست بووین و قەبووڵ نەکردنەکەمان لە جێی خۆیدا بوو. بەڵام بە پێویستیشی زانی کە بەردەوام بین لە زانینی ویستی دانیشتوان ئەگەر بۆ هیچ نەبێ، بۆ ئەوەی قەناعەت بە حکوومەتی تورکیا بهێنین کە لیژنەکە جگە لە راپرسی گشتی، ئەوەی لە توانایدا بوو کردی.

لە ١٧ی مانگ چوومە سلێمانی بە فڕۆکە بۆ ئەوەی لەگەڵ (چاپمان) وتوویژ بکەم. ئەو وڵاتەی کە باش دەمناسی زۆر جوان دەهاتە پێش چاو بەو کەش و هەوا سارد و بەستووە سافە و لیوارە تیژەکانی (شوان و چەمچەماڵ) کە هێڵی سپی دەیبڕی، ئەویش چیاکانی (قرەداغ و - بەرتان پیرەمەگرون- ئەزمر) کە بەفرێکی ئەستوور داپۆشیوون و وەك مرواری دەبریسکێنەوە و لەبەردەمیشماندا (هەورامان) وەك دیوارێکی سپی مەزن بەرزببووەوە. لە دووریشەوە بەرەو باکووری رۆژهەڵات لوتکەکانی (قەندیل) زۆر جوان دیاربوون و بەسەر کۆمەڵە بەفری لێك ئالاوەوە.

(چاپمان) زۆر خۆڕاگر هاتە پێش چاوم. پێش چەند هەفتەیێك داوامان کردبوو (متصرف)ێکی عیراقی (احمد بگ توفیق بگ) دابمەزرێنن پێش گەیشتنی لیژنەکە. بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران رازی نەبوو ئەو دابمەزرێنێ چونکە بۆ خۆیان پاڵێوراوێکیان هەبوو کە ئێمە بە گونجاومان نەدەزانی، بۆیە هیچ فەرمانێ لەم بارەوە نەگەیشت و ئێمەش وامان بە باش زانی کە هیچ گۆڕانکارییەك لەم دواساتانەدا نەکەین چونکە دەبووە هۆی گومان پەیداکردن و خراپ تێگەیشتنی مەسەلەکە کە پێویست نەبوو ئەم شتانە بوروژێنرێن. بۆیە بروسکەیێکم بۆ بەغدا رەوانە کرد و تیایدا پێشنیاری ئەوەم کردبوو کە (چاپمان) لەسەر ئەرك و فەرمانی خۆی بەردەوام بێ تا کۆتایی هاتنی سەردانی لیژنەکە. ئەو کەسایەتییە دیارانەش کە کاتم رێی پێدام چاوم پێیان بکەوێ وەك ئەحمد بەگ و شێخ قادری برای شێخ مەحموود و حەمە ئاغا عەبدولرەحمان، بینیم کە زۆر پەرۆشن بۆ مەسەلەکە چونکە ئەو کێشەیە لای ئەوان تەنیا قەبووڵ کردنێکی زەلیلانەی پرسیار و وەڵام نییە کە بەسەریاندا سەپێنراوە یان وەڵامی نهێنی ئەو ((پرسیارە بچووك))ـە بێ، بەڵکو زۆر لەمە گرنگتر و مەترسیدارترە و بڕیاریشیان دابوو کە بە ئاشکرا باسی خراپی حوکمی عوسمانی بکەن، لە دانیشتنێکی گشتی لیژنەکەدا و رەفزیشی بکەن،



لەوانەشە زێدەڕۆیی بکەن و ئەوان خۆیان پرسیار لە (جواد) بکەن و تاوانباری بکەن سەربارەت بەوەی داوا دەکا دووبارە وڵاتەکەیان بدرێتەوە بە تورکیا و بەئاشکرا ئەوە رابگەیەنن کە چیتر ملکەچی ئەو دەسەڵاتە نابنەوە کە زۆریان بە دەستیەوە چەشت.

(پاولس) دوو هەفتە لە کەرکووك مایەوە، هەرچەندە (صبیح)یش شارەزای رەسمیمان بوو، بەڵام کەرکووك ناوچەی خۆی بوو، بۆیە دەبایە من یان (میللر) ئەگەر من لەوێ نەبام زانیاری پێویستی بدەینێ. (کامل)یش زۆر بەباشی لەلایەن (آل نفطجی زادە)وە خزمەت دەکرا و لەپێش هەر هەمووشیانەوە براکەی (ناظم) چونکە ئەو خۆی لەوێ نەبوو، هەروەها لەلایەن ئەو بنەماڵە ئەریستۆکراتیانەشەوە کە لایەنگری تورك بوون.

چەند دانیشتنێکی قسەکردنی زۆرم بۆ رێککەوت لەگەڵ نوێنەری لیژنەکەدا، لەبەر ئەوەی ئاگای لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو چونکە تازە هاتبووە ناوچەکە چەندین (مفاجآت)ی یەك لە دوا یەك راپماڵی کە پێشتر لە گەڵیاندا رانەهاتبوو، بۆیە بیروڕا سەرەتاییەکانی زوو زوو و زۆر بە توندی دەگۆڕان لە ئەمپەڕەوە بۆ ئەوپەڕ تاکو لە کۆتاییدا لەسەر هەندێ بیروڕای دیاریکراو سەقامگیر دەبوون ئەمەش زۆر بە دەسپاکییەوە لەو راپۆرتەیدا دەرکەوت کە بۆ کۆمەڵی گەلانی نارد.

وام هەست دەکرد کە وتوویژ لەگەڵ مندا دەخولقێنێ بۆ ئەوەی زیرەکی خۆی و بیروڕاکانی تاقی بکاتەوە و گومانیشم نییە کە هەمان شتی لەگەڵ (کامل) دەکرد کاتێ کە بە تەنیا و بۆ ماوەیێکی زۆر قسەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد.(پاولس) بڕیاریدا کە پێشتر و لە گۆشە نیگایێکی ئابوورییەوە بڕوانێتە کێشەکە و ئێمەشی بە کەمتەرخەم دانا لە خستنەڕووی ئەم لایەنەی مەسەلەکەمان، ئەم بۆچوونەشی بۆ ئێمە سوودێکی گەورەی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا زۆری لا سەیر بوو کە سکەی شەمەندەفەری نێوان کفری و کەرکووك لەوە زیاتر تەواو نەبووە و گووتیشی هیچ هۆیێك نییە رێگر بێ لە بەردەم زۆر زیاتر بردنە پێشەوەی سکەکە و گوتیشی ئێوە بە هەڵەدا چووبوون لەوەی دەتانویست بیسەڵمێنن کە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا (کە جێی بایەخی لیژنەکە نین) بەبێ ویلایەتی مووسڵ ناژین، بەڵکو راستتر وابوو هەوڵ بدەن بیسەڵمێنن کە مووسڵ ناتوانێ بەجیا لەو دوو ویلایەتە بژی، جگە لە هەندێ رەخنەی دیکە. ئەوەشی بۆ دەرکەوتبوو کاتێ مووسڵی بەجێهێشت کە ئەوانەی دژی تورکن و ئامادەش نین لەو مەسەلەیەدا سازش بکەن، لە هەمان کاتدا هیچ خۆشەویستییەك یان لایەنگرییەکیان بۆ حاکمەکانی بەغدا نییە، ئەوان تاڕادەیەك لە بارودۆخی ئێستای لیواکانی باکوور کە رازین تەنها لەبەر ئەوەیە کە بە قۆناغێکی ئەو رێگایەی دەزانن بە سەربەخۆیی زاتی کۆتایی دێت، بەڵام

ئەوان زۆر لەوە نیگەران بوون کە دوای ئەو چوار ساڵەی لە پرۆتۆکۆڵە نوێیەکەی پاشکۆی ڕێککەوتننامەکەدا دیاری کراوە بۆ کارکردن بە ئیدارەی بەریتانی، کۆتایی هات ئەوسا چی ڕوو دەدا؟ لە هەمان کاتیشدا ئەوانەی کە لایەنگری تورك بوون، سۆز پاڵی پێوەدەنان و نەیاندەتوانی کە پرسیاریان لێکرا هۆیەکی ماقوڵ دەست نیشان بکەن بۆ لایەنگری کردنیان لە تورك.

زۆر هەبوون لەوانەی هەمان بۆچوونیان هەبوو کە نەیارەکانی تورك هەیانبوو، بەڵام دڵەڕاوکێیان زیادی کرد دوای ئیمزاکردنی ئەم پرۆتۆکۆلە، بۆیە لایان باشتربوو کە پشتیوانی لەو گەرەنتییە بکەن (ئەگەرچی زۆر نەگۆڕ و لە جێی خۆیدا چەقیوە، سەبارەت بە ئیدارەی عوسمانی) نەك ئەو بێ گەرەنتییەی عیراق بە هەموو شیمانەکانی —إحتمالات— ئاشوب و هەرا و دارمانی تەواوەوە. ئەو بیروڕا نەتەوەییە ریزپەڕەی —متطرف— کە سەرەك وەزیران (یاسین پاشا) و کەسایەتی دیکەی گرنگی بەغدا بانگەشەیان بۆ دەکرد، گومانی لای (پاولس) زیاتر کرد نەك یارمەتی عیراق بدا لە داواکارییەکەیدا، واشی لێکرد گومان لەوەش پەیدا بکا کە مووسڵ لە تورکیا بە تەواوی بێ قەید و شەرت جیا بکرێتەوە، هەرچی چەندیش لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەچووە پێشەوە و لێی قووڵ دەبووەوە، زیاتر هەستی بە لێپرسراویەتی خۆی دەکرد و جارێ بەلای ڕاست و جارێ بەلای چەپدا دەهات، جارێ بیری لە شتێك دەکردەوە جارێکی دیکە لە شتێکی تر. من ناڵێم ئەو وای هەست دەکرد کە ئەمە ئیشی سەرەکی لیژنەکەیە چونکە شتێکی بێ مانایە کە ڕاسپاردەیەك پێشکەش بکەن ببێتە هۆی ئەوەی هەموو ویلایەتەکە دوای سێ ساڵ فڕێ بدرێتە ناو هەرا و ئاشووبەوە.

بە هەموو توانام هەوڵمدا کە مەترسییەکانی بڕەوێنمەوە و هێوری بکەمەوە سەبارەت بەو ئەنجامانەی لەوانەیە ڕووبدەن ئەگەر بڕیارەکە لە بەرژەوەندیی عیراقدا بوو و پێم گووت کە وریایی ڕۆژهەڵات شتێکی زۆر ڕاستەقینەیە و ناکرێ پشتگوێ بخرێ و پیادە کردنی ڕێ و شوێنی ئیستعمارییانەی لە شێوە ئەوەی لە کۆنگۆدا پیادە دەکرێ نابێ بە هیچ جۆرێ لێرە بیری لێ بکرێتەوە. من واهەست دەکەم کە ئەو ماوە کورتەی لە پرۆتۆکۆلەکەدا دیاری کراوە سەبارەت بە ماوەی ڕێککەوتننامەکە لە ڕاستیدا (تنازل) بێ بۆ ڕای کەسە توندڕەوەکان لە ئینگلتەرە و لە عیراقدا و کەسیش نییە بە جیددی بیر لەوە بکاتەوە کە ڕێککەوتننامەکە پێش کۆتایی هاتنی چوار ساڵەکە بۆ ماوەیێکی دیکە تازە ناکرێتەوە.

ئەو مشتومڕە کەسییەی کە لە کەش و هەواییێکی دۆستانەدا دەکران، و نەبوونی هیچ چالاکییەکی پۆلیسی لە ناوچەکەدا و هەڵوێستی (صبیح) لە یەکەم ڕۆژدا و تێگەیشتنی



(پاولس) کە لێکۆڵینەوە تایبەتییەکانی بە ئەنجامە چاك و خراپەکانییەوە، ئەو بۆچوونانەی سەلماند کە من پێم ڕاگەیاند، و پێشبینی ئەوەشم کردبوو کە ئەو بۆخۆی دەگاتە هەمان ئەنجام ئەمانە هەموو ئەو گومانانەی لە زەینی (پاولس) کە ئەنجامی خراپ لێك گەیشتنمان بوو لە سێ هەفتەی یەکەممان لە مووسڵ، سڕیەوە و نەیهێشت. (آل نفطجی زادە) بە هەموو توانایانەوە هەوڵیان دەدا گومان و بێ بڕوایی بمێنێ و (کامل) قەناعەت پێ بکەن کە لە تیرۆر شکات بکا و نارەزایی دەربڕێ ئەویش وایکرد. هەموو جارێکیش ئاسان بوو بۆ ئێمە ئەوە بسەلمێنین کە ئەو کەسانەی گوایا دەستدرێژی کراوەتە سەریان کەسانی تاوانبار و ڕابووردووی خراپیان لە تۆمارگەکانی فەرمانگەکانی پۆلیسدا هەیە و دەیانەوێ هەرا بنێنەوە و خۆپیشاندان بکەن. لەبەر ئەوەی کە ڕێگە نەدەدرا هیچ جۆرە خۆپیشاندانێکی پشتگیری کردنی عیراق بکرێ، بۆیە ئێمە مافی خۆمانە هەموو ڕێ و شوێنێك بگرینە بەر بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە. وەڵامێکم لە نوێنەری لیژنەکەوە پێگەیشت کە دەربارەی ڕاپۆرتێك بوو نووسیبووی سەبارەت بە یەکی لەو سکاڵایانە و هەڵوێستی ئێمەی زۆر بەهێزکرد کاتێ کە حکوومەتی تورکیا سکاڵای لەوە کردبوو کە نوێنەرەکانیان ڕێیان لێ گیراوە، وا لێرەدا بەدەقە فەڕەنسییەکەی خۆی تۆماری دەکەم.

((مایەی سەربەرزیمە پێتان ڕابگەیێنم کە ئەمڕۆ نامەکەتم بەدەست گەیشت، لەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوانەی لێتانم داوا کردبوو سەبارەت بە گرتنی خەڵکی لە چواردەی ئەم مانگەدا. ئەو ڕوونکردنەوانەی پێشکەشتان کردبوو زۆر بەسە و خۆشحاڵیشم، دان بەوەدابنێم کە ئەو ڕێوشوێنانەی پیادەتان کردبوو لە ئیدارەی کردنی کەرکووکدا زۆر کاریگەربوو، ئەو ڕێوشوێنانەی ڕێگە لە هەموو خۆپیشاندانێك دەگرێ کە لەسەر جادەکان بکرێ و لە هەدوولاشەوە وەکو یەك. لە هەمان کاتیشدا پێخۆشحاڵم ئەوەش بڵێم کە ئازادییەکی تەواوتان بۆ ڕەخساندم لەم شارە تاکو بیروڕای دانیشتوانەکەی بزانم)).

لە واقیعدا قۆناغێکی درێژی ڕێگەمان بڕی و قۆناغی یادداشت نووسینمان، کە سیمای ڕۆژانی یەکەمی بوونمان بوو لە مووسڵدا، بەجێهێشت. سەبارەت بە (کامل)یش لە جاران زیاتر دەمبینی و خۆشم ویست و ڕێزم گرت. ئەو پیاوە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی سوود لە هەموو ئەو هۆیانە وەربگرێ کە باشە بۆ کێشەکەی و لە کەرکووکدا هەن. هەرچەندە (آل نفطجی زادە) هانیان دەدا و پاڵیان پێوە دەنا بەڵام ئەو قەت ڕێی بەخۆی نەدا کە لە ڕێی ڕاستی خۆی لابدا چونکە ئەمە سروشت و تەبیعەتی خۆی بوو. من زۆر هەوڵم دا و پەرۆش بووم ئەوەی بۆ ڕوون بکەمەوە کە ئەو دژایەتییە (خصومە) سیاسییەی پێمان سپێردراوە بە هیچ جۆرێ کار لە ڕێزی

کەسی من ناکا بۆ ئەو. (روب) زۆر لێهاتوو بوو کاتێ کە (پاولس) داوەتی کرد بۆ نانی ئێوارە (شیو) لە چێشتخانەی هێزی ئاسمانی وەك هاوڕێیەك لە دروستکردنی جەنگی شەریفانەدا —بصفته زمیلاً في صناعة الحرب الشريه — هەستم کرد کە ئیشەکانمان لە کەرکووك کە مەڵبەندێکی پتەوی (نفوذ)ی عوسمانییە لە ویلایەتی مووسڵدا، بەگشتی لەوە باشتر بوو کە ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد و نوێنەری نێردەکە (مندوب البعثه) ئێستا بۆی دەرکەوت کە ئەگەر بەشێ لە دانیشتوانی شارەکە تورك بن، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی لیواکە کوردن و ژمارەی ئەو عەرەبانەی لە شارەکەدا نیشتەجێن (هۆزی —العبید—) و ئەو هۆزانەی لە (مالا و قرەتەپە)[*] ژمارەیان لە تورك زیاترە. چاکەی گەورەی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە باشەکانی (آل اليعقوبى) کە ئەو شایەتانەی بە تورکی قسە دەکەن کرد بە دوو بەشی یەکسانەوە.

سەبارەت بە کوردەکانیش، ئەگەر ئەو گوندنشینانەی کە لە ئەوپەڕی دواکەوتندان وەك گوندنشینەکانی (شوان و پردێ) و گوندەکانی دەوروبەریان دەنگیان بە تورکیا دابێ لەبەر کاریگەری ئاغاکان و دەرەبەگە خاوەن موڵکەکانیان یان لەبەر هەستی ئایینییان، ئەوا (قرە حسن و طاووق) و دەستەیەکی باشی کەسایەتییەکەم و دیارە زیرەکەکان هەر هەموو دەنگیان بۆ عیراق دا، هەروەها مەسیحییەکان و موسەوییەکانیش کە تاڕادەیەك و بەگوێرەی ژمارەیان قورساییان هەبوو، ئەمانیش دەنگیان بۆ عیراق دا. بۆ ئەوەی رای گشتی ناوخۆیی لە (کفری) رێز بکەین، کە هەندێ لە بنەماڵە دیارەکانی تورك بوون پشتمان بە (عمر نظمی بەگ) بەست کە بە ئەسڵ خەڵکی کفری بوو و لە ساڵی ١٩٢٢ لە کەرکووك قازی بوو وەك پێشتر گوتم، بەشێوەیەکی جارەکی (مؤقت) لە فەرمانەکەی خۆی دەستی پێکێشراوە و لەگەڵ ئێمە دانرا و لەبەر ئەوەی نە ئینگلیزی و نە فەڕەنسیی دەزانی هەڵنەبژێردرا کە لەگەڵ (پورتالیە) بێ وەك شارەزاییەك بۆ ئێمە بەڵکو من (کورنر)[٤] م هەڵبژارد و وابزانم بەم ئیشەم دۆستایەتییەکەمانم تێکدا چونکە ئەو ئەرکەی لاباش نەبوو منیش رەوانەی ((کفری)م کرد. لە دانیشتنێکدا لەگەڵ (پورتالیە) و (فتاح) لەسەر نەخشەی کاری لیژنە فەرعییەکە رێککەوتین. پاشان بە تەنیا قسەم لەگەڵ (کورنر) کرد و بۆم دووپات کردەوە کە ئێمە چاوەڕێی رووداوێکی سیاسی گەورەی لێ ناکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی وڵاتەکە باش دەناسێ و لە ناو خەڵکیدا رێزی هەیە ئەمە کاریگەری

(*) وابزانم لێرەدا هەڵەی چاپ هەیە چونکە من (مالا)م نەبیستووە. (ح. ج).

(٤) نوژدارێکی —طبيب— ئینگلیز بۆ ئیدارەی بەریتانی دایانبوو و لە کەرکووك کاری دەکرد.



باشی دەبێ لەلای بریکاری نوێنەری بێ لایەن —وکیل المندوب المحايد— هەر تەنها لە لایەنی بەرامبەر بێ ئەمە بەسە بۆ ئەوەی رێ لە (فتاح) و رەفتارە بێ رەوشتەکانی بگرێ. پێم راگەیاند کە هەر ئەوەندەی لەسەرە کاتێ کە سەرەك هۆزەکان یان ئەوانەی کە نەخۆش بوون و ئەم تیماری کردوون، شتی دووریان بەبیر بهێنێتەوە وەك ئەو تەقانەی کران و فلانی پێوەبوو یان ئەو دەسکەوتانەی لە ئیدارەی حکوومەتی ئینتیداب وەدەسیان هێناوە، واتە پێویست ناکا پرسیاری نەشیاویان لێ بکا. پێشم گوت کە سیاسەتی ئێمە ئەوەی مەبەست نییە چاودێریی توند بخەینە سەر نوێنەرە تورکەکان بەڵام ئەگەر هەستی کرد (فتاح) بەردەوامە لە پروپاگەندە و خەڵك تۆقاندن ئەوسا دەبێ نارەزایی خۆی بە (پورتالیە) رابگەیەنێ.

لیژنەی فەرعی لە کفری سەردانی بەشێکی زۆری ناوچەکەی کرد، بە ترومبێل سەردانی چیای حەمرینی کرد و شەوێك لە (قەرەتەپە) مایەوە و چوار رۆژ لە (١٨-٢٢)ی شوبات لە دەرەوەی کفری سووڕایەوە، شەوەکەی لە (ابراهیم خانچی: زەنگەنە) و (قادر کەرم: شێخ عبدالکریم) و (جاوری: عزیزی عباس داودە) و (طوزخورماتو) و (بسطاملی بیات) مایەوە. (کورنر)ی مەدەنی لە هەموو شارەزاکان زیاتر بەو ئەرکە ماندوو بوو. چونکە (ناظم) لە هەولێر و (کامل) لە کەرکووك وەك بلێیت لە ناوچەی ئاسایی خۆیاندابوون (فتاح)یش لە نێو ئەو هۆزانەی من جارێکیان ناوی (لغم کفری)م لێنان، دەتگوت لە ماڵی خۆیدایە، ئەمە جگە لەوەی کە لیژنەکەی کفری تەنها لیژنەیێك بوو کە دەبایە شەوان دوور لە مەڵبەندەکانی ئیدارە و لە میوانی شێخەکانی هۆزەکاندا بەسەربەرن، لەو شوێنانە (پورتالیە و کورنر) بێدەنگ دادەنیشن کەچی (فتاح) دەچێتە ماڵان بەهۆی خزمایەتی لەگەڵ هەندێ لە ژنەکان و کۆبوونەوەی نهێنی دەکا. نەخشەی فەتاح ئەوەبوو کە قسە و قسەلۆك بڵاوبکاتەوە و پەخشنامە دابەش بکا (یەك دانەمان دۆزییەوە) تیایدا باسی ئەوەی دەکرد گوایا مەسەلەکە لە راستیدا کۆتایی هاتووە و (رەمزی) کە قایمقامی رەواندز و رانیە بوو لە ساڵی ١٩٢٢دا بەمزوانە دێت و ئیدارەی کفری دەگرێتە دەست. لەکاتی لێپێچینەوەی ئاشکرادا (الاستجواب العلنى) خۆی وا پیشان دەدا کە سەرنجی خۆی سەبارەت بە هەموو ئەو قسانەی بۆنی هەڕەشە و گوڕەشەیان لێدێ تۆمار دەکا.

(کورنر) زۆر لەوە هەست ناسکتر بوو کە من بتوانم دڵی بدەمەوە و ترسی بڕەوێنمەوە، کە گەڕایەوە کەرکووك دەتگوت تازە لە بەندیخانە بەر بووە، زۆر بەرچاو تاریك و کەم بڕوایە بە سوودی ئەوکارەی دەیکرد. بەڵام واقیع پێچەوانەی ئەوەبوو، چونکە ئەنجامی نایابی لە کەلار بەدەست هێنا و (کەریم بەگی جافیش) زۆر راشکاوانە و بەخوێن گەرمییەوە لایەنی عیراقی

گرت، ئەوەی سەیر بوو بەلامانەوە ئەوەبوو کە (عزیزی عەباس داودە) لەو کەمتر نەبوو لە دەربڕینی رای خۆی و لایەنگری بۆ ئێمە، تەنانەت (رفعت) خۆیشی بڕوامان وابوو کە دەنگی بە ئێمەدا. بەڵام تاڵەبانییەکانی (گل) نائومێدیان کردین چونکە هەندێ رارایی و نارەزاییمان لێ دین. بەڵام کە گوتیان ئەوان دەنگ بەلایەنی (عبدالله صافی أفندی) و تاڵەبانییەکانی کەرکووك و قەرە حەسەن و تاووغ دەدەن، دەنگەکەیانی بۆ ئێمە مسۆگەر کرد، (طوز)یش هەر دەنگی بۆ ئێمەدا. جا ئەگەر لە شارۆچکە بچووکەکاندا وەك کفری و قەرەتەپە و هۆزی (دللو) سەرکەوتن بەلای تورکەکاندا بوو، بەڵام ئەمە بەس نەبوو بۆ ئەوەی کۆمەڵەی یەکگرتووی جاف و داودە بشکێنێ و لێی بباتەوە.

لە ٢١ی شوبات بە فڕۆکە چوومە مووسڵ کە (ڤیرسن و جاردین و جواد) لەوێ سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون لە نیوەی باشووری لیوای مووسڵ، ریزەکانیش لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدا بوو و چانسەکانیش جیاوازییان هەبوو و بارودۆخەکەش کەمتر گرژبوو بەڵام هەندێ رووداو روویاندا کە لەگەڵ ئەوەی لایەنێکی پێکەنیناوی بوو بەڵام بەسیش بوو بۆ ئەوەی گومانەکانی سەرۆك وەك خۆیان بمێننەوە. لە تەلەعفەر کە شارۆچکەیەکی تورکمانییە و (٤٠) میل لە مووسڵەوە دوورە ئاژاوەگێڕێکی راسپێردراو توانیبووی قایمقام هەڵبخەڵەتێنێ و خۆپێشاندانێکی سەر بە تورك رێکبخا لە خەڵکی بازاڕ و لە دەرەوەی شار، کە بە تەواوی پێچەوانەی ئەو یەك دەنگییە نیمچە زۆربەیە بوو کە شایەتە رەسمییەکانی هەردوو لیستی تورکی و عیراقی دەنگیان بۆ دابوو جایان بۆ لایەنی عیراقی یانیش گوتبوویان دەیانەوێ سەر بە شاری مووسڵ بن. شتێکی لەم بابەتەش لە شاری (ئاکرێ)ی کوردی رووبدا. لە شەنگار فەڕاشێك پشتی دابوو بەو دەرگایەی لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرا و خەو دەیبردەوە، کە دەرگاکە کرایەوە کەوتە سەر ئەرز و بەوە تاوانباریان کرد کە جاسوسییان لەسەر دەکا، رێککەوتیش وابوو کە ئەو پیاوە بە تەواوی کەڕ بوو، بەڵام چاوەڕوان نەدەکرا کەس بڕوا بەمە بکا. ئەوەی زۆر سەرۆکی پەست کرد ئەوەبوو کە ئەندامێکی (ئەنجوومەنی بەرگری) شارەکە، ریشێکی هەبوو لەناو چەند قەرەباڵغیدا بوایە بە ریشەکەیدا جیادەکرایەوە، ئەم کابرایە زۆر چالاك بوو و پێش ئەوەی لیژنە فەرعییەکە بچووبایە بۆ هەر مەڵبەندێکی ئیدارەی بە ماوەیێکی کەم ئەو دەچووە ئەوێ، لەوەش دەچوو ئەم ریشنە چەپەڵە (الملتحي القذر Sale Hashm) دیتوانی هەموو کاتی بگاتە (ڤیرسن) و لەبەردەمیدا رابوەستێ کاتێ کە (ڤیرسن) دەیویست بچێتە ئەو ژوورەی لێکۆڵینەوەکەی تێدا



دەکرێ، بۆیە هەموو هیوامان لە بەشی باشووری لیوای مووسڵ لە (سەدا پەنجای) دەنگدانی سیاسی تێپەڕی نەدەکرد —التصویت السیاسي—.

کە گەیشتمە کەرکووك (لە ٢٤ی مانگ) بینیم (تیلیکی) لەناو جێگە کەوتووە و نەخۆشە. بۆ رۆژی دوایی لەسەر راسپاردەی (کورنر) بە فڕۆکە رەوانەی بەغدا کرا و (پورتالیە)ش لە کفری هاتبووەوە و تووشی هەوکردنی قورگ ببوو —التهاب اللوزتين— مەلاریا (ڤیرسن)ی لە ٢٥ی مانگدا و یەکسەر دوای گەڕانەوەی لە لیژنەکە دوورخستەوە، بۆیە ئەو لیژنەیەی چووە سلێمانی لە ٢٧ی مانگ لاواز بوو، بەڵام ئەوانەی دواکەوتبوون دوای رۆژێ یان دوان هاتن و گەیشتنە لامان جگە لە (تیلیکی).

بە هیچ جۆرێ گومانمان لەوە نەبوو کە ئێمە دوای ئەو هەموو شەڕانەمان وا خەریکە شەڕە یەکلاکەرەوەکە بکەین —المعركة الفاصلة— چونکە ئەمە هەرێمێکە نە کەمایەتی عەرەبی و نە تورکی بە هیچ جۆرێ تێدا نییە. کوردەکانیش لێرە هەمیشە لە شۆڕشێکی هەمیشەییدا بوون دژی دەسەڵاتی عیراقی و بەریتانی بەدرێژایی پێنجساڵی رابوردوو فەرماندەی شۆڕشی قسە رۆیشتوو بەڕێز لەلایەن هەموانەوە وەك دەردەکەوێ پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ حاکمەکانی تورکیادا هەبووە و داوای یارمەتی لێدەکردن و دڵسۆزی خۆی بۆ دووپات دەکردنەوە، بۆیە لامان سەیر نەبوو ئەگەر ئەو لێرە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێ دوای ئەو شەڕە چوون یەك و یەکسانەی —معركة متكافئة— مووسڵ و هەولێر و کەرکووك. هەروەها ئەوەشمان بەلاوە سەیر نەبوو، کە نوێنەرەکان زۆر پەرۆشی ئەوەبوون کە لێکۆڵینەوە لە ناوچەیەکدا بکەن، بە ئومێدی ئەوەی گوێیان لە رادەبڕینێکی بەهێزی گەلێك بێ کە مەزنترین بەڵگەی پیشاندا بۆ سەربەخۆیی فیکری خۆی. سەبارەت بە ئێمەش، دەمانتوانی بە ئەوپەڕی بڕواوە کاری خۆمان بکەین و دڵنیاش بین لەوەی ئەنجامەکان پێچەوانەی ئەوە دەبن کە (پاولس و پورتالیە) چاوەڕێی دەکەن. هەرچەندە لایەنی تورك لەوە دڵنیابوو، ئەوان و ئەندامە بێ لایەنەکانیش، بەڵام (جواد) بێ ئاگابوو لەوەی گرنگترین هەواڵ دەبیستێ.

شەوی پێش رۆیشتنمان بۆ سلێمانی بە دوور و درێژی قسەم لەگەڵ (ڤیرسن) کرد، هەروەك چۆن لەگەڵ (پاولس) لەگەڵ ئەمیش بۆچوونی خۆم بۆ باس کرد سەبارەت بەوەی لەو شارە دەیبینێ و بەمجۆرە بارودۆخەکەم بۆ کورت کردەوە: ژمارەیەکی کەم لە کوردە نەتەوەییە توندڕەوەکان هەن، بەڵام زۆرینە نیشتمانپەروەری میانڕەون و حەز دەکەن لەگەڵ عیراقدا یەکبگرنەوە بەمەرجێ فەرمانبەرەکانیان کوردبن و زمانی کوردیش وەك زمانی رەسمی کارگێڕی

و خوێندن لە قوتابخانەکاندا بمێنێتەوە. بازرگانەکانیش (کە جیابوونەوە ماڵ وێرانییە بۆ ئەوان) بێ قەید و شەرت لایەنگری عیراقن زۆر بە توندیش و لە هەموو هەرێمەکەشدا کەس نادۆزیتەوە لایەنگری تورك بێ ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێ لە خانەنشینکراوە بێزارەکان. پێش سەفەر (جواد) نارەحەت بوو و خەریك بوو بڕوای بەخۆی نەمێنێ، دەڵێن کە پارچە کاغەزێك خرابووە نێودەستی و تیایدا لەوە ئاگادار کرابووەوە کە لەوانەیە لە سلێمانی بکوژرێ، هەروەها دەڵێن کە پێی گوترابوو (١٥) ئاشووری نێردراوە بۆ کوشتنی خۆی و شارەزاکانی. منیش بۆ سەرۆك و بۆ (پاولس) دووپاتم کردەوە کە بایی ئەوەندە من شارەزای سلێمانی بم دڵنیای دەکەمەوە کە ئەندامانی وەفدی تورکی هەموویان لەدەستدرێژی و سووکایەتی پێکردن بەدوور دەبن، بەدەر لەم حەکایەتە ئاشوورییە بێ مانایە، ئەوەی لە سلێمانی دادەنیشێ دیارە و زۆر زەحمەتە یەکێکی تێدا بشارێتەوە بەڵام (فتاح) کە خۆی خەڵکی سلێمانییە، لەوانەیە خەڵکەکە وەك خائین و بەکرێگیراو تەماشای بکەن. کۆمەڵێ لە کوردە نیشتمانپەروەرەکانیش (بەپێی راپۆرتەکانی چاپمان) خۆیان ئامادەکردووە بە قیر سواغی بدەن یان سووکایەتی پێ بکەن یان شتی دیکەی لەو بابەتە لە گاڵتە پێکردن و سووکایەتی. تکام لە سەرۆك کرد کە داوا لە (فتاح و ناظم) بکا (بۆ زیاتر خۆپاراستن) نەچنە ناو شار تاکو بۆخۆم لە وەزعەکە دەکۆڵمەوە. بۆ رۆژی دوایی لەگەڵ (پاولس)دا لە ترومبێلێکدا بووین، پاولس تەنیا ئەندامێك بوو کە توانی سەفەر بکا، لە رێگا لیستێکی دامێ کە لە (جواد)ی وەرگرتبوو، گوایا ناوی ئەو کەسە ئاژاوەگێڕانەی تێدایە کە بە دزییەوە نێردراونەتە سلێمانی بۆ پڕوپاگەندە کردن و تکای لێکردم ئەوانە لە شار دووربخەنەوە. لیستەکە ناوی (بابکر اغا و شێخ ئاوول سنگاو و حاجی شێخ عارف سرگلو و احمد بك جاف ابن سیدة حلبجە و کریم بك جاف)تێدا بووە.

ئەمانەش پوختەی پیاوە دیارەکانی شارن و پلە و پایەیان لە لیستی شایەتەکاندا کە پێشتر بە رەسمی پێشکەشمان کردبوو زۆر گەورەیە. دواکەسی لیستەکە سەرنجی (پورتالیە)ی راکێشا چونکە خاوەن پلەیەکی دیار و گەورە بوو و پیاوێکی زیرەکیش بوو، بۆیە (پورتالیە) دوای ئەوەی سەردانی کفریی کرد زۆری بە شان و باڵیدا هەڵدا و بەباشی باسی کرد. گومانی تێدا نییە کە (جواد) لە پێشکەشکردنی ئەو لیستەدا نیازی خراپ نەبوو، چونکە (فتاح) هەمیشە بە ئامۆژگارییە خراپەکانی تووشی کێشەی دەکرد، هەر ئەویش بوو کە دەیویست ئەمانە وەك ئاژاوەگێر پیشان بدا، کە بە تەواوی پێچەوانەی نەخشە نەگۆڕەکەمان بوو کە هەمیشە



پەیڕەومان دەکرد، ئەوەش بریتی بوو لە پێشکەشکردنی لیستی تەواو بەناوی کەسایەتییە دیارەکان بەدەر لە را و بیروبۆچوونی سیاسییان.

(پاولس) بۆ چاودێرە تورکەکەی روون کردەوە کە چیرۆکەکانی (کەڵەشێر و گا —الدیك و الثور—)ی ناماقوڵ کە دادەبارییە سەر خوێنەرەکان لە ساڵی گەیشتنیان بۆ مووسڵ، زۆر هیچ و پووچ و بێ مانایە.

کاروانەکەمان کە لە بیست ترومبێل پێکهاتبوو هیچ ئاژاوەیەکی لە شاردا دروست نەکرد و (پاولس و کرامرز) لە پێش (کامل و جواد)ەوە بوون بە ماوەیێکی زۆر کورت، هەر چواریان بە گەیشتنیان بە یەکەوە چوونە ناو بازاڕەکانی شار و دەستیان بە گەڕان و پرسیار کردن کرد لە خاوەن دوکانەکان، بەڵام وەك لەگەڵ دیواردا قسە بکەن کەس وەڵامی نەدەدانەوە، وەك لە هەولێر روویدا، و کەسیش گوێی پێنەدان و لە دەوریان کۆنەبوونەوە. دوای ئەوە (جواد و کامل) نەچوونە دەرەوە، بەڵام (فتاح و کاظم) کە سەرچاوە تایبەتییەکانیان ئاگاداریان دەکردنەوە لەوەی لەوانەیە رووبدا نەیانوێرا بەدرێژایی مانەوەمان لە شاردا لە ماڵەکە بچنە دەرەوە. (بابکر اغا) بۆ عەسر لەگەڵ سەد سوارەی پشدەر، بە جل و بەرگی رازاوە و ئەسپی رەسەن و پڕ چەکەوە گەیشت (پاولس) کە چاوی بڕیبووە ئەم خۆپێشاندانە سەربازییە جوانە بە گاڵتە جاڕییەوە گوتی: ئەمە ئەو پیاوەی چاودێرە تورکییەکە پێی هەڵخەڵەتابوو و شارەزاکەی بە پێچەوانەی راستی خۆی پیشانی دابوو.

وادەهاتە پێش چاو کە (جواد) پاشا بڕوای بە توانای (فتاح) نەماوە کە یارمەتی بدا و بۆیە تکای لێکردم کە لە بری ئەو داوا لە رەزا بەگ (دۆستی دڵسۆزمان لە ساڵی ١٩١٩ کە دەنگ وابوو ئەو سەرۆکایەتی ئەو پارتەی کردبوو کە لایەنگری تورك بوو لە پشێوی و ئاژاوەکانی ١٩٢٣-١٩٢٤)دا، داوای لێ بکەم بێت سەردانی بکا بۆ ئەوەی دەربارەی پێکهاتەی (أثنوغرافی)ی لیواکە بەرچاوی روون بکاتەوە. ئێمەش (تحدی)ی چاودێرە تورکییەکەمان کرد کە ئەو (٣٢٠٠٠) تورکەی لەو یادداشتە رەسمییەی پێشکەشی حکوومەتی بەریتانیای کردبوو باسی کردبوون گوایا لەو شارەدان بیانهێنێتە بەردەم لیژنەکە. بەڵام (رەزا بەگ) بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوو چاوی بە پاشا بکەوێ ئەگەر منی لەگەڵ نەبم. منیش پێم گوت ئەمە پێچەوانەی رێورەسم و رێزە و تکام لێکرد بیکا بە منەت بە سەرمەوە، ئەویش ئەوسا رازی بوو بە تەنیا چاوی پێی بکەوێ یانیش هیچ نەبێ بە ئامادەبوونی یەکێ لە نوێنەرە بێ لایەنەکان و ئازادیشە هەرچی دەوێ بیڵێ و بۆشم دووپات کردەوە کە ئەو دیارە نابێ بە خاڵێکی خراپ

بۆی، ئەگەر لە پەیوەندییە پێشووەکەیشی پەشیمان بووەتەوە (وەك لە رەفتاری ئیستایدا دەردەکەوێ)، خزمەتێکی گەورە پێشکەش دەکا بۆ ئەوەی بەڵگەیێك پیشان بدا کە وەفدی تورکی رێی لێ نەگیراوە پیاوێك ببینێ کە پشتی پێی دەبەست یارمەتی بدا. بەڵام سەرەڕای تکا و پاڕانەوەی من ئەو هەر سووربوو لەسەر هەڵوێستی خۆی. کە سەرنەکەوتنی هەوڵەکانم بە (جواد) راگەیاند داوای لێکردم کە لەوە زیاتر بایەخ بەو مەسەلەیە نەدەم.

مەسەلەی (پێکهاتەی نەتەوەیی) دانیشتوانی لیوای سلێمانی باشترین نموونەی بێ مانایی زۆربەی لایەنەکانی کێشەکە بوو کە حکوومەتی تورکیا پێشکەشی کردبوون و بێ ئەنجامی ئەو ئەرکەش بوو کە بە (جواد پاشا)ی بەستەزمان سپێردرابوو، وەڵامی رەسمی بەریتانی ئەوەبوو کە لە سلێمانیدا یەك هاونیشتمانی تورك نییە. کە گەیشتینە سلێمانی تۆزێ بەوە رامانبوارد کە یادداشتێکی نوسراومان پێشکەش بە لیژنەکە کرد و تیایدا داوای لێبوردنمان کرد لەو هەڵەیەی لە وەڵامەکانی حکوومەتی بەریتانیدا هەبوو کە پێشتر باسمان کرد، بۆیە ئێستا هەڵەکەمان راست دەکەینەوە چونکە یەك تاقە تورکمان دۆزییەوە لە سلێمانی کە خزمەتکار بوو لە سەربازگەکانی حامیەی تورکدا پێش جەنگ ئێستا لە شارەکە دەژی، دوای ئەوەی ژنێکی کوردی هێناوە و کرێکاری پاککردنەوەیە لە شارەوانی (کناس). لێکۆڵینەوەکان بۆ ماوەی سێ رۆژ لە سلێمانی بەردەوام بوو (ڤیرسن) بەگەڵ (پاولس) کەوت لە لێکۆڵینەوەکانی رۆژی دووەم و سێیەمدا ئامادەبوو، هەموو شایەتە دیارەکانیش لەسەر قسە و پەیمانی خۆیان مانەوە و هیچیان نەشاردەوە لە دانیشتنە ئاشکراکاندا و هەستی خۆیان وەك بەڵێنیان دابوو دەربڕی و دژی گەندەڵی حوکمی تورکی و خراپەکاریی راوەستان و زۆر بە دڵخۆشییەوە باسی هەندێ بۆنەیان کرد لەوانە پاشەکشەی ١٩١٨ کە کوردەکان هەموو ئەو هێرشانەیان تێکشکاند کە بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکەیان نێردرابوو و سەربازەکانیان رووت کردەوە و بەو جۆرە حەیابەرانەیە بەرەڵلایان کردن. پاشان باسی کوژرانی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودیان کرد کە لە مووسڵ لە ١٩٠٨دا کوژرا وەك بەڵگەیێك بۆ ئەو رقەی لە نێوان هەردوو نەتەوەکەدا هەیە. ئەم شایەتییانەش بە ئیفادەی ئەو شایەتانەی لە دوای ئەوانەی پێشەوە دێن لە گرنگیدا سەلمێنرا وەك هاوڕێ (ملاك)ەکانم (سعید اغا جافران و کویخا نجم سیوسینان) کە کاریگەری هەبوو چونکە وەڵامەکانیان زۆر راشکاو و ماقووڵ بوو لە مەسەلەی شیکردنەوەی هەموو پرسیارەکاندا.

بە ئەنقەست خۆم لەکاتی ئەم (اجراءات)انەدا بە دوور گرت بەڵام (بابکر اغا) و (بگزادە الجاف) و هی دیکەش سووربوون لەسەر ئامادەبوونم بۆ ئەوەی لە تەنیا دانیشتنی گشتیدا وەرگێڕ بم، سەرنجم دا کە ئەندامانی لیژنەکە سەریان سوڕماوە لەو وەڵامانەی تورکەکان سەبارەت بە پرسیارەکانیان دەیدەنەوە، بەتایبەتی وەڵامەکانی (بابکر اغا) جا ئابووری بایە یان سیاسی، یان ئەو بابەتە سەرسوڕهێنەرەی مەسەلەی شێخ مەحموود لەبەر رۆشنایی ئەم هەڵوێستە نادروستە لە رووداوەکان[٥]. مژدەی یەکلاییکەرەوەکانی سەرکەوتن لە چەند بڕگەیێکی راپۆرتەکەی (ڤیرسن)دا بە روونی دیاربوو.

((جگە لە لیوای سلێمانی، هیچ ناوچەیێك نییە کە لە چەند (ناحیە)یەك پێکهاتبێ و زۆربەیان دەنگیان بۆ لایێك لەو دوو لایە داوە، ئەمە ئەوەیە کە ئێمە سەرنجمان داوە... لە لیوای سلێمانیش بە تەنها وردترین دەربڕینی بیروبۆچوونمان دەستکەوت کە کۆتایی بە هەموو قسەکان هێنا و ئەو کەسانەی چاومان پێییان کەوت، کەمێکی دەگمەن نەبێ، هەموویان حکوومەتی عیراقیان پێ باشتر بوو. لیژنەکە بە تەواوی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە خەڵکەکە بە ئەوپەڕی ئازادییەوە رای خۆیان دەربڕی. هەروەها هەستمان بەوەش کرد کە هەستی نەتەوایەتی کوردی هەستێکی زاڵ و ماقوڵە هەرچەندە هێشتا لە سەرەتادایە، لەگەڵ ئەوەش کە خەڵکەکە رای کۆتایی خۆیان گوت کە سەربەخۆیی تەواویان دەوێ بەڵام دەرکیان بە قازانجەکانی (سەرپەرشتیار-وصایە-)یەك کرد کە خاوەن بیرێکی فراوان و زیرەك بێ. گومانیشی تێدا نییە کە لێهاتوویی ئیدارییە بەریتانییەکان و بڕیارە راست و دروستەکانیان لەم وڵاتەدا کاریگەرییەکی فراوان و توندی هەبوو لەسەر رێڕەوی بیرکردنەوەی خەڵکی)). بەمجۆرە رۆژگارمان بەسەربرد و ئەو پارچە نانەی (نویل) فرێی دایە دەریا سەرەتا کە هات ئەرکی وەرگێڕانی گرتە ئەستۆ ساڵی ١٩١٨، پاشان (سون) لە ماوەی حوکمە باش و زیرەك و دادپەروەرانەکەیدا گرتییە ئەستۆی خۆی، ئەو نانە بە ئەنجامی دووقاتی نانەوە[٦] بۆمان گەڕایەوە لەم کاتە زەحمەتەی ژیانی دەوڵەتی عیراقی تازە پێکهاتوو.

---

(٥) شێخ مەحموود زۆر لەوە زیرەکتر و دووربینتر بوو کە لەکاتی سەردانی لیژنەکەدا خۆی دەربخا و دوورەپەرێزمایەوە، لیژنەکەش هەر لەخۆیانەوە بە جوانیان نەزانی بە فەرمان پێکردن بیهێنین بۆ شایەتی، ئەویش چاوەڕێی کرد تا گەڕانەوە ئەوسا دەستی بە تاکتیکی خۆی کردەوە. بەڵام کە ئیدارە جێ پێی خۆی بەردەوام قایم دەکرد ئەمە بووە هۆی ئەوەی ببێ بە کەسێکی راونراوی لە یاسا یاخی و بەشەو بە رۆژ لە سنووردا دەسووڕایەوە. تا لە ساڵی ١٩٢٧دا ملکەچی خۆی راگەیاند. (دانەر)

(٦) لەوە دەچێ لەم چواندنەدا (تشبیە) مەبەستی (معجزە)ی زیادبوونی نانەکان لە سەردەستی مەسیح پێغەمبەر (د.خ) کە لە ئینجیلدا باس کراوە.

لە **٣**ی ئایاردا گەڕاینەوە کەرکووك و زۆرم پێخۆش بوو کە لەگەڵ سەرۆکدا لە ترومبێلێکدا بووین، چونکە تا ئەو ساتە پەیوەندی من لەگەڵ ئەو زۆر کەمتر بوو لە پەیوەندیم لەگەڵ هەر ئەندامێکی بیّ لایەنی لیژنەکە.

سەرۆکم بینی زۆر وروژاو و واق وڕمابوو لە هەموو ئەو شتانەی لە سلیمانیدا بینیبووی، پێی گوتم: کە (جواد) هەستی کرد ئیشەکان بە خراپ شکایەوە بە گوێرەی ئەو گوتی خەڵکەکەیان هەڕەشەیان لێکراوە یان پارەیان دراوەتیّ، ئەمەش قەت ماقوڵ نییە، چونکە دەتوانی یەکیّ یان دوان لە کۆمەڵگەیەکدا بکڕی، بەڵام ناتوانی هەموو خەڵکی هەرێمەکە بکڕی، رەنگە شایەتیّ یان دوان شتێك لە ترس و دەمارگیرییان پیشان دابیّ لەکاتی لێپێچینەوەدا لە شوێنی دیکە، بەڵام خەڵکی لە سلێمانی بیّ هەڕەشە و گوڕەشە هاتن و رای خۆیان دەردەبڕی.

دوای ئەوەی (پاولس) شەوێك لە کەرکووك مایەوە و بۆ دواجار چاوی بە دۆستەکانی تورك کەوت، هەموو بەیەکەوە، دەرچووین و بەرەو هەولێر کەوتینەڕیّ و لە پردیّ بۆ ماوەی دوو سەعات وەستاین تا لێکۆڵینەوەکان تەواو بکەین، چونکە (پاولس) پێش سیّ هەفتە بیّ ئەوەی تەواوی بکا بەجێهێشتبوو، لێرە تووشی شکستێکی بچووك هاتین. کە گەیشتینە ئەویّ بە دیاردەکانی گویّ نەدان پێشوازی نەکراین وەك لە زۆربەی ئەو شوێنانەی لیژنەکە بۆی چوو لە هەرسیّ لیواکەدا کرا، ریزێك لە لاوانی تورکمانمان بینی دەوری چاودێرە تورکەکەیان دا لە ترومبێلەکەیدا، ئەویش وەك باوکیّ هاتبیّ بۆ سەردانی منداڵە سەرلێشێواوەکانی وتاری بۆ دان، یەکێکیان بۆ ئەوەی بە روونی هەستی خۆی دەرببڕیّ دەستی بەگریان کرد. راپۆرتەکەی (ڤیرسن) دەڵیّ ئەندامانی لیژنە زۆرجار لای چینە هەژارەکان (کە تا ئێستاش تورکیای مستەفا کەمال و تورکیای خەلافەتی عوسمانی لێك جیاناکەنەوە) بەتایبەتی خەڵکە عەرەبەکە، ئەو سۆزەیان بینیبوو. هەستم کرد کە (آل نفطجی زادە) زۆر چالاك بوون و لەوانەشە هەر ئەو چەکەیان بەکارهێنابیّ کە زانراوبوو، چەکی ئەوەی کە بڕیارەکە بە بەرژەوەندی تورکیا کۆتایی دیّ. ئەمە هەمووی لەو کاتەدا روویاندا کە دەسەڵاتە ناوخۆییەکانمان دەحەسانەوە و هەروەها لەو بڕوایەشەوە کە لە ئەنجامە چاکەکانی سەردانەکانی پێشووەوە لایان دروست بووبوو لە هەمان کاتیشدا بەهۆی ئەو سستییەی ئیدارە نواندی لە هەندیّ ناوچەی لیواکەدا.

سەرەتای عەسر گەیشتینە هەولێر و (جواد پاشا) داوای لێکردم بەیەکەوە پیاسەیەك بەناو شاردا بکەین. دەستی بە قسەکردن کرد بە شتیّ کە من چاوەڕێم دەکرد و ئامادە بووم بیلێت و



گوێبیستی بم. گوتی وەفدەکەم زۆر دوورن لە بەیەکەوە هەڵکردن و گونجان و بۆخۆیشی زۆری هەوڵدا لەم ئەرکەی بیبەخشن بەڵام بە گوێیان نەکرد و داواکارییەکەیان جێبەجێنەکرد، زۆر هەست بە داخ و پەژارە دەکا کە ئێمە نەمانتوانی راستەوخۆ بابەتی کێشەکە چارەسەر بکەین و وامان بەباشزانی پەنا بۆ کۆمەڵی گەلان ببەین.

هەروەها گوتی حکوومەتی بەریتانی هەلێکی گەورەی لە کیس خۆیدا کە تورکیا و عیراقی بانگ نەکردە مێزی کۆنگرەیەك کە خۆی تیایدا ناوبژیوان بیّ (حکم)، بە جۆریّ کە مافەکانی تورکیا بپارێزیّ و ئاواتەکانی عیراقیش بهێنێتەدی و شوێن و پایەی خۆیشی پیّ گەورەتر و چەسپاوتر بکا.

بێگومان دەکرا هێڵێك دروست بکریّ کە خەڵکە تورکەکە دانیّ بۆ تورکیا و رێوشوێنی دیاریکراویش کە هەستی نەتەوەیی کوردی دەیەویّ، بگرێتەبەر، بەڵام ئێمە لە ریّ لاماندا و بەردەوامیش بووین. داوای بەشیّ لە ویلایەتی (حکاری)مان کرد و بەمجۆرە هەموو هیواییێکی رێککەوتنی دۆستانەمان لە دەستدا. هەروەها بەردەوام بوو گوتی پێش (١٨) مانگ دوو (فرقە)ی پیادە و دوو لیوای سوارەش لە (الجزیرە) خرایە ژێر فەرماندەیی ئەو و گەلی تورکیش زۆر خوێنگەرمانە جەنگی دەویست، لەوانەش بوو هێزی ئاسمانی ئێمە هەندیّ زیانی پێبگەیاندبا بەڵام هیچ شتیّ نەبوو رێی گەیشتنە بەغدای لیّ بگریّ، بەڵام حکوومەتەکەی رێککەوتنێکی دۆستانەی پیّ باشتر بوو. پاشان رووداوی بەدیل گرتنی والی (حکاری) و کوشتنی فەرماندەی جەندرمە بە دەستی ئاشوورییەکان روویدا، راستە والییان بەردا و گەڕایەوە شوێنی خۆی، بەڵام ئەوانەی ئەم تاوانانەیان ئەنجامدا بەو ئومێدە ئەوەیان کرد کە ئێمە پشتیان دەگرین، سەرەڕای ئەم (استفزاز) کردنە ئەو تەنها خەریکی سەرکوتکردنی هۆزە یاخییەکان بوو، ئەمەش ئەو ئەرکەیە کە لە کێشەی وەهادا پێویستە بکریّ.

پاشان هاوڕیّ تورکەکە گوتی: شتێك نییە ناوی دوژمنایەتی تورکی بەریتانی تازە و کنێتی —متوارث— بیّ. رووداوێکی باسکرد کە لە کاتی شۆڕشی (جون تورك) لە ساڵی **١٩٠٩**دا روویدا کاتیّ کە کۆمەڵە خۆپێشاندەرەکان جڵەوی ئەسپەکانی عەرەبانەی باڵوێزی بەریتانیایان کردەوە و عەرەبانەکەیان بیّ ئەسپ راکێشا و بە جادەکاندا سووڕاندیانەوە، بەڵام دیپلۆماسیەتی بەریتانی نەیتوانی لەو هەڵوێستە بگا و تورکیای ناچارکرد خۆی فڕی بداتە باوەشی ئەڵمانیا و پاش جەنگیش بۆخۆی و لە ئەنجامی زۆرلێکردنی بەریتانییەکان ناچارکرا لە وەزارەتی جەنگ دەست بکێشێتەوە و لە دواییشدا گیرا بە جۆریّ کە پڕبوو لە رەواڵەتەکانی سووکایەتی پێکردن

و دوورخرایەوە بۆ (مالطە). لەگەڵ ئەمەشدا هەر قەناعەتی بە دۆستایەتی و هاوکاری مایەوە و پێی وابوو کە دوو سیاسەتی راست و سروشتی هەردوو وڵاتەکەمان وەك زۆرانیش لە هاووڵاتییانی نیشتمانەکەی چاوی بڕیوەتە ئەو رۆژەی کە پەیوەندییە ئاساییە کۆنەکەمان دەگەڕێتەوە لەسەر بنەمای رێز و دڵسۆزی هەردوولا.

لە ٥ی ئازار لیژنەکە گەڕایەوە مووسڵ بۆ ئەوەی دوا بەشی لێکۆڵینەوەکانی بکا. لەبەر ئەوەی هیچ شتێ نەبوو لەو ماوە کورتەدا خەریکی بم بە فڕۆکە چوومە بەغدا و بووم بە میوانی نوێنەری باڵا و چاوم بە (تیلیکی) کەوت کە ئەویش لەوێ میوان بوو و ماوەییێکی خۆشم بردە سەر کە گەشتی رووباری تێدابوو (بەهار لە باشووردا زۆر هاتبووە پێش) لەگەڵ ئاهەنگی سەما لە یانە و داوەتی شیو خواردن و نانی نیوەڕۆ، بۆ چەند جارێ کە لە دواییدا بە کۆتاییەکی جەرگبڕ تەواو بوو، کە بریتی بوو لە ئەرکی خەمهێنی بە خاك سپاردنی (الرائد هـ. س. پوللی H. S. Polly)ی یاریدەدەری راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بوو، کە برادەرێکی بەڕێز بوو هەرچەندە بە تەمەنیش لە هەموومان کەمێ گەورەتر بوو. لەو دیدارە چەند جارەیەی (تیلیکو) بۆم دەرکەوت زۆر دیتنی منی پێ خۆش نییە، دوایش بۆم دەرکەوت کە ئەو پشتگیریی ئەو بیرۆکەیە دەکا کە ئێمە پێی گەیشتبووین، ئەویش ئەوەبوو کە ئەو و هاوڕێکانی ئیشێکی باشیان نەکرد چونکە لە سەرەتاوە لە وڵاتەکە نەگەیشتن و لێی نەکۆڵیبوونەوە، زۆریش نیگەران بوو چونکە ماوەییێکی دوورودرێژ لە مەیدانی کارەکەی دوور کەوتبووەوە. رەشنووسی بروسکەییێکی پیشاندا کە بۆ سەرۆکی نووسیبوو و تیایدا داوای کردبوو دەست لە کاربکێشێتەوە. بەڵام پاش ماوەییێکی کەم گوتی دەتوانێ سەفەر بکاو لە ١١ی مانگدا بە فڕۆکە چووە مووسڵ و لەو گەشتەیدا زۆر ئازاری چەشت. هەموو یەکێ پەندەکانی رابوردوو و وانەکانی رۆژانی یەکەمیان لەبەر کردبوو، چونکە یەك پۆلیس لە (کۆشکی مەلیك) نەبوو و ئاو و هەواش خۆش بوو و لیژنەکەش هیچ کێشەییێکیان نەبوو و ئەندامەکانی پەرۆشی ئەوە بوون ئیشەکانیان لە قەزا شاخاوییەکان تەواو بکەن و بە زووترین کاتیش، بڕیاریاندا تەنها سەردانی زاخۆ و دهۆك بکەن و داواش لە شایەتەکانی ئامێدی و زێبار بکەن بێنە دهۆك تا گوێ لە شایەتییەکانیان بگیرێ. بۆیە پێش ئەوان بە دوو رۆژ مووسڵم بەجێهێشت تاکو دڵنیابم لە چاکی ئەو رێوشوێنانەی ئامادەکراون بۆ پێشوازی کردنی لیژنەکە، هەروەها رێنماییش دەربارەی ئەو (اجراءات)انەی دەکرێ بە فەرمانبەرەکان بدەم. زۆر هەوای زاخۆم لاخۆش بوو، شارەکە نزیکەی (٤٠٠٠) کەسی تێدا دەژی کە نیوەیان جولەکەن و چواریەکیشی (نصرانی)ین و ئەو دوای



کوردی موسڵمانن. بەشە کۆنەکەی شار دەکەوێتە سەر دورگەیێك بەسەر رۆژهەڵاتی رووباری خابوورەوە، لە باکووری ئاوەڕۆی خۆی و بە حەوت میل پێش ئەوەی بڕژێتە دیجلەوە. بەرزایی زاخۆ لە ئاستی رووی دەریا نزیکەی (١٤٥٠) پێیە و سنووری ئێستای (رەسمی) پێنج میل لێوەی دوورە. دوورگەکە بە پردێکی چەماوە بە بەری راستەوە دەبەسترێتەوە، پردەکە لەو جۆرەیە کە لە ئێران دەیدەنە پاڵ شاە عەباسی سەفەوی، بەری چەپیشی بە پردێکی هەڵواسراوی جوان دەیگەیتێ، ئەم پردە بەڕێوەبەرێتی ئەشغالی ئێمە پێش دوو ساڵ دروستی کردبوو، پاشان شۆستەیەکی جوان بە ناو گیادا دەڕوا تا دەگاتە پردە هەڵواسراوەکە، زۆر جوان و دڵگیر هاتە پێش چاوم بە دار (لوز) کە گوڵەکانی پشکوتووبوون، داری (زان)ی سەوزی خونچە زیووین.

رۆژەکە رۆژی شەممە و خێزانەکانیش بە مەسیحی و موسڵمانەکانیەوە و تێکەڵ ببوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری جولەکە و بەسەر گژوگیا سەوزەکەی لیواری رووبارەکەدا پیاسەیان دەکرد و دەگەڕان. کچەکان جوانترین جل و بەرگ و خشڵیان لە بەردابوو، لاوەکانیش رانك و چۆغەی جوانیان لەبەرکردبوو، ئەو رانك و چۆغەیە هێڵی رەنگاورەنگی تێدایە کەمەش زاخۆ ناوبانگی دەرکردووە لە چنینیدا. (محمود فخری)(٧) ی قایمقامم بینی کە لاوێکی موسڵاوییە و خاوەن رۆشنبیرییەکی باشە و لە فەرمانگەیدا چووە پێشەوە تا بوو بە بەڕێوەبەری نووسین لە (متصرفیە)تی مووسڵ پاشان بۆ پلەی قایمقامی قەزا بەرزکرایەوە.

هەروەها معاونی پۆلیس (یونس)یشم ناسی و یەکسەر لە یەکەم ساتەوە بۆم دەرکەوت کە دوو فەرمانبەری لێهاتوون، ئەمەشم لەوەوە بۆ دەرکەوت کە زۆر لە ئیشەکانیاندا (جددی) بوون و پەیوەندیی باشیان هەبوو —ئەگەر نەڵێم خۆشەویستی— لەگەڵ هەموو پیاوە ناودارەکانی شاردا، کە هەموویان بە ئایینە جیاجیاکانیانەوە هاتبوون بۆ بەخێرهێنانم.

(٧) (محمود فخری) لە ناو هاوسنفەکانی دیاربوو لەبەر ئەوەی عەرەبی زۆر بە باشی دەزانی، ئەمە دیاردەیەکی دەگمەن بوو لە نێو فەرمانبەرەکانی ئەو سەردەمەدا، چونکە هەموویان دەرچووی قوتابخانە تورکییەکانن، کە گواسترامەوە بۆ وزارەتی ناوخۆ هەمیشە و لەبەر ئەو هۆیە چاوەڕێی راپۆرتەکانی ئەوم دەکرد، گەیشتە پلەی (متصرف)ی مووسڵ لەگەڵ ئەوەی هێشتا گەنج بوو، بەڵام بە منداڵی تووشی نەخۆشی سیل بووبوو، هەر ئەو نەخۆشییەش لە ناویدا و کارگێڕی بە مردنی ئەو زیانێکی گەورەی لێکەوت. {(ادموندز) مەبەستی لە یونس، وەجیە یونسە کە مووسڵاوی بوو پاشان پلەی بەرزبووەوە تا بوو بە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس لە سەردەمی مەلەکیدا}.

زاخۆ مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانییە و بەدروستکردنی (أکلاك) ناسراوە. ئەو ڕۆخەی دەکەوتە بەرامبەر بەری باکووری دوورگەکە پڕبوو لە (أکلاك) و کرێکارەکان وەك شارە هەنگ خەریکی دروست کردنیان بوون. دە دانەم لێ بینین تەواو بووبوون و فویان تێکرابووە ناو (جربان)ەکانیان بارەداری لەسەر بوو بۆ ئەوەی بۆ مووسڵی ببا، بێ لەمانەش ژمارەیەکی زۆری دیکەم بینی لە قۆناغی جیاجیای دروست کردنیاندا، ئەمانەش هەر هەمووی بەڵگەی بە کەڵکن بۆ ئەو پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەی دەیبەستێتەوە بە باشوورەوە.

هەواڵەکان وایان رادەگەیاند کە شۆڕشێکی کوردی بە فەرماندەیی شێخ سەعید لە ناوچەی (خربوط) هەڵگیرساوە و لە ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و (أحکام) سەربازی جاڕدراوە، سەرکردەکانی کوردیش دەنگیان لێ هەڵبڕی دژی چەوسێنەرانی گەلەکەیان لەوێ و دوژمنایەتی توندی خۆیان نواند. دەنگەکانی مەسیحییەکان و موسەوییەکان بۆ ئێمە مسۆگەر بوو، بەڵام دوو گەورەترین هۆزی قەزاکە (السندی والگلی) لە بارێکی زۆر نالەباردا بوون، چونکە لەوەڕگا هاوینەییەکانیان کە ژیانی ئابوورییانی پێوە بەستراوە دەکەوتە تورکیا، ئەوەندەی لە تورکیا دەترسان لە ئێمە نەدەترسان، بۆیە لەوانە بوو دەنگەکانیان بۆ ئەو لا بدرێ، مەگەر قەناعەتیان پێ بێنین کە مەسەلەکە زۆر بە نهێنی دەکرێ. ئەوانی دیکە کە دەترسان لەبەر ئەوەی نزیکن لە سنوورەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە بڵێن لەڕووی ئابوورییە ئەوان پەیوەندییان بە مووسڵەوەیە، لەڕووی سیاسیشەوە دەیانەوێ لەگەڵ برا کوردەکانیان بن لە سلێمانی، بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنی لیژنەکەم دەکرد.

زاخۆ (کرسی أسقفیە)ی کلدانییە، تەنها دوو ماڵیشی تێدایە کە بە کەڵکی میوان بێن، یەکەمیان ماڵی (أسقف)ەکەیە و دووەمیشیان ماڵی یونسی (معاون). خاوەن ماڵ لەبەر خاتری میوانی گەورە بۆ ماوەیەکی جارەکی (مؤقت) ماڵەکەی خۆی چۆڵ دەکا چونکە ئەمە یەکێکە لە نەریتە باوەکانی ڕۆژهەڵات. یونس ناچار و بە حوکمی (أمری واقع) ماڵەکەی خۆی بۆ چۆڵ کردین بەڵام (أسقف)ە پیر و خەڵەفاوەکە تا ماوەیێك رازی نەبوو ماڵەکەی چۆڵ بکا. (محمود فخری) بە یارمەتی قەشەکە توانی دوو خانووی جوان کە دەیڕوانییە سەر باخی (لوز) بۆ ئەندامانی لیژنەکە دابین بکات.

کۆڵانەکانی شار بۆ ڕۆژی دوایی کە لیژنەکە گەیشت هێمن و بێدەنگ بوون و (جواد) یەك ساتی لە کیس خۆی نەدا و دەستی کردەوە بە هەمان شێوازی ئیشکردنی وەك ئەوەی لە بەشەکانی لیوای مووسڵدا کردی و (نەیتوانی لە سێ لیواکەی دیکەدا بیکا). چووە بازاڕ سڵاوی



لەم دەکرد و دەستی بۆ ئەو هەڵدەبڕی و پاشان بە دڵخۆشییەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە، هەندێ جاریش بێدەنگ دەبوو، بەپێی پلەکانی سەرکەوتنی لە وەرگرتنی وەڵامی سڵاو و دەست هەڵبڕینەکانی. ئەو خەمەی دایگرتبوو کاتێ لە یەکەم گەشتی کە سەردانی ڕۆخی پشتەوەی کردبوو گەڕایەوە مژدەی ئەوەی دایێ کە ئەنجامی لێپێچینەوەکانمان لەم شارە بچکۆڵە بەختیارەدا باش دەبێ. هەروەها زۆر دڵمان بە ئەنجامی سەردانەکەی (تیلیکی و پاولس) بۆ شێخان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ کە ڕۆژی شەممە چووبوون بۆ ئەوێ، خۆش بوو چونکە پێچەوانەی قسەکانی تورك بوو کە دەیانگوت ئەو قەزایە هەمموو تورکن. ئەوان بۆخۆیان ئەوەیان بینی و بۆیان دەرکەوت کە زۆربەی زۆری ئەو قەزایە نەسرانی و عەرەب و کورد و کوردی ئێزدین. زۆریش ئەوە کاری لێکردن کە ریزی جوان و رێکی دیدەوانی لەلایەن گوندی (القوش)ی مەسیحییەوە رێکخرابوو بۆ ئەوەی بە بەردەمیاندا تێپەڕن و (استعراض) بکەن. هەروەها (تیلیکی و پاولس) ئەو گیانە زانستییەشیان زۆر لاسەیر بوو کە لە راهیبەکانی ئەو دێرەدا بینییان کە شەو لێی خەوتن، لە دواییشدا هەست و سۆزیان بەسەردا زاڵ بوو دوای ئەوەی گوێییان لە شایەتەکان بوو زۆر راشکاوانە تکایان دەکرد لە عیراقدا بیانهێڵنەوە. و دواییش ئاماژەی گۆڕانی بنەڕەتیم لەوەدا بینی کە هەرسێکیان ئەو شەوە هاتنە ئەو خانووە بچووکەی من و (جاردین)ی تێدابووین تاکو تاقیکردنەوەکانی ئەو ڕۆژەمان بۆ هەڵڕێژن.

بە پێچەوانەی ئەمە بۆمان دەرکەوت کە زێبار و ئامێدی و دهۆك زۆر هەڵوێستی توند و زەحمەت دەبێ. لەوێ چینێکی ڕۆشنبیری ئەفسەری کورد و فەرمانبەری مەدەنی تێدا نییە تاکو تێبگەن کە عیراق لە تورکیا باشتر دەبێ بۆ ئەوان و ئاواتەکانیان، جا ئەو ئاواتانە توندڕەو بن یان میانڕەو. لەلایێکی دیکەوە ئاشوورییە تازە نیشتەجێ کراوەکان چەندین گوندی کوردیان داگیرکردبوو لەو گوندانەی خاوەنە شەرعییەکانیان لەکاتی جەنگدا چۆڵیان کردبوو، ئیتر ئەو ئاشوورییانە بە هاندانی ئینگلیزە ئاژاوەگێڕ (متهور)ەکان کە پشتگیری مەسەلەکەی ئەوانیان دەکرد لە ئینگلتەرە رووبەڕووی هەمموو ئەو هەوڵانە دەبوونەوە کە دەدران تاکو شوێنی دیکەیان بۆ دیاری بکرێ تا تیایدا نیشتەجێ بن و گوندەکان بۆ خاوەنە شەرعییەکانیان چۆڵ بکەن تا بگەڕێنەوە ناویان و هەندێکی دیکەیان کە لە چەند گوندێکی ئاوەداندا نیشتەجی ببوون دەیانویست حەکایەتی ئەو حوشترە پیادە بکەن کە چووبووە رەشماڵی رەوەندەکەوە و هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە خاوەنە ئەسڵییەکانی ئەو گوندانە دەربکەن. لەبەر بوونی ئەم کەمایەتییە نەتەوەییە ئایینییە، ئیدارە زۆر توندبوو لەگەڵ دانیشتوان، لەوە زیاتر کە لە ناوچە

عەشایرییەکانی دیکەدا پیادەیان دەکرد هەرچەندە ئاژاوە و پشێویشیان تێدا بوو. هەر ئەمەش بوو هانی هەندێ لە سەرکردە دەرەبەگەکانی بادینانی دا، کە هەموویشیان ئاژاوەگێڕ و کەللەڕەقن، خەو بە گەڕانەوەی ڕۆژانی دەسەڵاتیانەوە لە سایەی حوکمی عوسمانیدا کە جڵەوی بۆ شل کردبوون، ببینن. لە ڕۆژی شازدە کە ڕۆژی پێش گەیشتنی لیژنەکە بوو بە یەك ڕۆژ گەڕامەوە دهۆك و ڕەشماڵەکانمانم بینی لە دەوری ماڵی یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانی پێشوو هەڵدرابوو، ماڵەکە بچووك بوو و نیو میل لە شارەوە دوور بوو. بارودۆخی سیاسی چەند لە زاخۆ باش بوو لێرە ئەوەندە خراپ بوو، لەوەش دەچوو لێرە خەڵك رقیان لە حکوومەت بێ بۆیە دەسەڵاتەکەی لە داڕووخاندا بوو قایمقام زۆر قەڵەو لە تەمەنی خانەنشین کردنەوە نزیك بوو لەو کەسانەش بو کە هەر کەسێ پانتۆڵی ئەورووپایی تەسکی لەبەردا نەبێ و یەخەی کراسەکەی چڵکن و لە ئوتو نەدرابێ بەلای ئەوەوە زۆر لەوە کەمترە کە بێزت لێی بێتەوە، کابراییێکی دیکتاتۆری زۆردار بوو لەگەڵ نیشتەجێ کراوە ئاشوورییەکان، بەڵام توانیشی گوێی سەرکردە کوردەکان ڕاکێشێ بۆ ئەوەی ناچاریان بکا بەپێی ڕێنماییەکانی لیژنەکانی بەرگری نیشتمانی دەنگ بدەن.

شوێنی کۆبوونەوەکە بە سەرەك هۆزەکان و دەست و پەیوەندە پڕ چەکەکانیان جمەی دەهات. بۆ عەسری ڕۆژی دوایی کە تازە لیژنەکە گەیشتبووە دهۆك خەڵکێکی زۆر بەرەو ئەنجوومەنی لیژنەکە شاڵاویان هێنا، ئەو خەڵکە دوایی کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەیەك کە بۆ نارەزایی دەربڕین لە قایمقام و کردەوەکانی ڕێکیان خستبوو بە سواری ئەسپەوە هاتن دەتگوت بۆ شەڕ دەچن، پاشان ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاکان نزیك بوونەوە و هێرشیان کردە سەر جەواد بەدەست ماچکردن و دوای ئەوەش دەستیان بە قورئان خوێندن کرد کە لەلایەن شێخێکی ناوبانگی نەقشبەندییەوە سەرکردایەتی دەکرا.

ڕێککەوتێکی باش بوو کاتێ چاودێرە تورکەکە ویستی هەڵەکە بقۆزێتەوە و زۆر بەبێ ڕێزییەوە داوای لە ئەندامانی لیژنەکە کرد هەر ئێستە ڕێی بدەن دەسەڵاتی ئیداری بگرێتە دەست، ئەوانیش لەم کارە زۆر نارەحەت بوون چونکە دەیانویست زوو بە زوو چاوپێکەوتن و لێپێچینەوە (استجواب)ە ڕۆتینییەکە بە کەمترین کات تەواو بکەن (جاردین) ماوەیەك لێرە لە پۆستی یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی کاری کردبوو، بۆیە هەموو سەرکردەکانی خۆپێشاندانەکە دەیانناسی و ئەویش ئەوانی دەناسی. نوێنەرەکان سەرنجی ئەوەشیاندا کە زۆربەی خۆپێشاندەران دوای کپ بوونەوەی تەقینەوە سۆزییەکەی —الانفجار العاطفي— یەکەمجار، دوای ئەوەی سکاڵای



خۆشیان لە ڕەفتاری قایمقام دەربڕی ڕوویان تێدەکرد و پیایاندا هەڵ دەدا (مدح) و دەیانگوت ئەو تەنها کەسێ بوو کە توانی نیزام دابین بکاتەوە و یارمەتییان بدا لە ئیش و کارەکانیاندا. هەرچی چۆنێك بێ ئێمە دڵنیابووین لەوەی کە وەڵامی (پرسیارە بچکۆلەکە)ی لێیان دەکرێ بەلای تورکیادا دەشکێتەوە. و دەشتوانین بڵێین کە ئێستا ئیش و کاری لیژنەکە لە حوکمی کۆتایی هاتندا بوو، تەنها دەنگی ئەوانە مابوو کە لە ئامیدییەوە هاتبوون و لێپێچینەوەیان دواخرا بۆ ڕۆژی دوایی. ئەمە دوا شەومانە لەم ئیشەدا، کاردانەوەی ئەم ڕۆژە ناخۆشە کە لە ڕۆژانی پێشتر ناخۆشتر بوو جگە لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنی لیژنەکە بۆ مووسڵ زۆر توندبوو، هەر لە ئاهەنگی شیوخواردنی دەکرد کە بەبۆنەی سەرکەوتن لە پێشبڕکێی سەوڵ لێداندا (تجدیف) دەکرێ، کاتێکی زیاترمان لە کاتی ئاسایی بەسەربرد لە خواردنی (مقبلات) —ئەوەی پێش نان خواردن دادەنرێ— کەکاتی شیوخواردن هات هەموو لە باشترین حاڵدا بووین. لە یەکەم ساتەکانی ئێوارەدا (صبیح) بێ تاقەتی پێوە دیاربوو بەهۆی ئەو ڕووداوەی بەیانییەکەی ڕوویدابوو و چاودێرە تورکەکەش سەرکەوتنێکی گەورەی تێدا وەدەست هێنابوو، تووشی لەرز و تا و مەلاریا بوو، یەکێ لە هاوڕێکان لە نیاز پاکییەوە پێی گوت (ڤیرمونت)ی فەڕەنسی تێکەڵ بە (کینا) بکا و گوتیشی کە (تریاق)ێکی باشە و تاقیکراوەتە و چاکی دەکاتەوە ئەگەر بەپێی پێویست بیخوا. هەر ئەوەندەمان زانی بە هەڕەشە و گوڕەشەوە هات و دەیویست لەگەڵ یەکێکدا، هەر کەسێك بێ، حساباتی خۆی ساف بکاتەوە و وای لێدەکا و وای بەسەر دێنێ و بەر زللەی دەدا... و ... تاماوەییێکی زۆر نەمانتوانی هێوری بکەینەوە. پاشان خۆی بۆ ڕاگیرا و گەڕایەوە سەر ڕوخۆشییە سروشتییەکەی خۆی و دووبارە ڕۆڵی خۆی گێڕایەوە وەك ئەستێرەیەکی- نجم- ئاهەنگە خۆشەکە. ئەو تەبیعەت و سروشتەی وای لێکردبوو لەلای هەموومان خۆشەویست بێ، جا دۆستش بایە یان نەیار-خصم-. ئەندامانی لیژنە و چاودێرەکان کە بە میانڕەو ناسرابوون، هەموو سنوورێکیان بەزاند و ژمارەی (قیاسی)یان لێدا لە ڕابواردن و خۆشیدا، تەنانەت (کرامرز)ی لەسەرخۆ و گران، تووشی سەرسوڕمان و واق وڕمانی کردین بە نوکتە خۆش و گاڵتەکانی. تەنها یەکێکیانم لەبیرە کە ئەگەر کەمتر توند و بە ئازار بوو بەڵام خۆشیش بوو چونکە بە ئەنقەست نەبوو وەك لە ڕەواڵەتدا بەدەردەکەوت، ئەو قسەیە لەلایەن (جاردین)ەوە کرا کە ئەو فەڕەنسییەی لە پەیمانگەیەکی فەڕەنسیدا فێری ببوو سەرچاوەی لەبن نەهاتووی پێکەنین بوو. (جاردین) ئەو ڕووداوەی بەسەر (السیر هنری دوبس)دا هاتبوو کاتێ لە گەردەلوولە

بەفرییەکەدا سەردانی مووسڵی کردبوو —العاصفة الثلجية — بەم دەستەواژە فەڕەنسییە وەسف کردبوو Le Haut Com missionair a Crache et ila Coupe son levre.

کاتێ کە وەفدی ئامێدی، بەیانییەکەی، گەیشتنە رەشماڵەکە —المخيم— دیاردەکانی پشێوی و ئاژاوە دووبارە نەبوونەوە و عەبدولحەمید عەبدولمەجیدی قایمقام (کە پێشتر نەمدەناسی بەڵام لە دواییدا بووە برادەرێکی زۆر نزیکم) و پیاوێك بوو لە پیاوە یەکەمە هەرە باشەکان (من الطراز الاول) وای بۆچووین کە دەنگدانی زۆرترین ژمارەی سەرەك هۆزە دیارەکان بە پێچەوانەی دەنگدانەکەی دهۆك دەبێ، لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی ئەمانەش لە شۆڕشگێرە پێشینەکان بوون یان لەوانە بوون کە بەهۆی کاری چەتەگەرییەوە کە دوای دەرچوونی لێبووردنی گشتی بۆیان کردبوویان، باریان گران بوو، ئەمە جگە لە بوونی چەند گوندێکی ئەسڵی ئاسوورییەکان لەگەڵ نیشتەجێی پەنابەرە تازەکان، ئەمانە دەنگیان بۆ لایەنی عیراق دا.

من بۆخۆم کەمتر بایەخم بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەدا لە ناوچەکەدا بۆیە بەیانی پشووم بە خۆمدا و چوومە سەردانی پەیکەرە بەناوبانگەکانی ئاشووری کە بەناوی (معلثای) بەناوبانگن. ئەم پەیکەرانە لەلای باکووری ئەو چیایەی دەڕوانێتە سەر دۆڵی دهۆك لە باشوورەوە دیارن. نیو سەعاتم پێ چوو تا بەپێ لە کورتترین رێگاوە گەیشتمە ئەوێ چوار چوارچێوەم دۆزییەوە درێژییان (١٨) پێ و پانییان (٦) پێ بوو و هیچ شتیشی لەسەر نەنووسرابوو، بەڵام دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی (سنحاریب ٧٥٠-٦٨١ پ.ز) و گرنگی ئەمانەش لەوەدایە، وێنەی شەڕ یان ئاهەنگی راو نین وەك زۆربەی پەیکەرە تاشراوەکانی ئاشوری، بەڵکو وێنەی کەژاوەیەکی ئایینی حەوت خواوەندن کە رێك لەسەر کۆمەڵە گیانەوەرێك راوەستاون کە هەندێکیان ئەفسانەیین —خرافی— هەروەها وێنەی مەلیکیشی تێدابوو لە کۆتایی هەر چوارچێوەیەکدا لەکاتی سەرقاڵ بوون بە عیبادەتەوە.[8] لیژنەکە هەر هەموو لە ١٨ی مانگدا

(٨) یەکەم وەسف بۆ ئەو نەقشانە (لایارد) کردبووی، کە یەکەم ئینگلیز بوو ئەوانەی بینیبوو ساڵی ١٨٤٦ لە (نینوی و خرائبها ١٨٥٠ —جزأ-١- الص ٢٣٠-٢٣١: نەینەوا و دار و پەردووەکەی ١٨٥٠-بەرگی یەکەم لاپەڕە ٢٣٠-٢٣١) وەسفی کردبوون، دۆزینەوەی ئەو نەقشانەش هەر دەدرایە پاڵ ئەو. بەڵام (ف. تورو دانجان F. Thureau-Dangin) لە (منحوتات معلثای) (گۆڤاری شوێنەواری ئاشورییەکان بەرگی ٢١ ل٤ ساڵی ١٩٢٤)دا ئاماژە بەوە دەکا کە جێگری کونسولی فەڕەنسی لە مووسڵ (روی Rouet) یەکەم کەس بوو لە ئەورووپییەکان سەردانی کردبێ و لە سێ نامەدا کە مێژووی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم ١٩٤٥ی بە سەرەوەیە، وەسفی کردبوون. ئەم نامانەش لە گۆڤاری (المجله الاسيويه) بەرگی٧، ١٨٤٦دا بڵاوکرانەوە. (إدموندز)



گەڕانەوە مووسڵ و پێنج رۆژی دیکەی تێدا ماینەوە تاکو یارمەتی ئەندامەکانی بدەین لە وردبوونەوە لە ژمارەکانیان و رێکخستنیان و بەش بەشکردنی سەرنجەکانیان، هەروەها بۆ سەردانی داروپەردووی —خرائب— نەینەوا و شەرقات و شوێنی دیکەی مێژوویی و بۆ ئامادەبوون لەو داوەتەی (السرب)ی شەشەم بۆی رێکخستین و تیایدا شەوێکی ئەوەندە خۆشمان بردە سەر کە قەت لە یادمان ناچێ و (جواد)یش ئامادەی بوو. لە ٢٣ی مانگ دوای ئەوەی چەند وێنەیەکی یادگاریمان بە یەکەوە گرت و ناونیشانی یەکترمان وەرگرت و هیوای باشمان بۆ یەکتر خواست، لێك جیابووینەوە، وەفدی کۆمەڵ بە کاروانی ترومبێل بەرەو (دیرالزور) و لەوێشەوە بۆ بەیروت رۆیشتن و وەفدی تورکیش بەرەو (نصیبین) و لەوێشەوە بۆ ئەنقەرە رۆیشت.

هەستی دۆستایەتی کە لە نێوانماندا دروست و توند بوو هەرچی چۆنێك بووبێت، گومانی تێدا نییە کە هەمووومان دڵمان بەوە خۆش بوو کە لە کۆڵ یەکتربووینەوە و لە بازنەی ئەم لیژنەیەش. هیچ شتێ نییە هەستی تایبەتی من دەربڕێ لەوە جوانتر کە لە رۆژانەکەمدا (یومیات) نووسیومە. گوتم: ((کە دەگەڕێمەوەو بیر لە رابوردوو دەکەمەوە ناتوانم دان بەوەدا نەنێم کە تێپەڕ بوونی لێکۆڵینەوەکانی لیژنەکە بێ روودانی هیچ تەقینەوە یان رووداوێکی مەترسیدار شتێکە وەك (معجزة)... جا ئەگەر توانای ئەو وڵاتە بۆ وروژانی خێرا لەبەرچاو بگرین بڕوا ناکرێ کە ئیشەکان بەسەرکەتوویی گوزەریان دەکرد ئەگەر شتێ لەو جۆرە بە فیعلی رووی نەدابێ.

ئەو دوای چیرۆکەکەم زوو زانی: دوای ئەوەی لیژنەکە لەو هۆ و بەڵگانەی کۆڵیەوە کە هەردوولا پێشکەشیان کردبوو، ئەندامەکانیش هەریەکە و ئەو ئەنجامانەی بە شەخسی خۆیان پێیگەیشتبوون سەبارەت بە هۆیەکانی کێشەکە، راسپاردەکانیان بەمجۆرە بوو: چەسپاندنی هێڵی (بروکسل) بە یەکجاری وەك سنووری نێودەوڵەتی نێوان عیراق و تورکیا بەڵام دەبێ دوو شەرت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم راسپاردەیە لەبەرچاو بگیرێ. یەکەمیان: دەبێ ناوچەی کێشەکە واتە ویلایەتی مووسڵ لە ژێر چاودێری راستەوخۆی کۆمەڵی گەلاندا بێ بۆ ماوەیەك کە ئەوان بیست ساڵی بۆ پێشنیار دەکەن. دووەمیشیان: دەبێ ئارەزووی کوردەکان لەبەرچاو بگیرێ کە بریتییە لە دامەزراندنی فەرمانبەران بۆ پلە ئیداری و قەزائی و فێرکردن کە جگە لە خۆیان لە کەسی دیکە نەبێ و زمانی کوردیش بکرێ بە زمانی رەسمی لەو ئیدارات و پەیمانگەیانەدا. بەڵام خاڵێکی تێدابوو وەك بەندێك بۆ دوارۆژ ئەویش ئەوەبوو ئەگەر ئەنجوومەنی کۆمەڵ پێی وابوو

کە دادپەروەری واپێویست دەکا ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە دابەش بکرێ، ئەوسا باشترین هێڵی دابەشکردن ئاوەڕۆی زێی بچووك دەبێ.

راپۆرتەکە لە ئەیلوولی ١٩٢٥ خرایە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵ، حکوومەتی تورکیا گوتی ئەنجوومەن دەسەڵاتی ئەوەی نییە بڕیارێك دەربکا کە هەردوو لای کێشەکە پابەندی بن، بۆیە ئەم خاڵە خرایە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی —محکمة العدل الدولیة— بۆ راوێژپێکردن و راوەرگرتن. لە ٢١ی تشرینی دووەمدا دادگا رای خۆی دەربڕی کە هەر بڕیارێك ئەنجوومەن بە کۆی دەنگەکان بیدا (دەنگی هەردوولای خاوەن خاوەن کێشە حیساب ناکرێ ئەگەر —إجماع— هەبوو) ئەوسا ئەو بڕیارە دەبێ هەردوولا پابەندی بن و هەر بۆخۆیشی بە چەسپاندنی رەسمی سنوور دادەنرێ. کە تورکەکان رای دادگایان قەبووڵ نەکرد لیژنەیێك لە سێ کەس پێکهات بە سەرۆکایەتی (سوید)یەك و ویستی بیرۆکەی زێی بچووك بێنێتە پێشەوە واتە دابەشکردن، بەڵام ئەنجوومەنی کۆمەڵ لە دواییدا لە ١٦ی کانوونی دووەمدا بڕیاریدا بە چەسپاندنی هێڵی بروکسڵ بە رەسمی.

لەو کاتەدا قسەیەك بڵاوبووەوە نازانم چەند راستە، دەڵێن گوایا ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی (تیلیکی) کە ناتوانرێ بە دژایەتی کردنی مەسەلەی تورکی تاوانبار بکرێ بەڵام زۆر بە توندیش دژی هەر پێشنیارێك دەوەستا کە دەیویست منداڵەکە بکرێ بە دوو بەشەوە بۆ رازی کردنی هەردوو دایك[9] بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدرێ وتووێژێکی بە پەلەکرا بۆ رێککەوتننامەیێکی تازە کە لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٦دا ئیمزا کرا و تیایدا ئەو ماددەیەی لە پرۆتۆکۆلەکەدا کە پاشکۆی رێککەوتننامەی ئەنگلۆ عیراقی بوو لە ساڵی ١٩٢٣، دانرابوو لابرا و ماوەی رێککەوتننامە تازەکە بە ٢٥ ساڵ دیاری کرا و لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥دا دەست پێدەکات، تەنها لەو حاڵەتەدا کاری پێناکرێ ئەگەر عیراق پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ماندات —انتداب—ە[10] کە لە کۆمەڵی گەلان قەبووڵ کرا وەك ئەندام ئەم رێککەوتننامە تازەیە بەپێچەوانەی رێککەوتننامەی یەکەم بە زۆرینەیەکی گەورە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیدا پاش پێنج رۆژ لە ئیمزاکردنی قەبووڵ کرا پاشان پێشکەش

(٩) لێرەدا ئاماژە بە چیرۆکە بەناوبانگەکەی تەورات دەکا دەربارەی سلیمانی دانا (سلێمان الحکیم) کە دوو دایك هەریەکە دەیگوت منداڵی ئەوە.

(١٠) عیراق لە کۆمەڵی گەلاندا لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢ قبولْ کرا بە ئەندام (ادموندز).



بە ئەنجوومەنی گەلان کرا لە مانگی ئازاردا و هەر لەوێش (تأکیدات)ی تەواو درا سەبارەت بە ناوچە کوردییەکان و کۆمەڵیش قەبووڵی کرد.

تورکەکان لایەنێك نەبوون لەم (اجراءات)انەدا، بەڵام لە ئەنجامی ئەو وتووێژە راستەوخۆیەی (السر رونالد لیندسی)ی باڵوێزی بەریتانی لە تورکیا زۆر لێهاتوانە بەڕێوەی دەبرد، هێڵی بروکسل بە گۆڕانکارییەکی زۆر کەمەوە چەسپێنرا و بوو بە سنووری رەسمی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، بەپێی ماددەی یەکەمی رێککەوتننامە سێ قۆڵییەکەی نێوان شانشینی یەکگرتوو و تورکیا و عیراق و لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا ئیمزا کرا. بەمجۆرە ئەو ناکۆکییە ناسروشتییەی نێوان تورکیا و بەریتانیا کۆتایی هات دوای ئەوەی پانزە ساڵ بەردەوام بوو و لە بڕی ئەوە، هاوکاری ئاسایی و رێزی یەکتر گرتن هاتە جێی، ئەمەش ئەوەبوو کە هەردوولا دەیانویست.

بڕیاری ١٦ی کانوونی یەکەم دەنگدانەوەیەکی قووڵی لە هەموو لایێکی عیراقدا هەبوو و گەورەترین هەستی وروژاند، مەلیك فەیسەڵ بروسکەیێکی سوپاسنامەی جوانی بۆ مەلیك جۆرج نارد، سەرەك وەزیران (عبدالمحسن بك السعدون) کە لە جێی (یاسین الهاشمی) ببوو بە سەرەك وەزیران، ئەویش بروسکەیێکی بۆ (مستر بالدوین) رەوانە کرد، وەك رێز و پیڕانینێك بۆ ئەو بەرگرییە تووندەی لە بەرژەوەندییەکانی عیراقیان کرد لەبەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵ (عبدالعزیز القصاب)ی (متصرف)ی مووسڵ داوای لە حکوومەتەکەی کرد رەزامەندبێ لەسەر ئەوەی باخچە تازەکەی شارەوانی لە مووسڵ ناوبنرێ (ئیمری پارك: باخچەی-اللورد ئیمری Amery Park-) داواکارییەکەی جێبەجێ کرا. ئێمەش کە لە هێڵی پێشەوە لە شەڕدابووین، ئەم سەرکەوتنە بۆ ئێمە هەر ئەوە نەبوو کە ئەو مێردە زمە رەشەمان لە کۆڵ بووەوە کە لەو چەند ساڵە پڕ لە دڵەڕاوکێ و پشێوییەدا بەسەر سەرمانەوە دەسووڕایەوە، بەڵکو بووە هۆی ئەوەش کە گیانی هاوڕێییەتی تووندتر بێ بەڕادەیێك کەس پێش ساڵی ١٩٤٥ خەویشی پێوە نەدەبینی، ئەگەر یەکێ لەم رۆژگارەدا گوێی لە پێشبینی —نبوءة— (إیرمیاء) پێغەمبەر بووبێ.

(جاردین و صبیح)، (عبدالعزیز و لوید و عبدالحمید)، (احمد عثمان و لاین و لیتلدیل)، (مجید الیعقوبی و میللر و مراد)، (عمر نظمی و کورنر)، (چاپمان و احمدی توفیق) زۆری دیکەش کە هەلْم بۆ رێك نەکەوت لە کتێبەکەدا باسیان بکەم لە قایمقام و (مدیر ناحیه) و ئەفسەری پۆلیس و هاوولاتی ئاسایی. ئێستا دڵم پڕ دەبێ لە خۆشی کە چاو بەو لیستەدا دەگێڕم و ئەو دۆستایەتییە نەمرەم دێتەوە یاد کە ئێمە توونتر و پتەومان کرد.

رۆژێکی ڕەش بوو کە پیشەی فێرکردن لە عیراقدا درابووە دەست کەسانێ کە هیچیان لەو مەسەلانە نەدەزانی، کۆچەریە سووریاییەکان کە دەمارگیرییەکی پڕ ڕق و کینەیان هەیە بەرامبەر بێگانە و لەو ماوەیەشدا وەچەیێکی —جیل— نوێ پێگەیی بە تەواوی بێ ئاگابوون لەوەی ئەو دەوڵەتەی فێرکرابوون دڵسۆزبن بۆی، لە دروست بوون و رزگاربوونیدا لە زۆر لەو کێشە ترسناکانەی تووشی دەبوون قەرزاری هاوکاری حکوومەتی بەریتانین لەگەڵ یەکەم سەرۆکی ئەو دەوڵەتە و لەگەڵ باوکانی هەندێ لە رۆڵەکانی ئەم وەچەیە. وەچەیێك وافێرکرابوو کە ئیمپریالیە بەریتانییەکان ڕێگەی ئەو شتە نادیارەی لێگرتبوون کە وڵاتەکەیان دەیویست بیگاتێ، ئەو شتەی بڵندی و گەورەییەکەی بە ئاواتە نەتەوەییەکان سنووردار ناکرێ، ئەوە تا ئێستاش هەر ئەو ئیمپریالیانە دەیانەوێ هەڵێکیان دەستکەوێ بۆ ئەوەی ئەو سەربەخۆییە لەناوبەرن، بەڵام لێرەدا ڕانەوەستان و تاقە یەك پرسیاریان نەکرد کە دەبوو بیکەن دەربارەی چۆنیەتی دروست بوونی ئەم سەربەخۆییە و گەشەکردنی. زۆریشی پێنەچوو ئەوەی هاتە جێی (عبدالعزیز القصاب) ناوی باخچەکەی لە (ئیمری پارك) گۆڕی بۆ (باخی میر) بێ ئەوەی بیر لەم کارەی بکاتەوە چونکە بۆ خۆی تەمەنی زۆربوو و ئاگای لە زۆر شت هەبوو لەوانەی ڕوویاندابوو. بەم کارەشی بەڵگەیێك ژێر پێ دەخا کە بەهۆی ئەو و کاری ئەو شەرەف و پایەیەکی بە عیراق بەخشی هیچ لەو شەرەف و پایەیە کەمتر نەبوو کە ئەو سیاسەتمەدارە بەناوبانگە بە ئیشەکانی خۆی وەدەستی هێنابوو بۆیە دەبایە خزمەتەکانی وەك یادگار بە نەمری بمابایەوە. من بڕوای تەواویشم هەیە کە هێشتا لە عیراقدا شتێ لە نیاز پاکی دەربارەی بەریتانیا ماوە و بە شێوەیەك لە شێوەکان لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرێتەوە و دەبێتە هۆیێکی گرنگی هۆیەکانی خۆشگوزەرانی و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[11] کوردەکان بەگشتی لەو کۆت و بەندانە ڕازی بوون کە خرابووە سەر (پاداشتەکە-الجائزە-).

(١١) ئەو قەرزەی باری عیراقی بەرامبەر بەریتانیا گران کردووە زۆر بە جوانی و ورد نیشتمان پەروەری عەرەب (جورج انطونیوس) لە کتێبەکەیدا (یقظە العرب The Arab Awakening) کە لە لەندەن ساڵی ١٩٣٨ چاپکرا و لە لاپەڕە ٣٦٣-٣٦٧ ڕوونی کردووەتەوە و دەڵێ: ((هاوکاری بەریتانییەکان لە بنیاتنانی قەوارەی عیراق یەکێکە لە مەزنترین ڕووداوەکانی دووبارە بنیاتنانەوەی دوای جەنگ. بێ زێدەڕۆیی دەکرێ بگوترێ کە دەوڵەتی نوێی عیراق لە دروست بوونیدا بە زۆری قەرزاری هەوڵەکانی فەرمانبەرە بەریتانییەکانە. قەدەر هەلی بە نرخ و بەختی یاری بۆ عیراق ڕەخساند بەو فەرمانبەرە بەریتانیانە کە خاوەن تواناییەکی باڵا و ویژدانێکی زیندووبوون. گرنگی ئەو ئیشەی بۆ عیراق کراوە ئەوسا مەزنتر دەبێ کە خوێنەر بزانێ: ئەم وڵاتەی کە



لەو نامەیەی کە لەو کاتەدا بۆ (السر هنری دوبس)م نارد و تیایدا ئەو ئامادەییە جوانەی سلێمانیم تێدا وەسف کردبوو بۆ ئەو شەڕە، بەم بڕگەیە کۆتاییم پێ هێنابوو ((سەردانی لیژنەکە گوڕوتینێکی زۆری بە هەستی نیشتمان پەروەری کورد بەخشی. ئەو هەستەی ژمارەیەکی زۆری لەوانەی ناڕازی بوون و زۆریشمان وامان پێشبینی دەکرد کە بەلای تورکدا بڕۆن، ئەوانەی ڕاماڵی و بەرەو سەربازگەی دژایەتی تورکی بردن. ئەو لێپێچینەوە درێژانە خەریك بوو هەموویان وەکو یەك بێن بە خاوەن ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی سەرکەوتوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شێوازی جیابوونەوەشی نەگرتەخۆ. کوردەکانی سلێمانی وەك دەڵێن گورزی کەمەر شکێنیان وەشاند لە شەڕی پاراستنی قەوارەی عیراق دا و زۆر بە وریاییشەوە دەیانزانی چی دەکەن. تۆ بڵێیت حکوومەتی عیراق بەم بۆنەیەوە چاو بکاتەوە و سیاسەتێکی باشی دووربین سەبارەت بە کورد ببا بەڕێوە؟

ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵ پشتگیریی لە ئاواتەکانی کوردی کرد، دوای ئەوەی عیراقیشیان رزگارکرد و لە یەکێ لە ساتە هەرە ترسناکەکانیدا کە بڕیاری مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئەنگلۆ-عیراقی بوو لەو شەوە مێژووییەی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٢٤، هاتن بۆ ئەوەی ئەمجارە وڵاتەکە لە دابەشبوون رزگار بکەن بەو هەڵوێستە نەمرەی ئەمرۆی سلێمانی. سەرکردەکانی رای گشتی کورد بۆیان هەیە شانازی بکەن و منەت بەسەر ئەو وڵاتەدا بکەن کە ڕازی نەبوون لە سایەیدا هاووڵاتی زەلیل بن.

بەڕاستی و دەبێ هەق بگوترێ، کە هەڵێکی مەزن بوو بەڵام هەوڵی من بۆ ئەوەی بەدوای سەرکەوتنی دابچم لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا جێیان نابێتەوە.


کاتێ کە لە دهۆك بووم نامەیەکم لە (کورنوالیس)ەوە پێگەیشت داوای لێدەکردم —زۆر سووریش بوو لەسەر ئەوە— پۆستی یاریدەدەری ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ کە بە مردنی —

دانیشتوانی، زۆربان عەشایرن و تایەفەی جۆراوجۆری ئایینی تێدایە و ڕێی هات و چۆی بە گوێرەی پێوانەکەی کەمە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەڕێوەبردنی لەسەر هێڵەکانی ڕۆتینی بیرۆکراسییانەی ناوەندی زۆر زەحمەت بێ. بەختی عیراقیش دیسانەوە لەوەدا بوو کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەریتانیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەودا بگونجێ و زۆربەی جار شان بە شانی یەك برۆن. ویستی بەریتانیا بۆ دەستگرتن بەسەر چاڵە نەوتەکان ویلایەتی مووسڵ بووە هۆی ئەوەی ئەو ویلایەتە هەمووی بخرێتە دەوڵەتە عەرەبییە تازەکە و ببێ بە هەرێمێك لە هەرێمەکانی، چاکە و هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیپلۆماسییەتی بەریتانی، جگە لەوەش کە بووە هۆی هاوکارییەکی بە تینی ئەنگلۆ-عیراقی سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەی کورد. (ادموندز)

بوللی— بەتاڵ ببوو، وەربگرم، سەرەتا وام بەباش زانی قەبووڵی نەکەم چونکە قەت هەستی خۆم سەبارەت بە خراپی و جیکڵدانە تەسکی ئیدارەی ناوەندی بەغدا و پیاوەکانی لە (سوارەی مێزە خڕەکە —فرسان المائدە المستدیرە—) کە پێم خۆش بوو وایان پێ بڵێم، ئەو هەستەم نەدەشاردەوە کەچی وا ئێستا بانگ دەکرێم بۆ ئەوەی ببم بە یەکێ لەوان. بۆیە زۆر قورس بوو بەلامەوە کە خۆم ببینم و خەڵکی چۆن تەماشام دەکەن، دانیشتبم و لە گیزەی جیرەی بەردەوامی رۆتینی نووسین و لە پشت چیایەك لە فایل کە لەسەر مێزی هەموو وەزارەتەکان بەرزدەبێتەوە کە خۆم بە چاوی خۆم بینیومە، زۆر و لە ئەوپەڕی خۆشیدا بووم بەو لێپرسراوییەتە ئیداری و ئەرکە دیپلۆماسییانە و هەڵی هاتن و چوون و پشکنینی شوێنەوار یان تەنانەت دۆزینەوەی هەر چەشنێ لە دیاردەکانی سروشت لە نێو گەلێکی دڵپاك و سادەدا، لە دڵمدا خۆشەویستییەکی قووڵ نەشونمای کرد بۆ هەموو دار و بەردێکی، خۆشەویستییەکی زۆریشم لە دڵدا هەبوو بۆ هەموو پیاو و ژنێك و منداڵێکی هەردوو لیواکە، ئەوانە نەبێ کە حەزیان بە خوێنرشتن بوو. زۆر دەگمەن بوو ئەگەر دەروونیان لە سروشتێکی باش و سەرنجڕاکێش بێئاگا بووبێ و ئەوکاری توندوتیژییە دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی دواکەوتوو و ژیانی سەرەتایی نەك بۆ سروشتێك و تەبیعەتێکی شەڕئامێزی رەگ داکوتاو تەنانەت لای ئەوانەش کە گەورەترین گرفت و کێشەیان دروست دەکرد.

دوای بیرکردنەوەی زۆر و بیروبۆچوون گۆڕینەوە و ئەمسەر و ئەوسەر کردن بۆم دەرکەوت کە زۆر ئەحمەقیە دەست لە دوا رۆژێك هەڵبگرم لە مەیدانی پسپۆڕی ئەسڵی خۆمدا، هەلی بەرزبوونەوە (ترقیە) لە بازنەییێکی تەسکدا بەڵام لەگەڵ زەوقیشمدا دەگونجێ، فڕێ بدەم، بۆیە دڵی خۆم بەوە خۆشکرد کە سەرپەرشتی چواردە لیوا دەکەم لە بڕی دوو و بڕیارمدا پۆستەکە قەبووڵ بکەم، ئەمەش سەرەتای دە ساڵی دوورودرێژ بوو، کە لە سۆز و دڵفراوانی دیکە چیدیکەم نەدی کە بووم بە هاوڕێی (کورنوالیس)، هاوڕێیەتییەکی بەختیار کە زۆریشی لێ قەبووڵ کردم تاکو من چوومە جێی ئەو لە ساڵی ١٩٣٥، تەسلیم کردنی ئەرکەکانی پۆستەکەم بە (میللر) کە زۆرجار جێگری منی کردبوو، زۆری نە خایاند. لەبەر ئەوەی سەفەرەکەم کەوتە مانگی رەمەزان مەراسیمی بەرێ کردن و خواحافیزیم تا کەمترین رادە کورت کردەوە. لە بەیانی ٢٧ی ئازار (حەمە عەلی) خۆی لە نێوان دوو دەستە جانتا و کەلوپەلی بەستراودا لە کورسی دواوە، خۆی ترنجان و منیش لە کورسی پێشەوەی ترومبێلەکەم دانیشتم و بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە فەرمانمدا بە خەلیل رێی باشوور بگرێ بە چیا حەمەریندا تێپەڕی بەرەو بەغدا.





لەلای چەپەوە: مستەفا پاشا — شێخ قادر — ادموندز — سەید نەشئەت



پیاو ماقوڵانی کەرکوک — لە راستەوە: مەجید بەگ — عیزەت پاشا — فەتاح پاشا



(عبدالعزيز القصاب)
(متصرف –محافظ–)ی لیوای مووسڵ

لەو کتێبەیەوە وەرگیراوە کە ناونیشانی (لە یادگارەکانم) و خۆی نووسیویەتی لاپەڕەکانی ٢٤١-٢٤٨-٢٤٩ و ٢٥١-٢٧٠ چاپی بەیروت و لە بڵاوکراوەکانی (عویدات)
(دەسکاری زمانمان نەکرد و وەك خۆی چۆن لە ئەسڵەکەدا نووسرابوو وامان هێشتەوە).

## – ١ –

بڕیاری مەلەکی ژمارە (٥٣٤) لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٣دا دەرچوو بە دامەزراندنم بە (متصرف) لیوای مووسڵ. هەمان ڕۆژ وەزیر داوای لێکردم کە جارێ سەرفەر نەکەم تاکو کێشەکانی ناکۆکی کە لە نێوان هەردوو هۆزی (العبید) و (الصایح) ڕوویداوە چارەسەر دەکرێ. ئەوەم بە دوو هەفتە تەواوکرد و هەردوو هۆزم ئاشت کردەوە.

ئێوارەی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢٤ بە شەمەندەفەر بۆ مووسڵ چووم و عەبدولمەجیدی کوڕم و مەبروکی چێشت لێنەر لەگەڵم هاتن. کە گەیشتمە (الصیرمون) ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی مووسڵ و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان و هەندێ لە پیاوە ناودارەکانی شار لە پێشوازیدا بوون. یەکە یەکە تەوقەم لەگەڵدا کردن و سوپاسی هاتنیانم کرد پاشان بەرەو ماڵی حکوومەت (دار الحکومە) چووم و ماوەیەکی کورتی تێدا مامەوە. دوای ئەوە چوومە ئەو خانووەی بۆم تەرخان کرابوو کە ماڵی (الشربتی) بوو، پێش من (جعفر پاشا العسکری) تێدا دەژیا، لەو خانووەدا یەك ژووری گەورەی باشم بینی، ژوورەکانی دیکە بە کەڵك نەدەهاتن، شووشەی دەرگا و پەنجەرەکانی شکابوون و وەرزیش وەرزی زستان بوو و زستانێکی زۆر ساردیش، بەڕادەیەك کە نەمتوانی تا بەیانی لەو ماڵەدا بمێنمەوە و بە هۆی ئەوەشەوە تووشی نەخۆشییەکی توندبووم لە سنگمدا و وایلێکردم کە بەیانی ڕۆژی دوایی داوا لە سەرۆکی شارەوانی بکەم خانوویێکی دیکەم بۆ بدۆزێتەوە تیایدا بژیم. ئەویش خانوویەکی بچووکی بۆ دۆزیمەوە کە عەبدولمەجید پێی باش بوو، ئیتر منیش گواستمەوە بۆ ئەو خانووە و دەستم بەکارە ڕەسمییەکانم کرد. لیوای مووسڵ لە دە (ناحیة) پێکهاتبوو کە ڕاستەوخۆ سەر بە (متصرف)یەت بوون ئەوانیش: مووسڵ و (حمام العلیل) و (الشورة) و (الشرقاط) و (تلکیف) و (القوش) و (برطله) و (بعشیقة) و (قرەقوش) و (الحمیدات) بوون. نۆ قەزاش کە بریتی بوون لە مەڵبەندی لیوا و زاخۆ و دهۆك و ئامێدی و ئاکرێ و زێبار و تەلعەفەر و شەنگار و شێخان. لە ڕۆژی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٤ بە پشت بەستن بە خوای گەورە دەستم بەکارەکانی فەرمانگەکەم کرد. خزمەتی من لەم لیوا گەورەیەدا نزیکەی دوو ساڵ و نیوی خایاند. ئەو ماوەیەی کە من (متصرف)ی مووسڵ بووم زۆر ماندووی کردم، ڕۆژانە لە بەیانییەوە تا سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆ ئیشم دەکرد، پاشان تۆزێ ئیسراحەتم دەکرد دیسانەوە دەستم بە ئیش دەکردەوە و جاری



وا هەبوو تا دوای نیوەشەو بەردەوام دەبووم. زۆربەی ئیشەکانم بریتی بوو لە کێشەی مووسڵ و کاروباری لیژنەی کۆمەڵی گەلان. دوای ڕۆیشتنی ئەو لیژنەیە لیژنەییێکی دیکە هاتە مووسڵ کە لەلایەن کۆمەڵی گەلانەوە نێردرابوون و بە سەرۆکایەتی (الکولونیل لایدنور) و ئەندامیەتی دوو کەسی دیکە و بە یەکەوە نزیکەی یەك مانگ ئیشمان کرد.

سەردانی یەکەمی شا فەیسەڵی یەکەم بۆ لیوای مووسڵ لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٤دا کاریگەرییەکی زۆر باشی هەبوو لە دەروونی خەڵکی مووسڵ و پیاوماقوڵ و گەورە پیاوانیدا، ئەمەش بووە هۆی هاندانی خەڵکە دوودڵ و ترسنۆکەکان، بۆیە زۆریان بەڵێنی ئەوەیان دایێ کە لە پێناو عەرەبایەتی مووسڵ جیهاد دەکەن و مەزبەتە و یادداشت ئامادە دەکەن و دەیدەنە لیژنەکە (لیژنەی کۆمەڵ) تیایدا دژی داواکارییەکانی تورك دەوەستن کە دەیانەوێ لیواکە بکەن بە تورك (تتریك) هەروەها بۆ ئەوەش کە لە ناو یەکێتی عیراقدا بمێنێتەوە. لەو کەسایەتییانە و لەپێش هەر هەمووشیانەوە بەڕێزان (مصطفی الصابونجی) و (حبیب افندی العبیدی) و (عبدالغنی افندی النقیب) و (أمین بك الجلیلی). بەڵام ئەو پەرۆش و خوێن گەرمییەی لە کاتی کۆبوونەوەیاندا لەگەڵ مەلیك نواندیان، دوای ئەوەی مەلیك ڕۆیشت و کاتی هاتنی لیژنەکە نزیك دەبووەوە خەریك بوو کەم دەبووەوە، ئەمەش ناچاری کردم بەڵێنەکانیان بەبیر بهێنمەوە، جگە لەوانیش خەڵکی دیکە لە پیاوماقوڵانی شار و سەرەك کۆمەڵەکان و بازرگان و پیاوانی ئایینی بانگ بکەم و هانیان بدەم ڕای خۆیان بە ئاشکرا دەرببڕن. لەوانەی بانگم کردن بەڕێزان (أمین افندی المفتی) و (محمد علی فاضل افندی) و (ضیاء آل شریف بك) و (سعدالله توحله) بوون. هەستم کرد کە هەندێکیان دوودڵن لەوەی بە ئاشکرا ڕای خۆیان دەربڕن، جا یان لەبەر ئەوەی دڵنیا نەبوون لە ئەنجامەکانی یان لە ترسی ئەو تورکانەی لە مووسڵدا بوون یان لەبەر هۆی دیکە. هەریەکەش دەیویست خەڵکی دیکەی پێش بکەوێ لەو کارەدا. ئەوەی لێرەدا شایانی باسکردنە ئەوەیە کە یەکێکیان پێی گوتم، ئەو خۆی و زۆری دیکەش نایانەوێ کێشەی مووسڵ چارەسەر بکرێ، چارەسەرێکی یەکجارەکی، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی سەقامگیری (الاستقرار) سەقامگیریش زیان بە بەرژەوەندییەکانیان دەگەیەنێ. ئەو کەسەی ئەم قسەیەی لاکردم هەر ئەو بوو کە لە بەغدا ئەو کاتەی کە ئەندامی ئەنجوومەنی (الأعیان) بوو و ڕێککەوتننامەی عیراقی بەریتانی خرایە بەردەم ئەنجوومەن ڕایکرد، چونکە نەیدەویست نە بە ئا نە بە نا دەنگ بدا. لە دوودڵی گەورە پیاوان و سەرکردەکان بێزار بووین بۆیە ناچار پەنامان بردە بەر ڕۆڵەکانی گەل و خاوەن پیشەکان تاکو

هانیان بدەین دەنگی خۆیان هەڵبڕن و ئەوەی بڕوایان پێی هەیە و شانازی پێوە دەکەن بە ئازادی لە بەردەم لیژنەی راپرسیدا بیڵێن. لەگەڵ ئەماندا توانیمان ئامانج بپێکین زیاتر لەوەی لەگەڵ ئەو گەورە پیاوانەدا بە دەستمان هێنا. ئەو یادداشتانەی پیاوماقوڵان و بازرگان و زانایانی ئایینی، دەقێکی گرنگی پشتگوێ خستبوو ئەویش نارەزایی دەربڕین بوو سەبارەت بە مافەکانی نەتەوەیی تورکی لە لیوای مووسڵدا و دان نان بە ((عەرەبایەتی —عروبە—) لیواکەدا* لە چوارچێوەی یەکێتی عیراقیدا. تەنها یادداشتەکەی پارتی سەربەخۆیی-حزب الاستقلال— نەبێ کە هەردوو دەقەکەی تێدابوو و دژی داواکارییەکانی تورك و پاراستنی یەکێتی عیراق.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە (أمین بك الجلیلی) و (احمد الفخری) و (ناظم العمری) و (أرشد العمری) و (عبدالله رفعت العمری) و (علی الامام) و (هبەالله المفتی) و (البطریق یوسف غنیمە) (مەبستی-المطران-) و (المطران-القس- گریگور) سەرۆکی تایەفەی ئەرمەنی و (ضیاء آل شریف بك) لە سەربەخۆکان —من المستقلین—. بەڕێزان (اصف قاسم اغا) و (سعید ثابت) و (ابراهیم عطار باشی) و (محمد صدقی المحامی) و (شریف الصابونچی) لە پارتی سەربەخۆیی — حزب الاستقلال— و (الدکتور جمیل دلالی) و (فتح الله سرسم) و (رؤوف اللوس) و (الدکتور عبدالاحد عبدالنور) لەو کەسانە بوون کە مێژووی عیراقی نوێ دەبێ لاپەڕەیێکی سپیی بێگەردیان بۆ تۆمار بکا[1].

(×) ئەگەر بەدەست عەرەبەکان بێ نەك لیوای مووسڵ کە ناو جەرگەی کوردستانە بەڵکو هەموو کوردستان خاکی عەرەبە. (ح. ج)

(١) سولەیمان فەیزی (یادداشتەکانی سولەیمان فەیزی) دار الساقی، چاپی سێیەم. لەندن ١٩٩٨، بە پیاچوونەوەی (نجدت فتحی صفوت) ل٣٦٦-٣٦٨. ((لەو کاتەدا کێشەیێکی مەترسیدار هاتە ئاراوە کە عیراقییەکانی نیگەران کرد ئەویش ئەوەبوو کە تورکەکان داوای مووسڵیان دەکرد. خەڵکی مووسڵ لەم ناکۆکییەدا بێدەنگ بوون و کەسێکیان دەنگی هەڵنەبڕی بۆ ئەوەی گوزارە لە هیوا و ئاواتەکانی خۆیان بکەن، وەك بڵێیت مەسەلەکە پەیوەندی بە وانەوە نەبێ وڵاتەکەیان کوتاڵێك بێ بۆ کڕین و فرۆشتن. هەندێ لە خەڵکی مووسڵ کە لە بەغدا دادەنیشتن ئەم بێدەنگییەیان پێ ناخۆش بوو و بڕیاریاندا دەست بەکاربن، من لە (بەسرە)ەوە هاتبوومە بەغدا بۆ ئەوەی لە دادگای پیاچوونەوە —الاستئناف— ئامادەبم، -ثابت عبدالنور— بانگی کردمە ماڵی خۆی بۆ ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبم کە لەوێ دەکرێ، کە رۆیشتم زۆر لە



مووسڵاوییە ناودارەکانم بینی کە لە بەغدا دەژین. کێشەی مووسڵ باسکرا و ئامادەبوان بڕیاریاندا ئەم بەڵێنە بنووسن.

((ئێمە رێککەوتین و ئیمزاشمان کردووە کە بارودۆخی ئێستای مووسڵ ناوەکی و دەرەکی کە هەریەکەمان بۆ دۆست و خزمانی بنووسێ، هەروەها بەڕێز مامۆستای گەورە (الحاج سلیمان فیضی أفندی) بەناوی هەموو خەڵکی مووسڵەوە، ئەوانەی لە بەغدا نیشتەجێن، هەروەها بۆ هەندێ کەس خەڵکی مووسڵیش بنووسێ، تیایدا داوا دەکەین نوێنەر هەڵبژێردرێ و مەزبەتە ئامادە بکرێ بۆ بەرگری کردن لە مەسەلەی مووسڵ لە ناوەوە و دەرەوەدا بەرگرییەکی یاسایی و بە رێگەی راست لای حکوومەتی ئێستا و دەوڵەتان و کۆنگرەکان کە دەبێ سەردانیان بکرێ)).

١٥ی کانوونی دووەم ١٩٢٣

ئەو رێککەوتننامەیە کە لە کتێبەکەدا تۆمارکراوە دوانزە ئیمزای لەسەر بوو لەوانەی من ناسیمنەوە (مولود مخلص) و (ثابت عبدالنور) و (عبدالاله حافظ) و (شاکر سلیم) و (توفیق النائب) و (محمد سلیم الجراح) و (محمد علی مصطفی) و (محیالدین أبوالخطاب).

پاشان خاوەن یادداشت دەنووسێ (٠پاشان من رەزامەندیم دەربڕی لەسەر ئەو نووسراوەی کە لەمن داواکرا لە بڕی هەموان ئاڕاستەی خەڵکی مووسڵی بکەم.

((گەورەم: دوای رێز و سڵاو: لەبەر بارودۆخی ناسکی مووسڵ لەم ماوەیەدا کۆمەڵێ لە خەڵکی مووسڵ لەوانەی لە بەغدا نیشتەجێن داوایان لێکردم ئەم بانگەوازەتان ئاڕاستە بکەم بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانتان بەرامبەر شارەکەتان بە بیربهێنمەوە تاکو بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی رۆڵەکانی بکەن و مافی خەڵکەکەی بپارێزن، بۆ بەمن پێشنیار دەکەم بە پەلە وەفدێ هەڵبژێرن سێ تا پێنج کەس بن لەوانەی بڕواتان بە توانا و نیەتیان هەیە تاکو لە پایتەختدا هەمیشە پەیوەندی بە حکوومەتی نیشتمانییەوە بکەن و بیرورا و هیوا و ئاواتی ئێوە دەربڕن و نوێنەرایەتیتان بکەن لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا ئەگەر پێویستی کرد.

تکایە رێزی زۆرمان قبووڵ بکەن

(ثابت عبدالنور) بانگەوازەکەی برد و سەدان دانەی لێ چاپ کرد (أبو الخطاب) خەریکی رێکخستنی بەرگەکان و ناونیشانەکان بوو کە دەبوو لەسەریان بنووسرێ. کە ئیمزای کرد مۆری لێدا و بۆخۆی بردی بۆ مووسڵ و بڵاوی کردەوە.

ئەم نامانە وای لە خەڵکی مووسڵ کرد ئاوڕ لە مەسەلەکە بدەنەوە و دەستیان کرد بە کۆبوونەوە کردن و نوێنەر هەڵبژاردن و ناشزانم بۆچی کۆبوونەوەکانیان بە نهێنی دەکرد، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکوومەت گومانیان

**– ٢ –**

## ئامادەكردنی زانیاریی داواكراو (المطلوبة)

## بۆ نێردەی كۆمەڵی گەلان (بعثه عصبة الامم)

خشتەی جیاجیام ئامادەكرد بۆ ئەوەی پێشكەشی لیژنەی كۆمەڵی گەلانی بكەم كە هاتنیان بۆ مووسڵ نزیك ببووەوە كە ئەمانە بوون:

١- ژمارەی پەرستگا و (المسقفات) و خاوەن پیشە و پیشەسازییەكان كە لە مووسڵدان بە جیا و ئەوانەی لە قەزا و ناحیەكانیشدان.

٢- خشتەیەك بە ناوی ئەو گوندانەی سەر بە ناحیەی مووسڵن.

٣- ناوی هۆزە كوردییەكانی دانیشتوانی سنووری مووسڵ.

٤- نەخۆشخانە و تیمارگەكان لە مووسڵ.

٥- ژمارەی دانیشتوانی لیوای مووسڵ بە جیاوازی رەگەز و ئایینییانەوە و بە شێوەیەكی (تفصیل)ی.

٦- ناو و ژمارەی ئەو پەنابەرانەی هاتوونەتە عیراق لەگەڵ دیاریكردنی رەگەزنامە (جنسیە) و شوێنەكانیان.

٧- ناوی گەورە پیاوان و پیاوە ناودارەكانی مووسڵ و ئەو كەسانەش كە ناسراو و بەناوبانگن لە قەزاكاندا موسڵمان و غەیرە موسڵمان.

٨- ناوی فەرمانبەرە مەدەنییەكان لە لیوای موسڵ لەگەڵ دیاریكردنی رەگەز (جنسیە) و ئایینیان.

٩- لیستی سەرژمێریی ساڵی ١٩٢٤ بۆ هەموو لیوای مووسڵ ناو شاری مووسڵیش لەگەڵ دیاریكردنی (جنسیە) رەگەز و تایەفەكانیان وەك ئێزدی و جولەكە و نەستووری (نساطرە) و كۆچەر و توركمان و كورد و عەرەب.

---

لێ بكا و فەرمانێكی دەركرد بە قەدەغە كردنی. (متصرف) (رشید الخوجە) هەوڵیدا دانەیێك لەو بانگەوازەی دەست بكەوێ بەڵام دەستی نەكەوت. بۆیە لێپرسراوان بیریان بۆ شتی زۆر دوور لە واقیع چوو وای بۆ چوون كە مەسەلەكە نهێنییەكی تێدایە و بەختی خراپیش رۆڵی خۆی گێڕا لە مەسەلەكەدا و هەر لەو كاتەدا حكوومەت بروسكەیێكی دۆزییەوە كە كۆمەڵێ لە خەڵكی مووسڵ لەوانەی لە ئینگلیزەكان داخ لە دڵ بوون، رەوانەی كۆنگرەی (لوزان) یان كردبوو و تیایدا داوایان كردبوو مووسڵ بدرێتە توركیا، بۆیە حكوومەت گەیشتە ئەو بڕوایەی كە من هاندەری ناردنی ئەو بروسكەیە بوویێنم. لەبەر ئەوە (عبدالمحسن السعدون)ی سەرەك وەزیران بانگی كردم و گلەیی لێ كردم.



١٠- رادەی ئەو بەروبوومەی لە مووسڵەوە رەوانەی بەغدا كراوە لە نێوان ساڵی **١٩٢٣-١٩٢٤**.

١١- ناوی بازرگانەكانی شاری مووسڵ لەگەڵ جۆری بازرگانی كردنیان و چەند سامانیان هەیە (نزیكەی چەندیان هەیە).

لە **٢٥**ی كانوونی دووەمی **١٩٢٥**دا گەورە پیاوان و پیاوماقوڵانی مووسڵ كۆبوونەوە و بڕیاریاندا لیژنەیێك پێك بهێنن بۆ بەرگری كردن لە مووسڵ و چل كەسیان لە ناوخۆیاندا هەڵبژارد وەك لیژنەی كارگێڕی —لجنە اداریە—، ئەم لیژنەیەش پانزە كەسی لەوانە هەڵبژارد بە ناوی دەستەی جێبەجێكردن (هیئة تنفیذیة) ئەوانەش ئەم بەڕێزانە بوون: (احمد الفخری) و (حبیب العبیدی) و (مصطفی الصابونچی) و (أمین الجلیلی) و (فتح اللە سرسم) و (اصف قاسم اغا) و (عبدالغنی النقیب) و (ناظم العمری) و (ارشد العمری) و (رشید العمری) (الدكتور عبدالاحد عبدالنور) و (ابراهیم كمال) و (المحامی محمد صدقی) و (علی الأمام) و (ضیاء شریف).

پاشان كۆمەڵەكە لقی لە (الملحقیات) و قەزاكان و هەندێ گوندی گرنگدا كردەوە و زۆریش كەڵكمان لە ئیشەكانیان بینی.

كە لیژنەی كۆمەڵی گەلان دەستیان بە كارەكانیان كرد داوایان لێكردین گوێ لە ئیفادەی گەورە پیاوان و زانایان بگرین، ئێمەش پرۆگرامێكی تایبەتمان رێكخست بۆ ئەو بەڕێزانەی داوا دەكران و كردمانن بە شەش بەشەوە.

١- ئەندامانی ئەنجوومەنی ئیداری و شارەوانی.

٢- ئەندامانی كۆمەڵەی بەرگری.

٣- هەردوو پارتی نیشتمانی و سەربەخۆیی.

٤- زانا و سەركردە رۆحانییەكان.

٥- پیاوماقوڵان و بازرگانەكان.

٦- نوژدار —الاطباء— و پارێزەران.

ئەم وەفدانە دەستیان بە سەردانی نێردەكە كرد، یەك لە دوای یەك و هەریەكەوە لەو كاتەی كە بۆی دانرابوو. سەرۆكی لیژنە وتارێكی لەبەردەم دەستەكاندا —الهیئات— خوێندەوە و تیایدا داوای كرد كە خۆپێشاندان نەكرێ و تەگەرە نەخرێتە بەردەم لێكۆڵینەوەكە. (المونسینور یوسف غنیمە) كە لەگەڵ سەركردە رۆحانییەكاندا بوو وتارێكی بە زمانی فەرەنسی دا و تیایدا بەرگریی لە مەسەلەی عەرەبی و مەسەلەی مووسڵ و بە سنووری باكوورییەوە كرد.

— ٣ —

## نامەی نهێنی تورکیمان دۆزییەوە لەلای (الجزیرة)ەوە

هەندێ نامەی تورکیمان دەستکەوت لە کانوونی دووەمی ١٩٢٤ ئەو نامانە پێش و پاش گەیشتنی نێردەی کۆمەڵی گەلان نووسرابوون. نەك یەکجار بەڵکو چەند جارێك، توانیمان دەستیان بەسەردا بگرین. ئەم نامانە بۆ پارتی تورکی لە مووسڵ نێردرابوون، لەگەڵ نامەکانیشدا نووسین هەبوو کە بە هێما —رەمز— نووسرابوون و بریتی بوون لە رێنمایی بۆ حیزبەکانی دیکە کە لە هەولێر و کەرکووك و سلێمانیدان. دەست بەسەرداگرتنی ئەو نامانە پێش ئەوەی بگاتە دەستی ئەوانەی بۆیان نێردرابوو خزمەتێکی مەزن بوو بۆ عیراق. توانیمان ئەو رێنماییانەش بزانین کە لەو نامانەدا نووسرابوون. لەوانەش ئەمەی کە لە پۆستەی یەکەمدابوو.

- ئاگادارکردنەوەی حیزبەکان کە تورك دێتە مووسڵ.
- ناردنی (ناظم بك)ی نوێنەری کەرکووك و (فتاح بك) نوێنەری سلێمانی و هەندێ لە فەرمانبەران لە فەرمانگەی دەرەوە —دائرە الخارجیە— لەگەڵ وەفدی کۆمەڵی گەلان.
- دەبێ ئەو رێوشوێنانەی پێویستن بگرنەبەر بۆ ئەوەی لیژنەکە تێبگەیەنن کە حەزتان بە یەکگرتنەوەیە لەگەڵ نیشتمانی (تورك)یدا.
- دەبێ کۆمەڵەکەتان لەوەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنی کە ئەوەی دەتانەوێ بە لیژنەکەی رابگەیەنن.
- پێویستە کۆمەڵە دەسەڵاتی خۆی لە هەموو لایێکی وڵاتدا بڵاوبکاتەوە هەروەها لە هەموو ناحیە و گوندێکیشدا.
- پێویستە مەڵبەند —المرکز— ئاگادار بکەنەوە لەو کەس و دەستە و شێخانەی —الهیئات و الشیوخ— کە مەیلیان بەلای ئێمە دایە تاکو پاداشتی پێویستیان بدەینێ.
- دەبێ ئاڵای گەورە و بچووك هەڵبگرن تاکو لیژنەی کۆمەڵی گەلان تێبگەیەنن لە ویست و ئارەزووەکانتان و پێویستیشە خۆپێشاندان دژی عیراق و ئینگلیز رێك بخەن.
- پێویستە مەزبەتەی زۆر بنووسن و تیایدا داوای ئەوە بکەن کە دەتانەوێ بچنە پاڵ تورکیا.



- کە ئینگلیزەکان بەڵێنی ئەوەیان داوە ئازادی بۆ دانیشتوان دابین بکەن، نابێ ئیتر لە دەسەڵات بترسن.
- پەخشتان بۆ دەنێرین بە زمانی تورکی و کوردی بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکی مووسڵ و کەرکووك و هەولێر و سلێمانیدا بڵاوی بکەنەوە، هەروەها دانەییێکیش لەو یادداشتانەی کە حکوومەت پێشکەشی کۆمەڵی گەلانی کردووە بۆ ئاگاداریتان.
- لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان دەزانن کۆمەڵی گەلان رەزامەندی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان دەردبڕێ، بۆیە پێویستە دەنگ بەرز بکەنەوە و داوای ئەوە بکەن.
- ئەو ئازایەتییەی دەینوێنن دەبێ بە کلیلی سەرکەوتن.
- ئەوەمان دابین کردووە کە ئەم ماددانە بگەنە سەعادەتی شێخ مەحموودی حەفید، دەبێ ئێوەش کەرکووك و هەولێر ئاگادار بکەنەوە لەم بارەوە و ماددەکانیش لە قەزا و ناحیەکاندا بڵاوبکەنەوە.
- ئەوە رابگەیێنن کە ئێمە لە هەموو ئەوانە دەبوورین کە لەم ماوەیەدا لەبەر خاتری نان و مەعیشەتەکەیان خزمەتی ئینگلیزیان کردووە.
- پێویستە ئاگاداربن ئەو نامەیەی ناونیشانی (احسان افندی)ی بەسەرەوەیە نەکەوێتە دەست فەرمانگەی هەواڵدەری —استخبارات— ئینگلیزەوە.
- تکایە وەڵامی خۆتان بە پەلە بنێرن و ئاگادارمان بکەنەوە لەوەی پێویستتان پێی هەیە بەهۆی یەکێ لەو جاسووسانەی لەلاتانن.

ئیمزا د ٩٢ مێژوو
١٩٢٥/١/٢

**لە پۆستەی دووەمدا دەڵێ:**

- چوارسەد و چل دانەمان لە پەخشەکە نارد. دەبێ بەشێکی بەسەر هەموو ئەوانەدا بڵاوبکرێتەوە کە لەلاتانن. و بەشی دووەمیشی بەهۆی یەکێکی باوەڕپێکراوەوە رەوانەی کەرکووك و هەولێر بکەن.
- بەمزوانە لیژنەی کۆمەڵی گەلان دەگاتە مووسڵ، بۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم کە خەڵکەکە هان بدەن خۆپێشاندان رێکبخەن بۆ لایەنگری تورك، ئەگەر ئەوەتان کرد من دڵنیام کە خوا یارمەتیتان دەدا.

• پێشتریش لەم بارەوە بۆمان نوسیوون بۆیە مەترسن، دەبێ بە هەموو توانامانەوە هەوڵ بدەین مووسڵ رزگار بکەین. پەیوەندیی ئێستای نێوان حکوومەتی رووسیا و حکوومەتی ئێمە زۆر باشە و یارمەتیمان دەدا.

• من بە زووترین کات چاوەڕێی هەواڵم.

• جواد پاشا یەکێکە لە ئێمە و بەگەڵ لیژنەکە کەوت.

مێژوو ٢ی کانوونی دووەم ١٣٤١

د ٩٢

**لە پۆستەی سێیەمدا دەڵێ:**

بۆ ق ٤٠

• وەك راوێژکاری لیژنەکە دامەزرام و بەمزوانە پێیان دەگەم. ئەرکەکەم زۆر گەورەیە و ئەنجامی مەزنیشی لێدەکەوێتەوە و چاویشم بڕیوەتە مووسڵ وا دەشچم بۆ ئەوێ چونکە زۆر پەرۆشی ئەوەم برادەرە باش و بەستەزمانەکانم خزمەت بکەم.

• ئێمە بە بەرچاوی هەموو دونیاوە ئەرکی جیهادکردنمان گرتووەتە ئەستۆ.

• شاکر و مەجید ئەفەندی لە دۆستەکانمانن و ئێستا لەگەڵماندان تکا دەکەم ئەو جاسووسەی جێی بڕواتانە هەر ئێستە رەوانە بکەن و ئەوەی بەودا دەینێرین یەکسەر وەریبگرن و تکاش دەکەین کە پەیوەندیمان نەپچڕێ و منیش داوای سەرکەوتنتان دەکەم هاوڕێیانم.

٣ی کانوونی دووەم ١٣٤١

ئیمزا د ٩٢

**لە پۆستەی چوارەمدا دەڵێ:**

لە ق ٢٢١ بۆ دۆستمان جاسم ئاغا

• راپۆرتی ١٩٢٤/١٢/٢٣ی ئێوەم پێگەیشت و ناوەڕۆکەکەی بەلایەنە پەیوەندارەکان گەیێنرا.

• دەبێ هەموو خەڵکی مووسڵ خۆپێشاندان بکەن لەبەردەم لیژنەکەدا بۆ رزگارکردنی مووسڵەکەمان.

• دەبێ ئالای تورکیا بە ژمارەی زۆر بەرزبکەنەوە.

• وەفدەکە لە جواد پاشای فەرماندەی سنووری (الجزیرە) و نازم و فەتاح پێکهێنرا.



• ئەمجارەیان پارەی پێویستمان نارد بۆ ئیبراهیم و برادەرەکەی بەڵام جاریێ چەکمان نییە بیاندەینێ، لە دواییدا ئەوەشیان دەدەینێ سڵاومان بگەیینە دۆستانمان.

مێژوو ١٧ کانوونی دووەم ١٣٤١

ئیمزا

**لە پۆستەی پێنجەمدا دەڵێ:**

لە ق ٢٢١ بۆ م١١١

• راپۆرتەکانی ٢٣ و ٣٠ی کانوونی یەکەم پێگەیشت و ناوەڕۆکەکەیم بەلایەنە پەیوەندارەکان گەیاند.

• پرسیارتان کردبوو کە خەڵکی چی بکەن پێش گەیشتنی لیژنەکە. ئێمە رێنمایی و پەخشنامەمان رەوانەکردووە بۆتان لەم بارەوە، بەگوێرەی ئەوە کاربکەن.

• پشت بەخوا سەردەکەوین. لیژنەکە لە ١٠ی کانوونی دووەم دیمەشقی بەجێهێشت بەرەو بەغدا. ئەم لیژنەیە مافەکانی ئێمە لە بەریتانیا و عیراق دەپارێزێ. دەبێ خەڵکی وا تێبگەیێنن.

• حکوومەتی رووسیا یارمەتی —معنوی— پێویست دابین دەکا بۆ دڵنیابوون لە گەڕانەوەی مووسڵ.

• ئاگادارمان بکەنەوە لەوەی رێنماییەکانمان لەناو هەموو خەڵکدا بڵاوکراوەنەتەوە.

• زۆر بایەخ بە خۆپێشاندان بدەن.

• دیارییەکان دەگەنە کەسان و شێخەکان (الافراد و الشیوخ).

• یادداشت دەدرێ بە هەموو ئەوانەی خزمەتی مەسەلەکەمان دەکەن.

• دەبێ ئەوە دابین بکەن کە لەکاتی ئیشکردنی لیژنەکە لە مووسڵ بەلایەنی کەمەوە هەر دە رۆژ جاریێ نوێنەرێ رەوانەی (الجزیرە) بکەن.

مێژوو ١٧ی کانوونی دووەم ١٣٤١

ق٢٢١

لە یەکێ لە نامە نهێنییەکاندا بڕگەیێکمان بینی کە حیزبەکانی خۆیان رادەسپێرن سەرەك فەرمانگە ئیدارییەکان و فەرمانبەرە ئینگلیزەکان بکوژن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە لە حوکمی عیراقی ئینگلیزی رازی نین هەروەها لەو رێنمایی و بڕیارانەش کە پێچەوانەی رێوشوێنی راپرسی ئازاد و پاکن بێ دەستێوەردان.

## پارتی سەربەخۆیی لە مووسڵ
## حزب الاستقلال في الموصل

سەرۆك (اصف قاسم اغا)یە. ئەندامەکانیش (الدکتور جمیل دلالی) و پارێزەر (محمد صدقی) و (صلاح الدین الخطیب) و (ابراهیم عطار باشی) و (عبدالله رفعت العمری) و (شریف قاسم الصابونجی) و (سعید الحاج ثابت).

— ٤ —

## ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان و مەسەلەی مووسڵ

لەبەر ئەوەی لەگەڵ حکوومەتی تورکیدا و لەسەر سنووری عیراق و تورکیا و لەسەر ئەوەی مووسڵ هی کامیانە ناکۆکی دروست بوو، هەروەها لەبەر ئەوەش کە هەردوو حکوومەت نەیانتوانی چارەسەری کێشەکە بکەن کۆمەڵی گەلان لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٤دا بڕیاریدا لیژنەیێکی نێودەوڵەتی پێکبهێنێ لە (سەرۆك إف ڤیرسن) (سفیر اسوچ فی بکرش) و ئەندامیەتی (کونت تلکی-الثعلب-)ی هەنگاری سەرەك وەزیرانی پێشووی مەجەرستان و (الکولونیل باولس)ی بەلجیکی و چوار سکرتێر، یەکەمیان (کونت بورتالیس)ی سویسری و دووەمیان (السنیور برودولو)ی ئیتالی و سێیەمیان (المسیوکادیر)ی فەڕەنسی و چوارەمیشیان (المسیو دید)ی سویسری. ئەم لیژنە نێودەوڵەتییە لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥دا گەیشتە بەغدا کە ڕێککەوتی (٢٠ی جمادی دووەم ١٣٤٣) بوو.

لەلایەن عیراقییەکانەوە بە گەل و حکوومەتەوە بە باشی چاودێری و پێشوازی کران، لە دواییشدا (کرامرز) کە ڕۆژهەڵاتناسێکی هۆڵەندییە وەك وەرگێڕ بەگەڵ لیژنەکە کەوت. لەگەڵ ئەم لیژنەیەدا شارەزای تورکی (جواد پاشا)ی پشکنەری گشتی سوپای تورکیا لەلای (الجزیزە) و (ناظم النفطجی)ی کەرکووکی و (فتاح بگ)ی خەڵکی سلێمانی و لە خزمانی شێخ مەحموودی بەناوبانگ و (الرئیس الأول کامل بك) لەلایەن مووسڵەوە و یاوەری پاشا بەدری بەگ، ئەمانەش لەگەڵ لیژنەکە هاتبوون. بۆ پۆستی شارەزای بەریتانی (مستر جاردین) دانرا چونکە ئاگای لە وتووێژەکانی پێشوو بوو کە لە ئاستانە لەگەڵ (السیر پیرسی کوکس) کران. هەروەها (صبیح نشأت) وەك شارەزا و نوێنەری حکوومەتی عیراق دانرا، لەبەر ئەوەی فەڕەنسییەکی باشی دەزانی. لەگەڵ ئەم نێردەیەشدا —البعثة— وەك ئەفسەری پەیوەندی (المیجر إدموندس)



یاریدەدەری ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆش دانرا. دوای ئەوەی نێردەکە کەمێ لە بەغدا حەسانەوە لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ بەرەو مووسڵ کەوتنەڕێ.

کە زانیمان نێردەکە لە بەغداوە کەوتنەڕێ، ڕۆیشتم بۆ وێستگەی شەرقات لەگەڵ پشکنەری ئیداری (المستر لوید) و (اصف قاسم اغا) لە بری پارتی سەربەخۆیی لە مووسڵ و ئەندامی شارەوانی (جمیل الفخری) لە بری شارەوانی و (قاسم الصابونچی) لە ئەشراف و بازرگانەکان. لەکاتی دیاریکراودا شەمەندەفەرەکە گەیشتە وێستگە و نێردەکە دابەزین ئێمەش وەك ئەوەی پێویستە پێشوازیمان لێکردن. کاتێ بەتایبەت سڵاوم لە شارەزای تورك (جواد پاشا) کرد لێی پرسیم (تۆفلانی) گوتم بەڵێ و هەستم کرد کە ئەو سەبارەت بەمن پرسیاری کردووە و زانیاری وەرگرتووە. هەموو سواری ترومبێلەکانمان بووین، ترومبێلەکەی ئێمە لەگەڵ پشکنەری ئیداری لە پێشی کاروانەکەوە ڕۆیشتین بەو ڕێگایەدا کە دیاری کرابوو لیژنەکەی پێدا بڕوا. لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ گەیشتینە مووسڵ کە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە بوو. میوانەکان چوونە میوانخانە (دار الضیافة) کە بۆیان تەرخانکرابوو و ئەو میوانخانەیە هەمان ماڵ بوو کە پێشتر بۆ مەلیك تەرخان کرابوو. ئیتر هەریەکەو دەستیان کرد بە ڕێکخستنی کەل و پەلەکانیان. پاشان من چووم بۆ فەرمانگە بۆ ئەوەی خەریکی ئیش و کارە ڕەسمییەکانی خۆم بم کە ئیشەکانم تەواوکرد بە پێ بەرەو میوانخانە کەوتمە ڕێ، ڕێککەوتیش وابوو کە نوسەری ڕۆژنامەی —الموصل— (یونان أفندی —عبوالیونان—)م[٢] لەگەڵ هات و جگە لەو کەسی دیکەم لەگەڵ نەبوو. کە گەیشتمە سووچی —الثکنە— سەربازییەکە کۆمەڵێ خەڵکم بینی کە نزیکەی پەنجا کەس دەبوون و جواد پاشا بە جل و بەرگە ڕەسمییەکەیەوە لەگەڵیاندابوو، هەروەها ئەندامی لیژنە (الکونت تیلیکی)یشی لەگەڵدا بوو، خەڵکەکە بە تورکی هاواریان دەکرد (بژی تورکیا، بژی سەرکردەی گەورەمان). منیش ئەمەم بەلاوە سەیر بوو، بۆیە بە پەلە ڕۆیشتم تا گەیشتمە کۆشکەکە و لەوێ لە هۆڵەکەدا بەڕێوەبەری پۆلیس (تحسین علی) و شارەزای عیراقی (إدموندس) و (صبیح نشأت)م بینی. ئەو بزووتنەوە لە ناکاوەی شارەزای تورك و (تیلیکی)ی ئەندامم پێیان ڕاگەیاند. ئەوانیش سەیر بوو بەلایانەوە چونکە بایی ئەوەندەی ئاگاداربن لە دەرگای کۆشکەکە نەچووبوونە دەرەوە. بەڕێوەبەری پۆلیس و یەکێ لە شارەزاکان لەگەڵ چەند

(٢) لە خزمەکانی ئێمە بوو. لە ساڵی ١٩٣٩ لە کۆلیجی یاسای عیراقی وەك مامۆستای زمانی فەڕەنسی دامەزرا، ئەوسا من یەکەم ساڵم بوو لەو پەیمانگایە-المعهد-

پۆلیسێ چوون بۆ سۆراخی ئەو بزووتنەوەیە بۆ ئەوەی هیچ شتێ روونەدا ئاسایش تێك بدا یان دەستدرێژی بکرێتە سەر ئەندامانی لیژنەکە کە بێ ئاگاداریی هێزەکانی ئاسایش چووبوونە دەرەوە[٣]. پاشا و هاوەڵەکەی دەستیان بە گەڕان کرد بە جادەی (السرای) و (باب الطوب) و بازارەکەدا[٤] تا گەیشتنە سەرەتای پردە تازەکە، پاشان بەرێی نەینەوادا گەڕانەوە، ئەوجا فەرمانگەی پۆلیس و فەرمانگەی زانیاری –المعارف– و سەرا و بۆ کۆشك کە دەمەو خۆرئاوا بەجێیان هێشتبوو.

لە رۆژی ٢٨ی کانوونی دووەم لەبەردەم کۆشکدا خەڵکێکی زۆر و هەندێ قوتابیانی قوتابخانەش کۆبوونەوە و بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد بە ژیانی عیراق و عەرەبایەتی مووسڵ. لیژنەکە لە کۆشك هاتنەدەر و خۆپێشاندەران دوایان کەوتن و هاوار و هوتافیان بۆ عیراق دەکێشا، بۆیە و لەبەر قەرەباڵغی، لیژنەکە نەیانتوانی برۆن و گەڕانەوە بۆ کۆشکەکە دوای گەڕانەوەی (الکونت تیلیکی) بۆ کۆشك بینیم لەگەڵ بەڕێز (صبیح نشأت) قسە دەکا و نارەزایی دەردەبڕێ لەوەی پۆلیس خەڵکی سەغڵەت کرد، منیش پێم گوت پۆلیس لەوە دەترسێ شتێ رووبدا کە ئەنجامی باش نەبێ، چونکە ئێوە بێ ئاگاداریی پۆلیس چوونە دەرەوە لەوانە بوو شتی خراپ رووبدا. پاشان شارەزای بەریتانی (جاردین) ئەوەی لە نێوان من و (الکونت تیلیکی)ی ئەندامدا روویدا گەیاندە لیژنەکە.

لە ١٩٢٥/١/٢٩ لە دەوروبەری کۆشکەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و خەڵك کۆبوونەوە و دەستیان بە هوتاف کێشان کرد بە ناوی عیراق و عەرەب. لەو کاتەدا هەندێ لە

(٣) إدموندز لە کتێبەکەیدا (کورد و تورك و عەرەب) کە لە لەندەن ساڵی ١٩٥٠ چاپکرا رەخنە لە خۆپێشاندانەکانی پارتی نیشتمانی و پارتی سەربەخۆیی و قوتابیانی قوتابخانەکان دەگرێ، بەڵام ئەو هەڵە بوو لەوەدا چونکە ئەوەی لە مووسڵ دەستی بە خۆپێشاندان کرد نوێنەری تورك جواد پاشا و ئەندامی نێردەکە (الکونت تیلیکی) بوو لەو رۆژ و سەعاتەی گەیشتنە مووسڵ. پاشان ئەو کۆبوونەوە و خۆپێشاندانانەی لە گەڕەکی –باب البیض– لە ماڵی ئاغاکاندا کردیان، ئیتر چۆن دەتوانم رێ لە ئەندامانی حیزبەکان و قوتابیانی قوتابخانەکان بگرم کە بیانەوێ هەستی خۆیان دەربڕن لە مەسەلەی مووسڵی عەرەبیدا لەگەڵ ئەوەشدا بە توندی داوام لە پۆلیس دەکرد رێی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان نەدەن چونکە تەگەرە دەخاتە رێی ئەرکەکانی لیژنەکەی کۆمەڵی گەلان یان دوایان دەخا لە رۆیشتن بەناو شاردا یان لە (الملحقات)دا. (ئەمە تێ بینی خاوەن یاد داشتە)

(٤) ناوی گەڕەکە بە ناوبانگەکانە لە شاری مووسڵ.



ئەندامانی لیژنە چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی بە ناو شاردا پیاسە بکەن، بەڵام لەبەر قەرەباڵغی نەیانتوانی. دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ لیژنەکە و پشکنەری ئیداریم بینی و قسەمان لەگەڵیاندا کرد دەربارەی چوونە دەرەوەی ئەندامانی لیژنە بێ ئاگاداریی ئێمە و پۆلیس، ئەمەش لەوانەیە ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە بەتایبەتی چوونە دەرەوەی شارەزای تورکی بە جل و بەرگی رەسمییەوە لەگەڵ هاورێ شارەزاکانیدا بە شێوەیەکی نهێنی، ئێمە ئەگەر وابێ ناتوانین ئاشتی و ئاسایش دابین بکەین ئەگەر لەگەڵ پاسەواندا نەچنە دەرەوە، چونکە شار وروژاوە و خوێنگەرمی نیشتمانی زۆر توندە. دوای وتووێژێکی زۆر لەگەڵ لیژنەکەدا، ئەوان قسەکانی ئێمەیان قەبووڵ نەکرد، بەڵکو سەرۆکەکەیان نامەیێکی زۆر توندی ئاراستەکردین کە تیایدا دەڵێ:

١- شارەزای تورك و هاوەڵانی دەبێ ئازادییەکی تەواویان هەبێ بۆ گەڕان و سووڕانەوە لە هەر کاتێ بیانەوێ و بۆ هەر کوێیێك بیانەوێ.

٢- دەبێ ئەمەش بێ پاسەوانی ئاشکرا بەڕێوەبچێ و حکوومەتیش لەسەریەتی ئەوە بکا بێ ئەوەی خەڵکی هەستی پێ بکەن.

٣- هەموو کۆبوونەوە و پڕۆپاگەندەییێك، بەتایبەتی ئەوەی بەرەو رووی شارەزا تورکەکان دەکرێ دەبێ قەدەغە بکرێ.

٤- داواشیان لە جواد پاشا کرد بە جلی رەسمییەوە نەسووڕێتەوە، تەنها لە ئاهەنگە رەسمییەکاندا ئەو جلە لەبەر بکا.

لە کۆتاییشدا نووسیبووی کە لیژنەکە ناتوانێ لە راپرسییەکەدا بەردەوام بێ ئەگەر ئیدارەی ناوخۆیی ئەم مەرجانە جێبەجێ نەکا.

ئەم مەرجانەم رەوانەی وەزارەت کرد و داوای وەڵامی پەلەم لێکردن. لە رۆژی ١٩٢٥/١/٣٠ هەندێ لە ئەندامان و شارەزای تورکی و نازم نەفتچی ویستیان بە شاردا بگەڕێن بەڵام نەیانتوانی لەبەر قەرەباڵغی زۆر وروژانی گەل کە لە رۆژی پێشوو زیاتر بوو، بۆیە ناچار گەڕانەوە کۆشك. داوامان لە لیژنەکە کرد پێشوازی لە هەندێ دەستەی مەدەنی و ئەشراف بکەن و رۆژی ١٩٢٥/١/٣١م دیاری کرد بۆ ئەو پێشوازییە. بۆ هەر دەستەیێکیش شێوەیەکی تایبەتیمان رێکخست و وەرگێڕێکی تایبەتمان دانا و کردمانن بە شەش بەشەوە: زانایان و سەرکردە رۆحانییەکان، فەرمانبەرانی شارەوانی و ئیدارە، پیاوەکانی هەردوو پارتی سەربەخۆیی و نیشتمانی و ئەشراف و بازرگان و پارێزەر و نوژداران–الاطباء–.

— ٥ —

## بەشێ لە کارەکانی کۆمەڵی گەلان

لە ڕۆژی یەکەمی مانگی شوبات هەموو ئەندامانی لیژنە و سکرتاریەت جگە لە شارەزا تورکەکە و هاوڕێکانی، هەر هەموو چوونە دەرەوە و بەناو شاردا بێ کێشە گەڕان و کەسیش ئیزعاجی نەکردن، بەڵام خۆپیێشاندانە نیشتمانییەکان پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ڕوویدا و زۆر بە خوێنگەرمییەوە ئاڵای عەرەبییان بەرزکردەوە و بەسەر سنگیانەوە نابوو. لیژنەکە ئەو ڕۆژە سەردانی (بطريرك الكلدان) و (القاصد الرسولی) و (الاباء الدومنيكان) و هەندێ پارێزەر و نوژداریان کرد و ئەو پەیوەندییە سێ سەعاتی خایاند و ئەنجامی زۆرباش بوو. بۆ ڕۆژی دووەمی مانگی شوبات لیژنەکە داوای دیتنی بیست کەسی کرد لەوانە هەر چوار کوڕەکەی (فیضی النقیب) و ڕەزا ئەفەندی خانەنشینکراو و دەربارەی بارودۆخ و بازرگانی و شتی دیکە پرسیاریان لێکردن. بۆ ڕۆژی سێیەم لیژنەکە سەردانی فەرمانگەی (متصرفية)تی کرد و پرسیاریان لێکردین دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی (الملح) و بازرگانی وڵات و هاتوچۆی کەلەك لە ڕووباری دیجلەدا و دەربارەی حاڵ و باری هۆزەکانی (شمر) و گەڕانیان لە لیواکە و لە عیراقدا. ئێمەش وەڵامی پێویست و ڕاستمان دانەوە. پێم گوتن ئێمە لەو کەسانەی پرسیارتان لێیان کرد بیستوومانە کە لێتان پرسیوون ئایا تورکیان دەوێ یان ئینگلیز؟ کەچی بابەتە وانییە، بەڵکو دەبێ پرسیارەکەتان دەربارەی حکوومەتی عیراق بێ نەك حکوومەتی ئینگلیز، چونکە بەریتانییەکان هاوپەیمانی ئێمەن و هیچی دی. ئەوانیش وەڵامیان دامەوە کە پرسیاری لەو جۆرەیان نەکردووە، لەوانەیە ئەو هەڵەیە لە وەرگێڕەکەوە بووبێ. منیش داوام لێکردن کە ئەم جۆرە پرسیارانە دووبارە نەبنەوە و مافی عەرەب بپارێزن لە وڵاتەکەدا، پاشان تکام لێکردن کە لای ئەو کەسانەی پرسیاریان لێدەکەن وای دەرنەخەن کە نێردەکە لە ئیدارەی نێوخۆیی ناڕەحەتە، تکای ئەوەشم لێکردن کە لە ڕاپۆرتەکانیاندا بە باشی باسی ئەوە بکەن چونکە میللەت نیگەران دەکا.

داوای لێبووردنیان کرد کە شتی وا لەوانەوە ڕووی نەداوە، پاشان (متصرف)یەتیان بەجێهێشت و چوون بۆ شارەوانی و هەندێ دوکانی بازرگانی لە بازاڕ و مزگەوتی



گەورەدا وێنەیان گرتن، دوایی سەردانی ماڵی (فيضي النقيب) و (انطوان زبونی) و (النقيب السيد **عبدالغني**) و فەرمانگەی گومرگیان کرد و گەڕانەوە. دوای نیوەڕۆ بە کۆڵانەکانی مووسڵدا گەڕان و چوونە هەندێ ماڵ و کارتی سەردانیان دایە هەندێ کەس و داوایان لێکردن سەردانیان بکەن.

بۆ ڕۆژی پێنجەم لیژنە نامەی نارد بۆ هەندێ لە پیاوماقوڵانی شار و داوای لێکردن بێنە لایان و ئەوانەش بریتی بوون لەمانە (سعدالله توحله) و (أمين المفتی) و (الحاج حسين الحديد) و (عبداللطيف عمادی) و (رؤوف شماس اللوز-اللوس-) و (مصطفی جلبی صابونچی) و (حسن کشموله) و (احمد الصافی). دوای نیوەڕۆ خۆپیێشاندانێکی گەورە ڕوویدا.

لە ڕۆژی شەشەمدا (الكونت بورتاليس) سەردانی فەرمانگەی فڕینی —دائرة الطيران— کرد. (کونت تیلیکی) کۆشکی بەجێهێشت و سەردانی ماڵی (نجيب الجادر) و (مصطفی الصابونچی) و ماڵی (محمد النجفی)ی کرد و گەڕایەوە کۆشك. پاشان هەندێ کەسیان لە کۆشکدا بینی، لەوانە بەڕێزان (داود الدباغ) و (محمد داود القطان) و (محمد احمد القطان) و (ناظم العمری) و (ضياء ال عبدالرحمن) و (حبيب العبيدی) و (احمد الفخری) و (ارشد العمری) و (علی الامام) و (اصف قاسم اغا) و (فتح الله سرسم) و شازدە کەسی دیکەش.
لە ڕۆژی حەوتەمدا سەرۆکی لیژنە و (الكونت تيليكی) سەردانی (محمد النجفی) و (سرما خانم)ی پوری مارشەمعون و هەمان ڕۆژ سەردانی (مصطفی علی) و (احمد الصافی كلاك) و (داود الدباغ) و (الحاج توفيق ال احمد) و (صالح السلطان) و (احمد الخضر) و (الحاج عزيز جندرمە) و (يحيی عبدالرزاق) و (محمود العلی) و (حسون العلی) و (علی عبدالرحمن). بۆ ئێوارەش تیلیکی سەردانی **(الرسالة الامريكية)**ی کرد.

بۆ ڕۆژی هەشتەم (فتاح بك) و (بدری بك) کە هاوەڵی جواد پاشا بوون بە سواری ترومبێلێکی داخراو (سيارە مقفلە) کۆشکیان بەجێهێشت و چوونە سەردانی شوێنی (حسو اخوان) و لەوێشەوە بۆ ماڵی (محمد النجفی) و کە لەوێ هاتنە دەرەوە چەند کەسێکی نیشتمان پەروەر کە بەرامبەر ماڵەکە وەستابوون سوکایەتییان پێکردن و خەڵکی دیکەش لە دەوریان کۆبوونەوە بۆیە ناچار گەڕانەوە کۆشك.

بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئاژاوە لەبەردەم ماڵی (محمد النجفی) و لە نێوان خۆی و بەڕێز (ابراهيم كمال)دا ڕوویدا و ژمارەییێکی زۆریش لەوێ ئامادەبوون و (کونت تیلیکی) و

(الكولونيل دى فرسن) وەستابوون و تەماشای بزاڤی پۆلیسەکان و کۆتایی کێشەکەیان دەکرد. پۆلیس خەڵکەکەیان بڵاوە پێکرد و (محمد النجفی)یشیان گرت و تەوقیفیان کرد. هۆی ئەو ئاژاوەیە بریتی بوو لە جوێن بە یەکدان لە ئەنجامی جیاوازیی بیروبۆچوونەوە. (ابراهیم کمال) بە سووکی شانی بریندارببوو، پاشان دوای ئەوەی هەندێ لە ئەشرافەکان کەوتنە بەینەوە هەردوو لایان بەردان[5]. لە رۆژی نۆیەمی مانگی شوباتدا شارەزای تورکی (فتاح بك) لە خۆپێشاندەران نارەحەت بوو و چووە گەرماوی (حمام الصالحیه) و دوای ئەوە نەیتوانی بێتە دەرەوە تا کۆمەڵێ پۆلیس هاتن و لە گەرماوەکە دەریان هێنا و گەیاندنانەوە کۆشك.

(٥) (ابراهیم کمال) یەکێك بوو لەو کەسانەی لە بەغداوە نێردرابوو بۆ وروژاندنی گیانی نیشتمان پەروەری لای خەڵکی شارەکە و خۆپێشاندان و رۆیشتن —مسیره— رێکخستن دژی نەیاران. لەوانەی هاتبوون، رۆژنامەنووسی تەنزئامێز —فکاهی— (نوری ثابت)ی خاوەن رۆژنامەی (حبزبوز) کە دوایی زۆر ناوبانگی دەرکرد. زەینم بۆ ئەو دەچێ کە (عبدالعزیز القصاب)ی (متصرف) خۆی بانگی کردبێ یان لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە هاتبێتە مووسڵ چونکە زاوای بوو. ئەویش مۆسیقای بۆ شیعرێکی شاعیری لاوی تازەپێگەیشتوو (اسماعیل فرج) کە بەو بۆنەیەوە داینابوو، دانا (من بۆ خۆم بینیم کە مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە دواناوەندی مووسڵی ناوەندی لە ١٩٣٨-١٩٣٩ و جاروباریش هەندێ پارچە شیعرم پیشان دەدا بۆ ئەوەی راستیان بکاتەوە بۆم).

سەرەتای شیعرەکە دەیگووت:

ئەی مووسڵ تۆ ماڵی عزو کەرامەتی

تۆ بەهەشتی عیراقی و ژیان لەتۆدا خۆشە

کە لە دواییدا بوو بە یەکێ لە سروودە نیشتمانییەکان و ئێمە لە قۆناغی سەرتاییدا دەمانگوتەوە.



- ٦ -

**هاتنی نوێنەری باڵا —المندوب السامی— لە بەغداوە بۆ مووسڵ**

لە ٨ی شوباتی ١٩٢٥ زانیمان کە نوێنەری باڵا (السیر پرسی کوکس)[6] بە فڕۆکە کەوتووەتە رێ بەرەو مووسڵ. لەبەر ئەوەی ئەو رۆژە مووسڵ زۆر ساردبوو و دابەزینی فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانە زۆر زەحمەت بوو داوامان لە بەغدا کرد کە فڕۆکەکە بگەڕێتەوە بەغدا، ئەوانیش گوتیان فڕۆکەکە لە تکریت تێپەڕیوە و ناتوانین بیگەڕێنینەوە. ئیتر ئێمەش لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی گەیشتنی فڕۆکەکەمان دەکرد، بەڵام کە گەیشت نەیتوانی بنیشێتەوە لەبەر چڕی هەور و زۆری بەفر. پاشان فڕۆکەکە لەبەر رۆشنایی قونبەلە زەردەکاندا —القنابل الصفراء— کە لە فڕۆکەخانەکەوە تەقێنران، نیشتەوە، بەڵام نیشتنەوەیێکی ناچاری و فڕۆکەکە لە بەفردا کە ئەستوورییەکەی چوار پێ دەبوو چەقی و کەوتە ئەملا و ئەولاکردن، ئیتر سەربازەکان بە پەلە رایان کرد و هەندێکیان بەسەریەکدا سەرکەوتن تا گەیشتنە نوێنەر و ئەویش خۆی بەواندا هەڵواسی و دابەزی بە سەلامەتی هەرچەندە خوێن لە دەم و چاو و دەستییەوە دەهات، پاشان بردمانە ماڵێك لە نزیك فڕۆکەخانە و هەواڵەکانی لیژنە نێودەوڵەتییەکەمان پێی راگەیاند بە شێوەیەکی درێژ (تفصیلی). دوایی بەجێمان هێشت و ئەویش چووە شوێنی نیشتەنی ناوەندیی لیژنەکە تا سەعات یازدەی شەو نەگەڕایەوە لامان، ئاگاداری کردین کە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە قسەی کردووە و بڕیاریان داوە هەندێکیان بچن بۆ هەولێر و کەرکووك و سلێمانی و پاشان دێنەوە مووسڵ بۆ بەردەوام بوون لە ئەرکەکەیاندا و هەندێ لە ئەندامەکانیش لە مووسڵ دەمێننەوە بۆ بەدواداچوونی راپرسی و لێکۆڵینەوەکە.

(٦) لەوەدەچێ خاوەن یادداشتەکە لێی تێکچووبێ. چونکە ئەو نوێنەری بالایەی سەردانی مووسڵی کرد (السیر هنری دوبس) بوو کە هاتبووە جێی (پرسی کوکس) چونکە (کوکس) لە نیسانی ١٩٢٣ کۆتایی بە خزمەتی هێنرا و نەمابوو.

## سەرۆکی نێردەکە —البعثة— نێردەکە دابەش دەکا

لە نێو ئەندامانی لیژنەکەدا مەسەلەی راپرسی گەل ئاڵوگۆڕ دەکرا، بەڵام بڕیاریان لەسەرنەدا لەبەر جیاوازیی لە بیروبۆچونیاندا. ئەندام (تیلیکی) پێشنیاری کرد (حامیە)کان لە ناوچەکان هەڵگیرێن بۆ ئەوەی نێردەکە بتوانێ پرسیار و گەڕان و راوێژی خۆی بکا ئەم پێشنیارە (عملی) نەبوو چونکە ناکرێ (حامیە) لە ناوچەکاندا نەبێ. لە کۆتاییدا سەرۆکی لیژنەکە لەپڕ رایگەیاند کە لە ٨ی شوباتەوە نێردەکە دابەش دەبێ بەسەر سێ لیژنەدا و هەریەکەو دەچنە ناوچەیەك کە پێش وەخت دیاری ناکرێ و هەموو ئەندامان بەمە رازی بوون.

پاشان لیژنەکە پرسیاری لە بیست و پێنج کەس کرد لە خەڵکی دەوروبەری (الشرقاط) و (الشورە) و (حمام العلیل) و (الحمیدات) و زۆربەری زۆری ئیفادەکان لە بەرژەوەندی عیراقدا بوون، جگە لە هەشت کەس لە هۆزی —الجبور— کە دژی عیراق بوون.

لیژنەکە چاوی بە سەرۆکی ئێزدییەکان کەوت، لە گوندی (باعزرە) و ئەو شەوەی لە (دیر السیدە) لە (القوش) بردە سەر و لەوێشەوە چوونە زاخۆ.

لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیادا لە ٢ی مارسی ١٩٢٥دا شۆڕش بەرپا ببوو. هێزەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر هەندێ لە گوندەکانی ئاشوورییەکان لە باکووری زاخۆ و ئامێدی، بەڵام فڕۆکەکان هێرشیان کردە سەریان و پاشە و پاش گەڕاندیاننەوە و بڕیاری (ادارە عرفیە) لە هەر دوو قەزای زاخۆ و ئامێدی بۆ ماوەیێکی کورت و جارەکی —مؤقت— درا.





## بەشەکانی دیکەی کارەکانی نێردەی کۆمەڵی گەلان

ئەندامانی نێردەکە جیابوونەوە بۆ ئەوەی دوایی لە مانگی مارتدا لە مووسڵ یەکبگرنەوە. (مسیو إیف دیفرسن) لەگەڵ جواد پاشا و (المستر جاردین) لە لیوادا مانەوە. (کونت تیلیکی یش چووە ناوچەی هەولێر و (الکولونیل پولس) چووە ناوچەی کەرکووك و سلێمانی، پاشان لە ٨ی ئازاردا نێردەکە هاتنە مووسڵ و دەستیان کرد بە بانگ کردنی بەشی دووەمی خەڵکی مووسڵ. لە ٣/١٠ چاویان بە (ادریس الفاروقی) و (مصطفی اغا) و حەڤدە کەسی دیکە لە هاوەڵانیان، کەوت و لە ٣/١١یش (ادریس کشمولە) و (یونس سیالە) و (عبدالباقی حمو القدو) و بیست و پێنج پیاوی دیکەیان دیت. لە ئەنجامی لێپێچینەوەکانیان دەرکەوت کە ٨٪ دژی عیراقە. پاشان لیژنەکە سەردانی (بعشیقة) و قەزای (شیخان) و ناحیەکانی (برطلة) و (کرملیس) و (قرقوش) و (تکلیف) و (تللسقف)ی کرد و هەموو دەنگەکان بۆ عیراق بوون.

بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ شارەزای تورکی جواد پاشا و ئەفسەری هاوەڵی (بدری بك) چوونە ماڵی (قاسم اغا ال داوود اغا) لە (باب البیض) و نیو سەعات لەلایان مانەوە. لەوێ نزیکەی سەد کەس کۆبوونەوە و خۆپیشاندانیان دژی عیراق کرد. بۆ بەیانی رۆژی دوایی ئەو کۆمەڵە کەسە دوو ئاڵای تورکیان کردە سەر مزگەوتی (النبی شیت) و مزگەوتی (شهر السوق)، هەموو کەسێکیش دەزانێ کە (ال کشمولە) و (ال النجفی) و (امین اغا) و (قاسم اغا) و ئەو دوای ئاغاکان لایەنگری حوکمی عەرەبی عیراقی و یەکێتی عیراق نەبوون. لە ١٢ی مارت نێردەکە گوێ لە ئیفادەی هەشتا و چوار کەس گرت کە هەشتایان لایەنی عیراق بوون. لە ١٣ی مارت لیژنەی نێودەوڵەتی داوای هەڵبژێردراوە لاوەکییەکانی —المنتخبین الثانویین- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندنیان کرد. ئەوانیش لەبەردەمیاندا ئامادەبوون و ژمارەیان سی و سێ کەس بوون، حەوتیان لێ دەرچێ کەسیان دەنگیان بۆ حوکمی تورکی نەدا.

لە ١٤ی مارت لیژنەکە داوای ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی کرد کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩٢٤دا ئەندام بوون تیایدا و تائێستاش لە ژیاندا ماون. ئیفادەی ئەوانیشیان وەرگرت لە ئەنجامدا سێ کەسیان دەنگیان بۆ حوکمی تورکی دا. لە هەمان کاتدا لیژنەکە چاویان بە بەڕێزان (سلیم النقشبندی) و (ابراهیم الرومی) و (سلیمان الجلیلی) و (صلاح الدین الخطیب) کەوت. لە رۆژی ١٥ی مارت (استعراض)ی سوپای عیراقی کرا بەبۆنەی هەڵکردنی

ئالاّ لە گۆڕەپانەکەی بەردەم فەرمانگەی حکوومەت و (الثكنة) و سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی گەلان ئامادەبوو لەگەڵ ژمارەییێکی زۆری خەڵکی. بەم بۆنەیەوە خۆپیێشاندانیێکی زۆر گەورەی ئاشتیانە ڕێکخرا. لە ڕۆژی ١٦ی مارت لیژنەکە چوونە قەزای شەنگار و یەکە یەکە لەگەڵ خەڵکەکەدا قسەیان کرد و هەموو دەنگەکان لایەنگری عیراق بوو جگە لە پێنج دەنگ لە سەرکردەکان کە گوتیان ((ئێمە لەگەڵ ئەو کەسەین کە حوکمی مووسڵ دەکا چونکە ئیشەکانمان لەگەڵ ئەواندایە)) لیژنەکە لە شەنگارەوە گەڕایەوە بۆ تەلەعفەر.

لەوێ خەڵکەکە کۆبوونەوە و هوتافیان بۆ تورکەکان کێشا و دەستی جواد پاشای شارەزای تورکیان ماچ کرد. ئاغەوات و گەورە پیاوان لە مزگەوتەکەی نزیك قەلاّ کۆبوونەوە لەژێر چاودێری نوێنەرانی کۆمەڵەی بەرگری بەرێزان (اصف قاسم اغا) و (جميل الفخري) و (عبدالله ال رئيس العلماء). لەو کاتەدا کە زانا (محمد سعيد) وتارەکەی خۆی لەبەردەم دەستەکەدا دەخوێندەوە لەپڕ بەرێز (مطلب اغا بن السيد وهيب اغا التلعفري) هەڵسا و هوتافی بەدەنگی بەرز بە ژیانی تورکیا کێشا. ئیتر کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و جارێکی دیکە لە فەرمانگەی شارەوانی کۆبوونەوەکرا و خەڵکی تەلەعفەر بۆ تورکیا دەنگیاندا و نێردەکەش گەڕایەوە مووسڵ.

لە **١٩٢٥/٣/١٨** لیژنەکە سەردانی قەزای زاخۆیان کرد و چاویان بە شێخەکان و گەورە پیاوان و سەرکردەکانی تایەفەی مەسیحی کە لەوێ نیشتەجێن و مەسیحییەکانی (کويان) و گوندەکانی دەوروبەری کەوت جواد پاشا لەگەڵ (يوسف كمال)ی سکرتێری بەشاردا سووڕانەوە و پارەیان دابەشکرد و دایان بە هەندێ کەس. ئەنجامی دەنگدان زۆربەی بەلای عیراقدا بوو. پاشان لیژنەکە گەڕایەوە قەزای دهۆك و سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ گەیشتنە ئەوێ و خەڵکەکە لەبەردەم کۆشکی میوانداریدا کۆبوونەوە و لیژنەکەش دەستی بە پرسیار لەو خەڵکە کرد و یەك لە دوای یەك بانگی دەکردن و پرسیاری لێدەکردن. هەندێ لە هۆزی دۆسکی و بریفکانی لایەنی حوکمی تورکیان گرت. پاشان لیژنەکە ئیفادەی شایەتەکانی دیکەی وەرگرت و کە لێ بوونەوە وەفدی ئامێدی و دەوروبەری هاتن، لیژنەکە لە دهۆکەوە داوای کردبوو کە بێن، پاشان پرسیاریان لێکردن و دەرکەوت هەشت کەس دژی عیراق بوون و ئیتر لیژنەکە گەڕایەوە مووسڵ. پاشان لیژنەکە چووە قەزای ئاکرێ و لەگەڵ خەڵکەکەدا کۆبووەوە و زۆربەیان جگە لە چوار کەس لەگەڵ عیراقدا بوون، ئەو چوار کەسەش (الشيخ عبدالله السورچی) و (مظهر)ی کوڕی و (شفيق)ی برای و خزمەتکارەکەی بوون. پاشان لیژنەکە چوونە ناحیەی (العشائر السبعه) گوندی (بەردەڕەش) و لە خەڵکەکەیان پرسی و ئەوانیش گوتیان حوکمی عیراق هەڵدەبژێرن.



پاشان نوێنەری بالاّ (السر پيرسی كوكس)[٧] گەڕایەوە بەغدا دوای ئەوەی تەنها سێ ڕۆژ لە مووسڵدا مایەوە.

لە ٢٠ی مارت لیژنەکە پرسیاری لە هەندێ زانا و ئیمامی مزگەوت لە گەڕەکەکانی مووسڵ کرد هەروەها لە خاوەن زەوی لە مووسڵ و سەردانی گوندەکانی دەوروبەری مووسڵیان کرد و سەرۆکی هۆزی (شمر)یان بینی.

لە **٢٢**ی مارتی **١٩٢٥**دا نێردەی کۆمەڵی گەلان لە ڕێی تەلەعفەر و شەنگار و (البديع)ەوە مووسڵیان بەجێهێشت، منیش لەگەڵ پشکنەری ئیداری (المستر لويد) تا زەوی (البديع) بەرێم کردن و لەوێ لەلای سەرەك هۆزی (شمر) (الشيخ عجيل الياور) چایان خواردەوە و خواحافیزیم لێکردن.

(٧) (السر هنری دوبس).

- ٩ -

## راسپاردەکانی لیژنە نێودەوڵەتییەکان لە دوا راپۆرتیدا

لیژنەی نێودەوڵەتی لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا سەرنجی ئەنجوومەنی کۆمەڵی بۆ سێ خاڵ راکێشا بوو کە پێشنیاری کردبوو پەیڕەوی بکرێ و ئاگاداری بن بۆ ئەوەی وڵاتەکە ئامادە بکرێ بۆ ئازادی و خەڵکەکەشی بەختیار بن و خاڵەکانیش ئەمانەبوون:

١- دابینکردنی ئاسایش لە ناوەوەی وڵات.

٢- پاراستنی کەمایەتییە نامووسوڵمانەکان.

٣- رێوشوێنی بازرگانی.

حکوومەتی عیراقیش یەکسەر دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان ئەو خاڵانەی لەبەرچاو گرت و لێبووردنی گشتی دەرکرد لە هەموو ئەو کارانەی لەکاتی راپرسییەکەدا کرابوون.

(إدموندس) لە کتێبەکەیدا باسی ئەو راپرسییەی کردبوو کە لیژنەی کۆمەڵی گەلان کردیان و گوتی لیواکانی باکووری رۆژهەڵات (هەولێر، کەرکووك، سلێمانی) کە زۆربەیان کوردن و زۆربەیان سەرەك فەرمانگەکانیش هەر کوردن، ئەم لیوایانە لایەنی عیراقیان گرت، لەبەر گەلێك هۆ و گرنگترینیان پەیوەندی ئابووری بوو، چونکە ئابووری ئەو ناوچانە زیاتر پەیوەستن بە لیواکانی عیراقەوە نەك ئەنەدۆڵ، ئەمەش راستی تێدایە، چونکە ژیانی دانیشتوان و سەرچاوەی رزق و ژیانیان بەو شارانەوە بەندە کە بازرگانییان لەگەڵدا دەکەن بەتایبەتی بەرهەمی کشتوکاڵی و گیانەوەر-الحیوانی-. ئەمەش هۆی سەرەکی و دیاربوو، رەنگە هۆی دیکەش هەبووبێ لاوەکی و نادیار، کە ویستی ئەو خەڵکە دیاری دەکا لەوەی بە ئومێد بن لەو حکوومەتە تازەیە خێری زیاتریان دەست بکەوێ و یارمەتییان بدا بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەیان و بەرزکردنەوەی رادەی ژیانیان لە رووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەوە، تاکو رزگاریان بێ لەو هەموو دواکەوتنەی لە سەردەمی حوکمی کۆندا دووچاری ببوون و لەوەش زیاتر هیچیان لەو حوکمە بەر نەکەوت. رەنگیشە لای هەندێ لە بیرمەندە نەتەوەییە خوێنگەرمە کوردەکاندا ئامانجی لەمەش زیاتر هەبووبێ. وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی نهێنی ٤ی شوباتی ١٩٢٥ و ژمارە (س٣٣١) داوای لێکردم کە بەردەوام پەیوەندیم هەبێ لەگەڵ (متصرف)ی لیواکانی کەرکووك و هەولێر و ئەو زانیارییانەی دەستم دەکەون بۆ ئەوانیش بنێرم و رێنمایشیان بکەم بۆ



چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ لیژنەکەی کۆمەڵی گەلان. زانیشم کە لیژنەکە بە شاری هەولێر و هۆزەکانی خۆشناودا گەڕاون و سەرەڕای سەرمای زۆری ئەوی سەردانی رەواندزیشیان کرد. هەروەها چوونە کەرکووك و سەردانی پردێیان کرد، خەڵکەکە لە سەرا کۆبووبوونەوە، ئەوانیش لە هەر یەکێك دەربارەی رەگەز و ئایین و کار و پیشە و رێ و بان و بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن و دەربارەی دوا بڕیاریان، پرسیاریان دەکرد. هەریەکەو بە دەنگی بەرز و بە ئازادی رای خۆی دەگوت و دەنگی دەدا یان بۆ عیراق یان بۆ تورکیا. ئەنجام ئەوەبوو کە دوو لە پێنج دەنگیان بۆ تورك دا هەر چەندە هەموو ئامادەبوان تورك بوون.

لیژنە سەردانی کفری و چیای حەمرین و قرەتەپە و هۆزەکانی زەنگەنە و داودە و دوزخورماتو و هۆزەکانی —البیات- و —العبید— یان کرد. پاشان لە ١٧ی شوباتدا چووە سلێمانی و (مستر چاپمان) لەوێ جێگری (متصرف) بوو. سێ کەس هاتنە لای لیژنەکە، ئەوانیش ئەحمەد بەگ و شێخ قادری برای شێخ مەحموودی حەفید و حەمە ئاغا عەبدولڕەحمان بوون و هەموویان داوای حوکمی عیراقیان کرد و هەروەها ئەو دوای خەڵکەکە بە هەموو ئازادییەك دەنگیان بۆ عیراقدا.

## گەیشتنی دوو وەزیر لە وەزیرەکانی بەریتانیا بۆ مووسڵ

لە ساڵی ١٩٢٤دا المستر (إمری) وەزیری (المستعمرات)ی بەریتانی لەگەڵ وەزیری هیزی ئاسمانی بەریتانی (وزیر الطیران) گەیشتنە مووسڵ دوای ئەوەی سێ ڕۆژ لە مووسڵدا مانەوە گەڕانەوە بەغدا و لەوێشەوە بۆ لەندەن.

هەروەها دوای ئەوەی نێردەی نێودەوڵەتی مووسڵی بەجێهێشت (الکولونیل لایدنور) لەگەڵ دوو ئەفسەردا کە لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلانەوە نێردرابوون بۆ دیتنی سنوور لەگەڵ کێشە (التیاریین) کە حکوومەتی تورکیا دەری کردبوون، گەیشتنە مووسڵ. دوای ئەوەی پازدە ڕۆژ لە مووسڵ مانەوە گەڕانەوە بەغدا.





## ئەو سنوورەی لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلانەوە بڕیاری لەسەر درا

هێڵی بروکسل، لە خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕووباری خابوور بە ڕووباری دیجلە لە باکووری فیشخابور، دەست پێدەکات و لەوێشەوە بەرەو (الهیزل) و سنووری باکووری هۆزەکانی (السندی) و (الگلی) تا چیای (بلاکیش)، تا دەگاتە چیای (أشوتا). لەوێوە بەرەو خوار دەبێتەوە بۆ باشووری (جل: چلی) کە لەوێدا بەسەر سنووری باکووردا دەڕوا و لە ناوچەکانی (نیروە و ریکان) و سنووری (مزوری بالا) و ڕووباری (حاجی بك) لای سنووری ئێران و هەر لەوێش هێڵی بروکسل کە عیراق و تورکیا لێك جیا دەکاتەوە کۆتایی دێت ئەو گوندانەی دەکەونە سەر سنوور لەبەری قەزای زاخۆوە لە گوندی فیشخابورەوە دەست پێدەکات بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی زاخۆ و ئەمەش ناوی ئەو گوندانەن کە دەکەونە ناو ناحیەی (بسلیڤانی) کە دەکەوێتە سەر ڕووباری خابوور (فیشخابور، دیرەبوون، قرەوولە، قوچان، هیت باد، باجوکە، ابراهیم الخلیل، دورناق کە دەکەوێتە سەر خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕووباری خابوور بە ڕووباری هیزل). ئەو گوندانەش کە دەکەونە ناو ناحیەی (السندی) و لەسەر ڕووباری (الهیزل)ن ئەمانەن (هشتانە، ربنکە کزوان، هوریس، بهنونە عتیق، سینومر، دشت تخت، صناط، دیر شیش) ئەو گوندانەی سەر بە ناحیە (الگلی)ن ئەمانەن ٠روس، سول، نزدور) بەمجۆرە کۆی گوندەکان دەکاتە نۆزدە گوند لە سلیڤانی و شازدە گوند لە سندی و سێ گوند لە گلی. ناحیەی شەنگاریش دوا گوندی کە هی عیراقە و دەکەوێتە ناو چیا، گوندی (بارە)یە و دوا گوندیش لای سنووری حکوومەتی سووریاوە (الخانونیە)یە. دوا مەخفەری حکوومەتی تورکیش لەسەر سنووری تەلەعفەر (مخفر المصطفاویة) یە.

-عبدالعزیز القصاب-

# بەشی سێیەم


## دەقی تەواوی

## راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی سەر بەکۆمەڵی گەلان

## دەربارەی وێنەکێشانی سنوور لە نێوان تورکیا و عێراق

**League of the Nation Question of the Frontier Between Yurkey and Iraq, Report Submitted To the Consil by the Commission Instituted by the Concil Resolution of September 30, 1924**

**((تعليق)) و راڤەکردنەکان ئێمە دامانناون و لە ئەسڵی راپۆرتەکەدا نییە**



ئەندامانی لیژنەی موسڵ

راوەستاوەکان (لەراستەوە): بیکو – ویر – پورتالیە – رودولو – شاریر – کرامرز – بەدری – فەتاح

دانیشتووەکان: (لە راستەوە): کامل سەبیح – جاردین – تیلیکی – ڤێرسین – پاولس – جواد ادمونتز – نازم



## بەشی یەکەم
## راپۆرتێك دەربارەی کاری لیژنەکە

ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان لە خولی سێیەمیدا و لەو دانیشتنەی کە تەرخان کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی سنووری عیراق کە لە جنێڤ رۆژی سێ شەممەی رێککەوتی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٤دا بەستراوە بڕیاریدا لیژنەیێکی تایبەت پێك بهێنێ لە سێ ئەندام ((ئەرکەکەیان بریتی دەبێ لە کۆکردنەوەی راستییەکان و زانیاریی پێویست بۆ ئەوەی ئەو ئەرکەی بەپێی ماددەی (٣)ی بڕگە (فقرە٢) لە رێککەوتننامەی لۆزان بەوان سپێردراوە جێبەجێ بکەن.

بۆیە ئەم لیژنەیە بەپێی ناوەڕۆکی ئەو بڕیارەی لەسەری رێککەوتوون ((هەرچی زانیاری و پێشنیارێ هەبێ کە رێگە خۆش بکا بۆ گەیشتن بە بڕیارێ دەخاتە بەردەم ئەنجوومەن، هەروەها بایەخێکی تەواویش دەدا بەو بەڵگە و بیروبۆچوونانەی هەردوولای خاوەن کێشەکە پێشکەشی دەکەن، جا سەبارەت بە شێوازی کارکردن بێت یان سەبارەت بەو بابەتانەوە بێت کە پەیوەندییان بە کێشەکەوە هەیە.

ئەویش (واتە لیژنەکە) هەموو رێخۆشکەرییەك و پەیوەندی کردنێك کە هەردوولای کێشەکە دەیانەوێ دەستەبەر دەکا، دەبێ مافی تەواویشی هەبێ بۆ ئەوەی دەست بکا بە لێکۆڵینەوەی ئەو مەسەلەیەی کێشەکەی لەسەرە. لەم حاڵەتەشدا دەتوانێ سوود لە خزمەتگوزاریی ئەو راوێژکارانە وەربگرێ کە هەردوو حکوومەتی پەیوەندار بە کێشەکەوە دایانمەزراندون. لیژنە بۆی هەیە رێ و شوێنی تایبەتی خۆی بۆ ئیشکردنی هەڵبژێرێ، لەم مەسەلەیەشدا ئەنجوومەن سەرۆك و (مقرر) سەرپشك دەکا کە ئەندامانی ئەم لیژنەیە هەڵبژێرن لەگەڵ رەزامەندی گشتدا)).

سەرۆکی ئەنجوومەن هەریەك لە ((الکونت تیلیکی))[1] کە سەرەك وەزیرانی پێشووی حکوومەتی مەجەر بوو، و (م. اڤ ڤیرسن))[2] کە وەزیرێکی (مفوض)ی (فوق العادە)ی سویدی بوو، لەگەڵ (العقید پاولس)ی بەلجیکی[3]، دامەزراند بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە. هەمووشیان قبووڵیان کرد و لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤دا لە جنێڤ کۆبوونەوە، بە مەبەستی پێکهێنانی لیژنەکە. وا لێرەشدا کورتەیەك لە چالاکییەکانی لەو مێژووەوە دەخەینەڕوو لیژنەکە یەکسەر دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی سکرتاریەتی کۆمەڵی گەلان ئامادەی کردبوون سەبارەت بە هێڵی سنووری نێوان تورکیا و عیراق و بە پێی پێویست لێی ئاگاداربوو. دوای ئەوەی وردەکارییەکان و مەحزەرەکانی (محاضر) کۆنگرەی لۆزان و مەحزەرەکانی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵ و یادداشتی هەردوو حکوومەتی بەریتانی و تورکیی خوێندەوە، نەخشەیەکی گشتی بۆ ئیشەکانی خۆی دانا و بڕیاریدا بچێتە ئەو شوێنەی کێشەکەی لەسەرە تاکو دەست بە لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست بکا لەو شوێنەدا، ئەمەش کارێك بوو کە لیژنەکە بە پێویستی زانی بکرێ جگە لە هەڵسەنگاندن وردبوونەوە لە

---

(١) تیلیکی لە بنەماڵەیێکی رەسەنی هەنگارییە. لە وڵاتی خۆیدا یەکێك بوو لە سەرکردەی بزووتنەوەی دژ بە شۆڕشی شیوعیەکان بەسەرکردایەتی بیلاکون (١٩١٩) و لە تەمووزی (١٩٢٠)دا وەك سەرەك وەزیران هەڵبژێردرا و تا نیسانی ١٩٢١ لەو پۆستەدا مایەوە. بایەخدانی ئەو بە کێشەی موسڵ زیاتر رەواڵەتە جوگرافیەکە و پێکهاتەی نەتەوەیی دەگرتەوە، ئەمەش پێش ئەوەی بێتە عیراق وەك ئەندامێك لەو لێژنەیەدا هەر بایەخی پێدابوو. قسەیەك هەیە لەوانەیە دەمگۆ (إشاعە)بێ دەڵێ گوایا ئەو ئەندامێکی گەورەی کۆمەڵەیەك بوو کە ئامانجی پتەوکردنی دۆستایەتی بوو لەگەڵ تورکیا لەبەر ئەوەی گوایا پەیوەندییەکی نەژادی ((عرقی)) هەیە لە نێوان تورك و هەنگاردا. ئەمە جگە لەوەی خەڵکی وڵاتێك بوو کە لە نەمسا جیا ببووەوە، و نەمساش یەکێك بوو لەو سێ دەوڵەتە سەرەکییەی جەنگ دژی هاوپەیمانان. بۆیە لە بەغدا و لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە باش پێشوازی نەکرا. لە ساڵی ١٩٣٩دا دووبارە بووەوە بە سەرەك وەزیرانی وڵاتەکەی، بەڵام نەیتوانی ئەوە قبووڵ بکا کە سوپای نازی وڵاتەکەی داگیر بکا، هەروەها کە نەشیتوانی رێ لەوە بگرێ وڵاتەکەی بەشداری بکاله داگیرکردنی یوگوسلاڤیادا، لە باڵکۆنی کۆشکەکەی خۆی و لە ٢٣ی نیشانی ١٩٤١ گوللەیێکی بەخۆییەوە ناو خۆی کوشت.

(٢) (ڤیرسن) (وزیر مفوض أقدم) بوو لە ناو فەرمانبەرانی سلکی دیپلۆماسی سویدیدا، هاوڕێکانی وەك سەرۆکی لیژنەکە هەڵیانبژارد لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی بەدرێژایی ماوەی جەنگ بەبێ لایەن مایەوە —حیاد—. واباسدەکرا کە ئەو بە دوای چارەسەری ناوەڕۆکی مەسەلەکەدا نەدەگەڕا بەڵکو زیاتر هەوڵی دەدا دەروازەو چارەسەری ((توفیقی)) بدۆزێتەوە. بەڵام ئەم رایە بە تەواوی گۆڕا کاتێ کە گەیشتە ناوچەکە و ئەو شوێنەوارە قووڵەی بڕیاری لیژنەکە سەبارەت بەدوارۆژی دانیشتووانی ویلایەتەکە دروستی دەکا و دەیخولقێنێ بینی، یادداشتی هەیە کە بە زمانی سویدییە دەربارەی خزمەتی دپلۆماسی خۆی لە ئەڵمانیا و تورکیا پێش جەنگ.

(٣) هیچ شتێ دەربارەی (الکولونێل پاولس) نەزانراوە جگە لەوەی کە ئەفسەرێکی خانەنشینکراو بوو لە سوپای بەلجیکیدا و لە کۆنگۆی بەلجیکیدا ئیشی کردبوو، پاشان دەستی بە ئیشی بازرگانی کرد و شارەزایی پەیدا کرد لە هەردوو بواری بازرگانی و ئیدارەدا. ئەوەی زانرابوو ئەوە بوو کە پیاوێکی بەسۆز بوو بە پلەی یەکەمیش بایەخی بە کاروبارە ئابوورییەکان دەدا.



هەندێ مەسەلەی دیاریکراو و تایبەت و دەستەبەرکردنی زانیاریی بەڵگەدار لە هەردوو حکوومەتی خاوەن کێشەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بۆ ئەم مەبەستە.

سەرەتا بڕیاریدا راستەوخۆ پەیوەندی بکا بەو دوو حکوومەتەوە لە (لەندەن و ئەنقەرە). هێشتا لە (جنێڤ) بوون کە لیستێك پرسیاریان لێکردن، بۆ ئەوەی کاتێ کە دەگەنە (لەندەن و ئەنقەرە) یەکسەر ئەو زانیاریانەی داواکراون لەبەردەستیاندا بێ تاکو کاتەکەیان بە فیڕۆ نەچێ و یەکسەر دەست بکەن بە لێکۆڵینەوە لە شوێنی کێشەکە -موقعیاً-.

(م. اڤ ڤیرسن) پێش ئەوەی لیژنەکە جنێڤ بەجێبهێڵێ بە سەرۆکی لیژنە هەڵبژێردرا. کاتێ گەیشتنە لەندەن وەزیری دەرەوەو موستەعمەراتی (مستعمرات) بەریتانی لە پێشوازییاندا بوو. چەند دانیشتنێکیان کرد و چاویان بە چەند کەسێ کەوت و لەو دانیشتن و چاوپێکەوتنانەدا شارەزای ئەو دوو وەزارەتەش بەشدارییان کرد. لە کۆبوونەوەی ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ دا (مستر داڤیدسن) لە وەزارەتی موستەعمەراتەوە بە گەرمی پێشوازیی لە لیژنەکە کرد و دڵخۆشی دەربڕی سەبارەت بەوەی ئەنجوومەنی کۆمەڵ پێکهێنانی لیژنەیێکی پێ باش بوو، ئەمەش هەمان شێوازی کاری حکوومەتی بەریتانیەو هەموو کاتێکیش بە سوود بەخشی دەزانێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و لە راپرسی پێ باشترە.

لیژنەکە وەڵامی ئەو تێبینیانەی دایەوەو گووتی وای پێ باشە یەکسەر ئاماژە بەوە بکا کە ئەنجوومەن دەسەڵاتی ئەوانی دیاری نەکردووە و سنووری بۆ دانەناوە لە کارکردندا و هیچ جۆرە شێوازێکیشی بەسەردا نەسەپاندوون بۆیە ئازادیی تەواوی دەبێ کە راسپاردە بۆ ئەنجوومەن بەرزبکاتەوە سەبارەت بە قبووڵکردنی مەبدەئی راپرسی، هەروەها ئازادیشە لەوەی رابسپێرێ هەر رێگەیەکی دیکەی پێ باش بێ قبووڵ بکرێ.

(مستر داڤیدسن) سوپاسی لیژنەکەی کرد بۆ ئەو روونکردنەوانە و گووتیشی حکوومەتی بەریتانیا بڕیاری داوە یادداشتێ پێشکەش بکا بۆ روونکردنەوەی بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بەو کێشانەی لە راپرسیدا روو دەدەن.

لەم دانیشتنە و دانیشتنەکانی دوای ئەویش هەموو ئەو خاڵانەی لیژنەکە لە لیستی پرسیارەکانیدا لە حکوومەتی بەریتانیای کردبوو و بە گوێرەی ئەو دانانەی لیژنەکە رێکی خستبوو لێی کۆڵرایەوە. لە دواییدا لیژنە داوای لە حکوومەتی بەریتانی کرد راوێژکارێك دامەزرێنی بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەکەدا بێ و لە ئیش و کارەکانیدا یارمەتی بدا، ئەمەش جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە بوو کە لیژنە لە جنیڤ دابووی. لە دوارۆژەکانی ساڵدا لیژنە چووە

ئەستەنبوڵ و لەوێشەوە لە سێی کانوونی دووەمدا چووە ئەنقەرە. لە کاتی وتووێژدا لە نێوان لیژنە و نوێنەرانی کۆماری تورکیادا و وەك ئەوەی لە لەندەن روویدا، بە پێویست زانرا جۆری دەسەڵاتی لیژنەکە بە جۆرێ روون بکرێتەوە کە قابیلی گومان نەبێ، ئەو دەسەڵاتە ئازادیی دەداتێ هەرچیەکی بوێ لەو پێشنیارانەی بەریتانی و تورکی دەربارەی رێوشوێنی کارکردن هەڵبژێرێ و کاری پێ بکا. هەروەها سەبارەت پێشنیارەکانیان دەربارەی کام هێڵی سنوور ئەوان لە مەسەلە سەرەکییەکەدا بە باشی دەزانن، بە مەرجێ ئەم هێڵە بە هەر شوێنێکی نێوان ئەوپەڕی هێڵی سنوور کە هەردوو حکوومەت داوای دەکەن، تێپەڕێ. پێویستیش بوو سەرنجی ئەو بنەمایانەی لە نامەکەی حکوومەتی تورکیادا دیاری کرابوو لە وەڵامدانەوەی لیستی پرسیارەکان کە لە جنێڤ پێیشکەشیان کرابوو و تیایدا بەڵگەکانی خۆیان سەبارەت بە کێشەکە کورت کردبووەوە، دەبایە سەرنجی بدرێتێ لە نامەکەدا گوترابوو:

((حکوومەت قەناعەتی هەیە، کە گوزارەکردن لە ئیرادەی گەل دەبێ بەهۆی سەرەکی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دابنرێ. ئومێدەواریشە کە لیژنەکە ویستی زۆر دڵسۆزانەی حکوومەتی تورکیا و ئاواتی خەڵکەکەش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەسەر بنەمای رادەربڕینی ئازادی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ، لەبەرچاو بگرێ. ئەمە یەکەمجارە لە دروست بوونی کۆمەڵی گەلانەوە کە ئەنجوومەنی کۆمەڵ کێشەیێکی وا زۆر گەورەی نێوان دەوڵەتێکی رۆژئاوایی مەزن ((لێرەدا مەبەستی بەریتانیایە بەو سیفەتەی عیراق لەژێر-انتداب-ی بەریتانیادا بوو)) و یەکێ لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی نزیك، کە کاریگەریی زۆر دەبێ لەسەر دواچارەنووسی گەلێکی رۆژهەڵاتی. هەستی نیازباشی-حسن النیە- و باوەڕی هاوبەش لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا و ئیمانی گەلانی رۆژهەڵات بەم سەردەمە تازەیەی کۆمەڵی گەلان نوێنەرایەتی دەکا، بە تەواوی پشت بەو چارەسەرە دەبەستێ کە لیژنەکەتان دوای لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی کێشەکە دیاری دەکا. حکوومەتی کۆمار قەناعەتی هەیە کە لیژنەکەتان ئارەزووی دڵسۆزانەی هاوکاری کردن بۆ خولقاندنی بڕوای هاوبەش لە نێوان ئەم دوو بەشەی جیهاندا، لەبەرچاو دەگرێ و هەوڵی بۆ دەدا و ئاواتە خوازیشە لەوەی کاتێ کە لیژنەکەتان بڕیار لەسەر ئەو راسپاردەیە دەدا کە رێ بدرێ بە خەڵکی ویلایەتی موسڵ ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، پاش وتووێژێکی زۆر لیژنە توانی حکوومەتی تورکیا قەناعەت پێ بکا بۆچوونەکەی قبووڵ بکا، داواشی لە حکوومەتی تورکیا کرد راوێژکارێك دابمەزرێنێ تاکو یارمەتی لیژنە بدا لە ئیشوکار و لێکۆڵینەوەکانیدا پێش ئەوەی لیژنەکە ئەنقەرە بەجێ



بهێڵێ پێی راگەیەندرا کە ئەو راوێژکارە جەنەڕاڵ جواد پاشای[٤] پشکنەری گشتی سوپا لە دیاربەکر دەبێ و چەند شارەزاییێکیش لەگەڵی دەبن بۆ ئەوەی لەو ئەرکەیدا یارمەتی بدەن.

پاشان لیژنە چووە (قونیە) و شەرەفی چاوپێکەوتنێکی رەسمی لەگەڵ ((الغازی)) مستەفا کەمال پاشای سەرەك کۆمار پێدرا. دوایی لە رێی دیمەشق و بیابانی شامەوە چووە بەغدا و رۆژی هەینی رێکەوتی شانزەی کانوونی دووەمی **١٩٢٥** گەیشتە ئەوێ. لیژنەکە داواییێکی قبووڵ کرد بۆ مانەوە لە بەغدا بۆ چەند رۆژێ، ئەمەش شتێکی باش بوو و لیژنەکە لەو ماوەیەدا توانی ئەو زانیاریانەی تایبەتن بەو پەیوەندییە ئابووریانەی هەردوو ویلایەتی پێشووی بەغدا و موسڵی بە یەکەوە دەبەست، کۆ بکاتەوە. هەروەها لە شێوازی بەڕێوەبردن و بارودۆخی سیاسی دەوڵەتە نوێیەکەش بکۆڵێتەوە. ئەندامانی لیژنە میوانی نوێنەری باڵای بەریتانی (سرهنری دوبس)[٥] بوون، راوێژکاری تورکیش لە ماڵەکەی ئەودا بوو، بەڵام شارەزا تورکەکان لە شوێنێکی دیکە لە شارەکەدا دانران. نوێنەری باڵا ئێمەی بە (مستر جاردین)[٦] ناساند کە حکوومەتی بەریتانی وەك یاریدەدەرێکی لیژنەکە دایمەزراندبوو بە هاوڕێیەتی (صبیح بك)[٧]

---

(٤) جواد پاشا پاڵوێراو بوو بۆ فەرماندەیی هێزەکانی ناوچەی (الجزیرە) کاتێ کە کردەوە سەربازیەکان دژی ویلایەتی موسڵ دەستی پێکرد {بڕوانە بەشی یەکەم}، هەروەها یەکێکیش بوو لەو فەرماندە نیشتمانپەروەرە تورکانەی لیژنەی باڵا هاوپەیمانان لە ئەستەنبوڵ لە (١٩٢٠) گرتیان و بۆ (مالطە) دووریان خستەوە. لە ساڵی ١٩٢١ بەریاندا و چووە پاڵ مستەفا کەمال.

(٥) لە نیسانی **١٩٢٣**دا گەیشتە بەغدا و لە جێی (السر پرسی کوکس) کە یەکەم ونوێنەری باڵای بەریتانی بوو لە عیراقدا دانرا و لە **٢**ی ئازاری **١٩٢٩** عیراقی بەجێ هێشت و (السر گلبرت کلایتون) وەك سێیەم نوێنەری باڵا لە عیراقدا هاتە جێی.

(٦) (النقیب ر. ف. جاردین) کاتی خۆی یاریدەدەری پشکنەری ئیداری بوو لە موسڵ لە ساڵی (١٩١٩)ەوە. پێشتر لەگەڵ (سر پرسی کوکس) چووبووە کۆنگرەی ئەستەنبوڵ {بڕوانە پێشەکیەکە}. کۆکردنەوەو رێکخستنی هەموو ئەو زانیاری و بەڵگانەی پێ سپێردرابوو کە پەیوەندییان بە ویلایەتی موسڵەوە هەیە، هەروەها هاوکاریشی کردبوو لە نووسین و ئامادەکردنی هەموو ئەو یادداشتانەی پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە بۆ کۆمەڵی گەلان ((بڕوانە —إدموندز— لە بەشی دووەمدا)).

(٧) (صبیح نشأت) ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عوسمانی بوو. هەولێری و کورد بوو، لە دووەم وەزارەتی عیراقیدا کرا بە وەزیری (ئەشغال) پاشان بۆ دووەم جار و سێیەم جار هەمان وەزارەتی درابێ. لە یەکەم

وەزیری ئەشغالی گشتی پێشوو وەك نوێنەری حکوومەتی عیراق. بۆ رۆژی دوایی گەیشتنی لیژنەکە نوێنەری بالاَ ئەندامەکانی پێشکەش بە خاوەن شکۆ مەلیك فەیسەل کرد. ئەویش بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن و بۆچوونی خۆی و حکوومەتەکەی سەبارەت بە مەسەلەی سنووری ولاَتەکەی روون کردەوە. خاوەن شکۆ دەقی وتاری پێشوازییەکەی لەگەلّ یادداشتێکی نووسراودا دایە لیژنەکە. یادداشتەکە ((دوای ئەوەی دادپەروەری و یاسایی داواکارییەکەی عیراقی روون کردبووەوە)) ئاماژەی بە ژیاری —حضارە— نەتەوەی عەرەبی رەسەن و گەورەیی شاری خولەفای —الخلفاء— رابوردوو کە رۆژێ لە رۆژان مەلّبەندی شارێکی بەناوبانگ بووە. هەروەها کورتە باسێکی مێژوویی بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی، کردبوو. ئەوەشی روون کردبووەوە کە عەرەب بێ دوو دلّی کە هەلیان بۆ هەلّکەوت لەگەلّ دەسپێکردنی جەنگی مەزندا چوونە پالّ هاوپەیمانان و بۆ دەرکردنی داگیرکەران. هەروەها نوسیبووشی کە تورك لەکاتی ئیمزا کردنی شەڕ راگرتندا کشانەوە بەرەو باکووری سنووری عیراق و بەریتانیاش هەرسێ ویلایەتەکەی (بەغدا و بەسرەو موسلّ) داگیرکرد. دوای ئەم داگیرکردنە بە ماوەییێکی کەم حکومەتی بەریتانی بە پەرلەمانی خۆی راگەیاند کە نیازی وایە بەلّێنەکەی خۆی بباتە سەر کە بە گەلی عەرەبی دا بوو کە حکومەتێکی نیشتمانی لە عیراقدا دادەمەزرێنێ. ئەم حکوومەتە ئەوە چوار سالّە لە عیراقدا هەیە و ئەو پێشکەوتنەی هێناویەتەدی وای لە حکوومەتی بەریتانی کرد کە (إنتداب) بە رێکەوتننامەیەکی هاوپەیمانی بگۆڕێتەوە. ئایا هەر نوێنەری بەریتانی نەبوو کە لە ئەنجوومەنی کۆمەلّی گەلاندا گووتی عیراق بەم زووانە دەگاتە دۆخێك کە شایانی سەربەخۆیی تەواوبێ و داوای ئەندامیەتی بکا لە کۆمەلّی گەلاندا.

ئەوەشی دەربڕی کە بڕوای تەواوی هەیە بەوەی لیژنەکە بەزووترین کات دەرك بەو جیاوازییە دەکات کە لە نێوان راستی ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆدا هەیە، لەگەلّ ئەوەی کە لە سەردەمی حوکمی تورکیدا هەبوو. شانشینەکەی کە لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی ئایینی و مەدەنی بۆ هەموو هاوولاَتیانی بنیات نراوە، تەنها چاوی بڕیوەتە ئەوەی ئاشتییەکی هەمیشەیی بۆ بڕەخسێ تاکو بتوانێ هەموو توانایێکی خۆی بخاتەگەڕ بە مەبەستی کەلّك وەرگرتن لەو سامانە سروشتییەی کە هەیەتی، دوای ئەوەی ئەو سنوورەی بۆ دیاری دەکرێ کە

وەزارەتی جەعفەر عەسکەریدا کرا بە وەزیری بەرگری. جارێکیش بوو بە وەزیری دارایی و ئەندامیش بوو لە ئەنجوومەنی دامەزراندنی عیراقی و چەند جارێکیش نوێنەری هەولێر بووە.



سەقامگیریی بۆ دەستەبەر دەکا. لێرەدا ئاماژەی دا بە پرۆژەکانی ئاودێری دەشتەکانی دیجلە و فورات، ئەو پرۆژانە زیاتر لە سێ ملیۆن (إیکر)[٨] دەبوژێنێتەوەو توانای کەلّك وەرگرتن لێی بۆ کشتوکالّ دەرەخسێنێ و هێلّی سکەی شەمەندەفەر کە لە بەغداوە بەرەو موسلّ دەچێ لە رێی کفری و کەرکووکەوە، خەریکە تەواو دەبێ، لە کۆتاییدا حکوومەتەکەی وا خەریکە لەو وتووێژە ببێتەوە کە زامنی ئەوەی بۆ دەکا چالّە نەوتەکانی عیراق وەبەربهێنێ.

پاشان هاتە سەر دوارۆژی پەیوەندی عیراق لەگەلّ تورکیادا و گوتی: گەلەکەی خاوەن هەستی دۆستایەتییە لەگەلّ دراوسێکانی ((ئێمە رێز لەگەلّی تورکی دەگرین و ئاواتی خێری بۆ دەخوازین، دەشمانەوێ بە ئاشتی و ئاسوودەیی بژین تاکو بەشی خۆمان لە خزمەتکردن لە پێناو پێشکەوتنی مرۆییدا بەجێ بگەیێنین و سامانی خۆمان بەکاربێنین و پێشی بخەین، بۆ گەیشتن بەم مەبەست و ئەنجامە دەبێ ولاَتەکەمان بە یەکگرتوویی بمێنێتەوەو پارچە پارچە نەکرێ و دەبێ سنوورێکیشی هەبێ کە ئاشتی و سەلامەتیی لە هەموو دەستدرێژییەك بۆ مسۆگەر بکا، ئەمەش بۆ ئێمە مەسەلەی ژیان و مردنە)).

گوتیشی لەو بڕوایەدایە کە لیژنەکە کاتێ لە مەسەلەکە دەکۆلّێتەوە لە هەموو لایێکیەوە، نەتەوایەتی و جوگرافی و ئابووری و سەربازی، دەگاتە بڕیارێکی یەکجارەکی کە ئەگەر سنووری سروشتی لە عیراق دابڕدرێ مانای وایە زەبرێکی کوشندە، لە دوارۆژی ولاَت دەدرێ و یادداشتەکە بەم گوزارەیە کۆتایی پێهات:

((دامەزراندنی حکوومەتێکی سەقامگیر لە عیراقدا بەندە بە پاراستنی ئەم بارودۆخەی ئێستا، من بە ((مستحیل))ی دەزانم لە رووی سەبازی و ئیدارییەوە کە حکوومەتێ بتوانێ لە بەغدا بژی ئەگەر موسلّی لێ بکرێتەوەو بدرێ بە حکوومەتێکی تر. بەبێ (موسلّ) ناکرێ ژیانێکی راستەقینە بۆ گەلی عیراق دابین بکرێ. بەلّکو بۆچوون و ئەزموونی دوورودرێژی من سەبارەت بە عەقلّیەتی گەلی تورك ((ئەمەش حالّەتێکی روحی رەگ داکوتاوە)) هەروەها زانیارییە مێژووییەکانیشم سەبارەت بە شەهوەتی ئەوان بۆ داگیرکردن و هێرشبردن وام لێدەکا بلّێم جگە لەم هێلّی سنوورە هیچ هێلّێکی دیکە نییە قەوارەی ولاَتەکەم بپارێزێ. هەموو ئەمانە وا لەمن دەکا کە بلّێم ((مستحیل))ـە بگەینە دۆخێکی سەقامگیر لەناوخۆدا، تەنانەت لە کاتە ئاساییەکانیشدا بەبێ دامەزراندنی هێزێکی سەربازی هەمیشەیی، کە ئێستا دروست

(٨) پێوانەی یەك (إکر) نزیکەی چوار هەزار مەتری چوارگۆشەیە ئەمەش پێوانەییێکی ئینگلیزییە.

کردنی ئەم هێزە لە توانای عیراقی پارچەکراودا نییە، نە ئێستا و نە لە دوارۆژیشدا، هەروەها ئەوەش بە دوور نازانم کە هیچ سەرمایەییێکی بێگانە بێتە عیراق کاتێ کە سەرمایەدارە بێگانەکان تەماشا دەکەن وڵاتەکە هەمیشە لەژێر هەڕەشە و ئاشووب و هێرش بردندایە. بۆیە من (موسڵ) بۆ عیراق وەك سەر بۆ لەش دەزانم و بڕوای تەواویشم وایە ئەگەر مەسەلەکە لە بنەڕەتدا مەسەلەی چەسپاندنی سنووربێ لە نێوان عیراق و تورکیادا، بەڵام لە واقیعدا مەسەلەی دوارۆژی هەموو عیراقە. خۆشی و ناخۆشی چوار ملیۆن مرۆڤ ئەمانەتە لە دەستی ئێوەی ئەندامانی لیژنە بەرێزەکەتاندایە، جا ئەگەر لەبەر هەر هۆیێك بێت کۆمەڵی گەلان رادەسپێرن هەر گۆڕان یا دەستکارییەکی سنووری عیراق بکا دەبێ لە هەمان کاتدا ئەوەشی لێ داوا بکەن کە بارودۆخێکی سیاسی نوێ بۆ ئەم وڵاتە هەر هەموو دەستەبەر بکا و بەرپرسیارییەتی چارەنووسی ئەم کۆمەڵە گەورەیەی مرۆڤی دەکەوێتە ئەستۆ)).

هەر لەم رۆژەدا لیژنەکە کۆبوونەوەیێکی لە ماڵی نوێنەری باڵادا کرد کە نوێنەری باڵا بۆخۆی ئامادەی بوو و هۆی دواکەوتنی دەستپێکردنی ئیش و کارەکانی بۆ ماوەی دوو هەفتە باس کرد. (هنری دوبس) ئاماژەی بەوەدا کە لە نێوان شارەزا تورکەکاندا دوان هەن (ناظم بەگ)[9] و (فتاح بەگ) کە هەردووکیان هاووڵاتی عیراقین و چالاکییان دژی حکوومەتەکەی خۆیان نواندووە. ئەم دوو کەسە (فەرمانی گرتنی یەکێکیان هەیە) ناچاربوون وڵات جێبهێڵن و رابکەن.

کەڵکیان لە بوونی لیژنە وەرگرت و گەڕانەوە عیراق و لەوانەیە چالاکیی وابکەن کە ببێتە هۆی تێکدان ئاشتی و ئاسایش بەهۆی ئەو ((حصانە)) دیپلۆماسییەی کە خۆیان لە پشتیەوە مەڵاس داوەو دەیانپارێزێ. لەوانەشە ئەمە خراپ بکەوێتەوە چونکە پارتە نەتەوەیی و

(٩) (ناظم بگ نفطچی زادە) لە بنەماڵەیەکی رەسەنی ناسراوی شاری کەرکووکە. ئەفسەر بوو لە سوپای عوسمانیدا. لەبەر ئەوەی چالاکیی دژی دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی نواند لە کەرکووك رایکرد و سەرکردایەتی حەملەییێکی دژی راپرسی ١٩١٩ و ١٩٢١ کرد {بڕوانە پێشەکییەکە} سەرچاوە بەریتانییەکان دەڵێن دژایەتی ئەو بۆ بەریتانییەکان لەوەوەیە کە دەیویست بکرێ بە (متصرف)ی کەرکووك و دەسەڵاتی بەریتانی ئەمەی قبووڵ نەکرد و بۆ (متصرف)یەتی حیللە پاڵاوتیان. یەکێك لە کەسە هەر دیارەکان بوو لە پڕوپاگەندەکردن پێش هاتنی لیژنەکە. پۆستی ئەفسەری سیاسی ئەو رەتلە تورکییەی پێ سپێردرا کە هاتە ناو خاکی عیراق (ویلایەتی موسڵ) لە (الجزیرە)وە بۆ زاخۆ پاشان —چال— لە ساڵی ١٩٢٣دا {بڕوانە بەشی یەکەم}.



نیشتمانییەکان دەستیان کردووە بە هەڕەشە لێیان، ئاسانیشە لە هۆی وروژاندنی ئەم پارتانە لەم بارودۆخەدا بگەین. پاشان نوێنەری باڵا داوای کرد ئەو دوو شارەزاییە لابرێن.

ئەندامانی لیژنە هاوڕابوون لەگەڵ (سر هنری دوبس). لە هەمان کاتدا بەداخەوە دەڕواننە دانانی ئەم دوو شارەزاییە لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە کە لەلای دەسەڵاتی عیراقی جێی گومانن و دەبنە هۆی بە زەحمەت کردنی ئیشی لیژنەکە، بەڵام ئەو دووانە هاووڵاتی ویلایەتی موسڵن و بە عیراقی دانانرێن تاکو مەسەلەی سنووری بە یەکجاری دیاری نەکرێ و کۆتایی نەیێت. لیژنەکە راوێژەکارە تورکەکەی ئاگادارکردەوە لەم مەسەلەیە و بەلاشیەوە سەیربوو کە حکوومەتی تورکیا ئەم دوو شارەزایەی هەڵبژاردووە. بەهەر حاڵ و لەبەر ئەو هۆیانەی باسکران بڕیاردرا هیچ گوشارێك نەخرێتە سەر (جنراڵ جواد پاشا) تاکو دووریان بخاتەوە. لە هەمان کاتدا راوێژکارە تورکەکە بە لیژنەکەی راگەیاند کە شارەزاکان و یاوەری تایبەتی خۆیشی خراونەتە سەربازگەیێك (کە بە خەندەق و تەلی دڕکاوی دەورە دراوە) و لەژێر چاودێریشدان. لیژنە یەکسەر سەرنجی نوێنەری باڵای سەبارەت بەم کردەوەیە راکێشا کە بە هیچ جۆرێ پاساوی نییە. پاشان لیژنەکە وای بە پێویست زانی بچێتە ئەو شوێنە و لەوێش بینیی کە وەفدی تورکیا خراونەتە (ثکنە)یێکی سەربازییەوە و بە تەلی دڕکاوی دەورە دراوەو چەند کیلۆمەترێکیش لە شارەوە دوورن. پاشان بەهۆی هەوڵی بێ وچانی لیژنەکە لای نوێنەری باڵا توانرا شارەزا تورکەکان بگوازرێنەوە ماڵێکی نزیك ماڵی نوێنەر. پاشان (سر هنری دوبس) یان دڵنیاکرد کە شارەزا تورکەکان بە شاردا ناسووڕێنەوە، ئەمەشییان بە کارێکی لەبار و باش زانی بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاساییەی بەغدا. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوەشیان روون کردەوە کە سورن لەسەر ئەوەی وەفدی تورکی ئازادی تەواوی گەڕان و سووڕانەوەی هەبێ.

لایەنی یەکەمی ئەم رووداوە کە لە بەغدا روویدا بەو یادداشتە کۆتایی پێهێنرا کە بۆ هەر یەك لە نوێنەری باڵای بەریتانی و راوێژکاری تورکی نێردرا:

((وەڵامی فەخامەتی نوێنەری باڵا و ئەو ناڕەزاییەی سەعادەتی (جنراڵ جواد پاشا) پێشکەشی کرد، ئەم تێبینییانەی لای لیژنەکە وروژاند:

١- لیژنە جارێکی دیکە بەداخەوە دەڵێ کە حکوومەتی تورکیا دوو کەس دەنێرێ لەگەڵ ئەو راوێژکارەی خۆی کە لەگەڵ لیژنەی کۆمەڵی گەلاندایە کە هیچ کامیان (ئەمەش کەمترین شتە کە دەبارەیان بگوترێ) شایانی ئەم ئەرکە گرنگە نین بەهۆی چالاکی ساسی ئەم دواییەیان. تەنها بە ناوهێنانی ئەم دوو کەسە لە مەخزەرەکانی کرنگرەی ئەستەنبۆڵ دادەبایە ئەو بۆچوونە

بهاتایە ئاراوە کە بوونی ئەمانە لەگەڵ لیژنەکەدا کێشە و گرفتی ئەوتۆ دروست دەکەن کە ئیشەکانی لیژنە تێك دەدەن.

٢- لیژنە و لەبەر ئەوەی هێشتا لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەیە کە کێشەی لەسەرە، ناتوانێ رێ بگرێ لە هەندێ ئیجرائات کە خاوەن دەسەڵاتی بەرپرس لە ئەمن و ئاسایش دەڵێن ناچارن پیادەی بکەن بۆ زامنکردنی سەلامەتی راوێژکاری تورکی و شارەزاکانی.

٣- هەر چۆنێك بێ، لیژنە داوا دەکا کە راوێژکاری تورکی ئازادیی تەواوی هەبێ، کاتێ کە دەگەنە موسڵ یان هەر شوێنێکی دیکەی وڵات کە کێشەی لەسەرە، تاکو بتوانێ بەڵگە و بۆچوونەکانی حکوومەتەکەی بە باشترین شێوە کە خۆی بە گونجاوی دەزانێ پێشکەش لیژنەی بکا. بۆیە دەبێ رێی پێ بدرێ بە ئازادی و لە هەموو کاتێکدا کەڵك لە یارمەتی شارەزاکانیان یا هەر کەسێکی کە بە گونجاوی دەزانن وەربگرن.



کونت تیلیکی

لیژنەکە بۆی هەیە دوای راوێژکردن لەگەڵ (الجنرال جواد پاشا) کە بگاتە هەر رێککەوتنێك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نێوخۆییدا دەربارەی ئەو رێوشوێنانەی دەگیرێنەبەر بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی هەموو ئەوانەی لەگەڵیدان. لیژنە قەناعەتی تەواوی هەیە کە هەردوولا هەست بەوە دەکەن کە هەر کێشەیەك نێوخۆیی بێ یان لاوەکی —ثانوی— بخرێتەبەر رێگەی لیژنەکە لەکاتێ راپەڕاندنی ئەرکەکەیدا، تەنها دەبێتە هۆی دواخستنی ئەو لێکۆڵینەوەی کە پێیی سپێردراوە بیکا. ئومێدەواریشە کە هەردوو حکوومەت ئەوەی لە توانایاندایە بیکەن بۆ ئەوەی لیژنەکە ناچار نەبێ هەندێ بڕیاریدا کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆتایی پێهێنانی بە پەلەی کێشەکە. لیژنەکە لەوکاتەی کە لە بەغدا بوو



و لە ئەنجامی بانگهێشتی حکوومەتی عیراقییەوە چەند سەردانێکی کرد. سەردانی چەند وەزارەتێ لەگەڵ کۆلیجی سەربازی و نەخۆشخانە و پەیمانگاکانی فێرکردن و قوتابخانەکانی کشتوکاڵی کرد. هەروەها چاوی بە چەندین وەفد کەوت و بەناو بازاڕ و کۆگاکانی فرۆشتنی گەنم و داردا لە ناوەندی بازرگانی شاردا گەڕان، تاکو بیرۆکەیێکی راست دەربارەی سروشتی بازرگانی لە نێوان بەغدا و ناوچەکانی دەوروبەر و باکوور وەربگرن.

هەوڵیشیان دا بەڵگەی راستەوخۆیان دەست بکەوێ دەربارەی ئەوەی کە موسڵ و بەغدا لە رووی ئابوورییەوە پشت بە یەك دەبەستن. هەروەها لە (احصائييات)ی گومرگیان بە وردی کۆڵیەوەو لەو راپۆرتانەی کونسولەکان پێش جەنگ رێکیان خستبوو و نوسیبوویان، ئیتر بەو جۆرە زانیارییان دەربارەی بارودۆخی ئابووری وڵات کۆکردەوە. لیژنەکە چووە موسڵ بەسکەی شەمەندەفەری شەرقات کە ماوەیێك بە تەریبی لەگەڵ چیای حەمریندا دەڕوا، ئەمەش ئەو سنوورەیە کە حکوومەتی تورکیا پێشنیاری کردبوو. پاش نیوەڕۆی **٢٧**ی کانوونی یەکەم لیژنەکە گەیشتە موسڵ و خانوویەکی گەورەی نزیك شاری کردە بارەگا، کە پێشتر بۆ مەلیك ئامادە کرابوو کاتێ سەردانی وناوچەکەی کردبوو[١١]. لەگەڵ گەیشتنی لیژنە رووداوێکی دیکە روویدا کە جێی داخ بوو، کۆنت تیلیکی بەمجۆرە لە یادداشتێکدا نوسیبووی:

لە رۆژی **٢٧**ی کانوونی دووەم کە رۆژی گەیشتنی لیژنەکە بوو بۆ موسڵ لەگەڵ هەردوو بەرێزان (رودولو)[١٢] و (شارير)[١٣] چوینە پیاسە بۆ ناو شار کاتێ کە ویستم لەماڵەوە بێمەدەر (الجنرال جود پاشا) گوتی لەگەڵتان دێم، جواد پاشا جلی سەربازیی لەبەردا بوو، منیش قبووڵم کرد چونکە حەزم دەکرد بزانم ئەو جل و بەرگە سەربازییەی چ کاریگەرییەك لە دەروونی خەڵکەکەدا بەجێدێڵێ. هەر

(١١) ئەو خانووە بە کۆشکی (ال الشربتي) ناسراو بوو، چەند سەد مەترێ لەبەری راستی دیجلەوە بەرەو باشوور دوورە. کە لیژنەکە چوونە ئەوێ تاڕادەیێك وێران بوو و دەستکاریش نەکرا بۆ چاککردنەوەی تەنانەت دوای کە بووە بارەگای چەند فەرمانگەیێکی حکوومی (تسویە، دادگای استئناف لە ١٩٤٧ تا ١٩٤٩) نازانم دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦١دا لە موسڵ دەرچووم چی بەسەرهات گوتیشیان رووخێنراو دەبایە دەسەڵاتی ناوخۆ وەك شوێنەوارێکی مێژوویی شارەکە بیپاراستایێ.

(١٢) ئیتاڵی بوو پلەی راوێژکاری باڵوێزخانە یان وەزیرێکی بچووکی سلکی دیپلۆماسی بوو و لەگەڵ کۆمەڵ دانرابوو. پاشان لەگەڵ لیژنەکە لە پۆستی ((مقرر)ی دامەزراو لەلایەن کۆمەڵەوە دانرا.

(١٣) فەرمانبەرێکی سویسری بوو لە فەرمانبەرانی کۆمەڵی گەلان.

که گەیشتینە شەقامەکە —هێشتا پۆلیس بە دوامانددا نەهاتبوو[١٤]— نزیکەی سی کەس دەوری پاشایاندا کە وابزانم عەرەب بوون و دەستیان ماچ دەکرد و هاواریان دەکرد —بژی تورکیا—.

پاشان خەڵکەکە زیادیان کرد تا گەیشتنە نزیکەی دووسەد کەس و دەنگ بەرزبووەوەو هوتافیان دەکێشا. لەو کاتەدا کە بە (ثکنە) سەربازەکاندا تیپەڕین چەند پۆلیسێ هاتنە پێشەوەو ویستیان بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکەن. کە گەیشتینە بازاڕ سێ ئەفسەری پۆلیس بەگەڵمان کەوتن کە یەکێکیان ئینگلیز بوو، ئەو خەڵکەی دەوریشی دابووین چەند قات زیادیان کرد کاتێ ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی لەناو بازاڕبوون بەگەڵیان کەوتن و پاشان بوو بە تەوەری هوتاف و پیشاندانی سۆزو لایەنگری و وەك بۆی چووم ئەو خەڵکە لە چین و رەگەزی جیاواز پێکهاتبوون، هەندێکیان بێگومان لە پیاو ماقوڵانی شارەکە بوون، هەندێکیشیان وەك سواڵکەر وابوون و ژمارەیەکی زۆری مێردمنداڵیشی تێدابوو. ئەفسەرەکانی پۆلیس هەوڵیان دا ئەو خەڵکە بڵاوە پێ بکەن و لەوەش دەچوو خەڵکەکە بە ویستی پۆلیسەکانیان کردبێ. لەم ساتەدا دوو پۆلیسم بینی لە پشت ئێمەوە دارەکانیان بەکاردەهێنا، یەکێکیان هەڵی کوتایە سەر پیاوێك کە لە ناوەندی تەمەندابوو، ئەویش رایکردە دووکانێکەوە کەچی پۆلیسەکە دوایکەوت و لەوێ بە بەرچاوی ئێمەوە زۆری لێدا. منیش هەستم کرد کە ئەرکی سەرشانمە ئەم کارە رابگرم و بانگی یەکێ لە ئەفسەرەکانم کرد و پێم گووت من ناهێڵم بە بەرچاوی لیبژنەی کۆمەڵی گەلانەوە لە خەڵك بدەیت. پاشان رۆیشتین بەرەو شارەوانی

(١٤) بڕوانە —إدموندز— ((ئەو چاودێرییەی خرایە سەر لیژنەکە بۆ پاراستنی ئەندامەکانی بوو، بەڵام ئیشی باشیان نەدەکرد و هەر دەتگووت جەندرمەن نەك پۆلیسی مەدەنی. لە هونەری چاودێری کردنی نهێنیدا شارەزا نەبوون نە بەمەبەستی چاودێری و نە بەمەبەستی پاراستن. ئەو رێوشوێنەی پۆلیسەکان گرتیانەبەر بێ مانابوو، ئەوەبوو رەشماڵێکیان لەبەردەم دەرگاکەدا هەڵدا و تەلەفۆنێکیان تیا داناو بۆ هەر جوڵەیەك بۆ دەرەوەی ماڵەکە یەکسەر تەلەفۆن دەکرا یان راپۆرت بۆ نزیکترین مەڵبەندی پۆلیس دەنووسرا. ئەوەی قوڕەکەشی خەستتر کرد ئەوەبوو کە ((ڤیرسن)) کابرایەکی خەو سووکە و زۆریش خەوی ئەزرێ، بۆیە شکاتی لەوە دەکرد کە بەدرێژایی شەو گوێی لەچپە و قسەیە لە رەشماڵی پاسەوانەکانەوە کە دەکەوێتە ژێر پەنجەرەی ژوورەکەی ئەو، بەڵام پۆلیس گوتیان ئەو دەنگانەی گوێی لێ دەبوو هی یەکێك لە فەرمانبەرەکانی خۆیەتی کە سویسریە و شەوانە لە یەکێ لە گەڕەکە ناوبانگ خراپەکانەوە بەسەرخۆشی دەگەڕێتەوە. هەروەها یەکێکی دیکەی نەناسراو هەبوو کە لە ژوورێکدا دەژیا لەژێر قاڵدرمەی قاتی دووەمدا و ئیشوکاری ئەوەبوو رێ لە هەموو کەسێ بگرێ.
سەرەتا بەرپرسان وایانزانی پاسەوانە تاکو من توانیم راستی ئەو بزانم کاتێ کە پێویستم بە ژوورەکە بوو، ئیتر ئەوەبوو رەشماڵەکە لەگەڵ ئەم پۆلیسە نهێنییە لابرا {کورد و تورك و عەرەب-فەسڵی ٢٧ ئەمە وەرمانگێڕاوە}.



و خەڵکێکی زۆریش بەدوامانەوە بوون و تادەهات زیادیشی دەکرد و پۆلیسیش هەوڵی دەدا دۆخەکە کۆنترۆڵ بکا. کە گەیشتینە بەردەم یانەی نیشتمانی عیراقی کە بەرامبەر شارەوانییە خۆپیشاندانێکی دژمان بەرەو روو هات کە قوتابیان رێکیان خستبوو و ئاڵای عیراقیان پێ بوو هوتافیان بۆ مەلیك فەیسەڵ دەکێشا. ئێمە گەڕاینەوە ماڵەوەو خەڵکیش هەر بەدوامانەوەبوون و پۆلیسیش دەوری دابووین[١٥].

بۆ بەیانی رۆژی دوای ئەو رووداوە لیژنە توانی چاوی بە (متصرف)ی موسڵ و (میجر لوید)[١٦] ی پشکنەری ئیداریی بەریتانی بکەوێ. دووەمیان گووتی ناچارە پیادەی رێ و شوێنی چاودێری بکا بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتی ئەندامانی وەفدی تورکی، لەبەر ئەو هەراو وروژانەی خەڵکانی توندڕەو دروستی دەکەن بۆیە ئەمەی خوارەوەی پێشنیارکرد.

١- دەبێ راوێژکاری تورکی و شارەزاکانی، دەسەڵاتی ئیداری، پێش یەك سەعات، ئاگادار بکەنەوە کە بیانەوێ لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان بچنە دەرەوە، هەروەها دەبێ ئەو شوێنەش دیار بکەن کە بۆی دەچن و پۆلیسیش لەگەڵ خۆیان ببەن.
٢- داوا لە (جواد پاشا) دەکرێ بە جل و بەرگی سەربازییەوە نەچێتە دەرەوە.

(١٥) إدموندز دەڵێ ئەو و (جاردین) چوون بە دوایاندا کاتێ کە ((متصرف-عبدالعزیز القصاب-)) سکاڵای لە چوونە دەرەوە یانی کرد. (تیلیکی و جواد) یان بینی لەسەرخۆ بەرەو کۆشك دێن و کۆمەڵێ خەڵك دەوری داون، چەپڵە لێدەدەن و هوتاف دەکێشن، لە کاتێکدا کۆمەڵێکی دیکە بە ژیانی عیراق و فەیسەڵ دا هوتافیان دەکێشا و دەیانویست لەلای شۆستەی دەستە راستەوە هێرش بکەنە سەر کۆمەڵەکەی یەکەم، دوو پۆلیس یان سیان هەوڵیان دەدا رێی لە ئاشووب بگرن.

(١٦) (الرائد هـ. ی. لوید) لە رۆژگاری شۆڕشی عیراقیدا (اب ١٩٢٠) ئەفسەری سیاسی بوو لە دێلتاوە، هۆزە شۆڕشگێڕەکان بەدیل گرتیان بەڵام ئەوەی رزگاری کرد ئەوەبوو کە کەوتە دەست (الشیخ حبیب الحیزران) شێخی-العزە-. ویستی بە بەرتیل شێخ بەری بدا و چل هەزار روپیەی بداتێ بەڵام قبوڵی نەکرد، پاشان دوای کۆتایی هاتنی کردەوە سەربازییەکان تەسلیمی کردەوە، بەڵام زۆر بەخراپی چاکەکەی درایەوە وەك (ت. ی. ویلس) لە (تصادم الولاء ف١٢٠)دا باسی دەکا. (لوید) ماوەیەکی زۆر لە عیراقدا مایەوە، دوای کۆتایی هاتنی مەسەلەی موسڵ و بۆ ماوەیەك کرا بە سەرۆکی دادگاکانی بەسرە پاشان بوو بە بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی خورمای عیراقی و پێش جەنگی جیهانی دووەم خانەنشین کرا. لەم رووداوەی راپۆرتەکە یاسی دەکا خۆی و ((متصرف)) —عبدالعزیز القصاب— لەلایەن وەزیری ناوخۆوە فەرمانیان پێکرابوو.

٣- پێویستە ڕێ و شوێنی خۆپارێزی بگیرێتەبەر تاکو ئاسایشی گشتی تێك نەچێ بەو ((مناورە)) سیاسیانەی لەوانەیە ئەندامانی وەفدی تورکی بیانەوێ بیکەن.

لەبەر ئەوەی لیژنە مەبەستی بوو ئازادی کارکردن بۆ شارەزا تورکەکان دابین بکات، بۆیە وەڵامی دایەوە کە ناتوانێ ئەو مەرجانەی دەسەڵات لە موسڵ پێشنیاری کردبوو قبووڵ بکا، پاشان یادداشتێکیان نووسی و یەکسەر ڕەوانەکرا بۆ پشکنەری ئیداری و (متصرف) و ئەمەش دەقەکەیەتی:

١- داوا دەکەین نوێنەرە تورکەکان سەربەستیی تەواویان هەبێ بێ ئەوەی بە ئاشکرا پاسەوانی پۆلیسیان لەگەڵدا بێ و ڕێگەش بدرێ بە ڕاوێژکاری تورکی شایەتەکانی خۆی بگەیەنێتە لیژنەکە و ئەگەر ویستیشیان لێپێچینەوە لەگەڵیاندا بە نهێنی بکرێ.

٢- دابینکردنی سەلامەتی وەفدی تورکی ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتی خۆجێییەتییە، ئێمەش هیچ جۆرە ڕێوشوێنێکی (خۆپارێزی پێش وەخت-حمایە وقائیە-)ی لەو جۆرە قبووڵ ناکەین، تەنها ئەوە نەبێ کە بەنهێنییە و کەس دەرکی پێناکا.

٣- لیژنە کاری لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیەی پێی سپێردراوە ڕادەگرێ تاکو وەڵامێکی باشی ئەم خاڵانەی پێدەگا.

کە ئەو یادداشتەمان دایە —متصرف— و پشکنەری ئیداری بەریتانی گوتیان ناتوانن وەڵاممان بدەنەوە تاکو پێشتر هەواڵەکە نەگەیێننە دەسەڵاتی ناوەندی. نوێنەری باڵا بە بروسکە وەڵامی دایەوەو گوتی بڕوای بە دادپەروەری داواکارییەکانی لیژنەکە هەیە بەڵام ناتوانێ لە بڕی هەردوو حکوومەتی عیراقی و بەریتانی هیچ لێپرسراوییەك قبووڵ بکا سەبارەت بەهەر دەستدرێژییەك کە لەوانەیە بکرێتە سەر ئەندامانی وەفدی تورکی. لە هەمان کاتدا لیژنە بروسکەییێکی لە ئەنقەرەوە پێگەیشت کە تیایدا ناڕەزاییەکی زۆر توندی دژی هەڵوێستی دەسەڵاتی عیراقی دەربڕیبوو، هەروەها دووپاتیشی کردبووەوە کە دەسەڵاتی داگیرکەر بەرپرسە لە سەلامەتی ئەندامانی وەفدی تورکی. حکوومەتی تورکیا ناڕەزاییەکی لەو جۆرەشی دایە لیژنەکە لەڕێی شکرتاریەتی کۆمەڵی گەلانەوە، لیژنەکەش بروسکەییێکی بۆ —جنیف— کرد و بە درێژی سروشتی بارودۆخەکەی ڕوون کردبووەوە، کە لە ئەنجامی خراپ هەڵبژاردنی شارەزا تورکەکانەوە ڕوویاندابوو، وەڵامی ناڕەزاییەکەی (ئەنقەرە)شی دایەوە سەرنجی حکوومەتی تورکیای بۆ ئەوە ڕاکێشابوو کە هیچ پێویست ناکا حکوومەتی عیراق بەرپرس بێ ئەگەر ئەوان ئەو ڕێ و شوێن و (اجراءات)ـە خۆپارێزییە قبووڵ نەکەن کە عیراق پێشنیاری کردبوو.



تادەهات هەڵوێستی لیژنەکە لە موسڵ قورستر دەبوو و زانییان کە ئەو کەسانەی بۆ پشتگیریی تورکیا خۆپێشاندانیان کردبوو گیراون و ئەندامانی لیژنەکەش بۆخۆیان خراونەتە ژێر چاودێریی بەردەوام و دوو دەوریەی پۆلیس لەبەر دەرگای بارەگای لیژنەکە وەستابوون و ڕێنماییان درابوویە کە چوونە دەرەوەو هاتنە ژوورەوەی ئەندامان و ڕازگرەکان (أمناء السر) بخەنە ژێر چاودێری و مەڵبەندی گشتی پۆلیس بە تەلەفۆن ئاگادار بکەنەوە بێ دواکەوتن لە هەر شتێ کە ڕوودەدا.

لیژنەکە بەهۆی ئەم هەڵوێستانەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ناتوانێ لێکۆڵینەوەی بێ لایەنانە بکا و یارمەتیدەرانی-المساعدین- لەم بڕیارەی ئاگادارکردەوە و بۆشیانی ڕوونکردەوە کە هیچ ئیشێك ناکا تاکو بەشێوەیەکی یەکجارەکی کۆتایی بەو بارودۆخە نەبێت. پاشان بروسکە ئاڵوگۆڕکرا لەگەڵ حکوومەتی ئەنقەرە، کە لیژنەکەش هیچ وەڵامی دەست نەکەوت سەبارەت بە پێشنیارەکانی، بڕیاردرا (الجنرال جواد پاشا) خۆی بەرپرسیاریەتی سەلامەتی وەفدەکەی بگرێتە ئەستۆ، هەروەها هەندێ ڕێ و شوێنی نهێنیش قبووڵ بکا ئەگەر زیان بە پایەی-مکانە- وەفدی تورکی نەگەیەنێ یان هەستی بریندار نەکا یانیش ڕێ لە ئازادی ئیشکردنی نەگرێ تاکو حکوومەتەکەی وەڵامی پێشنیارەکانی لیژنە دەداتەوە. (جنڕاڵ جواد پاشا) سەبارەت بەو بارودۆخە ئەوەی لە توانایدا بوو بۆ یارمەتیدانی لیژنەکە لە ئەرکەکەیدا کردی. دوای دوو ڕۆژ وەڵامەکە گەیشت کە دەربارەی لێپرسراویەتی کرابوو، بەڵام ڕوون نەبوو، بۆیە ئێمەش ئەم بروسکەیەمان ڕەوانە کرد و بەمەش کۆتاییمان بە نامە گۆڕینەوە هێنا.

**موسڵ ٨/ی شوباتی ١٩٢٥**

**وەزارەتی دەرەوە —ئەنقەرە— ت٣٠**

بروسکەی مێژووی شەشی شوباتی ئێوەمان پێگەیشت کە تیایدا دەڵێن حکوومەتی تورکیا هاوڕایە لەگەڵ —جواد پاشا— ئێمەش ئاگادارتان دەکەینەوە کە حکوومەت ئەو پەیڤینە-تصریح- نووسراوەی قبووڵە کە —جواد پاشا— لەسەر ڕێنمایی ئێمە لە پێنجی شوباتدا پێشکەشی کردبوو ((بەناوی خۆم و بە ناوی حکوومەتەکەمەوە و لە چاوەڕوانی وەڵامێکی یەکجارەکی سەبارەت بەو پرسیارانەی ئاڕاستەی ئەنقەرەتان کردبوو، سەلامەتی شەخسی ئەندامانی وەفدی تورکی ئەگرمە ئەستۆی خۆم ئەگەر کردەوەی توندوتیژی ڕوویدا، هەر بەم بۆنەیەوە ئەو ڕێوشوێنە نهێنییەی کە نوێنەری باڵا پێشنیاری کردبوو قبووڵ دەکەم چونکە پایە و هەستی ئەندامانی وەفدی تورکی بە هیچ جۆرێ بریندار ناکا ئەگەر بە ڕێك و پێکی و ژیرانە جێبەجێ بکرێن، یارمەتیشیان دەدا بۆ ئەوەی کارەکەیان لەگەڵ ئێوەدا بە ئەنجام بگەیێنن)).

ئیمزا (جواد پاشا)

سوپاسی حکوومەتی تورکیا دەکەین بۆ هەڵوێستی میانڕەوی چونکە یارمەتی من دەدا کە بە هاوکاری راوێژکارەکان بەردەوام بم لە لێکۆڵینەوەکانمدا

ئیمزا (دی ڤیرسن)

لە ١٦/ی کانوونی دووەم لیژنەکە گەیشتە بەغدا، بەڵام نەك نەیتوانی دەست بە ئیش و کارەکانی بکا بەڵکو تا پێنجی شوباتیش نەیتوانی نەخشەیێکی کاریش بۆخۆی دابنێ. دوای ئەوەی بەڕاوێژکارەکانی راگەیاند کە بڕیاری داوە پێشوازی لە هیچ وەفدێك نەکات و گوێ لە هیچ شایەتێك نەگرێ تاکو بەیەکجاری ئەم رووداوە کۆتایی دێت. بەم جۆرە بەناچاری هیچ کارێکی رەسمی نەکرد. بەڵام ئەندامانی لیژنە بەتایبەتی توانییان بە خۆشاراوەیی-متنکر- (ئەگەر بشێ ئەو زاراوەیە بەکاربێنین) بیرۆکەیێك سەبارەت بیروبۆچوونی خەڵکەکە گەڵاڵە بکەن. هەروەها لەسەر وردەکارییەکانی گەڕانیان لە ناوچەکانی ویلایەتدا رێککەوتن و ئەو شێوازەش کە لە لێکۆڵینەوەکاندا بەکاردێ. بۆ ئەوەی زانیاری گشتیان دەست بکەوێ چوونە بازاڕەکانی شارەکە و گەڕەکە جیاجیاکانی گەڕان جگە لە سەردانی بەندیخانە. بێ ئەوەی کەس لەگەڵ خۆیان ببەن سەردانی کەسانی دیاریکراوی شاریان کرد لەوانەی خاوەن ئەزموون و شارەزایی باشیان هەیە دەربارەی حاڵ و باری وڵاتەکە. بەمجۆرە بیرۆکەیێکی گشتییان دەربارەی بارودۆخەکە لادروست بوو.

لە هەمان کاتیشدا هەوڵیاندا نەکەونە ژێر کاریگەریی هیچ لایێك لەو دوو لایەنە. هەر کە توانرا بەڕەسمی دەست بە لێکۆڵینەوە بکرێ ئەندامانی لیژنەکە، هەرسێکیان بەیەکەوە دەستیان پێکرد. لیژنە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی نێوخۆیی و کۆمەڵە سیاسی و سەندیکا پیشەییەکاندا ((نوژدار و پارێزەر و بازرگان و هی دیکەش) نەکرد بەتەنها، بەڵکو لەگەڵ هەموو چینەکاندا کردیان. داوایان لە راوێژکارەکان کرد کە هەریەکە و لیستی خۆی ئامادە بکا سەبارەت بەو شایەتانەی دەیانەوێ لیژنەکە گوێیان لێ بگرێ. بەمجۆرە لیژنە کەوتە بارودۆخێکەوە کە بتوانێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو چینەکانی خەڵك و لەگەڵ هەموو یەکێك لەوانەی پلەو پایەیان هەیە و گرنگن، بکا. بۆ ئەوەی لەو شێوازە بگەین کە لە لێکۆڵینەوەکاندا پەیڕەو دەکرا، لێرەدا چەند بڕگەیێك لە وتاری دەست پێکردن کە سەرۆك بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو کۆمەڵە و سەندیکاکانی موسڵ دای، گوتی: ((ئێمە لە ناخی دڵەوە سوپاسی ئەم سەردانەتان دەکەین. ئەم لیژنەیە بۆ ئەوە هاتووە کە لە مەسەلەی سنوور



بکۆڵێتەوە بەبێ لایەنیەکی —حیاد— تەواو، ئەوەی لەبەرچاوی گرتووە لەم بارەوە تەنها مسۆگەرکردنی خێری راستەقینەیە بۆ خەڵکەکە و هیچی دی نا، لیژنەش لەلای خۆیەوە ئومێدەوارە کە ئێوەش لە کارەکانیدا یارمەتی بدەن، هەروەها چاوەڕوانیشە کە ویست و ئارەزووی هەموو لایێکی بە ئازادی پێ بگات. سەرنجیشتان بۆ ئەو ئەنجامە ترسناکانە رادەکێشێ کە هەر فشارێ یان چاودێری کردنێ لەگەڵ ئەو کەسانەی شایەتیەك دەدەن کە لەگەڵ ویستی دەسەڵاتی داهاتوودا دژ بێ، ئەو دەسەڵاتە هەر کەسێك بێ، دەکرێ. ئێمە بڕوامان هەیە کە ئێوە ئەوەی لە تواناتاندایە دەیکەن بۆ پاراستنی ئاسایش لەنێو خەڵکیدا و مناڵ و مێردمنداڵیش کە کاریان بەسەر سیاسەتەوە نییە دەست لە خۆپیێشاندانی بێ کەڵك هەڵبگرن، چونکە ئەم جۆرە کارانە ئەو ئەمن و ئاسایشەی پێویستە ناخولقێنن)). گرنگترین کەسایەتییەکان لەبەردەم لیژنەکەدا، بە تەواوی ئەندامەکانیەوە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا، لەکاتێکدا خەڵکانی دیکە لەلایەن یەکێ لە ئەندامانی لیژنە بە تەنها دەکرا. بەمجۆرە کۆمەڵێکی زۆر لە شایەتی کۆکرایەوە. زێدەڕۆیشی تێدانییە ئەگەر بگوترێ لیژنەکە توانیی لە شاری موسڵدا بگاتە پوختەترین ئەنجام سەبارەت بە بیروڕای خەڵکەکە. لەبەر ئەوەی کە حکوومەتی تورکیا پشتی بەڕاپرسی دەبەست لەگەڵ خەڵکەکەدا بکرێ و حکوومەتی بەریتانیش لای خۆیەوە گرنگی ئەم مەسەلەیەی روون کردەوە، لیژنە ناچار بوو هەوڵ بدا فراوانترین و وردترین زانیاری سەبارەت بە ویستی دانیستووان کۆبکاتەوە. ئەندامانی لیژنە هەر لە سەرەتاوە بۆیان دەرکەوت کە ئەو پرسیارەی دەبێ بیکەن، واتە تورکیا یان عیراق، لەوانەیە کێشەی ترسناك دروست بکا بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسانەی سەردانی دەکەن بیانەوێ سەبارەت ئیدارەی ماندات-انتداب- و ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی رێککەوتننامەی نێوان بەریتانیای مەزن و عیراق دروست بوو، پرسیار بکەن.

کێشەکان کاتێ لیژنەکە بروسکەیێکی ناڕەزایی لە سەرەك وەزیرانی[١٧] عیراقەوە پێگەیشت سەبارەت شێوەی هەندێ لە پرسیارەکانی زەحمەتتربوون. لیژنەکەش کە وەڵامی بروسکەکەی دایەوە سوور بوو لەسەر مافی خۆی لە کارکردن بێ هیچ دەست تێوەردانێ تاکو لێکۆڵینەوەکەی هەموو ئەو لایەنانە بگرێتەوە کە پەیوەندییان بەدوارۆژی وڵاتەوە هەیە.

(١٧) لەو کاتەدا ((عبدالمحسن السعودن)) بوو.

لێرەدا لیژنە بە پێویستی دەزانێ دووبارە بڵێت کە شێوازی لێکۆڵینەوەکانی بێگومان دەبنە هۆی وروژانی ئەو خەڵکەی کە ڕۆشنبیریی سیاسییان لە قۆناغە سەرەتاییەکاندایە هەروەها پڕوپاگەندەیەکی چڕیشی دژکرابوو.

بۆ ئەوەی پەلە بکرێ لە ئیشەکانی لیژنەکەدا کە بەهۆی هەندێ ڕووداوەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بێ پاساو دواکەوت، بڕیاردرا لێکۆڵینەوەکان لە بەشە دوورەکانی ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە بکرێ و لە یەك کاتدا، ئەویش بە دابەشبوونی لیژنە بۆ چەند شانەیەکی لاوەکی دەکرێ. ئەمەش مەسەلەیێکی سروشتی و ناچاریش بوو دوایی لەسەرەتای کارەکانمانەوە لە موسڵ بۆمان دەرکەوت کە ئەندامانی لیژنەکە، هەرسێکیان ڕێکن لەسەر ئەوەی ئیشەکە بە شێوازی پرسیارکردن بکرێ، جگە لەوەش بۆیان دەرکەوت کە ئەو شایەتانەی وەڵامی لیژنەکەیان دەدایەوە، بەهەموو ئەندامەکانیانەوە، هەندێ ترسیان پێوە دیاربوو، بەڵام کە بە تەنیا لێکۆڵینەوەکە دەکرا بڕوایان بەخۆیان پەیدا دەکردەوە، چونکە دۆخەکە ((جو))ەکەی کەمتر ترسێنەر بوو. هەروەها ئەم شێوازەشیان بە باش و سوودبەخش زانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کارێکی نارێکی پۆلیس، لە هەمان کاتیشدا نەبوونی جارەکی -مؤقت- لیژنەکە لەناو شاردا هەل دەرەخسێنێ بۆ گەڕانەوەی ئاسایش و هێمنی بۆ شارەکە. ئەگەر لیژنەکە بیویستایە بە هەموو ئەندامەکانییەوە لەلایێك بچێ بۆ لایێکی دیکە لەوانە بوو زەحمەت و خراپی هاتوچۆ و نەبوونی شوێنی حەوانەوەو خەوتن ناچاری بکا ماوەییێکی زیاتر لە وڵاتدا بمێنێتەوە، ئەمەش لێکۆڵینەوەکە دوادەخا و لەوانەشە نەتوانێ بۆ هەندێ ناوچەش بچێ. سەبارەت بە بوونی ڕاوێژکارە بەریتانی و تورکەکانیش لە لێکۆڵینەوەکاندا — ئەمەش کارێکە لیژنە بۆی هەیە لێوەی بدوێ و مافی تەواویشی هەبوو کە بەکاری بهێنێ بەو شێوازەی بە گونجاوی دەزانێ— چاوەڕوان نەدەکرا لەم لایەنەوە کێشە دروست ببێ، چونکە هەر چوار شارەزا تورکەکان[18] دابەش کران بەسەر لیژنە لاوەکییەکاندا و هەر یەکەو بەپێی زانیارییان سەبارەت بە ناوچە جیاوازەکان لە کاتێکدا کە هەردوو حکوومەتی بەریتانی و عیراقی پشکنەری نشتەجێ —مفتشون مقیمون— و فەرمانبەریان هەبوو. هەر کە ڕاوێژکارەکان لە بڕیاری لیژنە ئاگادارکرانەوە، لیژنە یادداشتێکی لە (مستر جاردین)ەوە پێگەیشت کە ئەمەیە:

(١٨) جگە لە (ناظم بەگ نفطجی زادە) و فەتاح بەگ، حکوومەتی تورکیا لەگەڵ ڕاوێژکارەکاندا دوو شارەزای دیکەی ناردبوو کە (ملازم بدری) و (الرائد کامل بەگ) بوون. ئەمەی دوایی وەك باشترین ئەفسەر و زیرەکترین و لە هەمووان زیاتر شارەزای حاڵ و باری کوردستان وەسف کرابوو.



((ڕاوێژکاری بەریتانی لە قسەییێکەوە لەگەڵ سەعادەتی سەرۆکی لیژنە بۆی دەرکەوت کە بەشێ لەوان دەیانەوێ ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو لەگەڵ نوێنەرانی بەریتانی و تورکی، ئەوانەی لەگەڵ لیژنەکەدان، بچنە هەندێ ناوچە بۆ لێکۆڵینەوە، هەروەها بۆشی دەرکەوت کە ئەو شوێنەی ئەندامانی لیژنە بۆی دەچن نهێنی دەبێ. ڕاوێژکاری بەریتانی هەست دەکا کە گەشتەکانی لیژنەکە (تەنها بوونی لیژنەکە بە تەنها بووە هۆی وروژانێکی سیاسی مەزن وەك شاراوە نییە) لەگەڵ نوێنەرانی هەردوولا بێ ئەوەی پێشتر پڕۆگرامێکی بزووتنەوەو کارکردن هەبێ، کارێکی زۆر دەکەنە سەر ئەو ڕێ و شوێنەی بۆ پاراستنی یاسا و ئاسایش بەگشتی پیادە دەکرێ، ئەمەش لە چوارچێوەی لێپرسراویەتی هەردوو حکوومەتی بەریتانی و عیراقیدایە ئەمەش وەك ڕاوێژکار لە دەسەڵاتی ئەودا نییە، بۆیە و لەبەر ئەم هۆیانە ناچارین فەخامەتی نوێنەری باڵا لە عیراق ئاگادار بکەینەوە و پاشان چاوەڕێ دەکەن تا گەیشتنی ڕێنماییەکان)). ڕاوێژکاری بەریتانی لە قسەکردنێکی تایبەتدا لەگەڵ لیژنەکە گوتی وای بە پێویست دەزانێ لەگەڵ هەر ((فیرقە))ییێکی لاوەکی لیژنەکەدا هێزێکی پۆلیس هەبێ بۆ پاراستنی سەلامەتی ئەندامەکان و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەو شوێنەی هەر لیژنەییێکی لاوەکی بۆی دەچێ بزانرێ.

لیژنە نارەزایی خۆی لەم پێشنیارە دەربڕی و گوتی جێبەجێ کردنی دەبێتە هۆی لەدەستدانی گەیشتن بە لێکۆڵینەوەیەکی بێ لایەن. (مستر جاردین) وەڵامی دایەوە کە ئەو بۆخۆی ناتوانێ ئەو بەرپرسیاریەتییە بخاتە ئەستۆی خۆی ئەگەر ڕێ بدرێ لیژنە لاوەکییەکان دەست بە گەڕان بکەن بێ پارێزگاری پێویست و داواشی لە ئەندامانی لیژنەکرد کە هیچ بڕیارێك نەدەن بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ (سر هنری دوبس) کە چاوەڕوان دەکرێ بۆ ڕۆژی دوایی بگات. لە هەشتی شوبات نوێنەری باڵا لە بەغداوە گەیشت و لەگەڵ ئەندامانی لیژنە و ڕازگر (أمین سر)ەکان، لەسەر داوای ئەویش ڕاوێژکارە بەریتانی و تورکەکانیش بانگ کران کۆبووەوە. (سر هنری دوبس) ئەوەی ڕوون کردەوە کە بەو نیازە هاتووەتە موسڵ بتوانێ ئەو کێشانە چارەسەر بکا کە لە ئەنجامی شێوازی کارکردنی لیژنەکە لە لێکۆڵینەوەکانیدا دروست بوون. سەرەتا هیوای خواست کە ئەرکەکانی ڕاوێژکاران و شارەزاکان بە ڕوونی دیاری بکرێ و پرسیشی ئایا شارەزاکان تەنها وەك وەرگێڕ یارمەتی لیژنەکە دەدەن؟

سەرۆك وەڵامی دایەوە کە ئەرکەکانی ڕاوێژکارەکان ئەوەیە لەژێر فەرمانی لیژنەکەدا بن بۆ دابینکردنی هەر زانیارییەك کە لیژنەکە داوای دەکا، شارەزاکانیش بۆ یارمەتی ڕاوێژکارەکان دانراون. بەهەر حاڵ مافی لیژنەکەیە کە ڕاستەوخۆ بەکاریان بهێنێ چونکە دەسەڵاتی تەواوی هەیە کە هەر شێوازێك دەیەوێ بۆ دەسکەوتنی زانیاری بەکاری بهێنێ هیچ هۆییێکیش نییە ڕێ لە لیژنە

بگرێ کە شارەزاکان وەك وەرگێڕ بەکار بهێنرێن، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە ئەوە ئەرکی سەرەکییانە. کە نوێنەری باڵا هاتە سەر مەسەلەی پاراستنی راوێژکاری تورکی و هاوەڵانی گوتی ئەو زانیاریانەی پێیی گەشتوون ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو حزبەی سەر بە تورکە پاسەوانی چەکدار رێکدەخا بۆ ئەوەی لەگەڵ (الجنرال جواد پاشا) بن لە هاتن و رۆیشتنیدا، ئەرکی پۆلیسیشە کە ئەندامانی ئەو پاسەوانانە بگرێ چونکە لەوانەیە سووڕانەوەیان ببێتە هۆی دروست بوونی حاڵەتێك لە ئاژاوەو پشێوی.

سەرۆکی لیژنە و هەردوو ئەندامەکەشی گوتیان پۆلیس تا ئێستا هیچ خۆپێشاندانێکی لایەنگری عیراقی بڵاوە پێنەکردووەو دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی خۆی بە شێوەیەکی بێ لایەنانە بەکارنەهێناوە، بەڵکو وایکرد کە ئێمە ئەو بۆچوونەمان لادروست بێ کە لەوانەیە پۆلیس چاوی لە هەندێ خۆپێشاندان پۆشیبێ کە لیژنە بۆخۆی بینی، لەوانەشە هانی دابێ. کۆنت تیلیکی گوتی نابێ کە لیژنەکە تەنها نارەزایی خۆی دەربڕی سەبارەت بە شێوازی دڕندانەی پۆلیس کە خۆی بینیوویەتی وا تێبگەن کە لەو رێوشوێنانەی پۆلیس گرتوویەتەبەر رازین. پاشان نوێنەری باڵا بە درێژی ئەوەی راڤەکرد کە خەڵکی موسڵ بەوە ناسراون زوو هەڵدەچن، بەڵام هیواشی خواست کە لیژنە لەمەودوا بە خۆپێشاندانی دیکەی لەو جۆرە نارەحەت نەکرێ. سەرۆك وەڵامی دایەوە کە ئەم خۆپێشاندانانە جێی داخن نەك لەبەر ئەوەی ئیسراحەتی لیژنەکەیان تێکداوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بوونەتە هۆی بڕێکی زۆر وروژاندن. (السر هنری دوبس) هیوای خواست کە لیژنەکە دەرك بەوە دەکا ئەو شێوازەی بەکاری هێناوە لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر شوێن و پایەی هەردوو حکوومەتی بەریتانی و عیراقی لەو شوێنانەی کێشەیان لەسەرە، هەڕەشەیێکی مەترسیداریش. لەو راپۆرتانەی گەیشتوونەتە بەغدا دەرکەوتووە کە ئەو پرسیارانەی لیژنەکە ئاڕاستەی زۆربەی شایەتەکانی کردووە لەو جۆرەیە کە لەوانەیە شوێن و پایەی ئەو دوو حکوومەتە لاواز بکا، کاتێ کە دەڵێن لیژنە بەڵگە دژی ئیدارەی ئێستا کۆدەکاتەوە. دانی بەوەش دانا کە داگیرکردنی وڵات لەلایەن یەکێ لەوانەی لایەنن لە کێشەکەدا هەڵوێستێکی بەهێز دەخولقێنی بۆ لایەنێك لە چاو لایەنەکەی دیکەدا ئەمەش لەوانەیە لیژنە ناچار بکا هەر شێوازێك بۆی بلوێ بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی دەست بکەوێ کە رەنگدانەوەی ویستی راستەقینەی دانیشتووانن. پێشنیاری ئەوەشی کرد کە لیژنەکە زیاتر لەگەڵ راوێژکارەکاندا نزیکتر بێ لە کارەکانیدا و رای گشتیش دەکرێ لە رێی دەسەڵاتی نێوخۆییەوە بزانرێ. سەرۆك گوتی لیژنە زۆری لامەبەستە پێشنیاری هەردوولا لەبەرچاو بگرێ بەڵام بەردەوامیش دەبێ لە لێکۆڵینەوەکانیدا زۆر بە ئازادی و بەو چەشنەی ئەرکەکەی پێویستیەتی. هەرچی چۆنێك



بێ رێوشوێنی ئیشکردن کە لیژنە پەیڕەوی دەکا لەو راپۆرتەدا روون دەکرێتەوە کە بۆ کۆمەڵی گەلان بەرزدەکرێتەوە، لە دواییدا بە ئاماژەکردن بەوەی کە کاری لیژنە تەگەرەی هاتە رێ بەهۆی ئەو (اجراءات)انەی پۆلیس گرتیەبەر و قەتیش ناکرێ پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، نەك بەرامبەر بە شایەتە هێنراوەکان بە تەنها بەڵکو لە دژی خودی لیژنەکەش.

دووبارە نوێنەری باڵا ئاماژەی بە گرانی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی کرد و گوتیشی کە حکوومەت خاوەن بڕیارە لە پیادەکردنی یاسادا بەسەر هەموو ئەو ناوچانەی سەر بە ئیدارەی ئەوەو ئەرکی سەرشانیشیەتی. (کونت تیلیکی) بە زمانی یاسا قسەی کرد و گوتی یاساکانی عیراق نابێ لەو شوێنانەی کێشەیان لەسەرە جێبەجێ بکرێن، مەگەر بەوەندەی کە پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی وڵات و پاراستنی ئەمن و ئاسایش، بەڵام لە مەسەلەی دەسەڵات بەسەر وڵاتدا قابیلی پیادەکردن نییە.

نوێنەری باڵا بەداخەوە داوای لێبووردنی کرد لە هەر خوێن گەرمییەکی زیاد لە حەددی خۆی کە پۆلیس دەریبڕیبێ، چونکە هێشتا تازەیە هەروەها گوتی شتێکی دیکە هەیە کە بە پێویستی دەزانێ باسی بکا و مەسەلەیەکی گرنگیشە تا ئەو رادەیەی کە دوو دڵ بوو لە باسکردنیدا، بەڵام وایشی بۆ دەچێ کە لەوانەیە ببێتە هۆی نارەزایی حکوومەتەکەی کاتێ کە راپۆرتەکە دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە لە ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلاندا ئەو وای بۆ دەچێ کە حکوومەتی بەریتانی لەوانەیە رازی نەبێ بەوەی لیژنە بەنیازە لێکۆڵینەوەی جیاجیا لە بەشەکانی ویلایەتدا بکا، چونکە رەگەزنامەی ئەندامانی لیژنەکە لەوانەیە وابکا زەینی مرۆڤ بۆ ئەوە بچێ کە ئەنجوومەنی کۆمەڵ لەکاتی هەڵبژاردنیاندا ویستبێتی (هاوسەنگییەکی تەواو) کە قابیلی دابەش بوون نییە دروست بکا. لەوەش دەترسا کە حکوومەتەکەی و رای گشتی ئینگلیزی وای بۆ بچن کە رەگەزنامەی ئەندامانی لیژنەکە و ئەو هەستەی لەوانەیە لە دەروونیاندا بێ ناکرێ هەندێ کاریگەریی نەبێ بەسەر گەیشتنە ئەنجامە کەسییەکانیان —الاستنتاجات الشخصیە—.

سەرۆك کە باسی خۆی و هاوەڵەکانی دەکرد هەستی بەوەکرد کە ئەرکی سەرشانیەتی سەرنج بۆ ئەوە رابکێشێ کە ئەم تێبینییە پەیوەندیی بە مەسەلەکەوە نییە و گووتی مەسەلەکە مەسەلەی بڕوابوون بوو و ئەنجوومەنیش کە ئەندامانی لیژنەکەی هەڵبژارد بە کۆی دەنگ هەڵیبژاردن و سەربەستی تەواویشی دانێ لە هەڵبژاردنی شێوازی کارکردنیاندا، لەو کاتەشدا کە هیچ شتێ نییە رێ لە نوێنەرانی دەوڵەتانی خاوەن کێشەکە بگرێ رەخنە لەبەردەم ئەنجوومەندا بگرن کە بڕیارەکەی دەردەکا، بەڵام ئەم رەخنانە لە قۆناغی ئێستای ئیش و کارەکانی لیژنە لە جێی خۆیدانییە و

گوتیشی ئەگەر جارێکی دیکە ئەم باسەی لەگەڵدا بکرێ ئەنجامی ترسناکی دەبێ. دانیشتنەکە بە بڕیارێکی درێژ دەستی پێکرد کە ئەندامانی لیژنە لەسەری رێککەوتبوون دەربارەی بەرنامەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە دەکرێ و بە نوێنەری بالاش رایگەیەنرا ئەویش بەلێنی دا کە لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا هەر یارمەتییەك کە لە توانایدا بێ پێشکەشی بکا. لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی کاتی لە موسڵ راگیرا و لیژنەکەش بوون بە چەند بەشێکەوەو دەبایە لە کەرکووك لە رۆژی ٢٥ی شوبات کۆببنەوە. (مسیو اڤ ڤیرسن) لەگەڵ (جواد پاشا) و _مستر جاردین) لە موسڵ مایەوە بۆ بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوە لە ناوچەکانی نزیك شار، ئەوەبوو چوونە گوندەکان تا شەنگار و تەلەعفەر و قەرەقوش و ئاکرێ و لەو شوێنانەی سەردانیان کرد بە گوێرەی ئەو لیستانەی راوێژکارەکان ئامادەیان کردبوو خەڵکی ناسراو و پیاو ماقوڵانی گوندەکانی دەوروبەریان بانگ کرد. هەروەها چاویشی کەوت بەو سەرەك هۆزە عەرەبانەی لە رۆژئاوای دیجلە دادەنیشن و بەتایبەتی ناوی (شێخ عشائر شمر)ی گرنگ[19] دێنم. تیلییکی لە ناوچەی هەولێر تا شەقلاوە و مەخموور لەگەڵ (ناظم بەگ) و ئەفسەری سیاسی بەریتانی (لاین)[20] و وەرگێڕی لیژنە (مستر کرامرز) دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. هەروەها لەگەڵ هۆزە کوردەکان (دزەیی و خۆشناو و کورە و گەردی و شێخ بزێنی) و سەردانی هۆزی (طي)ی عەرەبی کرد لەگەڵ گوندەکانی (الصارلیە).

(العقید پاولس) دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد لە ناوچەی کەرکووك تا چەمچەماڵ لەگەڵ (صبیح بەگ) کە یەکێك بوو لە شارەزاکانی حکوومەتی عیراق و (کامل بەگ) کە یەکێك بوو لە شارەزاکانی تورك. پەیوەندیشی کرد بە هۆزەکانی-العبید- و -الجبور- و تاڵەبانی و داودە و کاکەیی و هەمەوەند و (الپاشواند) و (السفاراواند) و سەرخاسە و شوان. لە دەوروبەری کفری لە (مسیودی پورتالیە) جیابووەوە، کە بەردەوام بوو لە لێکۆڵینەوەکانیدا بە یارمەتی (فتاح بەگ) و ئەفسەرێکی بەریتانی شارەزای ناوچەکە. (مسیودی پورتالیە) ناوچەکانی حەمرین گەڕا و سەردانی هۆزە کوردییەکانی ئەوێی کرد، وەك جاف و زەنگەنە و دەلۆ و تاڵەبانی. هەروەها سەردانی هۆزی (الکراوی) عەرەبی کرد لەگەڵ هۆزی (البیات).

---

(١٩) (الشیخ عجیل الیاور) بوو کە لە چلەکاندا مرد.

(٢٠) (میجر لاین) کاتی خۆی ئەفسەری سیاسی هەولێر بوو پاشان بۆ ماوەییێکی درێژ بووە پشکنەری ئیداری لە حکوومەتی عیراقدا. رۆڵێکی گەورەشی هەبوو لە رووداوە سیاسییەکانی کوردستاندا کە لە دواییدا روویاندا، ئەمەش وایکرد چەند ساڵی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی مەزن لە عیراق بمێنێتەوە.



لیژنەکە نوێنەری (میر یوسفی) و (عباس) و (سورچی) و (هرکی) و (خیلانی) و (ئاکو) و (دەشتی دیان) یان دیت. ئەو رێگایانەی لیژنەکە پیایدا رۆیشتووە لەو نەخشەیەی هاوپێچە دیاری کراوە.

لێکۆڵینەوەکان لە گوند و ناوچە (ریفی)یەکاندا و لە نێو هۆزە رەوەندەکاندا زۆر لەوانەی شار زەحمەتتر بوو، چونکە خەڵکەکەی کەم ئەزموون بوون لە سیاسەتدا و زۆریش دواکەوتوو بوون. دەبێ و بە ئەرکی سەرشانمانی دەزانین کە بڵێین کە گوند و خەڵکی (ریف) بە تەواوی لە کێشەکە بێ ئاگابوون و هیچیان لێ نەدەزانی شێوازی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە بریتی بوو لە روونکردنەوەی (مەبەست) لە ئەرکەکەیان بە شێوەیەکی زۆر ئاسان، بەگوێرەی ئەو کەسانەی چووبوونە لایان پاشان، دوای کشانەوە راوێژکارەکان، پرسیاریان ئاڕاستە دەکردن. یەك شێوازیش لە خستنە رووی کێشەکە پیادە نەکرا بەڵکو بەگوێرەی حاڵ و باری شایەتەکان و زیرەکییان و پلەی رۆشنبیرییان شێوازەکە دەگۆڕا.

پێشیان دەگووترا کە شایەتییە نوسراوەکانیان بە نهێنییەکی تەواو دەمێنێتەوە، لیژنەکەش هەستی کرد کە ئەو بڕوایەی شێوازەکەی هێنایە کایەوە پێشکەوتن و چالاك کردنی لێکۆڵینەوەکەی زیادکرد.

ئەندامانی لیژنە و راوێژکارەکان لە کەرکووك کۆبوونەوەو هەر هەمووان لەوێوە چوونە سلێمانی بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەکە. لە رێی گەڕانەوە لە (سلێمانی)یەوە بەرەو (موسڵ) لیژنەکە لە کەرکووك و پردێ و هەولێر وەستا بۆ تەواوکردنی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە پێشتر دەستی پێکرابوو لەلایەن هەندێ لە ئەندامەکانییەوە لەو ناوچانە، هەروەها هەر لەو ناوچانە ئەو شایەتانەیان بینی کە لە سەردانی یەکەمیاندا ئەندامەکانی لیژنە بە تەنیا نەیانتوانیبوو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن.

لیژنەکە کە گەڕانەوە موسڵ لە ١٨ی ئازاردا دڵیان بەوە خۆش بوو کە هیچ شوێنەوارێکی چاودێری پۆلیسیان بەرچاو نەکەوت. ئەمەش هەلی بۆ وەفدی تورکی رەخساند کە بە ئازادی لە شاردا بسووڕێتەوەو سەردان بکا و خەڵکیش سەردانی بکەن.

دەبێ وەفدەکە دان بەوەدا بنێ —هەرچەندە لەو ئازادیەش هیچ سوودێکی دەست نەکەوت— کە دەسەڵاتی نێوخۆیی هیچ جۆرە کێشە و گرفتێکی لە رێی تەواوکردنی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە دروست نەکرد. لیژنەش هەست دەکا کە لەسەر پەتی دان بەوەدابنێ کە ئەو لیستانەی دەسەڵاتی بەریتانی پێیانی دابوو زانیاری راستی تیدابوو دەربارەی هەریەکێ لە کەسایەتییە دیارەکانی ناوچە جیاجیاکان بەدەر لەو بیروبۆچوونەی ئەو کەسانە هەیانە، گەر لە بەرژەوەندیی لایەنی تورکیشدا

بووایە. لیژنە لە خولی دووەمی لێکۆڵینەوەکانی چاوی کەوت بە زانایانی مزگەوتەکان کە بێ جیاوازی لە ناوچە و گەڕەکە دەوڵەمەند و هەژارەکانی شار هەڵبژێردرابوون، هەروەها خاوەن موڵکەکانی گوندەکان و خاوەن خانوو و هەموو بەرهەمهێنە لاوەکییەکان —المنتجین الثانویین— کە ناویان لە لیستە کۆنەکانی تورکدا تۆمار کرابوو، هەروەها لەگەڵ ئەوانەشدا کە لە شاردا مابوونەوە لە ماوەی بیست ساڵی رابوردوودا و ماوەیەك ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بوون. کە ئیش و کارەکان بەرەو کۆتایی دەچوون لە موسڵ لیژنەکە چووە زاخۆ و بە چەند گوندێکی مەسیحیشدا لە ناوچەی (القوش) و گوندەکانی ئێزدی لە ناوچەی (باعذری) دا تێپەڕین. لە زاخۆ پێشوازیی سەرۆك و گەورە پیاوانی ناوچەکەیان کرد ئەو ناوچانەی دەکەوتنە باکوور و باشووری ئەو هێڵەی لە (برۆکسل) لەسەری رێککەوتبوون، بەتایبەتی مەسیحییەکانی گوندەکانی ناوچەی هۆزی (الگویان و الجندی)ی کوردنشین. پاشان لە زاخۆوە چوونە دهۆك بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکانیان، لەوێ خەڵکەکەیان بینی زۆر وروژابوون، بۆیە شایەتەکانیان بانگ دەکردە بارەگای لیژنەکە دەکەوتە دەرەوەی شار[٢١] خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆبوونەوەو دمگۆیەك —اشاعە— بڵاو بووەوە کە دەسەڵاتەکانی حکوومەت گوازراونەتەوە بۆ لیژنەکە، بەڵام هەر زوو هێمنی و ئاشتی بەهۆی وریایی حکوومەت و ئەو روونکردنەوانەی بڵاوکرایەوە، گەڕایەوە ناوچەکە. وەك چۆن لە زاخۆ لە دهۆکیش پێشوازیی لە خەڵکی شارەکە و لەوانەی دەوروبەریشی کرد هەروەها ئەوانەش کە هەردوو راوێژکار داوایانی کردبوو. لە شار پیاو ماقوڵان لێپێچینەوەیان لەگەڵ کرا و لەگەڵ ئەو وەفدانەش کە لە

(٢١) (إدموندز) بەمجۆرە ئەم حاڵە وەسف دەکا. کۆبوونەوەکە جمەی دەهات بە سەرەك هۆزەکان و دەست و پەیوەندە پڕ چەکەکانیان. خەڵکێکی زۆر بەرەو ئەنجوومەنی لیژنەکە هاتن و پێشکەوتن بێ نیزام و بە سواری ئەسپیشەوە کە دەتگوت هێرش دەبەن. پاشان ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاکان هێرشیان کردە سەر (جواد پاشا) و دەستیان ماچ کرد ئەوجا هەمووان دەستیان بە قورئان خوێندن کرد بە سەرکردایەتی شێخێکی ناسراو کە (بهاءالدین) بوو و لە بنەماڵەی نەقشبەندی بوو. رێککەوت وابوو کە شارەزا تورکەکە ویستی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و زۆر نەفامانە و بەرەڵلایانە هەڵوێستێکی ناشیرینی لە ئەندامانی لیژنە وەرگرت و داوای لێکردن کە هەر ئێستا رێی پێ بدرێ دەسەڵاتی ئیداری بگرێتە دەست، ئەمەش بۆوە مایەی بێزارییەکی زۆری لیژنەکە. (جاردین) لەوێ بۆ ماوەیەك یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بوو، بۆیە لەلایەن سەرکردەکانی خۆپێشاندانەکەوە ناسراو بوو، لیژنە سەرنجی ئەوەیاندا کە زۆربەی خۆپێشاندەران دوای دامرکانەوەی کەف و کوڵی بە سۆزی یەکەم هەڵچوون روویان لێکرد و سکاڵایان لە رەوشتی قایمقام کرد لەلای بەویشیاندا هەڵدا و گوتیان ئەو تەنها کەسێ بوو کە توانیبێتی ئیدارە لەم ناوەدا کۆنترۆڵ بکا و بەباشی بەڕێوەی ببا. (سەرچاوەی پێشوو).



ئامێدی و ناوچەکانی باکوورەوە بانگهێشت کرابوون، بە مەبەستی کورتکردنەوەی کاتی لێکۆڵینەوەکان. پێویست ناکا ئەوەش بڵێین کە لیژنەکە تەنها بەوەوە نەوەستا کە بیروڕای خەڵکەکە دەربارەی مەسەلەی سەروەریی سیاسی هەرێمەکە بزانێ، بەڵکو لێکۆڵینەوەکانیان لە هەمان کاتدا توێژینەوەی سایکۆلۆجیەتی ئەو مەسەلەیەشی دەگرتەوە. پرسیارەکان کێشە ئابووری و بازرگانییەکانیش دەگرتەوە، ئەو کێشەیەی لیژنەکە ویستی زۆر بە وردی لێی بکۆڵێتەوە بۆیە سەردانی بازاڕو دوکان و کۆگانی کرد و لە ناوچە جیاجیاکانیشدا، بەتایبەتی بازاڕەکانی شاری موسڵ. لەڕێی گەڕانەوەشیدا بایەخی بە دیاردە رەگەزی و جوگرافی و جیۆلۆجیەکانیش دا، بەمجۆرە توانی زانیاری دەسبکەوێ دەربارەی هۆیەکانی هاتوچۆ و بەروبوومی کشتوکاڵی و شتی دیکەش. کاتێ کە لە هەرێمەکەشدا نیشتەجێ بوو چەند گەشتێکی ئاسمانی کرد تاکو بتوانێ بیرۆکەیێکی گشتی دەربارەی ناوچە و زەوی و بیابان و رادەی دابەشبوونی دانیشتووان گەڵاڵە بکا. بە فڕۆکەش بەسەر زنجیرە چیاکانی شەنگاردا سووڕانەوەو سێ جاریش بەسەر سنووری باکووردا لە زاخۆوە تا رەواندز فڕین دوو جاریش بەسەر چیای (حمرین)دا.

دوای ئەوەی لیژنەکە لە ١٨ی ئازاردا گەڕایەوە موسڵ چەند رۆژێ خەریکی رێکخستن و پۆلینکردنی ئەو زانیاریانەی لای کۆببووەوە و کە بڕیاریشیدا لێکۆڵینەوەکانی تەواوبووە بەرێی بازرگانیدا موسڵی بەجێهێشت بەرەو (دیر الزور) و پاشان دیمەشق[٢٢] و لە ٢٠ی نیسان-دووشەممە-دا لە جنێڤ کۆبووەوەو دەستی بە نووسینی ئەم راپۆرتە کرد.

لیژنە حەزدەکا سوپاسی (مستر کرامرز)[٢٣] ی مامۆستای وانەبێژی زانکۆی (لەندەن) بکا لەبەر ئەو خزمەتەی لە بواری وەرگێڕاندا پێشکەشی کرد، هەروەها بۆ ئەو یارمەتییە بە بایەخەی کە

(٢٢) لە ٢٣ی ئازار لیژنە و فەرمانبەرەکانی بە کاروانێك ترومبێل لە رێی (دیر الزور)ەوە چوونە بەیروت. وەفدی تورکیش هەمان رۆژ رۆیی بۆ (نصیبین) و لەوێشەوە بۆ ئەنقەرە.

(٢٣) مامۆستا (جی. اج. کرامرز) رۆژهەڵاتناسێکی ناسراوە. لە ساڵی ١٨٩١ لە هۆڵەندە لەدایك بووە. مامۆستای تورکی و فارسی بوو لە زانکۆی (لیدن) تا ساڵی ١٩٣٩, لەوێش هاتبووە جێی رۆژهەڵاتناسی ناسراو (ونسنك) وەك مامۆستای زمانی عەرەبی. لە نێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩٢١دا وەك وەرگێڕ لە باڵوێزخانەی هۆڵەندی لە تورکیا ئیشی کرد و بەشداریشی کرد لە نووسینی زۆر لە بابەتەکانی ئینسکلۆبیدیای ئیسلامیدا و بۆ چەند جارێکیش کتێبە جوگرافییە ئیسلامییەکانی لە چاپ دایەوە. کاتێ کە کتێبی (تراث الاسلام)مان وەردەگێڕا، ناسیمان. لەو کتێبەدا ئەو بەشە (جوگرافی)یەکەی نوسیبوو دوایین کتێبیشی (فن التاریخ عند الترك ١٩٤٤).

پێشکەشی کرد لەکاتی ئامادەکردنی ئەو بەشانەی تایبەت بوون بە تورك و کورد و تایەفەی (الصاولی).

لەکاتی ئیشکردنیشیدا لیژنە کەڵکی لە زانیارییە بە نرخەکانی ئەم زاتانەش وەرگرت.

((العقید ل. مارتن)) سەرۆکی بەشی نەخشە لە کتێبخانەی کرنگرس (واشنطن)

((مستر و. ل. وسترمان)) مامۆستای زانکۆی کۆلۆمبیا (نیویۆرك)

((مستر أ. س. کولیدج)) مامۆستای زانکۆی هارڤەرد (ماساشونس)

((مستر یو. أوبر هومر)) مامۆستا لە زانکۆی ڤیەننا.

((دکتۆر ڤ. پتشمان)) راوێژکاری مۆزەخانەی مێژووی سروشتی—مشاور متحف التاریخ الطبیعي— (ڤیەننا)

((پرۆفیسۆر ج. باومان)) بەڕێوەبەری کۆمەڵەی جوگرافی ئەمەریکی.

((مستر ش. أولیگ)) مامۆستا لە زانکۆی (توبنگن).

((مسیو گودفروی دیمونییە)) مامۆستا لە قوتابخانەی نیشتمانی زمانە رۆژهەڵاتە زیندووەکان (پاریس).

((مسیو ی. شبا)) مامۆستا لە زانکۆی پاریس.

((مسیو ا. دیماجیون)) مامۆستا لەزانکۆی پاریس.

((پرۆفسر مورتمان)) بەرلین.

((مسو ج. نیمیت)) مامۆستا لە زانکۆی (بوردابست)

((مسیو أ. داڤید)) مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی بودابست.

((السید ز. خانزادیان)) بەڕێوەبەری توێژینەوە لە نووسینگەی —اللیڤانت—[٢٤]ی بازرگانی و پیشەسازی (پاریس)


((الشیخ محمد عبدالرسول)) لە قاهیرەوە.

لیژنە مەبەستیەتی سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکا کە ئەوەندە باش و خزمەتگوزاربوون هەموو زانیارییەکانی خۆیان خستە بەردەستی لیژنەکە بۆ ئەوەی لە کارەکانیدا یارمەتی بدەن. گومانیشی تێدا نییە کە ئەنجوومەنی کۆمەڵیش بەشداری لیژنە دەکا لە سوپاس کردنیاندا.

---

(٢٤) وشەی لیڤانت Levant مێژوویی ئەوروپییە بە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەند دەگوترا کە لە ئەسکەندەرۆنەوە تا (غەزە) دەکشێ.





# بەشی دووەم

## توێژینەوەی ئەو شێوازی کارکردنەی هەردوو حکوومەت پێشنیاریان کرد

ئەو کێشەیەی ئەنجوومەنی کۆمەڵ لیژنەکەی راسپاردبوو تاکو زانیاریی هەمە لایەنەی - مفصل-ی دەربارە بداتێ، پەیوەندیی تەنها بە جەوهەری مەسەلەکەوە نییە. بەڵکو بەو بۆچوونە جیاوازانەشەوە کە لەلای هەردوو لادروست بوو سەبارەت بەو شێوازەی دەبێ پەیڕەو بکرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکە. حکوومەتی تورکیا لە کۆنگرەی (لوزان)ەوە پێی باش بوو راپرسی بکرێ لە نێو ئەو خەڵکەی پەیوەندییان بە کێشەکەوە هەیە و بە تەنها شێوازی دادپەروەرانەی دادەنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. لە کاتێکدا حکوومەتی بەریتانی وای پێ باش بوو لیژنەیێك دابنرێ بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست. نوێنەری تورکیا کاتێ کە ئەنجوومەنی کۆمەڵ بڕیاریدا لیژنەیەك پێك بهێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە، ئەو هەر شێوازی راپرسی لاباش بوو هەرچەندە نوێنەرکەشی شێوازیی لێکۆڵینەوەی قبوڵ کرد، بەڵام سوریش بوو لەسەر ئەوەی کە حکوومەتەکەی ئەوەی پێ باشە کە لیژنەکە لەوەش بکۆڵێتەوە کە کام شێوازی لەو دوو شێوازە پێشنیارکراوەی لاباشە بۆ وەرگرتنی رای سیاسی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ.

دوایی ئەنجوومەن داوای کرد کە رای ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە کێشەکەوە هەیە لەبەرچاو بگیرێ سەبارەت بە شێوازی ئیشکردن وایشی هەستکرد کە دەبێ ئەو رایەی لای خۆی دروست بووە دەربارەی ئەم مەسەلەیە روون بکاتەوە پێش ئەوەی باسی ئەو مەسەلانە بکرێ کە پەیوەندییان بە کێشە سەرەکییەکەوە هەیە. بەهەرحاڵ وای پێ باشە پێش ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی بخاتە روو کورتەی بەڵگەکانی هەردوو حکوومەت باس بکا.



-١-

### پوختەی

### بەڵگەکانی حکوومەتی تورکیا

((هیچ دادپەروەرانە نییە کە کێشەیێکی وا گرنگ، یان چارەنووسی ژمارەیێکی زۆری خەڵکی بدرێتە دەست کردەوەی ناوبژیوانی —عملیە تحکیم—. لیژنە بێگومان دەتوانێ ژمارەیەکی دیاری کراوی راستی بچەسپێنێ، بەڵام بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ئارەزووی دانیشتووان هەمیشە جێی گومان دەبێ و ناگاتە بەهێزی راپرسی یەکلاکەرەوە کە قابیلی مشتومڕ نییە. هەر لیژنەیێك هەرچی چەنێك بەهێزبێ لەوە زیاتری پێ ناکرێ کە رای ژمارەیەکی کەمی خەڵکی وەربگرێ کە نوێنەرایەتی بەشێکی بچووکی رای گشتی دەکەن بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەوەشی بۆ ناکرێ کە ئارەزووی راستەقینەی دانیشتووان بزانێ و ئەنجامەکانیشی کە پێیان دەگا نەك ناتەواو دەبن بەڵکو لەوانەشە پێچەوانەی روحی دادپەروەریش بن. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کاریگەریی دەبێ لەسەر بەرژەوەندیی سەدان هەزار کەس لەو خەڵکە، بۆیە دادپەروەری و حیکمەتی سیاسی ئەوە دەسەپێنێ کە هەل بۆ ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك برەخسێنرێ کە ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن. چونکە ناکرێ دانیشتووانی وڵاتێك لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکەوە بخرێنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی دیکە بە دژ و پێچەوانەی ئارەزووی خۆیان.

لە حاڵەتی هاوشێوەدا شێوازی راپرسی بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ناوچەیێك کە کێشەی لەسەرە بڕیاری لەسەردرا وەك لە (سیلزیا العلیا) و (حوض السار) و چەند بەشێ لە پروسیای رۆژهەڵات و هەردوو هەرێمی (شلزڤیك) و (کلاغنفورت) و هی دیکەش کرا. گەلانی رۆژهەڵات ناتوانێ دەرك بەهۆی ئەوە بکات کە بۆچی لە گەلانی ئەوروپا جیا دەکرێنەوە.

ئەگەر راوێژکردن بە گەلی عیراق سەبارەت بە هەڵبژاردنی میر فەیسەڵ شتێك بوو لە تواناداە بوو بکرێ زەحمەتە لەوە بگەین کە کامەیە ئەوەی رێدەگرێ کە راپرسییەکی هاوشێوە لە مەسەلەیەکدا کە زۆر لەو مەسەلەیە گرنگترە نەکرێ، مەسەلەی بەزۆر ترنجاندنی گەلێك بە لەشی ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتەوە. کە حکوومەتی بەریتانی مەبدەئی راپرسی قبوڵ ناکا، لەوانەیە ئەمە لەوەوە بێ کە مەسەلەکەی ئەو لاوازە و بەڵگەکانی پووچن و بەڵگەی ئەوەشە کە خەڵکەکە تورکیایان دەوێ.

* * *

لەو یادداشتەی تورکیادا کە لە ئەیلوولی ١٩٢٤دا پێشکەش کرا بەڵگەنامەی س٤٩٤/١٩٢٤ — (٧)ی تێدابوو... هۆیێکی دیکە هەیە دەیسەلمێنێ کە راپرسی بۆ دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ مەسەلەیێکی بنەڕەتییە. ئەم هۆیە دەتوانین لەو دژایەتیانەوە هەلێنجێنین کە لە بەڵگەنامە و زانیارییەکان ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بەو دوا راپرسییەی کە لە ١٩١٩ و ١٩٢١ لە عیراقدا کران، بەزۆری هەبوون.

أ-(لورد کرزن)[25] کە وەڵامی تێبینییەکانی (عصمت پاشا)[26] ی دەدایەوە لە لۆزان لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٩دا گووتی: دەسەڵاتی بەریتانی رای دانیشتووانی ویلایەتی بەغدا و بەسرە و موسڵی وەرگرت ئایا دەیانەوێ پێکەوە بن یان لە یەك جیا ببنەوە؟ ئەوانیش وەڵامیان دایەوە کە یەك پارچەن و دابەش ناکرێن و دژی جیابوونەوەش بوون. لە هەمان کاتدا داوایان لێکرا کەسێکی عەرەب هەڵبژێرن بکرێ بە مەلیك کەچی (إجماع) لەمەدا نەبوو. بەهەر حاڵ کە لەمانە پرسیارکرا سەبارەت بە هەڵبژاردنی فەیسەڵ وەك مەلیك بۆ عیراق (لە ساڵی ١٩٢١) دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ هەموویان قبووڵیان کرد. وەك نوێنەری باڵا باسی کرد (مەحزەرەکانی کۆنگرەی لۆزان، بەرگی یەکەم، ل٢٨٩).

ب- (لورد کرزن) لەم قسانەیدا ئاماژەی بە بوونی تورك کرد لە ویلایەتەکەدا و گووتی {هەموو دانیشتووان جگە لە لیوای کەرکوك دەنگیان بەوەدا پێیان باشە بخرێنە سەر عیراق و فەیسەڵ قبووڵ بکەن بە مەلیك} هەمان مەحزەر، بەرگی یەکەم، ل٢٩٢.

ج- لە یادداشتێکدا کە درا بە (عصمت اینونو) لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ (لورد کرزن) دووبارە ئاماژەی بە راپرسی پێشووی کرد کە باسمان کرد و-تفاصیل-ی دیکەی لەو بارەوە خستەڕوو کە گووتی {راپرسی هەموو ویلایەتی گرتەوە جگە لە کوردەکانی لیوای سلێمانی و ناوچەکانی رانییە و رەواندز کە ئەمانە گەلێك پێکدەهێنن بە تەواوی لە رووی رەگەز و زمانەوە جیاوازن و دەبێ هەڵسوکەوتێکی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێ، هەروەها

(٢٥) جورج نثنائیل کرزن ((١٨٥٩-١٩٢٥)) لە پیاوە دانسقەکانی سیاسەتی بەریتانی بوو شارەزاییەکی زۆری هەبوو لە کاروباری ئاسییەویدا. کرایە جێگری مەلیك لە هیند (١٨٩٨-١٩٠٥) و چەند جارێکیش وەزیری دەرەوە بووە لە نێوان ساڵانی (١٩١٩-١٩٢٤).

(٢٦) عصمت اینونو (١٨٨٤-١٩٧٣) فەرماندەییێکی سەربازی و سیاسی بوو و هاوڕێی مستەفا کەمال ئەتاتورك بوو. بوو بە وەزیری دەرەوەو سەرەك وەزیران پاشان سەرەك کۆماری تورکیا (١٩٣٨-١٩٥٠).



دەنگەکانی ناوچە عەرەبییەکان و ناوچە کوردییەکان کە دراوسێی ناوچە عەرەبییەکانن و ناوچە تورکمانییەکانیش جگە لە (کەرکوك) هەر هەموو حەزیان بەوە بوو بچنە پاڵ عیراق و فەیسەڵ بکرێ بە مەلیکی عیراق (الکتاب الازرق، تورکیا، ١، ٣، ١٩، ل٣٦٧).

لە لاپەرە (٣٧١)ی هەمان بەڵگەنامەدا دەبینین کە دانیشتووانی ویلایەت هەر هەموو لە ساڵی ١٩١٩دا دەنگیان بەوە دا (کە لەگەڵ بەغدا و بەسرە بە یەکگرتوویی بمێننەوە) پاشان لە ساڵی ١٩٢١ هەموو عەرەب و کوردی ناوچەکانی نزیك ئەوان و هەموو تورکمانیش (جگە لە شاری کەرکوك) دووبارە دەنگیان دایەوە بەوەی دەیانەوێ لەگەڵ عیراقدابن و فەیسەڵیان بە مەلییك هەڵبژارد. لەم بەڵگەنامە جیاوازانەوە تێدەگەین کە دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ خەڵکی سلێمانی هەر هەموویان دەنگیان بەوەدا کە دەیانەوێ یەك بگرنەوە لەگەڵ بەغدا و بەسرە، عەرەب و کوردیش هەر هەموو (جگە لە کوردی سلێمانی وەك دیارە) و هەموو تورکیش (جگە لە ناوچەی کەرکووك وەك ئەویش دیارە) دەنگیان دابە یەکگرتن و بەبوونی فەیسەڵ بە مەلیکیان.

د- لە وەڵامی —عصمت پاشا— دەربارەی یادداشتی پێشکەش کراو ئەوەی سەلماند کە دانیشتووانی سەنجەقی (لیوا) سلێمانی و کەرکووك دژی ئەوەبوون لەگەڵ عیراق دابنرێن. کە (لورد کرزن) وەڵامی دایەوەو گووتی خەڵکی سلێمانی دژی دەنگدان نەبوون بۆ ئەوەی بخرێنە نێو دەوڵەتی عیراقەوە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا داوایان لێنەکرا دەنگ بدەن بە کردنی فەیسەڵ بە مەلیکی عیراق لەبەر ئەو هۆیانەی لە یادداشتی ١٤ی کانوونی یەکەمدا باسم کراوە.

هـ- راپۆرتی رەسمی دەربارەی ئیدارە لە عیراق {راپۆرتێ دەربارەی ئیدارەی عیراقی: تشرینی یەکەم ١٩٢٠ — ئازار ١٩٢٢، ل١٢} ئەم بڕگەیەی تێدایە: ((بەشی سلێمانی بە نزیکەی هەموو دەنگەکان هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ عیراقدا قبوڵ نەکرد و بە ئارەزووی خۆیان ویستیان لەژێر چاودێریی راستەوخۆی بەریتانیادا بن کە ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانی بەڕێوەی ببا...))

و- لە هەمان راپۆرتدا (ل١٥) دەڵێ ((لیوای سلێمانی بڕیاریدا بەشداری نەکا لە هەڵبژاردنی مەلیکێك بۆ عیراق و لە ئەنجامی راپرسییەوە دەرکەوت کە ٩٦٪ی دەنگەکان حەز بە هەڵبژاردنی میر دەکەن، بۆیە رێژەی ئەوانەی دژ بوون ٤٪ لە شاری کەرکووك بە تورك و کوردەوە لە پلەی یەکەمدا، لە کاتێکدا کە لیوای کەرکووکیش دژی پاڵاوتنی میر بوون کەسێکی دیکەشیان دیاری نەکرد لە جێی ئەو.

ز- پێدەچێ گۆڕانێك روویدابێ لە بەڵگەكانی بەریتانیدا لەو ماوەیەی كە ئەم راپۆرتە رەسمیە دەرچووە. چونكە ئەو یادداشتەی لە ئابی ١٩٤٤[*]دا درا بە ئەنجوومەن روونی دەكاتەوە كە سەنجەقی سلێمانی لە هەردوو راپرسییەكەدا بەشداریی نەكردووە. لە كەركووكیش (تەنها شارەكە) رەفزی كرد دەنگ بدا بۆ چوونە پاڵ عیراق لەژێر حوكمی مەلیك فەیسەڵدا.

لەم بەڵگەنامانەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی كە سەنجەقی سلێمانی هەموو جۆرە خستنە پاڵ یا پێوەلكاندنی بە عیراقەوەی رەفزكردووە. سەنجەقی كەركووكیش بە هیچ جۆرێ حكوومەتی مەلیك فەیسەڵی قبووڵ نەكرد. بە قسەیێكی دیكە ئەم دوو سەنجەقە كە سێیەكی، بەڵكو نیوەش پێكدەهێنن لە كۆی گشتی دانیشتووانی ویلایەتەكە بە پێی سەرژمێرییە توركییەكان، دەنگیان دژی یەكگرتندا لەگەڵ عیراقدا. سەبارەت بە بارودۆخی ئەو دوای دانیشتووانی ویلایەتەكە كە لە كاتی راپرسییەكەدا نائاسایی بوو، شتێكی مەعقولە بگەینە ئەو ئەنجامەی كە زەحمەتە بگوترێ دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هەموویان دەنگیان لە بەرژەوەندی هەر چەشنێكی پەیوەندی لەگەڵ عیراقدا دابێ، تەنانەت ئەگەر بەپێی بۆچوونی حكوومەتی بەریتانیش بێ. هەموو ئەم (إعتبارات)انە ئەوە روون دەكەنەوە كە پێویستە شێوازی راپرسی پەیڕەو بكرێ بۆ زانینی رای خەڵكی ویلایەتەكە)) سەبارەت بە ڕێ وشوێنی پیادەكردنی ئەم راپرسیەش یادداشتە توركیەكە شتێكی زۆر كەمی لە پێشنیار پێشكەش كردبوو و زیاتر لە وەڵامی پرسیارەكانی لیژنەدا ئەو وردەكاریانەی روون كردبووەوە. وەڵامەكە بەم قسەیە دەستی پێكرد: ئەگەر ویسترا راپرسیەكە راستەقینە و شەرعی بێ، دەبێ هەموو گوشارێكی دەرەكی دوور بخرێتەوە لەسەر ئەوانەی پرسیاریان لێدەكرێ، بۆ ئەم مەبەستەش یادداشتە توركیەكە پێشنیاری ئەوە دەكا كە هەر لیژنەیێكی بێ لایەن لە پێشدا لەوە دڵنیابێ كە ویلایەتی موسڵ بەڕاستی بەدەست خەڵكی موسڵەوەیە ((وەك —لورد كرزن— لە لوزان ئاماژەی پێكرد {مەحزەرەكان، بەرگی یەكەم، ل٢٩٠} هەروەها دەبێ و ئەركی ئەو لیژنەیەشە كە لە رێژەی نەتەوە جیاجیاكانی هەر ناوچەیەك بەگوێرەی كۆی گشتی دانیشتووان وردبێتەوە.

بە هاتنەدی ئەمە و بەوەش كە حكوومەت بەڵێن بدا رێگە بە هیچ فڕۆكەیێكی حكوومەتی نەدا بە ئاسمانی ویلایەتدا بفڕێ لەكاتی راپرسیەكەدا، دەكرێ دەنگدان قبووڵ بكرێ بەمەرجێ شوێنی فەرمانبەرەكانی حكوومەت بەشێوەیەكی كاتی بە كەسانێك پڕبكرێتەوە كە خەڵكەكە دەنگیان بۆ دەدەن و ئەنجوومەنی ناوخۆش لە هەموو (موقع)ێكدا هەڵیان دەبژێرێ.

پێویست ناكا لە ئاژاوە و تێكچوونی نیزام بترسن وەك دەسەڵاتی بەریتانی باسی دەكا. چونكە لە هەموو هۆزێكدا ئەوەی پارێزگاریی نیزام دەكا ئەنجوومەنێكی عەشایەری تایبەتە و لە شارۆچكە و لادێكاندا بۆ ئەم مەبەستە هێزی ناوخۆیی هەیە بەگوێرەی رێژەی ئەو نەتەوانەی دانیشتووان پێكدەهێنن و ئەم هێزەش دەخرێتە ژێر فەرمانی ئەنجوومەنە ناوخۆییەكانەوە. حكوومەتی توركیا شێوازی دەنگدانی راستەوخۆی تاكە كەسی لا باشە چونكە باشتر گوزارە لە ویستی دانیشتووان دەكا. شێوازی عەمەلی بۆ ئەم دەنگدانەش ئەوەیە كە هەر یەكە و دوو كاغەزی بدرێتێ لەسەر یەكێكیان ئاڵای توركیا چاپ كرابێ و لەسەر ئەوی دیكەیان ئاڵای بەریتانی و پاشان داوای لێبكرێ كام كاغەزی پێ باشە و ئاماژە بەو دەوڵەتەش بكا كە دەیەوێ. هۆزە رەوەندەكانیش ئەگەر ناچاربووین ئەوە نوێنەرایەتی راستەوخۆ لەوانەیە باش بێ —التمثیل المباشر— و دەبێ هەموو ناحیەیەكیش ناوچەییێكی هەڵبژاردن بێ —دائرە انتخابیە— دەبێ هەردوو حكوومەتی توركی و بەریتانی نوێنەری وەك یەكیان هەبێ بۆ چاودێری كردنی لیژنەی سەرپەرشتیار. حكوومەتی توركیا لێرەدا ئاماژە بەوەش دەكا كە خەڵكی ویلایەتی موسڵ هەمیشە نوێنەریان هەڵدەبژارد بۆ پەرلەمانی توركی و لەگەڵ دەنگدان ماوەیێكی زۆرە راهاتوون.

(*) ئەمەیان دەبێ هەڵەی چاپ بێ و ١٩٢٤بێ نەك ١٩٤٤. (ح. ج)

-٢-

## پوختەی بەڵگەکانی حکوومەتی بەریتانی

دەچینە سەر بەڵگەکانی حکوومەتی بەریتانی لە رەفزکردنی راپرسیدا بە هەمان تەفسیلیش دەینووسینەوە کە لە وەڵامی وەزارەتی ((مستعمرات))ی بەریتانیدا هاتبوو دەربارەی یادداشتەکانی حکوومەتی تورکیا. ئەم وڵامەش خرایەبەر دەستی لیژنەکە.

أ- جگە لەو کۆمەڵگایانەی کە لە قۆناغێکی بەرزی رۆشنبیری و مەدەنیەتدان و بەباشی رێکخراون، هەر راپرسیەك کە بکرێ گومانی تێدانییە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە سیاسی و نەتەوەییەکانەوە بە پلەی یەکەم، یان بەهۆی هۆکاری هەنوکەیی —انیە— و نێوخۆییەوە وەك کێشە لەسەر زەوی یان سەپاندنی باجێکی نوێ یان شاڵاوی پروپاگەندەیەك کە کات بەدەستەوە نابێ دامرکێنرێتەوە، ئەمانە لە مەبەست و ئامانجی دووری دەخەنەوە جا ئەگەر پەنا برایە بەر راپرسی بە مەبەستی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و عیراق مانای وادەبێ کە ئەو کەسە نەخوێندەوارەی پرسیاری لێدەکرێ گوێ نادا بە هۆکارە سەربازی (السوقیە) و جوگرافی و ئابووری و ئیدارییەکان.

ب- لەبەر ئەم هۆیانە حکوومەتی بەریتانی داوای سنوورێکی نەکرد کە ماوەییێکی زۆر لە باکووری ئەو هێڵەی پێشنیارکرابوو دوور بکەوێتەوە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر راپرسی بە باشترین رێگەدانرا بۆ گەیشتنە چارەسەر، حکوومەتی بەریتانی وناچار دەبێ ئەو هۆکارانە بخاتەڕوو کە وای لێکرد پێوانەییێکی گەورەی زەوی لە باکووری ویلایەتی موسڵ لە دەوڵەتی عیراقی دا ببڕێ بۆ ئەو مەبەستەش داوا دەکا لەم ناوچانەشدا راپرسی بکرێ. ئم ناوچەیەش بەشی گەورەی وڵاتی ئەسڵی (اشوری)یەکانە هەروەها ئەو ناوچەیەش دەگرێتەوە کە هەندێ هۆزی کوردی تێدا نیشتەجێیە کە بەو مەبەستە لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا قسەیان کردووە جگە لە هۆزی دیکەی عەرەبی. بەشێك لە (اشوری)یەکان کە پێشتر لەم هەرێمەدا دەژیان لە عیراقدا نیشتەجێ بوون، بەڵام زۆر لەوانە لە حاڵی حازردا بڵاوبوونەتەوە لە روسیا و قەفقاس و شوێنی دیکەش، بۆ بە پێویستە هەوڵ بدرێ رای ئەوانەش وەربگیرێ. هەرچی چۆنێك بێ رەوا نییە پێشنیاری تورکیا کە داوا دەکا راپرسی تەنها لە ویلایەتی موسڵدا بکرێ، بڕیاری لەسەر بدرێ.

ج- ئەگەر بمانەوێ بڕوا بۆ ئەو پێشنیارە مسۆگەر بکەین دەبێ هەرچی هێزی تورکی و عیراقی و بەریتانی کە ئێستا بەرپرسن لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە بکێشرێنەوە



بۆ دەرەوەی ناوچەکە. ئەو پێشنیارەش کە لەلاپەڕە پێنجی یادداشتەکەی تورکیادا هاتووە کە داوا دەکا فەرماندەیی هێزە نێوخۆییەکان بدرێتە دەستی ئەفسەری بێ لایەن و ئەو هێزانەش بۆ پاراستنی ئەمن و مسۆگەرکردنی دۆخێکی بێ لایەن بەکاربهێنرێن ئەوا ئەو پێشنیارە عەمەلی نییە، چونکە پێویست دەکا هەموو ئەو هێزانەی ئێستا لە ناوچەکەدان بگۆردرێنەوە بەهێزی دیکە کە بە تەواوی بێ لایەن بێ، بگۆردرێنەوە بەهێزی بێ لایەن ئاشانیش نییە، ئەو جۆرە هێزە بێ لایەنە بدۆزرێتەوە کە بتوانێ ئاسایش بپارێزێ تەنانەت لە بارودۆخی ئاساییشدا لە هەرێمێکی وەك ئەم هەرێمە شاخاوییە سەختە، گومانیشی تێدانییە کە لەگەڵ دەسپێکردنی راپرسیدا شاڵاوێکی بەهێزی پڕوپاگەندەی تورکی دەست پێدەکا، لەو حاڵەتەشدا زەحمەتە ئەگەر ((مستحیل)) نەبێ کە حکوومەتی عیراق (منع) بکرێ هەمان شت بکا، ئاسانیشە ئەوە بهێنینە پێش چاومان کە چ جۆرە هەرایێك لەوەوە دروست دەبێ. بۆیە وەك دەبینین پێویست بە ژمارەیەکی زۆر گەورەی هێزی بێ لایەن دەکا بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش.

د- ژمارەی ئەو هێزانە بگاتە هەر چەنێك و چالاکی و هەوڵەکانی بۆ قەدەغەکردنی هەر دەستێوەردانێك، هەرچی چۆنێك بێ گومانمان هەیە لەوەی بگەینە رادەبڕینێکی راست کە پشتی پێ ببەسترێ سەبارەت بە رای هۆزەکانی سنووری باکووری عیراق لەم کاتەدا، چونکە دەزانن چ جۆرە مەترسییەکیان تووش دەبێ ئەگەر دژی چوونە پاڵ تورکیا دەنگ بدەن. ئەو شوێنەوارە وێرانکەرەی لە ئەنجامی چارەسەرکردنی کێشەکە بە رێگەی راپرسییەوە دروست دەبێ، لە تاقیکردنەوەکانی رابردووەوە دەتوانین زەینمان بۆی بچێ. چونکە ئەو کەمایەتییە دەنگدەرانە گومانی تێدانییە کە دەکەونەبەر شاڵاوی سزا و راونان، لەبەر ئەوە لایەنگری بۆ ئەو دەوڵەتەی بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆی کراوە بە بەشێ لێی، هەمیشە جێی گومان دەبێ و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی دژی بۆچوونەکەی ئەو دەنگیان داوە تووشی مەترسی ئەو تۆ دەبێ کە ناکرێ پشتگوێ بخرێ. ئەمانە ئەو مەترسیانەن کە دەبێ حیسابیان بۆ بکرێ چونکە تەنانەت ئەو وڵاتە ئەوروپیانەش کە کۆمەڵی گەلان لە رێی راپرسییەوە سنووری بۆ دیاری کردن، لێی رزگاریان نەبوو.

جا ئەگەر ئەم مەترسیانە لە ئەوروپا هەبێ دەبێ لە وڵاتێکدا کە کاریگەریی رای گشتی تێدا کەمە و بە حوکمی شوێنەکەشییەوە هێزی لاوازە، دەبێ کاریگەرییەکەی چەند بێ.

ئەگەر ملیشمان بۆ دەنگدانی نهێنی دا لەناو ئەو هۆزە نەخوێندەوارانەدا قەت کەڵکی ناگاتە ڕادەی زیانە مەترسیدارەکانی چونکە هەموو کاتێ دەگوترێ کە ئەوانەی دەنگیاندا لە ڕوانگەی بیروڕا سیاسی و نەتەوەییە زانراوەکانیانەوە داویانە.

هـ- ڕاپرسی دەکرێ چارەسەرێکی عەمەلی بێ بۆ کێشەیەك کە بتوانرێ بەشێوەی پرسیاری ئاسان دابڕێژرێ واتە هەڵبژاردنی ئەو خەڵکە لە چەند ژمارەیەکی دیاریکراوی هەڵبژاردندا -خیارات- سنووردار بکرێ. ئاشکراشە کە لە گرفتێکی وەك گرفتی سنوور ناکرێ بەمجۆرە گوزارەی لێ بکرێ. هەر بەم ڕاستیەش بە تەنها دەتوانین ئەو بەڵگەیەی تورکیا هەڵبوەشێنینەوە کە دەڵێ: کە هەندێ مەسەلەی تایبەت لە عیراقدا بە ڕاپرسی گشتی چارەسەرکرا، ئیتر حکوومەتی بەریتانی مافی ئەوەی نییە سووربێ لەسەر بێ کەڵکی ڕاپرسی لەم کیشەیەی ئێستاماندا. چونکە ئەو پرسیارانەی لەو ڕاپرسیانەدا دەکران زۆر بەشێوەیەکی ئاسان داڕێژرابوون وەك گوتمان و هەر بەو جۆرەش تەواوکرا.

و- لە هەردوو ڕاپرسی ڕابووردوودا داوای وەڵام نەکراوە دەربارەی پرسیاری ئاسان، بەڵکو پرسیاری وەها کە پێشتر هیچ تایەفەیێك لە دانیشتووان کە پەیوەندییان بەو ڕاپرسییەوە هەبوو بە تەواوی نەیاندەزانی، جگە لەوەی کە خەڵکی لیوای سلێمانی کە کوردن لە هەر دوو ڕاپرسییەکەدا بەشدارییان پێنەکرا. بەڵام لە کێشەی ئێستادا بیروڕای بەشێکی زۆر سەبارەت بە چارەنووسی ویلایەتی موسڵ وەك حکوومەتی تورکیا وەسفی کردبوو، بە باشی زانرابوو، چونکە کوردەکان نیوەی دانیشتوانی ویلایەتەکەن، نیوەکەی دیکەشی عەرەب سێ لەسەر شەشی نیوەی دووەمیەتی، زۆر زەحمەتیشە ئارەزووی عەرەب بۆ مانەوە لەناو دەوڵەتی عیراقدا پشتگوێ بخرێ. دەمێنێتەوە دوو لەسەر شەشی نیوەی دووەم کە بە کەمایەتییە ناموسڵمانەکان ئاماژەیان بۆ دەکرێ وەك ئێزدی و جولەکە و مەسیحی، ئێزدییەکان زۆرجار بە پەرۆشەوە داوایان کردووە لەناو عیراقدا بن، ئەمەش بۆ جولەکە و کلدانیە مەسیحیەکانیش هەر ڕاستە. بەڵام (الاشوريون النساطرة) پێیان باشە نە لە تورکیادا بن و نە لە عیراق بەڵام بەهەر حاڵ بڕیاریاندا کە نایانەوێ بکەونەوە ژێر حوکمی تورکی، ئەگەر گەرەنتی باشیان بدرێتێ حەز دەکەن لە دەوڵەتێکدابن لەژێر پارێزگاری یان چاودێری بەریتانیادا بێ بۆ ماوەیێکی دیاریکراو، ئەو شەش یەکەی دەمێنێتەوە بریتین لە تورکمان کە ڕازین لە سایەی ڕژێمی نوێندا بژین، باواش بڵێین کە حەز دەکەن بگەڕێنەوە تورکیا.

بەمجۆرە دەبینین کە ئارەزووی نیوەی دانیشتووان بە باشی زانراوە، نیوەی دووەمیش کوردە کەزۆربەی وهەر زۆریان هۆزی ڕەوەندن و زەحمەتە بیروڕاو بۆچوونی خۆیان بە ڕوونی گوزارە بکەن و دەری ببڕن.



-٣-

## بڕیار

لەسەرمانە بە پلەی یەکەم بناغەی مەسەلەی کێشەکە دیاری بکەین پاشان سنووری ئەو ناوچەیە دیاری بکەین کە دەویستری ڕاپرسی تێدا بکرێ، پاشان دێینە سەر سروشتی هەردوو ڕاپرسییەکەی ساڵی **١٩١٩** و ساڵی **١٩٢١** کە لە ویلایەتی پێشووی موسڵدا کران. بەڵگەنامە بەریتانییەکان لەم خاڵەی دواییدا بە تەواوی ڕوون نین چونکە دەربڕین و دەستەواژەی وای تێدا بەکارهێنراوە وا لە مرۆڤ دەکا زەینی بۆ ئەوە بچێ کە جۆرێ لە ڕاپرسی لە شوێنێ کراوە (وشەی ڕاپرسی بەلانی کەم لە یەك بەڵگەنامەدا بەکارهاتووە) بەڵام لەو دوای ناوچەکەدا نەکراوە، لەبەر هۆی دیاری نەکراو. ئەگەر کارەکە وەهابێ ڕەخنەکانیان لە پێشنیارەکانی تورکیا بەشێکی زۆری هێزەکەی دەدۆڕێنێ، ئەگەر پێش چەند ساڵێکی کەم ڕاپرسی کرابێ ئێستا ڕێگر چییە لەوەی نەکرێ و کامە هۆی قەناعەت هێن ڕێگە بەو ڕاپرسیەنادا لە کاتێدا بارودۆخی گشتی ئەمڕۆ لە هی دوێنێ باشترە؟ بەپێچەوانەوە دەبێ بایەخێکی باش بدرێ بە بەڵگەکانی حکوومەتی تورکیا، یەکەم لەبەر ئەوەی بیروڕای خەڵکەکە کە هەردوولا بایەخێکی زۆر گەورەی پێ دەدەن دەکرێ بەڕادەیەکی نزیك لە ڕاستی و بڕواوە بزانرێ. دووەم لەبەر ئەوەی هەردوو ڕاپرسی پێشوو هەموو هەرێمەکەی نەگرتبووەوەو لە بارودۆخێکی سیاسی ناسەقامگیردا و لەژێر سایەی دەسەڵاتی داگیرکەری سەربازی توندا کراوە، بۆیە ناکرێ بە بەڵگەی بێ چەند و چۆنی ویستی خەڵکەکەدا بنرێ وەك حکوومەتی تورکیا بەباشی بۆی چووبوو. هەر لەم خاڵەدا لیژنە هەست دەکا بەوەی دەبێ بڵێ کە ناتوانێ هاوڕا بێ لەگەڵ بەڵگەنامە بەریتانییەکان و ئەو نامانەی زۆری لێ خستبووە بەردەم لیژنەکە دەربارەی ئەوەی کە ڕاپرسی ناکرێ و ((مستحيل))ە چونکە ئەم کێشەیەی لێی دەکۆڵینەوە کێشەی سنوورە نەك کێشەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، هەرچەندە زۆر ڕاستە کە کێشەکە لە کۆتاییدا بەستراوەتەوە بە مەسەلەی سنوورەوە بەڵام دوو هۆی دیکە هەن کە ناکرێ پشتگوێ بخرێن. یەکەم لەبەر ئەوەی ئەو زەوییانەی دەکەونە نێوان ئەو هێڵەی حکوومەتی بەریتانی و تورکی پێشنیاران کردووە، ڕوونە کە ئەوەندە پان و فراوانە وات لێ دەکا نەتوانی بڵێیت کە مەسەلەکە تەنها مەسەلەی دیاریکردنی سنوورە. ئەم ناوچانە ئەو شوێنانە دەگرنەوە کە لە پێوانەی ویلایەتی موسڵ زیاترن و خەڵکانێکی تێدا نیشتەجێن کە ژمارەیان دەگاتە هەشت سەد هەزار

کەس. دووەم واقیع دەڵێ کە هەردوولا داوایان لە کۆمەڵی گەلان کرد گرفتەکە چارەسەر بکا و دانیشان بەوە داناوە کە ئەنجوومەن ئازادییەکی تەواوی هەیە هەر کام لەو دوو شێوازە پێشنیارکراوە هەڵبژێرێ یان هەر چارەسەرێکی دیکە وەك چارەسەری جیا لەو دوو پێشنیارە — حل وسط— ئەگەر مەسەلەکە وابێ ئایا خۆمان هەڵناخەڵەتێنین ئەگەر بڵێین مەسەلەکە کاریگەریی بەسەر دواڕۆژی ژمارەیەکی گەورەی خەڵکەوە نابێ؟ (سروشتی ئەو کێشەیەی لێی دەکۆڵرێتەوە وادەکا کە مەسەلەی راپرسی ببێ بە جۆرێك لە ((مستحیل)) چونکە هەر راپرسییەك کە دەکرێ زۆر مەعقول دەبێ ئەگەر هاوسەنگییەك لە نێوان شیمانە جیاکاندا- احتمال- هەبێ و بکرێ جا دەسەڵاتی داگیرکەر پێشتر کردبێتی یان نەیکردبێ) ، هەروەها لیژنە ناتوانێ بەڵگەی بەریتانییەکان قبووڵ بکا کە داوا دەکا راپرسییەکە لە ناوچەیەکی دیاری کراوی سنوور بکرێ بە تەنها چونکە ئەو هەرێمەی کێشەکەی لەسەرە سنوورەکەی دیاریکراوە و زۆر بەباشی زانراویشە، دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە هەردوولا پێیش وەخت بڕیاری ئەنجوومەنیان قبووڵ کردووە لەو رێنماییانەش کە بە لیژنە درا تیایدا بوو کە راپرسی ناکرێ دوور بخرێتەوەو نەکرێ، بۆیە ناکرێ قسەی حکوومەتی بەریتانی وەربگیرێ کە دەڵێ کێشەکە ئەو زەویانەش بگرێتەوە کە چارەنووسیان بابەتی لێکۆڵینەوە نەبوو. بۆ ئەوەی رووناکی زیاتر بخرێتە سەر سروشتی راپرسییەکە لیژنە داوای لە حکوومەتی بەریتانی و دەسەڵاتی بەریتانی لە عیراقدا کرد کە تەفسیلاتی زیاتری بداتێ.

لەو زانیاریانەی ناردوویانە دەردەکەوێ کە راپرسی نەکراوە نە لە ساڵی ١٩١٩ و نە لە ساڵی ١٩٢١ و ئەو شێوازەی کە بەگشتی لە هەردوو راپرسییەکەدا پەیڕەوکراوە کۆکردنەوەی پیاو ماقوڵان و سەرەك هۆزەکان و نوێنەرانی گوندەکان بووەو رایان وەرگیراوە و هیچ دەنگدانێ نەکراوە جا تاکە کەسی بێ یان نهێنی. لە راپرسی یەکەمدا ئەوانەی دەنگیان دەدا بەگوێرەی قەزا کۆدەکرانەوەو داوایان لێدەکرا وەڵامی ئەم سێ پرسیارە بدەنەوە.

١- ئایا حوکمی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوویان پێ باشە کە لەژێر چاودێری بەریتانیادا بێ و لە سنووری باکووری ویلایەتی موسڵەوە بکشێ تا دەگاتە کەنداوی فارسی؟

٢- ئەگەر وایە ئایا حەز دەکەن حوکمی ئەو دەوڵەتە تازەیە بدرێ بە میرێکی عەرەب.

٣- ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بوو کێ پێشنیار دەکەن.

پەخشنامەی ((پوختەی کارەکانی ئیدارەی مەدەنی لە وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە)) کە لە ساڵی ١٩٢٠دا چاپکراوە دەڵێ کە پرسیاری یەکەم قبووڵ کرا بەڵام سەبارەت بە پرسیاری دووەم



و سێیەم بیروڕاکان جیاوازبوون و شێوازی جیایان هەبوو. لە راپرسی دووەمدا ئەو سەرەك هۆزانە بەشداریان کرد کە لەلایەن هۆزەکانیانەوەیان لەلایەن حکوومەتەوە دانیان پێدانرابوو هەروەها ئەوانەش بەشدارییان تێداکرد کە پێشتر ئەندامی ئەنجوومەنی ئیداری پێشووبوون و بەگوێرەی ئەو یاسایانەی کاریان پێ دەکرا هەڵبژێردرابوون، هەروەها ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی دان پیانراو لەلایەن خەڵکەوەو موختارەکان و بریکارە تایبەتەکان کە خاوەن موڵکەکان هەڵیاندەبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی گوندەکان. لە شارەکان و ناوچە و شارۆچکەکاندا ئەو کەسانە بەشدارییان تێداکرد کە حکوومەت دایانمەزراند بوون لە فەرمانەکانیاندا، ئەمە جگە لە گەورە پیاوان و سەرکردە رۆحانییەکان. پاشان داوا لەم نوێنەرانەکرا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لێیان دەکرێ و ئەم قەواڵەیەش ئیمزا بکەن ((ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، دانیشتووی ناحیە (یان گەڕەك یان قەزا) شاری.... لە لیوای .... بڕیاری ئەنجوومەنی دەوڵەتی لە سەرەوە باسکراومان بیست و لێی تێگەیشتین و ئەنجامیش ئەوەیە (..........) و رایانگەیاند کە ئەوەی تیایدا نوسراوە قبووڵ دەکەن و دڵسۆزی خۆشیان بۆ میر فەیسەڵ دەردەبڕن لەکاتێکدا (...........) بەرهەڵستی ئەوەیان کرد یان لەگەڵی نەبوون.

{ئیمزاکان}

ئەم تەفسیلاتانە روونی دەکەنەوە کە ئەو شێوەیەی راپرسییەکەی پێکرا نەدەکرا سەربەخۆیی و ئازادیی دەنگدانەکەی تێدا مسۆگەر بکرێ.

سەبارەت بە بۆچوونەکانی حکوومەتی تورکیا کە لە هەڵوێستی هەردوو لیوای کەرکوك و سلێمانییەوە هەڵێنجراون، ئەوەی زانراوە کە لە هەردوو راپرسییەکەدا بەشداریی کرد وەك یەك کۆمەڵ دەنگی دا بە عیراق و لە دووەمیشیان دەنگی دا بۆ ئەوەی مەلیك فەیسەڵ ببێ بە مەلیك جگە لە شاری کەرکوك.

سەبارەت بە لیوای سلێمانیش لیژنە تەئکیدی کرد کە لە هیچ کام لەو دوو راپرسییەدا بەشداریی نەکرد لەبەرچەند هۆیەك کە لە بەڵگەنامەکانی راپرسی ١٩٢١ روون نییە جگە لەوەی لە لاپەڕە (١٥)دا باسکراوە لە کتێبی {راپۆرتێ سەبارەت بە ئیدارەی عیراق لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ تا ئازاری ١٩٢١} کە دەڵێ ((لیوای سلێمانی بڕیاریدا لە هەڵبژاردنی مەلیکێك بۆ عیراق بەشداری نەکا))، بەڵام وەڵامی بەریتانیا بۆ یادداشتە تورکییەکە کە درابوو بە لیژنە ئەم دەقەی نەسەلماند و بەوەش پاساوی بۆ هێنایەوە گوایا بارودۆخی سلێمانی لەکاتی راپرسی دووەمدا پابەندبوو بە (البند)ی شەست و چوارەمی رێککەوتننامەی سیڤەر کە دەڵێ

دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە هەندێ ناوچەی هاوتخوبی یەك ((بعض المناطق المتجاورة)) دروست بکرێ، لەبەر ئەم هۆیە وا بەباش دانرا کە ئەم لیوا کوردییە کە لیواییێکە تەنها کوردی تێدایە لە عیراقدا لە راپرسییەکە بەشداریی پێ نەکرێ. وەڵامەکە روونکردنەوەیەکی تێدایە بۆ ئەم گوزارەیەی لە هەمان راپۆرتی باسکراودا هاتووە لەلاپەڕە (١٢) و دەڵێ ((نزیکەی هەموو سلێمانی هەموو جۆرە و شێوەیەکی خستنە پاڵی حکوومەتی عیراقییان قبووڵ نەکرد)) وەڵامەکە دەڵێ ئەم گوزارەیە ئاماژە بە رووداوێکی دوای ئەوە دەکا کە پاش بڵاوکردنەوەی بەیانی نوێنەری باڵا کە تیایدا هەلی بۆ گەلی کورد رەخساند گوزارە لە بۆچوون و ویستی خۆی بکا. هەرچی چۆنێك بێ ئەوەی شایانی سەرنجدانە ئەوەیە کە ئەم بەیانە لە شەشی ئازاری ١٩٢١دا بڵاوکرایەوە واتە پێش راپرسی دووەم. دەبێ لەوەش بگەین کە هەڵوێستی خەڵکی سلێمانی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان سەربەخۆییان دەوێت، نەك لەبەر ئەوەی مەیلیان بەلای تورکدایە.

هەر کە لیژنەکە گەیشتە ناوچەی کێشەکە، دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی هەموو شیمانەکان-الاحتمالات- بۆ بەدی هێنانی راپرسی و کردنی، کە لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکەکەشدا لێکۆڵینەوەی دەکرد ئەوەی خستبووە پێش چاوی خۆی کە دەبێ دڵنیابی لە باشی ئەو بیرۆکەیە. لیژنە بۆی نەکرا بەڵگەکانی بەریتانیا قبووڵ بکا —کە دەڵێ راپرسی پێویست نییە— بە جۆری کە یەکجارەکی بێ، چونکە بیروبۆچوونی نیوەی خەڵکەکە —وەك گوتی — بەباشی زانراوەو نیوەکەی دیکەشی — لەگەڵ کەمێ جیاوازی ناتوانێ گوزارە لە بۆچوونی خۆی بە روونی بکا. بەڵگەی یەکەم هیچ ((دلیل))ێ پشتگیری ناکاو دووەمیش ناکرێ لێی دڵنیابین تا نەچینە شوێنەکە.

لیژنە بڕیاریدا مەڵبەندێ یان زیاتر هەڵبژێرێ و راپسی ئەزموونی —استفتاء تجریبی—ی تێدا بکا و داواشی لە نوێنەری باڵاکرد لە بەغدا کە هەندێ رێ وشوێن، کە لیژنەکە خۆی بڕیاری لەسەردابوو، بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونانە بکرێن. مەبەستییش لەو رێوشوێنانە ئەوە بوو کە ئازادی و بێ لایەنی بپارێزرێ و جێی بڕواش بی. بەڵام ئەم ئەزموونانە دوای ئەو شارەزاییەی لیژنە لە کاتی ئیشکردنیدا بەدەستی هێنا نرخی خۆیان لەدەستدا.

لە واقیعیشدا لیژنە زۆری نەبرد بڕوای بەوەهێنا کە بەڵگەکانی بەریتانییەکان راست و بەهێزن کە سەلماندبووی راپرسی ناکرێ و زۆر زەحمەتە ئەو رێگریانەی دێنەرێی لابرێن، جگە لەوەی ئەنجامەکانی راپرسییەکە گومانێکی زۆر لە دەروونی خەڵکدا جێدەهێڵێ.



گومانی تێدانییە کە بەڕێوەبردنی وڵات کە هەردوو دەوڵەتی پەیوەنددار بە کێشەکەوە پیادەی دەکەن لەوانەیە کاریگەریی لەسەر خەڵکەکە هەبێ، بۆیە پێویستە ئیدارەیەکی کاتی بێلایەن دابمەزرێ. بەڵام پێنشیاری تورکیا کە دەڵێ پلە حکوومەتییەکان بە کەسانێك پڕبکرێنەوە کە خەڵکەکەیان ئەنجوومەنی شارەوانی لە هەر ناوچەیێکدا هەڵیاندەبژێرێ، ئەمەش لەوانەیە بێلایەنی دەسەڵات مسۆگەر نەکا و لەوانەشە بۆی نەکرێ ئاشتی و ئاسایش بپارێزێ لە وڵاتێکدا کە زۆر ئاسانە بە شاڵاوێکی چالاکی پڕوپاگەندە سۆزی جەماوەر بوروژێنرێ و رەنگە ئەو فەرمانبەرانەش کە ئاماژەیان بۆکراوە بەشداریی تێدا بکەن، ئەمە جگە لە بوونی زۆر لە بەرژوەندیی تایبەتی دژ بە یەك، لەوانەشە هەڵبژاردنی ئەو فەرمانبەرانە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی بارودۆخێکی پشێوی و تێکدانی ئاسایش.

پێویستە ئەو دەسەڵاتە بێلایەنە پێشنیارکراوە هێزێکی گەورەی پۆلیسی لەبەر دەستدابێ، ئەم هێزەش ناکرێ لە هیچ کام لە سوپاکانی بەریتانی و تورکی و عیراقییەوە وەربگیرێ یان لە پۆلیسەکانی ئەوان بن، بەڵکو دەبێ هێزێکی بێلایەن بهێنرێ کە ئیشی هەر ئەوە نەبێ لە شارە سەرەکییەکاندا بوونی هەبێ بەڵکو دەبێ بەرەتلی (رتل) بەهێزەوە بنێردرێتە چیاکانی کوردەکان کە هەموو تاکە کەسێ لەوێ پڕ چەکە تەنانەت لەکاتی ئاشتییشدا، هەروەها پێشنیارەکەی حکوومەتی تورکیاش کەڵکی نابێ، کە دەڵێ پاراستنی ئەمن و ئاسایش بسپێردرێ بە تەشکیلاتی عەشایەری یان بە یارمەتی هێزەکانی ناوخۆ کە نەتەوە جیاجیاکانی خەڵکەکەی تێدا بەشدارە بە جۆرێك کە گونجاو بێ لەگەڵ ژمارەکەیان، ئیجرائاتێکی لەم جۆرە لەوانەیە ببێتە هۆی شەڕێکی نێوخۆیی —حرب أهلیة—.

ئەگەر ئەم مەرجە جەوهەریانە واتە ئیدارەیەکی بێلایەن و هێزێکی پۆلیسی بێلایەن نەهاتنەدی، دەبێ ئێمە چاوەڕێی ئاژاوەو پشێوی زۆر بکەین جگە لە گوشارێکی هەمە جۆر لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە. لەوانەشە ئەمە ببێتە هۆی خوێن رشتن. ئەگەر پرۆسەی راپرسییەکەش سەرکەوت لەگەڵ هەموو ئەو گەرەنتیانەی لەبەردەستدان بۆ ئازادی بیروڕا دەربڕین، هێشتا ئەنجامەکەی رەنگدانەوەی مەیلی راست و دروستی خەڵکەکە نابێ، ئەمە ئەگەر هەر مەیلیان هەبێ.

* * *

فێرکردن لە قۆناغێکی دواکەوتووی سەرەتاییدایە، سیستەمی کۆمەڵگا یان دەرەبەگایەتییە، یان لەسەر شێوازی کۆمەڵگاکانی سەدەی ناوەند بنیاتنراوە، بۆیە زۆربەی

دانیشتووان لەگەڵ رای سەرەك هۆزەكان یان خاوەن موڵكە دەرەبەگەكانیان دەبن چونكە ئەوانە كۆڵەكەی ژیانی ئەوانن، ئەگەر بیروبۆچوونی تایبەتی خۆشیان هەبێ ئەوا ئەم گەورە پیاوانە بەو جۆرە فەرمان دەدەن دەنگدانەكە بكرێ كە خۆیان دەیانەوێ، ئەمە جگە لەوەی دەنگدانەكە لە كاریگەریی ركەبەرایەتی كەسی و تۆڵە و هەست و سۆزی هەنوكەیی —كەم و زۆر— و شەڕ و ئاژاوەی هۆزایەتی و هی دیكەش، بە دوور نابێ.

لەوانەشە زۆریش، كە سزای حكوومەت هۆیەك بێ لە هۆیەكانی لاوازكردنی نرخ و بەهای ئەنجامەكان. ئینكار ناكرێ كە وڵات پیاوی زیرەك و رۆشنبیری ئەوتۆی تێدایە كە بتوانن دەنگ بدەن بە جۆرێك یەكسەر لە ویست و ئارەزووی راستەقینە و بەرژەوەندی خۆیانەوە هەڵقوڵابێ، هەموو ئەوانەی ئێمە بۆمان رێككەوت راوێژیان پێ بكەین لە كەسەكانی ئەم چینە، كە تیاشیاندا بوو ئەندامی بەرزی ئەو حیزبە بوو كە لایەنگری توركە، بیروبۆچوونی تایبەتی ئێمەیان پەسەند كرد بەوەی زەحمەتە راپرسییەكی بەهادار و سەنگین بكەین كە رەنگدانەوەی ویستی راستەقینەی خەڵكەكە بێ. بۆیە لیژنە ناچارە كە ئامۆژگاریی ئەنجوومەن بكا دەست لەم شێوازە هەڵبگرێ بۆ زانینی ویستی خەڵكەكە.

ئەو شێوازەی حكوومەتی بەریتانی پێشنیاری كردبوو شێوازێكی گونجاو و راستە، چونكە بەو رێگەیە دەتوانین ئەو زانیاریانەی ئەنجوومەن دەیەوێ و پێویستی پێیەتی بۆ چارەسەركردنی كێشەكە، ئامادە بكەین و بیدەینە ئەنجوومەن، جگە لەوەی كە هەر ئەو شێوازەش بوو لیژنەكە پشتی پێ بەست بۆ ئەوەی ئەركەكانی خۆی راپەڕێنێ. هەرچی چۆنێك بێت لە بەشەكانی دیكەی راپۆرتەكەدا ئەوەی گوتووە كە هەوڵی داوە لەكاتی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەكاندا ویستەكانی حكوومەتی توركیا لەبەرچاو بگرێ و هیچ جۆرە شێوازێك یان هەڵێكی پشتگوێ نەخستووە بۆ ئەوەی دڵنیابێ لە ویست و ئارەزووی خەڵكەكە.



# بەشی سێیەم

## باسكردنی هەموو لایەنەكانی ئەو كێشەیەی بابەتی توێژینەوەیە

## فەسڵی یەكەم
## بەڵگە جوگرافی و نەژادییەكان

**١- شیكردنەوەی بەڵگە جوگرافییەكان:**

هەردوو حكوومەتی توركیا و بەریتانیا لە چەندین بۆنەدا بەڵگەی جیاجیان پێشكەش دەكرد لەژێر ئەم ناونیشانە هەمەلایەنەدا بۆیە ئێمە سەرەتا بەوە دەست پێدەكەین كە بیانكەین بە سێ برگەوە:

**یەكەمیان:** ئەوەیە كە پەیوەندیی هەیە بە وەسفكردنی هەردوو هێڵی پێشنیاركراو.

**دووەمیان:** ئەوەیە كە پەیوەندیی هەیە بەو تایبەتمەندییە جوگرافی و جیۆلۆجی و ئاو و هەواییەوە كە ئەو هەرێمەی كێشەی لەسەر دەبەستێتەوە بە ناوچەی (المصاقبە) بەرەو باكوور و باشوور.

**سێیەمیان:** ئەوەیە كە پەیوەندیی بە رێ و بانە گشتییەكانەوە هەیە.

**یەكەمیان: لە وەسفكردنی هەردوو هێڵی سنووریی پێشنیاركراوە**

بەڵگەكانی برگەی یەكەم لەوە دەچێ لەگەڵ بەڵگە و بیروڕا سەربازییەكان ((السوقیە)) و هی دیكەش تێكەڵ كرابێ. ئێمە شیكردنەوەكەی خۆمان تەنها لەسەر بەڵگە جوگرافییەكان بەتەنها وبێ هیچی دیكە، دەكەین:

**١- سنووری باكوور كە حكوومەتی بەریتانی داوای دەكا:**

حكوومەتی بەریتانیا كە باسی ئەوە دەكا بۆچی ئەم سنوورەی لاباشە ئەم بەڵگە جوگرافیانەی خوارەوە دەهێنێتەوە: یەكێك لە یادداشتەكانی بەریتانیا ئەو چیایانەی بەدرێژایی سنووری پێشنیاركراو دەكشێ بە دیواری جیاكەرەوەی رێگر-حاجز- وەسف دەكا. لە یەكێك لە

وەڵامەکانی راوێژکاری بەریتانیدا سەبارەت بە پرسیارەکانی ئێمە وەسفێکی ((مفصل)) هەیە و کردووشیەتی بە چوار بەشەوە:

١- لە نێوان هەردوو رووباری هیزل و خابوور.

٢- وڵاتی هۆزە (ئاشوورییەکان)) لە نێوان رووباری خابوور و چیاکانی —الجیلو—.

٣- ئەو زەوییە سەختەی دەکەوێتە نێوان ئەم ناوچەیە و رووباری شەمدینان.

٤- لە رووباری شەمدینانەوە تا سنووری ئێران.

وا ئێمە ((تفاصیل))ی بەشەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم دەخەینەڕوو.

**بەشی دووەم:** ئەم ناوچەیە لە شوێنەکانی دیکە شاخی زیاترەو زیاتریش سەختە، لووتکەکانیان بۆ زیاتر لە دە هەزار پێ بەرزن و رووباری زێی گەورە ئاوەڕۆی خۆی لەناو چیاکاندا هەڵدەکەنی و دۆڵی —خوانق- وا دروست دەکا کە ئەملاو ئەولای ستوونییە و هەندێ جاریش تا قووڵایی پێنج هەزار پێ دەچێتە خوارەوە. شاخەکانیش لە نێوان خاپوور و زابدا زنجیرەن لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات دەکشێن، لە پشتی زابەوە رێڕەوی زنجیرە چیاکان روون نییە تا دەگاتە چیاکانی (جیلو). ئا لێرەدا زنجیرەکە بە روونی لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات دەکشێ. ئەم زنجیرە چیایە رێگە و رێڕەوی زۆر کەمی تێدایە. لە نێوان {جراموس} و {دیری ازیر}تەنها یەك رێگە دەبینین کە هۆزی (ارتوشی) رەوەند بەکاری دەهێنێ کاتێ کە مەڕو ماڵاتەکانیان دەبەنە لەوەڕگا هاوێنییەکانی ناوچە شاخاویەکان. پاشان رێگەیەکی دیکە هەیە کە لە (ارشیتا)وە بەدرێژایی دەربەندی زاب دەکشێ تاکو (لیوین) و (جولەمێرگ) ئەم رێگەیە زۆر بەکارنایێت، تەنانەت لەلایەن هۆزە رەوەندەکانیشەوە. بەڵام ئەم رێگایانە زۆر زەحمەتن تەنانەت بۆ پیادەرەویش-المشاة- بۆیە تەنها بۆ هاتوچۆی نێوخۆی ئەو گوندانەی دەکەونە سەر دەربەندی زاب بەکاردەهێنرێن. رێگەیەکی دیکە هەیە کە چەند لقێ لە هۆزەکانی (الارتووشی)ی رەوەند بەکاری دەهێنن کە بەناو چیاکانی (تیاری) خواروو و (تخوما)[1] دا دەکشێ تا رۆژهەڵاتی زاب. ئەو ناوچەیەش کە دەکەوێتە باشووری {جولەمێرگ} و هەموو رێگەکانی دیکە بریتین لە رێڕەوی-ممرات- شاخاوی کە تەنها بۆ هاتوچۆی ناوخۆی بەکاردەهێنرێن.

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی بەشی دووەم، واتە رۆژهەڵاتی رووبارەکانی {اورامار، و رووبار، تشین} و رۆژئاوای رووباری {شمدینان} و لەو چیایانە پێکدێ کە بەرەو دواوە

(١) دوو هۆزی (اشوری)ن.



دەڕوا تا ئەو دیوارە مەزنەی چیاکانی {چیلو، وسات، و چارجلی} دروستی دەکەن، لەم بەشەدا هیچ رێگەیەك بۆ رەوەندەکان نییە. رێڕەوەکانی کەمن بە ناوچەی واداتێدەپەڕن ئەوەندە لێژە کە تەنانەت رانە مەڕیش ناتوانن پیایدا بڕۆن.

**بەشی چوارەم:** بە تەواوی چۆڵە و کەسی تێدا ناژی. تەنها دوو رێگەی تێدایە، کە لە {کانی رش}ەوە دەکشێن و رێڕەوەکانی {زینیابردی} تا {نیری} دەبڕن. لە رەواندزیشەوە بۆ ئێران بەرێڕەوی {گردی} کە تا بەشی دووری رۆژهەڵاتی ئەم بەشە دەکشێ. ئەم دیوارە بەتایبەتی لەلای رۆژهەڵاتییەوە سنوورێکی ئابووری و نەژادی لە نێوان عیراق و ئەو وڵاتانەی دەکەونە باکووری پێکدەهێنێ حکوومەتی بەریتانی دڵێ لەوانەیە داوای سنوورێك بکا لە باکوورەوە دوورتر بڕوا، بەڵام مەبەستە سەربازییەکان (السوقیە) لە مەبەستە نەژادی و ئابوورییەکان گرنگترە. حکوومەتی تورکیاش بەمجۆرە وەڵامی ئەم بەڵگەیە دەداتەوە.

١- ئەو هێڵە سنوورێکی زۆرباش نییە ((چونکە لێرەدا ئەو مەبدەئە سەربازییە گشتییە هەیە کە دەڵێ ئەو لەشکرەی هێرش دەکا بە زەوییە شاخاوییە سەختەکاندا ناڕوا، بەڵکو پێی باشترە بە دۆڵ و دەشتەکاندا بچێتە پێشەوە...))

ئەو ((هەرێمەی حکوومەتی بەریتانی دەیەوێ هێڵی سنووری پێدا بڕوا جیاوازنییە لە ناوچە شاخاوییەکانی دیکەی ویلایەتی موسڵ. بەتایبەتی هەرێمی باکووری (سلێمانی)ی شاخاوی. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم هێڵە زنجیرە شاخێکی لێك دابڕاو نییە کە بە کەڵکی ئەوەبێ دیوارێکی گرنگ دروست بکا، چونکە ئاوەڕۆی هەرسێ رووبارە گەورەکە {الهیزل و الخابور و الزاب} و لقێکی زۆری ئەو رووبارانە زەوییەکە دەبڕن لە باکوورەوە بۆ باشوور. لەبەر ئەوەی ئەم هێڵە سنوورێکی ئاویی جیاکەرەوە نییە و هاوسنوور نییە لەگەڵ (حوض)ی هیچ رووبارێکدا، بۆیە گرنگی جوگرافی نییە جگە لەوەی کە دانیشتووانێك لە یەك جیاناکاتەوە کە لە دوو نەتەوەی جیاوازن)).

((لەبەر ئەمە، ئەو سنوورە باکورییەی حکوومەتی بەریتانیا داوای دەکات، زنجیرەیەکی نەپچڕاو نییە لە رۆژئاواوە بکشێ بەرەو رۆژهەڵات، بەڵکو چەند بەرزاییەکی شاخاوین کە تیایدا چیاکانی زاگرۆس و زنجیرە چیای تۆرۆسی ئەرمەنی پێکدەگەن. بەڵام ئەم شاخانەی کە بەفر تا ماوەیەك بەرەو باشوور دایاندەپۆشێ و زۆر لە زنجیرە چیاکانی باشوور بەرزترن و ئەگەر لە فڕۆکەوە تەماشای بکەیت وەك دیوار دێتە بەرچاوت. ئەو کۆمەڵە چیایانەی بەشێك لە هێڵی سنوور لەناویاندا تێدەپەڕێ لەو چیایانە بەرزترن کە لە باکوور و باکووری رۆژهەڵات دەکشێن و باوەش دەکەن بەو وڵاتەدا کە لە دەشتەکانی نێوان دوو رووبارەکەوە بەرزدەبێتەوەو تا بێت بەرزتر دەبێت تاکو دامێنی شاخاویی

زنجیرە چیای هاوتەریب پێکدەهێنێ لە ئەوپەڕی باشووریش وڵاتەکە دەبێتە خاوەن ئاکاری (ئەڵپی)[٢] و ئەم چیایانەش ئەوەندە بەرزنابن بۆ ئەوەی لە کۆمەڵە چیای یەکەم بەرزتربێ هەرچەند بەشێکیشە لەو پاشان وەڵامەکەی بەریتانیا، کە ئەمانەمان لێوە وەرگرتووە، دێتە سەر وەسفکردنی هەرسێ کەرتەکەی ناوەند و رۆژهەڵات و لە تواناماندا نەبوو بە شێوەیەکی (مفصل) لە باشی ئەو رێ و رێڕەوانە دڵنیابین. بەهەرحاڵ دۆڵی زێی گەورە بەباش و لەبار دادەنرێ بۆ پیادارۆیشتنی هێزی سەبازی شاخاوی —عسكرية جبلية— گەورە، دۆڵەکە خۆیشی ئاوەدانە یان لە رابوردوودا ئاوەدان بوو کۆمەڵگەی نیشتەنی چڕی دانیشتووانی تاڕادەیەك تێدابووە لە زنجیرەیەك گوندو نیشتەنی — مستوطن—، کە یەك لە دوای یەك دێن بێ پچڕان لە ناوچەی (چال)ەوە تا (جولەمێرگ) بەشی رۆژئاوا کە وەڵامەکەی ئینگلیزەکان بە تەفسیل وەسفی ناکا هەردوو ئاوەڕۆی هیزل و خابوور دروستی دەکەن، یەکەمیان ووبارێکی بچووکە لە سنوورێکی ئاسایی و تامەودایەکی سنووردار زیاتر نابێ. بەڵام خابوور لە سەرو زاخۆ رێگەیێکی پێچاوپێچ دەبڕێ کە پێچ و پەنا و ئاوەڕۆی تیژ و بەنێوانی تاشە بەردی گەورەیان پێکهاتەی ((جیری)) تێدایە دەڕوا. لە زاخۆ دۆڵەکە دەکرێتەوە و فراوان دەبێ و پانایی ئاوەڕۆی رووبارەکە زیاد دەکا و لقی لێدەبێتەوەو لقەکانی بەنێوان دوورگەی بچووك بچووکدا تێدەپەڕێ. زاخۆ خاڵی دەسپێیێکی رۆیشتنی (اکلاك-کەڵەك-) کە بەهۆی چووپی گەورەی فوتێکراوەوە سەرئاو دەکەوێ.

لاپاڵی ئەو زنجیرەیەی کە بە تیژی بەرەو رۆخی باشوور لێژ دەبێتەوە کۆسپێکی دیکە دەخاتە سەر ئەو کۆسپانەی خابوور دروستیان دەکا، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشی باشووری دیجلەدا رێڕەوێکی زۆر پان بەجێدەهێڵن، بەڵام رۆخی باکووری خابوور نزمە.

بەشی شاخاویی سنوورە پێشنیارکراوەکە بەتایبەتی کەرتی —قطاع— دوو سێ و چوار هیچ جیاوازییێکیان نییە لەو ناوچە شاخاویانەی دیکە کە (میسو پوتامیا) لە ئێران جیادەکاتەوە، بەڵام ناکرێ بۆ نموونە لەگەڵ ئەو چیایانەی لە باشووری سلێمانیدا دەکشێن بەراورد بکرێن کە بەرزاییەکانیان لە هەزار و شەش سەد مەتر تێپەڕ ناکات و بە ئاڕاستەی گشتی زنجیرەکانی لە چاو ئەو کۆمەڵەی ئەم بەشەی سنووری فارسی بەشێوەیەکی ((منحرف)) پێکدەهێنێ. ئەو سنوورەی حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردبوو لەم حاڵەتەدا هێڵێکی زۆر باشە بۆ دابەشبوونی جوگرافی هەر ئەویش (بە مانایەك کە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە یادداشتەکەی بەریتانیادا هاتووە) ناوچەیەکی

(٢) ئاماژە بە زنجیرە چیاکانی (الالپ) لە ناوەڕاستی ئەورووپا.



جیاکەرەوەی ئابوورییە، چونکە بەرەو باشوور وڵاتێکە کە دۆڵی پانی تێدایە و بەخێرایی بەرەو بازنەییێك لە بەرزایی دەچێ و روو دەکاتە دەشتەکانی ناوچەی موسڵ، لە کاتێکدا لە باکوور وڵاتێك دەبینین کە خاوەن ئاکاری (ألپ)یە.

لە رووی نەژادیشەوە ئەم هێڵە قەت ناکرێ بە هێڵی جیاکەرەوە دابنرێ چ جای بەربەست (حاجز). نەخشەی نەتەوەکان کە کۆمەڵەی جوگرافی شاهانە لە ساڵی ١٩١٠ بلاوی کردەوە و ئەو نەخشەیەش کە حکوومەتی بەریتانیا پێشکەشی کرد وەك پاشکۆی یادداشتەکەی ئەم راستیە لە یەکەم تەماشاکردنەوە دەسەڵمێنن چونکە لە کۆمەڵە چیاکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات، بەرەو باکوور و باشوور بەیەکەوە، دانیشتووان کوردبوون لە هەمان هۆز یان لە هۆزی دیکە کە دەچنەوە سەریەك.

ئەو سنوورەش کە ئەو کوردانە لە کوردەکانی چیاکانی (طوروس)ی ئەرمەنی و کوردەکانی باکووری ئێران جیادەکاتەوە زۆر لەوە دوورترە. بە گوزارەیەکی وردتر: سەرچاوەکانی دیجلە کە ناتوانرێ پیایدا بپەڕێتەوەو دەربەندی (بدلیس) و دەریاچەی (وان) و دەریاچەی (أورمیە) و ئەو چیایانەی بە نێوان کۆتاییەکانی باکووری —النهايات الشمالية— ئەم دوو ریاچەیەدا دەکشێن {سایکس: ل٤٥٢ و ٦٧٣}.

لە باشووری دۆڵی زێی گەورەو باکووریدا مەسیحیە نەسنوورییەکان (المسيحيين النساطرة) دەژین کە بە ئاشووری ناسراون و لەگەڵ کوردەکاندا تێکەڵ بوون. هەموو ساڵێك هۆزە رەوەندە جیاوازەکان لە (الارتووشی) و (الهاجان) و (الهركي) ئەم چیایانە دەبڕن.

## ٢- سنووری باشوور کە حکوومەتی تورکیا داوای دەکا:

حکوومەتی تورکیا دەڵێ ((لە هەردوو لایەنی تۆپۆگرافی و ئاو و هەواوە، ئەو هێڵەی وڵاتی (الأناضول)-اناضولیا- و عیراق لێك جیادەکەنەوە، هێڵی رووباری دیالە و چیای حەمرین و چیای-مکحول- (چیای فحول) و دۆڵی —الثرثار— و چیای شەنگارە... بەرەو باکووری ئەم هێڵە ویلایەتی موسڵ رەواڵەتی ئاو و هەواو دیاردەی جوگرافی و شتی دیکەی واپیشان دەدا کە رێك لەوانە دەچن کە لە وڵاتی (أناضوليا)دا هەن، لە کاتێکدا ویلایەتی بەغدا زۆر جیاوازە لە ویلایەتی موسڵ و (أناضوليا). ئەم هێڵەش هەموو ئەو سوودانە دابین دەکا کە لەو هێڵەی حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردووە نییە. یادداشتەکەی بەریتانیا و ئەو وەڵامانەی دەربارەی هاتوون رەخنە لەو سنوورە دەگرن کە حکوومەتی تورکیا پێشنیاری دەکا و وەسفی چیای حەمرین و کشانی چیای (مکحول) کە لە هەموو روبێکەوە لەو دەکا بەمجۆرە باس دەکا ((زنجیرەیەك گردی کەم بایەخن و بە

کەڵکی ئەوە نایێن سنووری دابڕین —حاجز— بن)) و ((ئەمە زنجیرە چیا نییە بەڵکو زنجیرە گردێکی لمینە —کثبان رملیە—)). حکوومەتی تورکیا وەڵامی ئەمە دەداتەوەو دەڵێ ((ئەو زنجیرە باسکراوانە گردی لمین نین وەك یادداشتەکەی بەریتانیا وەسفیان دەکا، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێڵێکی نەپچڕاوە لە بەرزایی لەناو زەوییەکی تەختاندا و لاپاڵی لیژیان هەیە بۆیە دەکرێ بە کۆسپێك دابنرێ کە زەحمەتە گوزەری پێدا بکەی هەروەها حکوومەتی تورکیا دەڵێ ((رووباری دیالە ڕێڕەوێکی پانە و بە کەڵکی سنوور دێ، ئەمە جگە لەوەی ئەو هێڵەی تورکیا پێشنیاری کردبوو سوودێکی دیاری هەیە (فائدە جلیە) لەوەدا کە نزیکەی لە هەموو خاڵێك لە خاڵەکانیدا، لەگەڵ هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانی کوردو تورکن و ئەو ناوچانەش کە زۆربەی دانیشتووانی عەرەبن گونجاو و وەك یەکە —مطابق—.

راستی لە هەردوو بۆچوونەکەدا هەیە، بەڵام ئەگەر بە جیا جیا وەریانبگرین وردنین. بۆیە و بۆ ئەوەی زۆر لەم مەسەلەیەدا وردبین پەنامان بردەبەر باشترین سەرچاوە دەربارەی ئەو دوو شاخە.

((مستر أ. هـ. باسکو (ام. دی. دی. اس. سی، ان. جی. اس) سەرۆکی مەسحی جیۆلۆجی لە هیندستان لە رووی جیۆلۆجییەوە ئەم ولاتەی مەسح کرد، لە زستانی هەردوو ساڵی ١٩١٨-١٩١٩ ئەمەش بە فەرمانی حکوومەتی بەریتانی بوو، بەمجۆرە وەسفی ئەم بەرزاییانە دەکا ((چیای حەمرین زنجیرەیەکی درێژ و تەسکە کە لە دەشتێکی لیتەییدا دەردەکەوێ... زنجیرەیەك کە پانیەکەی لە نێوان دوو میل و دوو میل و نیو دایە، بەرزترین خاڵیش تیایدا نزیکەی شەش سەد پێیە لەسەر ئاستی رووبارەکەوە، لەکاتێکدا بەرزایی چیای (مکحول) دەگاتە هەشت سەد پێ جگە لە دەربەندی دیجلە. ئەم بەشەی زنجیرەکە لەسەر یەکە و شکان و پچڕانی تێدا نییە جگە لەوەی کە لووتکەکەی بە وردی بە دوای پێچاوپێچە کوڕەکانی لە بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەدا دەڕوا و بەمجۆرە هێڵی ئاسۆیی نەپچڕاو دروست دەکا کە زەوییەکەی تاڕادەیەك ((متعادیە)) و جۆگەلەی زۆر دەیبڕێ و ڕۆیشتن بەناویا مرۆڤ ماندوو دەکا چونکە توێکڵەکەی نەرمانە بەڵام زەحمەتیش نیە و تاشە بەردەکانیشی لە ناوکێکی ناوەندی —نواة مرکزیة— پێکدێ کە بنەماییێکی —قاعدە— هەیە لەسەر چینی گەچین (طبقات حصیة) بنیات نراوە (گەچی سپی سورباو)... لە هەمووولاییێکەوە... ((متوالیات)) دەوری گرتووە کە لە قوڕی لمینی نەرم و سورباو و بەردی لمین پێکهاتووەو بەرز دەبێتەوە تا لەگەڵ تاشە بەرد و بەردە لمینەکاندا تێکەڵ دەبێ.

پێچەکانی هەردوو چیای حەمرین و (مکحول) کە لە شێوەدا کوڕن بە تەواوی ڕێك نین، چونکە لای باشووری رۆژئاوا لیژیەکەی کەمترە لەلای باکووری رۆژهەڵات.



بەڵام (لوفتوس)[٣] کە سەرچاوەیەکە لەوی پێشوو کۆنترە بەڵام هێشتا لەو سەرچاوانەیە کە زۆر پشتی پێ دەبەسترێ.

ئەو لە ((جیۆلۆجیای لایەکانی سنووری تورکی و فارسی —جیولوجیة أطراف من الحدود الترکیة و الفارسیة— گۆڤاری وەرزی جیۆلۆجی-١٨٥٥ز)) دەڵێ:

هێڵی بەرزایە گەچینەکان کە لە ئێرانەوە دەست پێیدەکا و تا ((مندلی)) دەکشێ بەرەو رۆژهەڵات و پاشان بەرزدەبێتەوە بۆ ئەوەی زنجیرەیەك پێکبهێنێ کە چیاکانی حەمرینی پێ دەڵێن یان —گردە سورباوەکان (کە رەنگی جیرییە)— لە رووباری دیالە دەپەڕێتەوەو لە هێڵی پانی ٠٦، ٣٥ دیجلە بەجێدێڵێ... لە بیابان لە باشووری رۆژئاوای پاشماوەکانی —الحضر—[٤] بایی ئەوەندەی من ئاگادار بم، نامێنێ.

سەرچاوەیەکی دیکەی کۆن هەیە کە (چیرنیك)ە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکەی دەربارەی دیجلە و فورات — ١٨٧٥ ل ٤٤- ئەمەی تێدا هاتووە:

«ئەم زنجیرە درێژە لە سەروترین خاڵێدا رووباری دیالە و (العظیم) نایبڕێ، ئەمە جگە لەوەی یەك زنجیرە پێکدەهێنێ کە لە باکووری رۆژئاواوە دەکشێ تا باشووری رۆژهەڵات، ئەوسا ئەو دوو رووبارە ئاوەکەیان تەوژمی زۆر توندی تێدا پەیدا دەبێ کە تاڕادەیەك زەحمەتە بتوانی لێی بپەڕیتەوە... لەگەڵ ئەوەی ئەم زنجیرە شاخانە ئەگەر لە دوورەوە تەماشای بکەی لاپاڵەکانی بەبێ دابڕان بەتوندی بەرزدەبنەوە، لەهەموو قۆناغێك لە قۆناغەکانیدا سەرنجمان دا کە زەوییەکەی بەرزی و دربەندی یەك بە دوایەکی تێدایە کە زۆر و درێژن جگە لەوەی لەسەرزەوییەکە وردەبەردی تێدایە کە توێکلێکی لە گەچی سورپێکهاتوو دادەپۆشێ. ئەوە رەواڵەتی سەرەکی جیۆلۆجیی ناوچەکەیە، لەهەندێ ناوچەشدا چاومان بەچینێك لە قوڕی شین هەڵگەڕاو کەوت. کە بەوردی تەماشامان کرد بۆمان دەرکەوت کە

(٣) و. ك. لوفتوس. لە کتێبەکەیەوە گەشت و پشکنین لە وڵاتی کلدان و سوسە. چاپی لەندەن ١٨٥٧. نووسەر یەکێك بوو لە ئەندامانی لیژنەی دیاریکردنی سنوور کە لەلایەن بەریتانیاوە نێردراوە، دوای ڕێککەوتننامەی (ارضروم) لە نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لە ١٨٤٩دا. کتێبەکەی وەسفی موسڵی تدایە، کە لەوێشەوە چووەتە بەغدا بەرەو خوار تا فوراتی ناوەند —الفرات الاوسط— و بەسرە و عەرەبستان

(٤) کۆمەڵە دار و پەردوی شاری (الحضر-حترا) یە ئەویش ئەو (شارەیە-دەوڵەت) کە دەکەوتە نێوان هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی رۆمانی و فارسی (سەدەی سێیەمی پێش زایین تا سەدەی دووەمی پێش زایین) بوومەلەرزە وێرانی کرد و شوێنەوارەکەی لە ساڵی ١٩٥٤دا دۆزرایەوە و دەکەوێتە رۆژئاوای موسڵ لەسەر دۆڵی —الثرثار— لە بیابان و بە دووریی سەد کیلۆ مەتر لێیەوە.

ئەم چیایانە لە پێنج لوتکەی تەخت (خمسە متون) پێکهاتوون کە بەرزاییەکانیان لەنێوان هەشت مەتر و دە مەتردایە و هەریەکەو لەوی دیکە بەمەودای ١٥٠ و ٢٠٠ مەتر دوورە و لەلای راستیانەوە ئەم بەرزاییانە لەسەرەوە چینە زەویی جیاواز دەردەکەوێ، دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێ کە تەنها ئەو زەوییەی بەرەو دیجلە لیژ دەبێتەوە کەند دەبڕێ و لە شوێنی دیکەیدا نییە، ئەم ئاکارانە ئەوە دەسەلمێنێ کە ناوچەکە نە رەوکی تێدا دەڕوێ و نە ئاوی زۆریشی تێدایە (لاپاڵی باکووری رۆژهەڵاتی چیای — مکحول -) ، لە کاتێکدا ئەو لاپالانەی دەکەونە بەری ئەوبەر لەوەڕگەی باشی تێدایە (لاپاڵی باشووری رۆژئاوای چیای — مکحول -) ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە بەرزاییەکەی لەنزیك رێرەوەکە دەگاتە دوو سەد و شەست مەتر بۆیە و لە بەرئەم هۆیانە ناتوانین بە حەمرین بڵێین چیابە مانای وشە بەڵام سەرەتای دامێنی چیاکانە وەك باسم کرد و لەزەویەوە دەردەچێ وردەوردە تابەرەو باکوور برۆین بەرز دەبێتەوە (بلانکنهورن) کە نوسەری بەشەکانی (سوریە و جزیرە العرب، میسوبوتامیا) لە ئینسکلۆ بیدیای جیۆلۆجی هەرێمیی گەورەدا ساڵی ١٩٠٠. چیای حەمرین بەمجۆرە وەسف دەکا «لە دامێنی زنجیرەکانی ئێرانەوە کە بەرزی و نزمی تێدایە چەن زنجیرە چیایێك بەگۆشەیێکی لاری تیژ بەرەو دیجلە دەکشێ، بەتایبەت چیای حەمرین کە لە بەردی لمین و کۆمەلە (الکونگلومیتیە) و چینە گەچی بەرز و نزم پێکدێ...»

پاشان یەکێکی دیکە کە یەکێکە لەوانەی زۆر بەباشی شارەزای حاڵ و باری وڵاتەکەیە، ئەویش (النقیب اف. أر. ماونسل)[٥] لەهێزی توپخانەی شاهانە (وتارەکەی:- کێڵگەی نەوتی نێوان دوو رووبارەکە — گۆڤاری جوگرافی، أیار ١٨٩٨) دەنووسێ: «چیای حەمرین دیاردەکە چاو هەڵەی تێدا ناکا لەشوێنێکەوە دەس پێدەکا کە لە باکووری (مندلی)یەوە زۆر دوورنییە و بەرەو باکوری رۆژئاوا دەکشێ لەو دەشتەی دیجلە کە دەکەوێتە نزیك قەڵای (شرقاط) ئاسەواری لەچاو بزر دەبێ و نزیکەی شەش سەد پێ لە دەشتەکە بەرز دەبێتەوە و زۆربەی بەشەکانی لەبەردی لمین و (الکونگلوموریت) پێکدێ.

ئێمە بۆمان لوا ئەم دوو چیایە ببینین جارێکیان لەناو ترومبێلدا و دوو جاریش بەفرۆکە. ترومبێلەکەمان بەلای لاپاڵی باشووری رۆژئاوای چیای — مکحول — دا رۆیشت و بە دەوری کۆتایی

(٥) ماونسل لە ساڵی ١٨٨٨دا گەشتەکانی کرد و لە (سملا) لە هیندستان ساڵی ١٨٩٠ تەفسیلاتەکانی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (استطلاعات في بلاد مابین النهرین و کردستان وشمال غرب ایران و لورستان). هەروەها چەندین وتارشی لە کۆمەڵەی جوگرافی شاهانەدا نووسی.



باکووری رۆژئاوایدا سوڕاینەوە و بەمجۆرە توانیمان لە وردی ئەو زانیارییانە دڵنیابین کە خوێندبوومانەوە و لێیانەوە وەرمانگرتبوو ئەگەر پێویست بەشایەتی بکا. دەربارەی ئەو بۆچونانەی کە دەڵێ: ئەم گردانە دەکرێ بە سنوورێکی ئاووهەوا و جیولۆجی دابنرێ، ئەمەیان کە باسی وەسفێکی گشتیی ویلایەتی مووسڵ دەکین دێینەوەسەری. لێرەدا تەنها ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بکەین بەوەی هەردوو چیای حەمرین و مەکحول بەهیچ شێوەیێك ناکرێ بەکەڵکی ئەوە بێ بکرێیە سنوور لەڕووی جیۆلۆجییەوە وەك حکوومەتی تورکیا داوا دەکا. چونکە بەردی لمینی هەردوو لاپاڵەکەی لەژێرپێکهاتەی سروشتی دا نامێنێ مەبەست لێرە قوڕ و لیتەی کۆنی وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەیە کەتێکەڵ بە گەچ دەبێ و هەمان شێوە لەبەری یەك رۆخدا لەپشتی دیجلە دەکشێ و لە رۆخەکەی دیکەشدا تا ناوەڕاستی دەشتی هەولێر. لەڕووی ئاو و هەواشەوە ناکرێ. ئەم زنجیرەیەی دووسەد مەترە بەرزییەکەی و دووناوچەش لەیەك جیادەکاتەوە کە وەك یەك بەرزن واتە سەد و حەفتا مەتر، بە جیاکەرەوە بەربەست — حاجز — دابنرێ. رەواڵەتی فیزیۆغرافی و ئاکارە سروشتییەکان و رووەکی هەرێمەکان (دەشتایی قوڕینی لمینە، ئەو رووەکەی لێی دەڕوێ دڕکاوییە) لەهەر دوولا دەبینرێ.

پاشان زەوییەکەی هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایێ مەگەر بە پلەیەکی زۆر کەم و سست ئەویش کە لە شاخەکان نزیك دەبینەوە، بۆیە زەحمەتە وەك سنووری سروشتیی دابنێین.

چیای حەمرین سنووری سرووشتی دروست ناکا، چونکە ئەو لەهێڵێکی بەرچاوی ناو دەشتاییەکە زیاتر نییە، هەندێ جار بەهێڵی دابەشکردنی وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەی سەرو و خوارو دانراوە، ئەو ناوچەیەش لە دواییدا لە رەواڵەتەکانی جیاوازیی لەنێوانیاندا دەدوێین سنووری سروشتیی جیۆلۆجی یان مۆرفۆلوجی زۆر دوورتر دەکەوێتە باشوور و بە مەودایێکی کورت لە خوار تکریت بەدیار دەکەوێ. ئەگەر ویستمان سنوری ئاووهەوا دیاری بکەین، ئەوا چیاکانی قەرەداغ زۆر بەرزترن (بەرزایی لوتکەکانی لەنێوان هەشت سەد مەتر و هەشت سەد و حەفتا مەتر دایە لەژور ئاستی دەریاوە و لە نێوان چوارسەد و پەنجا مەتر و پێنج سەد و پەنجامەتر لە ژور ئاستی دەشتەکانی دەوروبەریەوە) ئەمەیان بەربەستێکی جیاکەرەوەی رەواڵەت زۆر روونتر پێکدەهێنێ و دەکەوێتە نێوان دەشتی (الجزیرە) و چیاکانی کوردستان بە دەشتە کشتوکاڵیەکانییەوە کە بەدرێژایی دامێنیی چیاکان دەکشێن. پاشان راستیەکی زۆر باش زانراو هەیە ئەویش ئەوەیە کە رادەی باران بارین لە باکووری رۆژهەڵاتی (قرچو — داغ) زۆرترە لە رادەی بارانبارین لە باشوری رۆژهەڵاتی .

لەرووی مێژوویشەوە نەچیای حەمرین و نەچیای — مکحول — کە درێژەی حەمرینە، هیچ کاتێ ئەو گرنگییەیان نەبووە، یان بتوانن وەك سنوور رێگە لەهەر مەترسییەك بگرن و بەردێژایی مێژووی ئاشوری و بابلی باس نەکراون وەك سنوورێك بۆ وڵاتی ئاشور. ئەم سنوورە ئەگەر نەزانراویش بێ زۆریش دەگۆڕی و بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ هێڵی تکریت دا دەڕوا. هەروەها ئەو دووشاخە ناشتوانن ببنە سنووری نەتەوەیی وەك لەباسی بەڵگەنەژادییەکاندا دێینەوە سەری. چیای حەمرین و مەکحول دەکرێ ببنە سنور لەناوچەیەکی بیاباندا کە خۆی لەخۆیدا (بەتایبەتی لەرۆژگاری ئێستادا) سنوورێکی سروشتی زۆر باش پێکدەهێنێ، بەهەردووکیان هێڵێکی نەپچڕاوی راست دروست دەکەن، بەڵام لەوە دوورترن کە سنوورێکی باش و رواڵەت روون دروست بکەن.

* * *

ئەگەر تەماشای ئەو نەخشانە بکەین کە حکوومەتی تورکیا خستیە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵ، دەبینین ئەو هێڵەی ئەو داوای دەکا ببێ بەسنوور بە تەنیشت لای باشووری چیای مەکحولدا دەکشێ نەك لوتکەکەی، پاشان لە دیجلە دەپەڕێتەوە و لەگەڵ لوتکەی چیای حەمریندا دەڕوات تانزیك دیالە و لێرەشدا بە پشتی سنوری باشووری پێشوی ویلایەتی مووسڵدا تێدەپەڕێ و بەدەوری لاپاڵی باشووری گردێکی دیکە دەسوڕێتەوە کە لە چیای حەمرین لە شوێنێکدا جیابوەتەوە، لەدواییدا دەگاتە رووباری دیالە و لەگەڵ ئاوەڕوکەیدا دەڕوا بەرەو باکووری رۆژهەڵات. ئەم هێڵە لەو بەشەی تایبەت بو بەخانەقین دیاری کراوە لەو نەخشەیەدا کە درابو بە ئەنجوومەنی کۆمەڵ، لەبەشی دواییدا (کەتایبەت بوو بەسلێمانی) لە ئەنجامی هەڵەییەکەوە کە بەئەنقەست نەبوە هێڵەکە نەکێشراوە، بۆیە شوێنەکەی روون نەبوو. هەرچی چۆنێك بێت ئەو پارچە زەوییەی پانیەکەی لەنێوان دەکیلۆمەتر و بیست کیلۆمەتردایە و درێژییەکەی هەشتا و پێنج کیلۆمەترە بەهێڵێکی راست لەنێوان دیالە و سنووری ئێراندا مایەوە، ئەمەش بەشێکە ناتوانرێ لە عیراقەوە بیگەیتێ (نەخشەی -٢) هێڵی دیاڵە ناکرێ ببێ بە سنوورێکی باش، چونکە ئەمبەروئەوبەری رووبارەکە خەڵکێکی زۆری تێدا دەژین بەڕادەیەك کە ناتوانرێ حسابیان بۆ نەکرێ بەشەکانی سەروشی کە بابەتی باسەکەمانە ناتوانین بڵێین گەورە و پانە، چونکە دەتوانی بەپێ لە زۆر شوێنەوە لێی بپەڕێتەوە. سنووری پێشوی فارسی تورکی کەزحمەتە بەسنوورێکی جوگرافیی باشی دابنرێ، لە هەموو حاڵێکدا لەهێڵی دیالەی پێشنیارکراو باشترە ئەگەر لەگەل یەکدیدا بەراوردیان بکەین.

هێڵەکە لەلای دووەمیەوە (رۆژاوا) دەگاتە دۆڵی- الثرثار- ئەم دۆڵەش پانترین و گەورەترین دۆڵە کە لەچیای شەنگارەوە لێژدەبێتەوە، هەر لەبەر ئەمەش لەوانەیە بەهێڵی سنووری ئاسایی



دابنرێ لەبیاباندا، لە کاتێکدا بیابان وەك ئاشکرایە بۆخۆی ناوچەی جیاکرەوەیە ئەو هێڵە لەو بەشەی تایبەتە بە شەنگار لەنەخشەی پێشکەش کراو، دیاری نەکراوە. دەبێ ئەوش بڵێین ئەگەر هێڵەکە لەگەڵ لوتکەی ئەم شاخەدا رۆیشت کە لەبەردی کلسیی کە توێکڵێکی بەردی گڕکانی (بازلت)ی هەیە ئەوسا کۆمەڵگەی ئێزدی دەکا بە دوو بەشەوە، ئەو کۆمەڵگەیەی لاپاڵەکانی خوارەوەی هەردوو دیوی شاخەکە بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهێنن.

**دووەم:** ئاکارە جوگرافی و جیۆلۆجی و ئاووهەوا کە ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە دەبەستێتەوە بە زەوییەکانی دەوروبەرییەوە.

**١- ئاکارەکانی جیۆلۆجی و ئاو و هەوا:**

ئەوئاکارە جوگرافییانەی لەبەشی دووەمدا دامانابوو، پشت بە هەرێمی کێشە لەسەر و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ (وڵاتی دوور رووبارەکەی خوارو) و (أناضوليا) هەروەها رواڵەتەکانی لێك چوونیان دەبەستێ. و (اناضوليا) ناوێکە حکوومەتی تورکیا بە هەڵە بەکاری دەهێنی لەڕووی جوگرافیەوە بۆ ئەوەی ئاماژە بەخاکی هەموو کۆماریی تورکیا بکا پاشان دێنەوە سەر بەڵگەکانی حکوومەتی تورکیا کە دەڵێ ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە هەمان بارودۆخی (اناضول)ی هەیە لەرووی ئاووهەوا و جیۆلۆجییەوە، لە کاتێکدا بارودۆخکە لە هەموو روویێکەوە جیایە لەوەی لەویلایەتی بەغدادا هەیە. بۆ ئەوەی حکوومەتی تورکیا راستی ئەم بەڵگەیە بسەلمێنێ هیچ شتێکی پێشکەش نەکرد کە ئاماژە و سەرنجی تێدابێ، بەڵکو واقیعێکی پێشکەش کرد کە پەیوەندیی بە ئاووهەواوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە، دوای ئەوەی لەهێڵی تکریت — کفری تێدەپڕی، دارخورما نییە.

بەڵگە جیۆلۆجییەکان جێ باسکردن نییە لێرە، چونکە ویلایەتی مووسڵ لە رووی جیولۆجییەوە دەوکەوێتە ناو ئەو کۆمەڵە شاخەی سنووری ئێران دروست دەکەن لە باشوری رۆژئاواوە ئەو کۆمەڵە شاخەش بەگشتی (زاگرۆس)ی پێ دەگوترێ.

بەشێ لەلاپاڵەکانی باشووری رۆژئاوای ئەم زنجیرەیە دەکەوێتە ویلایەتەکەوە، ئەم زنجیرەیەش لە بەردێ پێکدێ کەمێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ چەرخی (الطباشيري) و بەتایبەتیش پێکهاتەی بەردی

(النوموليثي)[٦] و له هەندێ بەشی لاپاڵەکانیدا ئەو پێکهاتە گەچینە دەبینرێ کە لە (جزیرە ابن عمر)ەوە دەس پێدەکا و لەوانەیە تازەویی بلوجستان و و رەنگە دوورتریش بکشێ. ئەم پێکهاتەیە بەرەو رۆژئاوا و باشوری رۆژئاوا دەکشێ یان تا رووباری فورات بەڵام لێرەدا بەقورِ دادەپۆشرێ وەك پیشتر باسمان کرد. پێکهاتەی جیۆلۆجیی چیا بەرزەکانی باکووری مووسڵ زۆر ئالۆزە، ئەوانە بەردی گرِکانی (خضراوي) چەماوەیە «ملتویە» و چینی (بلوری) نەرم و بەوجۆرە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەو زنجیرانەی لە باشووری رۆژئاواوە دێن و هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە دەشتی دوو رووبارەکەوە کە تازە پێکهاتووە و لە چینی زەویی تارِادەیەك بەرز — متعادیە — پێکدێ. لە یادداشتەکەی تورکیادا بۆچوونەکانیان هەندێ لەراستی نزیك دەبێتەوە بەتایبەتی لە باسکردنی ئاووهەوادا، ئەگەر حکوومەتی تورکیا نیازی وابێ بگەرِێتەوە سەر ئاو و هەوا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لایەنەکانی لێك چوون و جیاوازی لەنێوان شێوازی ژیانی دانیشتوان وەسف بکا، ئەوە لەو حاڵەتەدا لەرِاستی نزیك دەبێتەوە و زۆرتریش ئەگەر زاراوەی [أناضوليا] بەمانای لاپاڵەکانی ئەو چیایانەی لەباکووری سنووری دەشتەبەرزەکانی وڵاتی رووبارەکە، باسی بکرێ. بەڵام ئەگەر ئەمە نیازی حکوومەتی تورکیا بێ دەبایە بیلێ یان هەر هیچ نەبێ ئەو زاراوە و ناوانە بەکار بێنێ کە مەبەستەکەی بەوردی دەس نیشان دەکا.

بەڵام ئەم بەڵگەیە ئەگەر وەك خۆی وەربگرین زۆر بایەخی نابێ، چونکە شێوازە زانستییەکانی دیاری کردنی ئاووهەوا ئەوەندە کەمن بەجۆرێك کە ناتوانین بابەتی ئاوهەوای موسڵ بەوردی باس بکەین. ئەوەی تا ئێستا هەیە تەنیا، لەگەڵ ئەوەی کەمیشە، شاری موسڵ دەگرێتەوە. فرِۆکەواتە بەریتانیەکان، کە بۆ ماوەی چوار ساڵ خەریکی کۆکردنەوەی تەفسیلاتەکانی دۆخی ئاووهەوا بوون بەشێکی کەمیان لەو زانیارییانە بڵاوکردەوە، جگە لەوەش کە ماوەییێکی درێژی کاتیش ناگرێتەوە کە بەس بێ بۆ لێدوان. هەرێمەکە پەیوەندیی ئاووهەوای هەیە لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانی دا، ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە سەرمای زستان سەختە و بارانیش زۆرە لەهەموو بەشێکی شاخاویی وڵاتەکەدا، ئەمەش هەوەکو ئەو ئاووهەوایە وایە کە لە [جزيرة أبن عمر] و [دياربكر] [أورفه] دا هەیە کە لاپاڵەکانی باشوری چیای (طوروس)ی ئەرمەنی پێکدەهێنن و بەرەو بەرزاییەکانی مووسڵ و پاشان دەشتەکانی سوریای عەرەبیی نیمچەبیابان دەکرێنەوە. بەڵام گەلێ ئاکاری ئاووهەوای

(٦) ئەوپێکهاتە سروشتیەیە کە لەناوچەییێکی فراوانی ئەورووپاو ئاسیا و باکوری ئەفریقیادا ناسراوە و دەگەرِێتەوە بۆچەرخی (الأيوسيني)



هاوبەشیی لەگەڵ عیراقدا هەیە، وەك گەرمای بەرزی هاوین. ئەو هاوێنەی ئاکاری (قاری)ی تێدا زۆر دیارە هەروەك ئەوەی لەوناوچە بیابانەدا هەیە کە تێیدەکەوێ — لێرەدا ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی تەفسیلی لەم بابەتە بدوێین، بۆیە باشتروایە سروشتی «گواستنەوە — انتقال-»ی وڵاتەکە دیاری بکەین بە بەراورد لەگەڵ تێکرِای (معدل) پلەی سەدی ساڵانە: بەغدا ٢٤,٣ — مووسڵ ٢٧,١ — أورفه ٢٧,٨ — دیاربەکر٣١,٤. بەرزترین پلەی گەرما کە لەو (ماوانەی گواستنەوەدا — الفترات الانتقالیە) روویانداوە کە گۆرِانکاری لەئاووهەوادا روودەدەن بەزۆری دەبنە هۆی وێرانکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ و بەروبوم. سەبارەت بەوەش کە حکوومەتی تورکیا پەنای بردووەتە بەر دارخورما دەتوانین راوێژ بەزانای رووەکیی نەمساوی (العالم النباتي النمساوي) - البارون هاندل مازیتی بکەین کە زۆر شارەزایە لەو زانستەدا و لێکۆڵینەوەێکی وردیشی لەم بارەیەوە لە ناوچەکەدا کردبوو. (البارون هاندل مازیتی) دەڵێ: پێش چەند ساڵێ دار خورما لە روبەرێکی فراواندا هەبوو بەرەووباکوور دەکشا تا مووسڵ[٧] بەڵام تەوژمێکی نائاسایی سەرمای زۆری زستان لەناوی دا.

ئێمە بۆ خۆمان ئەنجامی ئەو تەژمە سەرمایەی زستانی ١٩٢٤ — ١٩٢٥ کە زۆر سەخت بوو بینی، هەموو دارخورماکانی کەرکوکی لەناوبرد و دار پرتەقاڵیشی لەهەولێردا نەهێشت.

بەکورتی هەرێمی موسڵ بەلەوەرگا نیمچە بیابانیەکانیی لە رۆژاوئای دیجلە و بەو دەشتە قورِینە — سهول طينية — زۆر ئاوەی و لە دواییشیدا زۆر بەپیتەی کە دەکەکەوێتە نێو بازنەییێك لەگرد و شاخ کەدەوری داوە، ناوچەیێکی گواستنەوەیە أنتقالی — یان تێکەڵ لە ئاووهەوای چیاکانی زاگرۆس و وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەی خواروو بیابانی عەرەبیی سووری و لاپاڵەکانی باشووری چیای (طوروس)ی ئەرمەنی — ئەمە هەمووی یەك ناوچەیە کە ئاکارە تایبەتییەکانی ئاووهەوای دەریای ناوەندی هەیە. رەواڵەتی زاڵیشی جیاوازییەکەیە لەنێوان وەرزی زۆر گەرم و بێ بەری هاوین و وەرزی

(٧) کۆتایی هاوینی ١٩٥٧ بوومە میوانی (علی عبدالقار الشوشي) لە قەڵای — الشوش — (علی عبدلقار لەسەرکردەکانی هۆزی سورچی بوو، منیش بۆ ئیش و کاری دادگا چوبووم کە پەیوەندیی بەکێشەی زەوییەوە هەبوو. لەژێر سێبەری دوو دارخورمادا دانیشتین کە خورمایان گرتبوو، یەکێك لە پیاوەکانی سەرکەوتە سەر دارەکە و هەندێ خورمای بۆ هێناین و گوتی باوکی و باپیری ئەم دوودارەیان — فسیلە- لە حیجازەوە هێنایەوە لەگەڵ خۆیان کاتێ کە چۆبوون بۆ حەج.

گوندی — الشوش — پانزە کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی ئاکرێدایە و لە هەمان ئاستیشدا و (یاقوت الحموی) لە (معجم البلدان)دا باسی کردوە و گوتویەتی: (قەلاییێکی بەناوبانگ)ە.

باران بارین لە کۆتایی زستان و بەهاردا. ئەم دیاردانە لە روالّەتی ولاّتەکەدا روونتر دیارن وەك لەوەی لەجیاوازیی نێوان تێکڕای باران بارین دەرکەوێ، بەهەر حالّ ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە زیاتر لە لاپالە، باشوورییەکانی چیای (طوروس)ی ئەرمەنی دەکا (النصيبين و ماردين و اورفه)ش، لەوەی لە شوێنەکانی دەوروبەری بکا.

**٢- مەسەلەی ناوی «العراق»:**

مەسەلەییێکی دیکە کە هەردوولا باسیان کرد مەسەلەی ناوی ولاّتەکەیە ئەم خالّە «عصمت پاشا» خستیە بەرباس و لێکۆلّینەوە کاتی کە گوتی (ویلاتی مووسلّ بەشێك نییە لەخاکی عیراقی عەرەبی بەلّکو بەشێکە لەخاکی (الجزيره). لە یاداشتێکی دیکەدا دەلّێ حکوومەتی بەریتانیا تاماوەییێکی زۆر نزیك ویلایەتی مووسلّی بەبەشێك لە عیراق دانەنابوو و رێککەوتننامەی سالّی ١٩١٦ی ئەنگلو فەڕەنسی کە بەرێککەوتننامەی سایکس — بیکۆ ناسراوە مووسلّ لە عیراق جیادەکاتەوە و دەیخاتە ناو ناوچە فەڕەنسییەکە هەروەها داواکارییەکانی کوردستانیش کە لەسالّی ١٩١٩ شەریف پاشا بە بانگهێشتی — دعوە- دەولّەتانی هاوپەیمان پێشکەشی کرد، لەوێش مووسلّ لە عیراق جیاکراوەتەوە چونکە یادداشتەکە دەلّێ دانیشتوانی مووسلّ قەت رۆژێ لە رۆژان خۆیان بە خەلّکی عیراق نەزانیوە. بۆ پشتگیریی ئەم بۆچوونەش بەپلەی یەکەم بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ویلایەتی مووسلّ بەشێکە لە «أناضوليا» بەپلەی دوووەم: حکوومەتی تورکیا گەڕایەوە بۆ [ئینسکلۆبیدیای بەریتانی] و [ئینسکلۆبیدیای گەورەی فەرەنسی]. حکوومەتی بەرتیانیاش ئەم روونکردنەوە و تەفسیلاتانەی پێشکەش کرد بۆ بەرپەرچ دانەوەی بۆ چونەکەی تورکیا (لورد کرزن) لە لوزان گوتی: سوپای بەریتانی هەموو ولاّتەنێوان دووررووبارەکەی لەجەنگی گەورەدا داگیرکرد. پاش ماوەیەکی کەم ناوی — العراق —ی بۆ هەلّبژرێردرا لەبەر ئەوەی زۆر و بەشێوەیەکی فراوان لە ناوخۆدا بەکاردەهات بۆ ناوی ئەو ناوچەیەی تا ئەمڕۆ (میسۆپۆتامیا)ی پێ دەگوترا. حکوومەتی بەریتانی لەوەلاّمی یادداشتەکەی تورکیادا ئەم رونکردنەوانەی پێشکەش کرد:

دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە ناوی — العراق — لە هەردوو ناوی — العراق العجمي — و — العراق العربي- وەرگیراوە کە لەسەدەی یازدەدا بەکار دەهات. یەکەمیان بەبەشێکی گەورەی ئێرانی نوێ و ویلایەتی مووسلّ دەگوترا. بێ سوود نییە ئەگەر ئاماژە بەپەخشی بەرێوەبەرێتی — طاپو — ی تورکی بکەین لە (٥ی سەفەری ١٣١٠ی کۆچی) رێکەوتی ١٦/ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨. کە



بەرونی دەلّێ (شارەزوور) لە قەزاکانی کەرکوك و رانیە و هەولێر و رەواندز و کۆێ و کفری پێکدێ و هەرهەمووشیان لە ویلایەتی موسلّدان.

لەوانەشە لێژنە ئاگای لەوە نەبێ کە ئەو نەخشەیەی نوێنەری عوسمانی خستیە بەردەم لیژنەی دیاریکردنی سنوری تورکی و فارسی لە کۆنگرەی (ارضروم ١٨٤٨) رەواندز و هەولێر و سلێمانیی خستبووە نێو ویلایەتی بەغدا کە لەوکاتەدا داسنووری هاوبەشی هەبوو لەگەلّ ویلایەتی وان دا. لێرەدا چوار پرسیاری سەرەکی دێنە پێش کام زەوی لەسەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا بەناوی العراق- و — العراق العربى — و — العراق المجمى-؟ ناودەبرا.

ئەو ناوانە کامانەن کە بەگشتی بەهەموو هەرێمی کێشە لەسەر دەگوترا یان لەکام بەشی دەنرا؟

ئایا ناوی — العراق — لەناوخۆدا بەکار دەهات؟

کامە ناوچە ناوی «نێوان دوو رووبارەکە» دەیگرتەوە لە ئیستا و لەرابوردووشدا. بۆ ئەوەی دوو خالّی یەکەم و دووەم روون بکەینەوە، گەڕاینەوە بۆ مێژوونووس و جوگرافیناسە عەرەبە کۆنەکان و بۆ ژمارەیەکی زۆری نەخشەی عەرەبی و سەدان نەخشەی ئەورووپی هەر لە سەدەی شازدەوە تاسەدەی بیست. هەروەها پەناشمان بردەبە کتێبەکانی گەشت — السياحه-

لەهەموو سەردەمەکاندا و سەرچاوە جوگرافییەباوەڕپێکراوەکان و کتێبەکانی جوگرافیا کە لە قوتابخانە دواناوەندییەکانی عەرەبیی میسری بەکار دەهێنران. لە نەخشەی زانای جوگرافی نەناسراو — المجهول — [مفرزما] سالّی ٨٤٥ز کە بەنەخشەی — المأمونيه [تابولا المامونيانيا] ناسراوە، نەخشەی [بنيامين ابن يونا: ١١٦٠ — ١١٧٣ز]، نەخشەی [ابى الحسن نورالدين بن سعيد][8] سالّی ١٢٧٤ز ناوی عیراقمان بینی بەسەر ناوچەییێکەوە کە دەکەوێتە باشووری بەغدا و بەلای (شط العرب) لەباکوور زیاتر خواردەبێتەوە، لەهەمان کاتدا باکووری (نێوان دوو رووبارەکە) کە دەکەوێتە نێوان دیجلە و و فورات بە «الجزيره» و هیچ حەددێکی جیاکەرەوە بەرچاو ناکەووێ لەنێوان ئەم

(٨) ناوی تەواوی: (نورالدين ابوالحسن على الوزير ابن عمران ابن سعيد المغربى الغرناطي الاندلسى «١٢١٣- ١٢٨٨ز»)) و بەنووسەری خاوەن کتێبی (المغرب في حلي المغرب) ناودەبرێ. یەکێکە لە جوگرافی و گەشتیاررە عەرەبەکان ﴿دەبێ لێرەدا ئەوە بگوترێ کەدانەرانی راپۆرتەکە لێیان تێکچوە و وایان زانیوە ئەم ئەوەی لە دواییدا بەناوی «أبى الحسن على ابن عمر، ١٢٣٠»﴾ یەك کەس نین، لەکاتێکدا بەلّێ یەك کەسن ئەو هەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەکتێبەکانی عەرەبدا لەوسەردەمانەی زوودا، ناوی درێژ یان بە جیاوازی تۆمارکردنیان لەسەرچاوەییێکەوە بۆ سەرچاوەییێکی دیکە باوبووە هەلەکەش لەمەوە روویداوە.

دووپارچە زەوییەدا. ناوی ئەم هەرێمە کێشەی لەسەرە لە نەخشەکانی [ابی الريحان البيرونی ١٠٣٠ز][٩] دانەنوسرابو.

لەو نەخشەیەی کە ناوی «تابولا روجريانا»[١٠] «١١٥٤»ی لێ نراوە، و نەخشەکانی [اسماعيل أبو الفدا: ١٣٣١ز][١١] و نەخشەکانی [ابی الحسن علی بن عمر: ١٢٣٠ز] و [ابن سعيد المغربی ١٢٧٤ز] و نەخشەی «فارسی مجهول» لەپیاوەکانی سەدەی سێزدەی زایینی [لەگەڵ چەند نەخشەیێکی دیکەدا لە چاپ درانەوە بە ئاگاداریی — لیلیویل] لەم نەخشانەدا ناوی «العراق» لەهەمان زەوی نراوە وەك لەلای خاوەن نەخشەکانی یەکەم و دووەم و سێ یەم. ناوی ئەم هەرێمەی کێشەی لەسەرە لەگەڵ (الجزيرە)شدا هاتووە سنورێك کێشراوە لەنێوان ئەم دوناوچەیەدا بەدرێژایی هێڵی هیت — سامەررا، یان بەدرێژایی کشانی شواری میدی — امتداد السور الميدی — ئەویش بەهەرحاڵ دەکەوێتە باشوری تکریت . شورا میدییەکە — السورالميدی — وەك سنوورێك لەنێوان دوو ناوچەدا لە نەخشەکەی [نصيرالدين الطوسي ١٢٦١][١٢] کە (أولغ بك) لە ساڵی ١٤٣٧دا[١٣]

(٩) (ابوالريحان محمد البيرونی «٩٧٣ — ٤٨» یەکێك بوە لە بلیمەتە هەڵکەووتووەکانی هەمموو سەردەم و کاتێ، نوژدار — طبيب- و فەلەکناس و ماتماتیکزان و «سروشت»زان و جوگرافی و کیمیایی مێژوونوسێکی بەناوبانگ و گەریدە (سائح) بووە، راپۆرتەکە ئاماژە بەو نەخشانەی دەکا کە لە کتێبەکەیدا (الأثار الباقية من القرون الخالية) کە لە (لایبتسك ١٨٣٨) چاپکراوە، بلاوکراوەتەوە.

(١٠) ئاماژە بەنەخشەیەدەکا کە جوگرافی زانە عەرەبەکان بۆ مەلیکی (الصقلی النورمانی روجرالثاني) کردبویان و ناوەکەشی هەر لەوەوە هاتوە.

(١١) (عمادالدين اسماعيل المؤيد ١٢٧٣ — ١٣٣١) لەمیرەکانی ئەیوبی بوە، میری حەما و دەوروبەری بو و خاوەنی کتێبی مێژوو «المختصر فی أخبارالبشر» و کتێبێکی جوگرافی «تقويم البلدان» بوو کە هەردووکیان چاپکراون.

(١٢) (١٢٠١ — ١٢٧٤) یەکێك لەفەلەکناسە زیرەکەکان بووە. روانگەیێکی لە (مەراغە) دروست کرد کە بە ناوبانگ بوو. لەگەڵ هۆلاکۆی مەغولی لە هێرشەکەیدا بۆ سەربەغدا ئەویش هاتبو. کتێبەکانی دەربارەی جوگرافیا و فەلەك بۆ زمانە زیندووەکان وەرگێردرا. ئەوەش کە پێی دەگوترێ شورای میدی یان دیواری میدی لە قورِ دروستکراوە و ئەستوریەکەی پێنج پێیە و تێکرای بەرزاییەکەی وەك ئیستا دەبینرێ لەنێوان ١٣ و ١٦ پێ دایە و لە هەندێ شوێندا دەگاتە(٣٠) پێ. لەدیجلە و لە باکووری شارۆچکەی (بلد) ەوە دەس پیدەکا و بەرو فورات تا (الصقلاويه) لە رۆژئاوا دەکشێ و لە بەغداشەوە هەر لە (كاظمية)وە تا (سامراء) بەدرێژایی (٩٠کیلۆمتر) و چەند (برج)ێکی نیمچە بازنەییشی لەسەر دروست کراوە. و (خندق) ێکیش لای بەری چەپییەوە هەیە. مێژوو دروست کردن و ئەو کەسەی دروستی کردووە نەزانراوە؟. مێژوونووسان وای بۆدەچن کە مەلیکی



پێیداچووەوە دەردەکەوێ بە گوێرەی ئەو نەخشەیە مووسڵ و هەولێر دەکەونە ناو [الجزيرە] بەڵام بەشە شاخاوییەکەی هەرێمەکە کەکێشەی لەسەرە، بەتکریتیشەوە بە (ارمینیا) ناو براون، لەونەخشانەی پێش ئەم مێژووەش کەوتوون نەخشەکانی [ابی اسعد علی ابن يونس المصری: ١٠٠٨ز][١٤] و [أبی اسحاق ابن ابراهيم الزقالی][١٥]، ئەم ناوچەیە بە (الجبال) ناوبراون، هەردووناوی (الجزيرە) و (العراق) لەهەمان جێگەدا هەن وەك نەخشەکانی دیکە. لەنەخشەی (العراق — للأصطخري)[١٦]ی بەناوبانگ (١١٧٣ز)کە لە «گوثا»دا پارێزراوە، دەبینی عیراق بەرەو باکوور دەکشێ تا (تکريت)یش لەخۆدەگرێ. (الاصطخري) لەکتێبەکەیدا زۆر بەروونی دەڵێ عیراق (لەدەوربەری تکریتەوە تاعەبادان لەسەر کەنداوی فارس) دەکشێ. لەگەڵ ئەمانەشدا ناکرێ بگەینە ئەو ئەنجامە بەروونی و بەوردی کە هەموو ئەم ناوچانە کێشەیان لەسەرە لەهەموو ئەم نەخشانەدا لەدەرەوەی عیراقدا بوون، ئەگەر لەزۆربەی ئەو نەخشانەشدا ئەمە بەدەربکەوێ ناوی (العراق)

بابلی (نیوخذ نصر ٦٠٥ -٥٦٢ س ز م.م) بنیاتی نابێ لەترسی میدیەکان. هی دیکەش هەیە دەڵێ کۆرش بینای کردوە دوای ئەوەی لەسەدەی دواتر بابلی گرتووە و بەمەبەستی پاراستنی ئیمپراتۆرییەتە (ماد)یەکەی ﴿نزیکەی سێ میل و نیو لەباشووری رۆژهەڵاتی وێستگەی — اصطبلات -﴾ەوە دوورە.

(١٣) میرێکە لە بنەماڵەی تەیموری لەنگ. حاکمی تورکستان بوو پاشان لەجێی باوکی بوو بەسوڵتانی (هرات) ١٣٩٣ -١٤٤٩ یەکێك بووە لەزانایانی فەلەك و جوگرافیا و پارێزەرانی زانست و کۆکەرەوەی زانیاری، زانای زیرەك و فەلەکناس و جوگرافیە بلیمەتەکانی بانگ کردە پایتەختی وڵاتەکەی (سمرقند) هەروەها روانگەیێکی بەناو بانگیشی لە پەیمانگە هونەریەکەی خۆیدا بنیات نا.

(١٤) ناوی تەواوی (ابو الحسن علی ابن ابی سعيد عبدالرحمن ابن أحمد ابن يونس المصری) جوگرافی و خاوەنی (الزيج الحاكمی). زانا (دی پرسڤال) بایەخی بەبلاوکردنەوە و چاپکردنی دا لە پاریس لە ١٨٠٤. بەشە جوگرافییەکەی بەناونیشانی (الاطوال و العروض لبعض مدن الجبال من كتاب الزيج الكبير) چاپکرد

(١٥) هەروەها بە (الزرقالی ١٠٢٩ — ١٠٨٧ز) یش ناسراوە یەکێکە لە گەورە فەلەکناس و جوگرافیزانە عەرەبەکان لە ئیسپانیا (طليطلة) داهێنانی هەندێ ئامێری فەلەکی دەدرێتە پاڵ ئەو کتێبەکانیشی لە سەدەی ناوەندا وەرگێڕادرانە سەر زمانی لاتینی.

(١٦) ناوی تەواوی (ابو اسحق ابراهيم بن به محمد الفارسی) لە دەوروبەری ساڵی ٩٥٠ز ژیاوە و لە (أصطخر) لە دایك بووە بە (الكرخی) ناسراوە. بەسەرپەرشتی (موللر) کتێبەکەی کە بەناویشانی ﴿صورة الأقاليم﴾ لەگەڵ نۆزدە نەخشە و وێنە، لە ساڵی ١٨٤١دا چاپکرا. بەڵام کتێبەکەی دیکەی (المسالك والمالك) بەسەرپەرشتی (مسیودی گویە) لەگەڵ (کتێبخانەی جوگرافی عەرەبی بەناوبانگ لە (لیدن ١٨٧ — ١٨٩٤)دا چاپکرا.

لەسەردەمی خیلافەتدا وەك بۆی دەچین ماناییێکی دەکەی هەبووە. ((المقدسی)[١٧] دەوروبەری ٩٨٩ز) ڕێگەکان وەسف دەکا و لیستێك بەناوی ئەوشارانەوە تۆماردەکا کەسەر بە (سامراء)[١٨] ی پایتەخت بوون. لێرەدا لەباکوورەوە (تکریت) و (السن) کە ئەمەیان لەنزیك شوێنی قەڵای (شرقاط)ی ئیستادایە، دەبینین (المسعودی)[١٩] ی بەناوبانگیش: ٩٥٦ز لەوەزۆر رونترە کە دەڵێ لە (التنبیە و الاشراف: ل٣٦)دا «عیراق لەوێدایە کە دیجلە و فورات بەیەك دەگەن و ئەوەی نزیك ئەویشە لە — السواد -. ئەو شوێنەی کەسنوورەکەی هەردوزێیە لەسەرو سامەررا و دوای (السن) و تکریت و ناحیەی (حلوان) لە دوای (الجیل) و (هیت) دوای فورات[٢٠]»

کەواتە بە پێی ئەم مێژوونووسە عیراق ئەوشوێنانە ناگرێتەوە کە دەکەونە نێوان تکریت و کەنداوی فارس بەتەنها بەڵکو شریتێکیش لەزەوی، کە ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەیە کە لەنێوان بیابان و شاخە سەختەکاندایەو تا وڵاتی هەردوو زێ دەکشێ. بەمەش دەکەوێتە ناو ئەو هەرێمەی باسی دەکەین. و (السواد) لەرەشەوەیە، ناوێك بوو بە هەردوو ناوچە جیاوازەکە دەگوترا (البلقاء) و

(١٧) ناوی تەواوی (ابوعبدالله شمس الدین محمد المقدسی الحنفی) ناسراوە بە (البشاری) لە دەوروبەری ساڵی (٩٨٤ ز) دا ژیاوە کتێبەکەی کە بەناونیشانی (احسن التقاسیم فی معرفه الاقایم) بو لە (لیدن) دووجار چاپ کرا: ١٨٧٧ ز و ١٩٠٦ لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ لاتینی.

(١٨) لەسەردەمی خۆیدا پایتەختی خەلیفەکانی عەبباسی بوو لەبری بەغدا.

(١٩) (ابو الحسن علی) لە قاهیرە لە ساڵی (٩٥٧)دا مرد. مێژوونووس و جوگرافی و گەریدەبوو. خاوەنی کتێبی (مروج الذهب) بوو کە یەکێکە لە سەرچاوە هەرەگرنگەمێژووییەکان. کورتەی ئەوکتێبە (التنبیە والاشراف) بوو. دەیان کتێبی داناوە سەبارەت بەگەڕان و بینین و بیستن و دیتنی خۆی، بەڵام ئێمە تەنها ئەو دوو کتێبەمان پێ گەیشتووە

(٢٠) بۆ روونکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە کە دەقەکەیمان بە عەرەبی نووسیوە وەك خۆی. هەوڵ دەدەم ئاسانی بکەم و دەستەواژەی عەرەبیی باوی تێدا بەکار بهێنم. (یشمل العراق البلاد التي یلتقي فیها نهرا دجلة و الفرات وما جاورهما من أصقاع، و ینضم إلیە السواد و البلاد التي یحدها الزابان فوق سامراء الی مسافة قریبة من السن (شرقاط) و تکریت مع جزء من منطقة حلوان التي هي قریبة من الجبال الکردیة و جزء من آخر من هیت القریب من الفرات...) (عیراق ئەو وڵاتە دەگرێتەوە کە دیجلە و فورات لەوێدا بەیەك دەگەن لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری —السواد- و ئەو وڵاتانەی —البلاد- کە هەردوو زێ سنوریانە لە سەروو سامەرا تا مەسافەییێکی کەم لە نزیك ((السن سرقاط)) و تکریت و بەشێ لە ناوچەی —حلوان- کە لە شاخەکانی کوردەکانەوە نزیکە و لەگەڵ بەشێکی دیکەی هیت کە لە فوراتەوە نزیکە).



(العراق) هەروەها بۆ جیاکردنەوەی ناوچە کشتوکاڵیەکان. شارۆچکەی (السن) کە یاقوت[٢١] باسی کردوە و لە (الحازمی) وەریگرتوە، بەڵام (الاصطخري) (السن) دەخاتە (الجزیرە) و (ابن الفقیة)[٢٢] و (أبی الفداء)[٢٣] و (أبن رستە)[٢٤] ئەمانە لەناوچەی مووسڵی دادەنێن، هەرئەم سێ نووسەرەش تکریت بەیەکێ لەوانە دادەنێن کەسەر بە مووسڵ بووە، ئەمەش دەیخاتە ناو هەرێمی (الجزیرە). ئەوسنوورەش کە (الجزیرە) لە عیراق جیا دەکاتەوە وەك (ابوالفداء) نووسیویەتی و (القلقشندی)[٢٥] یش لێی وەرگرتووە رووباری (الاسحاقی)یە کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری جۆگەڵە

(٢١) (یعقوب الرومی) — ناسراو بە (یاقوت الحموی) (١١٧٩ — ١٢٢٩ ز) بە رەچەڵەك خەڵکی وڵاتی (الروم)ە و بە منداڵی بە دیل گیراوە و بازرگانێکی بەغدایی کڕیویەتی کەناوی (عسکر الحموی) بووە. فێری کردووە و کاروباری بازرگانییەکەی خۆی داوەتە دەستی و پاشان ئازادی کردووە. ئەویش دەست بەگەڕان دەکا لەشارەکانی عیراق و ئێران و شام و میسر و (الحزیرە) و سەردانی زۆر کتێبخانەی کردووە و ئەگەر ئەویش نەبایە زۆر زانیاریی جوگرافیمان لەناو دەچوو. کتێبەکەی بەناونیشانی:
«معجم البلدان: في معرفة المدن و القري و الحزاب و العمار و السهل و الوعر في کل مکان» وەك ئینسکلوبیدیاییێکی گەورەی جوگرافی وایە و تائێستا شتی لەو بابەتە بەعەرەبی نەنووسراوە. یاقوت دەڵێ: «السن» شارێکی لەسەر دیجلە و لە سەرو تکریت. شورای هەیە لەگەڵ مزگەوتێکی گەورە و خەڵکەکەی زانان، کەنیسەشی تێدایە بۆ «النصاری» لەلای «السن»ەوە زێی بچووك دەرژێتە دیجلەوە.
(٢٢) ناوی تەواوی: (ابوبکر احمد بن الفقیە الهدانی) دەوروبەری (٩٠٢ ز). جوگرافیزانە، لەهەمەدان لەدایك بووە و کتێبی «کتاب البلدان»ی داناوە تیایدا وەسفی زەوی و دەریا و وڵاتی چین و هیند و عەرەب و میسر و مەغرب و شام و فەلەستین و بیزەنتە و عیراق دەکات. لەگەڵ (المکتبە الجغرافیە العربیە) لە لیدن چاپکرا.
(٢٣) ﴿أبوالفداء عماد الدین اسماعیل المؤید (١٢٧٣ — ١٣٣١ ز)﴾ لەبنەماڵەی — أیوبیە — بەناوبانگەکەیە و میری (حما) بووە. لەزانا جوگرافیە عەرەبەکان بوو و کتێبی «تقدیم البدان» و «المختصر فی تاریخ البشر»ی داناوە. یەکەمیان کتێبی جوگرافییە کە تیایدا باسی ڕێ و شوێنی جورگرافی و (الجداول) و وەسفی وڵاتە ئیسلامییەکان دەکا.
(٢٤) (الحسن ابو علی بن رستە) دەوروبەری (٩٠٣ ز) بە رەچەڵەك فارسە و لەزانا جوگرافییە عەرەبەکان و کتێبی (الأعلاق النفیسة)ی داناوە کە تیایدا وەسفی شار و وڵات دەکات و لەگەڵ (المکتبة الجغرافیە العربیە) لەلیدن چاپکرا.
(٢٥) (أحمد القلقشندی) لە زانا و ئەدیبانی میسرە «١٣٥٥ — ١٤١٨ ز» بەکتێبی «صبح الأعشي في صناعة الانشا» ناسرا. ئەم کتێبە. وەك کە شکۆڵ یان ئینسکلۆبیدیاییێکی بچووك وایە. هەرچی شتێ ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە پێویستیان بوایە لەزانیاریی مێژوویی و جوگرافی و زمانەوانی و ئەدەبی و فەلەکی و... هتد لەو کتێبەدا هەیە.

مەزنەکانی ئاودێری. (البکری)[٢٦] یش وەك ئەمانی کرد (مووسڵ و تکریت)ی کردە بەشێ لە (الجزیرە).

(أبو فضل الله)[٢٧] دەڵێ بەغدا پایتەختی عیراقە و مووسڵیش پاتیەختی (الجزیرە)یە. ((القلقشندی: ١٤١٨ز) دەڵی سنوری عیراق لە رۆژهەڵاتەوە: (چیاکان)ە و لە باکوورەوە، (الجزیرە)یە و لە (الحدیثە) وە کە دەکەێتەوە باکووری تکریت بە مەسافەیەکی کەم، دەکشێ تا (عبادان) جگە لەم سەرچاوە (أصلی) یانە، کەڵك لە سەرنجەکانی (لوسترانج)[٢٨] یش وەرگردەگرین کە لە کتێبەکەیدا «میسوپوتامیا و فارس تحت حکم المغول فی القر الرابع عشر» کە لەگەڵ (سلسلە رسائل الجمعیە الاسیویە) بەرگی پێنجەم: ١٩٠٣ چاپکرا دەڵێ:. «سەرەتا ناوی (العراق) تەنها ئەو دووشارە مەزنەی دەگرتەوە (بصرە) و (کوفە). کاتێ کە میرەکانی سەلجوقی نازناوی (سوڵتانی عیراقییەکان) یان لە خۆیان نا، ئەوسا ناوەکە لە هەردو هەرێمەکە نرا، بەڵام ناوەکە هەڵەییێکی — عامیە- » وەك — ابوالفداء — دەڵێ. بەمجۆرە ناوی (العراقین) لەسەردەمی سەلاجیقەوە وڵاتی میدیای کۆن و میسوپوتامیای باشووری دەگرتەوە». هێڵی دابەشبوون لەنێوان هەروودو عیراق و (الجزیرە) بەجیاوازیی سەردەمەکان دەگۆڕا. لەسەرەدەمی عەبباسیدا هێڵکە بە گشتی لە ئەنبارەوە لەسەر فورات تاتکریت لەسەر دیجلە دەکشا. لەسەدەی چواردەدا کەسەدەی (حمداللە)یە[٢٩] کە

(٢٦) ناوی تەواوی ﴿ابو عبداللە ابن ابی مصعب البکری الوزیر المرسی فی اسپانیا «(١٠٤١ — ١٠٩٦»)﴾ خاوەنی کتێبی «معجم ماستعجم» کە قاموسێکی جوگرافییە بۆ ئەو وڵاتانەی لەشیعرە عەرەبییەکاندا باسکراون. هەروەها کتێبی «المسالك و الممالك» کە کتیبێکی جوگرافیە لەساڵی ١٨٥٧ دا لە جەزایر چاپکراو (دی سلان) سەرپەرشتیی چاپکردنەکەی کرد.

(٢٧) پێ دەچێ ئەمە ئەو کەسەبێ بە (ابي الفضل العمري) ناسراوە و ناوی (شهاب الدین ابوالعباس الکرمانی العمری) نووسەری باوەڕپێکراوی «(الملك الناصر محمد بن قلاوون ١٣٠١ — ١٣٤٨ ز» کتێبە جوگرافییەکەی «مسالك الابصار فی ممالك الامصار» لە — دار الکتب المصریە — لە چلەکادا چاپکرا.

(٢٨)Guy le 5 trange (١٨٥٤ — ١٩٣٣) کتێبێکی زۆر گرنگی دانا دەربارەی ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی لەڕووی جوگرافیەوە لەسەرەدەمی خلافەتدا کەناوی (بلدان الخلافە الشرقیە) بوو، لەلایەن هەردوو مامۆستا (بشیر فرنسیس) و (گورگیس عواد) بە تێبێنی و شەرحەوە کرابە عەرەبی و کۆڕی زانیاری عیراق چاپی کرد.

(٢٩) ناوی تەواوی: (حمداللە ابن بکر بن نصر المستوفی القزوینی الفارسی) لەدەوروبەری ١٣٤٠ی زاییندا مردووە. کتێبە جوگرافییەکەی (نزهةالقلوب في المسالك و الممالك) دەقە فارسییەکەی لەلەندەن چاپکرا (١٩١٥) پاشان وەرگێڕدرایە ئینگلیزی ١٩١٩ز دا چاپکرا.



کتێبەکەی «نزهةالقلوب» لەلایەن (لوسترانج) لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا و بایەخی پێ درا، سنوور بەرەو باکوور دوورکەوتبووەوە و لە خاڵی بەیەك گەیشتنی (الخابور) لەسەر فورات تا باشوری ئەوشوێنەی دیجلە لەگەڵ زێی بچوك بەیەك دەگەن، دەکشێ، بەمجۆرە (تکریت) و (حدیثە) دەکەونە عیراق، ئەم ماوەیەش دەکەوێتە نێوان هەردوو هێرش و داگیرکاریی مەغولەکانەوە[٣٠]

لەنەخشەکەی (لوستراتج)دا کە ئەوەی دیاری کردووە کەلەسەدەی چواردەدا وابووە، دەبینین کە (هەولێر و مووسڵ و ئامێدی و موش) لە ناو — ضمن — ی (الجزیرە)ن و عانە و تکریت و «داقوقا»ش لە عیراقدان و کوردستانیش تەنها لاپالەکانی رۆژهەڵاتی (فارسیی) شاخەکانی دەگرتەوە. لەکتێبی دووەمی (لوسترانج)دا کە لەوی پێشوی گرنگترە کەکتێبی (بلدان الخلافە الشرقیە: ١٩٠٥)یە ئەم کورتەیەمان پێشکەش دەکا سەرباەت بەحاڵ و باری ئەم ناوچانە لەسەردەمی خەلافەتدا کە چەرخی زێڕینی عەربە لەوڵاتی دوو رووبارەکەدا. دەڵێ «عەرەب وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەیان کرد بەدوو هەرێم: خوارو — خاکی لیتەیی بابلی کۆنی دەگرتەوە کەپێ دەڵێن عیراق و لە خوار ئەو هێڵەی بە فورات و دیجلە دا تێدەپەڕێ پێش ئەوەی بەیەك بگەن، دەشتە بەردینە رەقەکانیش — السهول الصلبە الحجریە — لە باکوور ناوی (الجزیرە)ی لێ نرابوو. ئەوشاخانەش کە دەیانڕوانیە سەر ئەم دەشتانە بەناوی (الجبال) ناسرابوون. بەشی رۆژئاوای ئەم وڵاتە شاخاوییەش، لەرۆژگارێکدا کە کوردەکان ناوبانگیان هەبووە بەهێز بوون پێی دەگوترا کوردستان. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەندا، ناوچەی شاخاوی ئەو ناوە هەڵە و لە دواییدا باوەی لێنرا (العراق العجمی) واتە عیراقی بێگانەکان.

«الجزیرە» کە «المقدسی» ناوی هەرێمی «عقور»ی لێ نا دابەش ببوو بەسەر سێ ناوچەدا کە ئەمانەن «دیار ربیعە» و «دیار مضر» و «دیاربکر» و پایتەخەکانیشیان ئەمانە بوون، یەك لەدوا یەك، (الموصل) و (الرقە) و (أمد) کە ئەمڕۆ بە (دیاربکر) ناسراوە.

(الجنرال أی. هوتم شندل) لە کتێبولکەکەیدا (کتێبە) (یان نامیلکە) «شرق العراق العجمی» کەکۆمەڵەی جوگرافیی مەلەکی لە ساڵی ١٨٩٦دا چاپیان کرد، ئەم وێنە مێژووییەی هەرێمەکانی عیراقی عەجەمیمان پیشان دەدا «بەشی هەرە زۆری ئەو وڵاتەی کە لە دواییدا پێی گوترا — العراق العجی — پێش داگیرکاریی عەرەب ناوی — فاهلواو — یان. پهلو — بوو، واتە وڵاتی شاخاوی. نووسەرە موسڵمانەکان تاسەدەی یازدە بەگشتی پێیان دەگوت (الجبل). ئەو ناوەش هەمووکاتێ

(٣٠) مەبەست لێرەدا هێرش و داگیرکاریی (هولیگوخان) ١٢٥٨ز و (تیمورلنگ) ١٤٠٢ز.

لەوناوچە دیاریکراوە نەدەنرا. ماوەییێکی زۆر بەسەر داگیرکاریی عەرەبدا تێنەپەڕی (ناوەڕاستی سەدەی شەشەم)[٣١] وڵاتی فارس خرایە ژێر حوکمی والیی کوفە. لەسەردەمی خەلیفە «معاویە»دا (٦٦١ — ٦٧٩) بەشی باشووری بەسترایەوە بەبەسرەوە، لەکاتێکدا ئەو دوای وڵاتی فارسی کەنزیکەی هەموو وڵاتی میدیای کۆن دەگرێتەوە لەژێر ئیدارەی کوفەدا بوو ئەوسا ئەو هەرێمەی رۆژهەڵاتی زاگرۆس ناونرا (عراق العجم) بۆ ئەوەی لە (عراق العرب) جیا بکرێتەوە. دوابەدوای ئەوەش ئازربایجان و هەرێمەکانی (قزوین) لە عیراق جیا کرانەوە و ئیتر هەر ئەم ناوچاونەی دەگرتەوە (طهران، قزوین، زنجان، همدان، کرمنشاه، لرستان، اصفهان، قاشان، قم).

لەسەردەمی خانەکانی مەغولیشدا عیراق بەشی رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتەی دەگرتەوە جگە لەهەرێمەکانی (قزوین) ئێستا ئەم ناوە لەبیر چوەتەوە، چونکە تەنها ناوی (العراق) کە هیچ سیفەتێکی دیکە بە پاشبەندیەوە ناڵکی، ناوی هەرێمێکی بچووکە کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای (قم).» بەمجۆرە و بەگوێرەی سەردەمی حوکمی عەرەبی دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە هەرێمی کێشە لەسەر قەت بەشێ نەبووە لە عیراق جگە لەچەن پێوانەیەکی بچووك — مساحە صغیرە -. ئەم پێوانانەش نەهەمووکاتێ و نەلای هەموو نووسەرێ دەخرابە سەر عیراق. بەڵگەش لەسەر ئەوەنییە کە بەشێ لەهەرێمی کێشە لەسەر دەخرایە سەر یان بەشێ بووە لە (العراق العجمی) وەك لەیەکێ لەیادداشتەکانی حکوومەتی بەریتانیدا نوسرابوو. لەکۆتاییدا دەبێ بزانرێ کەئەم ناوە تازەیە (العراق) لەهەردووناوە

(العراق العربی و العراق العجی) وەرنەگیراوە بەڵکو ئەویش وەك ئەوان کۆنە و هەندێ جار لەهەردوو ئەو هەرێمە دەنرێ و هەندێ جاریش وەك ناوی کورتکراوە بۆ (العراق العربی).

سەبارەت بەسەردەمی داگیرکاریی عوسمانی و دوای ئەویش سەرچاوەی سەرەکی لێرەدا (کاتب چلبی)[٣٢] و (حاجی خلیفە)[٣٣] یە کەلەگەڵ سوپای داگیرکەری تورکدا چوەتە سوریا و نێوان دوو رووبارەکە

(٣١) لەهەردوو دەقە فەرەنسی و ئینگلیزییەکەدا واهاتووە، مەبەستیش بێگومان سەدەی حەوتەمی زایینییە، ئەمەش لە مێژووە عەرەبییەکانەوە کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

(٣٢) ئەفسەر و گەریدەیەکی تورکە (١٦١١ — ١٦٧٩) بەهەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا گەڕاوە و کتێبێکی لەسەر ئەم گەشتانەی داناوە بەناونیشانی (سیاحتنامە).



. کتێبەکەشی کە لە دەوروبەری هەزار وشەش سەتدا نووسیبوی لە نزیکەی ساڵی ١٧٠٠دا چاپکرا. (حاجی خلیفە) ناوچەکانی (الجزیرە) و (کوردستان) و (العراق) لەیەك جیا دەکاتەوە.

(الجزیرە) لای ئەو هەموو ئەو وڵاتەیە کە دەکەوێتە رۆژئاوای دیجلە تا ئەو هێڵەی ئەم رووبارە و رووباری فورات بەیەکەوە دەبەستێ و تا دەگاتە نزیك هیت. کوردستانیش ئەو وڵاتەیە کە دەکەوێتە نێوان دەریاچەی وان لە باکوور و دیجلە لە رۆژئاوا تادەگاتە لوتکە سەرەکییەکانی شاخەکان لە رۆژهەڵات. لە باشووریشەوە لەگەڵ رووباری دیالە لەخانەقین. و بەمجۆرە (طوزخورماتو) لەناو کوردستاندا بەجێ دێڵێ، بەڵام (کفری)ی لێ دەردەکا و دەیخاتە ناو عیراق. عیراق خۆشیی هەموو بەشە باشوورییەکانی وڵاتەکە دەگرێتەوە. هەموو ئێرانی نزیك درێژبوونەوەی سنووری تورکیا بە (عجمستان) ناو بردبوو، و ناوی (العراق العجمی)یش بەو وڵاتەی گوتووە کە دەکەوتە باشووری رێگەی (خانقین — همدان) بە تەنها. نەخشەیێك هەیە (دانڤیل) [١٧٧٢] کێشاویەتی نزیکە لەوەی (کاتب چلبی) نووسیویەتی.

بێ سوود نابێ ئەگەر باسی ئەو سێ نەخشەیەی هەردوو ساڵی [١٠٤٠ — ١٠٧٠ ز] و[١٥٥٩ — ١٧٠٠] لە (الاطلس التاریخي للامبراطوریة العثمانیة) کە (الرائد محمد أشرف) لە ساڵی ١٩١٣دا کێشاویەتی و چەند ژمارەیێکی کەمی لێ چاپکرا بکەین کە هەمان (ترتیب)ی جوگرافی تێدا دەردەکەوێ لەگەڵ جیاوازییەکی کەم، یەکێ یان دوان. یەکەم «سالنامە»[٣٤]ی ئیمراپۆرییەتی عوسمانی [١٧٠٠] هەمان دابەشبوونی سەرەکی تێدایە — لەوێدا (ایالە)ی دیاربەکر دابەش بووە بەسەر (متصرف)یەکانی دیاربەکر و مووسڵ و هەردوو (متصرف)یەتی بەغدا و بەسرە. نەخشەی (سالنامە ١٨٤٠) خەریکە کت و مت هەمان شت بێ لەگەڵ ئەو سنوورەی (چلبی) وێنەی کێشابوو تەنها هەندێ سنووری (الجزیرە) بەرەو باکووری رۆژئاوا دوور کەوتوەتەوە و ناوی (عجمستان) نامێنێ و لەبری ئەو (ایران) بەکارهاتووە نەخشەیێکی دیکە هەیە هی [أ. البڤاسیر]

(٣٣) ناوی تەواوی (مصطفی أمین عبدالله)یە [١٦٠٨ - ١٦٧٠] لە ئەستەنبول لەدایك بووە و بەیەکێ لەزانا (موسوعی) یەکان دادەنرێ نازناوی (خلیفە)ی دراییێ بەهۆی ئەو فەرمانەی لەوەزرارەتی دارایی هەڵیدەسوڕاند. گرنگترین دانانەکانی «کشف الظنون فی أسامی الکتبە و الفنون» ئەمەش ئینسکلۆ بیدیایێکە بەناوی نووسراوە عەرەبییەکان و تیایدا باسی (١٤٥٠٠) کتێبی کردووە.

(٣٤) گۆڤار یان کتێبێکە حکوومەتەکانی عوسمانی بەشێوەیەکی نارێك — غیر منتظم — بڵاویان دەکردەوە و هەموو ئەو روداو وفەرمانە رەسمییە سوڵتانییانەی پەیوەندییان بەحاڵ و باری ئیمپراتۆرییەتەوە هەبوو لەوێدا بڵاودەکرانەوە وەك ئەوە وابوو کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ رۆژنامەی رەسمی و وشەکەش لەبناغەدا فارسییە.

ه له کتێبەکەی [أسيا العثمانية أو تركيا الأسيوية - ١٨٤٦] که دانەیێکی فەڕەنسیی ئەو نەخشەیەیە.

تەماشای زنجیرەیەکی درێژی نەخشەمان کرد کە نەخشەسازە ئەورووپییەکان دروستیان کردبوو، بەڵام بایەخیان کەمتر بوو لە بواری بەرپەرچ دانەوەی ئەو بەڵگانەی پێشکەش کران.

ژمارەیەکی زۆر هەیە کە لە ژماردن نایێ لە جوگرافیناسەکانی سەدەی شازدە و حەڤدە کە زانیارییەکانیان لە (بطلميوس)[٣٥] وەردەگرت. چاپەکانی (اورتيليوس) و ئەوەی لە بەریگیراوەتەوە (استنساخ)، سێ ناوچە دیاری دەکا لە باکوورەوە بۆ باشوور کە ئەمانەن [ارضروم «چیای زۆربەرزە» و دیاربکر «گردەکان» و العراق «دەشتەکان»] نەخشە مێژووییەکان کە بڵاوبوونەوە بەتایبەت لەسەدەی هەژدەدا هەموویان میسوپوتامیا دەخەنە رۆژئاوای دیجلە و (أشور) دەخەنە رۆژهەڵات و (بابل) لەباشوور (سانسون: ١٦٣٧, دی لیل: ١٧٠٥، ڤوگوندی: ١٧٥٢، بوش: ١٧٥٤) نەخشەکانی ئەم سەرەدەمە هەمان ئەو ناوچانە بەناو جیادەکاتەوە یەك لە دوای یەك «دیاربکر، کردستان، عراق» زۆر جار تەنانەت شتێك نابینی ئەم ناوچانە لەیەك جیا بکاتەوە [دی لیل: ١٧٢٣] و [أوتنسز: مملكه فارس] و [بون: تركيا الاسيويه].

کە سنوورێك دەکێشێ دەبینی عیراق تا باکووری شورای میدی یان ئەو نۆ کەندەی — القنال — کە دیجلەی بچووك نزیکەی بە درێژایی ئەودا دەکشێ، درێژ دەبێتەوە، جگە لەمەش گۆڕانکاری زۆر هەیە تەنانەت لای وێنەکێشەکانیش، لەسەر ئەم بنەمایە دیاربەکریان (الجزيره) هەندێ جار بەرەو باشوور دەکشێ تا بابل (نەخشەی بابل)، کەچی جارێکی دیکە (الجزيره) ناوی وڵاتی (أديسا)ی لێ دەنرێ، پێش ئەوەش میسوپۆتامیای سووریا (سوریه و فەلەستین: ١٧٤٦) وەك (دی لیل) دەڵێ: پاشان جارێکی دیکە دەبینین کە کوردستان لەرێی کرمنشاه دوورتر درێژ نابێتەوە (١٧٢٤) بڕوانە [- اطلس الجيب · ڤوگوندی] جارێکیش دەبینین کوردستان، بۆ نموونە لە نەخشەی ئەورووپادا (دیزوش: ١٧٨٩) پیاچووەتەوە، لە باکوری ئامێدییەوە دەس پێدەکا و لەهەموو حاڵەتێکیشدا مووسڵ دەکەوێتە ناو دیاربەکر. هەروەها بڕوانە [سوريه: ١٧٢٦] سەبارەت بە سنووری دیجلە و وەزعی مووسڵ. رەنگە لەوەسفەکەی [ماليه: الكون ١٦٨٣] و ئەو نەخشەیەی وەك پاشکۆ

(٣٥) فەلەکناس و زانای جوگرافی یۆنانیی بەناوبانگ (دەوروبەری ٩٠ — ١٦٨ ز) لە ئەسکەندریە ژیاوە عەرەب و جیهانیش لەڕێی عەرەبەوە بەهۆی هەردوو کتێبی «المجسطی — ماجستوس» بەتایبەتی کتێبە بەناوبانگەکەی (جوگرافیای — بطلميوس-) ناسیویانە.



لەگەڵیدایە، شتێکی بەبایەخ بدۆزینەوە. ئەم مووسڵ دەخاتە دیاربەکر و (نینوی)ش لە کوردستان. بەڵام لای [ڤان در أأ: توركيا الاسيويه] کوردستان بەدرێژایی چیاکانی زاگرۆس درێژدەبێتەوە لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری. لە نەخشەکانی [هۆمان ١٧٧٣]دا سەبارەت بە ئیمپراتۆرییەتی تورکی و [ڤوگوندی: بلاد السلطان الاعظم ١٧٦٣] هەمان تەرتیبی ئاسایی هەرسێ ناوچەکە دەبینین بەزیاد کردنی ئەوەی ناوی ناوە (مملكه بوشدانور) لەباکووری رۆژهەڵاتی مووسڵ نەخشەسازی دیکە وڵاتەکە دابەش دەکەن بۆ چەند. (بگلربيگيات)[٣٦]: وەك دیاربەکر و مووسڵ و — الرقه — و بەغدا (یان عیراق) [دانگر: خارطة الامبراطورية العثمانية جاييوو ١٦٨٩، سانسون- جاييو: بلاد السلطان الاعظم ١٦٩٤]. نەخشەکانی (سانوف) لەسەرەتادا تەواو نەبوون، لەیەکێکیاندا — بلاد السلطان الاعظم: ١٦٩٤ - «أرضروم» تادیالە درێژ دەبێتەوە، هەروەها ناوی «دیاربکر»یشی تەنها لەو دووناوچەیەناوە «میسوپۆتامیا و عیراق» یان هەردووکیان بەیەکەوە. کەچی لە نەخشەیێکی دیکەیدا دەبینی عراق کەوتووەتە دەرەوە [بلاد الامبراطورية التركيه ط. ماربيت] لەنەخشەی [هاريسن] کە پشتی بە نەخشەی [دانڤیل: ١٧٨٨] بەستوە، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان دیجلە و فورات و دیالە ناوێکی تازەی لێ نراوە کە [گارم]ە بەڵام «أولیڤیه: رحلات. اس ٩، خارطة سوريه] ناوی کوردستان لەناوچەی سەرەوەی زاب دەنێ بەتەنها، هەروەها (الجزيره) و عیراقیش بە مسیوپۆتامیا ناونراوە.

[بيل — دوری: مركز الحرب: ختام القرن الثاني عشر] الجزيره» وا دادەنێ کە تا تکریت درێژ دەبێتەوە. لە [ريشار: أوائل القرن التاسع عشر] لە [خارطه بلاد ال عثمان] ویلایەتی موسڵی بچوك دەبینی کەویلایەتی بەغدا دەوری داوە کە ئەوسا (نصيبين) و (ماردين)یش دەگرتەوە جگە لەمووسڵ. هەروەها ناوی (الجيزيره) شی لە باکووری مسیوپۆتامیا ناوە، (العراق) یش لەباشووری.

لەگەڵ ئەم راپۆرتەدا نەخشەکەی [دی لیل] هاوپێچ دەکەین کە ناوە مێژووییە کۆنەکان پێشان دەدا جگە لەو ناوانەی کە لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا بەکار دەهاتن [نەخشەی ژمارە ٣] [م. ز. خانزادیان] ئەم نەخشەیەی دووبارە چاپکردووەتەوە و لە ئەتلەسەکەیدا بەرێزیشی ئەونەخەشەیەی خستەبەردەستمان هەموو ئەم نەخشە ئەورووپییانە بەسەرچاوە جیاواز نارێکەکانیانەوە (مصادرها المضطربه) نرخیان لای ئێمە لەنەخشە و (مسح)ی ئەرمەنی کەمترە. ئەو نەخشەیەی (أوسكان) کە

(٣٦) دابەشکردنێکی ئیدارییە لە ئیمپراتۆرییەتدا کەلە دواییدا ویلایەیان (أياله)ی پێگوترا.

[قس الجاليه الارمنيه في امستردام: ١٦٧] بو، دروستی کردبوو ناوی مسیوپوتامیای عیراقی (واته مسیوپوتامیا خوار)ی له هەموو ولاتەکە نابوو.

نەخشەیێکی دیکەی گەورە هەیە لە کتێبخانەی نیشتیمانی لە پاریس دانراوە، کە لە (دیر سان لازار)ی شاری (البندقیه: - ١٦٧) هێڵەکانی کێشرابوو و پلانەکەی — مخطط — دانرابوو، لەسەر هەمووبەشی باکووری هەردوو بەری دیجله ناوی (أشور) نووسراوە و بەشی باشوریش ناوی (عیراق). هەروەها ئەو نەخشەیەی کە لە (الدیر الارمنی بالبندقیه: ١٧٨٧)دا چاپکرا، هەموو ئەو ولاّتانەی دەکەونە رۆژئاوای دیجله ناوی سووریای لێ نراوە بەلاّم ئەو ناوچەیەی کێشەکەی لەسەرە هیچ ناوێکی پێوە نییە، ئەگەر بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ گەشتیارە کۆنەکان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان لەوان دەستناکەوێ، بەلاّم ئەوەی لەوانە دەستمان کەوتەوە زۆر جیانییە لەوەی لەنەخشەکاندا دۆزیمانەوە.

[دولفین: ١٥٥٣] کەوەسفی گەشتەکانی [ارامون]ی نێردەی فەرەنسی کە لەگەڵ (السلطان الفاتح) دابوو، دەکا، باسی شورای میدیش دەکا وەك سنوورێك لەنێوان [مسیوپۆتامیا] و [بابل]. و [تاڤرنییه: ١٦٧٦] هیچ شتێ دەربارەی سنووری ولاتەکان نالێ، هەر ئەوەندە دەڵێ: ناوبانگی مووسڵ لەوەهاتووە کە شوێنێکی بازرگانییە لەنێوان عەرەب و کوردەکانی ولاّتی [أشور]. نەخشەی هێڵی گەشتی [پییر دللاڤاله] کە [دوڤال] بلاّوی کردەوە، رێگای (قزرباط) تا (همدان) بە سنووری باکووری عیراق عەجەمی ناو بردووە و ئەو ولاّتانەش کە دەکەونە باکووری ئەم رێگەیە ناوی (کوردستان) بووە.

هەمان سنوور لەگەشتەکانی (جاك موریيه)ی سکرتێری بالۆێزخانه (خرائط البلاد الواقعة بين شيراز و والقسطنطنية) بەدەردەکەون، ئەو ولاّتانەی دەکەونە رۆژئاوای دیجله ناوی (الجریزه)ی لێ ناون و ئەوەشی لە باشووری (سامراء) دایە ناوی (العراق العربی) لێ ناوە. (الملازم ولیم هیود: ١٨٢٠) سلێمانی وەك پایتەختی کوردستان ناو دەبا. ئەگەر هەموو ئەم سەرچاوانە کوبکەینەوە دبینین دابەشکردنێکی روونی تێدایە بەگوێرەی سێ ناوچە. هەر بەگوێرەی ئەمانەش (العراق العربی) لە (هیت — تکریت) دوورتر بەرەو باکوور ناڕوا یان تا ناوچەی حەمرین. دوای وردبوونەوە لەهەموو ئەم زانیارییانە زەحمەت بوو لەوە بگەین (کارل ریتر) ئەو زانیارییانەی بە ئێمەی دابوو لەکتێبەکەیدا [معجم لاحصاء الحغرافی] لە کۆی هێنابووی ئەو وەك یەکێ لەکەسە ورد و باوەڕپێکراوەکانە. (ریتر) دەڵێ [«العراق العربی» هەرێمێکی تورکیه و دەکەوێتە درێژبوونەوەی بەشی خوارووی دیجله و فورات و بابل و کلدەی کۆن دەگرێتەوە، واتە ویلایەتەکانی بەسره و بەغدا و مووسڵ، لە



باکووریشەوە تەنها چیاکانی کورد دەیبڕێ] بەلاّم ئەم رستەیەی دوایی و باس نەکردنی ولاّتی ئاشور وا لە مرۆڤ دەکا زەینی بۆ ئەوە بچێ کە ئاماژە بەهەموو ویلایەتەکە ناکا.

نەخشەیەکی دیکە هەیە کە ناوی (العراق) یان (مسیوپوتامیا) لە (الجزیره) دەنێ. ئەم نەخشەیە ئەوەیە کە پێی دەگوترێ (خریطه سوریه) بۆ ئەوە دروست کرا تاکو یادداشتەکانی ناپلیۆنی پێ روون بکرێتەوە و لە ساڵی ١٨٤٧ دا بلاّوکرایەوە، بەلاّم ناتوانین ئەم نەخشەیە بە سەرچاوەی زانیاریی ئەم ولاّتەی دابنێین چونکە زۆر ساکارە و ئاماژەیەکی لابەلا و کەمی پێکراوە لە سوچێك لە سوچەکانی نەخشەکەدا.

هەموو سەرچاوە تازەکان بەمجۆرە باسی هەردوو ناوی (العراق العربی ) واتە مسیوپوتامیای خواروو، لەگەڵ (العراق العجمی) کە مەبەستی ناوچەی هەمەدانە لە ئێران، دەکەن. هەروەها لە سەرچاوەکانی [هوار: تاریخ العرب] و [هوگارت: الشرق الادنی] بەلاّم ئەم دوانە پێناسەی وردمان پێشکەش ناکەن، [جگرخوێن: دائرة المعارف اللغات الايرانية] و [فیلیبسون: الدوله الترکیه ١٩١٥] و [بانز: ترکیا ١٩١٩]. کۆمەڵێ ئەتڵەسیش هەن وەك ئەتڵەسی [وایلد ١٨٦١] و ئەتڵەسی [ڤیدال دی لابلانش] و ئەتڵەسی [شبرونر] و ئەتڵەسی [شتیلو] و هی دیکەش.

یادداشته تورکییەکە دەگەڕێتەوە بو ئینسکلۆپیدیایی بەریتانی و ئینسکلۆپیدیای فەرەنسیی گەورە، پیناسەکانی خۆیانیان لەوێ دۆزییەوە کە لەگەڵ پێناسەی دیکەدا لە کتێبەکانی گیرفان — کتب الجیب — کەلە لایەن فەرمانگەی مێژوویی لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیدا ١٩٢٠ — بەرگی ١١ بەشی ٦٣: مسیوپۆتامیا وەك یەك بوون. لەوێدا عیراق بە جۆرێ دیاری کراوە کە مەبەستی مسیوپۆتامیای خوارووە نەك مسیوپۆتامیا هەمووی. لێرەدا مسیوپۆتامیای خوارو لەمسیوپۆتامیای سەرو بەرروونی جیاکراوەتەوە ئەمەی دوایی و بێ لە (جزیریره)ش، مووسڵی تێدانییە بەتەنها بەڵکو کفری و کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و رانیەشی تێدایە (ل ٢ — ٤ و ١٣، ١٤، ١٥) هەمان شتیش بەگوێرەی ناوی عیراق کراوە [ترکیا الاسیویه «بەرگی ١٠ فەسڵی ٥٨ ل ١٢»]. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکانی قوتابخانە کە ئێستا لەمیسردا دەخوێنرێ کە لەولاّتە عەرەبییە هەرەپێشکەوتووەکانە، چاپەکانی ساڵانی ١٩١٣ و ١٩٢٢ — ١٩٢٣ دەبینین کە هیچ جیاوزاییەکی لەگەڵ ئەوانەی پێشودانییە، لەکاتێکدا وەك دەردەکەوێ جیاوازییەك لە نێوان (الجزیریره) و (العراق) نابینێ. لەم کتێبانەدا هەموو ئەو ولاّتەی دەکەوێتە نێوان دیجله و فورات و لە شاخەکانی باکوورەوە دەکشێ تا کەنداوی فارس لە باشووری ناوی (الجزیره) یان (العراق)ی لێنراوە.

ئەتڵەسی ئابووریی عەرەبی کە لە هەمان قوتابخانەدا بەکار دێ ناوی (الجزيرة) بۆ ئەو وڵاتە بەکار دەهێنێ کە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو ڕووبارەوە، لەکاتێکدا ناوی (العراق) بەو هەرێمە دەگوترێ کە دەکوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە ئەم دابەشبوونە هەریمایەتیەش دەردەکەوێ بەڵام زۆر بەوردی نا، لەنووسینەکانی نووسەرە کۆنەکان وەك [أبواالفداء] و [ابن حوقل].[37]

بۆیە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی هەموو ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە هیچ بەو جۆرە وەسف نەدەکرا یان دانەنراوە کە بەشێك بێ لە عیراق لە هەموو ئەو نووسینە جوگرافییانەی بۆمان ماوەتەوە لە سەرەتای سەردەمی حوکمی عەرەبیەوە تا ئەمڕۆ، زەینیش بۆ ئەوە ناچێ کەناوی عیراق لای دانیشتوان لە ڕابوردوودا زانرابێ بەقەد ئەوەی وڵاتە تایبەتییەکەی خۆیان زانیبێ و پێی ئاشنابن.

هەرچیەك بێ، لەوانەیە ناوەکە بەسەرزاری عەربەکانەوە لەناوی (مسیوپۆتامیا) ی ئەورووپی زیاتر گوتراو و بڵاوبوبێ چونکە ئەمەی دواییان بێ گومان نەزانیوە. عەرەب ناوی (عیراق) یان لەو وڵاتانە نا کەلە باشوورەوە لە دەوربەری خۆیاندابوو و درێژبوونەوەی ناوەکەش بۆ ناوچەی دیکە بەڵگەی ئەوە بووە لایان کە دەسەڵاتی سوڵتانی بەغدای پایتەختی عیراق تا ئەو شوێنانە دەگات. دەتوانین لێرەدا بەراوردێ بکەین سەبارەت بەناوی (مسیوپۆتامیا) وە لەسەردەمەکانی ڕۆمانیدا. (سترابوو [38] ن ١٦ ص ٧٤٩م) تا (هێلێ میدی) زیاتر لەباشوور درێژی ناکاتەوە، لەکاتێکدا [پلینی][39] [٢٢,٥ فقرە ٢١] تا کەنداوی فارس [ئاماژەی زاراوە لاتینییەکە بە گوێرەی زۆر بوون و کەم بوونی دەسەڵاتی ڕۆمانییەکان دەگۆڕا]. [ئینسکلۆبیدیای بەریتانی: مسیوپۆتامیا ل ١٨٠] بۆیە سەبارەت بە ئەم بەشەی جیهانیش دەبێ دووبارە بگەڕێینەوە بۆ ئینسکلۆبیدیای بەریتانی تاکو

(٣٧) ناوی تەواوی (بوالقاسم محمد بن حوقل البغدادی الموصلی)ی بازرگان و گەشتیار، لە دەوربەری سالی ٩٧٧ز دەرکەوت. بەوڵاتە ئیسلامییەکاندا گەڕا و دەنگ و باسی ئەو گەشتانەشی لەکتێبەکەیدا (المسالك و الممالك و المفارز و المهالك) دا باسی کردبوو و لە (لیدن) لەگەڵ کتێبەکانی — المكتبه الجغرافيه العربيه چاپکرا.

(٣٨) یان (سترابوون (٥٨ پ. ز — ٢٠ ز) جوگرافیزانێکی یۆنانییە لەکتێبەکەیدا

- الجغرافیه — زانیاری باش سەبارەت ولاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کە پێش ئەو کەس پەیی پێ نەبردووە.

(٣٩) لێرەدا مەبەست (پلینی الاکبر)ە [٢٣ — ٧٩ ز] یەکێك بووە لەزانا سروشتییەکانی ڕومان و جوگرافیزانەکانیشیان، کتێبی (التاريخ الطبيعی)ی داناوە کە لە (٣٧) بەرگدایەو هەموو زانیارییە جوگرافی و سروشتیەکانی تێدایە کە لەو سەردەمەدا زانرا بوون. ئەم کتێبەش ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکە پشتی پێ بەستووە.



ئەوە ڕوون بکەینەوە کە دروست بوونی ئیمپراتۆرییەتی [سرجون][40] بێ گومان بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ناوی [اکد]ی پایتەختی [سرجون الاکبر] و هەموو بابلیش بگرێتەوە لە باکوورەوە.

لێرەدا بە پێویستی نازانین بۆ ئەوەی باسی نموونەی ئەورووپی بکەین سەبارەت چۆنیەتی درێژبوونەوەی ناوەکانی فەرەنسا و نەمسا و پروسیا و هی دیکەش بۆوڵاتانی دیکە.

جگەلەمەش نەخشەی ساڵی ١٨٤٨ و پەخشنامەی فەرمانگەی تاپۆی تورکیا کە حکومەتی بەریتانیا پشتی پێیان دەبەست ئەم ئاراستەیە ڕوون دەکەنەوە — مەبەستم کە چۆن هەرێمی بەغدای ئیداری فراوان بوەوە تاهەموو وڵاتەکە بگرێتەوە تازێی گەورە. پاشان ناوی ئەو هەرێمەش کە بەغدا پایتەختی بو هەر بەناوی بەغداوە ناونرا. بۆیە دەبێ ئاماژە بەراستیی بەڵگەکەی حکوومەتی تورکیا بکەین سەبارەت بە دەرکردنی ویلایەتی مووسڵ و جیاکردنەوەی لەعیراق لەرێککەوتننامەی سایکس — بیکۆدا. بەڵام ئەم ڕاستییەش «جزئی»یە چونکە ئەو سنوورەی بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە نەخشەی بۆکێشرا ئەو زەوییانەی کێشەیان لەسەر بوو دابەشکرد و ناوچەی کەرکوك و سلێمانیی لەعیراقدا هێشتەوە و ناوچەی مووسڵ و هەولێریش لەسووریا.

بەگشتیش ئەم سنورە لەگەڵ ئاوە ڕۆی زێی بچوکدا دەڕۆیشت. یەك شت هەیە دەبێ بیچەسپێنین، کامە وولات ئەوسا مسیوپۆتامیای پێ دگوترا و هەر بەوناوەوەش مایەوە. ئەو ناوچەیەی ئەم ناوە دیگرێتەوە لەنووسینی جوگرافیناسەکاندا یەك نییە. بەڵام هەر هەرێمێکی جوگرافی سروشتی هەمیشە ناوچەیێکی ناوەندیی (نواة) هەیە کە بەگشتی ئاکاری تایبەتیی خۆی هەیە هەرچی چەنێك سنوورەکەی بگۆڕێ و کەم و زیادبکات چونکە بە دەگمەن هێڵی سنووری هەیە. کۆتایی دووری ڕۆژهەڵاتی نێوان دووروبارەکە دەکەوتە لێواری دەشتەکەی ڕۆخی چەپی **دیجله** و کۆتاییەکەشی لە باکورەوە لە دامێنی چیاکەی نێوان دوو ڕوبارەکەدا بوو کۆتاییەکەشی لەرۆژئاواوە دەگەیشتە لیواری زەوییە کێڵراوەکان لە ڕۆخی ڕاستی ڕووباری فورات. هەندێکیش وای بۆ دەچن کە ناوەکە پایینی چیاکان و لاپاڵەکانیان دەگرێتەوە و خودی شاخەکان ناگرێتەوە.

فراوانترین و تازەترین ئەتڵەسی ئینگلیزی [اطلس التايمس المسطح للعالم] کە (بارثولومیو ١٩٢٠) دروستی کرد سنوورێك دەکێشێ کەلە (جزیره ابن عمر)ەوە بەدرێژایی **دیجله** دەکشێ پاشان لێی دوور دەکەوێتەوە لەخاڵێکدا کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای دهۆك و لەنێوان (القوش) و

(٤٠) مەبەست لێرەدا (سرجون الاكدی)یەکە وڵاتی نێوان دووروبارەکەی یەکخست و ئیمپراتورییەتێکی فراوانی لێ پێکهێنا لە دەوروبەری (٢١٠٠ پ. ز) نەك سەرجونی ئاشوری (٤. ٧. ز)

(تلكيف) و نێوان هەولێر و [قرەچۆق — داغ) تا پردێ دەڕوا لەرۆژئاوای کەرکوك و بەردەوام دەبێ تا (طاووق) پاشان بەتیژی بادەداتەوە بەرەو رۆژهەڵات و کفری لە رۆژئاوا بەجێ دەهێڵێ. ئەو وڵاتەی دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئەم سنوورە (مسیوپۆوتامیا)یان پێ دەگوت، ئەوەش کە دەوکێتە رۆژئاوای بە کوردستانی باشوور ناودەبرا. جا ئەگەر ناوی (عیراق)مان بەناوی (مسیوپۆتامیا) گۆڕییەوە ئەوسا تەنها بەشی رۆژئاوای ئەو هەرێمەی کێشەکەی لەسەرە دەکرێ ناوی عیراقی لێ بنرێ. هەرچەندە دەشبێ لەلایێکی دیکەوە ئەو ناوە هەموو وڵاتەکە بگرێتەوە تا فورات.

هەڵەیە بەڵگەکەی حکوومەتی تورکیا بسەلمێنین کە دەڵێ هەرێمی کێشە لەسەر بەشێکە لە (أناضولیا)، چونکە ئەمەیان زۆر دوورە و هەردوو هەرێمەکەش سووریا و کوردستانی رۆژئاوا لێکیان جیادەکاتەوە کەنزیکەی هەموو چیای (طوروس) دەگرێتەوە، بەڵام لەوانەشە هەڵەکەی حکوومەتی تورکیا گەورەش نەبێ، چونکە تەنها بریتییە لە غەفڵەتی دەربڕین مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ناوی (أناضولیا) بە ناوچەکانی (دیاربکر و ماردین و نصیبین) بگوترێ، چونکە ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە هەمیشە بەوناوە باوانەوە ناسراون کە ئەم ناوچانەی پێ ناسراون، ناوچە شاخاوییەکان هەمان ناویان هەیە لە کوردستان و دەشتەکانیشدا کە (دیاربکر) و (الجزیرە)ن یەك تێبینی هەیە کە دەبێ باس بکرێ. دوای گەڕانەوە بۆ هەموو ئەو سەرچاوانەی باسمان کرد و ژمارەییێکی زۆری سەرچاوەی دیکە، هیچ بەڵگەیێکمان نەدۆزییەوە بیسەلمێنێ کە ئەم وڵاتە یان بەشێکی لەهیچ سەردەمێکدا ناوی (تترستان)ی لێ نرابێ وەك حکوومەتی تورکیا ئیدیعا دەکا. جگە لەمەش حکوومەتی تورکیا نەیتوانی وەڵامان بداتەوە کەداوای زانیاریی راست و دروستمان لێکرد سەبارەت بەم (ادعاء)ە. ئێمە ناوی (تورکمانیا) دەبینین کە هەندێ جار لە وڵاتانی دەوروبەر دووبارە دەبێتەوە، بەڵام هەمیشەش لەبەشە باکوورییەکان دەنرا و لەسەدەی حەڤدەشدا لەبری ناوی ئەرمینیا بەگشتی بەکار دەهات.

لەنەخشەی [ڤان درأأ]ی تورکیای ئاسیەوی (سەدەی هەژدە) ناوی — الترکمان — لە باکووری دەریاچەی (وان) و باشووری دەریاچەی (أورمیە) و رۆژئاوای فورات دا نووسراوە و هاتووە نەك لە (الجزیرە) یان لەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە.

هەموو تێبینی و (ادعاء)اکانی هەردوو حکوومەت ناچاریان کردین زۆر سەرچاوە بەکار بهێنین و پاشان لێکۆڵینەوەیەك بنووسین کە لەڕاستیدا زۆر لەوە درێژتر بوو کە پێویست بکا بۆناوی هەرێمێك و دیاری کردنی چارەنووسی.



-٣-

## رێ و بان و هاتوچوو

کۆمەڵەی سێیەمی بەڵگە جوگرافییەکان کە تایبەتن بە رێ و بان لەگەڵ بەڵگە ئابوورییەکاندا تێکەڵ دەبێ و ئێمەش کاتێ کە نۆرەی شیکردنەوەی ئەو بەڵگانەدێ، بە تەفسیلاتێکی زیاتر لێی دەدوێن بەڵام ئیستا لە روانگە و بۆچوونی جوگرافییەوە بەتەنها، باسیان دەکەن.

حکوومەتی تورکیا دەڵێ شار و ویلایەتی مووسڵ دەکەوتە سەر شوێنی بەیەکگەیشتنی هەموو ئەو رێگایانەی (أناضولیا) و سووریا و ئێران بەیەکەوە دەبەستێ، بۆیە ئەم دوانە (شار و ویلاتەکە) لەڕووی هاتوچۆ رێ و بانەوە زۆر گرنگە بۆ باشووری (أناضولیا) لەگەڵ ئێران و سووریا. یادداشتەکە کە لە (لوزان) پێشکەش کرا سورە لەسەر ئەوەی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك زەحمەتە بێ مووسڵ بەنیشتمانی دایکەوە ببەسترێنەوە. لەوەڵامی پرسیارەکانی ئێمەشدا حکوومەتی تورکیا روونکردنەوەی دیکەی پێشکەش کرد کە زیاتر تەفسیلاتی بابەتەکەی روون کردەوە وەك ئەمەی کە دەڵێ «بەگشتی ئەوەی زانراوە کە دوو رێگەی بازرگانی سەرەکی هەیە لەنێوان (اناضولیا) و ئێراندا، یەکەمیان ئەوەیە کە بە باکووری هەردوو دەریاچەی (أورمیە و وان)دا تێدەپەڕێ و لە (طرابزون) کۆتایی دێت. دووەمیشیان بە باشوری هەردوو هەمان دریاچەدا تێدەپەڕێ. ئەو رێگەیەی لە (طرابزون) کۆتایی دێ رێ ترانزێتی نێوان ئێران و رۆژئاوایە بەپلەی یەکەم، لە کاتێکدا رێگەکەی باشوور بەزۆری بۆ هاتوچۆ بەکاردێ لەنێوان رۆژئاوا و باشووری (أناضولیا) و ئێران، هەروەها لەگەڵ دیجلەدا دەڕوا تا مووسڵ (ئەگەر هێڵی سکەی شەمەندەفەر بگاتە ئەو شارە ئەوسا ئەو هێڵە لەبری ئەم رێگایانە بەکار دێ بۆهاتوچۆ) لەوێشەوە دەبێ بەسێ بەشەوە بەرەواندز و کۆیە و سلێمانیدا تێدەپەڕێ.

ئەو سنوورەی حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردبوو هەموو ئەم رێگە بازرگانیانە پشت گوێ دەخا، بەڵام رێگەی بازرگانیی نێوان تورکیا و ئێران کە دەکەوێتە دوورتر بەرەو باکوور لە زۆربەی بەشەکانی ساڵدا بەکار نایێت بەهۆی سەختی رێ و بان و بارودۆخی ئاووهەواوە». لە بەشێکی دیکەی وەڵامەکەدا حکوومەتی تورکیا رێگە سەرەکیەکانی بازرگانی نێوان ناوچەی مووسڵ و بەشەکانی تورکیا کە کێشەیان لەسەر نییە بەمجۆرە باس دەکا:

١- رێگەی دیجلە.

٢- رێگەی مووسڵ - ماردین - دیاربەکر — خەربوت — سیواس — سامسون.

٣- سکەی شەمەندەفەرە لە «نصيبين»ەوە تا «أدنه».

٤- ڕێگەی مووسڵ – «الجزيره» - سعرد – بەدلیس - «أرضروم» - تەرابزون.

٥- ڕێگەی مووسڵ – ئامێدی –جولەمێرگ – باشقلە – وان.

٦- ڕێگەی مووسڵ هەولێر – ڕەواندز- باشقلە – وان.

٧- ڕێگەی مووسڵ – فایدە – زاخۆ - «بيت الشباب» - باشقلە – وان.

شتێکی زۆر سروشتییە کە ڕێگەی هاتوچۆی کەرکوك و سلێمانی لەگەڵ دیاربەرکر و ماردین و هەرشوێنێکی دیکەی ئەوناوچەیە و دەوروبەریشی دەپچڕێ جگە لەو ڕێگەیەی بەمووسڵدا تێدەپەڕێ کە تاقە ڕێگەیە بەکاربێ.

کاتێ بەڵگە ئابوورییەکانمان شی کردەوە ئەوسا ئاماژە بەقەوارەی ئەو بازرگانییە دەکەین کە ئەم ڕێگەیە دەیگرێتەخۆی، بەهەرحاڵ پێویستە لەبیرمان بێ کەسلێمانی و کەرکوك دەکەونە ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە، بۆیە هەر بەڵگەیێك بەمجۆرە دابنرێ نرخی خۆی لەدەستدەدا.

سەربارەت بەو بەڵگەیەی کەزیاتر هەمەلایەنە و دەڵێ ویلایەتی مووسڵ و شاری مووسڵ مەڵبەندی ترانزیت و کۆگاییێکە بۆ دووبارە ناردنەدەرەوە – تصدیر-، ئەوسا زێدەڕۆییە بڵێین مووسڵ بەم پلەبەرزە گرنگە بۆبازرگانیی نێوان – أناضوليا – و سووریا، چونکە لەبازرگانیی سووریا و ئێراندا، مووسڵ و ڕێگەکانی دەرەوە لەوێوە تا ڕەواندز و سلێمانی تا دەگاتە ئێران بەڕادەییێکی دیاریکراو و لە ماوەییێکی دیاریکراوی کاتدا بەکار هێنراوە. بە هەرحاڵ ئەم بەکارهێنانە لەهەموو کاتێکدا زۆر گەورە نەبووە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێی هاتوچۆ لەنێوان عیراق و ئێران وەك (دەروازەی میدی – الباب المدي-[٤١] وڕێگەی خانەقین و ئەوڕێگە کۆنەی لە –سوسە-ی جاران و – شۆستر-ی ئێستاوە بەرەو باشوور دەچوو [د.کارویتر ١٦٧-١٦١] بۆ بازرگانیی باکووری سووریا و (أناضوليا) کە بەرەو باشوور دەچوو (حلب) مەڵبەندی سەرەکی بوو، ئەمەش لەزۆربەی سەردەمە مێژوییەکاندا باوبووە. ڕێگە سەرەکیی بازرگانی ڕێگەی (الكروان)ی مەزن «الكروان العظيم» کە [تاڤرنییە] باسی کردبوو و بەناوبیاباندا دەڕۆیشت بۆ بەسرە بەهێڵێکدا کە لەگەڵ ڕووباری فوراتدا تەریب بوو و لقێکیشی لێ دەبووەوە بەرەو بەغدا لەوێشەوە بۆ ئەو دووڕێگە سەرەکییەی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەبڕن بەرەو ئێران.

(٤١) ناوێکە ئاماژە دەکا بەو ڕێگەیەی سوپای میدیی پێدا هات بۆ داگیر کردنی عیراق، ئەو ڕێگەیە دەکەوێتە خوار خانەقین و بەڕێکی دەڕوا تا دەگاتە دیجلە.



ئەم ڕێگەیە زۆربەی بایەخەکەی خۆی، دوای هەڵکەندی نۆکەندی سوێس، لەدەستدا. کەمبوونەوەی بڕی بازرگانی کە ئەم ڕێگەیەی بەکاردەهێنا وایکرد کە ڕێ و شوێنی پارێزگاریی تێدا مسۆگەر نەبێ، لەوکاتەوە بازرگانی بەرۆخی ڕاستی ڕووبارەکەدا دەڕۆیشت. بەمجۆرە یەکەمینی ئەو ڕێگەیانەی دیکە کە باسکراون ڕووبارەکەیە ئەویش ناتوانرێ بەکاربێ تەنها کە بەرەو خوار دەبێتەوە لەگەڵ ئاوەڕۆکەیدا. دووەمیشیان ڕێگەیەکی خراپ نییە، بەڵام هەندێ بەشی بەکەڵکی هۆیەکانی گواستنەوەی ئامێری - و سائل النقل الاليه – نایێت. سێ ڕێگەی دیکە هەن لەبری ئەمانە کە لە مووسڵەوە تا (نصيبين) دەکشێن. ڕێگەی دووەمیش سکەی شەمەندەفەرە، ئەمەشیان لەڕووی عەمەلییەوە کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو تا ئازاری ١٩٢٥ کە دووبارە پردەکەی فورات بینا کرایەوە.

چوارەم ڕێگەیەکی سەختە بەتایبەتی لای بەشی [الجزيره – سعرد - بدليس] و پێنجەمیش ڕێگەیەکە بەناوشاخدا دەڕوا و زۆربەی بەشەکانی زۆر سەختە بە تایبەتی لەنێوان دهۆك و ئامێدی و دوای ئەویش. شەشەم بۆ هاتوچۆی هۆیەکانی گواستنەوەی ئامێر – وسائل النقل الاليه – تا [دیرە] بەکەڵك دێ، دوای ئەوە لەهەندێ شوێندا دەبێ بەڕێگەیەکی زۆر خراپ و زەحمەت و لەزستانیشدا بەهیچ جۆرێ بەکارنایێت. حەوتەم تا زاخۆ باشە و دوای ئەوە ئەبێ بەڕێگەی پیادەڕۆ – مشاة- حکوومەتی بەریتانی تەنها لە دید و بۆ چوونی ئابووریەوە ئاماژە بەڕێرەوەی ئەو ڕێگایانە دەکا، ئەمەش لەدواییدا دێینەوە سەرێ.

ئەو کە باسی ئەم ڕێگایانە دەکا وەك هۆیێك لە هۆیەکانی شارستانی باسیان دەکا، کە وەسفی هەندێکیشیان دەکا دەڵێ مووسڵ بەڕێگەی باش و لەبار بۆ هۆییەکانی گواستنەوەی (آلی) – ئامێر – بە [تلعفر و سنجارو شرقاط و دهۆك و زاخۆ و عين سفني و عقره و اربيل] دەگا، هەروەها (هەولێر)یش بە (شرقاط) و بە (سنجار)ەوە دەبەستێتەوە تا (رأس العين). ڕێگەیەکی دیکەی باش هەیە لە هەولێرەوە بوو (ڕەواندز) «مووسڵ و هەولێر و پردێ» یش ڕووبارەکانیان بەکاردەهێنن بۆ هاتوچۆ لەگەڵ باشووردا.

ئێمە دەبێ سەبارەت بەم بابەتە سێ (تعليق)مان هەبێ: لە یەکەمیاندا دەڵێین وڵات لەسەردەمی توركدا بێ ڕێگەوبان نەبووە و هەندێ لەم ڕێگایانەش باش بوون. (مسيو ادوارد زخاو)[٤٢] ی

(٤٢) یەکێك بو لەرۆژهەڵاتناسە مەزنەکان (١٨٣٥ – ١٩١٥) دەیان کتێب و توێژینەوەی بە عەرەبی و سریانی جگە لە ئەڵمانی بڵاوکردووەتەوە. دامەزرێنەری پەیمانگای بەناوبانگی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانە لە بەرلین (١٨٨٨) ئەم ڕاپۆرتەی لێرەدایە ئاماژە بەکتێبەکەی «گەشتێ بۆ سووریا و نێوان دوو ڕووبارەکە – کە حکوومەتی ئەڵمانیا ناردبووی بۆ ئەو ناوچانە» نووسیبوی.

ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ کە زۆر بەم  ناوچانەدا گەڕاوە لەوەسفی ڕێی مووسڵ بۆ زاخۆدا دەڵێ ئەم ڕێگەیە قەت خراپ نەبوو و ئەو ڕێگەیەش کەلە شاخاکانی زاخۆ دێتە ناوشار زۆر باش و نایاب بو (ل ٣٢٧) لەلایێکی دیکەوە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە سوپای ئەڵمانی و تورکی و دوای ئەوانیش سوپای بەریتانی لەکاتی جەنگدا و بەمەبەستی سەربازی — سوقیە — زۆر بەباشی ئەم ڕێگایانەیان چاك دەکردەوە، بۆنموونە ئەڵمانەکان ڕێگەی مووسڵ تا — شرقاط — یان ڕێك «عَبَّدَ» قیرتاو و چاککردەوە بەشێوەیەك  کە زۆربەی ڕێگەکە زۆرباش و نایاب بوو و چەندین پردی باش بنیات نراویان لەسەردروست کرد.

ڕێگەکانی دیکە [لە مووسڵەوە تا هەولێر و کەرکوك و لەم  دووشارەشەوە بۆ سلێمانی و ڕەواندز] سوپای بەریتانی لەکاتی جەنگ و شۆڕشدا ڕێکی خست پاشان ئیدارەی سەربازی کاروباری ئەم ڕێگایانەی خستە ئەستۆی ئیدارەی مەدەنی [راپۆرتی یەکەم دەربارەی عیراق ١٩٢٠].

لایەنی سێ یەم: دەبێ ئاماژە بەوەبکەین  کە ئەم ڕێگایانە هێشتا زۆر لەوە دوورترن ڕێگەیان پێ بگوترێ بەگوێرەی مانای ئەو وشەیە لە ئەورووپادا چونکە زۆریان لەوەرزی باران بارینیدا ناتوانرێ بەکار بهێنرێن، هەمووشیان جگە لەڕێی — شەرقات — مووسڵ و ڕێی موسڵ — زاخۆ زۆر زەحمەتە دوای باران بارین بەکار بهێنرێن. لەو ڕێگایانەی حکوومەتی بەریتانی باسی کردبوون، ئەوڕێگەیە کە لە هەولێرەوە دەچێ بۆ ڕەواندز، ئەمەش تەنها ڕێگەیێکە کە هۆیە ئامێریەکانی گواستنەوە — وسائط النقل الالیە — بۆمەودایێکی زۆر کورت  لە [هەولێرەوە بۆ دیرە] بەکاری بهێنن، دوای ئەوە تەنها بەکەڵکی ترومبێلی کێش سووك دێن — خفیف الوزن — لەوەرزێکی باشدا، لەکاتێکدا دەبێ ئەوانەی سەفەردەکەن لە (دیرە)ەوە بۆ (ڕەواندز) بەسواری ئەسپ بەڕێگەیەکدا بڕۆن کە ڕێی گیانەوەرە_ حیوانات — و هەندێکی باشە هەندێکی خراپ. ڕێگەکەی دیکە کە لە شەنگارەوە دەس پێدەکا ئەمیش بەرەو فورات دەڕوا و دەبێ بە دوو لقەوە یەکێکیان بۆ (رأس العین) و ئەوی دیکەیان بو (دیرالزور). ئەمە زەحمەتە بەکار بێ بەهۆی ئەو لافاوەی لەشەنگارەوە بەرەو خوار دەبێتەوە.

ڕووبارەکان بەکەڵکی هاتوچۆ نایێن مەگەر لەگەڵ تەوژمدا (التیار) و بەکەڵەك، لەدیاربەکر  و زاخۆوە تازێی بچووك لە (طقطق) و (پردێ). هەندێ کەشتیی بچووکیش هەیە کە هەندێ جار تا مووسڵ دەڕوا. بەڵام ڕووبارەکە تەنها ڕێی کەشتیرانییەکی (ملاحە) پچڕپچڕ دەدا و بەدژی تەوژم — ضد التیار — کە تەنها لە چەند مانگێکی کەمی زستاندا مەیسەردەبێ. بەرەسمی پێمان ڕاگەیێنرا کەڕووبارەکە داخرابوو و کەشتیی پێدا نەدەڕۆیشت لە ساڵانی پێشودا بەهۆی نقوم بوونی کەشتییەك — مرکب — ئیتر لەوساوە ئاوەڕۆکە چاك  و پاك نەکراوەتەوە.



**٢- شیکردنەوەی بەڵگە ڕەگەزییەکان (تحلیل الحجج العرقیة):**

هەردوو حکوومەت مەسەلە نەژادییەکەیان بە تەفسیل لێکدایەوە. گومانیشی تێدانییە کە ئەمە مەسەلەیێکی یەکجار گرنگە. ئەو مەسەلانەی لەم  بابەتە جیا دەبێتەوە دەکرێ بکرێ بەسێ کۆمەڵەوە.

**کۆمەڵی یەکەم:** ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی سەدیی  نەتەوە جیاجیاکان.

**کۆمەڵی دووەم:** دابەش بوونی هەرێمی نەتەوەکان. بۆ ئەمەش پێویست دەکا لە دوو مەسەلە بکۆڵرێتەوە:

أ.   سروشتی نەتەوییی شاری مووسڵ.

ب.  کێشەی کۆچ و حاڵەتی ڕەوەندەکان

**کۆمەڵەی سێیەم:** ئاکار و ئەسڵی نەتەوە جیاکان. جگە لەمانەش خاڵی دیکە هەیە کە پەیوەستە بەژیانی ئەودانیشتوانانەوە و مەسەلەی موڵکایەتی تاکەکەسی و گشتی. هەرچۆنێك بێ ئەم دوو مەسەلەیە مشتومڕی زۆر دروست  ناکەن.

**کۆمەڵەی یەکەم: ژمارەی گشتیی دانیشتوان و ڕێژەی سەدیی نەتەوەجیاوازەکان**

١- ئەو سەرژمێرییانەی کە لە یادداشتی هەردوو حکوومەتدا پێشکەش کرابوون

سەرژمێرییەکانی تورکیا و بەریتانیا کە پەیوەندییان بە پێکهاتەی ڕەگەزایەتیی دانیشتوانی ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە هەیە زۆر لەیەکدی جیاوازن وەك لەم  دووخشتەیە دەردەکەوێ.

## ویلایەتی مووسڵ

| | تەقویمی رەسمیی ویلایەتی مووسل | سەرژمێری تورکیا ئەمەپێشکەش بە لوزان کرا | راپۆرتی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان لە١٩١٩دا کردبوویان | راپۆرتی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان لە١٩٢١دا کردبوویان | دواسەرژمێر یی حکوومەتی عیراق ١٩٢٢-١٩٢٤ |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد | — | ٢٦٣٨٣٠ | | ٤٢٤٧٢٠ | ٤٩٤٠٠٧ |
| عەرەب | — | ٤٣٢١٠ | | ١٨٥٧٦٣ | ١٦٦٩٤١ |
| تورك | — | ١٤٦٩٦٠ | ئەم راپۆرتە لەسەر بنەمای ئایین کرا نەك نەتەوە | ٦٥٨٩٥ | ٣٨٦٥٢ |
| نصاریی<br>جولەکە | —<br>— | ٣١٠٠٠ | | ٦٢٢٢٥<br>١٦٨٦٥ | ٦١٣٣٦<br>١١٨٩٧ |
| ئێزیدی | — | ١٨٠٠٠ | | ٣٠٠٠٠ | ٢٦٢٥٧ |
| کۆی دانیشتوانی نیشتەجێ | | ٥٠٣٠٠٠ | — | — | |
| رەوەند و کۆچەر | | ١٧٠٠٠ | — | — | |
| کۆ المجموع | ٨٢٨٠٠٠ | ٦٧٣٠٠٠ | ٧٠٣٣٧٨ | ٧٨٥٤٦٨ | ٨٠١٠٩٠ |



## لیوای مووسڵ

| | سەرژمێری تورکی کە درا بەلوزان | خەملاندنی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان لە ١٩١٩ | خەملاندنی ئەفسەرە سیاسە بەریتانییەکان لە ١٩٢١ | دوا سەرژمێری حکوومەتی عیراق لە ١٩٢٢ - ١٩٢٤ |
|---|---|---|---|---|
| کورد | ١٠٤٠٠٠ | | ١٤٩٨٢٠ | ٨٧٩٠٠ |
| عەرەب | ٢٨٠٠٠ | | ١٧٠٦٦٣ | ١١٩٥٣٧ |
| تورك | ٣٥٠٠٠ | ئەم خەملاندنە لەسەر بنەمای ئایین کراوە نەك نەتەوە | ١٤٨٩٥ | ٩٧٥٧ |
| نصاریی<br>جولەکە | ٣١٠٠٠ | | ٥٧٤٢٥<br>٩٦٦٥ | ٥٤٩٣٤<br>٣٥٧٩ |
| ئێزیدی | ١٨٠٠٠ | | ٣٠٠٠٠ | ٢٠٢٥٧ |
| کۆی دانیشواتی نیشتەجێ | ٢١٦٠٠٠ | | — | |
| رەوەند و کۆچەر | ؟ | | — | |
| کۆ المجموع | ؟ | ٣٥٠٣٧٨ | ٤٣٢٤٦٨ | ٢٩٥٩٦٤ |

ئەو سەرژمێرییانەی لیواکانی دیکە ناکرێ بەراورد بکرێن چونکە رێکخستنی ئیداریی پێشو لەسەردەمی حوکمی تورکدا لەگەڵ ئەوەی ئێستادا رێك ناکەوێ.

گومانیشی تێدا نییە کەهەر حکوومەتێ لەو دووحکوومەتە راستیی ژمارەکانی ئەوی دیکەی بەدرۆخستەوە و هەر یەکەش لەلای خۆیەوە رەخنەی لە شێوازی کارکردنی ئەوی دیکە گرت. حکوومەتی بەریتانی دەڵێ:

١- لە ئیمپراتۆرییەتی تورکیدا سەرژمێرییەك نەکراوە لەسەربنەمای نەتەوە، بەڵکو ئەوەی کراوە لەسەر بنەمای ئایین بووە.

٢- بەهیچ جۆرێ نەخشەیێکی وردی ئیمپراتۆرییەتی تورکی نییە.

٣- ئەو لیستانەی رێکدەخران بەمەبەستی سەربازگرتن — تجنید- ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ چونکە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەوانەیە توانیبێتیان ناوی خۆیان بسڕنەوە و لە تۆمار کردن رزگاریان بوبێ.

٤- ناکرێ پشت بە سەرژمێرییەکانی تورك ببەسترێ چونکە بەهیچ جۆرێ سەرپەرشتییەکی راستەوخۆی نەبووەمەگەر لەچەند شار و گوندێکی دیاریکراودا.

حکوومەتی بەریتانی ئەوەشی راگەیاند کەبایەخی ئەو سەرژمێریاریانەی حکوومەتی تورکی پێشکەشی کردوون دەکرێ کەم بکرێتەوە و رەخنەی لێ بگیرێ بەتایبەتی لەبەر ئەوەی مێژوویێکی دیاری کراوی بەسەرەوە نییە.

حکوومەتی تورکیا رەخنە لە سەرژمێرییەکانی بەریتانی و شێوازی کارکردنی دەگرێ بەوەی ئەو گەشتە کورتەی ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیا دەیکەن بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانن زانیاریی روون و ورد کۆبکەنەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەم ئەفسەرە بەریتانییانە نەیانتوانیوە بگەنە سلێمانی.

حکوومەتی بەریتانی وەڵامی رەخنەکانی حکوومەتی تورکیای دایەوە و گوتی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان سەردانی هەمووو شوێنێکیان کردووە لەوڵاتەکەدا زۆر بەرێکوپێکی و وردی، جگە لەمەش بوونی ئەفسەری بەریتانی لە (سلێمانی) دەگەڕێتەوە بۆ تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩١٨ تا ١٩٢١، پاشان لە ١٩٢٢ دا گەڕانەوە ئەوێ لەکاتێکدا حکوومەتی تورکیا لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە هیچ جۆرە زانیارییەك کۆبکاتەوە.

دوای ئەمە حکوومەتی بەریتانی «تەفسیر»ێك بۆ ئەو جیاوازییانەی لەنێوان خشتەکانی سەرژمێرییەکە دایە، ئەوەی لەساڵی ١٩١٩ و ١٩٢١دا رێکخرابوون «نظمت» پێشکەشی دەکا [کۆی خەملێنراو — المجموع المقدر — لەساڵی ١٩١٩ (٧٠٣٠٠٠) ە و لە ساڵی ١٩٢١ کە لەوی پێشو وردترە (٧٨٥٠٠٠) ە] ئەم جیاوازییە دەگەڕێنێتەوە بۆ



١- گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەو پیاوانەی کە لە هەردوو سوپای عەرەبی و تورکیدا کاریان دەکرد.

٢- گەڕانەوەی ئەو خێزانانەی گوندەکانی خۆیان بەجێهێشتبوو لەکاتی جەنگ و پێش داگیرکاریی بەریتانی — الاحتلال

٣- هاتنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەری ئاشوری.

و حکوومەتی تورکیا وەڵامی ئەم رەخنەیەی دوایی حکوومەتی بەریتانیی دایەوە و گوتی سەرژمێرییەکانی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیێکی وردکراوە کە پێش جەنگ رێکخرابوون بۆیە بەهیچ جۆرێ لایەنگری سیاسی- تحیز سیاسی — تێدانییە. لەبەرئەوەش کە دەبایە زانیارییەکان زۆر ورد بوونایە چونکە بۆ سەرباز گرتن — تجنید- دەبێ ئاگاداری هاتوچۆی — تنقلات — دانیشتوان بین، بۆیە ژمارەکان راستن. هەرچۆنێك بێت ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئەو زانیارییانەی پێشکەش کران بەس نەبوون، تاکو ئێمەبتوانین بەهۆی ئەوانەوە نرخی سەرژمێرییە جیاوازەکان بخەملێنین بۆیە داوای «تفاصیل»ی دیکەمان کرد.

حکوومەتی تورکیاش پێی راگەیاندین کە ئەو دوو سەرژمێرییەی لەویلایەتی مووسڵدا لەهەر دوو ساڵی ١٩٠٦ و ١٩١٦دا کرابوون، بەداخەوە شێوازەکانی سەرژمێری لای حکوومەتی تورکی ئەو بنەمایانە نین کە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی سەرژمێری دایاننابوو، بۆیە هیچ جۆرە فایلێکی — أضابیر- سەرژمێریی کەسیی — شخصی — و خێزانی — عائلی لە فایلە هەڵگیراوەکانی — محفوظات — ئیمپراتۆرییەتدا دەس ناکەون.

سەرژمێرییەکانی ویلایەتی مووسڵیش ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە و خەملاندنە بوون کە بەمەبەستی باج کۆکردنەوەیان بۆ سەرباز گرتن — تجنید — رێکخرابوون.

لەگەڵ ئەمەشدا حکوومەتی تورکیا وەسفێکی پوختی ئەو باجانەشی بۆ ناردین بەڵام ئێمە زانیاریی لەم جۆرەمان بە کەڵك نەزانی بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی راستمان دەس بکەوێ سەبارەت بە بزاڤی دانیشتوان — حرکە السکان - لەمەسەلەی نە تەوایەتیشدا نرخێکی ئەوتۆی نییە.

حکوومەتی بەریتانیاش ئەم زانیاریانەی بۆ ناردین. ئەو سەرژمێرییە، یان لەڕاستیدا خەملاندن، کە لە ساڵی ١٩١٩دا کرا، لە کۆتایی ساڵ بوو واتە لەوەرزی سەرمادا بوو، ئەم وەرزەش ئەوکاتەیە کە رەوەندەکان نیشتەجێ دەبن و نابزوێن لە هەوارگە زستانیەکانی خۆیاندا دەمێننەوە، لەهەمان کاتدا هەندێ رەوەندی عەرەب لە دەرەوەی سنووری زەوییەکانی خۆیاندا دەبن بەڵام ئەمانە خرانە ناو خەملاندنەکانەوە — التقدیرات — لەسەر هەمان بنەمای

خەملاندنەکانی ساڵانی پێشو. دەبێ سەرنجی ئەوەش بدرێ کە ئەو شێوازانەی پیادەکران شێوازی سەرژمێری نەبوون بەڵکو تەنها خەملاندن بوون، ولاتیش کرابوو بە چەند بەشێکەوە و بۆ هەربەشێ ئەفسەرێکی سیاسی دانرابوو و چەند یاریدەدەرێکیش، لەنێوان دووبۆ دە، بۆیارمەتیدانی دانرابوون. هەر یەکەش لەمانە بایی ئەوەندەی کاتی هەبووبێ سەردانی ئەو گوندانەیان کردبوو کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە. و بە زارکی — شفهی- زانیمان کە زۆرترین ژمارەی گوند کە ئەو فەرمانبەرانە لە سنووری ئەرکەکەی خۆیاندا سەردانیان کردبوون لەنێوان سێ سەد تا چوارسەد گوند دەبوون.

ئەم فەرمانبەرانە پرسیاریان لە دانیشتوان دەکرد و ماڵەکانیان دەژمارد و دەگەڕانەوە بۆ بەڵگەنامە رەسمییەکانی سەرژمێریی تورکی. لەکاتێکدا کە خەملاندنی ١٩٢١ ئاماژە بە نەتەوەکان دەکا، دەبینین خەملاندنی ساڵی ١٩١٩ لەسەربنەمای ئایین کراوە. خەملاندنی (١٩٢١) تەنها لە لیوای مووسڵدا کراوە، لەلیواکانی دیکەدا خەملاندنی (١٩١٩) وەك خۆی مایەوە لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتداران دانیان بەوە دانا کە دانیشتوان زیادیان کردووە. لە دوو ساڵ یان سێ ساڵی دواییدا حکوومەتی عیراق دەستی کرد بە کۆکردنەوەی ئەوەی بەیەکەم تۆماری سەرژمێریی راستەقینەی دانیشتوان لە عیراقدا دادەنرێ [لەگەڵ ئەو هەرێمەش کەکێشەی لەسەرە] بەڵام ئەم سەرژمێرییانە هێشتا تەواو نەبوون، هەروەها ناوچەکانی بیابان وشاخە بەرزەکانی نەگرتوەتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی لەهەر دوولیوای مووسڵ و کەرکووك کۆکراونەتەوە باشترین خەملاندنن کە تائێستا کرابێ، ژمارەکانی (هەولێر و سلێمانی) هەرچەندە ناگەنە رادەی ئەو دوولیوایە لە وردیدا و ناکرێ بەکاریان بهێنین بۆزانینی کۆی گشتی دانیشتوان و دابەشبوونی رەگەزایەتییان. ژمارە گشتییەکانی (الكلیە) بە گوێرەی ئەم خەملاندنە زۆر لە ژمارەکانی ساڵ ١٩١٩ یان ١٩٢١ بەرزترن. گومانیشی تێدانییە کە دانیشتوان زیادیان کردووە. بەڵام حکوومەتی بەریتانیا وای بۆ دەچێ کە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە دەری دەخا کە ژمارەی کورد لە (هەولێر و سلێمانی) زێدەڕۆیی تێدا کراوە. هەرچۆنێك بێ کۆی ژمارەی دانیشتوانی ویلایەت باشترین شتە کە تا ئیستا پێی گەیشتبین. لەولاتێکدا وەك عیراق کە دانیشتوانی هێشتا دوورن لە هۆیەکانی شارستانییەت و گەشەکردنەوە بەهیچ جۆرێ هیچ سەرژمێرییەکی یان خەملاندنی دانیشتوان ناکرێ مەگەر تەنها بە — تقریبی- بێ. سەرژمێرییە تورکییەکانیش هیچ جۆرە یارمەتییەکیان پێشکەش بەفەرمانبەرەکانی سەرژمێریی عیراقی نەکرد، چونکە یاسای سەرژمێریی تورکی داوادەکا کە (ئایینی) کەسەکە



بنووسرێ نەك (نەتەوەکە)ی. نوێنەری تورك لە لوزان گوتی ئەم زانیارییانە پشت بەسەرژمێرییەکانی پێش جەنگ دەبەستن. ئەوسەرژمێرییانەی نوێنەرەکە پێشکەشی کرد پیشانی دا کە دانیشتوانی [سنجق — لواء-][٤٣]ی مووسڵ (**٢١٦٠٠٠**) لەکاتێکدا لیستی سەرژمێریەکانی پێش جەنگی تورك ژمارەی (٢١١٠٠٠) دەدا ئەمەش تەنها بۆ نێرینە — ذكور — لەهەمان (سنجق)دا.

بەمجۆرە ئاسانە هۆی بێدەسەڵاتیمان بزانین لەوەی بتوانین لە راستی ئەم سەرژمێرییانەی دانیشتوان دڵنیا بین، کاتی ئەوەشمان بەدەستەوە نەبوو کە سەردانی ئەو شوێنانەمان کرد سەرژمێریی دانیشتوان بکەین لەسەر بنەمای ژمارەی کەسەکان، بەڵام لەهەندێ شوێندا بۆمان کرا بیرۆکەیێکی گشتی و تاڕادەیەك ورد وەدەس بهێنین، لەو شوێنانەی کاتمان بەدەستەوە بوو بارودۆخەکەش لەباربوو. بۆیە تەنها دەتوانین پوختەی ئەو بۆچوونەی لامان دروست بوو پێشکەش بکەین و چیدیکەنە. دوای ئەوە دەچینەسەر «تفاصیل»ی تایبەت و دیاری کراو کە هەردوو حکوومەت ئاماژەیان پیدابوو. گومانیشی تێدانییە کەسەرژمێریی تورکەکان و ئەو سەرژمیریەی ئەفسەرە بەریتانیەکان کردبویان و سەر ژمێریی حکوومەتی عیراقیش هیچیان ناگەنە رادەی سەرژمێریی راستەقینە کەلەسەر ئەوبنەمایانە دەکرێ لەفەرمانگەکانی سەرژمێریی نوێدا پەیرەوی دەکرێن. ئەو جیاوازییە زۆە لەنێوان خەملاندنی ١٩١٩ و ١٩٢١ و خەملاندنی ١٩٢٢ و ١٩٢٤ باشترین بەڵگەن کە کۆمەڵە بارودۆخێك کۆ بوەتەوە تاکو ئەم ژمارانە والێ بکەین بڕوایان پێ نەکرێ و پشتیان پێ نەبەسترێ. چونکە زۆرباش دەزانین کە زەحمەتە کۆمەڵە کەسێ قەناعەت پێ بهێنیی، تەنانەت ئەگەر دانیشتوانی ئەورووپاش بن، کە ئەو سەرژمێرییەی دەکرێ بۆهیچ مەبەستێ بەکار ناهێنرێ جگە لەسەپاندنی باجی نوێ یان سەربازگرتن — تجنید — بۆیە لە هەرلایێك خەملاندنێکی باش کرا هەر دەبێ ژمارەیەك لەخەڵك خۆیان بشارنەوە، رەنگیشە زۆر لەوە کەمتر بۆبێ کە تورکیا سەرژمێریی دەکرد. بۆیە دەبێ ئەم راستیە بەتایبەتی لەبەرچاوبگرین: حکوومەتی عیراق تا ئێستا یاسای سەربازکرتنی زۆرەملێی دانەناوە. -التجنید الاجباری- . لەواقعدا بەڵگەی تەواومان هەیە کە هەڵبژاردنەکانی عیراق کە لە سەرەتای ئەم ساڵەدا بڕیارە بکرێ «مستحیل» دەبێ چونکە ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە تۆمارگە رەسمیەکاندا -السجلات الرسمیە — کۆی

(٤٣) ئەمە وشەیێکی تورکییە بەرامبەر (لواء)ی عەرەبی «ئەمە پەراوێزی راپۆرتەکەیە».

دانیشتوانی   عیراق دەگەیێنێتە «هەرێمە کێشە لەسەرەکەشی لەگەڵدایە» دە ملیون کەس نەك سێ ملیوون. هۆی ئەم   جیاوازییەش ئەوەیە کە سەرکردە و سەرەك هۆزەکان لە ژماری ئەندامانی هۆزەکەیاندا زۆ زیدەرۆییان کردوە بۆ ئەوەی لە «نفوذ» سیاسیی خۆیان زیاد بکەن.

داوای ئەوەمان کرد کە تەماشای تۆمارگاکانی سەرژمێری بکەین، بەمجۆرە وەڵام دراینەوە: لەوە دەچێ کە خەملاندنە رەسمییەکان سەبارەت بە شێوازی گەرەکەکان لە شاردا یان یەکە ئیدارییە بچووکەکان نەپارێزراوە، بۆیە هیچ شتێ نییە پێشکەش بە لیژنە بکرێ، لە شوێنەکانیشدا —موقعیا- تەنها تۆمارەکانی (طاووق و چمچمال) دۆزرایەوە. تۆمارەکانی ((طاووق)) زۆر وردبوو، بەڵام ئەوەکەی چەمچەماڵ کە درەنگتر رێکخرابوو ئەوەی تێدانەبوو ((زائدا ((الترك)) زائدا ((الكرد))) لە ساڵی ١٩٢١دا، بۆیە سەر ژمێریەکانی ١٩٢١ ناکرێ بکرێ بە بنەمای خەملاندنی هێزی رێژەیی —القوی النسبیە- نەتەوە جیاوازەکانی لەو زەوییەی کێشەکەی لەسەرە.

بەڵام ئەم تێبینیانەش بۆ سەرژمێرییەکانی تورکەکانیش هەر راستن، چونکە ئەوان رەوەندەکان واپیشان دەدەن کە لە چواریەکی هەموو دانیشتوان زیاترە و بە ژمارەی ((تقریبی))ی و بێ ئەوەی عەرەب و کوردیش لە یەك جیابکەنەوە.

نرخی ئەم هەموو ئەم سەرژمێرییانەی هەردوولا خستیانە بەردەم (لوزان) بەم حاڵە دەبنە مایەی مشتومڕێکی فراوان بۆیە هەموو ئەو بەڵگانەی پشت بەم ژمارانە دەبەستن بە هەمان رادە مایەی تانە لێدانن. لایەنی تورکی پشت بەو زانیارییانە دەبەستێ کە لەسەر بنەماییێکی لاوازن، نوێنەری تورکیش کە لەم مەسەلەیەی کۆڵییەوە رێژەیێکی سەدی بەکارهێنا بۆ بەراوردکرن لە نێوان نەتەوەکاندا کە ژمارەکانیان دانیشتوانە سەقامگیرەکان —السکان المستقرین- دەگرنەوە، بۆیە یادداشتەکەی بەریتانیا هەقیەتی رەخنە لەمە بگرێ.

بۆ نموونە حکوومەتی تورکی ئاماژە بە (٤٣٠٠٠) عەرەب دەکا بە بەراورد لەگەڵ (١٦٤٩٦٠) تورك، لە کاتێکدا زۆربەی رەوەندەکان عەرەبن و یەك تاقە تورکیش نییە رەوەند بێ و راستییەکەی ئەوەیە کە دەبێ ژمارەی هەردوو نەتەوە کە بە گوێرەی سەرژمێرییە تورکییەکان وەك یەك بێ.

ئەگەر ئاوڕ لەو نارەزاییەی حکوومەتی بریتانیا بدەینەوە، بەڕاستی زۆر سەیر بوو کە لە ((ساڵنامە))ی ویلایەتی موسڵدا بۆ ساڵی (١٣٣٥ك — ١٩١٧ز) ژمارەی (١٩٣٨٤٨) ببینین



بۆ نێرینە —ذکور- بە تەنها لە دانیشتوانی ((سنجق))ی موسڵ، لە کاتێکدا ئەو یادداشتەی درابووە کۆنگرەی (لوزان) دەڵێ کۆی گشتی دانیشتوانی ((سنجق))ی ناوبراو (٢١٦٠٠٠)ە.

کورتەی قسە ئەوەیە لە هەموو ئەو سەرژمێرییانەی لەبەر دەستماندان ئەو سەرژمێرییەی عیراق کردبووی لە هەموویان نزیکترە لە راستییەوە. هەرچەندە نرخی ئەو زانیارییانەش رێژەییە —نسبیە- هەروەها دەبێ ئەم زانیارییانە لەگەڵ هەموو ژمارەکانی پێشوراگیرێ و بەراورد بکرێ، تەنها لیستی ناوی دەنگدەرەکان نەبێ، و لە هیچ کام لە تۆمارەکاندا زانیاری دەربارەی (مێینە)ی دانیشتوان نییە. بۆیە هەندێ زەحمەت بو بیرۆکەیێکی باش سەبارەت بە پلەی وردی (درجە الدقە) ئەم سەرژمێرییانە گەڵاڵە بکەین. هەرچۆنێك بێ ناچارین ئەوە بڵێین کە دوا سەرژمێری لەوانی دیکە نزیکترە لە راستییەوە، چونکە تەنها لەمەدا خەملاندنەکان — التقدیرات- لەسەر بنەمای نەتەوەکان کراوە لە هەموو ناوچەکەدا. خەملاندنی ١٩١٩ بەهەمانە شێوازی سەرژمێرییەکانی تورك کراوە واتە لەسەر بنەمای ئایین. سەرژمێریی ١٩٢١ کە لەسەر بنەمای نەتەوە کرا، تەنها لە موسڵدا ئەمەیان بەو جۆرە کرد و ئەو ژمارانەی هی لیواکانی دیکەن لە خەملاندنەکانی (١٩١٩)ەوە وەرگیراوە و لە بری وشەی ((نەتەوەکان)) وشەی ((ئایینەکان)) دانراوە بە جۆرێك کە ئێمە بە باشی نازانین و خشتەی خواریشەوە بۆ بەراورد کردنە.

| شارەکان | | سنیه | شیعه | ئاینی دیکه | عەرەب | تورک | کورد | کۆ | نصاری | جو | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٩١٩ | ٩٦١٠٠ | --- | ١٠٠٠ | | | | ٩٧١٠٠ | ٤١٠٠ | ٤٨٠٠ | ١٠٦٠٠٠ |
| | ١٩٢١ | | | | ٥١٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٧٧٠٠ | ٩٧١٠٠ | ٤١٠٠ | ٤٨٠٠ | ١٠٦٠٠٠ |
| کەرکوک | ١٩١٩ | ٨٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ | --- | | | | ٩٠٠٠٠ | ٦٠٠ | ١٤٠٠ | ٩٢٠٠٠ |
| | ١٩٢١ | | | | ١٠٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ | ٧٥٠٠٠ | ٩٠٠٠٠ | ٦٠٠ | ١٤٠٠ | ٩٢٠٠٠ |
| سلێمانی | ١٩١٩ | ١٥٣٩٠٠ | --- | --- | | | | ١٥٣٩٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٥٥٠٠٠ |
| | ١٩٢١ | | | | | ١٠٠٠ | ١٥٢٩٠٠ | ١٥٣٩٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٥٥٠٠٠ |

لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە ژمارە تەقریبییەکانی سوننە لەگەڵ (شیعە) و لەگەڵ (ئایینەکانی دیکە) تا دوا ژمارە رێك دێتەوە لەگەڵ ئەو ژمارەیەی بۆ (عەرەب) تۆمارکراوە.

٢- ((تفاصیل))ی ئەو سەرژمێرییانەی لە هەردوو یادداشتەکەدا باسکراون

هەردوولا بەڵگەی خۆیان پێشکەش کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرژمێرییەکانی لایەکەی دیکە و هەردوولاشیان پشتیان بەو سەرژمێرییانە بەستبوو کە پێشتر بڵاوکرابوونەوە.

حکوومەتی بەریتانیا گەڕایەوە بۆ (کتێبی رەسمی ساڵانەی تورکی بۆ ویلایەتی موسڵ — الکتاب الترکی السنوی الرسمی لولایە الموصل-)، لە کاتێکدا حکوومەتی تورکیا ئاماژەی بەو سەرژمێرییانە دەکرد کە لە بەرگی (٦٣: ولاتی نێوان دوو رووبارەکە)ی دەلیلی وەزارەتی دەرەوەدا هاتبوو. ئێمە هەوڵمان دا ئەو تێبینییە پەرت و بڵاوەی نێو یادداشتە جیاوازەکان سەبارەت بەم بابەتە کۆبکەینەوە و پۆلینیان بکەین. واشی بەباشی دەزانین هەر کێشەیێك بە جیاواز و بە (تفصیل) باس بکەین. ئەم خاڵانەش گرنگی راستەوخۆیان هەیە هەندێ جار و هەندێ جاری دیکەش بەڵگەمان دەداتێ لەو زانیاییانەدا کامیان راستە و کامیان راست نییە.

**أ- عەرەب و تورك لە ((سلێمانی)):**

بۆ ئەوەی ناڕاستی ئەو سەرژمێرییانە بسەلمێنین کە حکوومەتی تورکیا لە (لوزان) پێشکەشی کرد، حکوومەتی بەریتانیا سەرنجی کۆمەڵی[٤٤] بۆ ئەوە راکێشا کە سەرژمێرییەکانی تورك ئاماژە بە بوونی (٧٠٠٠) عەرەب و (٣٢٩٠٠) تورك دەکا لە لیوای سلێمانی لە کاتێکدا (وەك حکوومەتی بەریتانی دەڵێ) یەك عەرەب و یەك تورك لە هەموو لیواکەدا نییە، حکوومەتی تورکیا لە وەڵامی پرسیاری ئێمەدا گوتی عەرەب لە (سنجق)ی سلێمانیدا دەگەڕێنەوە بۆ هۆزی (طئ) کە لە شوێنی بە یەك گەیشتنی رووباری (تانجرو) بە (دیالە) خەریکی مانگا بەخێوکردنن. حکوومەتی تورکیا دەڵێ ئەگەر لەو ناوچەیەدا عەرەب نەبینرابێ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان لەوانەیە لەو کاتەدا گەڕابنەوە هەوراگەی بەشی زۆری هۆزەکە کە دەکەوێتە ناوچەی (نصیبینی-ماردین)، ئەم دوا شیمانەیە (الاحتمال الاخیر) لەوانەیە حکوومەتی تورکیا بتوانێ بیسەلمێنێ چونکە (طئ)یەکانی —نصیبین- لەناو خاکی تورکیا دان، وەك سەرکردەکانی ئەو بەشەی هۆزی (طئ) کە لە نزیك (القیارە) دەژین بۆ

(٤٤) واتە ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان.



ئێمەیان باسکرد، بەڵام هەر ئەم سەرکردانە بێ ئاگابوون لەوەی بەشێ لە هۆزەکەیان لەناوچەی سلێمانیدا بژی، کاتێ کە لیژنەکەش لە سلێمانی بوو داوای لە راوێژکاری تورکی کرد، لە نامەیێکدا کە لە ٢٨ی شوباتدا نووسیبووی، کە ئەو عەرەبانەی لە لیوای سلێمانیدا دەژین پیشان لیژنە بدا، راوێژکاری تورکی وەڵامی دایەوە و گوتی: لەوە دەچێ زانیارییەکان راست نەبن، هەروەها گوتیشی ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ (تقویم)ە رەسمییەکانی ویلایەت لەوانەیە سەرچاوەی ئەم قسەیە بدۆزینەوە.

لە یادداشتەکەی حکوومەتی تورکیدا ناوی سەرچاوەیەك هاتووە کە بە باشی و راستی شتی لێوە وەرنەگیراوە، لە لاپەڕە (٢٨٥)ی ((تقویم)) ١٣٣٠ك — ١٩١٢ز ئەوە دەخوێنێتەوە کە دانیشتوانی لیوای سلێمانی هەر هەمووی کوردن تەنها کۆمەڵگەیێکی بچووکی عەرەبی نەبێ کە بەناوی (شمیرات) ناسراون نەك (طئ) لەگەڵ کەمێك لە جولەکە و (نصاری). کە گەڕاینەوە بۆ نەخشەی (المسح)ی هیندی ژمارەی (E٢: سلێمانی) ناوی ئەم هۆزە دەبینین لە سەرووی یەکێ لە پێچەکانی رووباری دیالە لە نزیك (شێخ میدان) لە لیوای سلێمانی، بەڵام لە دەرەوەی ئەو زەوییەیە کە حکوومەتی تورکیا داوای دەکا. هەروەها لە سلێمانی یەك تورك یان دوانمان بینی و پرسیاریشمان لە هەموو پیاو ماقووڵانی خەڵکی ئەم شارە کرد و لە نزیکەی هەموو سەرەك هۆزەکانیش لە لیواکەدا، هەموویان گوتیان کە لە (سنجق) یان لیواکەدا تەنها کورد هەیە.

**ب- تورك (العشائیر السبعە) و (الشیخان) و ناحیەی موسڵ:**

حکوومەتی بەریتانی سەرنجی ئێمەی بۆ کێشەیێکی دیکەی سەیر راکێشا، ئەویش کێشەی (ناحیە)کانی —الشیخان- و —العشائر السبعە- و —الموصل- بوو.

حکوومەتی تورکیا دەڵێ ئەم دوو (ناحیە)یە لە (١٤٦) گوند پێکهاتووە و هەر هەمووشیان تورکیان تێدا دەژی، لە کاتێکدا زۆربەی دانیشتوانی (ناحیە)ی موسڵ کە (٧٧) گوندە تورکن.

حکوومەتی بەریتانی ئەم قسەیە دەداتە دواوە. دەڵێ —ناحیە-ی شێخان کە لە (٤٢) گوند پێکدێ، بست و سێ گوندیان ئێزدین ویازدەشیان عەرەبن و شەشیشیان تێکەڵە لە ئێزدی و عەرەب و دوو گوندی کورد. (ناحیە)ی —العشائر السبعە- لە (٧٣) گوند پێکهاتووە کە زۆربەیان گوندی کوردن. و بیست گوندیشیان تێدایە کە کەسی تێدانییە و چۆڵە و چەند گوندێکیش پەنابەرە ئاشوورییەکانی تێدا دەژی. و ((ناحیە))ی موسڵیش تەنها بیست و نۆ گوندە، دەیان عەرەبن و هەشتیان تێکەڵن لە عەرەب و تورك و چواریش تێکەڵەن لە عەرەب و

ـالشبك- و حەوتیشیان چۆڵ کراوە. ئێمە بوونی تەنها دووسەد عەرەب لە شێخان سەرنجیێ ڕاکێشاین بەڵام یەك ((تورك))مان نەدی، نەشمانتوانی خۆمان سەردانی ((ناحیە))کە بکەین، بەڵام ڕاوێژکارە تورکەکە بە نوسراوی ڕەسمی پێی ڕاگەیاندین کە ((ناحیە))کە تورکی تێدا ناژی.

سەردانی ((ناحیە))ی ـالعشائر السبعە-مان کرد وای بۆ دەچین کە ڕێژەی کورد لەم ناوچەیەدا ٩٠٪ی کۆی دانیشتوانی پێکدەهێنێ واتە نزیکەی دوو هەزار و ژمارەی ـالنصاری-ش لە نێوان ٢٠٠ و ٢٥٠ کەس دایە.

سەبارەت بە (ناحیە)ی موسڵیش وەك دەردەکەوێ کە ژمارەی تورك و ئەو کەسانەی بەرەچەڵك تورکن لە ناوچەکەدا لەوە زیاترە کە حکوومەتی بەریتانی دەیڵێ، بەڵام دووریشە لەوەی زۆربەی دانیشتوانی بن وەك حکوومەتی تورکی دەڵێ. حکوومەتی تورکیا ناوی چەند گوندێکیێ هێنا کە ناوەکانیان لە ئەسڵدا تورکن، بەڵام ئەمە نابێ بە بەڵگەی ئەوەی کە دانیشتوانی ئەو گوندانە بەرەچەڵەکە تورك بن بیێ ئەوەی بڵێین کە تورکی تەواون —خالص-، ئەمە بە کەڵکی ئەوە نایێت کە بەتەنها خۆی بە بەڵگە دابنرێت.

حکوومەتی بەریتانی چووەوە سەر (التقویم الترکی)ی ساڵی ١٣٣٠ك — ١٩١٢ز (ل ١٨٧) بۆ ئەوەی بیسەلمێنیێ کە زانیارییەکانی تورکەکان بە پێچەوانەی (منطق)ن و هیچ بەڵگەشیان نییە. لەویێ نووسراوە کە بەشی ڕۆژئاوای قەزای موسڵ عەرەبی تێدا دەژیێ لەگەڵ ژمارەیێکی کەمی کورد، بەشی ڕۆژهەڵاتیش عەرەب و تورك و کورد و کلدان و ئێزدی تێدا دەژی و هەر یەکەو بە زمانی خۆی قسە دەکا جگە لە عەرەبیش. لیستی ناحیەکان دەڵیێ ناحیەی شێخان لە شەست و هەشت گوند پێکدیێ و لە ناحیەی ـالعشائر السبعە- حەفتا و هەشت گوند هەیە و ئێمە خۆمان لە ڕاستی ئەوەمان کۆڵییەوە.

**ج- تورك (تلعفر):**

حکوومەتی تورکیا بایەخێکی زۆر بە تەلەعفەر دەدا و دەڵیێ ئەم شارە کە ژمارەی دانیشتوانی دە هەزار کەس دەبن شارێکی تورکییە. حکوومەتی بەریتانیش دەڵیێ پێنج هەزار و پێنج سەد تورك لە ناحیەی تەلەعفەردا هەیە و لەگەڵ دانیشتوانی شارۆچکەکەدا و هەر هەموشیان بە عەرەبی قسە دەکەن. ئێمە خۆمان لەوەمان کۆڵییەوە کە زۆربەی دانیشتوانی شارۆچکەکە لە عەرەبی تێدەگەن و هاووڵاتیە خاوەن پلە و پایەکانیان ـالموطنون البارزون- دەڵێن تورکن جگە لە ژمارەیەکی کەمیش کە گۆتیان بە ئەسڵ تورکن بەڵام ئێستا لە حاڵی حازردا عەرەبن، ئێمە لەو بڕوایەدا نین کە ئەمانەی دیکە بە ویست و ئیرادەی خۆیان و بیێ کاریگەری دەرەکی وایان گوتبیێ.



**٣- سەرژمێرییەکانی پێشوو:**

أ- ئەو سەرژمێرییانەی لە دەلیلی وەزارەتی دەرەوەدا نووسراون: حکوومەتی تورکی سەرنجی ئێمەی بۆ نامیلکە —کتێب-ی ژمارەی (٦٣) (وڵاتی دوو ڕووبارەکە) کە وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی ١٩٢٠دا بڵاوی کردەوە، ڕاکێشا، هەروەها بۆ لاپەڕە دووی ئەو نامیلکەیە کە سەرژمێرییەکانی تێدایە. ئێمەش ئەو ژمارانەی تایبەتن بە دانیشتوانی میپیوپوتامیاوە دەنووسین:

| | |
|---|---|
| کورد | ٣٨٠٠٠٠ |
| تورك و تورکمان | ١١٠٠٠٠ |
| ئاشوری | ١٠٠٠٠ |
| ئێزدی | ٢١٠٠٠ |
| شەبەك | ١٠٠٠٠ |

حکوومەتی تورکیا جگە لەمەش دەڵیێ، وەك ئێمە لێمان وەرگرتووە، کە تورکەکان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ بڵاوبوونەتەوە، لە تەلەعفەر و ئەو شارۆچکانەی دەکەونە سەر ڕێی هەولێر کفری، ئەو دە هەزار شەبەکە دەبیێ بە تورکمان حیساب بکرێن یان بە تورك چونکە هەرواشن، وەك تورکیا دەڵیێ.

ئەمەش کۆیان دەگەیێنێتە —وەك لە نامیلکەکەی بەریتانیادا هاتووە- سەد و بیست هەزار، لەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە یان نزیکەی سەد و بیست هەزار ئەگەر بمانەوێ وردبین لەم مەسەلەیەدا، چونکە چەند هەزار تورکیێ لە بەغدا دەژین، لەبەر ئەمەش نامیلکەکەی وەزارەتی دەرەوە دەیسەلمێنیێ کە سەد و بیست هەزار لەو هەرێمەدا دەژین کە کێشەی لەسەرە، لە کاتێکدا ئەو ژمارانەی پێشکەش بە کۆنگرەی (لوزان) کرا تەنها پەنجا و شەش هەزار دەسەلمێنیێ. سەبارەت بەم خاڵە پرسیاریێ لە حکوومەتی بەریتانی کرا ئەویش گوتی ئەو نامیلکەیە باسی کاروباری وڵاتێك دەکا کە زۆر لە ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرەی پێشوو فراوانترە وەك لە ناونیشانەکەیەوە (میسوپوتامیا) و لە لاپەڕە یەکدا دیارە، هەروەها وەك ئەوەش کە لە کۆی ئەم نەتەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە لە پاڵ چەندییەتی نەتەوەکان (عدد القومیات) و ئەو ژمارانەش کە حکوومەتی تورکیا وەریگرتووە:

| | |
|---|---|
| عەرەب | ١٠٠٠٤٥٠ |
| فورس | ٧٠٠٠٠ |
| جولەکە | ٦٠٠٠٠ |
| ئەرمەن | ٥٧٠٠٠ |
| چەرکەس | ٨٠٠٠ |
| سوببی —صائبە- | ٢٠٠٠ |
| نەتەوەی دیکە | ١٠٠٠٠ |

ژمارەکانی ئەرمەن و چەرکەس بەتایبەتی روونی دەکەنەوە کە سنووری ئەو وڵاتەی باسدەکرێ بۆ مەودایێکی زۆر دوورتر دەڕوا بەرەو باکووری رۆژئاوا و باکوور.

بەڵگەکەی بەریتانیا زۆر مەعقول بوو، دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەرچەندە ئەو نامیلکەیە سنووری زەوییەکەی بەووردی دیاری نەکردووە، ئەو دیاری کردنەش کە لە بڕگەی یەکدا هاتووە زۆر ناڕوونە —غامض جدا-، بەڵام وەك لە لیستی ئەو وڵاتانەی لەوێدا ناویان هاتووە دەردەکەوێ کە سنوورەکە دەکشێ تا (دیاربکر) و (ماردین) و (اورفە)ش دەگرێتەوە، بۆیە نەدەکرا لە راستیی ئەو ژمارانە بکۆڵینەوە هەرچەندە ئەنجامی سەرژمێریش بووبێ، چونکە لە واقیعدا ناوچەیەك دەگرێتەو کە لەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە گەورەترە.

ب- ئەو سەرژمێرییانەی کە لە کتێبی رەسمی ساڵانەی ویلایەتی موسڵدا باسکراوە.

حکوومەتی بەریتانیا پشتی بە کتێبی رەسمی ساڵانەی ویلایەتی موسڵ (١٣٣٠ك-١٩١٢ز) بەست و مەبەستی سەرەکیشی لەمە ئەوەبوو کە سروشتی عەرەبی وڵاتەکە بسەلمێنێ نەك سروشتی تورکی، ئێمە لەوەمان کۆڵییەوە کە بەریتانیا وەری گرتبوو و بۆمان دەرکەوت کە راستن، تەنها لایەنێك نەبێ، چونکە ئەو لە (تقویم)ی ساڵانەی ساڵی (١٣٢٤ك- ١٩٠٦ز)یەوە وەریگرتووە، نەك لە (تقویم)ی ساڵانەی (١٣٣٠ك — ١٩١٢ز) و لە شوێنێکی دیکەدا دێینەوە سەر ئەم زانیارییە گشتییانە و ئەو سەرچاوانەی کە حکوومەتی بەریتانیا زانیارییەکانی لێیانەوە وەرگرتووە.



**کۆمەڵەی دووەم دابەشکردنی هەرێمی نەتەوەکان:**

**١- نەخشەکان**

أ- نەخشە نەژادییەکان (الأثنوغرافیة)

وەك پاشکۆییێك بۆ یادداشتنی ١٤ی ئابی ١٩٢٤ حکوومەتی بەریتانی نەخشەییێکی (أثنوغرافي)ی پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان کرد کە بەتایبەتی بۆ ئەوە دانرابوو ناواخنی یادداشتەکە ئاسان بکا (نەخشەی ژمارە ٤).

ئەم نەخشەیە بەشێوازە کۆنە تەقلیدییەکە وێنە کێشرابوو شێوازی پانتاییە رەنگاورەنگەکان —الاسطح الملونە- واتە ئەو کەسەی وێنەکەی کێشابوو حیسابی چڕی دانیشتوانی نەکردبوو، نەخشەکە ناوچە جیاوازەکان هەر یەکە و بە رەنگێ دیاری دەکا بە گوێرەی ئەو زۆرینەیەی لە وڵاتەکەدا نیشتەجێن، جا لەو ناوچانەدا بن کە کێشەیان لەسەرە یان لە ناوچەکانی دەوروبەریدا بن، ئەو شوێنانەش کە تێکەڵن لە نەژادی جیاواز رەنگ نەکراون ئەمەش شریتێکی فراوانی باریکە کە نەخشەکە بە درێژی، لەگەڵ کشان و درێژبوونەوەی دیجلەدا، دەبڕێ.

بۆیە بە پێویستمان زانی لە حکوومەتی بەریتانی بپرسین دەربارەی ئەو بنەما و رێ و شوێنانەی کە نەخشەکەی لەسەر دروست کراوە. ئایا ئەو رەنگ کردنە بۆ ئەوەیە کە کۆێ زۆرینە هەیە، نزیك ١٠٠٪، دیاری بکرێ یان ئەو بنەمای تێدا پەیڕەوکراوە کە کۆنگرەی ئاشتبوونەوە بڕیاری لەسەردابوو، واتە پشتگوێ نەخستنی هەر کەمایەتییەك کە لە ٢٠٪ زیاتر نەبێ یان نەخشەکەیان بەپێی بنەمایێکی دیکە دروست کردووە، هەروەها پرسیاری ئەوەشمان کرد کە ئایا عەرەبی رەوەندیان خستووەتە نەخشەکەوە؟ چونکە ئێمە دەزانین کە زۆربەی هۆزی —شمر- لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کێشە لەسەر دەژین بە زستان. لەبەر هەمان هۆش پرسیارمان دەربارەی سوننە کرد کە لە زانیارییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

حکوومەتی بەریتانی وەڵامی داینەوە کە ئەو رەنگانە بەکارهێنراون بۆ جیاکردنەوەی نەتەوە جیاوازەکان لەهەر کۆییەك نەتەوەکە ٨٠٪ یان زیاتر لە کۆیی دانیشتوان پێك بێنێ، لەگەڵ ئەوانیشدا کۆچەر و رەوەندەکانیش کە زۆربەی ساڵ لە ناوچەکەدا دەژین حیساب کراون. ئەو شوێنەی نەتەوەکە تیایدا ناگاتە ٨٠٪ رەنگ نەکراوە. هەروەها گوتی کە عەرەبی رەوەند لە بەری راستی دیجلە خراونەتە ناو حیسابەکەوە و حکوومەتی بەریتانی ئەوەشی گوت کە نەخشەکەی بۆ ماوەیێکی دیاری کراوی ساڵ نەکردووە، بزووتنەوەی عەرەبی رەوەندیش کار لە

ڕێژەی سەدیی لەم زەوییانەدا ناکا، هەروەها حکوومەتی بەریتانی سەرنجی ئەوەشیدا کە کۆچ و ڕەوی هەندێ هۆزی ڕەوەندی کورد کار ناکاتە سەر ڕێژەی سەدی لە هەندێ ناوچەدا کە زیاتر ٨٠٪ یان لە ئێزدیە نیشتە جێکانن لەبەر ئەوەی حکوومەتی تورکیا لە کاتی خۆیدا هیچ نەخشەییێکی —إثنوغرافی–ی پێشکەش نەکرد بە پێویستمان زانی رای وەربگرین سەبارەت بەو زانیارییانەی لە نەخشەکەی حکوومەتی بەریتانیدا هاتوون، لە وەڵامدا گوتی کە تەرەف گیری —انحیاز- لە نەخشەکەی حکوومەتی بەریتانیدا روونە و گوتیشی ئەو نەخشەیە بۆ ئەوە کراوە نەتەوەی عەرەب زیاد بکرێ و قەوارەی نەتەوەیی کوردیش کەم بکرێتەوە و بەتایبەتیش کەمکردنەوەی بوونی تورك تا کەمترین رادە.

سەبارەت بە شریتە سپییەکەی نەخشەکەی بەریتانیا حکوومەتی تورکیا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو پەڵە رەنگ قاوەییانە کە لە شریتەکەدا بە پەرت و بڵاوی دانراون دانیشتوانە تورکەکان پیشان دەدەن کە ژمارەیان (١٤٦٠٠٠)ە بۆیە پەڵەکان بچووك بوون و قەوارەی راستەقینەیان پیشان نەدەدا. مەڵبەندە تورکییە گرنگەکانیش وەك (طوزخورماتو و طاووق و قرەتپە و تازە خورماتو) لەو رەنگەی کە بۆ نەتەوەی تورك دانراوە پیشان نەدراون، هەرچەندە یادداشتەکەی بەریتانیایش ئاماژەی پێ کردووە کە تورکی تێدا نیشتەجێیە. و گوتی (ئەگەر ئەم لابردنە راست بکرێتەوە و ئەو ناوچانەی کە بەرەو باکورن و تورکیان تێدا نیشتەجێیە بۆیە بکرێن و ناوی گوندەکان دیاری بکرێن ئەوسا دەردەکەوێ کە ئەو شریتەی پێی دەگوترێ شریتی سپیی (کورد و عەرەب) تورکی تێدا دەژی کە چەندین وەچەیە —جیل- لەوێ دەژین و کۆمەڵێکی دانەبڕاو پێکدەهێنن. حکوومەتی تورکیا لە سەری دەڕوا و دەڵێ ئەو تورکانە بەرهەم هێنێ سەرەکی ئەم وڵاتەن کە دەوڵەمەندە بە گەنم. کورد و عەرەب مەڕ و ماڵاتیان دەهێنن بۆ ئەوێ تاکو بیگۆڕنەوە بە گەنم و حکوومەتی تورکیا وێنەییێکی (رسماً کروکیاً) وەك پاشکۆ داناوە بۆ روون کردنەوەی ئەم بۆچوونە.

کە حکوومەتی تورکیا وەڵامەکەی خۆی رەوانەکرد لەگەڵێدا نەخشەییێکی ناردبوو کە کۆمەڵەی جوگرافیی شاهانە لە لەندەن لە ساڵی (١٩١٠) چاپی کردبوو (نەخشەی ژمارە ٥) کە زۆر جیاوازە لەو نەخشەیەی حکوومەتی بەریتانی پێشکەشی کردبوو.

حکوومەتی تورکیا بە توندی سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێ کە ئەو رەنگەی بەکارهاتووە بۆ ئێزدییەکان لە نەخشەکەی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانەدا هەمان رەنگە کە بۆ کوردیش



بەکارهاتووە کە چی لە نەخشەکەی حکوومەتی بەریتانیدا بۆ هەر یەکێکیان رەنگێکی جیاواز بەکارهاتووە.

ئەمە مەسەلەییێکی دیکەیە کە دوایی دێینەوە سەری، بەڵام جیاوازییەکانی دیکەی نێوان هەردوو نەخشەکە زۆر گرنگترە. بۆ ئاسانکردنی بەراوردکردن لەنێوان جیاوازییەکانی هەردوو نەخشەکە پێوانەکانمان دەسکاری کرد، ئەو بەشەی کە تایبەتە بە هەرێمی کێشە لەسەر لەسەر پێوانەییێك دامانناا لەگەڵ بەکارهێنانی هەمان رەنگ بۆ هەر نەتەوەییێك لەهەر بەشێکی هەردوو نەخشەکەدا، هیچیشمان لە نەخشەکاندا نەگۆڕی تەنها ئەوە نەبێ کە بە پێویستمان زانی لەبری شریتی سپی کە هێمای تێکەڵەی عەرەبی کوردیی دانیشتوانە، هێڵی پانی سەوز و زەردەکان بەکاربهێنن، ئەو دوورەنگەش بۆ ئەو دوو نەتەوەیە تەرخان کرابوو، چونکە لە نەخشەکەدا ناوچەمان بینی رەنگی سپی بوو کەچی کەسیشی تێدا نەدەژیا ئەمەش لەوانە بوو خراپ تێگەیشتنێك دروست بکا.

هەردوو نەخشەی هەردوو حکوومەتەکە لەسەر بنەما کۆنەکە دروست کرابوون واتە بنەمای پانتاییە رەنگا و رەنگەکان کە بیرۆکەییێکی راستەقینە نادا بە دەستەوە بۆ نموونە ئەو (١٠٢٤٠٠) کەسەی دانیشتووی موسڵ و ناحیەکەی بەشێکی رەنگکراوی بۆ تەرخان کرابوو کە پێوانەکەی نزیکەی (١/١٤٠) ملیمەتری چوارگۆشەیە، لە کاتێکدا کە ئەو (٢٤٠٠٠) یان (٢٥٠٠٠) عەرەبە نیشتەجێ و رەوەندە لە باشووری هێڵی (سنجار — تلعفر) بەشێکی بۆ رەنگ کراوە کە پێوانەکەی دەگاتە نزیکەی (١٧/٦٠٠) ملیمەتری چوارگۆشە. بۆیە بە پێویستمان زانی نەخشەی سێیەم دروست بکەین کە چڕی دانیشتوان و دابەش بوونی نەتەوەکان لە یەك کاتدا دیاری دەکا (نەخشەی ژمارە ٦) تەفسیری تەکنۆلۆجیی ئەو سیستەمەی بەکارمان هێنا لەسەر هەمان نەخشە روون کراوەتەوە کە ئەم نەخشەیەمان بە نەخشە تۆبۆگرافیە —مفصل-ەکە بەراورد بکەی (پێوانەی ... "٢٥٠=١") بۆت دەردەکەوێ لە بەشە رەنگ کراوەکان لەسەر نەخشەکە هێمای ناوچە ئاوەدانەکان و شاخەکان و بیابانەکان بە سپییەتی و چۆڵی دەمێنێتەوە، کە ناوچەییێکی فراوانە و دانیشتوانیان تێدا نییە. هەموو یەکێکیش لێرەدا کە نیشتەجێیە هێمای بۆ دانراوە، هەموو ملیمەترێکی چوارگۆشەی رەنگکراو کۆمەڵە کەسێ پیشاندەدا کە ژمارەیان سەد کەسە لە دانیشتوان.

بەهەرحاڵ ئەمە تەنیا هۆی دروستکردنی نەخشەی سێیەم نەبوو، چونکە ئەو رەخنانەی لە سەرژمێرییەکان گیران کە پێشکەشی کۆنگرەی (لوزان) و کۆمەڵی گەلان کرابوون سەلماندیان کە

ئەو سەرژمێرییانە با لەسەر هێڵی ئەوتۆش وێنەکێشرابن کە زۆر زانستین هێشتا هەر لە بارودۆخی راستەقینە نزیك نابنەوە[٤٥] لەبەر ئەوەی بۆمان نارەخسێ سەرژمێری نوێ بکەین، بۆیە ئەم نەخشەیەمان دروست کرد بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر دوا سەرژمێری کە حکوومەتی عیراق کردبووی بنیات نرابوو و ئێمەش لە سەرژمێرییەکانی دیکەمان بە راستتر زانی وەك پێشتر باسمان کردبوو.

**ب- نەخشەی چڕی دانیشتوان:**

ئەو نەخشە ئەثنوگرافیانەی پێشکەش کرابوون بە روونی چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوانی ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە لە هەموو لایێکیدا پیشان نادەن بۆیە بە پێویستمان زانی نەخشەی چڕی دانیشتوان بکەین (نەخشەی ژمارە ٧) بۆ ئەوەی خۆمان بەکاری بهێنین ئەگەر بۆ مەبەستی دیکەش نەبێ، دەبایە لەو نەخشەیەدا بوار بۆ ناوچەیێکی فراوان برەخسێنین کە دەوری هەرێمی کێشە لەسەری داوە، ئەمەشمان لەگەڵ راپۆرتەکەدا هاوپێچ کردووە، بەڵام ناشتوانین بڵێین کە عەیبی نییە، چونکە ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەی جیاوازەوە بەکارمان هێنا هەموو کاتێ لە نرخ و بایەخیاندا وەك یەك نەبوون. رەنگە ئەو زانیارییانەی تایبەت بوون بە هەرێمی کێشە لەسەر، راستییان زیاتر تێدابێ و پێشتریش ئێمە ئاماژەمان بەوە کردبوو کە ئەو سەرژمێرییانەی ئەم زانیارییانە پشتیان پێ دەبەستێ ورد و رێکن. سەربارەت بە ((شانشینی عیراق))یش حکوومەتەکەی هێلکارییەکی —مخطط- خستە بەردەستمان لەگەڵ لیستێ کە سنووری ناحیەکان و ژمارەی پێوانەکانیان بە کیلۆمەتری چوارگۆشە و ژمارەی دانیشتوانی ئەو شوێنانەی تێدابوو، دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین، کە لەو زانیارییانەی تایبەت بوون بە ناوچەکان، هەڵەی زۆری تێدا بوو بەڵکو زۆر گەورەش بەرادەیەك کە بۆمان نەکرا کەڵك لەو لیستە وەربگرین، بەڵام پێوانەی ناحیەکانمان لەبەر رۆشنایی نەخشەی ناوبراو پێوا، ئەم شێوازەش بێگومان هەندێ هەڵەی تێدەکەوێ. سەربارەت بە سنووری هاوبەشیش لەگەڵ سووریای فەرەنیسدا فەرماندەی ناوچەکە زانیاریی پێویستی خستە بەردەستمان.

(٤٥) بە پێویستمان نەزانی ئەو نەخشانەی لەگەڵ راپۆرتەکەدا بوون هەموویان بهێنینەوە، چونکە هەردوولا کە ئەو نەخشانەیان کێشابوو مەبەستیان ئەوە بوو بۆچوونی خۆیان بسەلمێنن کە دوایی بۆ لیژنەکە دەرکەوت تەواو نین.



بەهۆی راوێژکاری تورکەوە زانیاریمان لە حکوومەتی تورکیاوە وەرگرت دەربارەی ئەو ناوچانەی لە دەوروبەری کۆماری تورکیادان و لە نەخشەکەدا دیاری کراون، ئەو ناوچانەش بریتین لە سنووری قەزاکان و لیستێ بە ژمارەی دانیشتوان، بەڵام نەمانتوانی نەخشەیێکمان دەست بکەوێ کە سنووری ناحیەکانی تێدا دیاری کرابێ و هەوڵیشمان نەدا زانیاری لەو چەشنەمان لە ئێران دەست بکەوێ دەربارەی ئەو ناوچانەی ئێران کە دەکەونە پشت ناوچە شاخاوییەکان.

**٢- لێکۆڵینەوە لە هەندێ بابەتی تایبەت بە دابەشبوونی دانیشتوان:**

دابەشبوونی هەرێمایەتی دانیشتوان لەم نەخشانەدا روونکراونەتەوە جگەلەوەی کە لە یادداشتەکانیشدا زۆر بە تەفسیل باسکراون.

**أ- کشانی یان درێژبوونەوەی ناوچەی عەرەبی (امتداد المنطقة العربية)**

درێژبوونەوەی ناوچەی عەرەبی یەکێك بوو لەو مەسەلانەی کە وروژێنران —حکوومەتی بەریتانی هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە عەرەب کۆمەڵی دانیشتوان پێکدەهێنێ بەدرێژایی بەری راستی رۆخی دیجلە، ئیزدییەکانی شەنگار و دراوسێکەیان (تلعفر)ی شارە تورکەکە و دەوروبەری لێدەرچێ، هەروەها شاری موسڵ و بەری چەپی رۆخی دیجلە تارێگەی (هەولێر-کەرکوك-کفری) جگە لەو زەوییانەی دکەونە باکوور تا دامێنی چیاکان.

بەڵام بەڵگەی تورکی کە لە چەند بۆنەیەکدا خرایەروو ئەوەیە کە ویلایەتی موسڵ دەکەوێتە نێو ئەو زەوییانەی کە بەری راستی دیجلە وەك گۆشەیەك دروستی دەکا و هێڵی (قیارە-سنجار) جگە لە شریتێکی تەسکی زەوی کە لە (الفتحە)وە دەس پێدەکات تانزیك کەرکوك لەبەری چەپ. حکوومەتی تورکیا دەڵێ ئەم ناوچەیە هەرچەندە پان و بەرینیشە بەڵام لە واقیعدا کەسی تێدا ناژێ و چۆڵە. ئێمە لە دواییدا دێنێتەوە سەر کێشەی شاری موسڵ، سەبارەت بە کێشەی دیکە، راستی لە خاڵێکدایە کە دەکەوێتە نێوان ئەم دوو بۆچوونە. نەخشە ئەتنۆگرافیەکەمان بە روونی دەری دەخا کە حکوومەتی بەریتانیا بە گشتی راست دەکا کە دەڵێ زۆربەی بەری راستی دیجلە عەرەبنشینە جگە لە ئێزدییەکانی شەنگار و تورکەکانی تەلەعفەر و چەند هەزار کورد و (النصاری)یێك کە ئاماژەیان بۆ ناکا. بەهەر حاڵ ئەم دانیشتوانە عەرەبانە جگە لە موسڵ و دەوروبەری لەوە کەمترن کە نەخشەکە پیشانی دەدا، ئەگەر شاری موسڵیش لێ

دەربهێنین، دەبینین لەم دەوروبەرە بە گوێرەی دوا سەرژمێری عیراقی (٣٦٠١٠) عەرەب و (١٦٣٧٤) ئێزدی و (٩٦٣٥) کورد و (٥٩٧٩) تورك و (٤٤٧٧) مەسیحی دەژین کە کۆیان دەکاتە (٧٢٧٤٥) کەس.

لەبەری چەپی دیجلە بوونی عەرەب لە دواناوچەی شاخاوی لە باکوری موسڵەوە دەست پێدەکا بەرەو خوار تا سنوری باشووری هەرێمی کێشە لەسەر، بەم پێیە حکوومەتی تورکیا بەهەڵەداچووە کە دەڵێ جێنیشینگەی عەرەبی ((السکنی العربیە)) لە شوێنێ یان دواندا نەبێ ناگاتە (رێی هەولێر کفری). لە لیوای هەولێریش تەنها لە ناوچەی نزیك رۆخی رووبارەکەدا دەژین، بەڵام کۆمەڵی نەتەوەی کورد لە هەولێر و رێی هەولێرەوە درێژ دەبێتەوە تا زیاتر لە چل کیلۆمەتر بەرەو ئاوەڕۆی دیجلە، بەمجۆرە یادداشتەکەی بەریتانیاش زێدەرۆیی تێدایە.

**ب- دابەشبوونی تورك و ژمارەیان:**

لە بۆچوونی هەردوو حکوومەتدا جیاوازی هەیە سەبارەت بە دانیشتوانی تورك و ژمارە و رێژی سەدی یان بە گوێرەی کۆی دانیشتوان لە هەرێمی کێشە لەسەر. لە دواییدا دێینەوە سەر خاڵی یەکەم کە بریتییە لە رادەی جیاوازیی نەژادی لە نێوان تورکمان و تورکدا.

سەبارەت بە زیادە و زۆربوونی ژمارەیی، ئێمە حکوومەتی تورکیا بە راست دەزانین کە دەڵێ ئەو نەخشەیەی حکوومەتی بەریتانیا پێشکەشی کردووە بیرۆکەیێکی تەواو سەبارەت بەم زۆرینەیە نادا، هەروەها ژمارەیەکی ماقوڵیش سەبارەت بە کۆمەڵگە نیشتەنییە تورکییەکان پیشان نادا، بەڵام نەخشە تورکییەکە کە لە ئەنقەرە درا بە لیژنەکە، ئەویش لەلای خۆی زێدەرۆییەکی زۆری تێدابوو، لەو نەخشەیەدا هەموو زەویە بەپیتەکانی باشووری موسڵی واپیشاندابوو کە زۆربەی دانیشتوانی تورکن ئەمەش شتێکە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکا.

یادداشتە بەریتانییەکە سوورە لەسەر ئەوەی کە دانیشتوانی تورك یا تورکمان لە ١٢٪ی کۆی دانیشتوانی گشتیی ویلایەتەکە پێکدەهێنن، ئەم تورکمانانەش یان تورکانە تەنانەت لەناو شاری موسڵیشدا ژمارەیان لە عەرەب کەمترە.

ئێمە پێشتر رای خۆمان سەبارەت بە سەرژمێرییەکان روون کردبووە، دەریش دەکەوێ کە دوا سەرژمێری، ژمارەی تورکەکان لەوەی پێشوو کەمتر پیشان دەدا، هەروەها سەرنجی ئەوەشماندا کە ئەو کەسانەی دەچنەوە سەر عەرەب ئینکاری ئەسڵی تورکی خۆیان ناکەن، ئەمەش دروست کردنی بیرۆکەیێك سەبارەت بە خەملاندنی نەتەوەکان لەو ناوچانەی



دانیشتوانیان تێکەڵن زۆر زەحمەت دەکا، بەتایبەتی لە دۆڵی دیجلە و شاری موسڵ و دەوروبەریشی، لەم شوێنانە کۆچ و تێکەڵ بوونی رەگەزەکان زۆر دیار و سەرنج راکێشە. هەروەها بەهۆی ژن و ژنخوازیی نێوان ئەو کەسانەی سەر بە هەمان ئایینن بەڵام لە نەتەوەی جیان. کە رێ خۆش دەکا بۆ ئەوەی هەر کەسێ بە هەوەسی خۆی نەتەوەیێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ بێ ئەوەی ئەمە ببێتە مایەی سەرسوڕمان و زۆرجاریش (انتهازیە)ت لەم مەسەلەی هەڵبژاردنەدا رۆڵی خۆی دەبینێ، بەتایبەتی کە هەستی نەتەوەیی زۆر گرنگ نەبێ، لە رۆژهەڵات جیاوازیی ئایین هەمیشە هۆی کاریگەری یەکلاکەرەوە بووە، زەحمەتیشە لەم ناوچەیەدا وا هەستی نەتەوەیی گەشە بکا و بەرەو پێشەوە بچێ وەك لەو ئەورووپادا دەیبینین، لە واقیعدا قەت بەوجۆرەش نەمانبینیی.

بەشێوەیەکی ئاسایی کاریگەری سیاسی لە شاری موسڵ و دەوروبەریدا لە شوێنانی دیکە بەهێزتربوو، حکوومەتی بەریتانیش هەوڵیدا لە یادداشتەکەیدا بایەخ بەو راستییە بدا کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوتیان ئێمە تورکین، ئەمە لە سەردەمی حوکمی تورکیدا، چونکە سوودیان لەو قسەیە دەبینی. ئەم بەڵگەیەش ناکرێ پوچەڵ بکرێتەوە چونکە هەمان بنەما لە سەردەمی ئێستای حکوومەتی عیراقیدا پەیرەو دەکرێ. ئەم بۆچوونەش ئەو ژمارانەی سەرژمێری ساڵی ١٩٢١ پشتگیری دەکا کە پێشکەش بە (کۆنگرەی لوزان) کرا لەوێدا ژمارەی تورکەکان (٥٦٨٩٥) کەسە. کە تەماشای ژمارەکانی سەرژمێریی ١٩٢٢-١٩٢٤ بکەین کە دراوە بە لیژنەکە دەبینین ژمارەیان (٣٨٦٥٢) کەسە.

**ج- سروشتی تورکیی کەرکوك و ئەو شارۆچکانەی دەکەونە سەر رێگەی سوڵتانی:**

حکوومەتی تورکیا بەتایبەتی سەرنجی بۆ گرنگی هەردوو شاری کەرکوك و هەولێر و ئەو شارۆچکە بچووکانەی دەکەونە سەر رێی سوڵتانی کە بەرەو باشوور دەروا، راکێشا، ئاماژەشی بەوە کرد کە حکوومەتی بەریتانی بۆ خۆی دانی بە سروشتی تورکی ئەم شارانە داناوە کاتێ کە بەیانە رەسمییەکانی خۆی تیایاندابە زمانی تورکی بڵاودەکاتەوە. حکوومەتی بەریتانی وەڵامی ئەم خاڵەی دایەوە و گوتی ئەو بەیانانە لە ساڵی ١٩١٩ەوە هەر هەمووی بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکرێنەوە. لەوانەشە هەندێ لە بەیانە سەرەتاکان بە تورکی بڵاوکرابنەوە لە پاڵ عەرەبیدا بەڵام لەو حاڵەتەدا کە ئاڕاستەی فەرمانبەرە تورکەکان دەکران. باواشی دابنێین کە ئەمە وابووە، بەڵام تەنها لە کەرکوك و هەولێر واکراوە لەوانەشە لە شاری موسڵیشدا هەندێ بەیان

لەسەرەتادا بە تورکی بڵاوکرابنەوە ئەمەش تەنها لەبەر خاتری فەرمانبەرەکانی پێشوو بووە. هیچکام لە راوێژکارەکان نەیانتوانی دانەیێك لەبەیانە سەرەتاکانمان پێشکەش بکەن بۆیە نەمانتوانی بێ دوودڵی بیسەلمێنن کە هیچکام لەو بەیانانە بە زمانی تورکی بوون یان نەء.

سەبارەت بە سروشتی نەتەوەیی ئەم شارۆچکانەش ئێمە نەمانتوانی لە راستیی رێژەی سەدی تورکەکان بکۆڵینەوە. بەڵام پێشتر و لە شوێنێکی دیکەدا ئەوەمان روون کردبووەوە کە چەند زەحمەت و (مستحیل)ە بە ژمارە گوزارە لە ((وقائع))ەکان بکرێ. بە هەرحاڵ ئەوەی روونە ئەوەیە کە رەچەڵەکی کۆنی دانیشتوانی ئەم وڵاتە و بە درێژایی ئەوەی پێی دەگوترێ رێی سوڵتانی تورکە، پیاوماقوڵانی خەڵکەکە تورکن و توانیومانە بەبێ ئەوەی لێپچینەوەیان لەگەڵ بکەین سەرنج بدەین کە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان بە تورکی قسە دەکەن دەبێ ئەوەش بڵێین کە مەسیحییەکانی کەرکوکیش هەر لەناو خۆیاندا بە تورکی قسە دەکەن و لەوانەیە چەند نموونەیێکی کەم بارودۆخەکە روون بکاتەوە.

شاری هەولێر بریتییە لە حەوت گەڕەك، ئێمە چاومان بە موختارەکانیان کەوت و سەبارەت بە نەتەوەکانیان پرسیارمان لێکردن، پێنجیان گوتیان تورکن و یەکێکیشیان گوتی چەند تورکە ئەوەندەش کوردە، حەوتەمیشیان گوتی جولەکەیە.

لە کەرکوك تاقە رۆژنامەیێك کە لە هەفتەیێکدا دووجار دەردەچوو بە سەرپەرشتی حکوومەت بە تورکی چاپ دەکرا و رێنماییەکانیش بۆ فەرمانبەران بە تورکی و عەرەبی چاپ دەکران و ئەفسەری سیاسی بەریتانیش بە تورکی قسەدەکا و نە عەرەبی و نە کوردی نازانێ. زمانی تورکیش زمانی قسە کردنە بە درێژایی رێی سوڵتانی و هەموو کۆمەڵگەیێکی نیشتەجێ بوون دا کە بایەخی هەبێ.

شارۆچکەی پردێی بچووك بێ مشتومڕ تورکیە و خەڵکی (طوزخورماتو)ش هەموویان تورکن یان تورکمان لەگەڵ چەند خێزانێکی کەمی جولەکە. بەپێی قسەکانی سەرۆکی شارەوانی شارەکە سی و پێنج خێزانی جولەکە هەیە بەرانبەر (٤٠٥) خێزان کە دانیشتوانی هەموو شارەکەن. لە (قرەتپە)ش رێژەی دانیشتوان بەمجۆرە دەخەملێنرێ **٧٥**٪ تورك **٢٢**٪ کورد و **٣**٪ عەرەب. تازەخورماتوو (طاووق)یش رەگەزی تورکی بەسەردا زاڵە.

سەبارەت بە دانیشتوانی گوندەکانی دەروبەری ئەم شارۆچکانە تورکەکان کەمایەتییەکی پەرت و بڵاو پێك دێنن و رەگەزی کورد بەسەر تورکدا لە شارەکاندا زاڵە هەروەها بەسەر رەگەزی عەرەبیشدا تا ئێمە لە دیجلە نزیك ببینەوە و پانتایی زەویی کشتوکاڵی فراوان بێ ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێ.



**د- هۆزە تورکییەکان:**

حکوومەتی تورکیا کە باسی هۆزەکانی (الزنگنه و البیات و الدلیڤ و التترال)ی لە کاتی ژماردنی هۆزە کۆچەرییەکاندا دەیگوت ئەمانە ئەسڵیان تورکە. لە دواییدا دێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە کاتێ کە باسی هۆزە کۆچەرەکان بە گشتی دەکەین تاکو بزانین ئایا ئەمانە نیشتەجێن یان کۆچەرن.

ئەو وەڵامەی لە حکوومەتی بەریتانیاوە پێمان گەیشت دەربارەی ئەم هۆزانە ئەم زانیارییانەی خوارەوەی تێدابوو. (زەنگە) هۆزێکی کوردە وەك لە کتێبی رەسمیساڵانەی ویلایەتی موسڵدا (١٣٣٠ك — ١٩١٢ز) نووسراوە. قسەیێکیش هەیە دەربارەی (بەیات) گوایا ئەوان بە ئەسڵ تورکمانن و لە خوراسانەوە کۆچیان کردووە بەڵام بەهۆی تێکەڵ بوونیان لەگەڵ عەرەبدا ئێستا لە رووی نەتەوەییەوە عەرەبن لە کتێبی ساڵانەی رەسمی تورکیدا نووسراوە کە بە عەرەبی و تورکی قسە دەکەن. سەبارەت بەو قەزایەی تیایدا دەژین (کفری) کتێبی ساڵانە دەڵێ دانیشتوانی تێکەڵن لە عەرەب و کورد. هیچ هۆزێکیش نییە لە ویلایەتی موسڵدا ناوی (التترال) بێت. کاکەییەکانیش کوردن و دەچنەوە سەر بنەماڵەی بەرزنجی کە بنەماڵەی (شێخ محمود)ە و مەزهەبی تایبەتی خۆیان هەیە کە لەوانەیە لە مەزهەبی (الشبك)ەوە نزیك بێ. یادداشتەکە دەڵێ گوایا تورکن با زمانەکەشیان لە زمانی کوردییەوە نزیك بێت. لەوانەیە حکوومەتی تورکی کە باسی (الدیلیڤ) دەکا مەبەستی (الدیلو) بێ، ئەمەش هۆزێکی کوردە و لە نزیك کفری دەژین و بە ئەسڵ خەڵکی (سنە)ن.

ئێمە لە تواناماندا بوو بیسەلمێنین کە زەنگەنە و (الدیلو) (دیلیڤ) کوردن، چونکە هیچ جۆرە خوورەوشتێکی تورکییان نییە، بەڵام نەمانتوانی لە بوونی هیچ هۆزی بەناوی (تترال) بکۆڵینەوە. سەبارەت بە زەنگەنەش، کتێبی ساڵانەی (١٣٢٤ك-١٩٠٦ز) دەڵێ ئەمانە لە ناحیەی ((گل)) دەژین و هەموو دانیشتوانی ئەم ناحیەیەش کوردن. و بەیاتیش تێکەڵن لە تورك — عەرەب و خۆیان بەمجۆرە دەخەملێنن **٦٥**٪ تورك و **٣٥**٪ عەرەب. بەهەردوو زمانەکەش قسەدەکەن و لە گوندەکانی خۆیاندا دەژین بەیەکەوە بێ ئەوەی لە مەسەلەی نەتەوە بکۆڵنەوە، جیاوازییەکانیش بەرەو نەمان دەچێ هەرچەندە هێشتا لە ناویاندا هەیە کە یەك زمان قسەدەکەن و ئێمە چاومان بەسەرەك هۆزێك کەوت لە تورکی بەولاوە چیدیکەی نەدەزانی. کاکەییەکان خۆیان دەڵێن تورکن و (الصارلی) کە لە هەردوو بەری خوارووی زابدا دەژین پێیان گوتین کە ئەوان لەو رەگەزن کە کاکەییەکانی دەچێتەوە سەر.

کوردەکان پێیان دەڵێن (صارلی) بەڵام ئەوان خۆیان بە کاکەیی دەزانن. ئەم (صارلی)یانە ئاین و زمانێکی تایبەتیان هەیە وەك ئەو کەسانەی لە حاڵ و باری وڵات شارەزان دەڵێن، بەڵام ئەوان خۆیان هیچ باس ناکەن و نهێنی خۆیان نادرکێنن و دەڵێن گوایا موسوڵمانن سەبارەت زمانەکەشیان، هەموویان بە زمانی ئەو دانیشتوانە قسە دەکەن کە لەگەڵیاندا دەژین. بۆیە ئێستا ئەوان بە کوردی قسە دەکەن. ئەوەی سەرنجی ئێمەی راکێشا ئەوەبوو کە چەن کەسێکمان لەناویاندا بینی شێوەیان کەمێك لە (حیثی)یەکانی دەکرد، بەڵام ئێمە نەمانویست هیچ ئەنجامێك لەم تەماشاکردنە رووکەشە هەڵێنجێنین. جگە لە (البیات) وەك باسمان کرد هیچ هۆزێکی دیکەی تورکمانمان نەدی، نیشتەجێ بێ یان کۆچەر، ژمارەی تورکەکان لە شارەکاندا زیاد دەکا و زۆرن و بە زۆری لەو زەوییە کشتوکاڵییانەدا بە درێژایی سەر رێی سوڵتانیدا دەژین، ئەو زەویانە بە زۆری موڵکی دەوڵەمەند تورکەکانە، بەڵام حاڵی حازر زەحمەتە رێژەیان بخەمڵێنرێ و بە دوای بنەچەی قەومێکدا بگەرێین کە هیچ داب و نەریتێکیان نییە. لەوەش دەچێ کە هەردوو رەگەزەکە بە توندی پەیوەست بێت بەم خاکەوە بۆیە ((بە کورد بوونیان — استکرادهم)) دیاردەیەکی سروشتییە و زۆر بە پەلە روودەدا، وەك ئێمە بۆی دەچین. پێشتر ئەوەمان گوت کە دەوڵەمەندە تورکەکان لە شارەکاندا بە زۆری ژنە کورد مارە دەکەن، سەرنجی ئەوەشمانەدا کە خزمەتکارەکانی ماڵەکانیشیان بە زۆری لە کوردەکانە.

**ه- دانیشتوان بە درێژایی سنووری باکوور:**

هەردوو حکوومەت سەبارەت بە ئەتنوگرافیای ناوچەی باکوور (ئەو سنوورەی بەریتانیای مەزن داوای دەکا) لەگەڵ ئەو هێڵەی ئەنجوومەنی کۆمەڵ لە بروکسل وێنەی کێشابوو، بیروڕای دژبەیەکیان پێشکەش کرد، حکوومەتی تورکیا سوور بو لەسەر ئەوەی کە سنووری باکوور دانیشوانی خاوەن نەتەوەی جیاواز لێك جیاناکاتەوە، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەیان ئەو نەخشەیەیان کردە بەڵگەی سەلماندنی بۆچوونەکانیان کە حکوومەتی بەریتانی پێشکەشی کردبوو، کە وەسفێکی (مفصل)ی ناوچەی باکوورمان دەداتێ کە پێشتر ئاماژەمان بە جوگرافیاکەی کردبوو، سەبارەت بە چوار کەرتەکەش کە باسی کردبوو (بڕوانە توێژینەوەی "شی کردنەوەی —إعتبارات-ە جوگرافییەکان").

کەرتی یەکەم: کورد و مەسیحی تێدا دەژی و هەمووشیان دەڵێن کە لە هۆزی (السندی)ن، کاتی خۆی زەوییەکانی خۆیان پێش جەنگ بە هۆی هێرشی (الگویان) بۆ سەریان بەجێهێشتبوو،



لە کاتی جەنگیشدا ژمارەیەکی زۆریان لەناچوون بە رادەیەك کە ئێستا لە (١٥٠) کەس زیاتر نابن و نیوەشیان مەسیحین و لە ژێر فشاری کوردەکاندا دەژین.

کەرتی دووەم: ئەم زەوییە پێش جەنگ، هەر هەمووی ئاشووریی تێدا نشتەجێ بوو، لەگەڵ بەرپابوونی جەنگدا ناوچەی خۆیان بە تەواوی بەجێهێشت، دوای ئەوان تەنها سێ هۆزی کوردی تێدامایەوە و ئێستا لێی دەژین. حکوومەتی بەریتانی لیستێ بەناوی گوندە مەسیحیەکانی ناوچەکە پێشکەش دەکا.

کەرتی سێیەم: لەم ناوچەیە ژمارەیێکی زۆری گوندی مەسیحیی تێدایە کە لە کاتی جەنگدا چۆڵ کران. ئەم زەوییە کوردی تێدا دەژی (هۆزەکانی دۆسکی و هەرکی و گەردی).

کەرتی چوارەم: ناوچەیێکی چولکراوە

حکوومەتی تورکیا لیستێکی داینێ بەناوی ئەو هۆزانەی لە ناوچەی هەکاری نیشتەجێن کە حکوومەتی بەریتانی داوای دەکا. لەو لیستەدا ناوچەی نیشتەجێ بوون و ژمارەی ئەندامانی هەر هۆزێکی تێدایە.

| ناوی هۆزەکە | ئەو ناوچەیەی تیایدا دەژی | ژمارەی کەسەکانی |
|---|---|---|
| گلی گویان | باشووری رۆژئاوای (بیت الشباب) | ١٢٠٠٠ |
| کرگی | باشوری (بیت الشباب) | ٢٠٠٠ |
| پونیانی | ناوچەی (چال) | ٢٥٠٠ |
| برواری بالا | باکووری رۆژئاوای ئامێدی | ١٥٠٠٠ |
| اورامار | نێوان (چولماك) و (شمزینان) | ٢٠٠٠ |
| توڤی | نێوان (چولماك) و شمزینان) | ٢٠٠٠ |
| هرکی | رۆژئاوای (شمزینان) | ١٥٠٠ |
| دستکی | باکوری (زیبار) | ٨٠٠ |
| گردی | باشوری (شمزینان) | — |

ئەم لیستە کۆچەرییەکان ناگرێتەوە لە ناوچەی زاخۆش تەنها سەردانی مەڵبەندی شارەکەمان کرد و سەفەریش بۆ ئەو ناوچەیە زەحمەتە بۆیە ئاسان نەبوو لە زانیارییەکانمان بە پرسیار کردن بکۆڵینەوە، چونکە ناوی گوندەکان لەسەر نەخشەکان ڕێك نەدەکەوت لەگەڵ ئەوەی لە لیستەکاندا تۆمار کرابوون. بەڵام لە رووی نەژادەوە —من الناحیە العرقیە- هەردوو بەری سنووری باکووری پێشنارکراو، یەکە.

ناوچەی ئاشوورییەکان بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە چڕی دانیشتوانی لەوانی دیکە زیاترە (چاڵ، تیاری خواروو، تیاری سەروو، تخوما) بەم سنوورە پێشنیارکراوە، دەکرێ بەدوو لەتەوە. مەسەلەی گێڕانەوەی ئەمانە بۆ وڵاتەکەیان مەسەلەیێکی سیاسییە و لە شوێنێکی دیکەدا دیێنەوە سەر باسکردنی. کوردی ڕەوەندیش لەگەڵ سنوربەزاندن راهاتوون و ئێستاش باسی ئەو هاتوچۆیە دەکەین. کوردە نیشتەجێیەکان —المستوطین- لە هەمان هۆزی کوردە ڕەوەندەکانن هەروەها خزمایەتیشیان هەیە لەگەڵ ئەو هۆزانەی لەبەری ئەو بەری سنوور نیشتەجێن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نەخشە تۆبۆگرافیەکە کەناوی هۆزەکانی تێدایە دەبینین ئەو وڵاتەی دەکەوێتە باکوور و باشووری سنوور تەنها کوردی تێداناژی، بەڵکو ئەو کوردانەشی تێدا دەژیی کە خزمایەتییان لەگەڵ هەمان ئەو هۆزانە یان ئەو کۆمەڵانەدا هەیە.

**٣- سروشتی شاری موسڵ:**

یادداشتەکانی هەردوولا مشتومڕی زۆری تێدابوو سەبارەت بە سروشتی نەتەوەیی شاری موسڵ. حکوومەتی تورکیا دەڵێ زمانی تورکی و کوردی و عەرەبی زمانی قسەکردنی هەموانە و ئەوانەش کە ئێستا بە عەرەبی قسەدەکەن و خۆیان و خێزان و خزمیان بە عەرەب دادەنرێن، لە راستیدا تورکن و ماوەیەکی زۆرە پەیوەندییان لەگەڵ کورد و عەرەب دروست کردووە و فێری زمانەکەیان بوون. حکوومەتی تورکیا ئەمەی لە یەکێ لە یادداشتەکانیدا باس کردووە، هەروەها دەڵێ کە دانیشتوانی موسڵ قەت خۆیان بە عەرەب نەزانیوە یان بە بەشێ لە عیراق. تەنانەت حکوومەتی تورکیا لەو یادداشتەی پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆمەڵی کردبوو گوتبووی زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ کورد و تورکن هەروەها دەڵێ کە زۆربەی هەرەزۆریان لە نەژادی تورکن ئەمەش گومانی تێدانییە و هەموو کەسێکیش لەوێ تورکی دەزانێ. حکوومەتی بەریتانی وەڵامی ئەم قسانە دەداتەوە و دەڵێ: جگە لەو زانیارییە هەمەلایەنەی ئەفسەرە بەریتانییەکان لەم چەن ساڵەی دواییدا بەدەستیان هێناوە دەربارەی دانیشتوان،



گەریدەکان هەمیشە موسڵیان وەك شارێکی عەرەبی گەورە ناساندووە ((شارێکی عەرەبییە و عەرەب دروستیان کرد و لەماوەی چەندین سەدەی حوکمی توركدا سروشتی عەرەبی خۆی ون نەکردووە)) حکوومەتی بەریتانی تێکڕای دانیشتوانی شارەکە بە زیاتر لە حەفتا هەزار دەخەمڵێنێ (لەدوا سەرژمێریدا ژمارەکە ٧٤٠٠٠ بوو). ئەم ژمارەیە وەك حکوومەتی بەریتانی دەڵێ لە هەموو ژمارەکانی دانیشتوانی تورك لە هەموو ویلایەتەکەدا بەرزترە.

حکوومەتی تورکیا وەڵامی هەندێ لە بۆچوونەکانی حکوومەتی بەریتانیا دەداتەوە و دەڵێ: ئەگەر ئەم حکوومەتە بەکارهێنانی زمانی تورکی لە موسڵدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی تورکی زمانی رەسمی بووە — کەئەمەش راست نییە- ئەگەر بەکارهێنانی زمانی کوردیش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە گوندە کوردییەکان نزیکن لە موسڵەوە و موسڵیشیان بە بازاڕی بازرگانی خۆیان داناوە، کەواتە هەر ئەم بەڵگەیەش دەکرێ بەکاربێ بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی زانینی زمانی عەرەبی لەلایەن تورکەکانی موسڵەوە.

ئێمە حەز دەکەین ئەوە بڵێین کە بۆچوونی کەسی خۆمان ((شخصی)) بۆچوونێکی زۆر (مۆکد)ە، کە شاری موسڵ شارێکی بێ گومان بە سروشت عەرەبییە، بەڵام دەبێ یەکسەر ئەوەش بڵێین کە دواسەرژمێری کە حکوومەتی عیراق کردبووی راستە و تیایدا دەڵێ موسڵ حەفتا و چوار هەزار عەرەب و بیست هەزار مەسیحی و چوار هەزار جولەکەی تێدادەژی. ناکرێ شارەکە تورکی تێدا نەبێ بەتایبەتی کە ماوەیێکی درێژ لە ژێر دەسەڵاتی تورکیادابووە، چونکە خێزانی فەرمانبەرە تورکەکان و ئەفسەرەکان لەو شارەدا ژیاون و لەگەڵ دانیشتواندا تێکەڵ بوون، هەروەها لە دەرەوەی شاریش کە ژمارەیەکی باشی گوندی تورك و تورکمانی تێدایە، تەنانەت شارۆچکەیەکی تورکیشی تێدایە دەکرێ بەم بۆنەیەوە ئاماژە بە بۆچوونی گەریدەیەکی بەناوبانگی وەك (أولیڤیە) بکەین کە لەساڵی ١٨٠٩دا سەردانی موسڵی کردووە، ئەو کاتەش هێشتا کێشەی نەتەوەیی سەری هەڵنەدابوو، (أولیڤیە) بەمجۆرە باسی دانیشتوانی شارەکە دەکا لە وەسفی هیچ گەریدەیەکی دیکەدا سەرژمێرییەکی تەواو نادۆزینەوە.

| | |
|---|---|
| مەسیحی (نساطرة- یعاقبە) | لە ٧٠٠٠ بۆ ٨٠٠٠ |
| جولەکە | ١٠٠٠ |
| عەرەب | ٢٥٠٠٠ |
| کورد | لە ١٥٠٠٠ بۆ ١٦٠٠٠ |
| تورك | لە ١٥٠٠٠ بۆ ١٦٠٠٠ |
| ئێزدی | نیە |
| نزیکەی کۆ (المجوع التقریبي) | ٦٤٠٠٠ |

لە موسڵ چەند کەسێکمان بینی تورك بوون و لە تورکی تێدەگەیشتن، بەڵام کە حکوومەتی تورکی دەڵێ هەموو کەسێ لەو شارەدا لە تورکی تێدەگا، ئەمە دوورە لە واقیعەوە، لە راستیدا ئێمە کە سەردانی شارەکەمان کرد گوێمان لە زمانی تورکی نەبوو، بەڵام بەهۆی شڵەژانی بارودۆخی سیاسی کە زۆر چالاك و کاریگەر بوو نەمانتوانی بیرۆکەیێکی روون دروست بکەین، زۆرجاریش راوێژکاری تورك ناچاردەبوو وەرگێڕ بەکاربینێ.

نەدەکرا رێژەی سەدی نەتەوە جیاوازەکانی شار بخەملێنین هەرچەندە توانیشمان هەموو کاریگەری سیاسی دووربخەینەوە و گشت گومانەکانیش برەوێنینەوە. پێ دەچێ خەملاندنی نەژادی دانیشتوان زۆر زەحمەتتربێ لە شارێکدا کە ژن و ژنخوازیی لە نێوان نەتەوەکاندا باوە و (انتهازیە)تیش بەهێزە و تێکەڵبوونیش لە شارەکەدا لە هەموو ناوچەکانی دیکەی وڵات زیاترە.

**٤- رەوەند و کۆچەر:**

مەسەلەی رەوەندەکان تەنها لە وتووێژەکانی کۆنگرەی لوزاندا باسکرا هەروەها لەو یادداشتانەشدا کە پێشکەش بە کۆمەڵی گەلان کران سەبارەت بە سەرژمێری وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا. هەرچۆنێك بێ لیژنە بە پێویستی زانی کە بیرۆکەیەکی لا گەڵاڵە ببێ سەبارەت بە ژمارەی رەوەندەکان و هەواری زستانە و هاوینەیان و ئەو رێگەی پیایدا دەڕۆن و سروشتی کۆچ کردنەکەیان دوای ئەوەی پێمان گەیشت کە رەوەندی بیابانی عەرەب و کۆچەری شاخەکانی کورد سنوور دەبەزێنن و هەندێکیشیان ژن و ژنخوازی و خزمایەتییان هەیە لەگەڵ هۆزە نیشتەجێیەکان کە لە هەردوو دیوی سنوور دەژین، هەروەها ئەوەشمان بە پێویست زانی کە لەو



مەڵبەندە بازرگانییانەی ئەو هۆزانە سەریان لێدەدەن بکۆڵینەوە، بۆیە لیژنە سەبارەت بەم خاڵانە لە هەردوو حکوومەت پرسیاری کرد.

حکوومەتی بەریتانی زۆر بە (تەفسیل) وەڵامی داینەوە، سەبارەت بە بابەتەکە هەموو، جگە لە زانیاری تایبەت دەربارەی هۆزە جیاوازەکان، ئێمەش لێرەدا پوختەی خاڵە جەوهەرییەکان روون دەکەینەوە.

کوردەکان خاکی هەواری زستانەیان کە زۆرینەی رۆژەکانی ساڵی تێدا بەسەر دەبەن (نزیکەی ٣/٢ی ساڵ) بە مەڵبەندی نەگۆڕی خۆیان دادەنێن. کۆچەکەشیان تەنها وەك سەفەر وایە لە مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموز و ئابدا و بە دوای لەوەڕگای بەرزتر و سەوزتردا.

کوردە کۆچەرییەکان بە رێگایەکی نەگۆڕدا دەڕۆن لەمەشدا ئەمان لە رەوەندە عەرەبەکان جیادەبنەوە کە کۆچەکانیان پەیڕەوی بنەماییێکی نەگۆڕ ناکا. کوردی کۆچەر لە کوردی نیشتەجێ لە یەك شتدا جیاوازن، ئەمانە دوو مەڵبەندیان هەیە، یەکێکیان لە دەشتەکان یان لە دۆڵە گەورەکانی شاخەکاندایە و بە درێژایی مانگی ئەیلول تا نیسان لەوێ دەمێننەوە. دووەمیشیان لە لاپاڵی شاخە بەرزەکاندا بە تایبەتی گردە بەرزەکان کە وەرزی هاوینی تێدا دەبەنە سەر. ژمارەیەکی زۆر لەم هۆزانە نیشتەجێ بوون دوای ئەوەی حکوومەتی عیراق هانی دان زەوی لە زستانە هەوارەکانیاندا بکێڵن، یانیش خەریکە نیشتەجێ دەبن لەبەر ئەوەی خەریکی زەوی کڕین و گوند دروست کردنن. بەڵام چەند تیرەیەکی ئەم هۆزانە هێشتا هەر لەسەر کۆچ و رەوەکەیان بەردەوامن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی زستان لە رۆژئاوای زێی گەورە بەسەردەبەن هاوینان رووەکەنە ئەو شاخانەی حکوومەتی بەریتانی پێشنیاری کردبوو ببێ بە سنوور، تیاشیاندا هەیە ئەو سنوورە دەبەزێنێ و دەچێتە ناو خاکی تورکیا. بەڵام ئەوانەی بە زستان لە رۆژهەڵاتی زێی گەورە دەژین، رووەکەنە ئێران.

پەڕینەوەی هەندێ تیرە لە سنووری پێشنیارکراو هیچ کێشەیەك بۆ عیراق یان تورکیا دروست ناکات. کاتێ کە سنووری تورکی و فارسی دیاری دەکرا ماددەیێکی تایبەت لە پرۆتۆکۆلەکەدا دانرا بۆ رێکخستنی هەموو ئەو کێشانەی لەم هات و چۆیەوە دروست دەبن، ئەمەش دەقی ئەو ماددەیەیە:

((وەك زانراوە هۆزە تورکەکان کە راهاتوون هاوین لەم ویلایەتانەدا لە لای سەرچاوەکانی هەردوو رووباری (گدیر) و (لاڤین) بەسەر بەرن، بەردەوام دەبن لە بەکارهێنانی ئەم لەوەڕگایانەدا

وەك پێشتریش دەیانکرد)). کوردە کۆچەرەکان کە هەموو ساڵێ بەهەمان ڕێگەدا دەڕۆن و سەردەکەون بۆ هەمان لەوەڕگا و دێنەخوار، چاودێری و سەرپەرشتی کردنیان ئاسانترە لە چاودێری کردنی عەرەبەکان کە دەگمەنە ڕەشماڵەکانیان دوو ساڵی یەك لە دوابیەك لە یەك شوێندا هەڵبدەن. سەبارەت بە بارودۆخ لە سنووری عیراق-سووریادا سەرنجی ئەوەماندا چەند کێشە دروست دەبێ بەهۆی تێپەڕبوونی هێڵی سنوور بە بیابانی عەرەبیدا، لەگەڵ ئەوەی کە سنوورەکە بەروونی دیاریشە، بۆیە ئەو هێڵەی حکوومەتی تورکیا پێشنیاری دەکا کە بە بیاباندا دەڕوا و بە ناوچەیەکدا کە هۆزە عەرەبییەکانی تێدا هاتوچۆ دەکەن هێڵێکی (عەمەلی) نییە.

کوردەکانیش چەند ڕێڕەوێکی زۆرباش زانراو بەکاردەهێنن بۆیە چاودێری کردنیان ئاسانە. لە سەرەتادا حکوومەتی تورکی دەڵێ هیچ هۆزێکی کورد نییە لە هۆزەکانی ویلایەتی موسڵ بەشە شاخاوییەکە بەجێ بهێڵێ و رووبکاتە دەشتی دوو ڕووبارەکە، یان ناوچە تورکییە-کوردییەکە بەجێبهێڵی وەك لە نەخشەی پاشکۆدا هاتووە (نەخشەی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانە) و بچێتە ناوچە عەرەبییەکە لە باشوور. دوای ئەوەی حکوومەتی تورکیا باسی ئەو مەڵبەندە بازرگانییانەی کرد کە زۆربەی هۆزەکان سەردانیان دەکرد، گوتی هۆزە کوردییەکان، هەموویان ئێستا بە عەمەلی نیشتەجێن جگە لە (جاف و زیدکی و ئەتروشی، هەرکی و هاجان) کە نیمچە کۆچەرن، لە هەمانکاتدا هۆزە عەرەبەکان هەر بە ڕەوەندی مانەوە. هەردوو حکوومەت زانیاری تەواویان داینێ دەربارەی زستانە هەوار و هاوینە هەواری هۆزەکان و ئەو ڕێگایانەی پیاندا دەڕۆن لە کۆچ و ڕەویاندا، ئێمەش وامان بەباش زانی ئەم زانیارییانە بخەینە نەخشەی بەراوردکارییەوە —خرائط مقارنە- (نەخشەی ژمارەی -٨-)، نەخشەی سێیەمیشیان بخەینە سەر و تیایدا ئەو زانیارییانەی روون بکەینەوە کە لە ئەنجامی چوونە شوێنەکان کۆمان کردبووەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە نەیێن وەسفێکی درێژی ژمارەیەکی زۆری ناو بکەین کە زەحمەتە لە نەخشە تۆبۆگرافیەکاندا بدۆزرێنەوە. ئەوەشمان لەلایەن حکوومەتی بەریتانیاوە بۆ دیاری کرا کە ئەو هۆزە کۆچەرییە کوردانە (شرفان، زیدك، گافدان، اتروشی، مهمدان، سیدان، گراڤی، ژیرکی، قشوری، هاجان هەر هەموویان بەشێکن لە یەکێتی — الارتوشی- هرکی، خیلانی، پیران، پشدر، اکو، بولی، اسماعیلی، عوزیری، بلباس، جاف).

حکوومەتی تورکیاش دەڵێ ئەم هۆزانە هۆزی کۆچەرین:

١- لە کوردەکان: (ارتوشی، هاجان، ژیرکی، جاف، هەرکی).

٢- لە عەرەب: (شمر، العبید، قصیە).



٣- لە تورك: (کاکائی، زنگنە، دلیڤ، دیلو، بیات، تترال).

لەو نەخشانەی کە هاوپێچ کراون بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە مەڵبەند و ڕێگەی کۆچەرەوە هەیە و هەردوو حکوومەت پێشکەشیان کرد زۆر جیاوازن لە (تفاصیل)دا. هەروەها لەو زانیارییانەش جیاوازن کە ئێمە خۆمان توانیبوومان کۆی بکەینەوە لە سەردانەکانماندا، بەڵام هەرچەندە ئەم جیاوازییانەش گەورە بن بایەخێکی ئەوتۆیان نییە لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: ئەوەیە کە هەردوولا ڕێکن لەسەر ئەوەی ئەو کوردە کۆچەرییانە سنوورە شاخاوییەکان دەبڕن وەك لەگەڵ ئێراندا وێنەی کێشراوە وەك ئەوەش کە حکوومەتی بەریتانیا پێشنیار دەکا لەگەڵ تورکیا وێنەی بکێشن.

دووەم: ئەوەیە کە ژمارەی کۆچەرەکان بەم دواییەی کەمی کردووە بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا بە ڕادەیێك کە ئێستا ژمارەی کوردە کۆچەرییەکان ڕێژەیێکی سەدی زۆرکەم پێکدەهێنن بە گوێرەی کۆی دانیشتوان.

شوێنی نیشتەجێبوونی کوردە ڕەوەندەکان بە تەواوی جیاوازە لە شوێنی نیشتەجێبوونی عەرەبەکانی بیابان. عەرەب ئەسپ و حوشتر و مەڕ بەخێودەکەن و فەلاحەت و کشتوکاڵ ناکەن. ئەوان بە بیاباندا بە گوێرەی حاڵ و باری کەش و هەوا دەسوڕێنەوە، کە لە ساڵێکدا بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە، لە هەمان شوێن و هەمان لەوەڕگاشدا.

ژیانی عەرەبی ڕەوەند بە تەواوی پشت بەرەواڵەتەکانی سروشت دەبەستێ و ژیانی خۆی بەگوێرەی ئەوە ڕادێنێ ئەو نازانێ وەرزی داهاتوو لە کۆی دەبێ، کە بەبیابانیشدا دەسوڕێتەوە ڕەشماڵ و هەرچی هەیە لەگەڵ خۆی دەیبا. بەڵام کوردە کۆچەرییەکان لە هەوارگەی زستان لەوەڕگای دیاریکراویان هەیە کە زۆر بەباشی دیاری کراوە.

هۆزە عەرەبەکانیش وەك ئەوان مافیان هەیە لە ناوچەی لەوەڕگادا، بەڵام فراوانترە و بەڕێکوپێکی ناچنە ئەو شوێنانە. یادداشتەکەی بەریتانی بەرادەیەکی پێویست ورد نەبوو کە باسی جیاوازیی نێوان کۆچەری کورد و نیشتەجێی کوردی کردبوو، چونکە یەکەمیان دوو مەڵبەندی هەیە لە کاتێکدا دووەمیان تەنها یەك مەڵبەندی هەیە.

ئێمە ناتوانین پێناسەیێکی تەواوی حاڵەتی ڕەوەندی کورد بکەین کە هەمەلایەنە بێ و بتوانین بۆ هەموو هۆزەکان و لە هەموو کاتێکدا بەکاری بهێنین، چونکە ئەمە دیاردەیێکە دەگۆڕی و گەشەکردنێکی پلە بە پلەش هەیە —متدرج- بەرەو نشتەجێ بوون، ئەم ئارەزووی

نیشتەجێ بوونەش دیاردەیەکی سروشتییە لە لایێکەوە، لە لاییێکی دیکەوە تازەیە و حکوومەت هانی دەدا و هەولّی بۆدەدا.

ئەوەشمان زانی کە حکوومەتی تورکیا زۆری هەولّداوە لەم بارەوە بۆ لاواز کردنی سیستەمی عەشایری بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەلاّتی راستەوخۆی خۆی بسەپێنێ و زەوی کشتوکالّیش زیاد بکا. حکوومەتی عیراقیش هەمان پلانی بۆ هەمان مەبەستی سیاسی بەکارهێنا. نیشتەجێ کردنی هۆزەکان بەمجۆرە دەکرێ:

پیاوێك ئەو زەوییە دەکرێ کە لە هاوینە هەوارەکەیدایە، هەروەها ئەو زەوییانەش کە دەکەونە زستانە هەوارەکەیان، هەرچەندە ئەو زەوییانەشیان هەیە کە رەشماڵەکانیانی تێدا هەلّدەدەن و دەتوانێ تارادەیەك شوێنەکانی لەسەر نەخشە دیاری بکرێ مەبەستمان ئەوەیە بلّێین کە هەمیشە لە هەمان شوێندا دەبن یان نزیك ئەو شوێنە لە زۆربەی کاتدا، ئەوانیش تەنها لەوەڕگاکانی خۆیان بەکرێ دەگرن، لەوانەشە هەندێ جار ئەو لەوەڕگایانە موڵکی سەرەك هۆزەکە بێ. بەپێی یاسای قۆناغەکانی پێشکەوتن —قانون التطور— لە هەندێ حالّی تایبەتدا بەشێ لە هۆزەکە نیشتەجێ دەبێ، لە کاتێکدا بەشەکەی دیکە بە زستان لەگەلّ بەشە نیشتەجێکە دەبێ، بەلاّم وازیش لە کۆچ ورەو ناهێنێ. هۆز هەیە هەر هەمووی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێ بوون، لە حالاّتی دیکەدا هۆزەکە لە زستانە هەوارە کۆنەکەیاندا نیشتەجێ دەبن لە کاتێکدا بەشێکی دیکەی هەمان هۆز لە زەوییەکانی هاوینە هەوارەکەیاندا نیتشەجێ بوون. پاشان دواقۆناغ دێ کە تیایدا وردە وردە قەبارەی بەشە کۆچەرییەکەی هۆزەکەی بچووك دەبێتەوە تاوای لێ دێ زەحمەتە ناوی کۆچەرییان لێ بنێین، چونکە تەنها کۆمەلّە کەسێکیان دەمێنێتەوە کە شوانکارەن و بەدوای لەوەڕگادا دەگەڕێن بۆ مەڕ و مالاّتەکانیان. ئەم شوانکارانە لە پێشدا مەڕی ئەندامانی هۆزە نیتشەجێیەکانیان دەبەنە لەوەڕ پاشان مەڕ و مالاّتی ئەو گوندانەی نزیك زستانە هەوارە کۆنەکە دەژین یان بلاّوبوونەتەوە لەو ناوە، لە دواییشدا مەڕی خاوەن موڵکە گەورەکانیش لەو شارانەی پیایدا دەڕۆن بەخێودەکەن. کوردی کۆچەر، هەر چەندە کۆچەری تەواویش بێ جیاوازییەکی زۆر گەورەی هەیە لەگەلّ رەوەندی عەرەبدا.

(رەوەندی) شاخاوی کە رێگەی هاتوچۆی خۆی هەلّدەبژێرێ سروشتی سەختی زەوییەکەی پیایدا دەڕوا ئەو رێگەیە دیاری دەکا، بۆیە دەبێ رێی خۆی بەباشی بزانێ و شارەزای بێ جا هاوینە هەوارەکە بێ یا زستانە هەوارەکە، چونکە شاخەکان مەترسی و زەحمەتی زۆریان تێدایە، ئەویش کە رەو دەکا تەنها کەل و پەلێکی کەم لەگەلّ خۆیی دەبا چونکە هەمموو سالّێ دێتەوە



هەمان مەلّبەندی زستانەی و رەشماڵە قورسەکانی لای خزمە نیشتەجێبووەکانی بەجێدێلّێ، یان لای برادەرەکانی لە هەمان هۆز یان لە لای گوندنشینە دراوسێکانی، بۆ هاوینیشی تەنها رەشماڵێکی سووك لەگەلّ خۆی هەلّدەگرێ و هەندێ جاریش لە یەك رەشماڵ زیاتر نابینرێ ئەویش هی سەرەك هۆزەکەیە. هەندێ هۆز هەن شوێنی تایبەتی کۆبوونەوەی ناوەندیان هەیە —مواضع تجمع خاصة مرکزیە— لەگەلّ چەند گوندێکی بچووك لە هەردوو زستانە هەوار و هاوینە هەوارەکەیاندا. لە ئەنجامی ئەم پرۆسەی نیشتەجێ بوونە ژمارەی رەوەندەکان زۆرکەم بووەتەوە. ئەمەش پرۆسەیێکە کە دەستی پێکرد هەلّوێستی کۆچەریەکان تابێت زەحمەت دەکا بە تایبەتی ئەگەر نیشتەجێ بوونەکە پشتگیری لێ کرا.

لەگەلّ بوونی ئەم حالّەتی رەوەند و شوانکارەییە لە پالّ کشتوکالّدا هەولّ و کۆشش سیفەتی بەردەوامی وەردەگرێ و هۆیەکان و شێوازەکان هەمیشە ئاشتییانە نابن، چونکە لە سالّە خراپەکاندا —السنوات السئیە— واتە سالّە کەم باران یان وشکە سالّەکاندا، کۆچەرییەکە ناچار دەبێ مەڕومالاّتەکەی بۆ شوێنێکی دوورتر بباو لە مەسەلەی هەلّبژاردنی لەوەڕگادا لە بڕی چەندیەتی هەولّی چۆنیەتی بدا، هەمان شتیش لە ناوچە دیاری کراوەکاندا روودەدا، کۆچەریەکە دەسی درێژی دەکاتە سەر موڵکی جووتیارەکە (واتە سەرزەوییە کشتوکالّییەکە کە موڵکی فەلاحەکەیە) جا ئەگەر ئەوەی دەسدرێژی کراوەتەسەر لەوانە بێ کە نیشتەجێ و ئیدارە دەیانپارێزێ، ئەوسا بەرپرسیارییەتی دەکەوێتە ئەستۆی کۆچەرییەکە.

ئەمە ئەو هۆیانە نین کە بە تەنها بووبنە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی کۆچەرییەکان لەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە. جەنگی مەزن هۆی لەناوبردنی تەواوی حالّەتی کۆچ و رەو بوولای کوردەکان کە لەو ناوچانەدا دەژیان، هەروەها هۆی مالّوێرانیش بوو بۆ ئەوانەش کە نیشتەجێ بوون لە هەمان دەوروبەردا.

لە کاتی جەنگدا کە سوپای رووس بەرەو (جولە میرگ) و (نیروە) و (فرشین) هات و ئاگری لە (اورامار)[٤٦] بەردا و گەیشتە (هاریك)[٤٧] بەرەو ئامیدی، ئەوسا زۆر لە کوردەکان رایانکرد

(٤٦) لەناو سنووری تورکیادایە (پەراوێزی راپۆرتەکەیە).

(٤٧) دوو گوندی دراوسێ هەن بەم ناوە یەکێکیان (هاریك ئاغا)ی پێدەگوترێ، ئەوی دیکەشیان (هاریك شێخا) کە دەکەوێتە رۆژئاوای یەکەم. هەردوو گوندەکەش دەکەونە رۆژئاوای زێی گەورە و رۆژهەلاّتی ئامێدی. (پەراوێزی راپۆرتەکەیە).

بەتایبەتی (الشرفان و السیدان و مرگور و الشکاك) بە زاخۆ و رواندزدا شۆڕبوونەوە بەرەو بەرزاییەکان و دەشتەکانی دهۆك و موسڵ و هەولێر. ئەمە لە زستانێکی زۆر سەختدا روویدا کە پێشتر ئەو وڵاتە زستانی واسەختی بەخۆیەوە نەدیبوو، لەبەر ئەوەی کە رەشماڵی تەواویان نەبوو بەشیان بکا دەڵێن سێ لەسەر چواریان بەسەرما و بە نە خۆشی مردن.

لەوەڕگاش نەبوو بۆیە مەڕ و ماڵاتەکانیان مرداربوونەوە و هەموو ئەو دەسکەوتانەیان لە کیس چۆ کەلە مەسیحییە شاخاوییەکان بە تاڵان بردبوویان ئێستاش گۆڕەکانیان بەدرێژایی رێگا لە هەولێرەوە تا رەواندز لە (دیرە) دەبینرێ.

هەروەها ئێمە لە (میسن: کوردستانی ناوەند، گۆڤاری جوگرافی **١٩١٩**) زانیاری ئەوەمان وەرگرت کە ئەو سەربازە ئەرمەنییانەی لە پاییزی **١٩١٦**دا لەگەڵ روسەکان بوون نزیکەی پێنج هەزار کوردیان (ژن و پیاو و منداڵ) لەناودا بەوەی لەسەر بەرزاییەکانی دەربەندی رواندزەوە[٤٨] بە سونگی —(حراب) پاڵیان پێوە دەنان و فڕێیان دەدانە خوارەوە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو زانیارییانەی دەستمانکەوتووە دەربارەی ژمارەی کوردە کۆچەرییەکان زۆر جیاوازە لە زانیارییەکانی پێش جەنگ —بۆ نموونە (سر مارك سایکس) ژمارەی (٣٠٠٠) خێزان دادەنێ بۆ (الشرفانیە الأرتوشی) لەو لیستەیدا کە بۆ هۆزە کوردییەکان رێکخستبوو (گۆڤاری پەیمانگەی ئەنتروپۆلۆجیی شاهانە: **١٩٠٨** کە باشترین سەرچاوەیە دەربارەی ئەم هۆزانە).

هەروەها هەرخۆی بەزارەکی (شفهی) پێی گوتین کە ئەم هۆزەی ئاماژەی پێ کراوە تەنها (٢٠٠) خێزانی کۆچەرییان هەیە. دەربارەی هۆزی (سیدان) لیستەکە هەردوو ژمارەی (٢٠٠) و (٥٠)ی تۆمارکردبوو، بۆ (گۆران)یش (٣٠٠ ثم ٦٠) و (هاجان) (٥٠٠ ثم ٣٠٠) سایکس بۆ هەرکی ژمارەی (٣٠٠٠) خێزان و دەشڵێ تەنها (٢٠٠) خێزانی کۆچەرییان هەیە. بەڵام ئەم زانیارییانە ئەوەندە رێك و وردنین مرۆڤ بڕوایان پێ بکا. (های)[٤٩] لەو کتێبەیدا کە پاش

(٤٨) لە دەقە ئینگلیزیەکەدا نوقسانییەکی جەوهەری هەیە لێرەدا، وەرگێڕانەکەی (بەپاڵ لەسەر بەرزاییەکانی رواندزەوە)، ئەمەش لەگەڵ ماناکەدا ریك نابێ، بۆیە ئێمە پشتگوێمان خست وە دەقە فەڕەنسییەکەمان بەکارهێنا.

(٤٩) الکاپتن (النقیب) دیبلو. ار. های ئەفسەری سیاسی لە هەولێر تا ساڵی **١٩٢٠** کتێبەکەی (دوو ساڵ لە کوردستان) کە لەندەن ساڵی **١٩٢١** چاپکرا. فؤاد جمیل لە ساڵی **١٩٧٢** کردی بە عەرەبی لە دوو بەرگدا.



جەنگ بڵاوکرایەوە دەڵێ: (٢٠٠٠٠) کۆچەر هەیە کە (٨٠٠٠)یان لە خاکی زستانە هەوارییاندا نزیك (دیرە) دەژین. مەسەلەی (جاف)یش لە هەموو ئەمانەی باسمان کرد بە تەواوی جیاوازە. ئەم هۆزە نیمچە کۆچەرییە لە باشووردا نیشتەجێن و تووشی کێشە و ناخۆشییەکانی جەنگ نەبوون، رێکخستنی هۆزایەتییان هەمیشە لە زۆربەی هۆزە کوردییەکانی دیکە بە هێزتر و پتەوتر بوو. (سایکس) بە دە هەزار خێزان خەملاندبوونی هەروەها گوتیشی کە دەتوانن دوانزە هەزار چەکدار ئامادە بکەن، بۆیە ئەم ژمارانە تاڕادەیەك لە یەك نزیك دەبنەوە.

کورتەی قسە ئەوەیە کە ژمارەی کوردە کۆچەرییەکان بە پەلە بەرەو کەمبوونەوە دەچێ بەجۆرێك کە سنوورکێشان هیچ کێشەیێکی ئەوتۆیان بۆ دروست ناکا کە چارەسەر نەکرێ، چونکە رێی کۆچکردنی کوردان نەگۆڕە. بۆیە مەسەلەی کوردە کۆچەرییەکان بە قەد ئەوەی پەیوەندیی بە کۆچ و رەوە بێت مەسەلەیێکی لاوەکییە و کار لە بابەتی کێشەکە ناکا.

سەبارەت بە رەوەندە عەرەبەکان، ئێمە وای بۆ دەچین کە حکوومەتی بەریتانی باشی بۆنەچووە کە دەڵێ زەحمەتە وێنەی سنوورێکی نێودەوڵەتی بکێشرێ لەوناوچانەی ئەوان پیایدا دەسوڕێنەوە بە دوای لە وەڕدا لە دوا (راپۆرت دەربارەی ئیدارە لە عیراقدا **١٩٢٣-١٩٢٤**) دەڵێ دەکرێ بگەینە رێککەوتنێك تەنانەت دەربارەی سنووری عیراقی-سووریش رێککەوتنەکە دەبێتە هۆی سەقامیگری —استقرار- لەناوچەکەدا ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشتی و ئاسایش لەو ناوچانەدا کە هۆزەکانی بیابانی تێدا نیشتەجێن (لاپەڕەکانی **٣٩-٤١**). دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە ئەم سنوورە بریتییە لە هێڵێکی راست و بە هیچ جۆری حیساب بۆ سنووری سروشتی یان جیاوازی لە بەرزاییدا ناکات، جگەلەمەش ئەم هێڵە بە هیچ جۆرێ (مؤکد) نییە و ناتوانرێ بچەسپێنرێ و زۆربەشی روون نییە، بۆیە هۆزەکان و تەنانەت، دەسەڵاتیش ناتوانێ ئەو سنوورە لە شوێنی خۆی جیابکاتەوە و بیزانێ.

لەگەڵ ئەمەشدا و دوای وت و وێژێکی ئاڵۆز کە نیازی باش و گیانی لێك تێگەیشتنی تێدا زاڵ بوو، هەردوو نوێنەر لە سووریا و لە عیراقیش (شوباتی **١٩٢١**) توانییانە ئەنجوومەنێکی ناوبژیوانی —مجلس تحکیم- لە نوێنەری هەردوو ئیدارە و هۆزە جیاوازەکانی هەردوو دیوی سنوور پێك بهێنن و چەند بڕیارێکی گرنگیشی دەرکرد کە هەموو هۆزەکان قەبووڵیان کرد و جێبەجێیان کرد، ئەمەش خاڵێکی زۆر جەوهەرییە.

بۆیە مەسەلەی عەرەبی رەوەندیش کێشەیێکی ئەوتۆ نییە کە پێویست بە چەسپاندنی سنوور بکا بە شێوەیەکی تایبەت. بێ لەمەش ئەوەی عەرەب دەیەوێ کۆتایی پێهێنانی هەموو

کێشەکانی و دیاری کردنی سنووری نێوان تورکیا و عیراق و سووریایە چونکە یارمەیتی (شمر) و هۆزی دیکەش دەدا وەك جاران کۆچرەوی خۆیان بکەن و دوورتریش برۆن بەرەو باکوور بۆ دەوروبەری (نصیبین). رەنگە کە تورك دەڵێن (شمر) خەڵکی ئەم وڵاتە نین هەڵەبێ. ئەم هەڵەیەش لەوەوە هاتووە کە رەچەڵەکی (شمر) لە (نجد)ەوەیە، جا ئەگەر زانیارییەکانی ئێمە راست بن، ئەوا ئەم هۆزانە کە فێربوون بەشی کۆتایی ساڵ لەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە بەسەر بەرن، پێش نزیکەی دوو سەدە (نجد)یان بەجێهێشتووە، قەتیش زستانان کە بەرەو باشوور دەچن لە ناوچەی (البطائح — دەشتاییەکان)ی عیراق تێناپەڕن، واتە تا سنووری ویلایەتی بەغدای پێشوو.

هێشتا مەسەلەی تورکە کۆچەرییەکان ماوە و دەبێ روونی بکەینەوە. حکوومەتی بەریتانی لە دوا وەڵامیدا گوتبووی تورکە کۆچەرییەکان بونیان نییە و ئەو هۆزانەی کە حکوومەتی تورکیا ناویانی هێنا بوو (زنگنە، دلیڤ، بیات، تترال، کاکائی) نە تورکن و نەکۆچەریش.

پێشتر ئێمە باسی بنەچەی نەژای ئەمانەمان کردبوو، سەبارەت بە حاڵەتی رەوەند بوونیانیش، ئێمە بۆمان دەرکەوت کە زەنگەنە و بەیات و (الدیلو —دلیڤ-) نیشتەجێن و بە زۆریش بەهاران رەشماڵ هەڵدەدەن، بەڵام قەت لە دوو یان سێ کیلۆمەتر زیاتر لە گوندەکانیان دوور ناکەونەوە. ژمارەیەکی زۆری هۆزی کورد هەیە کە بەهاران گوندەکانیان جێدێڵن و مەڕومالآتیان دوور دەخەنەوە تاکو زیان بە کێڵگەکانی گەنم و جۆ نەگەیەنن.

کاکەییەکانیش نیشتەجێن و لە لیوای کەرکوکدا شەش گوندیان هەیە کە هەر یەکێکیان لە نێوان بیست تا چل ماڵ دەبن و کۆی ژمارەشیان لە هەزار کەس تێناپەڕێ. کە چووینە ناوچەکانیش بینیمان نزیکەی هەموویان لە سکەی شەمەندەفەری (کفری — کەرکوك)دا ئیش دەکەن، هەروەها خاوەن زەویی کشتوکاڵی بە پیتن کە لە دەوروبەری گوندەکانیاندایە و مانگا و گا و گۆلیشیان —ماشیە- هەیە.

بەڵام شتێکمان نەدی ناوی هۆزی (تترال) بێ و راوێژکاری تورکیش نەیتوانی ئەو هۆزەمان پیشان بدا.



**٣- سروشتی نەتەوە جیاوازەکان و رەچەڵەکیان:**
**(طابع مختلف القومیات و أصولها)**

**١- کورد:**

گومان لەوەدانییە کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە کوردن (نزیکەی پێنج لەسەر هەشت)، بۆیە کوردەکان لە رووی ژمارەوە گرنگترین هۆبوون، هەروەها پێویستیش بوو چاودێری بکرێن چونکە نە عەرەبن و نەتورك. مەسەلەی بنەچە و رەچەڵەکیان و مێژوو و پەیوەندییە (أثنی)یەکانیان بە نەتەوەکانی دیکەوە کە لە دەوریاندان مەسەلەیێکە کە زۆر گرنگە. یادداشتە بەریتانییەکە دەڵێ کوردەکان ئێرانین و خوێنەکانیشان ئەو خوێنەنییە کە بە دەمارەکانی تورکەکاندا تێدەپەڕێ و کەمی رێژەشیان بە گوێرەی تورکەکان بە قەد کەمیی رێژەیانە بە گوێرەی خەڵکی چین، بە زمانێکی ئێرانی قسە دەکەن کە پەیوەندیی توندی هەیە لەگەڵ زمانی فارسیدا، یان لەوانەشە زمانەکەیان شێوەزارێك بێ لە شێوەزارەکانی —لهجە- فارسی.

لە هەموو داب و نەریت و خووروشتێکیاندا لەگەڵ تورکدا جیاوازن بەتایبەتی لە مەسەلەی پایەی ئافرەتدا کە لای ئەوان زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لای نەتەوەکانی دیکەدا هەیە. یەکێك لە یادداشتە بەریتانییەکان ئاماژەی بە جیاوازیی لەنێوان رەواڵەتی لەشی کورد و تورکدا کردبوو و گوتبووی زۆر گەورەیە، بەرادەیەك کە بێگانەیێك دەتوانێ بە ئاسانی و لە یەکەم تەماشاکردنەوە هەردووکیان لێك جیابکاتەوە.

هەروەها یادداشتەکە دەڵێ کە کوردەکانی هەرێمی کێشە لەسەر زیاتر مەیلیان بەلای براکانیانە لە ئێران، نەك ئەوانەی کە لە تورکیادان. یادداشتە تورکییەکە دەڵێ کورد ناچنەوە سەر رەگەزی ئێرانی، بەڵکو ئەوان لە رەچەڵەکی (تورانی)ین. یادداشتەکە پەنا دەباتە بەر (ئینسکلۆپیدیای بەریتانی) کە دەڵێ (گودو)یەکان کە لەسەدە کۆنەکاندا لە چیاکانی ئاشوردا ژیاون گەلێکی (تورانی)ن. هەروەها دەڵێ هیچ فەرق و جیاوازییەکی رەگەزی یان ئایینی یان رۆشنبیری لە نێو تورك و کورددانییە و هەردوو گەل یەکیەتییەك پێکدەهێنن کە لەت ناکرێ بازمانیشیان جیاواز بێ. یادداشتەکەی بەریتانیا وەڵامی دایەوە و گوتی (ئینسکلوپیدیای بەریتانی) لە هەڵەبەدەرنییە و رای تاکە کەسێکە بۆ تاقە سەرچاوەیەك و هیچی دی نا، سەرچاوەکانی دیکە رای جیاوازیان هەیە، کە جیایە لە رای (ئینسکلوپیدیای بەریتانی). لە وەڵامێکی دیکەی حکوومەتی بەرتیانیدا لە بابەت (کوردستان) لە (ئینسکلوپیدیای

بەریتانی)دا ئەمەی وەرگرتووە ((دوای رووخانی (نینوی) (گودو)کان تێکەڵ بوون لەگەڵ میدییەکاندا وردە وردە بوون بە ئێرانی وەك گەلانی دیکە کە نیشتەجێ ئاسیای بچووکی بەرز و ئەرمینیا و وڵاتی فارس بوون. ئەمەش بەهۆی کۆچکردنی ئەو هۆزانە و بە ژمارەیەکی زۆر گەورە لەو سەردەمە مێژووییانەدا روویاندا، ئەو هۆزانە کە ناکرێ رەچەڵەکیان بە کۆمەڵە رەچەڵەکی ئاری دانەنرێ بەدەر لەو شوێنانەی لێوەی هاتوون)). ئەم بڕگەیەی (ئینسکلوپیدیای بەریتانی) بەڵگەکانی تورکیا هەڵدەوەشێنێتەوە نەك پشتگریی بکا.

کە دەشڵێ ((کورد)) لە ((کاردو)) یان ((گاردو))وە وەرگیراوە ئەمە هیچ شتێ ناسەلمێنێ، چونکە ئەم وشانە بە زمانی ئاشووری مانای ((دانیشتوانی شاخەکانە)) لەوەش دەچێ کوردە ئێرانییەکان ئەم ناوەیان بۆ مابێتەوە کە ئاشوورییەکان لە دانیشتوانی شاخەکانیان ناوە، پێش ئەوەی کورد لە مێژوودا دەربکەوێ.

ئێمە ناتوانین رایێکی وردی بنبڕ سەبارەت بە رەچەڵەکی کوردەکان بدەین، ئەم کێشەیەش بە لامانەوە ئاسان یان روون نییە. ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە کە ئەوە قەومە ئەسڵییانەی لە سەرەتای مێژووەوە لەو شاخانەدا دەژیان کە دەیڕوانیە سەر وڵاتی ئاشوور و بابل و بانی ئێرانی —الهضبە الایرانیە-، ئەمانە باپیرەی کورد بوون یان بە واتایێکی دیکە ئەسڵی نەژادی یان (پێکهاتەی نەژادی —المرکب العرقی) ئەم رەگەزەشی تێدابوو. بەجێماوە بزماری ئاشووری و بابلییەکان ئاماژە بە چیانیشەکان دەکا کە لەوانەیە دانیشتوانی کۆنی چیاکان بن، چونکە ((گوتو)) و ((گوتی)) ئەمڕۆ بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەگوترێ کە (خانەقین و کفری و کەرکوك)یان پێی دەگوترێ لەگەڵ ئەو ناوچانەش کە لە دەوروبەریاندان.

مەلیکەکانی ئاشوور شەڕی دوورودرێژیان لەگەڵ ئەم هۆزە چیانشینانە کردووە، هەروەها هێرشی ئەو هۆزانەش گەیشتووەتە بابل پێش حەمورابی.[٥٠]

هەریەك لە (ئینسکلوپیدیای بەریتانی) و ئەو بەڵگەیەی بەشی مێژوو لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی بڵاوی کردەوە (١٩٢٠ ژمارە ٦٢: ئەرمینیا و کوردستان ل ٤) دەڵێ ئەم گەلە (گودو) لە بنەچەدا (تورانی) بوون بەڵام لە سەردەمێکی دواتردا بوون بە گەلێکی ئێرانی، ئێمەش بەڵگەی بنبڕمان نییە ئەسڵی (تورانی)ی ئەم گەلە بسەلمێنێ، لە واقیعیشدا ناتوانین بیرۆکەیێکی نەگۆڕ سەبارەت بە ئەسڵیان پێك بهێنین.

(٥٠) لە سەدەی هەژدە و حەڤدەی پێش زایین (پەراوێزی راپۆرتەکە).



(سرهنری هاووث: گۆڤاری جوگرافی: شوباتی ١٩٢٤ ل ٩٣) لە سیمینارێکی زانستیدا کە کۆمەڵەی جوگرافی شاهانە لە لەندەن رێکی خستبوو، رای تایبەتی خۆی سەبارەت بە چیانشینەکان کە لەو وڵاتەدا دەژین کە دەکەوێتە دەوروبەری (تفلیس) تا ناوچە شاخاوییەکانی بەشی باشووری ئەوەی ئێستا پێ دەگوترێ کوردستان، روون کردەوە و گوتی ئەوانە لە سەرەتای چاخە مێژووییەکاندا یەك رەگەز بوون، لەوانەشە زمانەکەی هەمان زمانی نووسراوەکانی (وان) بێت کە مامۆستا (سایکس) تەلیسمەکانی کردەوە، رەنگە باشوور زمانەکەی خۆی و لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی بێگانەدا گۆڕیبێ بە زمانێکی ئاری و هۆزە ئەرمەنییەکانیش لە مەڵبەندی ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە و جگە لەبەشی باکوور ئەوانی دیکە نەیانتوانی زمانی خۆیان بپارێزن و دەڵێن لەوانەیە ئەم زمانەی ئێستای جیورجی بێ.

رای زاڵ و لە هەمووان زیاتر مایەی قەبووڵ کردن بێ ئەوەیە کە تیۆری سەربەخۆیی تەواوی کۆمەڵە جیورجییەکان زاڵ دەکا، بۆیە راست نییە باسی رەچەڵەکی تورانی)یان بکەین بەهەر حاڵ زۆر زەحمەتە بگەینە رایێکی بنبڕ بۆ سەلماندنی یەکێتی قەومە چیانشینەکان کە لەناوچەیەکدا بڵاوبوونەتەوە دەکەوێتە نێوان (تفلیس) و دەریاچەی (وان) لە لاییەکەوە لە نێوان ناوچەی (خانقین) لە لایێکی دیکەوە (سرسایکس)[٥١] ئەو بیرۆکەیەی لا پەسەندە کە ئەو کوردانەی لەو ناوچەیەدا دەژین کە دەکەوێتە نێوان هەردوو دەریاچەی (وان) و (اورمیە)، و دیجلە و دەشتەکانی عیراق، دەگەڕێنەوە سەرهەمان رەچەڵەك مەبەست (کاردوشی)یە (کزنفون).[٥٢] ئەم ((کاردوشی))یانەش ((گردوی))ن (سترابوو) و هی دیکەش لە نووسەرە دێرینەکان، ئەمانە لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری موسڵ نیشتەجێ بوون و هەر ئەوانیش بوون کە هێرشیان کردەسەر ((دە هەزار)) پیادەکەی کزینفون لە دەربەندی زاخۆ. دەتوانین ئەو گریمانەیە (فرضیە) بڵێین کە ناوی (کاردوشی) مەبەست لەو گەلەیە کە ئاشوورییەکان پێیان

(٥١) یەکێکە لە پێشڕەوە بەناوبانگەکانی ئینگلیز، ئەو گەشتە فراوانەی کە لە ناوچەکانی کوردستان و عیراقدا کردی لە کتێبەکەیدا (دارالسلام) چاپی لەندەن ١٩٠٢) باسی کردبوو. تیایدا بایەخی بە ئیدارەی عوسمانی دابوو و زانیارییێکی زۆریشی تێدابوو سەبارەت بە هۆزەکان خوورەوشتیان، شوێنیان، شۆڕشەکانیان... هتد، (ئەمە ئەو (سایکس)ە ینە کە رێککەوتنامە بەناوبانگەکەی ئیمزا کرد)

(٥٢) فەرماندە و مێژوونوسی یۆنانی (سەدەی ٤ و ٥ پێش زایین) کە فەرماندەیی هێزە بەکرێ گیراوەکەی کرد کە بەشداری لە شەڕی ناوخۆی (فرثی) کرد لە نێوان هەردووبرا (کورش) و (ارتحشتا) و دوایی ناچار بوو بە درێژایی ناوەڕۆی دیجلە تا دەریای رەش بکشێتەوە.

دەگوتن ((گوتی)) و ((گوتوو)) هەرچەندە ناشتوانین ئەمە بسەلمێنین[٥٣] پێش ماوەیێکی نزیك بەڵگە و قواڵەی دیکە دەرکەوتن کە گومانێکی گەورەیان خستەسەر ئەوەی کوردەکان هەر ئەو (کاردوشی)یانەن (نولدکە فی: أصول حروف الکتابە ل ه. کیپرت) هەروەها (ئینسکلوپیدیای زانیاری شوێنەوار). لەوانەیە مەیل بۆ ئەوە بچێ کە ناوی (کارودوشی) بەهەمان گەل گوترابێ کە ئاشوورییەکان ((گوتو)یان پێ دەگوتن، هەروەها لەوانەشە (کاردوشی)یەکان هەر ئەوانەبن کە ئەرمەنییەکان بە دانیشتووی ئەو وڵاتەیان دەگوت کە ناوی ((کردوك)) بوو کە ئەمەش ((قردو))[٥٤] یە لای ئاشوورییەکان ئەگەر بێینەوە سەر مەسەلەی زمانی ئەسڵی دانیشتوانە سەرەتاییەکان دەبینین ئینسکلۆپیدیای فیلولوجی ئێرانی (جگر خوین: کورتەی بنەچەی زمانە ئێرانییەکان ١٨٩٥-١٩٠٤) گومانی لەوە هەیە کە زمانێ لە زمانە ئێرانییەکان لە نێو (گردوینیی)دا بڵاوبووبێتەوە. (أ. سوسان) کە نووسەری ئەم بەشەیە دەڵێ: لەوانەیە نیوەی هۆزە ئێرانیەکان بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردبێ، ئەمەش لە سەردەمی دەسەڵاتی میدیەکان و فارسەکاندا روویداوە، لەوانەشە ئەم هۆزانە کە لەلایەن بێگانەوە وڵاتیان داگیرکرابوو کە میدییەکان و فارسەکان بوون، لەوانەیە ئەو داگیرکەرانە توانیبێتیان دانیشتوانی ئەسڵی وڵاتەکە بکەن بە ئێرانی (ڤون لوشان) کە زۆر بلیمەتە لە ئەنترۆپۆلۆجیای ئاسیای بچووکدا ((گەلان و نووسینەکان و زمانەکان ١٩٢٢)). لێکۆڵینەوەیێکی لەسەر کوردەکان کرد بەتایبەتی کوردەکانی رۆژئاوا و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە (ئاری)ن و باپیرانیان لە باکووری ئەورووپاوە هاتوون، ئەورووپاش ئەو وڵاتەیەکە هەموان رێکن لەسەر ئەوەی مەڵبەندی رەگەزی سپیی چاوشینی سەری درێژە، ئەم دڵنیاییەشی لەو لێکۆڵینەوە و پێوانە ئەنترۆپۆلۆجییەوە هاتووە کە هەر خۆی پێی هەڵسابوو. ئەو لێکۆڵینەوەیە دەیوست ئەوە بسەلمێنێ کە رێژەیێك لە سپییەتی و شینیی چاو لە ناوچە کوردییە دوورەکاندا هەیە وەك (قرەقوش و نمرود) ئەم رێژەیە لە شوێنەکانی دیکە زیاترە کە دانیشتوانەکانیان پێستیان ئەسمەر بووە و سەریان کورت، ئەمەش لە ئەنجامی تێکەڵ بوونیان لەگەڵ تورك و فارس و ئەرمەندا روویداوە.

---

(٥٣) ئەم دەستەواژەیە هەر هەمووی لە دەقە ئینگلیزییەکەدا نییە.

(٥٤) تا ئێستا مەسیحییەکانی کوردستان ناوی (قردابا) یان (قرزابا) بۆ کورد بەکار دەهێنن کاتێ بە زمانی سریانی قسەدەکەن کە زمانی خۆیانە، سریانیش وەك مەعلومە لقێکە لە لقەکانی ئارامی کۆن کە زمانی ئاشووری بە لقێکی کۆنی ئەو دادەنرێ.



تەنها مەبەستمان لە باسکردنی ئەم سەرچاوانە ئەو ناروونییە گەورەیە برەوێنینەوە کە دەورەی ئەم مەسەلەیەی داوە. بەباشیشی دەزانین بۆ تەواوکردنی گەشتەکەمان ئەمەش بڵێین: هەندێ لە مێژوونووسە ئەرمەنییەکان وەك (شانتر فی الکرد —جمعیە لیون الانثروبولوجیە ١٨٩٧) کوردەکان بە نەوەی میدیەکان دادەنێ لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان دەڵێن لقێکن لە نەتەوەی ئەرمەن، چونکە گەلێ ناوی ئەرمەنییان لەناو داماوە. لە دوایشیدا رایێك هەیە کە زۆر بڵاوە، دەڵێ کوردەکان کلدانن و لەسەردەمە زۆر کۆنەکاندا لە بانی ئێرانەوە هاتن بەرەو دیجلە. (المسعودی) وای بۆدەچێ کە لقێکی عەرەب بن و زمانیان گۆڕاوە.

هەرچییەك بێت پێکهاتەی ئەنثولۆجی ی گەلی کورد وەك مێژووەکەی تەم و مژاوییە و روون نییە.

(گوتو) لە سەرەتای مێژووی (الاوراسی)ماندا دەرکەوتن، بەڵام شوێنەواریان بزر بوو پێش ئەوەی شتێ دەربارەی (الکردوچی) بزانرێ، ئەم گەلەش بزربوو، لەوانەشە دەرکەوتنی کورد لە سەردەمێکی زۆر دواتر روویدابێ و لەگەڵ رووخانی شانشینی (طرابزون) کە خستیانیە ژێر حوکمی تورك، رێك بکەوێ. ئەوەی لە رووی ئەنثروبۆلۆجیەوە روونە ئەوەیە کە بوونی نەتەوەیی شاخاوییەکان کە تائێستا نازانین لە رووی رەگەزایەتییەوە چۆن پەیدا بوون، لە ژێر کاریگەریی زۆر شت بووە و هەروەها ژن و ژنخوازییەکی زۆریش پێش ئەوەی نەتەوەی کورد دروست ببێ، ئەم کاریگەرییە و زیادەیەش —المؤثرات و الزیادات- زۆر هەمەرەنگ دێتە بەرچاو ئەگەر ناوچە جیاوازەکانی نیشتەجێ بوونی ئێستای کورد کە زۆر فراوانە و لێك دوورن لەبەرچاو بگرین. لەوانەشە کە چینە باڵاکانیان زیاتر گۆڕابن وەك لەوەی لەناو چینەکانی خوارەوەدا روویداوە. هەندێ نووسەر هەیە دوو چین یان دوو پلەی کۆمەڵایەتییان تێدا جیادەکاتەوە:

جەنگاوەر و شوانکارە: ((عشیرەت)) و ((گۆران = کشتیارەکان)) (میىر ١٩٠٥ ل ٨٥٦).

ئێمە ناتوانین لەوە دڵنیابین کە ناوی یەکەمی ئەو دووناوە لەو وڵاتەی ئێمە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین زانرابێ، لەوانەشە زاراوەی دووەم تەنها بەهۆزێکی دیاریکراو بگوترێ.

(سایکس)یش سنوورێکی جیاکەرەوە دادەنێ لە نێوان شوانکارە و جەنگاوەرەکاندا وەك بابانییەکان کە رەواڵەتی لەشیان —مظهر جسدی- لە هەموو کوردستانی باشوور جیاوازترە، ئێمە بڕوامان بەوە نییە کە ئەم جیاوازییە گەورەبێ، چونکە ئەوەتی هۆزەکان نیشتەجێ بوون هەردوو حکوومەتی تورکی و عیراقی هەوڵیانداوە، سیستەمە عەشایرییەکە لەبەر یەك هەڵبوەشێننەوە، بۆیە جیاکردنەوەی ئەو دوو چینە بەتایبەتی لە دەشتاییەکاندا تا بێت گرانتر

دەبێ، دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو ماوەیەی ئێمە لەناو هۆزەکاندا ماینەوە ئەوەندە کورت بوو بەڕادەیەك کە نەمانتوانی بچینە ناو قووڵایی کێشەکەوە.

لەوانەیە لەناو هۆزە کوردییەکاندا ڕەگەزی وا هەبێ کە زەحمەت بێ مرۆڤ بتوانێ بنەچە بیانییەکانیان بزانێ، هەروەها هەندێ داب و نەریتیش کە لە بناغەدا بیانی نین، لەوانەشە ژن و ژنخوازی و تێکەڵ بوونی خوێنی ئەمانە لەگەڵ ئێرانییەکان لە ڕۆژهەڵات و عەرەب لە باشوور، وەك ئەوەی لە باکووریش ڕوویدا لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا، هەروەها لەگەڵ تورکیش لە ڕۆژئاوا، هۆی بنەڕەتی ئەم دیاردەیە بێ.

(سایکس) نموونە لە میرەکانی کورد دەهێنێتەوە کە ئەسڵیان عەرەب بووە، بەڵام ئێمە بە شەخسی تەنها یەك کەسمان لەوانە دیت، ئەویش سەرکردەیەکی (دزەیی) بوو کە دایکی عەرەب بووە لە هۆزی (طيء).

هەندێ هۆز هەیە ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئەو هۆزە عەرەبانە دەکەن کە دراوسێیانن بۆ نموونە دزەیی لەگەڵ (جبور و طيء) هەروەها لای هۆزە بابانییەکانیش، لەکاتێکدا هەندێ هۆز هەیە ئەمە ناکا، لەگەڵ ئەوەی ڕەشماڵەکانیان لەگەڵ ڕەشماڵی هۆزی (طيء)دا هەڵدەدەن، وەك هۆزی (شێخان) ئەمانە (شێخان اليزيديه)نین پاشان هۆزەکانی دەشتاییەکان کە لەو ناوچەیەدا دەژین کە کێشەی لەسەرە وەك هەمەوەند، کە هەندێ جار جل و بەرگی نیمچە عەرەبی لەبەر دەکەن، لە کاتێکدا شێوازی جل و بەرگی کوردی لە شاخەکاندا ڕوونە لە بەشی باکووریش، لە هەندێ ناوچەدا، مەیلیان بەلای پۆشاکی کوردیدایە، کەچی لە بەشەکانی باشووری ڕۆژهەڵات جل و بەرگیان کەمێ لە جل و بەرگی ئێرانی دەچێ. دیوەخانەی سەرکردەکان لەسەر هەمان شێوازی عەرەبییە، لە دەشتەکان. لە کاتێکدا لە چیاکانی ڕۆژهەڵات دەچێتەوە سەر شێوازی ئێرانی.

هەموو ئەم دیاردانە دەکرێ پێکەوە ژیان و کارلێك کردنی بەردەوامی ئەم نەتەوانە ڕاڤە بکرێ. پێدەچێ کە لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا وەك لە ڕۆژگاری ئێستاماندا دەبینرێ، بزاڤێکی دانیشتوان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بە بەردەوامی هەبووبێ، لە شاخەکانەوە بۆ دەشتەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵ بوون و ژنخوازی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا وەك عەرەب و تورك، ئەمەش هیچ زیانێ بە ڕەگەزی کوردی ناگەیێنێ. هەندێ لە هۆزە کوردەکان وەك گەردی و زراری پێش دوو سەدە تا چوار سەدە پێشتر لە بانە بەرزەکەوە لەسەر سنووری ئێران هاتنە خوارەوە بۆ دەشتی هەولێر دەزەییەکانیش ئەو دەشتاییەی ڕۆژئاوای هەولێریان تا سەدەی ڕابوردو داگیرنەکردبوو، کە ئەوسا عەرەب لە هۆزی (طيء) و هۆزی دیکەش لەو ناوچانەدا



دەسوڕانەوە و مەڕ و ماڵاتیان بە خێودەکرد و تاڕادەیەکیش ڕوویان کردە فەلاحەت. پێش چارەکە سەدەیەك لە (قرەچوداغ) پەڕینەوە بۆ کشتوکاڵ کردن لەو دەشتاییەی بە درێژایی دیجلە درێژ دەبێتەوە. نووسەری بەشی (تورکیای ئاسیەوی) لە کتێبی وەزارەتی دەرەوە (بەرگی ٥٧ ل ١٠٤) کە باسی کوردەکانی ئەم ناوچەیە دەکا دەڵێ ((دوا ڕۆژی کوردەکان لە ئەرمینیا —لە ژێر سایەی هەر ڕژێمێکدابێ- وەك ئەوە نییە کە لە زەوی باکووری دوو ڕووبارەکەدا کە بەرەو پێشکەوتن و گەشە کردنێکی ئابووری دەچێ، لێرەدا دوارۆژیان باشترە. زەوی (السهوب) لە نێوان حەلەب و موسڵ هەرچەندە کێڵراویشە، بەڵام ئەمە بوار و شوێنی عەرەبە جا ئەگەر گەشەکردنی ئابووری وردە وردە ڕووبدا و ئەگەر خەڵك لە دەرەوەی ناوچەکەوە نەیێن، ڕەواڵەتەکان بەوە دەچێ کە میسۆپۆتامیای باکوور دەبێ بە خاکێکی کوردی، نووسەری دیکەش ئەم تێبینی بەیان سەلماندووە، بەڕای ئێمەش برێکی زۆری ڕاستی لەم قسەیەدا هەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەڵگانەی خرانەتەوە بەردەست کەس نکوڵی لەوە ناکا کە زمانی کوردی ئێرانییە و لە نێو هەموو زمانە ئێرانییەکاندا زمانی فارسی لە هەموان نزیکترە لێیەوە بەڵام لە ڕاستیش دوور دەکەوینەوە ئەگەر بڵێین کە شێوەزارێکی هەرێمییە —لهجه إقليميه- یان شێوەزارێکە لە فارسییەوە وەرگیراوە. ئینسکلۆپیدیای ئێرانی کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد دەڵێ زمانی کوردی (شێوەزارێکی خوشکی —لهجه شقيقه-) فارسی نوێ نییە و هی فارسی ناوەندییش نییە، چونکە جیاوازیەکی زۆر گەورەیان لە نێواندایە، تەنانەت لە فارسی کۆنیشەوە ڕاستەوخۆ وەرنەگیراوە، چونکە چەندین وشەی تێدایە لە هیچ زمانێکی دیکەی ئێراندا نییە، زۆر لەو وشە ئێرانییانەی چوونەتە ناو زمانەکەوە بەم دواییە بووە و زۆر کۆن نییە. بەڵام ئەو ژمارە زۆرەی لە زمانی عەرەبییەوە وەریگرتووە و کەمێکیش لەناو زمانەکەی خۆیدا تواندوویەتەوە، هەمان ئینسکلۆپیدیا لە بارەیەوە ئەمە دەڵێ: زۆربەی ئەم وشانە لە پێشدا بە زمانی فارسی و تورکیدا تێپەڕبوون پێش ئەوەی بچنە ناو زمانی کوردییەوە (جگەر خوێن: ل ٢٥١).

وەرگێر و شارەزای زمان کە لای ئێمەیە، ئەم زانیارییانەی داینێ سەبارەت بە ئاکارە جیاکەرەوەکانی زمانی کوردی:

((لە ڕووی چۆنیەتییەوە، زمانی کوردی لە زمانی فارسی نزیك دەبێتەوە بەوڕادەیەی کە بتوانین هەردوو زمانەکە لە ژێریەك ناودا کۆبکەینەوە: ئێرانی ناوەندی —الايرانيه المركزيه-. ئەم دوو شێوەیەی زمانی ئێرانی بە ڕێرەوەی جیاواز لەو کاتەوەی کە هۆزە ئێرانییەکان توانییان دەسەڵاتی خۆیان لە ئاسیای ڕۆژئاوا بسەپێنن، گەشەیان کردووە، بۆ نموونە گۆڕان لە هەندێ

دەنگدا لە زمانی فارسیدا دەرکەوت کە چی لە زمانی کوردیدا دەرنەکەوت، پێچەوانەکەشی روویدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناسەلمێنێ کە زمانی کوردی سەربەخۆیە و سەر بە زمای فارسی نییە، و لەم حاڵەتەدا دەکرێ زمانی ژیانی کوردی بەشێوازێکی فارسی زۆر گۆڕاو دابنرێ. نموونەیێك هەیە زۆر سەرنج راکێشە کە لە ((الصرف))ەوە وەرگیراوە، زمانی کوردی قەت باسی (الافعال المتعدیە) ناکا بە بەکارهێنانی شێوازی (مبنی للمجهول)، لە کاتێکدا زمانی فارسی شێوەیەکی گەشەپێکردووە بۆ رابردووە لە هەموو کردارەکاندا —الافعال- ئەم شێوازەی دوایی بەتایبەتی لە شێوازەکانی کوردیدا کە لە باکووری رۆژئاوای وڵاتدان دەبینرێ. بەڵام ئەم شێوە زارانەی لەو ناوچانەدان کە نزیك وڵاتانی فارسە وەك شێوەزاری خەڵکی سلێمانی —شێوازی کرداری — متعدی- ((افعال متعدیە))ی تێدایە دەردەکەوێ بەڵام وەك داهێنانێکی کوردی دێتە پێش چاو نەك لە فارسییەوە وەرگیرابێ)).

بانی کوردی وەك روونمان کردەوە، زنجیرەیەکی درێژی شێوەزار لەخۆدەگرێ. هەندێ لە زمانەوانانان دوو بەش لێك جیادەکەنەوە: کۆمەڵی باکوور یان باکووری رۆژئاوا (کرمانجی) و کۆمەڵی باشوور.

هەندێکی دیکە کۆمەڵی باشوور دابەش دەکەن بەسەر کۆمەڵی رۆژهەڵات (سلێمانی و سنە) و کۆمەڵی باشوور (کرماشان و بەختیاری، کە چیتر خۆیان بە کورد ناونابەن). کۆمەڵی باکوور لە هەموو کۆمەڵەکان شوێنەکەی دوورترە لە بانی ئێران (هضبە إیران) و شێوازەکەی زۆر بە زمانێکی پاکژ —نقی- دێتە بەرچاو. لە ویلایەتی موسڵیشدا سنووری باشووری کۆمەڵی باکوور لەگەڵ ئاوەڕۆی زێی گەورەدا دەڕوا بەشێوەیەکی زۆر دیار و روون، بۆیە شێوازەکانی زاخۆ و ئامێدی و دهۆك پەیوەندییەکی پتەو و توندیان هەیە لەگەڵ ئەو شێوە زارانەی لە تورکیادا تا باشووری زێی گەورە باون. کاریگەریی کۆمەڵی باکوور لە رواندز زۆر روونترە، جگە لەمەش هۆزە کۆچەرییەکان وەك هەرکی بە زستاندا لەم رووبارە دەپەڕنەوە و شێوەزاری خۆشیان لەگەڵ خۆیان دەبەن بەرەو باشوور، ئەم شێوەزارەش زۆرتر بەلای کۆمەڵی باکووردا دەشکێتەوە و لە باشووری زاب لەگەڵ کۆمەڵی باشووری رۆژهەڵات بە یەك دەگەن، ئەم کۆمەڵی باشووری رۆژهەڵاتە ماوەیەکی زۆر نزیکە مەیلی ئەوەی هەیە سلێمانی بکاتە مەڵبەندی رۆشنبیری خۆی. ئەمەش رێ لە هیچ کوردێ ناگرێ لە هەر ناوچەیەکدا بن کە شێوەزارەکەی خۆیان بە پاکژترین و پوختترین شێوەزار بزانن، ئەمەشمان لە چەند بۆنەیەکدا هەست پێکرد. هەروەها هەمان تێبینیمان لە کەسانێك بیست کە لە کویسنجق و سلێمانییەوە هاتبوون.



هۆزەکان بە جیاوازییەکانیانەوە ئاکاری زمانەوانی تایبەت بە خۆیان هەیە وەك خۆشناو و دزەیی و دەتوانین بڵێین هەموو ئەو شێوەزارانەی لە خوار زێی گەورە بڵاوبوونەتەوە تاڕادەییێك لە یەك دەچن هەرچەندە شێوەزاری سلێمانی هەندێ پیتی کپ —الاحرف الصامتە- لە هەندێ حاڵەتی قسەکردندا پشتگوێ دەخا.

ئەوەی سەرنجیش رادەکێشێ ئەوەیە کە زمانی نووسین کە ئێستا لە سلێمانی پەیدابووە پشت بە شێوەزارای دەبەستێ کە ئەم ئاکارانەی تێدانییە وەك شێوەزاری کویسنجق.

دەربارەی خووڕەوشت و داب و نەریتی کوردەکان ئەگەر بمانەوێ لەگەڵ ئەوەی لای تورك و عەرەبدا هەیە بەراوردی بکەین، ئەوسا پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی هۆکارە ئەثنوگرافیەکان دەبێ بە جۆرێکی فراوان و هەمەلایەنە تاکو بتوانین حوکم بەسەر ئەو شتانەدا بدەین کە لە یادداشتەکانی بەریتانی و تورکیدا باس کراون.

شتێکی سروشتییە کە هۆزەکانی شاخەکانی رۆژهەڵات زیاتر پەیوەست بن بە براکانیانەوە لە هۆزەکانی ئێران وەك لەوەی لەگەڵ کوردەکانی (طوروس)ی ئەرمەنی و (أناضولیا)دا هەیانبێ ئێمە بۆمان لوا ئەمە بسەلمێنین، چونکە زۆر لە هۆزە کۆچەریەکان سنوور دەبەزێنن بەرەو لەوەڕگا هاوینەییەکانیان، بۆیە چەند رێگەیێکی بازرگانی هەیە کە سنوور دەبڕێ و لە دۆڵە فراوانەکانی سلێمانییەوە دەپەڕێتەوە ئێران، سۆزو مەیل دوو مەسەلەن کە زۆر ((حماسی)) و زەحمەتن بۆ تێگەیشتن بە هەمان رادەی ئەوەی کە دەگۆڕێن، بۆیە هۆزەکان لە بەشی باکووری ناوچەکە کە کێشەی لەسەرە لە واقیعدا پەیوەندییان لەگەڵ ئێراندا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ ناوچە دراوسێکانیان لە بەری باکوور. لەو ناوچەیەدا مرۆڤ راهاتووە کە هێڵی جیاکەرەوە (هێڵی بروکسل) ببەزێنێ و ئەو هۆزانەش کە لەمبەری و ئەوبەری ئەو هێڵەدا نیشتەجێن تاڕادەییێك پەیوەندیی ژن و ژنخوازی و خزمایەتییان لە نێواندا هەیە.

ئەمە پوختەی ئەوەیە کە لەو بەڵگەنامانە دەستمان کەوت.

کە سەردانی ناوچەکانی سنوورمان کرد زۆرمان لاسەیر بوو کەخەڵکەکەی ئەوێ هیچ شتێکیان دەربارەی شۆڕشی کورد کە گەیشتبووە ئەوپەڕی تووندوتیژی لەبەری ئەوبەری هێڵی سنووری جارەکی-مؤقت-[٥٥]، نەدەزانی و ئاگایان لێ نەبوو، رەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو رێوشوێن و ئیجرائاتە نائاساییەی کە پەیڕەو کرابوو بۆ داخستنی سنوور.

(٥٥) شۆڕشی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە باشووری کوردستان.

یادداشتەکەی بەریتانیا زۆر سوورە لەسەر باسکردنی جیاوازی لە نێوان عادەتی تورکەکان و کوردەکان و ئەو رادە زۆرەی سەربەستی کە ئافرەتی کورد هەیەتی بە بەراورد لەگەڵ ژنی تورکدا روون دەکاتەوە، گومانی تێدانییە کە ئەم جیاوازیانە هەن و هەست پێکراون، بەڵام قسەیێکی وا کە پشت بە هیچ جۆرە ((تفاصیل))ێك یان روونکردنەوەیەك نابەستێ لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی راییێکی ناڕاست دروست بکا، دەبێ چاوپۆشیش لەو گۆڕانە نەکەین کە بەسەر ژیانی ئافرەتدا هاتووە لە ولاتە ئیسلامیەکاندا و لە ماوەو کاتی جیاوازدا {أمیر علی: تأریخ العالم الاسلامی ١٩٢١، ل١٩٩-٤٤٥}.

لەم مەسەلەیەدا جیاوازی هەبوو هەر هەیە لە نێوان گوند و شارەکاندا و لە نێوان کۆچەری و نیشتەجێکاندا و پێویستیش ناکا بازنەی باسەکەمان فراوان بکەین و بگەڕێین بە دوای هۆکارەکانیاندا، ئەوەندەمان بەسە شوێنی ئافرەت لە شارەکانی عیراقدا بەراورد بکەین بە شوێنیان لای کۆچەرو رەوەندەکان لە دەشتەکانی دەورووبەر.

لە نێوان ئەو سێ گەلە موسڵمانە گەورەیەی دەوری کوردیان داوە (تورك و عەرەب و ئێرانییەکان) دەبینین ئەم دوانەی دوایی لە کوردەوە نزیکترن و ئافرەتیش لای ئێرانییەکان لە هیچ حاڵێکدا ناکرێ بوترێ سەربەستن.

بارودۆخی دیکە هەبوون کە دەمانتوانی بە شەخسی لێیان بکۆڵینەوە کە لە هێزی ئەم بەڵگانە کەم دەکەنەوەو لاوازی دەکەن. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە چینی دەوڵەمەندی تورك لە شارەکانی هەولێر و کەرکووك و هی دیکەش دەبینین کە ژنی کوردیان هێناوە. هەندێ ژن لە هۆزە کۆچەرییەکان دەهێنن، هەرچەندە زەحمەتیشە ئەو ژنانە بتوانن خۆیان لەگەڵ ژیانی شاردا رابێنن، بەپێچەوانەی ئەوانەی یەکەمەوە. خەریکە هەموو بنەماڵە تووركە دیارەکان لە شارەکاندا لەگەڵ سەرەك هۆزە کوردە نێوخۆییەکاندا ژن و ژنخوازییان هەبێ.

پوختەی قسە ئەوەیە کە ئەسڵی کورد روون نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لە کۆمەڵە گەلەکانی ئێرانین، هەرچەندە رێژەی خوێنی ئێرانیشیان تێدا کەم بێ، بەڵام ئەوەندە بەهێزە کە هەموویان زمانێکی ئێرانییان بە زمانی خۆیان کردووە. پاشان کاریگەریی دیکەش هەبوو، بەڵام درەنگتر، هەروەها ژن و ژنخوازیی لە نێوانیان و نێوان عەرەب و تورك و نەتەوەی دیکەش، بەلام رەگەزە رەسەنەکە هەر بە زاڵی مایەوەو دەسەڵات و هێزی خۆی پاراست و تا بێتیش بازنەکەی فراوان دەبێ.



کورد نە عەرەبن و نە تورك و نەئێرانی، هەرچەندە زیاتر لە ئێرانییەکانەوە نزیکن، بەڵام لەگەڵ ئەمانیشدا جیاوازییان هەیە و بە روونی لێیان جیادەکرێنەوە، هەروەها لە عەرەبیشەوە زیاتر دوورترن وەك لە تورك.

کورد نەتەوەییێکی جەنگاوەر و بەهێزن و سەر بۆ کەس شۆڕ ناکەن بەڵام ناتەبان، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە لەگەڵ نەتەوە دراوسێکانی دیکەدا کە لە وڵاتی ئەواندا دەژین بە باشی و بە ئاشتی بژین، ئێمە توانیمان لەم راستیەش بکۆڵینەوەو لێی دڵنیابین کە کوردەکان لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی موسڵمان زیاتر لەگەڵ مەسیحییەکاندا بە ئەوپەڕی ئاشتی و خۆشی دەژین.

**٢- تورك:**

بوونی تورك لە ویلایەتی موسڵدا تەنها مەسەلەییێك نەبوو کە هەردوو حکوومەت تیایدا بۆچوونیان جیاواز و ناکۆك بێ، ئەوان لەسەر پێناسەی نەتەوەیی ئەم بەشەی دانیشتووان رێك نەبوون حکوومەتی تورکیا پێیان دەڵێ: ((تورك))، حکوومەتی بەریتانیش پێیان دەڵێ: ((تورکمان)) و دەڵێ ئەمانە نەتەوەییێکن بە تەواوی جیاوازن لە نەتەوەی تورك.

حکوومەتی بەریتانی دەڵێ ئەم تورکانە عوسمانی نین، بەڵکو بە تورکمان ناسراون و زمانی تورکمانیش کە قسەی پێدەکەن لە شێوەزاری ئازربایجانەوە نزیکترە وەك لەوەی لە شێوازی ئەستەنبوڵ یان (أناضولیا)ی تورکییەوە نزیك بێ. ئەمانە نەوەی ئەو تورکمانانەن کە پێش دروست بوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە ماوەییێکی زۆر لە ئێرانەوە هاتوون، لەوانەشە لەو بەکرێ گیراوانە بن-المرتزقە- کە خەلیفەکانی عەبباسی بەکاریان دەهێنان. دابەشبوونیان ئەو تیۆریە دەسەڵمێنێ کە دەڵێ ئەمانە نەوەی ئەو ((حامیە)) سەربازییە بەکرێگیراوانە کۆنانەن. تەلەعفەر کە شارۆچکەییێکی تورکمانییە لە رۆخی بیاباندا وەك پاسەوان وەستاوە، لەکاتێکدا هەموو تورکمانەکانی دیکە لەو شارۆچکانەدا دەژین کە دەکەوێتە سەر (رێی سوڵتانی) حکوومەتی بەریتانی باسی ئەوەش دەکا کە شێوەزاری تورکی موسڵ وەك شێوەزاری ئەنقەرە نییە، حکوومەتی تورکیا وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: هیچ هۆیەك نییە پاساوی ئەوەبدا هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان تورکەکانی ویلایەتی موسڵ و تورکەکانی (أناضولیا) دروست بکرێ، هیچ هۆییێکیش نییە ئەوانەی یەکەم بە تورکمان ناوبنرێن: ((حکوومەتی بەریتانی دەڵێ زمانی تورکی کە لە موسڵدا باوە وەك ئەوە نییە کە لە ئەستەمبۆڵدا باوە، ئایا ناوچەییێك هەیە لە هەموو (أناضولیا)دا کە شێوازی قسەکردنەکەی وەك شێوازی ئەستەنبۆڵ بێ؟ بێ لەمەش

شێوەزاری تورکی موسڵ هەر ئەو شێوەزارەیە کە تورکەکانی (أناضوليا) قسەی پێ دەکەن و چەندە شێوەزاری لادێ {لانگدوك} لە شێوەزاری شار {لانگدوی} لە فەرەنسا جیایە ئەمیش ئەوەندە جیایە.[٥٦]

بێ گومان شێوەزاری جیاواز هەیە لە هەموو ناوچەییێکی وڵاتدا کە یەك لەوی دیکە جیایە و تورکی (أناضوليا)ش تورکمانن و هەردوو وشەش بۆ یەك ناوە. ناوی (تورك) بە هەموو ئەو قەومانە دەگوترێ کە بە زمانەکانی تورکی و شێوەزارەکانی لە ئاسیا و ئەوروپادا قسە دەکەن، ناوەکەش زۆر کۆنە لە مێژووی چیندا پێش سەدەی شەشەم بە شێوەی {تۆکیۆی} هاتووە. لە کۆنترین نووسینی تورکیدا کە نووسینەکانی {ارخون}ـە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی زایینی هەمان شت نووسراوە. بەڵام لەو کاتەی وشەی (تورکی) هەمیشە و بە هەموو لقە زمانەوانیەکانی ئەم کۆمەڵەیە گوتراوە، بەکارهێنانی وەك ناوێك بۆ دانیشتووان خەریکە وردە وردە لاواز دەبێ، بۆچوونێکیش هەیە کە دەیەوێ ئەم ناوە تەنها لە چینەکانی خوارەوەی نەتەوە بنرێ لەکاتێکدا چینە باڵاکان پێیان باشە ناوی دیکە لە خۆیان بنێن. لە سەردەی یازدەهەم هەموو ئەو تورکانەی لە رووباری (جیحون)[٥٧] پەڕینەوەو بوون بە موسڵمان تورکمانیان پێ دەگووترێ، لەبەر ئەوەی هەمووشیان لە هۆزی {اوغز} یان {غز} بوون، شتێکی ماقوڵە بگوترێ ناوی تورکمان جێی ناوی {اوغز}ی گرتەوە.ماناو مەبەستی بنەڕەتی ناوی تورکمان روون نییە، بەڵام پێ ناسەیێکی بێ مشت و مڕە کە هەموو ئەو تورکانە دەگرێتەوە کە لە ئێران و ئازربایجان و عیراق و ئاسیای بچووك و سوریە و میسردا نیشتەجێ بوون، هەر بەمەش باپیرانی تورکی عوسمانلی ناسران، وەك گشت نەتەوە تورکەکانی ئاسیای بچووك کە بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی (ال سلجوق) لە ( قونيه) پێ ناسران، هەر هەمووشیان لە سەدەی سیانزەدا بەم ناوەوە ناسران. تورکمانەکان وردە وردە بوون بە چەند بەشێك و هەر بەشەش ناوی نەتەوەیی دیکەی لەخۆی نا کە لە بارودۆخی سیاسی یان جوگرافیانەوە وەرگیرابوو، بۆیە ئەوەی لە ئازربایجان نیشتەجێ بوون چیتر ناوی تورکمانیان لەخۆ نەنا، بەڵکو ئێستا پێیان دەگوترێ ئازربایجانی یان ئازەری. ئەوەشی لە ئاسیای بچووك نیشتەجێ بوو کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی

(٥٦) Languedoc : هەرێمێکی مێژووییە لە باشووری فەرەنسا رۆژئاوای رووباری (الرون) ناوەکەشی لە دوو وشەوە وەرگیراوە Lang و doc واتە زمانی (الاوك) کە زمانی رۆشنبیری (پروڤانسیە)یە.

(٥٧) رووباری (اموردارِیا) یان رووباری (اوکسوس)ـە وەك لە کتێبە جوگرافیە کۆنەکاندا باس کراوە.



ئیمپراتۆریەتی عوسمانی-بەتایبەتی دانیشتووانە سەقامگیرەکان ((المستقرين)) ناوی عوسمانلییان لەخۆ نا، بەڵام هێشتا هەندێ هۆزی کۆچەر و نیمچە کۆچەر لە ئاسیای بچووك هەر بە تورکمان ناسراون. ئەو کۆمەڵانەش کە ناوی دیکەیان لەخۆیان نەنا هەر بە ناوی تورکمان مانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لەو وڵاتەدا نیشتەجێ بوون کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دەریای قەزوێن، هەر لەسەر ئەم بنەمایە تورکەکانی عیراق ناوی دیکەیان لەخۆیان نەنا و هەر بەناوی خۆیانەوە مانەوە تا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، بۆیە دەکرێ ئەم ناوەیان لێبنرێ هەرچەندە لەڕووی زمان و رەگەزە لە تورکمانەکانی ئاسیای بچووك دوورکەوتوونەتەوە، نەشمانتوانی لەوە دڵنیابین کە ئایا خۆیان بە تورك دەزانن یان تورکمان. لە سەردەمەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ناوی (تورك) بەرامبەر (بربری) بەکاردەهات و بەڵگەش بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە (مدنیەت)، ئەمە تا ساڵی ١٩٠٠ وا مایەوە، کە بەکاریگەری بزووتنەوەی — ألاتحاد و الترقی- ناوەکە رێز و گەورەیی پەیداکرد لەوساشەوە کە سەڵتەنەت (الغاء) کرا ناوی (تورکیا) بوو بە ناوی رەسمی وڵاتەکە، لەبەر ئەوەش کە وشەی (تورك) وشەی (عوسمانلی)ی سڕیەوە بۆیە ناکرێ ئەو ناوە لە دانیشتووانی تورکی عیراق بنرێ. لەگەڵ ئەمەشدا و لەبەر ئەوەی پەیوەندیی مێژوویی و زمانەوانی و ئەدەبیش لەگەڵ خەڵکی ئاسیای بچووکدا بەهێزەو لەبەر ئەوەش کە هەموویان بێ جیاوازی ژیانێکی سەقامگیر-مستقر- دەژین، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تورکی عیراق (ناکرێ)[*] ناوی تورکمانیان لێبنرێ بۆ ئەوەی لە تورکی تورکیای ئەسڵی جیابکرێنەوە لەبەر ئەوەی هەموو تورکمان (بە تێگەیشتنی سەدەکانی ناوەند بۆ وشەکە) لە یەك هۆزەوە پەیدا بوون، بۆیە گومانی تێدانییە کە هەموویان بە یەك زمان قسەیان دەکرد. لەم زمانەوە کە دەتوانین ناوی تورکی رۆژئاوای لێ بنێین، شێوە زارەکانی تورکی پەیدابوو کە تورکەکانی ئەوروپا و ئاسیای بچووك و قەفقاس و ئازربایجان و عیراق قسەی پێدەکەن لەگەڵ زمانی ئەو قەومەی کە لە رۆژهەڵاتی دەریای قەزوینن و تورکمانیان پێ دەگوترێ. بەڵام ئەم شێوە زارانە بە پلەی جیاواز جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە ئەم گۆڕانکاریەش بە زۆری دەگەڕێنەوە بۆ پەیوەندی لەگەڵ دانیشتووانی ئەسڵی دێرینی ئەو ناوچانە و گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام ئەم جیاوازیەی زمانەکان نەگەیشتە ئەو رادەیەی هەموو کۆمەڵەکان لە یەکتر تێنەگەن.

(*) لە کتێبەکەدا ل ٥٧٥ دەڵێ: (يجب الا يطلق عليهم اسم التركمان تمييزاً لهم عن ترك تركيا الأصليين) من وای بۆ دەچم هەڵەبێ، واتە دەبێ بڵێین دەکرێ ناوی...هتد بەڵام لەبەر دەقی کتێبەکە وەك خۆی هێشتمەوە (ح.ح).

هەر لە سەدەی سیانزەهەمەوە دوو کۆمەڵ لە شێوەزارەکانی تورکی ڕۆژئاوا دەرکەوتن و لەوانەشە بکرێ ناویان بنێین بە عوسمانی و ئازەری {تورکی ئازربایجان} و جیابوونەوەکەش لە سەردەمی داگیرکارییەکانی مەغۆلەکانەوە بە روونی دەرکەوت، لەو وڵاتانەش کە لە ئازربایجانیان دەکرد و ئەو ڕێگایانەی لەژێر دەسەڵاتی مەغۆڵدا مانەوە بۆ چەند سەدەیەك بەپێی ئەم واقیعە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ تورکی ئاسیای بچووکدا هێشتەوە کە بەهێزتربوو لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکی (اناضولیا). لە دوای دەست بە سەرداگرتنی مەغۆلی شێوە زارەکانی ئازەری کەوتنە ژێر کاریگەریی فارسییەوە بۆیە جیاوازییەکانیان لەگەڵ شێوەزاری عوسمانلی زیاتر بوون. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکیای ڕۆژئاوا لە سەدەی چواردە و پازدەو شازدەدا نەکەوتە ژێر کاریگەریی مەڵبەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە (أناضولیا) یان (نفوذ)ی ئەستەنبوڵ، بەڵام کەوتە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەیێکی نێوخۆیی بچووك کە دەوڵەتی (قرەقونیلو)ی بەدوا داهات، پاشان دەوڵەتی سەفەوی فارسی، ئەمانەش هەموویان شیعە مەزەب بوون. بەهۆی ئەم کاریگەریانەوە زمانی ئەدەبی ئازەری لە ڕۆژهەڵات گەشەی کرد، لە ڕۆژئاواش زمانی ئەدەبی عوسمانی.

بواری بڵاوبوونەوەی شێوەزاری ئازەری ئەم شوێنانە دەگرێتەوە:

أ- باشووری قەفقاس و ئازربایجان.

ب- تورکەکانی هەرێمەکانی هەمەدان و فارسستان و خوراسان و تارانی ئێرانی.

ت- عیراق و أناضولیای ڕۆژهەڵات.

زۆر ڕاستە ئەگەر بگوترێ زمانی نوسینی ئەم وڵاتانەی ناومان هێنان کەوتبووە ژێر کاریگەریی ((عوسمانلی))یەوە بەڵام شێوەزاری قسە پێکردن دەبێ بخرێتە ناو (جۆری ئازەرییەوە-الصنف الاذري-).

ئەم دوو کۆمەڵەیە هیچ کاتێ زۆر لە یەك دوور نەدەکەوتنەوە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو پێشوازیە گەرمە بوو کە نێوەندی ئەدەبی لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا لە شاعیری تورك (فضولی) یان کرد، کە لە عیراقەوە هاتبوو و لە دانیشتووانی بەغدا بوو کە لە سەدەی شازدەدا کەوتە دەست عوسمانییەکان، هەروەها لە هۆزی بەیاتیشە کە لە ڕۆژئاوای کفری نیشتەجێن. بەیاتییەکانی ئەمڕۆ بە تورکی و عەرەبی قسە دەکەن، بەم دواییە باسی ئەوە هاتە گۆڕێ کە دەبێ بە عەرەب دابنرێن هەرچەندە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تورکیەوە. بەرهەحاڵ ئەوەی زیاتر بەلای ڕاستیدا دەڕوا ئەوەیە کە لە ئەسڵی تورکی بن چونکە {البیات} ناوی یەکێك لە هۆزە



دێرینەکانی {الغز} بوو و ((فضولی))[٥٨] یش هەرچەندە عیراقی بەجێهێشتبوو، بەڵام ئەو شیعری بە شێوەزاری ئازەری دەگووت و بە تێپەڕبوونی کات جێی خۆی کردەوە لە نێو شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی عوسمانیدا و تا ئێستاش ناو و ناوبانگی گەورەیە لە عیراق.

{ثامبری: گەلی تورك، ل٤٠٧}دەڵێ: شێوەزاری تورکمانی نزیکترین شێوەزارە کە پەیوەندیی هەبێ لەگەڵ شێوەزاری-أناضولیا-ی عوسمانیدا. {کوپرلو زادە **محمد** فؤد} مامۆستای بەناوبانگی ئەدەبی تورکی لە زانکۆی ئەستەنبوڵ سێ ناوچەی زمان لە یەك جیا دەکاتەوە:

١- ناوچەی تورکمانی.

٢- ناوچەی ئازەربایجانی.

٣- ناوچەی-أناضولیا و الروملی- {بڕوانە: إلك متظفرلر، ل١٩٦}

جیاوازییەکی کەمتریش هەیە لە نێوان ئەو شێوەزارانەی لە ئەستەنبولدا باون و ئەوانەش کە لە ((أناضولیا))دان لەگەڵ هەر شێوەزارێکی دیکەی نێوخۆیی و شێوەزاری تورکمانیدا (مستر کرامرز)[٥٩] ی وەرگێڕ و شارەزای زمانەوانی ئێمە ئەم تەفسیلاتەمان لە بۆچوون و سەرنجی شەخسی خۆیەوە پێشکەش بە ئێمە دەکا: نەمتوانی زۆر بەدوای شێوەزاری تورکی باوی ویلایەتی موسڵدا بچم، هەموو خوێندەوارەکان تورکی ئەستەنبوڵی زۆر بەباشی دەزانن و قسەی پێ دەکەن، بەڵام من توانیم لەگەڵ ئەوانەی نەکەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەستەنبوڵەوە ((تفاهم)) بکەم، هەرچەندە جیاوازییەکانیش لای هەندێ لە بەتەمەنەکان دیارتربوو، زمانی نووسین لای دانیشتووان-وەك ئەو زاراوە بریندارکەرانەی لەسەر دیوارەکانی هەولێر نووسرابوون- جیاوازییەکی زۆرکەمی هەیە لەگەڵ زمانی تورکی ڕەسمیدا. بەهەرحاڵ ئەزموونی خۆم لە زمانی

(٥٨) **محەممەدی** کوڕی سلەیمان (١٤٩٤-١٥٥٦) یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی تورك. لە بەغدا لە دایك بوو و بە تورکی و عەرەبی شیعری هۆنیوەتەوەو بە گەورەترین شاعیری هونەرمەند دادەنرێ، چامەی هەیە تیایدا سوڵتان (سلیمان القانوونی)ی ستایش کردووە.

(٥٩) ج. هـ. کرامرز (١٨٩١-١٩٥٦) ڕۆژهەڵاتناسێکی هۆڵەندییە. مامۆستا زمانی تورکی و فارسی بوو لە زانکۆی (لیدن)-دوای ڕۆژهەڵاتناس-فنسنك- بوو بە مامۆستای عەرەبی. دوای ساڵی **١٩٢٩** نێردرا بۆ ئیشکردن لە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن کۆمەڵی گەلانەوە. یەکێکە لەوانەی بە زۆر بابەت بەشداریی لە ئینسکلۆبیدیای ئیسلامیدا کردووە. هەروەها فەسڵی ((جوگرافیا و بازرگانی))ی لە کتێبی-تراث الاسلام- کە ئێمە لە ساڵی **١٩٥٣** کردمان بە عەرەبی، نووسی.

قسەکردندا بۆی سەلْماندم کە ئەم شێوەزارە دەبێ وا تەماشا بکرێ کە لە کۆمەڵەی ئازەرییەوە نزیکترە.

ئەفسەرێکی تورك کە دەبارەی تورکەکانی عیراق لە گۆڤارێکی تورکیدا (١٩١٧) دەنووسێ دوو کۆمەڵە شێوەزار جیادەکاتەوە کە جیاوازییەکی کەمیان هەیە لەوانی دیکە. ئەو دوو شێوەزارەش، شێوەزاری تەلەعفەر و خەڵکی گوندی یونس[٦٠] پێغەمبەرە لەگەڵ شێوەزاری هەولێر و پردێ و کەرکوك و کفری. لێکچوونێکی هەست پێکراو دەبینێ لە نێوان هەولێر و کەرکوك بەتایبەتی لە هەردوو شوێندا هەمان گۆرانی میللی باوە، بەڵام تورکی کەرکووك کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەریی رەگەزە بیانییەکانەوە ((العناصر الدخيلة)). هەمان ئەفسەر دوو نەریتی نێوخۆیی سەیر باس دەکا، یەکێکیان ئەوەیە کە لە تورکەکانی تەلەعفەر دەگێڕنەوە گوایا ئەوان دەڵێن لە نەوەی سەربازەکانی {تیمورلنگ}ن، دووەمیشیان پەیوەندییەکی کۆن هەیە لە نێوان تورکەکانی دەوروبەری (أورفە) و تورکەکانی کەرکووکدا. هەروەها دەڵێ هەر بە فیعلی لێکچوون هەیە لە نێوان شێوەزارەکانی ئەم دوو ناوچەیە و گۆرانییە میللییەکانیاندا.

سەرنجی ئەوەشمان دا کە راوێژکارە تورکەکە و شارەزاکانی، بێ زەحمەتی و گرفت لەگەڵ تورکە نێوخۆییەکاندا قسە دەکەن. (التقويم الرسمى)ی ویلایەتی موسڵ {١٣٣٠ك-١٩١٢ز} دەڵێ دانیشتووانی (تلعفر) بە زمانێك قسە دەکەن کە لە زمانی (الجغطاى) دەچێ.

سەبارەت بە ئەسڵی تورك یان تورکمان، وای بۆ دەچین کە حکوومەتی بەریتانی لەسەر هەق بێ کە دەڵێ زۆربەیان لە نەوەی جەنگاوەرەکانی (طوغلول) بن و ئەوانەی دوای ئەویش هاتن لە بە کرێگیراوەکانی-مرتزقە- خەلیفەکانی عەبباسی و سەربازەکانی (الاتابكە)، بەڵام ئەم پڕۆسەی کۆچە سەربازییە و نیشتەجێ بوونە لەم رادەیەدا نەوەستا و هەندێکیشیان لە نەوەی سەرباز و ئەفسەر و فەرمانبەرەکانی سوڵتانەکانی ئال عوسمان بوون.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەم دانیشتووانە لێرە (ترکو-ترکمان)، ئەسڵ و نەژادی جۆراوجۆریان هەیە و لە نەوەی بەشە جیاوازەکانی گەلی تورکن، بەڵام ئەمانە هەموویان تورکی رۆژئاوان و خزمی نزیکی تورکەکانی ئەستەنبوڵ یان ئەنقەرە نین. ئەمانە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ کۆماری تورکیدا بەڕادەیەك دەکرێ بە گەلی تورکی دابنرێن.

---

(٦٠) گوندێکە دەکەوێتە بەری چەپی رووباری دیجلە، بە دووری دوو کیلۆمەتر بەرامبەر شاری موسڵ.



**٣- ئێزدی:**

لە مەسەلەی ئێزدییەکانیشدا هەردوو حکوومەت بەڵگەی وایان پێشکەش کرد کە زۆرباش دیاربوو نارێك و دژن. لەگەڵ ئەوەش کە ئێزدییەکان هۆزێکی ژمارە کەمن {لە نێوان ٢١٠٠٠ و ٣٠٠٠٠ بەگوێرەی سەرژمێرییەکانی بەریتانی عیراقی و کەمتر لە ١٨٠٠٠ بەگوێرەی خەملاندنی تورکەکان} هەردەبێ ئێمە هەندێ بایەخیان پێبدەین. لە هۆیەکانی ئەم بایەخ پێدانە هۆیەك هەیە ئەویش ئەوەیە ئەم نەتەوە سەیرەی بەناوی (شەیتان پەرست!!) ناسراون بایەخێکی گشتی زۆریان پێدراوە، جگە لەوەش کە رەگەزێکی جیاوازن لە ئەو دوای دانیشتووان، ئەمەش گومانی تێدانییە. کۆمەڵگەیێکی یەکگرتوو داخراو، ئەمەش گرنگە بۆ بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان چونکە کۆمەڵێکی رێکن و لەگەڵ یەکدا گردبوونەتەوە ((متجمعە)) و لەوانەشە تەنها نیشتەجێ بوویەك بن لە دەشتەکانی رۆژئاوادا.

دەربارەی لایەنی نەتەوەیی یادداشتە بەریتانییەکە هەر ئەوەندە دەڵێ کە لەوانەیە کوردێکی رەسەن بن بەڵام موسڵمان نین، لە واقیعشدا ئەوان ئیسلام بە ئایینێکی گڵاو-نجس- دادەنێن و لەو نەخشە ئەثنوگرافیەی حکوومەتی بەریتانیا پێشکەش کرد بە رەنگێکی جیا لەو رەنگەی بۆ کورد تەرخان کرابوو،ئاماژەیان پێکراوە.

رەنگی کورد و ئێزدییەکان لەو نەخشەیەی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانە چاپی کرد (١٩١٠) و حکوومەتی تورکیا پێشکەشی کرد یەك رەنگ بوو بۆ هەردووکیان.

کە داوامان کرد لە راوێژکاری بەریتانی ئەم جیاوازیەمان بۆ روون بکاتەوە وەڵامەکەی هیچی بەدەستەوە نەدا و هەر ئەوەندەی گووت کە رەنگ کردن لە هەردوو نەخشەکە جیایە.

حکوومەتی تورکیا تەئکیدی کرد کە ئێزدییەکان رەگەزێکی رەسەنی کوردن و رەوشت و داب و نەریتیان وەك ئەو دوای کورد وایە. تەنها جیاوازییەك هەبێ مەسەلەی مەزهەبە واتە ئەوان پەیڕەوی مەزهەبێکی تایبەتی ئیسلام دەکەن. حکوومەتی تورکیا مەسەلەکەی بەمجۆرە روون کردەوە: ((هەر لەبەر ئەوەی ئەوان مەزهەبێکی جیایان هەیە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لە کورد جیابکرێنەوە)) پاشان حکوومەتی تورکیا کە بەراوردێ لە نێوان ئایینی ئیسلام و ئێزدی دەکا دەیشوبهێنێ بە جیاوازیی نێوان مەزهەبی —کاثولیکی و پروتستانتی- لە جیهانی مەسیحیدا.

ئەسڵی ئەم گەلە سەیرە روون نییە، ئەم روون نەبوونەش لەو تەم و مژەش زیاترە کە بە ئەسڵی کوردەوەیە ئەوان بۆ خۆشیان دان بەوە دادەنێن کە جیان لە نەتەوەکانی دیکەی جیهان و دەڵێن گوایا ئەسڵیان لە هەموو رەچەڵەکە نەژادییەکانی گەلانی دیکە رەسەنترە. ئەفسانەکانی خۆیان دەڵێ کە ئەوان راستەوخۆ نەوەی ئادەمی باوکی بەشەرن، لەکاتێکدا گەلانی دیکە لە ئادەم و حەوا

کەوتوونەتەوە. لە یەکێکیان، دەربارەی ((الطوفان-لافاو-)) پرسیار کرا، گووتی ئەوان لە (صلب))ی {نوح} خۆی پەیدابوون، لە کاتێکدا قەومەکانی دیکە لە کوڕەکانی نوحەوە پەیدابوون. شیعەی موسڵمان ئێزدییەکانی بە نەوەی {یزید} ، ئەو خەلیفەیەی کە (حەسەن و حوسێن)ی لەناوبرد بۆ ئەوەی دەست بەسەر خلافەتدا بگرێ، دادەنێن. لە ئادابی ئیسلامیدا وەك ئەوەی {الشهرستانی}[61] نوسیوویەتی و دەڵێ: ((ئەمانە موریدی-یزید بن انیسە-ن، بەمجۆرە لەگەڵ دوو کۆمەڵی دیکەدا مەزهەبی-الاباضیە- یان-المدرسة المذهبیة- کە پەیڕەوی -الفرقة الشواردیە- دەکەن دروست دەکەن ئێزدیەکان بە تەنها ئینکاری ئەم بۆچوونە ناکەن سەبارەت بە ئەسڵیان، بەڵکو زۆر نووسەری دیکەش هەمان بۆچوونیان هەیە وەك (مصطفى نوری پاشا) والی موسڵی پێشوو، کە هەلی باشی بۆ رەخسا تاکو لێیان بکۆڵێتەوەو بە سوودترین توێژینەوەی دەربارەیان نووسی. ئەویش وەك زۆربەی نووسەرەکانی ئەم سەردەمە و گەریدە ئەوروپاییەکان ئێزدی بە کورد دادەنێ، نووسەری دیکەش هەیە وەك ((مسیو بورتقالیان)) کە دەڵێ ئەسڵیان دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی ((یزد)) لە ئێران.

ئێزدیەکان تەنها بە کوردی قسە دەکەن، هەرچەندە کتێبە پیرۆزە کەمەکانیشیان بە عەرەبی نووسراوە، بەڵام عیبادەت و نوێژیان بە کوردییە، ئەو شێوازەی بۆ ((تعمید)) دانراوەو شێخەکەیان دەیخوێنێتەوە بە کوردییە و (التراتیل)ەکانیشیان هەر کوردییە بڕواشیان وایە کە خوا بە کوردی قسە دەکا. هەندێ گوتیان کە بە ئەسڵ عەرەبن، بەڵام کاریگەری کورد لەسەریان زۆربووەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن، ئەم تیۆریەش لەسەر بنەمای ئەوە دانراوە کە کتێبەکانیان بە عەرەبی نووسراوەو لەمەش زیاتر هیچ بەڵگەییەکی دیکەیان نییە بۆ ئەم بۆچوونە، لەکاتێکدا هەموو بەڵگەکانی دیکە پێچەوانەی ئەمەیە و هەڵیدەتەکێنێ، لەوانەشە زمانی عەرەبی بەکارهێنرابێ بۆ نووسینی ئەم کتێبانە چونکە زمانی کوردی هێشتا نەگەیشتبووە پلەی زمانی نووسین، ئەمە جگە لەوەی کەس نییە لەناو پیاوە ئایینییەکانیاندا عەرەبی بزانێ یان بتوانێ بیخوێنێتەوە، مەگەر ژمارەیەکی زۆرکەم نەبێ. زمانی عەرەبی تەنها بۆ مەبەستی-لاهوتی- بەکاردێ و هیچ کاتێکیش زمانی عیبادەت و نوێژیان نەبووە.

(٦١) ناوی تەواوی (محمد عبدالکریم بن احمد ابوالفتح الشافعی الشهرستانی الخزاسانی) (١٠٧٦-١١٥٣ز) بە کتێبی (الملل و النحل) ناوبانگی دەرکرد. لەم کتێبەدا شەهرستانی ئێزدیەکان وەك فیرقەییێك لە (الاباضیە)ی سێیەم باس دەکا. ئێزدیەکان لەگەڵ (الحفصیە) و (الحارثیە) بە موریدی (عبدالله بن أباض) دادەنێ کە دژی مەروانی کوڕی محەممەدی سێیەم (دوا خەلیفەی ئومەویەکان) وەستاو بە ((مشرك))ی دانابوون.



ئێزدییەکان بە تەواوی لەڕووی ئایینییەوە جیاوازبوون، لە رەواڵەتەکانی لەشیشدا-المظهر الجسمي- هەر جیان، چونکە ئەوان {هەر هیچ نەبێ دانیشتووانی ناوچەی (باعذرا و شێخ آدی)} لە رەواڵەتەکانی لەشدا جیاوازییەکی دیاریان هەیە لەگەڵ رەواڵەتی لەشی کورددا. زەحمەتە بتوانین تیۆرێکی زانستی لەسەر بنەمایێکی پتەو پێکبهێنین، تەنها لە تەماشاکردنێکی سەرەتایی کورتەوە، بەڵام ناشتوانین لامان زۆر سەیر نەبێ کاتێ ئەو لێکچوونە روونە دەبینین لە نێوان ئێزدییەکاندا لە (باعذرا و شێخ آدی) بەتایبەتی سەرکردەکانیان، لەگەڵ ئەو نەقشانەی لە بەناوبانگترین پەیکەر و لەوحی ئاشووری وێنەداردا دەیبینین.

ئێزدیەکان لە کۆنترین چەرخەکانەوە بە گۆشەگیرییەکی تەواو ژیاون و بەگوێرەی بڕوای خۆیان مرۆڤ تەنها بە لەدایك بوون-ولادة- دەتوانێ ببێ بە ئێزدی، بۆیە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان نادەن. بەمجۆرەش خۆیان لەوە پاراستووە کە خوێنێکی بێگانە تێکەڵ بە خوێنیان بێ، بۆیە ژن و ژنخوازی لەگەڵ خاوەن ئایینەکانی دیکەدا قەدەغە بوو، تەنانەت لە نێوان چینە کۆمەلایەتییەکانیاندا کە زۆر لێك جیان، لە نێوان ئەوانیشدا قەدەغەیە. چینە ئایینییەکانیان بریتییە لە چینی-الشیوخ- پاشان-پیران- ئەوجا-الفقراء- و-القوالون- و-الأوان- و لە دواییشدا ((سدنە))ی مەزارگەکەی شێخ ئادی.

میر تەنها کەسێکە بۆی هەیە چەند ژنی هەبێ و دەشتوانی بێ گوێدانە قەدەغەکردنی چینایەتی ژن بێنێ.

ئەم ئایینییەیان لە میللەتانی دیکەی دابڕین و تووشی گەلێ کێشە و چەوساندنەوەی کردن، لە پێناو ئایینەکەیان بە ئەوپەڕی پاڵەوانەتییەوە رووبەڕووی مەرگ دەبوونەوە. ئەم ئایینە ئایینێکی تێکەڵە کە زۆر جۆرە رەگەزی تێدا کۆکراوەتەوە بە ((فوضی))ییێکی سەیر، تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە هەموو نهێنییەکانیان بزانێ، یان لە هەموو لایێکیەوە وەسفی بکا. ئەم ئایینە لە فارسەکانەوە هەردوو چەمکی ((خیر)) و ((شەڕ))ی وەرگرتووە، لەوانەشە هەر لەوانەوە ((عقیدە التناسخ)) یان وەرگرتبێ. لەوانە قوربانیدانی سالآنە، کە هەموو ساڵێ گایێکی سپی دەکەنە قوربانی مەزاری (شمس الدین=شمس) کە لە بنەڕەتدا کارێکی هاوشێوەی ئایینی (المثیرائیة)[62] وە وەرگیراوە.

(٦٢) خواوەندێکی کۆنی فارسە کە هێمای خۆرە، ئەم ئایینە تازەیە لە رۆژئاوای فارس و وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە بڵاوبووەوە پاشان گەیشتە یۆنان و رۆما و لە دەوروبەری سەدەی سێی زایینیدا لەناویان دا. یەکێ لە رەواڵەتەکانی ئەو بوو کە گا وەك قوربانی بۆ خواوەندەکان پێشکەش بکرێ. سوپای رۆمانی بۆ ماوەیەك وەك خواییێکی تایبەت بڕوایان پێی کرد.

ڕەنگە لە یەهودیەتەوە عەقیدەی شەیتانیان وەرگرتبێ کە (ئەهریمەن-خوای خراپە)ـە هەر ئەوانیش تەورات و پەیمانی نوێ-ئنجیل- و قورئان وەك یەك هەمان پلەو پایە و ڕێزی هەیە لەلایان. عادەتی خەتەنە کردنیشیان هەیە کە لەوانەیە لە یەهودیەتەوە یان لە ئیسلامەوە وەریانگرتبێ یان لەوانەیە وەك (ویگرام)[٦٣] دەڵێ لە سەرچاوەیەکی دیکەوە بێ کە هەمووان دەیزانن. دەبێ ئەوەشمان لەیادبێ کە خەتەنەکردن ئەگەرچی نەریتێکی کۆنی سامیەکانە، بەڵام ئاشووری و بابلی-هەرچەندە سامیش بوون- ئەمەیان نەکرد. ئێزدییەکان مەسیح و نیشانەی خاچ-الصلیب- بە پیرۆز دەزانن. وەك دەشزانین کە خاچ ڕەمزێك نییە تایبەت بێ بە ئایینی مەسیحی بەڵکو لە مێژوویێکدا هەبووە کە پێش مەسیحیەت کەتووە، هەروەها وەك موسڵمانەکانیش بەڕێزەوە تەماشای **محەممەد** (د.خ) و شوێنە پیرۆزەکانی مەککە دەکەن، دەتوانی ئایەتی قورئان ببینی کە لەسەر دیواری مەزارگەی خۆیان هەڵیان کەندوە، کانی ئاویش کە لە کانیەکی نزیك مەزارگەی خۆرەوە هەڵدەقوڵێ پێی دەڵێن ئادی زەمزەم کە ناوی بیری پیرۆزی مەککەیە. یەکێك لە ئەفسانەکانیان دەڵێ شێخ ئاوی ئەم ئاوەی بە (معجزە) لە مەککەوە هێناوەتە ئەم شوێنە، ئاوی ئەم کانیاوە پیرۆزەش لەلایەن شێخەکانیانەوە بەکاری دەهێنن بۆ (عماد) کردنی منداڵان. لەسەر دیواری هەیکەلی خۆر مانگ و ئەستێرەش هەیە و لەلای سووچی ((رکن)) دەرگا گەورەکەوە وێنەی مارێکی گەورەی ڕەش دەبینرێ، ئەمانە ئاگریش دەپەرستن، ئەمەش بێگومان ئەوپەیوەندیەیە کە تاڕادەیەك بە ئایینی زەردەشتیەیەوەیان دەبەستێ.

ئەم ڕەگەزانە هەر هەموویان لە دەرەوە هاتوونەتە ناو ئایینەکەوە بەڵام ڕەگەزی دیکەی نەتەوەییش هەیە. ئێزدییەکان بڕوایان بە (کائن)ی باڵا هەیە (العلي الأعلی) و پێی دەڵێن یەزدان، لەوانەشە ئەمە سەرچاوەی ناوەکەیان بێ ئەمەش ئەو بۆچوونە هەڵدەوەشێنێتەوە کە ناوەکەیان لە ناوی (یزید)ەوە یان لە هەرێمی (یزد)ی ئێرانییەوە وەرگیرابێ هەرچی چۆنێك بێت ئەم بوونەوەرە باڵایە-الکائن الاسمی- لەوە بڵندترە بەشەر بیگاتێ بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ عیبادەتی بکا، چونکە ئەو لە ئاسمانە نەك زەوی کە بایەخی پێنادرێ هەر لەوێشەوە حەوت گیانی-ڕوح- مەزن پەیدابوون یەکەمیان و لە هەمووشیان مەزنتر {ملك طاووس}ـەوە کە هەر ئیبلیس خۆیەتی، دووەمیشیان (ملك عیسی)یە کە مەسیحە و

(٦٣) قەشەیێکی ئینگلیکانیە و سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە چەند ساڵێك-دەیەکانی یەکەمی ئەم سەدەیە- تیایدا مایەوە. سێ کتێبی دەربارەی کورد و ((النساطرة)) داناوە. لەوانەیە ((مهد البشریة: الحیاة في شرق کردستان)) کە ئێمە وەرمانگێڕایە سەر زمانی عەرەبی (چاپی بەغدا ١٩٧٠ و شیکاگۆ ١٩٩٩ و هەولێر ٢٠٠١) هەروەها کتێبێکی دیکەشی هەیە بەناوی ((تأریخ الاشوریین)) وابزانم لێردا مەبەست ئەم کتێبەیە.



بەهۆی (ملك طاووس)ەوە خوا جیهانی خەلق کرد و دای بەو بۆ ماوەی دە هەزار ساڵ کە تائێستا شەش هەزاری لێ ڕۆیشتووە.

(ملك طاووس) لە شێوەی تاوسێکی مسیندا-برونزی- دەپەرسترێ، پێدەچێ چەند دانەیێکی لێ هەبێ کە {القوالون} چینی چوارەمی ئایینەکە هەڵیدەگرن و لەم گوند بۆ ئەو گوندی دەبەن بۆ ئەوەی خەڵکەکە ڕێ و ڕەسمی عیبادەتی پێشکەش بکەن. ئەو ئەندامانەی لیژنە کە سەردانی ئێزدیەکانی ((باعذرا)) یان کرد ئەوانە نەبوون کە سەردانی ئێزدیەکانی شەنگاریان کرد، بۆیە نەمانتوانی لە ڕاستی قسەکانی (سرمارك سایکس) یکۆڵینەوە کە دەڵێ ئەم دوو کۆمەڵە هیچ شتێ بە یەکیانەوە نابەستێ جگە لە پەیوەندییە ئایینییەکە. (سرمارك)یش هیچ ڕاییێك سەبارت بە ئەسڵی ئێزدییەکانی-یاعذرا- و شێخ ئادی نالێ. بەڵام دەبارەی ئێزدیەکانی شەنگار دەڵێ ئەمانە کوردن و هیچ گومانیش لە کورد بوونیاندا نییە، نەك تەنها لە مەسەلی زماندا بەڵکو لە (أوصاف)ی لەشیشیاندا و لەگەڵ کوردەکانی (درسیم) بەراوردیان دەکا. بەگوێرەی ڕای ئەو ئەمانە دوای هێرشەکەی تەیمووری لەنگ پەنایان بردووەتە بەر چیاکانی شەنگار. ئێزدیەکانی ئەمڕۆ، خۆیان ئەوە تەئکید دەکەنەوە کە دانیشتووانی سەرەتایی ناوچەکەیان هەمیشە ڕێ و ڕەسمی ئایینی ئێزدیان پەیڕەو دەکرد.

بەمجۆرە ڕوون دەبێتەوە کە ئایینی ئەم هۆزە (غەریبانە) و ئوسوڵ و نەتەوەکەیان تاڕادەیێکی زۆر تەم و مژاویە، بەڵام ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسلامەوە نییە، هەروەها ڕوونیشە کە هیچ شتێ نە لەگەڵ عەرەب و نە لەگەڵ تورك پێکیانەوە نابەستێ، بەڵام پەیوەندیی ڕەگەزایەتیان لەگەڵ کورددا هەیە و لەوانەشە بنەچەی هەردوو نەتەوە یەك بێ.

ئێزدیەکان هەمیشە تووشی گیروگرفتی قورس بوون، لێیان قەدەغە کراوە ناوی شەیتان بێنن یان گوێیان لێ بێ یان تەنانەت لە چەند بڕگەییێکیشی، جل و بەرگی شینیان لێ حەرام کراوە. ئەم شتە سەیرانە جگە لەو نهێنییەی دەوری ئایینەکەیانی داوە، جۆرەها کارەساتی تووش کردوون. بۆ نموونە ئەوەی لە ئەنجامی بەزۆر بە سەربازگرتنیانەوە ڕوویدا-الخدمە العسکریە- لە ڕوسیای قەفقاس بۆ ماوەیێك لە سەربازی بەخشران بەڵام لە تورکیا وایان بۆ نەکرا چونکە تورکیا ئەمانی بە تایەفەیێکی ئیسلامی دادەنا. لەبەر هەمان هۆش پیاوانی ئایینی ئیسلامی و کۆمەڵگە توندڕەوە ئایینییەکان زۆریان دەچەوساندنەوە. لە سەردەمە کۆنەکاندا ژمارەیان زۆر لە ئێستا زیاتر بوو. لە سەدەی هەژدەو نۆزدە لە گەرمەی ململانێی نێوان تورك و عەرەب ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لە قەسابخانەیێکی گەورەدا کە دوای ئەوە ڕوویدا، لەناوبران. لە لێکۆڵینەوەکانماندا شتێکمان بینی بە باشی دەزانین باسی بکەین، ئەمەش وابزانین تەنها نەخشەیێکە ئەو ناوچەیە نیشان بدا کە ئێزدییەکانی لە ڕابووردوو تێدا

دەژیا، وەك بۆشمان دەرکەوت لەم ناوچەیەی ئێستا تیایدا دەژین زۆر گەورەتر بوو. ناوی نەخشەکە ((أرمينيا الكبرى بالاستناد الى كتاب أرمنى)) کە کۆڕی زانیاری فەڕەنسی {أكاديمى فرنسيز} لە ساڵی ١٧٦٥دا دروستی کردبوو، لەو نەخشەیەدا سنووری هەموو بەشە جیاوازەکانی ئەرمینیا کراوەو دیارە. سنووری باشووری وڵات نزیکەی (چیاکانی-الجزيرە- و ئامێدی و نەیری)یە پاشان بەردەوام دەبێ بە هەمان ئاڕاستە بەرەو ڕۆژهەڵات. لە باشووری ئەم هێڵە شریتێ زەوی هەیە کە سنووری باشووری دیار نییە و بە درێژایی کۆمەڵە چیاکانی زاگرۆس درێژ دەبێتەوەو پێی دەڵێن وڵاتی کوردان، بەشێ لەم شریتە لە کۆتایی ڕۆژئاوایدا بڕاوە و ناوی (موگیك) یان (وڵاتی مەجوسەکان)ی لەسەر نووسراوە. ئەمە ئەو ناوچەیەیە کە دەتوانین سنوورەکەی بە موسڵ و دیجلە و ئامێدی و ئاکرێ دیاری بکەین، بە واتاییێکی دیکە ئەو ناوچەیەیە کە پەرستگاکانی ئێزدییەکانی تێدایە ئەو گەلەی کە تەنها گەلێکە لەو ناوچەیەدا کە تەقسێکی ئایینی پەیڕەو بکا پەیوەندیی بە ئایینی مەجوسیەوە هەبێ {خانزادیان بەم زووانە ئەم نەخشەیە لەگەڵ ئەو زنجیرەیەدا بڵاو دەکاتەوە کە پێی دەگوترێ ((نەخشە مێژووییەکانی ئەرمینیا))}.

**٤- عەرەب و ڕەوەندە نیشتەجێ بووەکان (العرب و البدو المستوطنون):**

نووسەر هەیە وەك (کینیە) عەرەبی ڕەوەند لە عەرەبی سوریا جیا دەکەنەوە، لەکاتێکدا یادداشتەکەی بەریتانیا تەنها ئاماژە بە {عرب أقحاح} دەکا لە ویلایەتی موسڵدا. حکوومەتی بەریتانی لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەم خاڵە گوتبووی هەندێ جیاوازی دیار هەیە لە نێوان عەرەبی ڕەوەند و عەرەبی شارەکان بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین کە ئەسڵیان جیایە، چونکە هەرچۆنێك بێ لە داب و نەریت و بیروڕای سیاسیدا هاوبەشن. ئێمە بۆمان نەکرا هیچ جیاوازییەك ببینین، جگە لەوەی لە نێوان عەرەبی بیابان و عەرەبی شاردا هەیە. بێ لەمەش ئاسان نییە ئەم جیاوازییە کەمە بدۆزیتەوە لەنێو کۆمەڵێکی گەورەی دانیشتوواندا، یانیش دەبێ و پێویستمان بەوە هەیە کە لێکۆڵینەوەی ئەنثروپۆلۆجی و مێژوویی و پەیوەندیی نەتەوەیی بدۆزینەوە و بڕیاری لەسەر بدەین گومانیشی تێدا نییە کە دانیشتووان لە چەند بنەماییێکی دیکەی نەتەوەیی سامی غەیرە عەرەبدا کۆدەبنەوە. (سر مارك سايكس) ئاماژە بە دانیشتووانی عەرەبی موسڵ دەکا ئارامییەکان کە هەمان ڕەگەز بوون لەگەڵ عەرەبدا تێکەڵ بوو و کاریگەری عەرەبیش زۆر بوو لەسەریان، بۆیە هەموو ئاکارە تایبەتییەکان و داب و نەریتە ئەسڵیەکەی خۆی ون کردو لەدەستدا.



**٥- (الصارلی و الشبك):**

((مستر كرامرز)) وەرگێڕی ڕەسمی و شارەزای زمانەوانی کە لەگەڵ لیژنەکە دایە ئەم زانیاریانەی داینێ و گووتی {الأب أنستاسيوس}[٦٤] کە بەهۆی لێکۆڵینەوەکانییەوە کە تایبەتن بە ئێزدییەکان زۆرباش ناسراوە، ئەو زانیاری باشمان دەداتێ دەربارەی تایەفەکانی {الصارلی و الباجوران و الشبك} کە لە دەوروبەری موسڵ دیبویانی {((گۆڤاری-الشرق- عن كليه اليسوعيين فى بيروت))، بەرگی پێنجەم ١٩٠٢، ل٥٧٧ و دوای ئەویش}.

(الأب أنستاسيوس) ئەو گوندانەمان بۆ دەژمێرێ کە بە گوندی سەرەکی-الصارلی- یان دادەنێ کە ئەمانەن {تل اللبن، بساطليە، كپر لى، خربة سلطان}. ئەم گوندانە لای لیژنەکە باس نەکراون لەبەر ئەوەی گوندی {وردك} وەك لە زانیاری تایبەتی خۆمانەوە دەیزانین مەڵبەندی ئەو گوندانەیە، هەروەها بارەگای سەرکردە ئایینییەکەیانە (موللا(مڵاّ)طه) یان (طه قوچه-خوجه-) وەك-الأب أنستاسيوس-یش دەڵێ زمانی ((الصارلی)) تێکەڵەییێکە لە زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی، هەمان شتیش بۆ زمانی-الباجوران- و-الشبك- ڕاستە. بەڵام ئەوەش دەڵێ کە ئەم زمانانە لە یەك ناچن. جا ئەگەر ئەم ڕایەی ئەو لەگەڵ ئەو زانیاریانەی لیژنەکە پێی گەیشت لە {السّيافيه}-٢٠ی شوباتی ١٩٢٥ (کە دەڵێ تاقە زمانیان زمانی کوردییە)، تەماشا بکەین، لەوانەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو زمانەی پێی دەڵێن زمانی نهێنی، جگە لە کوردی شتێکی دیکە نییە بەڵام هەندێ دەربڕینی-تعابير- کەمی تورکی و فارسی تێکەڵ بووە. زمانی نووسینی کتێبی پیرۆزیان وەك دەردەکەوێ زمانی فارسییە.

جگە لەمە-الأب أنستاسيوس- لە کۆتایی باسەکەیدا دەڵێ کە ئەم سێ تایەفەیە لە بنەڕەتدا کوردن. بۆ ئەم بۆچوونەشی بەڵگە لە ڕواڵەتە ئەنثرۆپۆلۆجییەکانەوە دەهێنێ چونکە ئەمان وەك کوردەکان لەشیان بەهێز و پتەوەو پڕە و باڵاشیان بەرزو گەنم ڕەنگن و لوتیان ڕێکە و قژیان ڕەش چاویان قاوەییێکی تۆخە ((نابێ بڕوایان پێ بکرێ چونکە زۆر دڕ و غەددارن)).

لیژنەکە نەیتوانی پەیوەندی لەگەڵ تایەفەی ((الباجوران))دا بکا، ئەمانیش وەك شیعە توونددڕەوەکانن لە عیبادەتدا. {الأب أنستاسيوس} ناوی هەندێ گوندی-شبك دەهێنێ کە ئەمانەن:

(٦٤) مەبەست لێرە ((أنستاس مارى الكرملى))یە ١٨٦٦-١٩٤٧ عیراقی ((سعودی)) و یەکێك لە شارەزاکانی زمانی عەرەبی و لێکۆڵەرەوە ناسراوەکان بوو، هەروەها خاوەن گۆڤاری-لسان العرب-ی بەناوبانگیش بوو. دەڵێن باسێکی گرنگی وەك ئەمەش هەیە کە داود چەلەبی نووسیووبەتی و لە گۆڤاری-النجم-ی موسڵیدا بڵاوکراوەتەوە.

{علی رەش، ینگەچی، فرنە، فلارە}[٦٥] و دەکەوێتە نزیك چیای شەنگار {دەبێ ئەمە هەڵە بێ چونکە ئەم گوندانە لە چیای ((مقلوب))ەوە نزیکترن تا چیای شەنگار و-شبك- ئیمام عەلی بە پیرۆز و گەورە دەزانن بەڕادەیەکی زۆریش، لە هەمان کاتیشدا لە زۆربەی بۆنە ئایینییەکانی ئێزدییەکان و ئاهەنگەکانیان بەشداری دەکەن.

### ٦- مەسیحییەکان:

هەردوو حکوومەت بایەخێکی تایبەتییان بە لایەنی سیاسی کێشەی مەسیحییەکان دا بەتایبەتی ((آشوريين النساطرة)) کە دانیشتووی بەشی باکووری هەرێمی کێشە لەسەر و هەندێ ناوچەی دیکە بوون یادداشتەکان بە پلەی یەکەم باسی مێژووی نزیکی ئەم مەسیحیانەی دەکرد لەگەڵ هەوڵ و کۆششیان و چەوساندنەوەیان لە جەنگی دواییدا، هەروەها مەسەلەی پەنابەرەکان و لە کۆتاییدا نیشتەجێ کردنیان لە زەوییەك نزیك ئەو زەویانەی کە لێی دەرکران. ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە ئەو شوێنە لەبارە نییە تاکو ئێمە رای خۆمان سەبارەت بەم بابەتانە دەرببڕین. هەروەها هەردوو حکوومەتیش هیچیان دەربارەی ئەم مەسیحیانە نەگوتبوو لە یادداشتەکانیاندا، تەنانەت لەو یادداشتەی حکوومەتی بەریتانیشدا کە تایبەت بوو بە پەنابەرە ئەرمەنی و ئاشوورییەکانی ئۆردوگای باقووبە، تەنها ئاماژەی بە مێژووی نزیکیان کردبوو. بەڵام ئێمە کە دەمانەوێ باسی بنەچەی نەتەوە جاوازەکانی هەرێمی کێشە لەسەر بکەین، پێویستە چەند وشەیێکی کەمیش دەربارەی دوو کۆمەڵی گەورەی مەسیحی بڵێین کە لەم وڵاتەدا دەژین، ئەوانەش-کلدان و نساطرة-ن بۆ ئەوەی بابەتەکەمان هەمەلایەنە بێ. بەڵام مەسیحییەکانی دیکە کە (يعاقبە و اللاتين و السريان و الكاثوليك و الارثودكس و الأرمن و البروتستانت)ن ئەمانە کەمن. زۆربەی مەسیحییەکانی دۆڵی دیجلە لە نەوەی ئارامییەکانن کە زۆرینەی دانیشتووی عیراقیان پێکدەهێنا لە سەردەمی (الارشاقيين) و ساسانییەکاندا، کاتێك کە بڕواو عەقیدەی {الغنوصيه}[٦٦] و پاشان مەسیحیەت دەستی بە

(٦٥) لەوانەیە (فاضلية) یان-فرارە، بێ چونکە گوندێك بەم ناوەوە نییە.

(٦٦) لە وشە ((گنوستیك))ی یۆنانیەوە واتە-معرفە- زانیاری. ئەمە مەزهەبێکی ئایینی فەلسەفی بوو، موریدەکانی دەیانگووت ماددە وەك بەندیخانە وایە بۆ رۆح. خواییێکی رزگارکەر دێتە خوارەوە بۆ ئەم ماددەییە تاکو رۆحی بەندکراو رزگار بکا وردە وردە سەردەکەوێتە جیهانی ئاسمانی-العالم السماوي-. لە وەسفی ئەم بەرزبوونەوەیەدا خەیاڵێکی زۆریان بەکارهێنا.



بڵاوبوونەوە کرد. رەنگە (الاشوريين النساطرة) لە چیاکانی ئامێدی و-التیاری- و ناوچەکانی دەوروبەریدا لە هەمان بنەچە نەبووبن. ئەمانە بە هەمان زمان قسە دەکەن کە سریانی و ئارامی قسەی پێدەکەن کە هەندێ وشە و زاراوەی بیانی تێکەوتووە، هەردووکیشیان هەمان زمان لە تەقسە ئایینییەکانیاندا بەکاردەهێنن مەبەستم سریانی کۆنە. بەڵام هەندێ نووسەر لەو بڕوایەدان کە لە هەمان کۆمەڵە خەڵکی شاخەکانی کوردین و مەسیحییەکانی دەشتی دیجلەش کە ئیسلام دەستی بە لەشکرکێشی کرد و ناوچەی دەسەڵاتی خۆی فراوان کرد، پەنایان بردە بەر دانیشتووانی شاخەکان کە لەوانەیە ئەوان پێشتر چووبنە سەر ئایینی مەسیحی، ئیتر شارستانیەتێکی پێشکەوتوو و زمانێکی تازەیان فێرکردن.

سەبارەت بە مەزهەبی ((نسطوری))یش، لێك جیابوونەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ململانێی لاهوتی کە (الهرطقة المونوفيزية و الهرطقة المونوتيلية)[٦٧] ی لێ پەیدا بوو و (البطريرك نسطورس) لە (أفسس)ی پێ تاوانبار کرا لە سەدەی سێیەمدا. کورتەی بیروباوەڕەکەی ئەوەبوو کە (مەریەمی پاکیزە-العذراء مريم-) (یەسوعی مرۆڤی بوو) نەك (یەسوعی خوا). بۆیە خۆی و هاوبیرەکانی لە ((قسطنطينة)) تووشی چەوساندنەوە بوون، بەڵام ساسانییەکان زۆر بەباشی پێشوازییان لێکردن چونکە ئەمانە دوژمنی ئیمپڕاتۆریەتی رۆژهەڵات بوون، هەروەها عەبباسییەکانیش رێزیان لە خۆیان و ((عقیدە))کەیان گرت هۆی ئەم رێزلێنانە زۆرەش ئەوەبوو، ئەمان زانیاریەکانی. بۆنانیان هێنایە ئەم ناوچانە، بۆیە بەرزترین پلەو پایەیان درابێ لە بەغدا بەم هۆیەشەوە نزیکەی هەموو مەسیحییەکانی هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی فارسی و عەبباسی بوون بە (نسطوری) مەزهەب، پاش ماوەیەکی کورتیش ئەم کەنیسەیە بووە خاوەن بیست و پێنج-أسقفيە-.

بە رووخانی خەلافەت و هێرشی مەغۆلەکان بارودۆخەکە گۆڕاو گڕکانی دەمارگیریی ئیسلامی کە شێخی هاشمی عەبدولقادری گەیلانی هێنایەکایەوە، تەقیەوە. لە سەدەی سیانزەدا ((نساطرة))کان کە دووچاری چەوسانەوە دەبوون پەنایان دەبردە بەر شاخەکان. بەڵام ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کرد ئەوە بوو کە لە هێرشی دووەمی مەغۆلەکاندا بە فەرماندەیی تەیمووری لەنگ روویدا، چونکە ئەم هێرشە

(٦٧) (المونوفیزیە) یان خاوەنی یەك سروشت-اصحاب الطبيعة الواحدة- بڕواییێکی مەسیحیە لە سەدەی پێنجەمدا پەیدابوو. ((المجمع المسكوني الخلقيدوني-حلقيدونيا شارێکی یۆنانیە- ئایینی لە ساڵی ٤٥١ز حەرامی کرد. ((المونوتیلە))ش، بیدعەی خاوەن ((المشيئة الواحدة))یە و لە سەدەی حەوتەمدا پەیدا بوو و ((المجمع القسطنطيني)) لە ساڵی ٦٨١ز حەرامی کرد.

(نساطرة)کانی بەو ژمارە کەمە هێشتەوە کە ئەمڕۆ دەیبینین. لەو ماوەیەدا (بطریرك)ەکەیان لە بەغداوە کۆچی کرد بۆ {ألقوش}[٦٨] و لە (دیرنقر) نیشتەجێ بوو لە باکووری دەشتی موسڵ کە کاتی خۆی (راهب)ی بەناوبانگ (الربان هورمزد) دروستی کردبوو.

لە سەدەی شازدەدا هەوڵ درا بۆ راکێشانی (نسطور)یەکان بەرەو مەزهەبی (کاثولیکی). ئەوەی ئەم ئیشەی ئاسان کرد ئەوەبوو کە بووبوونە دوو فیرقەوە.

کۆمەڵەی باکووری لەژێر فەرماندەیی (بطریرك)ی سەربەخۆدا (لەو ساوە بەناوی مار شەمعون ناسرا) جیابووەوەو پاشان هەشت مەڵبەندی-أسقفیە- چووە پاڵی و دوانیان لە ئێران بوون. ئەو ((نسطوری))انەی لە زەوییە نزمەکاندا بوون هەستیان کرد پێویستیان بە پاراستن هەیە، بۆیە ساڵی ١٧٧٨ لەگەڵ رۆمادا یەکیان گرت و لەم یەکیەتییەوە کەنیسەی ((الکلدانیە)) پەیدا بوو کە لە حەوت ((أسقفیە)) پێکهاتووە و (بطریرك)ی بابل سەرکردایەتی دەکا، کە لە پێشدا (کرسی)یەکەی لە نزیك دیاربەکر بوو پاشان گواستیەوە بۆ شاری موسڵ:

راپۆرتی کونسولی گشتی دەوڵەتی نەمسا و مەجەر لە بەغدا کە لە ساڵی ١٩٠١دا لێکۆڵینەوەیێکی فراوانی مەسەلەی-النساطرة- و کلدانەکان کرد. ئەم سەرژمێریانەمان پێشکەش دەکا.

| ژ | للنساطرة | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|
| ١- | کۆمەڵەی هۆزی التیاری- بە سەرۆکایەتی مارشەمعون | ٢٢٧٤ |
| ٢- | کۆمەڵەی هۆزەکانی تخوما بە سەرۆکایەتی-أسقف- | ١٦٥٠ |
| ٣- | کۆمەڵەی هۆزەکانی گەوەر بە سەرۆکایەتی-أسقف-ی گەوەر | ٢١٠٣ |
| | أ- ((أسقفیە))یەتی مەڵبەند (متروپولتیان) | ١٦٠٧ |
| | ب- ((أسقف))یەتی -ماریوحنان- | ٩٧٢ |
| | ج- ((أسقف))یەتی ماریونان | ٩٢٠ |
| | د- ((أسقف))یەتی مارگوریال | ٥٢١٧ |
| | کۆی | ١٣٥٧٣ |

(٦٨) (دیر الربان هرمز) دەکەوێتە سەر چیای (ألقوش) بەڵام گوندەکە لە دەشتەکە دایە لە پایینی شاخەکە.



دەربارەی کلدانیش ئەم سەرژمێریانە پێشکەش دەکا:

| | | |
|---|---|---|
| أ- | کرسی بابل البطریرکی موسڵ و دەوروبەری لەگەڵ بەغدا | ٢٧٠٥ |
| ب- | ((أسقف))یەتی کەرکوك | ٣٥٠ |
| ج- | ((أسقف))یەتی ئامێدی و ئاکرێ | ١١٦٥ |
| د- | ((أسقف))یەتی-الجزیرە- | ٨٢٥ |
| هـ- | ((أسقف))یەتی -سعرد- | ٩١٥ |
| و- | ((أسقف))یەتی ماردین | ٧٠ |
| ز- | ((أسقف))یەتی دیاربەکر | ٢٠٠ |
| | کۆ | ٦٢٣٠ |

بەکوێرەی ئەم سەرژمێریانە ژمارەی مەسیحیەکان لە نێوان هەشتا هەزار بۆ نەوەت هەزار (نسطوری) و چل هەزار کلدانی بەپێی بنەمای خەملاندنی شەش کەس بۆ هەر خێزانی دەخەملێنرێ. بە بۆچوونی ئێمە ئەم راپۆرتە دوورە لە بێ لایەنیەوە چونکە پشت بە زانیاریەك دەبەستێ کە (الممثلون البطارکة) پێیان داون. ئەو یادداشتەی حکوومەتی بەریتانیا سەبارەت پەنابەرەکان دابووی ژمارەی (نسطوری)یە شاخاویەکان پێش جەنگ بە سەد هەزار دەخەملێنێ.

ئەو ئۆتۆنۆمیەی هەر سێ کۆمەڵی ((نسطوری)) کە لە پێنج هۆزی سەربەخۆ پێکهاتبوون، بەهۆی ناکۆکی و ئاژاوەی ناوخۆوە کەوتبووە مەترسییەوە، ئەمە جگە لە دەستدرێژی دەوڵەتی عوسمانی. بەڵام دەوڵەتی عوسمانی کەمێ ((رعایەتی))-بطریرك-ی دەکرد تاکو رێی پەنابردنەبەر رۆمای لێبگرێ، هەروەها رێی ئەوەشی لێ بگرێ، ئەگەر بیەوێ کورسییەکەی بگوازێتەوە بۆ ئێران چونکە لە کاتی قەسابخانەی یەکەمدا کە بەدرخان پاشا لە ساڵی ١٨٤٠دا کردی، ولاتی بە شێوەیەکی کاتی بەجێهێشت.

پێنج هۆزەکە کە رادەیەك لە سەربەخۆیی زاتییان پێدرا و ((بطریرك))یش حوکمی-النساطرة- بکا لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئەوەبوو باجی پێ دەدرا ئەویش بڕێکی نەگۆڕی لەو باجانە دەدایە دەسەڵات، کەنیسە و کتێبە پیرۆزەکانی تەقسە ئاینییەکانیان چەند سەدەیێك پارێزراو بوون تا لەکاتی جەنگی رابوردوودا لەناوچوون. ئیتر پەنایان بردە بەر شاخەکان بۆ خۆپاراستن، چونکە ئیدارە لەوێ هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، وەك ئەو شاخانەی کوردەکانی لێ بوون. ئەگەر جاروبارێکی کەم دەسەڵاتی ئیدارە بگەیشتایەیە ئەم ناوچانە ئەوا قەت ئیشی باشیان نەدەکرد. لەوەش دەچێ

جیاوازییەکی زۆر هەبێ لە نێوان شێوازی هەلسوکەوت کردنی حکوومەت لەگەڵ (بطريرك)دا و ئەو شێوازەی پاشان رەفتاریان لەگەڵ ((رەعیەتی)) خۆیاندا دەکرد. (نسطوری)یە شاخاوییەکان لە ژیانیاندا هەمان شێوازی کوردە شاخاویەکان پەیڕەو دەکەن، مەڕ و ماڵات بەخێو دەکەن و لە لەوەڕگاییێکەوە دەچنە لەوەڕگاییێکی دیکە بەڵام زۆریش بایەخ بەو زەوییە کەمە دەدەن کە توانیویانە لە دۆڵەکان و لاپاڵی چیا زۆر لێژەکاندا ئامادەی بکەن بۆ کشتوکاڵ لە هەمان کاتیشدا بەڕادەییێکی فراوان و شێوازی ئاودێری ناوخۆیی کشتوکاڵ لە ((مدرجات))ەکاندا دەکەن و جل و بەرگیشیان لە جل و بەرگی کوردەکان دەچێ بەڵام کت و مت وەك ئەوینە چونکە ئەمان شتێك دەکەنە سەریان کە بچووك و ((مخروطي)) و شێوەکەی غەریبە وەك ئەوەی ئەلبانەکان دەیکەنە سەریان بەڵام هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئەمان و ئەلبانەکاندا نییە. وەك کورد شەڕکەرێکی ئازان و هەمیشە خەنجەریان پێیە و لەژێر پشتوێنەکانیاندا هەڵی دەگرن هەروەها هەموو کاتێ تفەنگ بە شانیانەوەیە. کلدانەکان لە زەوییە نزمانەکاندا دەژین و شارستانیترن چونکە نزیکترن لە دانیشتووانە خوێندەوارەکانی شار و پەیوەندییان زیاترە لەگەڵیاندا و قوتابخانەی تایبەتی خۆیان هەیە کە فەڕەنسا و ڕۆما سەرپەرشتی دەکەن و زۆربەی پیاوە ئایینییەکانی کلدان لە قوتابخانەی (لاهوت) ((السيمينير))ی فەڕەنسی دومەنیکانی لە موسڵ دەخوێنن. ئاسانیشە گوندەکانی کلدان لە دەشتاییەکاندا لە گوندەکانی عەرەب و تورك و کورد جیابکرێتەوە کە تاڕادەیەك پاکن، بۆ نموونە ماڵەکانی (تلكيف) و گوندەکانی دەوروبەری لە بەرد بینا کرابوون ئەم مەسیحیانە بەخۆشی و بێ گرفت لەگەڵ کوردەکاندا دەژین و پەیوەندییان باشە. ئەمە بیروڕای ئێمە بوو کە لامان دروست بوو لەو شوێنانەی هۆزە کوردییەکان و مەسیحییەکان تیایدا دەژین. پێش جەنگ کۆچی کلدانەکان بە ژمارەی زۆر بۆ دەرەوەی وڵاتی دوو ڕووبارەکە چالاکانە دەستی پێکرد. لە شوێنێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتەدا دێینەوە سەرباس کردنی ژیان و گوزەرانیان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.



## (٣)

## وەسفی جوگرافی و ئەتنوگرافی ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە

ئاسیای بچووك و ئەرمینیا و ئێران هەموویان دەکەونە ناوچەی بەرزی و نزمی ((اليوراسيه))ی مەزن. سوریەو دورگەی عەرەب بەشێکن لەو دەشتاییە فراوانە کۆنە کە هەموو ئەفریقیا و بەشی باشووری هیندو دوورگەکانی هیندی ڕۆژهەڵات و ئوسترالیا لەخۆ دەگرێ. ئەگەر وڵاتی دوو ڕووبارەکەش بە چەمکە فراوانەکەی وەربگرین-واتە هەموو ئەو وڵاتەی دەکەوێتە نێوان دیجلە و فورات هەروەها ئەو وڵاتەش کە بە درێژایی ئەو ڕووبارە هەر لە سەرچاوەکانیانەوە لەناوچە شاخاویە بەرزەکانەوە بە درێژایی ئەو ڕووبارە لە مبەر و ئەوبەریدا درێژ دەبێتەوە ئەم ناوچەیە ناوچەی گواستنەوەیە-منطقه إنتقاليه-. ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە دەکەوێتە ئەم ناوچەیە و لە چیاکانی ئەمانۆسەوە درێژ دەبێتەوە تا کەنداوی فارس. ئەو چیایانەی لەسەر و دەشتی سوریا و خاکی دوو ڕووبارەکە دایە بەشێکن لە دوو کۆمەڵە شاخ.

لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆمەڵە شاخی زاگرۆس کە زنجیرە تەریبەکانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێدەکا تا باکووری ڕۆژهەڵات. لە باکووریشەو زنجیرە چیای تۆرۆسە کە لە ڕۆژئاواوە دەست پێدەکا تا ڕۆژهەڵات وەك کەوانێك وایە کە بەرزاییەکەی بەرەو باشوورە. ئەم دوو کۆمەڵە شاخە بە یەك دەگەن و لە گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵات تێکەڵ دەبن و گرێیەك دروست دەکەن لە ڕووی جیۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیەوە تا ئێستا هیچی ئەوتۆی لێ نەزانراوە، بەرەو لای دەشتەکەی ئەم دوو زنجیرە چیایە لەملاو ئەولایەوە زنجیرەیەك بەرزایی و بانی بەرز بە دیار دەکەوێ.

ئەو زەویەی کێشەی لەسەرە دەکەوێتە ئەوپەڕی گۆشەی زەویە تەختانەکە کە لەو شوێنەی هەردوو زنجیرە چیاکە و پایینی شاخەکان بەیەك دەگەن. لە باشووری ڕۆژهەڵات چاڵاییێکی مەزن هەیە کە کەنداوی فارسە و بەشی خوارووی وڵاتی دوو ڕووبارەکەیە، کە لەوانەیە زنجیرەکانی زاگرۆس لە بانی عەرەبی جیا بکاتەوە، چونکە کەنداوی فارس لە پێشدا تاکو هێڵی {هیت-بلد) و پایینی باشووری چیای حەمرین درێژدەبووەوە. دیجلە و فورات بە شێکی زۆری کەنداوی فارسییان بە قوڕ و لیتەی ئەستوور پڕکردەوە. ئەم قوڕ و لیتەیە کە زۆر بە پیتن، لە عیراقدا تا نزیك (بلد) درێژدەبنەوە و زەوی نزمان دروست دەکەن. لە ناوچەی {بلد-تكريت} زەوی لە

{٥٠ تا ١٠٠} مەتر بەرز دەبێتەوە پاشان وردە وردە تا بەرەو باکوری تکریت برۆین زیاتر بەرز دەبێ تا دەگاتە (٩٠٠ مەتر) لای پایینی چیاکانی باکوور ئەو هەرێمەی کە لە باکووری تکریت درێژدەبێتەوە-بەشێکیشە لە هەرێمی کێشە لەسەر- زەوی بەرزی پێدەگوترێ و لە نزیك ئەم خاڵەشەوە پایینی شاخەکان کە تا ئەو شوێنە زۆر نزیك بوون لە یەکەوە-بەرەو باشوور دەکشێن بە چەند هێڵێکی تەریب کە یەك بە دوای یەکدا بەرەو ناوەوە دەشکێنەوە، چەند زنجیرەییێکی بچووك لە زنجیرەکانی زاگرۆس لە گۆشەییێکی تیژدا لێك دادەبڕن بە کەوانەیەك بەروەو رۆژئاوا دەچەمێنەوە. یەکەم زنجیرەی ئەم زنجیرە بچووکانە چیای حەمرینە کە هەندێ (حوض)ی رووباری تێدەکەوێ کە پاناییان جیاوازە و هەندێ جار درێژ دەبنەوەو دەشتایی بەرین دروست دەکەن.

ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە بەشێکە لەو زەوییە تەختەی کە بە نێوان هەردوو زنجیرە چیاکەدا دوور دەڕوا.

هەموو ئاوەڕۆی ئەو ئاوانەی لە شاخەکان و زەوییە بەرزەکەی باکوورەوە بەرەو خواردێن، دەڕژێنە فورات و دیجلە کە لەو زەوییە بەرزاییەی ناوچەی دەشتەکە ئاوەڕۆی خۆی لە چاڵی قووڵدا لە شێوەی (U) هەڵکەندووە لە بەشە لیتییەکەی خواروودا ئاوەڕۆکەی پێچاوپێچ دەبێ و رادەی بەرزایی ئاوەکەی وەك رادەی بەرزی دەشتەکەیە، هەندێ جار ئاوەڕۆی رووبارەکە لە دەشتەکە بەرزتر دەبێ بۆیە لە رۆخی رووبارەکە بەست (سد) دروست دەکرێ. لای (هیت-تکریت) سروشتی دیجلە و فورات دەگۆڕێ. هەموو ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە دەکەوێتە ناو زەوییە بەرزەکەوە، لێرەدا هەردوو رووبار دوو ئاوەڕۆی بەردینی قووڵ هەڵدەکەنن و زۆر بە تیژی دەڕۆن و لەگەڵ خۆیاندا وردە بەرد رادەماڵن لە نزیك بانە بەرزەکانی باکوور زۆربەی لقەکانی ئەم دوو رووبارە مەزنە دەرژێنە ناویان، کەمێکیشان زنجیرە چیاکان دەبڕن لە بەشی خوارووی فورات دەڕژێنە رووبارەکە. هیچ لقێکی دیجلە لە بەری تەختایی راستییەوە نارژێتە رووبارەکە بەڵام لەبەری چەپییەوە، ئەو ئاوەڕۆیانەی لە زنجیرەی زاگرۆس و گرێی شاخاوەیەکە-العقدة الجبلية-وە بەرەو خواردێن، دەبنە رووباری تیژ رەو، ئەو ناوچەیەی کە زۆربەی ئەم لقانەی تێدا کۆدەبێتەوە بریتییە لەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە.

لە بۆنەییێکی پێشتردا بە دوور و درێژی ئاماژەمان بە هۆکار و پەیوەندییەکانی ئاو و هەوا کرد لەو زەوییەی کە کێشەکەی لەسەرە، هەروەها باسی سروشتی ((قارّی))ی ناوچەکەشمان کرد کە بە روونی دیارە (چونکە دەکەوێتە گۆشەی هەرە دووری زەوییە تەختەکە). هەروەها باسی



جیاوازیی گەورەی پلەکانی گەرما و تێکڕای ساڵانەی کە زۆر جیاوازە، لەگەڵ وشکایی هاوینانی و بارانی زستانەی ناوچەی کێشە لەسەر لە زەوی تەخت و بەرزایی و شاخی بەرز پێکدێ بۆیە لە رووی ئاو و هەواوە لە هەموو ئەو زەویانە دەکا کە لە دەوروبەریدایە، بەڵام پەیوەندیی گەورەی، وەك پێشتر روونمان کردەوە لەگەڵ ناوچە بەرزەکەی گواستنەوە دایە-المنطقة الانتقالية المرتفعة- کە لەو ناوچەیەدا کەکێشەی لەسەرە درێژ دەبێتەوە تا (أمانوس). ئەم چیایەش کە دەشتایی شام-بادية الشام- لە (حوض)ی دەریای ناوەند جیا دەکاتەوە، ئەوەندە بەرزنییە کە رێگە لە کاریگەریی دەریای ناوەند لە رۆژهەڵات و زەوی کێشە لەسەر بگرێ. وەك پێشتر باس کرا زەویە نزمەکە لە دەشتی بەرین پێکدێ کە قوڕ و لیتە داپیۆشیووە، ئەم قوڕ و لیتەیە لە وەرزی وشکانیدا دەبێ بە ئەپ و تۆز، ئەوەندەش خاکێکی بە پیتە کە هیچ زەوییێکی بە پیتی ناگاتێ ئەگەر ئاو بدرێ.

زەوییە بەرزەکە لە چینێکی ئاسۆیی گەج و-کونگلومورێت- و بەردی کلسی و قوڕین-صلصالی- کە بەبڕی جیاوازی قوڕی کۆن داپۆشراون. عیراق بەم پێیە خاکێکی لیتەییە، لە کاتێکدا خاکێ زەوی کێشە لەسەر بەردینە و لە هەردوو هەرێمەکەشدا کەمێکی کەمی چاندنی سەوزەوات هەیە. زەوییە لەوەڕگاکەی دەشتەکەش تەنها بۆ چەند مانگێ دەکرێ سوودی لێ ببینرێ لە باکوور و لە باشوور. بەڵام بەشی خوارووی عیراق ناوچەی هۆڕ و زەڵکاوەو ئاوەڕۆی رووبارەکانی پێدادێت و دەڕوا بێ بەربەست. بەم پێیە ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە دەکرێ بەناوچەی گواستنەوە دابنرێ لە نێوان دەشت و شاخەکان و دۆڵەکاندا و لووتکەی شاخەکان جەنگەڵ و دارو درختی زۆر داپیۆشیووە و داری (اسپندار) بە درێژایی رۆخی رووبارەکان دەروێ جگە لە دار بەڕووی هەمیشە سەوز کە لەملاو ئەولای شاخەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

زەوی کێشە لەسەر هەرێمێکی گواستنەوەیە لە نێوان دەشتەکان و ناوچەی گژوگیا و دەتوانین بڵێین کە دیجلە سنووری ئەو دوو پێکهاتەیەی ئاو و هەوایەیە و موسڵیش دەکەوێتە ناوچەی ئاودێری.

ئەگەر بکرێ دیجلە بە سنووری سروشتی هەرێمەکە دابنرێ ئەوسا دەوروبەری ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە کە دەکەوێتە بەری چەپی رووبارەکە و درێژدەبێتەوە بۆ پشت ئەویش، لە یەك ناوچەی خاوەن ئاکاری یەکگرتوو پێك نایێ، چونکە لە باشووری زێی بچووك پایینی شاخەکان دیارن و سروشتێکی دیاریان هەیە و ئەو چینە گەچە-میوسینیە-ی لێی پێکهاتووە زۆر بەرزو نزمی و لاری تێدایە و سێ زنجیرەی سەرەکیش هەیە لای پایینەکەوە کە لێك جیادەکرێنەوە

هەرچەندە زۆ بەرزیش نین بەڵام چۆڵ و سەختن و لە پێکهاتە و کۆمەڵەی {کونگولوموریت}ی شێوە جیاواز پێکدێ هەروەها لە پێکهاتەی کلسی و بەرد و قوڕ و ڕەنگیشیان جیاوازە لە نێوان بۆرو سوردایە. ئەم زنجیرانە رووتەنن-جرداء- تەنها دۆڵەکانیان بە کەڵکی کشتوکاڵ دێن و چیای حەمرینیش دوا دانەی ئەم زنجیرە بچووکانەیە کە بەرەو رۆژئاوا دەڕۆن، لێرەدا حەمرین لێی جیادەبێتەوەو بەرەو پێشەوە دەکشێ، دەشتەکەش روو دەکاتە رۆژهەڵات و لە نزیك زنجیرەی دووەم چەند بەشێ لە زەوییە تەختەکە روودەکەنە رۆژهەڵات و لەگەڵ زەوی دیکەی لەخۆی بە پیتتری کێڵراو تێکەڵ دەبێ، لێرەشدا عەرەب و تورك و کورد لەم دەشتانە و زەوییە بە پیتەکاندا نیشتەجێ بوون و ناوچەکانی باشووریش وشکتتر و گەرمترن بۆیە لە باشووری زێی بچووك گرنگی ئاودێری زۆر زیاد دەکا.

رەواڵەتی باکووری وڵاتەکە جۆرێکی دیکەیە، هێڵی لووتکەکانی باشوور و ئاوەڕۆی دیجلە لە یەك نزیك دەبنەوەو زنجیرە مەزنەکانی زاگرۆس لەگەڵ زنجیرەکانی تۆرۆسدا تێکەڵ دەبن و (مدرج)ی تەواو دروست دەکەن، سەرەتای پایینی چیاکان بەدرێژایی زنجیرە مەزنەکان و لە هەندێ شوێندا یەکەم رێزی (المدرج) پێکدەهێنن. بەڵام ئەو زنجیرانە کە لە دەشتەکەوە نزیکن وردە وردە دابەش دەبن تاکو دەبن بە چەند گردێکی لێك دابڕاو. ئەمەش ئەو گواستنەوەیەیە لە پایینەوە بەرەو دەشتە بەرزو نزمەکە-المتموج-. ئەم دەشتە کە لە چەند شوێنێکەوە زنجیرە چیای کەم و دابڕاو لە زنجیرەکانی دیکە دەیبڕێ، لە راستیدا وڵاتی کۆنی ئاشوورە، وڵاتێك کە بە سامانەکەی و پایتەختەکەی {نینوی=الموصل} و {نمرود} و {أربیلا=أربیل} ناوبانگی دەرکردبوو. وڵاتێك تا (القوش) و ئاکرێ درێژ دەبێتەوەو لە ناوەڕاستی ئەم زەوییەدا شاری موسڵی لێیە کە شارێکی ناوەندی و سنوورییە لە هەمان کاتدا. شارێکی ناوەندییە چونکە هەموو رێگاکان لە زاخۆ و ئامێدی و دهۆك و ئاکرێ و هەولێر و رەواندز و ئەو ناوچانەش کە دەوریان داوە، لەو شارەدا یەك دەگرنەوە. هەروەها شارێکی سنوورییە چونکە دەکەوێتە لێواری دەشتە بیابانییەکە لەگەڵ وڵاتی رەوەندەکان و نیشتەجێی سەربازە بە کرێگیراوەکانی پێشوو کە بەرەو رۆژئاوا ملیان دەنا بۆ پارێزگاری کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکە. شارێکی بازاڕیشە بۆ بەرهەمە ناوخۆیی و ئەو بەروبوومەی پێدا تێدەپەڕێ چونکە دەکەوێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵە رێگەییێکی گەورەی سەر زەوی (بری) و رێی ئاوی دیجلە و رێرەوەکانی بیابان.

گومانی تێدا نییە کە موسڵ بەشێکە لە خاکی دوو رووبارەکە بەڵام ئێمە کە لە دیجلە دەپەڕینەوەو بە دەشتاییە بەرزو نزمەکەدا دەڕۆین کە نزیکەی هەمووی کێڵراوە تا پایینی



شاخەکان، ئەوسا خاکی دوو رووبارەکە ئەکەوێتە پشتمان، هەرچەندە زەحمەتیشە خاڵی کۆتایی هاتنی زەوی دوو رووبارەکە دیاری بکرێ.

وڵاتە شاخاوییەکە سروشتێکی تەواو جیاوازی هەیە، لە نێوان زنجیرە چیا کە تا دێت بەرزدەبنەوەو پاشان دۆڵی درێژ کە زۆرجار ئەوەندە پان دەبن کە زنجیرەیەك حەوزی پان پێکدەهێنن، ئەم حەوزانە مێرگی سەوزی ئاوەدانن بە دانیشتووان. نەخشە ئەثنوگرافییەکەی ئێمە کە چڕی و دابەشبوونی دانیشتووان پیشان دەدا (نەخشەی ژمارە ٦) بە روونی رێزبەندی رێکی ناوچەکە پیشان دەدا، هەروەها ناوچەی شاخەکانیش دەبینین کە زۆر دانیشتووانی تێدایە و لە دەشتەکانیش زیاتر، بەتایبەتی ئەگەر شارە بازرگانییەکان لەو دەشتە دەربهێنین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئاو لە ناوچە شاخاوییەکاندا زۆرترە. ئەو شارانەی دەکەونە لێواری دەشتەکە یان لە سنووری مەڵبەندەکانیانن یان بە درێژایی (رێی سوڵتانی) بە تەنیشت دیجلەدا، ئەمانە مەڵبەندی بازرگانین نەك بۆ دەشتەکان بە تەنها بەڵکو بۆ ئەو شاخانەش کە دەوری دەشتەکەی داوە. بۆیە پەیوەندییەکی تەواو دەبینین لە نێوان دەشت و شاخدا کە گرنگترین هۆیە لە مێژووی وڵاتەکەدا.

پێشتر گوتمان کە دوو رەوی دانیشتووان هەیە، یەکێکیان لە شاخەوەیە و ئەوی دیکەیان لە بیابانەوەیە، بۆ ئەوەی روو بکەنە زەوییە بە پیتەکە بە درێژایی دیجلە، پێشتر نموونەمان بۆ ئەم رەوە هێنایەوە لە هاتنە خوارەوە هۆزە کوردەکان و هاتنی عەرەبی-شمر- لە خاکی نەجدەوە پێش نزیکەی دوو سەدە، لە واقیعشدا هەموو دانیشتووانی وڵاتی دوو رووبارەکە بەمجۆرە پەیدابوون. چونکە لە سەردەمە کۆنەکانەوە مێرگەکانی بیابانەکان و دۆڵە بە پیتەکانی شاخەکان سەرچاوەی مرۆڤ بوون لەوێ زیادیان دەکرد و فێری مەدەنیەت دەبوون و هەر لەوێشەوە، ئەگەر هەستیان بەهێزی خۆیان بکردایە روویان دەکردە ئەو زەویانەی بەپیتترن.

زۆرجاریش هێرشی داگیرکەران دووبارە بووەتەوە کە ناچار دەبوون ژمارەیان زۆر بکەن وەك هەوڵێك بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو دەشتانەوە هەر بەم هۆیەشەوە هێرش و کۆچی یەك لە دوا یەکیان دەکرد. لە چەند سەدەییێکدا مێژوو کۆچی سێیەمی بەردەوامی تۆمارکرد، ئەمیش کۆچی داگیرکەرەکان بوو کە لە دەرەوە دەهاتن وەك ئاشوورییەکان و بابلییەکان و ئارامی و موسڵمان و سەلجوقی و فارس و مەغۆل و عوسمانییەکان کە بە رێگەی سوڵتانیدا و بە درێژایی دیجلە بەرەو خوار هاتن. لەم بەشەی وڵاتدا کە لە هەمووی بە پیتترە، هەرسێ شەپۆلە ئادەمییە مەزنەکە بەیەك دەگەیشتن و هەندێ جاریش تێکەڵ یەکدی دەبوون جاروبار بە

ئاشتی و جاری دیکەش یە ململانێی تووندوتیژ، بۆیە هۆزو شار و گەل لەناو دەچوون و نەدەمان، ئەوەی دەمایەوە لە دانیشتووان یان میللەتە سەرکەوتووەکان دەیانتواندنەوە، یانیش پەنایان دەبردە بەر شاخەکان، هەندێ جاریش ئەو کەمایەتییەی دەمانەوە ژیانیان بە بێدەنگی و نهێنی دەبردە سەر و داب و نەریت و شێوازی ژیانی دراوسێکانیان پەیڕەو دەکرد.

بە درێژایی رێگا دەرەکییەکان، کە دەشتە بە پیتەکان دەبڕن، مرۆڤ تێکەڵەییێك لە دانیشتووان دەبینێ، میللەت دەردەکەون و تێکەڵ دەبن و پەیڕەوی یاسای هاوکاری دەکەن و ملکەچی شێوازێکی نوێی ژیان دەبن وەك کوردەکان، چونکە ئەمان لە شاخەکانەوە دێنە خوارەوە دوای ئەوەی بایەخیان بە کشتوکاڵدا و پەیوەندییە عەشایەرییەکانیان لاوازبوو بەهۆی ئەو گۆڕانەی بەسەر ژیانیاندا هات، یانیش دێنە دەشتەکان و لەگەڵ دانیشتووانی ئەوێ تێکەڵ دەبن لە شاخ و دۆڵە دابڕاوەکان دوور دەکەونەوەو لە بازنەی دەسەڵاتی ئیدارەی ناوەندی نزیك دەبنەوە کە دەیەوێ سیستەمە هۆزایەتییەکەی تێك بشکێنێ و بیکا بە جووتیار ئەم جیابوونەوەیە لەگەڵ لەناوبردنی سیستەمی هۆزایەتی یەکجارەکی دەبێ، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا کوردەکان رەگەزی بەهێزن لە وڵاتدا، وەك پێشتر گوتمان و بەردەوامن لە داگیرکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بە کورد کردنی-تکرید- ژمارەیەك لە شارەکان. هەروەها عەرەبەکانیش وەك ئەمان پێش چەند سەدەییێك هاتن بەرەو دەشتەکان و بەدرێژایی هەردوو رۆخی رووبارەکە دەستیان بە کشتوکاڵ و شار دروستکردن و بازرگانی کردن کرد، بۆیە گەورە بازرگانەکانی موسڵ عەرەبن. ئەو خەلیفانەی لە باشوورەوە هاتن بۆ ناوچەکە، ئەوان موسڵیان دروست کرد و کاریگەریی ئەوانیش لە بە عەرەب کردنی موسڵ زۆر زیاتر بوو لە کاریگەریی رەوەندە عەرەبەکانی بیابان.

جەنگ پاڵی بە تورکەکانەوە نا بێنە ناوچەکە، چونکە ئەوان خۆیان تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی خەلیفەکان کە لە دواییدا بوون بە سەرکردەیان، ماوەییێك ناچارکران مەیدان بۆ مەغۆڵ و فارسەکان چۆل بکەن، بەڵام هاتنەوەو بوونە گەورەی وڵاتەکە. قەت خۆیان لە قەرەی بازرگانی نەدەدا چونکە ئەوان هەر خەریکی بەڕێوەبردن-ادارە- بوون و دەستیشیان گرت بەسەر رێگەی سوڵتانیدا کە یەکێك بوو لە گەورەترین شادەمارەکانی ئیمپراتۆریەت. لە نێو ئەم تورکانەدا چینێکی ئەرستۆکراتی لە سەرباز و ئیدارییەکان دروست بوو، هەروەها خاوەن موڵکی زەویش کە کورد و عەرەبیان تێدا بەکاردەهێنا بۆ بەرهەم هێنان.



ئێمە لە بەشی شیکردنەوەی ئەم راپۆرتەدا چۆنیەتی تێکەڵ بوونی هەرسێ نەتەوەمان روون کردبووەوە، هەروەها چۆن ئەم تێکەڵ بوونەش لەسەرخۆ و بە (تدریج) رووی دەدا. مەسیحییەکان لەم وڵاتەدا پێش تورك و عەرەب نیشتەجێ بووبوون، ئیسلامیش لەو رۆژەوەی کە پەیدا بوو دەستی کرد بە لەناوبردنی هەندێکیان و بە ئیسلام کردنی هەندێکیان و پاڵیشی بە هەندێکی دیکەوە تا روو بکەنە شاخەکان. ئێزدییەکانیش ئەو تایەفەی کە خاوەن ئایینێکی سەیرن و دوو کۆمەڵن و لەوانەشە هەریەکێکیان لە بنەچەیەکی رەگەزیی جیاوازەوە پەیدابووبێ، ئەوانیش ناچارکران روو بکەنە ناوچە شاخاوییە عاسییەکان. لە هەموو شوێنێکدا پاشماوەی دانیشتووان و ئایین دەبینی کە بلاوبوونەتەوە بە کۆمەڵی بچووك لەسەر ئەو دەشتە وەك شەبەك و کاکەیی و (الصارلی)، ئەمانەی زمانە نهێنی و بیروباوەڕە (ناڕوون-غامض-)ەکەی خۆیان لە خەڵکی غەریب دەشارنەوە.

ئەمە ئەنجامی چوار هەزار ساڵە لە لێکدان و تێکەڵ بوونی رەگەزی. لە چیاکاندا لەوەڕگای باش و دۆڵی بە پیت هەیە، دانیشتووان لە گوندەکاندا دەژین و شێوازێکی ناوخۆیی ئاودێری لەو دۆڵانەدا بەکاردەهێنن، جۆگە لە ئاودێریش بەکاردەهێنن بۆ ئیش پێکردنی (الرحی-ئاشە-) ئاوییەکان. ئەمانە مانگاو گاو گۆل بەخێو دەکەن و رووەدەکەنە زەوییە لەوەڕگاکانی دراوسێیان، مەڕێکی زۆریش بەخێودەکەن و لەم لەوەڕگا بۆ ئەو لەوەڕگای دەبەن.

پێشتر ئاماژەمان بە جیاوازیی نێوان کۆچەری کورد و رەوەندی عەرەب کرد. لە شاخەکاندا هۆزە کۆچەرییەکان دەتوانن نیشتەجێ بن، لە واقیعیشدا ئێستا هەموو کوردەکان خانووی نەگۆڕ-ثابت-یان هەیە و زۆر لەم هۆزانەش چەند سەدەیێکە نیشتەجێ بوون. بەڵام بیابان کە لەوەڕگاکانی مەعلوم نین و گۆڕانەکانی ئاو و هەوا کاریان تێدەکەن، زەویی ئاسایی رەوەندەکانە و دانیشتووان ناتوانن شوێنێکی تیا بدۆزنەوەو تیایدا هەمیشە بژین تەنها بە درێژایی رۆخی رووبارەکان و لەلاپاڵەکانی چیای شەنگاردا نەبێ.

کشتوکاڵ لە باشووری دەشتەکەدا بە ئاودێری دەکرێ، بەڵام ئەم شێوازە لە باکووردا پێویست نییە، ئەو رێ و شوێنەی لە کشتوکاڵدا بەکار دەهێنرێن هەروەها ئامێرەکانی کشتوکاڵیش بەتایبەتی (المحراث) زۆر سەرەتایین، دانیشتووان هەر ئەوەندەیان لەسەرە کەمێ زەوییەکە هەڵدڕن، ئەم شێوازەش باشترە، چونکە لەژێر خاکەکە-التربە- چینی گەچ و خۆی هەیە کە زۆر لەڕووی زەوییەوە نزیکە و لەوە زیاتریش رێ نادا زەوی هەڵکەنرێ. هەروەها لە دەشتەکانیشدا خەڵکەکە بە پلەی یەکەم بۆ خۆ پاراستن لەم گوندانەدا دەژین، بەتایبەتی لە

دەشتی هەولێر کە هەندێ تەپۆڵکەی لێیە هەندێکیان سروشتین و لە بەرد یان لە چینی رەق پێکهاتوون کە هەندێ جار لەسەر رووی زەوی بەرزدەبنەوە، هەندێ جاری دیکەش گردی دەستکردیش کەم و زۆر دەبینرێ. لەسەر ئەم گردانە مرۆڤ لە سەردەمەکانی پێش زایینەوە ماڵیان دروست کردووە لەگەڵ دیوەخانەی سەرکردەکان و قەڵاکانیان. ئەم قەڵایانە بە خانووی خەڵکەکە کە لە لاپاڵی گردەکەیان لە دەوری بیناکراون دەورە دراون. ئەو گوندانەش بە زۆری کەمێ لەولا رێی سوڵتانییەوە دروست کراون بۆ ئەوەی جووتیارەکان و هۆزەکان خۆیان لەو دزی و تالانییە بپارێزن کە یەکە سەربازییەکان دەیکەن پێشتر باسی مەسەلەی شوێنی شارەکانمان کرد. زاخۆ دەکەوێتە شوێنی بەیەکگەیشتنی دۆڵی گەورەی خابوور لەگەڵ ئەو رێگەیەی کە لە باشوورەوە نزیك رێگەکەی{گزینفون} دەبێتەوە کە دە هەزار سەربازەکەی تووشی هێرش کردنە سەریان بوون کە تا بەرەو باکوور برۆین ناخۆش و زەحمەت دەبێ بەڵام هەر بە کەڵکی هاتووچۆ دێ. رێگاییێکی دیکە هەیە لەم خاڵەوە دەست پێدەکاو روو لە باشوور دەکا. دهۆك دەکەوێتە ناو چاڵاییەك کە هەر لە دۆڵ دەکا و ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی ئەو رێگەیەیە کە باسمان کرد لەگەڵ رێی سوڵتانیدا. بە درێژایی هێڵی کۆتایی لێوارەکان قەڵای کۆنی زۆری لێیە وەك (دیرە) و گوندی گەورەی وەك (ألقوش) کە خانووە بەردینە بۆرەکانی دەنووسێت بەلا پاڵە کلسیە بۆرەکەی شاخەکەوە. شاری بچکۆڵەشی وەك ئاکرێی تێدایە.

هەولێر دەکەوێتە ناوەڕاستی دەشتە ناوەندییەکەی وڵاتی کۆنی ئاشوور و لەسەر گردێکی خڕی دیمەن جوان بنیات نراوە، لەژێر ئەو قەڵایەدا کە چەند چینێکی نیشتەنی یەك لەسەر یەکن پاشماوەی چوار هەزار ساڵ لە شارستانیە جیاوازەکان هەیە. بەرەو باشووریش زنجیرە شارۆچکەیەك درێژ دەبێتەوە کە تا ئێستا شێوازی (أثنولۆجی)یان جێی مشت و مڕە. لە شوێنێکی ئەو رێگەیەدا هەردوو لقی زێی بچووك لە یەك دادەبڕن و پردێش لەسەر دوورگەییێکی بەردی رەق دروست کراو کە لە رێڕەوی ئاوەکە بەرزترە. لە دەربەندێکدا رێی سوڵتانی لێ دێتەدەر، ئەو دەربەندە چوار دەوری بە بەرزایی رووتەن دەورە دراوە و لە باشووری زێی بچووك شاری کەرکووی لێیە کە گەورەترین شاری ئەو کۆمەڵەیەیە. لە باشووری کەرکووکیش چەند شارۆچکەییێکی بچووك یەك بە دوا یەکدا دێن {تازە خورماتوو، طاووق، طوز خورماتوو، کفری} کە دەکەونە بە پیتترین بەشەکانی ئەم ناوچەیەوە، لەو شوێنەدا چەند زەوییەکی کشتوکاڵی دەبینرێن کە وەك شریت بە قوڵایی دەشتەکاندا درێژ دەبنەوە.



لە ناوچە شاخاوییەکەدا شارەکانی {سلێمانی و رەوازندز و کۆیە و رانییە} هەیە، رێگاییێکیش هەیە لە موسڵەوە بەرەو ئێران کە بە سلێمانیدا تێدەپەڕێ. سلێمانیش گەورەترین شاری ناوچەییێکی فراوانی کشتوکاڵییە. ئەم شارە بەهۆی شوێنەکەیەوە دەکرێ بە مەڵبەندی رۆشنبیری ئەو کوردانە دابنرێ کە لە باشووری ناوچەی کێشە لەسەردا دەژین.

هەریەك لە رەواندز و کۆیە و رانییەش مەڵبەندی ناوچەییێکی نیشتەنی رەواڵەت روون و دانیشتووان چڕن، هەروەها وەك بازاڕیشن بۆیان. رێگاییێکی دیکە هەیە بەرەو ئێران کە بە رەواندزدا تێدەپەڕێ بەڵام زۆر بەکارناییێت پێشتر باسی گرنگی (موسڵ)مان کرد، چونکە گەورەترین شاری ئەو ناوچەیەیە کە کێشەی لەسەرە و دانیشتووانی خۆیان لە سەد هەزار کەس دەدەن، بۆیە ئەم شارە لە هەموو شارەکانی دیکەی ئاماژەپێکراو گرنگترە.

جاران کەرکوك کە ژمارەی دانیشتووانی لە بیست هەزار نزیك دەبێتەوە لەوان گەورەتر بوو، هەموو شارۆچکەکانی دیکە بازاڕی ناوخۆیین و بەروبوومەکانی خۆیان دەنێرنە بازاڕە گەورەکانی شارە ناوەندییەکان بۆ دابەشکردن. موسڵ لە هەموو بازاڕەکان زیاتر رووی تێدەکرێ لەلایەن دانیشتووانی ئەو دەشتە بە پیتەی دەوری داوەو ململانێ لەگەڵ بەغدادا دەکات لە مەسەلەی بوونی بە کۆگای سەرەکی وڵات. کاریگەریی ئابووری موسڵ لە باکوور تا بەرەو باشوور برۆین کەم دەبێتەوە، بۆ ئەوەی رێ خۆش بکا بۆ کاریگەریی بەغدا.

## (٤)

## ئەنجامە جوگرافییەکان ((أستنتاجات جغرافية))

**أ- مەسەلە گشتییەکان:**

ئەو زەویەی کێشەی لەسەرە و دەکەوێتە باشووری هێڵی (بروکسل) پێوانەکەی نزیکەی ٨٧٨٩٠ کیلۆمەتر دووجایە و ژمارەی دانیشتووانیشی لە هەشت سەد هەزار کەس زیاترە. پێوانەی ئەو زەویەی دەکەوێتە نێوان {هێڵی برۆکسل} و سنووری دوری باکوور کە حکوومەتی بەریتانیا داوای دەکا نزیکەی {٣٥٠٠کم$^{2}$}. سنووری ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە نزیکەی هەمان سنووری ویلایەتی موسڵی پێشووە.

کێشەکە لەسەر بڕیاری کۆتایی خاوەنداریەتی-ملکیە- ئەم ویلایەتە وەك حکوومەتی تورکی دەڵێ پشت بەوە دەبەستێ کە ئەو سنوورەی تورکیا داوای دەکا دەکەوێتە شوێنێکی پشتەوەی سنووری ویلایەتی پێشوو پێویستە بگوترێ کە ئەم مەسەلەیەی دەبێ یەکلایی بکرێتەوە تەنها مەسەلەی دیاری کردنی هێڵی سنوور نییە وەك حکوومەتی بەریتانی دەڵێ، بەڵکو دیاری کردنی چارەنووسی وڵاتێکی فراوان و ژمارەییێکی گەورەو زۆری دانیشتووانیشە.

**ب- لە دیدو بۆچوونی تۆپۆگرافیەتی سنوورەوە:**

ئەو سنوورەی حکوومەتی بەریتانیا داوای دەکا سنوورێکی زۆر باشە لەڕووی تۆپۆگرافییەوە، ئەو بەشەی سنووریش کە حکوومەتی تورکیا داوای دەکا ئەویش هەر زۆر باشە چونکە دۆڵی (الثرثار) لە ناوچەی بیاباندا دەبێ بە سنوورێك کە زۆر باش دیار و بینراو دەبێ، لە هەمان کاتیشدا لەوانەیە هەردوو چیای مەکحول و حەمرین هێڵێکی جیاکەرەوەی لێك دانە بڕاوی رەواڵەت روون پێکبهێنین. لەوە دوورتر، بەرەو باشوور کە چیای حەمرین ناوچەی بە پیتی کفری لە ناوچەی یەعقوبە جیادەکاتەوە، لێرەدا سنوورێکی باش پێك ناهێنێ. رەنگە رووباری دیالە وەك هێڵێکی سنوور خراپ نەبێ.

بەرەو باکوور ئەو سنوورەی کە حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردبوو تاکە سنووری باش نییە، چونکە هەر کام لەو زنجیرە شاخانەی دوای ئەو دێن بە کەڵکی سنوور دێن. بەجۆرە (هێڵی



بروکسل) و ئەو زنجیرانەی لە باشووری هێڵی (زاخۆ-ئامێدی-نەیری) درێژ دەبنەوە، ئەمانەش بە کەڵکی سنوور دێن، ئەگەر بەرەو باشوریش بڕۆین دەتوانین لە هەموو ئەو لوتکانەی لەوێن هێڵی سنوور دابنێین. دوا شت کە دەتوانین وەك سنوور بەکاری بێنین لەو زنجیرانە لەوانەیە پایینی شاخەکان بێ کە لە رۆژئاواوە درێژ دەبێتەوە بەرەو رۆژهەڵات و دهۆك لە بەری باکوور و (القوش) و ئاکرێ لە بەری باشوور بەجێدێڵێ، بەلام ئەم هێڵە چەند رێگاییێکی هاتوچۆ دەبڕێ بۆیە هەموو بەشە بەرزەکانی وڵات لێك جیادەکاتەوە. لە باشووری رۆژئاوا دەکرێ سنووری چیای حەمرین بەرەو دواوە ببرێ واتە بۆ لای ئەو هێڵەی دەشتەکان دەبڕێ تا نزیکەی پەنجا کیلۆمەتر لە باشووری موسڵ، لەو شوێنەی زەوییە کشتوکاڵیەکە دەست پێدەکا لە بەشی ناوەوەی وڵاتەکەدا دەتوانرێ سێ رووبارە گەورەکە (دیجلە و زێی گەورە و زێی بچووك) وەك هێڵی جیاکەرەوە بەکاربهێنرێن.

**ج- لە دیدو بۆچوونی جوگرافیای هەرێمییەوە:**

ئەگەر ئەو زەویەی کێشەی لەسەرە هەرێمێکی سروشتی جیاواز پێك نەهێنێ، بەڵام هەرچۆنێ بێت یەکیەتییەك پێکدەهێنێ. شێوازە باشەکە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە جیاوازی لە نێوان بارودۆخی ئاو و هەوا و جوگرافی ئەم ناوچەیە لەگەڵ هەمان بارودۆخی ئەو ناوچانەی لە دەوروبەریدان، هەیە یان بە واتاییێکی دیکە ئەو شێوازە باشە ناگەڕێتەوە بۆ بایەخی جوگرافی سنوورەکە و بەرزی و نزمی خاکەکەی کە شێوازی زەوییەکەی لە قالدرمە دچێ-مدرج- {دەشت پاشان گرد پاشان شاخ}، ئەو باشییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم زەوییە هەرێمێکی گواستنەوەیە-إقلیم إنتقالي- و تیایدا دەشتە تەخت و وشکەکەی-عەرەب- لەگەڵ چیاکانی کورددا کە ئاویان زۆرترەو کشتوکاڵیان چڕترە، بە یەك دەگەن. ئەو جیاوازییە لە هەموو ئەو شریتە زەوییەدا دەبینرێ کە دەکەوێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی دەشتەکە لەگەڵ ئەو چیایانەی کەوانەییێك دروست دەکەن لە باکووری سووریاوە (چیای ئەمانۆس) تا کەنداوی فارس.

ئەو زەویەی کێشەی لەسەرە هەموو بەشە ناوەندییەکەی ئەم شریتە دەگرێتەوەو ناتوانرێ لە ناوچەکانی دەوروبەر لە رۆژئاواو باشوور بە ئاسانی جیابکرێتەوە چونکە بەشی باکووری کە موسڵ ناوەندیەتی پەیوەندیی هاوشێوەی لەگەڵ {نصیبین و ماردین و دیاربکر و أورفە}دا هەیە لەکاتێکدا لە باشوورەوە زیاتر لە عیراق و لوڕستانی ئێرانی دەچێ. بەم پێیە ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە هەرێمێکی گواستنەوەیە لە دوو سەرەوە، لەلاییێکەوە شاخەکان لەگەڵ دەشتەکاندا

پێکدەگەن، لەلایێکی دیکەوە ناوچەی ڕۆژئاوای (سوریا و أرمینیا) لەگەڵ ناوچەی باشووری ڕۆژئاوا (عیراق و لوڕستان) پێکدەگەن. ڕەنگە دیجلە باشترین سنوور بێ لە نێوان شاخەکان و دەشتەکاندا بەڵام هێڵێکی سنوور بەدرێژایی دیجلە ئەو پشت بە یەکتر بەستنە لەناو دەبا کە لە نێوان موسڵ و ناوچە بە پیتەکانی دەوروبەر و نێوان باکووری ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژهەڵاتدا هەیە و لەوانەشە هێڵی دابەشکردن لە نێوان ناوچەی هەولێر و کەرکووکدا وێنە بکێشرێ.

گومانیشی تێدا نییە کە زێی بچووك باشترین هێڵە، جگە لەوەش کە ئەو هێڵە بوو لە ڕێککەوتننامەی (سایکس-بیکو)دا وێنەی کێشرابوو. بەڵام لە زێی گەورەدا ئەم ئاکارانە- میزات- نییە چونکە ئەو هێڵی دابەشکردن لە نێوان زەوی لە یەك جیا دروست ناکا بە پێچەوانەوە ئەو بە بەپیتترین و چڕترین ناوچەدا تێدەپەڕێ، ئەگەر خاك بێ و ئەگەر خەڵك. لەگەڵ ئەوەش دەکرێ زەوییەکە دابەش بکرێ، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد وەك یەکیەتییەکی تەواو دێتە بەرچاو کە لە زۆربەی لایەکانیدا سنووری سروشتی تێدایە. جگە لە دۆڵی دیجلە لە باکووری ڕۆژهەڵات و دەشتی بە پیتی دیالە لە باشوور چیدیکە نییە بە ناوچە ئاوەدانەکانییەوەی ببەستێتەوە (نەخشەی ژمارە ٧).

ڕواڵەتێکی زەق هەیە بۆ یەکیەتی ناوچەکە ئەویش بەیەکگەیشتنی هەموو ڕێگاکانە لە موسڵ، بەتایبەتی ڕێگاکانی بەشی باکووری وڵات، کە بەرەو باشووریش بڕۆین ڕێگەکان بە زۆری لە بەغدا یەکدەگرن.

ئەم جیاوازییە جوگرافییە بڕیاری لەسەر مێژووی وڵاتەکە داوە، ئەم وڵاتە ناوێکی تایبەتی نەبوو تەنها لەسەردەمە زۆر کۆنەکاندا نەبێ کاتێ کە مەڵبەندی ئیمپڕاتۆریەتی ئاشووری بووە، لە زۆر نەخشەشدا هیچ ناوێکی بۆ نادۆزینەوە.

ئەم زەوییە بەشێکی یان هەمووی بە یەکێ لە وڵاتەکانی دراوسێیەوە، لەبەر پێویستی ئیداری، بەستراوەتەوە، ئەوەیە هەندێ جار بەستراوەتەوە بە دیاربەکرەوە، جارێکی دیکە سەر بە بەغدابووە. لەو بەڵگەنامانەی ئێمە تەماشامان کرد بۆمان ڕوون بووەوە کە زۆرجار بەستراوە بە ناوچەی- الجزیرە-وە، یان بە کوردستان یان بە عیراقەوە. بەم جۆرە لە دوو تۆی مێژووی کۆنەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەکرێ بە وڵاتێکی دراوسێووە ببەسترێتەوە هەروەها دەشکرێ لەت بکرێ.



(٥)

## ئەنجامە ئەتنوگرافییەکان (الاستنتاجات الاثنوغرافية)

ئەو سەرژمێری و نەخشانەی لایەنە بەشداربووەکانی لۆزان خستیانە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵ قەت ورد نەبوو، تەنانەت دوا سەرژمێریش کە حکوومەتی عیراق کردی هەرچەندە لەوان باشتر بوو، بەڵام ئەمیش وردنەبوو بۆیە دەبایە زۆر بە ئاگاوە بەکاربهێنرێ. حکوومەتی بەریتانی دەڵێ ژمارەی کوردەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا تاڕادەیەك زیادەڕۆیی تێداکراوە ئێمەش لای خۆمانەوە دەڵێین ژمارەی عەرەبیش کەمێ زیادەڕۆیی تێدا کراوە (لە نێوان سەدا پێنج و سەدا دە) بە پێچەوانەی ئەمەوە ژمارەی توورکەکان کەمتر دانراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی گشتی سیاسەت و هۆی تایبەت بە کەسەکان. کورد زۆربەی دانیشتووان پێك دەهێنن، ئەمانە نە تورکن و نە عەرەب، زمانەکەیان زمانێکی ئارییە، بە پێچەوانەی ئەمانەوە توورکەکان لە نەتەوەی دانیشتووانی کۆماری تورکیان، ئێزدییەکان موسڵمان نین، بەڵام کوردن و لە تایەفەییێکی تەواو جیاوازن ئەمەش بەهۆی گۆشەگیری و ئایینەکەیانەوەیە تاقە کۆمەڵەییێك کە لەناوچەی پان و فراواندا دەژی کوردو عەرەبەکانن کە دوو ڕەگەزن دەکرێ دابەشبوونیان لەبەرچاو بگیرێ ئەگەر بمانەوێ هێڵێك دابنێین دوو نەتەوەی جیاواز لێك جیا بکاتەوە. ئەم هێڵەش لەگەڵ دیجلەدا بەرەو خوار دەڕوا تا بە زێی بچووك دەگا، موسڵ لە بەشەکانی ناوەوە کە بە پیتە و دانیشتووانی چڕە جیادەکاتەوە، پاشان ڕێی کەرکووك کفری لە خوارووی زێ.

هەموو نەتەوەکانی دیکە لە وڵاتەکەدا پەرت و بڵاون. هیچ شتێ نییە سنووری نەتەوەیی پێك بهێنێ، نە ئەو سنوورە سیاسییەی دەکەوێتە نێوان زەویی کێشە لەسەر و ئێران و سووریا نە ئەم سنوورەی ئێستاش-یان ئەو سنوورەی داوا دەکرێ- لە نێوان هەرێمە کێشە لەسەرەکە و تورکیا و عیراق.

ئەگەر تەنها بەڵگەی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرین، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لەوە زیاتر هیچ نییە ئەویش دروست کردنی، دەوڵەتێکی سەربەخۆییە بۆ کورد چونکە کوردەکان پێنج لەسەر هەشتی دانیشتووان پێکدەهێنن. بێ لەمەش ئەگەر ئەم چارەسەرە هەڵبژێرین، دەبێ ئێزدییەکان کە لە ڕووی ڕەگەزەوە زۆر لە کورد دەکەن، هەروەها تورکەکانیش کە ئاسانە کوردەکان لەگەڵیاندا بژین، ئەمانە دەبێ لەگەڵ کوردەکاندا حساب بکرێن، کە ژمارەیان دەخەملێنرێ، ئەوسا بە هەموویان حەوت لەسەر دەی کۆی دانیشتووان پێك دەهێنن.

زۆربەی گەلی کورد (ملیۆن و نیوێك لە کۆی سێ ملیۆنی دانیشتووان) لە تورکیا دەژین و حەوت سەد هەزار لە ئێران و پێنج سەد هەزاریش لەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە، هەروەها برێکیش لە سووریا. لە عیراقیش ژمارەیان ئەوەندە نییە بەگوێرەی کۆی گشتی دانیشتووان لەو کوردانەی کە لەناوچەی کێشە لەسەردا دەژین، ئەوانەی لە باکووری زێی گەورەدا دەژین زیاتر پەیوەستن بە کوردەکانی هەردوو ویلایەتی هەکاری و ماردین لە تورکیا لەڕووی شێوەزار و خزمایەتی و پەیوەندییە ئابووری و کەسییەکانیش.

لەکاتێکدا ئەوانەی لە باشووری زێی بچووکی خوارووەدا دەژین لە کوردەکانی ئێرانەوە نزیکن. زەحمەتیشە هێڵێکی سنووری لەسەر زەویی نێوان دوو رووبارەکە بکێشرێ

دەتوانین کێشە و زەحمەتییە ئەثنوگرافییەکان لە مانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

أ- ئەو شارانەی زۆربەی دانیشتووانی تورکن یان کەمایەتییەکی گەورەی توورکی تێدایە دەکەوێتە بەشی باشووری ناوچەکە واتە لە عیراقەوە نزیکترن، لەکاتێکدا موسڵ کە شارێکی عەرەبییە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەشی باکوور.

ب- تەنها خاڵی بەیەکگەیشتنی شاری موسڵ و زەوییەکانی دیکە کە عەرەبی تێدا نیشتەجێن، بە پلەی یەکەم خاکێکی کوردییە، ئەمە جگە لەوەی لەمبەر و ئەوبەریەوە شارۆچکەی توورکی و کوردی هەیە.

ج- مەسیحییەکان پەرت و بڵاون بەڵام بە زۆری لە موسڵدا دەژین.

د- وڵاتی کوردان (واتە بەشی رۆژهەڵاتی وڵاتەکە) لە رێی دیجلەوە نەبێ هیچ شتێ بە باکوورییەوە نابەستێتەوە ناوچەی رەواندزیش لەڕێی هەولێرەوە نەبێ ناتوانی بیگەیتێ، ناوچەی سلێمانیش لەڕێی کەرکووکەوە دەیگەیتێ.



# فەسڵی دووەم

# بەڵگە مێژووییەکان

## ١- بەڵگەکانی بەریتانیا و تورکیا:

مەسەلە مێژووییەکان، تەنانەت پێش ئاڵوگۆڕکردنی یادداشتە یەکەمینەکان، بابەتی کێشە و مشتومڕ بوو لە نێوان نوێنەرەکان لە (لۆزان).

((نوێنەری بەریتانی لە یادداشتەکەیدا دەڵێ تورکیا کە دەڵێ موسڵ بۆ ماوەیەکی مێژوویی درێژ بەشێك بووە لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، هیچ بەڵگەییێکی بەدەستەوە نییە ئەمە بسەلمێنێ، ئەمە بۆ بەغداش راستە، چونکە هەردوو شارەکە عەرەبن و عەرەب دروستی کردوون و هەردووکیشیان رەواڵەتی عەرەبی خۆیان پاراستووە باماوەییێکی درێژیش بەشێك بووین لە ئیمپڕاتۆریەتی تورکی، پەیوەندیی بەهێزی نێوان موسڵ و بەغدا تورکەکان خۆیان دانی پێدادەنێن تا ئەو رادەیەی بڵێین ویلایەتی موسڵ جاران بەشێ بووە لە (پاشویە-پشالق-)ی بەغدا. کردنی موسڵ بە ویلایەتێکی سەربەخۆی بە ئەستەنبولەوە بەستراو کاتێ خۆی لەبەر پێویستییە ئیدارییەکان وای لێکرا. حکوومەتی بەریتانیا بەردەوام دەبێ و دەڵێ ئەو بەڵگانەی لە مێژووەوە وەرگیراون بۆ هەر بەشێکی بمانەوێ لە بەشەکانی ئیمپڕاتۆریەتی پێشووی تورکی دەکرێ بەکاربهێنرێ)).

حکوومەتی تورکیا وەڵامی دایەوە کە هۆیە مێژووییەکان ئەوانەی دەکرێ بۆ بەدیهێنانی دووبارە گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ تورکیا، تەنها پشت بەسەردەمی حوکمی عوسمانی نابەستن، چونکە ئەگەر ئەمەمان مەبەست بووایە هەمان شت و بە هەمان تووندی بۆ ویلایەتی بەغداش راستە، ویلایەتی موسڵ و ناوچەکانی باکووری سنووری بەغدا بۆ زیاتر لە یازدە سەدە بەدەست تورکەوە بووە. یادداشتە تورکیەکە دەڵێ ئەم وڵاتە لە سەردەمی خەلیفەکانی عەبباسییەوە بەدەست حاکمە تورکەکانەوە بووەو لەژێر دەسەڵاتی سوپای تورك و بەدەست دانیشتووانە تورکەکانەوە بووە.

ئەم تورکانە سەربەخۆییان هەبووە بە کەمینیان (إیتاخ: ٢٢٩ك=٨٣٦ز)[١] بوو، لە خەلیفەکانیان- عمادالدین زەنگی- ی کوڕی-اق سقر- دامەزرێنەی دەوڵەتی الاتابکە)ی تورکی لە موسڵ، چەند دەوڵەتێکی دیکەی تورکی هەبوو کەسانێ لە بنەماڵەی ئەم پاشایانە حوکمیان کردووە لە شەنگار و- الجزیرە- پاشان بنەماڵەی-الارتقیە-[٢] چەند دەوڵەتێکی تورکی دامەزراند کە پایتەختەکانیان (موسڵ و جزیرە و ماردین) بوون. (غازی خان) کە لە هەمان بنەماڵەیە سەلیبییەکانی لە تەلەعفەر تێکشکاند و شارۆچکە (تکلیف)یش یەکێك بوو لە قەلاکانی (الأرتقیین). لەو وڵاتەشدا ژمارەیەکی زۆر پاشماوەی هونەری و بینای گشتی کە ئەم پاشایانە دوای خۆیان بەجێیان هێشت هەیە. پاشان تورکە سەلجوقییەکان موسڵیان داگیرکرد و کردیان بە مەڵبەندێکی پێشکەوتووی ژیار-حضارة- دوای تورکە سەلجوقییەکان یەکسەر تورکە عوسمانییەکان حوکمی ئەم وڵاتەیان کرد.

(١) ساڵە زایینییەکە ئێمە خستمانە سەری. سەیرەکە لەوەدایە کە بەڵگەنامە تورکییەکە باسی (إیتاخ) دەکا بێ ئەوەی باسی کۆمەڵێکی زۆری دیکەی گەورە لە فەرمانبەر و سەرکردە تورکە گەورەکان کە لای خەلیفە عەبباسییەکان لەپێش بوون و کردیانن بە سەرکردەی لەشکر و (الایالات) یان دانێ، (ابن الأثیر) لە (الکامل) و سەرچاوەی دیکەش دەڵێ ئەم (إیتاخ)ە چێشت کەربووە لەلای خەلیفە-المعتصم-(٨٣٣-٨٤٢ز)، زۆریش لێوەی نزیك بووەو هەندێ ئیشی گەورەی پێ سپاردبوو، لەوانە فەرماندەیی ئەو سوپایەی بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشی کوردەکان لە چیای (داسن) ڕەوانەی کرد. (أبن الأثیر) دەڵی ((-إیتاخ- زۆری لە کوردەکان کوشت و ماڵی تالان کردن و ژن و منداڵ و دیل و ماڵ موڵکیانی هێنایە تکریت-ئەمە لە ساڵی ٨٣٨دا بوو- (المتوکل) بڕیاریدا بکوژرێ، ئاویان لێ بڕی تا لە تینویەتیا ساڵی ٨٥١ مرد.

(٢) (الأتابك عمادالدین الزنگی)-ت١١٤٦- دامەزرێنەری بنەماڵەی زەنگیە و یەکێکە لە میرە مەزنەکانی سەلجوق حاکمی موسڵ (١١٢٧) و حوکمی (واسط و بصرە و جزیرە ابن عمر و نصیبیین و سنجار و حران)ی کردووەو (حلب و حماە)ی لە ساڵی ١١٢٩ داگیرکردووە. لەکاتی هێرشێکدا بۆ سەر قەڵای-جعبر- لە عیراق کوژراوە. (الارتقیون)یش بنەماڵەیێکی تورکمانن لە نێوان سەدەی دوازدە و پازدەی زایینیدا حوکمی دیاربەکریان کردووە یەکەم حاکمیان دامەزرێنەری بنەماڵەمە (أرتق) بوو کە حوکمی قودسی کردووە. بەناوبانگترینیان (نورالدین محمد أرتق)ە کە یەکێك بووە لە هاوپەیمانانی (صلاح الدین الایوبی)، مەبەست لێرە (إیلغازی نجم الدین إبن أرتق-ت١١٥١-) حاکمی ماردین بۆ ماوەیەك و بەغداش بۆ ماوەیەك قودس بە موڵکی خۆی و براکەی-سگمان- بوو تا میسریەکان لە ساڵی ١٠٩٥ز دەریان کردن.



ئەو زەوییەی دەکەوێتە نێوان بەغدا و باشووری (ویلایەتی موسڵ)ی ئێستا لە کتێبە کۆنەکانی مێژوودا بەناوی (تترستان) وەسف کراوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هۆزێکی تورکی تێدا نیشتەجێ بووەو ناوی دۆڵی (الثرثار) ئاماژە بەم ناوە دەکا.

یادداشتە بەریتانییەکە دەڵێ ویلایەتی موسڵ لە سەدەمی (مدحت پاشا)دا بەسترایەوە بە ویلایەتی بەغداوە بەڵام ئەم بەڵگەیە بۆچوونەکەی بەریتانیا بەهێز ناك چونکە ئەمە بەهۆی (إعتبارات)ی ئیداری و تایبەتەوە کرا. جگە لەمەش (اورفە و دیاربەکر)یش لەلایەن ئیدارەی (مدحت پاشا)ی والی بەغداوە بەڕێوە دەبرا.

## ٢- ئیعتباراتە مێژووییەکان: (الاعتبارات التاریخة)

بەڵگە تورکییەکە ناکرێ هەمووی بەسەریەکەوە قبوولبکرێ، چونکە ئەو کە دەڵێ موسڵ یازدە سەدە لەژێر حوکمی تورکدا بووە، ئەمە زێدەڕۆییەکی زۆری تێدایە، حکوومەتی بەریتانیش هەڵەیە کە دەڵێ موسڵ پێش ئەوەی بکەوێتە دەست تورکە عوسمانییەکان لەژێر دەسەڵاتی تورکدا نەبووە.

ئەم وڵاتەی ئێستا (عیراق)ی پێدەگوترێ مێژوویەکی هەیە کە هەمووی سەدە لە دوای سەدە لە گۆڕاندا بووە، ئەم مێژووەش تۆ ناتوانی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بە دوایدا بچی، تەنها لە سەدەی شازدە و دوای ئەویش لە سەردەمە کۆنەکاندا گۆڕەپانی ململانێی نێوان هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی میدی و فارسی بوو، پاشان لە نێوان فارس و گریکەکاندا. لەو دەشتانەی دەکەونە نێوان موسڵ و هەولێر ئەسکەندەری گەورە سەرکەوتنە گرنگەکەی خۆی لە دژی (داریوس) وەدەستهێنا. ئەوەی زانیویشمانە ئەوەیە کە ئیمپڕاتۆریەتەکەی لە نێوان فەرماندەکانیدا دوای مردنی دابەشکرا، سلوقییەکان وڵاتەکەیان حوکمکرد تا بنەماڵەی (فرثی) لە (ارشاق)ەکان هاتنە جێیان. ئەمانە لە دانیشتووانی دەشتەکان بوون کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ ئاشوورییە کۆنەکان و ئارامییەکان و کۆچەرە فارسەکان، کە لە دواییدا لە سەردەمی ململانێی ڕۆماو فارسدا هەرجارە لایەنی لایێکیان دەگرت، جارێ ئەملاو جارێکی دیکە ئەولا. هۆزە تورکییەکانیش کە لە شاخەکاندا دەژیان بە تەواوی سەربەخۆبوون. کە مژدەبەرەکان (المبشرون) لە وڵاتدا و لە سەردەمی سەرەتای چەرخی (النصرانیة)دا پەیدابوون هەردوو کەنیسەی ئەرمینیا و فارسیان دروستکرد و حاکمەکانی فارس ئەم (نصاری)یەیان پاراست تاکو ئیمپڕاتۆرەکانی ڕۆمان هاتنە سەر ئایینی مەسیحیەت، ئەوسا گومانی ئەوەیان لێکردن کە مەیلیان بەلای ڕۆمادا هەیە، ئیتر کەوتنە چەوساندنەوەیان. لە سەدەی پێنجەمدا کەنیسەی (کاثولیکی)ی ڕۆژهەڵات دووبەرەکیی تێکەوت لە نێوان (المونوفیزیین-الیعاقبە-) و (الدیافیزین-النساطرە-)، ئەم دووبەرەکییە چەند سەدەیێکی خایاند و وای لە زۆرکەس کرد ببنە موسڵمان.

کە شەپۆلی ئیسلامی سەرکەوتو ئەم ولاتانەی راماڵی عەرەبی هۆزەکانی (بنی ربیعة) پێش ئەوانی دیکە هاتنە موسڵ و تیایدا نیشتەجێ بوون و ناوی شوێنی نیشتەجێ بوونەکەشیان بە ناوی خۆیانەوە ناونا ((دیار ربیعة)). نموونەیێکی دیکەی لەمجۆرە شاری ئامەدە کە دوای نیشتەجێ بوونی هۆزی (بکر) تیایدا ناوی (دیاربکر)ی بەسەردا برا.

لە دەوروبەری ٨٣٠-٨٤٠ز بەکرێگیراوە-المرتزقە- تورکەکان رۆڵی گرنگی خۆیان لە ئیمپراتۆریەتی عەباسییەکاندا دەستپێکرد، بەلام دوای دوو سەدە ئەوسا بۆیان لوا دەسەلاتێکی باشیان هەبێ لە دەوروبەری موسلدا. خودی شارەکەشیان تا ساڵی ١٠٥٦ز داگیر نەکردبوو، ئەوەبوو لەو ساڵەدا (طغرل بك)ی کورەزای (سلجوق) داگیری کرد لە سەدەی دەیەمدا و سەرەتای سەدەی یازدەهەم موسڵ بە ناو لەژێر دەسەلاتی (حمدانی)یە عەرەبەکاندا بوو (٩٠٩-٩٩٠) و (العقیلیین) (٩٩٠-١٠٩٧) پاشان بووەیهییەکان، بەلام سەربازە تورکەکان رۆڵی سەرەکییان هەبوو لەکاتی ناکۆکی و ململانێی نێوان ئەو بنەماڵەیە و سەرکردەکانیان هەندێ جار دەسەلاتی تەواویان دەگرتە دەست. لە سەردەمی رۆژگاری (موسی)دا کە یەکێك بوو لە سەرکردە سەربازییەکانیان دەسەلات کەوتە دەست (الارتقیین) (دیگوینیە- مێژووی ((الهون))-). لە نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەدا دەوڵەتی (الارتقیة) لەبەریەك هەلوەشایەوەو (الاتابکە) کە مانای (الاوصیاء)یە جێی ئەوانی گرتەوە. ئەمانیش هەر تورك بوون و لە ساڵی (١١٣٧)ەوە حوکمیان کرد تا ساڵی (١٢٣٢). لەو سەردەمەدا (منگوخان هولیگو) کوڕەزای (جنگیز خان)ی دامەزرێنەرێ دەوڵەتی (الایلوخانیە). موسڵی داگیرکرد و تالانی کرد.

ئیمپراتۆریەتی (ایلوخانی) لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەدا لەبەریەك هەلوەشایەوە و ئیتر ولات بوو بە گۆڕەپانی ململانێی نێوان فورس و تورك و عەرەب، بەشی هەر گەورەی ئەم ولاتە بە درێژایی ئەو ماوەیە لەژێر دەسەلاتی هەردوو دەوڵەتی تورکمانی (قرەقوینلو-مەڕە رەشەکە-) و (اق قونیلو-مەڕە سپییەکە)دا بوو، کە دوای ئەوەی (الایلوخانیین)یەکانیان لێدەرکرد حوکمی ئەم بەشەی ولاتی فارسیان کرد. لە کۆتایی سەدەی چواردەدا مەغۆلەکان جارێکی دیکە موسڵیان گرتەوە بەلام ئەمجارەیان بە فەرماندەیی (تیمورلنگ) بوو {پێش ئەو شارە کە گەیشتبووە پلەیێکی باشی گەشەکردن و پێشکەوتن و سەقامگیری لە سەردەمی ((الاتابك-بدرالدین لؤلؤ- دەوروبەری ٦٣٠ك=١٢٣٢ز))}، بەلام ئەم داگیرکردنە شارەکەی بە جارێ وێرانکرد بەڕادەیەك کە لە هەموو مێژووی خۆیدا وای بەسەر نەهاتبوو، جارێکی دیکە تالان کرایەوەو وێران کرا و گرنگییە ئابوورییەکەی خۆی لە دەستدا، لە دوای ئەمەش ئیتر جارێ بەدەست دەوڵەتەکانی عەرەب دەبوو و جاری دیکەش بەدەست تورکەوە.

لە دواییدا سوڵتان (سلێمان) لە ساڵی ١٥٣٤دا موسڵی گرت و کردی بە بەشێ لە دەوڵەتی عوسمانی. بەلام بە یەکجاری نەبوو بوو بە بەشێ لە دەوڵەتی عوسمانی تا ساڵی ١٦٣٨ کە سوڵتان (موورادی چوارەم)



هاتە ناوی و ولاتی کرد بە سێ ویلایەتەوە کە موسڵ و بەغدا و کەرکوك بوو (لەو سەردەمەدا کەرکووك بەناوی شارەزوور ناسرابوو) دوای چەند ساڵێکی کەم و دوای لەناوچوونی بنەماڵە ناوخۆییەکەی حوکمی دەکرد بەسرەش خرایە سەر دەوڵەتی عوسمانی.

لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا کەرکووك و بەسرە و موسڵ (محمیات)ی پاشایەتی بەغدای پشتاوپشت (وراثیە) بوون —محمیات باشویة بغداد الوراثیة— بە شێوەو جۆری جیاواز. پاشایەتی بەغدا بە سوڵتانەوە بەسترابوو بەلام پەیوەندی پاشا بە ئەستەنبوڵەوە هەر بەناوبوو واتە تیۆری بوو نەك عەمەلی. دەوڵەتۆچکە نیمچە سەربەخۆکانی ئامێدی و کۆیە و رەواندزیش کەم و زۆر لەژێر دەسەلاتی پاشای بەغدادا بوون.

لە ساڵی (١٧٢٦)ەوە موسڵ و دەوروبەری لەلایەن پاشایێکەوە حوکم دەکرا کە لە بەغدا جیابووەوەو سەربەخۆ بوو و گەورەی بنەماڵەی (الجلیلی)[3] ی عەرەبی بوو کە هێشتا لە موسڵدا مابوون، بەڵگەی دەسەلاتی سوڵتان هەر ئەوەندە بوو کە فەرمانی گواستنەوەی دەسەلاتی لە باوکەوە بۆ کوڕ ئیمزا دەکرد.

لە ساڵی ١٨٣١دا دەوڵەتی (وراثی)ی پاشای بەغدا لەناوچوو و سەربازەکانی سوڵتان پاشایان لادا و حاکمێکی تورك دەسەلاتی گرتە دەست و هەموو ولاتی خستە ژێر دەسەلاتی خۆی. لە ساڵی ١٨٣٥ موسڵ خرایە ژێر دەسەلاتی پاشای بەغدا و بوو بە (سنجق)ێك لە (سنجق)ەکانی ویلایەت کە ئەو ولاتەی دەگرتەوە ئێستا پێی دەگوترێ (عیراق). لە سەرەتادا پاشای بەغدا هەر بەناو دەسەلاتی بەسەر سەرەك هۆزە کوردە بچووکەکاندا هەبوو. بەلام لە ماوەی نێوان ١٨٣٧ و ١٨٥٤، وردە وردە دەسەلاتیان لێ سەندرایەوە و سەربەخۆییەکەیان نەماو بەسترانەوە بە هەردوو (سنجق)یەتی موسڵ و کەرکووکەوە و موسڵیش بەرزکرایەوە بۆ پلەی ولایەت، بەلام بۆ ماوەیێکی کەم لە (١٨٣٥ەوە- تا ١٨٥٠) دوای ئەوە دیسان بووەوە بە یەکێ لە (سنجق)ەکانی بەغدا. لە ساڵی ١٨٧٩دا دووبارە بووەوە بە ویلایەت و هەردوو (سنجق)ی کەرکووك و سلێمانی خرایە سەر.

### ٣- ئەنجامەکان ((الاستنتاجات)):

ئەم کورتەیەی مێژوومان بۆ ئەوە پێشکەش کرد تاکو خۆمان خاڵ بە خاڵ لە دوو بەڵگەی جیاواز بپارێزین. لەوەی پێشەوە بۆمان دەرکەوت کە تورکەکان لە واقیعدا رۆڵێکی دیاریان هەبووە لە موسڵدا،

(٣) ئەم بنەماڵەیەش خۆیان عەرەب نەبوون بەلکو ببوون بە عەرەب. دامەزرێنەری بنەماڵەکە (عبدالجلیل) وەك باس دەکەن (مملوك)ێکی جیۆرجی بووە: (گورجیەك) بووە لە دەست و پێوەندەکانی والییەکی تورك لە دوا ساڵەکانی سەدەی حەڤدەدا.

هەرچەندە حکوومەتی تورکیش زێدەڕۆیی دەکا کە دەڵێ شارەکە بۆ ماوەی یازدە سەدە لەژێر دەسەڵاتی تورکدا بووە.

(ارنولد: الخلافة)[٤] دەڵێ: دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەبباسی لە سەدەی دەیەمدا لە بەغدا زیاتر نەدەڕۆشت، تەنانەت خەلیفەکان بۆ خۆشیان لەژێر دەسەڵاتی فەرماندە سەربازییەکانی خۆیاندا بوون، کە سەربازی بەکرێ گیراوبوون و بنەماڵەی خاوەن دەسەڵاتیان دامەزراند و حوکمیان دەکرد.

لە ساڵی ١٠٥٥ز (طغرل)ی میری سەلجوقی بەغدای گرت و نازناوی سوڵتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لەخۆی ناو دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەلیفە عەرەبەکەشدا سەپاند، کە پێیش (طغرل) لەژێر ((وصایە))ی بنەماڵەیێکی دەسەڵاتداری فارسی بچووکدا بوو کە بنەماڵەی بووەیهییەکان بوو. هەمان شتیش لە میسردا ڕوویدا، کاتێ کە سوڵتانەکانی (المماليك) لە سەدەی سیانزە و چواردەدا خەلیفەکانی عەباسییان خستە ژێر دەستی خۆیان و حوکمیان دەکرد.

دیارە زۆر زەحمەتە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ کە دەسەڵاتی فیعلی بەدەست کێوە بوو، ئایا بەدەست خەلیفەکانەوە بوو کە لە نازناوەکە زیاتر هیچی ئەوتۆیان بەدەست نەمابوو، یان بەدەست ئەوانەوە بوو کە خەلیفەکانیان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیان؟ نامانەوێ بچینە ناو ئەم باسە وردانەوە، بەڵام ئەوەی سەڵمێنراوەو کێشەی لەسەر نییە ئەوەیە نە فارس و نە تورك و نە مەغۆل هیچیان ناتوانن بڵێن کە دەسەڵاتی ڕەهایان بەسەر موسڵدا هەبووە، بەڵام ئەمیش وەك بەغدا و چەند هەرێمێکی دیکە بەشێك بووە لە موڵکەکانی سوڵتانە عوسمانییەکان بەدرێژایی ئەم چوار سەدەیەی دوایی. بەڵام ئەم دەسەڵاتەش هیچ کاتێ دەسەڵاتێکی ڕەها نەبووە لە هەموو سەردەمەکاندا. چونکە پاشاکان بە تەواوی سەربەخۆبوونە و قەتیش هۆزە کورد و عەرەبەکان ملیان بۆ ئەو دەسەڵاتە کەچ نەکردووە، حوکمی سوڵتانیش تەنها لە شارەکاندا هەست پێ دەکرا و لەو شریتە زەوییەش کە بەدرێژایی ڕێی موسڵ — هەولێر — کفری — بەغدا درێژ دەبووەوە، چونکە ئەم ڕێگەیە چەندین قەڵا بۆ پاراستنی دروستکرابوو، ئەم دەسەڵاتەش بەپێی بارودۆخ زیادی دەکرد یان کەمی دەکرد.

---

(٤) (سر توماس ارنولد) گەورە ڕۆژهەڵاتناس ((١٨٦٤-١٩٣٠) یەکەم مامۆستا بوو لە بەشی توێژینەوەی عەرەبی لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە لەندەن. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە کتێبە بە نرخەکە —الخلافة— دەکا کە کراوە بە عەرەبی. لەژێر چاودێریی ئەودا، یەکێك لە کتێبە هەرە گرنگەکانی: شارستانیەتی ئیسلامی (کەلەپووری ئیسلام-تراث الاسلام-) نووسرا، کە ئێمە لە ساڵی ١٩٥٣-١٩٥٤ کردمان بە عەرەبی و چەندین جاریش لە چاپ دراوەتەوە.



# فەسڵی سێیەم

## بەڵگە ئابوورییەکان (الحجج الاقتصادية)

لەبەر ئەوەی هەردوو حکوومەتی تورکی و بەریتانی بۆ پشتگیریی بۆچوونەکانی خۆیان بەڵگەی ئابوورییان پێشکەشکرد، بۆیە ئێمە لەو بەڵگانەمان کۆڵیەوە و کردمانن بە سێ بەشەوە لە بەشی شیکردنەوەدا ئەو زانیاریانەمان خستەڕوو کە هەردوو دەوڵەت لە کۆنگرە و وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا پێشکەشیان کرد. ئەگەر بە پێویستیشمان بزانیایە لە رووی شوێنەکانیشەوە —الموقع— لەو مەسەلانەمان دەکۆڵییەوە.

لە بەشی (التوفيقي)یشدا ئەنجامی ڕاو سەرنجەکانی خۆمان خستەڕوو کە لە شوێنی کێشەکەدا گەڵاڵەمان کردبوو و لەگەڵ ئەو مادده سەرژمێریانەی لە بەڵگەنامەکانی پێش جەنگەوە وەرمانگرتبوو بەراوردمان کرد.

وا لەم بەشەی سێیەمیشدا کێشەکە بە کورتی باسی دەکەین و دەرەنجامەکانی خۆشمان دەخەینەڕوو.

### ١- شیکردنەوە:

#### (أ) یادداشتەکەی بەریتانیا:

((-لورد کرزن- لە کۆنگرەی (لۆزان)دا باسی ئەوەی کرد کە دەروازەی بازرگانی ناردنە دەرەوە لە ویلایەتی موسڵدا بۆ عیراق و لە خاکی ئەوەوەیە، هەروەها بۆ سوریا بەڵام بەڕادەیەکی کەمتر لە یەکەم، بەڵام بازرگانی نێوان سوریا و موسڵ زۆر گرنگ نییە)).

ئەم بۆچوونە ڕاستە چونکە شت هێنان —إستيراد— لە تورکیاوە زۆرجار تەنها بریتی بووە لە دار و سەوزە و دانەوێڵە و پەت و میوەی وشککراو و کەرەستەکانی دەباغی. هەموو ئەم شتانەش بەترانزێت بە موسڵدا تێدەپەڕی بەرەو بەغدا و لەوێشەوە بۆ دەرەوە، هەروەها بازرگانی مەڕیش هەیە لە نێوان هەرێمی کێشە لەسەر و تورکیادا. ئەو مەڕانە دەهێنرێنە موسڵ و لەوێش دەڵاڵەکانی سوریا دێن دەیکڕن.

موسڵ تەنها شتی چنراو و ئامێرەکانی ئاسن و کوتاڵە ئەوروپاییەکان کە لەڕێی بەسرە یان حەلەبەوە دێن، دەنێرێتە شارەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوای هێڵی سنوور. ئەو قسەیەی کە دەڵێ ناوەڕاست و باشووری عیراق بە تەواوی پشت بە بەروبوومەکانی ناوچەی باکوور دەبەستێ قسەیێکە زێدەڕۆیی تێدایە، ئەو زەوییەی کە کێشەی لەسەرە، با مادده خۆراکییە پێویستەکان بۆ عیراق و باشووری دابین بکات، بەڵام نزیکی ئەم وڵاتە لە دەریاوە پێویستییەکانی خۆی لە شمەکی دەرەوە بۆ دابین دەکات.

کەمی مادده خۆراکییەکان لە باشووری عیراقدا لەکاتی داگیرکردندا ئەنجامی بارودۆخێکی ناسروشتی بوو بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری سەرباز لە وڵاتەکەدا، هەروەها لەکاتی ئەم جەنگەشدا هاتوچۆ لە نێوان ئەو زەویانەی کێشەیان لەسەرەو باشووری عیراق پچڕابوو، ئەمەش بەتایبەتی موسڵ و کەرکووکی تووشی برسییەتی کرد و بووە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك. لەو کاتەدا نەدەکرا ماددەی خۆراك لەم هەرێمەوە ڕەوانەی باشوور بکرێ و بە پێچەوانەش. شتێکی لەڕاستییەوە نزیکیش کە بگوترێ ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە، پێویستی بە عیراقی ناوەند و باشوور هەیە وەك بازاڕێك بۆ بەروبوومە کشتوکاڵییەکەی، چونکە ڕێی ئاوی دیجلە بازرگانی ئاسان دەکا و گواستنەوەش دەرەخسێنێ و بەغدا تاکە بازاڕە کە دانیشتووانی ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە بەروبوومی کشتوکاڵی تێدا بفرۆشن.

((عصمت پاشا)) لە لۆزان گوتی هەموو ئەو دانەوێڵەیەی دەنێردرێتە باشوور لە (دیاربکر)ەوە دەنێردرێن و وەك ترانزیتیش تێدەپەڕێ))، ((تووتن هەمووی دەنێردرێتە بەغدا)) ڕاستە کە هەموو ئەو تووتنەی بەکارناهێنرێ دەنێردرێتە بەغدا، بەڵام بڕێکی کەمیشی لەڕێی سلێمانییەوە دەنێردرێتە ئێران.

((لەبەر ئەوەی ئەو سنوورەی پێشنیارکراوە گرنگی بە مانەوەی ئەم یەکیەتییە کۆنفدرالییە داوە، هەروەها دانەبڕانی کۆمەڵگاکانی دیکەش لە مەڵبەندەکانی کڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان)).

دوو بازاڕی گەورە هەیە بۆ بەروبوومەکانی ئەو زەویانەی کێشەیان لەسەرە کە بەغدا و موسڵن، بەڵام هەردوو لیوای سلێمانی و کەرکووك و کفری و بەشی باشووری لیوای هەولێر پشت بە بازاڕی بەغدا دەبەستن. بەشی ناوەند و باکووری لیوای هەولێر پشت بە موسڵ دەبەستن بەقەد ئەوەی بەشەکانی خوارەوەی پشت بە بەغدا دەبەستن لیوای موسڵیش بە تەواوی پشت بە شارەکەی خۆی —موسڵ- دەبەستێ کە بازاڕی لیواکەیە.



دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە ئەو بەرهەمە زیادانەی لە ناوخۆدا بەکارنابرێن —استهلاك— لەڕێی ڕووبارەوە ڕەوانەی بەغدا دەکرێن. ئەم جۆرە ناردنە (تصدیر) لەوانەیە بەردەوام بێ، جا ئەگەر موسڵ لەڕووی سیاسییەوە لە بەغدا جیاکرایەوە ئەوسا بۆ بەردەوامی ئەم بازرگانییە دەبێ ڕێککەوتننامەیێکی ئابووری لە نێوان هەردوو وڵاتدا مۆر بکرێ و ئەم جۆرە ڕێککەوتننامانەش بۆ بەغدا بە سوودن چونکە هێنانی بەروبووم لە باکوورەوە خەرجییەکانی بژێوی —تكاليف المعيشه— کەم دەکاتەوە، هەروەها بۆ موسڵیش بەسوودە چونکە بەغدا بازاڕی موسڵە.

((هێڵی سنووری پێشنیارکراو بەدرێژایی ئەو ڕەواڵەتە جوگرافیانە درێژ دەبێتەوە، کە دانیشتووانی هەرێمەکە ئەوەی لە بازاڕی موسڵ پێویستییەکانی خۆیان دابیندەکەن لەگەڵ ئەو هەرێمانەی کە دانیشتووانەکەیان لە شارەکانی تورکیا پێویستییەکانیان دابیندەکەن)) ئەو بەرهەمەی کە لەو ناوچانەی دانیشتووانیان کەمە و چیایان زۆرە و دەکەوێتە نێوان ئەو سنوورەی ((ڕێککەوتنی بڕۆکسل)) چەسپاندی، ئەو سنوورەش کە حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری دەکا، هەمووی لەناوخۆدا بەکاردەبرێ —يستهلك محلياً — دانیشتووانە کەمەکەی ئەم وڵاتە شاخاوییە، کە دەچنە بازاڕەکانی موسڵ تووشی هەمان ئاسانکاری و زەحمەتی دەبن کە لە شارەکانی تورکیادا تووشیان دەبێ ئەگەر بچنە ئەوێ. ئەو ناوچانەی دەکەونە باکووری ڕەواندز هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بازرگانییان لەگەڵ موسڵ یان تورکیادا نییە، زۆربەی بازرگانی ئەوان لەگەڵ ئێراندایە و خەڵکەکەشی بەهەمان ڕێڕەوە شاخاوییەکاندا هاتوچۆ دەکەن کە هۆزە کوردە کۆچەرییەکان پیایدا دەڕۆن.

((سنووری باکوور زەوی لەوەڕی هاوینە بۆ عیراق دابیندەکا، بۆ ئەو کۆچەریانەی یەکێتی هۆزایەتی کوردی، -الاتحاد القبلي الكردي— کە زستان لە دەشتی موسڵدا بەسەر دەبەن.))

ئەو کۆچ و ڕەوە زۆرکاری بەسەر هێڵی سنوورەوە نییە، بەتایبەتی هۆزەکانی جاف و هەرکی و پشدەر کە لەوەڕگای تایبەتییان هەیە لە ئێران.

پڕۆتۆکۆڵی چەسپاندنی سنووری تورکیا و ئێران، بەندێکی تایبەتی تێدایە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیێك کە لەم ڕەوە وەرزیانەوە ڕوودەدات و دەکرێ ڕێککەوتننامەی هاوشێوە لە نێوان تورکیا و عیراقیشدا مۆر بکرێ.

**(ب) شیکردنەوەی یادداشتەکەی تورکیا:**

((لەبەر ئەوەی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ دەکەونە خاڵی بەیەکگەیشتنی هەموو ئەو ڕێگایانەی بە (أناضوليا) و سووریا و ئێرانەوە بەستراونەتەوە، بۆیە گرنگییەکی زۆر گەورەیان

هەیە بۆ هاتوچۆی باشووری (أناضولیا) لەگەڵ ئێران و سووریا، زەوییەکەشی گرنگە بۆ هاتوچۆ لە نێوان بەشە جیاجیاکانی (أناضولیا)ی باشوور، چونکە لێرەدا ئەو ڕێگایانە بەیەك دەگەن و سلێمانی و کەرکووك لەلاییێکەوە و دیاربەکر و ئورفە و بەدلیس و (سعرت) و هی دیکەش، لەلاییێکی دیکەوە بەیەکەوە دەبەستێ)) ئێمە وای بۆ دەچین کە حکوومەتی تورکیا کاتێ باسی (أناضولیا)ی باشوور دەکا مەبەستی ناوچەکانی (أورفە و بدلیس و سعرت) و هی دیکەشە.

ڕێگاکانی هاتوچۆ لە نێوان ((أناضولیا))ی باشوور و باکووری ئێران بەو زەوییەدا تێناپەڕێ کە کێشەی لەسەرە، هەروەها ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە تەنها دەروازەیەك نییە بۆ گەیشتن بە باشووری ئێران لە ((أناضولیا))ی باشوورەوە بەڵکو ئەویش لەگەڵ ئەو زەویانەی کێشەیان لەسەر نییە لەم مەسەلەیەدا هاوبەشە و ڕێگاکانی هاتوچۆی نێوان ((أناضولیا)) و سوریا بەو زەویەدا ناڕوا کە کێشەی لەسەرە.

بۆ حکوومەتی تورکیا نییە باسی ئەو بەڵگانە بکا کە تایبەتن بەهاتوچۆی نێوان سوریای فەرەنسی و ئێران، چونکە ئەو ڕێگایەی ئەم دوو وڵاتە بەیەکەوە دەبەستێ بەو زەوییەدا دەڕوا کە کێشەی لەسەرە یان بە باشووریدا بەناو زەویی تورکیادا تێدەپەڕێ، سەبارەت بە هاتوچۆش لە نێوان بەشە جیاوازەکانی —أناضولیا—ی باکوور دەبێ سلێمانی و کەرکووکمان لەبیر بێ، چونکە ئەم دوو شارە لە کۆی شەش شار کە یادداشتەکەی تورکیا ئاماژەی پێکردووە و دەکەونە ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە بۆیە لەم حاڵەتەدا ناکرێ ڕێی هاتوچۆی نێوان ئەم دوو شارە بکرێ بە بابەتی وتووێژ و باسکردن.

ئەو ڕێگایانەش کە شارەکانی (دیاربکر و أورفە و بدلیس و سعرد) بەیەکەوە دەبەستێ ناکەونە ناو ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە چونکە نزیکترینیان سەد کیلۆمەتر بە هێڵێکی ڕاست لە نزیکترین بەشی سنووری ویلایەتی موسڵی پێشووەوە دوورە.

کێشەی هاتوچۆ زۆر بە درێژتر لەمە، لە یەکێ لە فەسڵەکانی ڕاپۆرتەکەدا کە فەسڵی تایبەتە بە شیکردنەوەی جوگرافی بابەتی کێشەکە، باسکراوە.

((هۆیەکی تازە هاتە ئاراوە بۆ پتەوکردنی یەکێتی ئابووری موسڵ لەگەڵ تورکیادا، چونکە دوای دانانی سککەی شەمەندەفەر کە موسڵ بە بەندەرەکانی دەریای ناوەندەوە دەبەستێتەوە، پەیوەندیی ئەم شارە لەگەڵ (أناضولیا) زۆر پتەوتر بوو، لەبەر ئەوەی دەریای ناوەند خێراترین و ئاسانترین ڕێیە لە نێوان موسڵ و وڵاتە پیشەسازییەکانی ئەورووپا، کە پێویستی پێی هەیە وەك دەروازەیەك بۆ کەرەستە خاوەکانی و سەرچاوەیەك بۆ فرۆشتنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی، لەو



کاتەشەوە کە سککەی شەمەندەفەرەکە دروستکراوە ڕێگەی کەنداوی فارسی بۆ ئەم شارە بوو بە ڕێگەیێکی لاوەکی)).

دانانی ئەم ڕستەیە بەم شێوازە لەوانەیە ببێتە هۆی بەهەڵەدا چوون. چونکە هێڵی سککەی شەمەندەفەر لە دەریای ناوەندەوە هێشتا نەگەیشتووەتە موسڵ. سەرەتای سککەکە هێشتا لە (نصيبين)ەکە دووسەد کیلۆمەتر لە موسڵەوە دوورە، بۆیە ئەگەر بگوترێ ڕێی کەنداوی فارسی لەم کاتەدا ڕێگەیەکی لاوەکییە بۆ شارەکە، ئەم قسەیە زێدەڕۆیی تێدایە. لەوانەیە لە داوڕۆژدا وابێ بەگوێرەی شت لە دەرەوە هێنان دوای ئەوەی هێڵی سککەکە دروستبکرێ و بەو زەوییەدا تێپەڕێ کە لە ژێر ((ماندات-انتداب-))ی فەڕەنسیدایە و دەگاتە موسڵ. بەڵام ناردنە دەرەوە-تصدير- کە بە زۆری لە دانەوێڵە پێکدێ هەر بەڕێ ڕووباردا لە موسڵەوە دەنێردرێتە بەغدا چونکە کەمتری تێدەچێ.

**(ج) ئەو پرسیارانەی لیژنە لە حکوومەتی بەریتانی کرد:**

پرسیاری یەکەم: (لورد کرزن) لە لۆزان باسی حیساباتی گومرگی حکوومەتی عیراقی کرد ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەروازەی بازرگانی ناردنە دەرەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ عیراق و لەڕێی عیراقەوە بووە. ئەوەی بۆ سووریا نێردراوە بڕەکەی کەمترە، لەبەر ئەوەی لیژنە ئەو ڕاپۆرتانەی لایە کە تایبەتن بە هەردوو ساڵی ١٩٢١ و ١٩٢٢ (بەڕێوەبەرایەتی گومرگ و —مکوس— ڕاپۆرتی ئیداری)، بۆیە پرسیاری لە حکوومەتی بەریتانی کرد ئایا بەڵگەنامەی دیکەی هەیە کە تایبەت بێ بە ((الاحصاءات)) و گومرگ؟ ئەگەر هەیە لیژنە پێی باشە ئەو بەڵگەنامانەی پێ بدرێ تاکو بیانبینێ.

لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی عیراقدا، کە حکوومەتی بەریتانی ناردبووی بۆ لیژنەکە، ئەم ژمارانەی خوارەوە —احصاء— بۆ ساڵەکانی ١٩٢١ و ١٩٢٢ و ١٩٢٣ و نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤یش.

٨٥٠٠٠٠٠ ڕوپیە نرخی کوتاڵی بۆ دەرەوە نێردراو لە ویلایەتی موسڵی پێشووەوە بۆ سوریا و تورکیا (بەروبوومی ناوخۆیی و کوتاڵی ترانزێت)

١٨٦٠٠٠٠٠ ڕوپیە نرخی بەشێ لە کوتاڵەکان (جگە لە دانەوێڵە) کە تەنها لە لیوای موسڵەوە نێردراوە بۆ بەغدا.

یان ٢٢٠٠٠٠٠ ڕوپیە یان ٥٠٠٠٠٠٠ ڕوپیە یەك بەدوای یەکدا.

زەحمەتە بیرۆکەیێك سەبارەت بە خەملاندنی بڕی ئەو دانەوێڵەیەی لە موسڵ و هەولێر و کەرکووکەوە ڕەوانەی بەغدا دەکرێ دروستبکرێ چونکە هیچ ئامارێکی ڕەسمی بۆ بزاڤی بازرگانی لە نێوان عیراقی باشوور —العراق الجنوبی— و ئەو زەویەی کێشەی لەسەرە هەڵنەگیراوە و نییە.

بەشێ لە دانەوێڵەکە بە سکەی شەمەندەفەری شەرقات —باشووری موسڵ و هێڵی شەمەندەفەری کنگربان— باشووری کەرکووك، ڕەوانە دەکرێ. بەشێکی دیکەی بەکەڵەك بە دیجلە و هەردوو زێدا، بەشی تریشی بە کاروانی حوشتر. ئێمە دەتوانین خەملاندنێکی (تقریبی) دابنێین. نرخی دانەوێڵەی نێردراو بۆ بەغدا لە ڕێی سکەی شەمەندەفەرەوە بە تەنها بە سێ ملیۆن ڕوپیە دەخەملێنرێ (٧٥٪ی گەنمە و ٢٥٪ جۆیە).

جگە لەمەش شارەوانی بەغدا لە ماوەی دوو ساڵدا ١٩٢٢ و ١٩٢٣ گەیشتنی ٤٥٠٠ کەڵەکی بچووك و ١٦٠٠ کەڵەکی قەبارە ناوەنجی و ١١٠٠ کەڵەکی گەورەی[1] تۆمارکردووە، ئەمەش تێکڕای —معدل— ١٤٠٠٠٠ تەنە بۆ دوو ساڵ یان ٧٠٠٠٠ تەن لە دانەوێڵە کە نرخەکەی ساڵانە دەکاتە ٧٠٠٠٠٠٠ ڕوپیە. هەروەها (احصاءات)ی بەڕێوەبەرێتی سکەی شەمەندەفەر ڕوونی دەکاتەوە کە لە کاتێکدا نزیکەی سێ هەزار تەن خورما لە باشوورەوە ڕەوانەی شەرقات کراوە (موسڵ)، ئەمە لە یەك ساڵدا، کەچی هیچ بڕێکی خورما بە سکەی شەمەندەفەر بۆ کنگربان (کەرکووك) ڕەوانە نەکراوە. چونکە خورما بە حوشتر ڕەوانەی کەرکووك دەکرێ و لەوێشەوە دانەوێڵە هەڵدەگرێ و دەگەڕێتەوە. ئەگەر دوو ڕێگەی گواستنەوەی یەکەم لەبەرچاو بگرین لەوانەیە بتوانین بڵێین کە ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە ساڵانە بایی دە ملیۆن ڕوپیە دانەوێڵە ڕەوانەی بەغدا دەکا، ئیتر بەراورد کردنی ژمارەی کۆتایی ناردنە دەرەوەی ساڵانە بۆ بەغدا لەلاییێکەوە و بۆ سوریا و تورکیا لەلاییێکی دیکەوە نزیکەی ئەم ژمارانە دەبێ:

(١) یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی گواستنەوە بوو لەو کاتەدا، چەند چووپێ فو تێدەکرێ و بەیەکەوە دەبەسترێن بەشێوەی چوارگۆشە یان لاکێشە و پارچەداری لەسەر دادەنرێ کە ئەوانیش زۆرباش بەیەکەوە دەبەسترێن و بە تەختی و ڕێك. پاشان شت و مەکەکانی لەسەر کەڵەکە دەکرێ و خەڵکی سەردەکەونە سەری و لەگەڵ ئاوەکەدا بەرەو خوار دەبێتەوە بۆ ئەو شوێنەی دەیەوێ بیگاتێ. پاشان دارەکانی لێدەکرێتەوەو چووپەکانیش —جراب— هەواکەی لێ بەتاڵ دەکرێ ئەوسا بەڕێی وشکانیدا دەبرێتەوە بۆ خاڵی دەسپێکردنی کەڵەکەکان.



| | |
|---|---|
| بۆ سوریا و تورکیا | ٢٢٠٠٠٠٠ ڕوپیە |
| بۆ بەغدا | ١٥٠٠٠٠٠٠ ڕوپیە |

**پرسیاری دووەم:**

((لیژنە پێی باشە حکوومەتی بەریتانی پێی ڕابگەیێنێ ئایا بەڵگەنامەی هەیە پەیوەندی هەبێ بە بازرگانی ناوخۆ لە عیراقدا (زەویی ئێستای و ئەو هەرێمەش کە کێشەی لەسەرە)).

حکوومەتی بەریتانی وەڵامی دایەوە کە هیچ ژمارەیەکی —احصاء— ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی عیراقدا نییە. لە بڕگەی پێشوودا ئەو بڕە دانەوێڵەیەی بۆ بەغدا دەنێردرێ لەڕێی ڕووبار و سکەی شەمەندەفەرەوە لە هەرێمی کێشە لەسەرمان خەملاند. بۆ بازرگانی دیکەش ژمارەکانی —احصاء— سکەی شەمەندەفەر ئەم زانیاریانەی خوارەوەمان دەداتێ بۆ ساڵی ١٩٢٤ سەبارەت بە نرخی ئەو کاڵایانەی لە بەغداوە ڕەوانەی شەرقات (موسڵ) کراوە لەلاییێکەوە، ئەوەش کە ڕەوانەی توز و کنگربان (کەرکووك) کراوە لەلاییێکی دیکەوە:

| | |
|---|---|
| بۆ شەرقات (موسڵ) | ١٠٢٠٠٠٠٠ ڕوپیە[٢] |
| بۆ کنگربان و توز (کەرکووك) | ٤٠٠٠٠٠٠ ڕوپیە |

ئەو مادده سەرەکیانەی کە هێنراون —استیراد— شەکر و قاوە و ئامێری کانزایی (معدنی) و میوەی وشکەوە کراو و خورما و ڕۆن و مس و چای و شەکر و سابوون و خواردنەوە —کحول— و تۆ و شتی دیکەش.

*** *** ***

لەبەر ئەوەی فەرمانگەی پوختە کردنی تووتن (احصاء) ژمارە بڵاو دەکاتەوە، بۆیە دەتوانین بڕی ئەو تووتنەی لە ناوچەی کێشە لەسەردا دێتە بەرهەم بە وردی دەست نیشان بکەین.

| | |
|---|---|
| سلێمانی (جگە لە ناوچەی ڕانیە) | ٢٠٠٠ تەن |
| بەرهەمی ناوچەی ڕانیە | ٥٠٠ تەن |
| بەرهەمی ناوچەی ڕەواندز | ٢٥٠ تەن |

(٢) ڕوپیە پارەیەکی هیندییە کە داگیرکەری ئینگلیز لەبڕی پارەی عوسمانی بە کاری هێنا. پاشان لە ١/ی نیسانی ١٩٣١دا پارەی عیراقی جێی گرتەوە کە لە دینار پێکهاتبوو و دیناریش هەزار فلس بوو، هەروەها درهەم پەنجا فلس بوو و بەرامبەر ڕوپیە بوو، بەڵام نرخی کڕینی دە عانە بوو و ڕوپیەش پانزە عانە و عانەش چوار پیسە بوو، پیسەش نزیکەی بەرامبەر یەك فلس بوو.

بەرهەمی ئامێدی و ئاکرێ و دهۆك ٢٥٠ تەن

حکوومەتی عیراق بەکاربردنی —استهلاك— تووتن بەمجۆرە دەخەملێنێ (٦٠٠ تەن) لەناوخۆدا و (٢٤٠٠) تەن دەنێردرێتە بازاڕەکانی بەغدا.

**پرسیاری سێیەم:**

ئایا حکوومەتی بەریتانی هیچ بەڵگەنامەیێکی لەلایە کە تایبەت بێ بە پەیوەندیی بازرگانی نێوان عیراق/ کوردستان؟

وەڵام:

حکوومەتی بەریتانی ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو بەربەستە شاخاوییەی —الحاجز الجبلي— دەکەوێتە نێوان زەویی کێشە لەسەر و کوردستان دەبێتە هۆی زەحمەتکردنی پەیوەندیی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات، بۆیە ئەم پەیوەندییە زۆر گرنگ نییە. سلێمانی تەنها لیواییێکە کە دەتوانێ، کەمێ ئاسانتر، بەردەوام پەیوەندیی بازرگانی هەبێ لەگەڵ کوردستانی ئێراندا. لە ساڵی ١٩٢٢ کە ئیدارەیەکی سەربەخۆ هەبوو لە سلێمانی و هیچ پەیوەندییەکی بە عیراقەوە نەبوو، ئیدارە ئەم (ژمارە-احصاء)یە گومرگیەی بڵاوکردەوە کە هەندێ بایەخی هەیە وا ئێمەش بڵاوی دەکەینەوە.

| | |
|---|---|
| نرخی تووتنی بۆ عیراق نێردراو | ١٧٠٠٠٠٠ روپیە |
| نرخی بەروبوومی دیکەی بۆ عیراق نێردراو | ٣٠٠٠٠٠ روپیە |
| نرخی هەموو ئەو بەروبوومانەی بۆ ئێران نێردراون لەگەڵ تووتنیش | ٣١٤٠٠٠ روپیە |
| نرخی بەروبوومی عیراق (ترانزیت) بۆ ئێران | ٦٠٠٠٠٠ روپیە |

**پرسیاری چوارەم:**

ئایا حکوومەتی بەریتانی دەتوانێ هیچ ژمارەییێکمان بداتێ سەبارەت بە بەرهەمی گەنم لە بەشە جیاوازەکانی عیراقدا (بەو زەویەشەوە کە کێشەی لەسەرە!)

وەڵام:

هیچ ژمارەییێك لەم بارەوە نییە و نەپارێزراوە.



**پرسیاری پێنجەم:**

((لیژنە پێی خۆشە ئەگەر زانیاری هەبێ دەستی بکەوێ دەربارەی وڵاتی بەرهەمێنی ئەو کوتاڵ و چنراوانە — المنسوجات و البضائع —، هەروەها ئەوەی موستەعمەراتەکان دەینێرن و دەگاتە موسڵ یان بەترانزیت لە موسڵەوە دەچێ بۆ تورکیا. ئایا ئەو کوتاڵانەی دەنێردرێنە موسڵ و لەڕێی ئەوەوە لە بارودۆخی ئاساییدا بە دەریای ناوەند یان بە کەنداوی فارسیدا تێدەپەڕێ؟))

وەڵام:

هەموو کۆتاڵە ئامادەکان —الجاهزة— و هێنراوەکان —المستوردة— کە بەرهەمی موستەعمەراتەکانن و دەگەنە موسڵ بەڕێی کەنداوی فارسدا دێ و لە بەندەری بەسرەوە ئەمەش نووسراوەکانی گومرگ بۆ ساڵانی ١٩٢١، ١٩٢٢، ١٩٢٣ و نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤ ئاشکرای دەکەن لەم ماوەیەدا بۆ هەموو عیراق بایی ٢٨١٠٠٠٠٠٠ روپیە لە کۆتاڵی لۆکە لە دەرەوە هاتووە هەر هەمووشی جگە لە (بایی ملیۆنێکی نەبێ) بەڕێی بەسرە-بەغدادا هاتووە.

ئەگەر کۆی دانیشتووانی هەرێمی کێشە لەسەر بە (٨٠٠٠٠٠) کەس دابنێین و ئەو دوای عیراقیش (٢٠٠٠٠٠٠) دابنێین، بڕی بەکاربردنی —استهلاك— شمەك لە عیراقدا دابەش بکەینە سەر ئەم ڕێژەیە دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

٣٨٢٠٠٠٠٠ روپیە لە موسڵ بەکاردەبرێ —(استهلاك) دەکرێ—

٩٥٥٠٠٠٠٠ روپیە لە ئەو دوای عیراقدا بەکاردەبرێ —(استهلاك) دەکرێ—

هەر لەم ماوەیەدا کە (٤٥) مانگ دەکا نرخی ئەو شمەکانەی لە سوریا و تورکیاوە یەکسەر بۆ موسڵ هاتووە نزیکەی (٦٠٠٠٠٠) روپیەیە.

ئەو وڵاتانەش کە ئەم بەروبوومە لۆکەییە دەنێرن بەریتانیای مەزن و هیندە. ئەو وڵاتانەش کە بەرهەمی موستەعمەراتەکان دەنێرن بەمجۆرەیە:

| | |
|---|---|
| چای | لە هیندەوە |
| شەکر | لە ئەورووپا و هیند و وڵاتانی دیکەوە |
| قاوە | لە هیند و دورگەی عەرەبی و بەرازیل و شانشینی یەکگرتووەوە |

**پرسیاری شەشەم:**

((یادداشتەکەی تورکیا ئاماژە بە گرنگی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ دەکا بۆ هاتوچۆی نێوان تورکیا و ئێران. ئەگەر موسڵ بدرێتە عیراق چۆن پەیوەندیی بازرگانی و هاتوچۆ بەڕای حکوومەتی بەریتانی لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە موسڵمانەدا دابین دەکرێ؟

وەڵام:

ئەگەر هەر دەبێ شمەکی نێردراو لە تورکیاوە بە خاکی عیراقدا بچێ بۆ ئێران، ئەوسا حکوومەتی عیراق دەبێ بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرشلۆنە دەربارەی ئازادی هاتوچۆ و دابینکردنی هەموو ئاسانکارییەك بۆ ئەم هاتوچۆیە جێبەجێ بکات.

ئەو پرسیارانەی لیژنە لە حکوومەتی تورکیای کرد

**پرسیاری یەکەم:**

((لیژنە دەیەوێ زانیاری دەسکەوێ دەربارەی

أ- (هیچ شتێ لە دەقەکەدا نییە)

ب- مەڵبەندەکانی شت کڕین —التسویق— و بازرگانی کورد و عەرەبی نیشتەجێ و کورد و عەرەبی کۆچەر لەناوچەی کێشە لەسەر.

ج- رێی بازرگانی لە نێوان ناوچەی موسڵ و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەر نییە لە تورکیا.

وەڵام:

دەربارەی (ب) مەڵبەندەکانی بازرگانی و شت کڕین بەگشتی شارۆچکە سەرەکییەکانی قەزاو (سنجق)ەکانن کە ئەم رەوەند و کۆچەریانە روویان تێدەکەن.

دەربارەی (ج) رێی سەرەکی بازرگانی لە نێوان ناوچەی موسڵ و ئەو زەویانەی تورکیا کە کێشەیان لەسەر نییە:

١- رووباری دیجلە.

٢- رێی موسڵ —ماردین — دیاربەکر — ((خربوط) — سیواس — ((سمسون))—.

٣- سکەی شەمەندەفەری (نصیبین-أدنە).

٤- رێی موسڵ — ((الجزیرە)) — بەدلیس — ((أرضروم)) — تەرابزون.



٥- رێیی موسڵ — ئامێدی — جۆڵەمێرگ — وان.

٦- رێی موسڵ — هەولێر — رەواندز — وان.

٧- رێی موسڵ — زاخۆ — وان.

تێبینی: رێی دیجلە تەنها بۆ ئەو کاڵایانە بەکاردەهێنرێ کە لە تورکیاوە دێن بۆ موسڵ.

**پرسیاری دووەم:**

ئێوە دەڵێن کە برێکی زۆری گەنم کە بۆ بەغدا رەوانە دەکرێ لە ناوچەی موسڵەوە دێ یان بە ترانزیت بە موسڵدا تێدەپەڕێ. ئایا حکوومەتی تورکیا دەتوانێ بۆ لیژنەکە روونی بکاتەوە بەرهەمی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ لە ساڵانی پێش جەنگدا چەند بووە، هەروەها بڕی ئەوەش کە بە ترانزیت بەو وڵاتەدا تێدەپەڕێ (لەگەڵ تۆمارکردنی وڵاتی بەرهەم هێن یان ئەو وڵاتەی لێوەی هاتووە).

وەڵام:

نەدەتوانرا ژمارە (احصاءات) دەربارەی بڕی ئەو گەنمەی کە بۆ دەرەوە نێردراوە لەم هەرێمانەوە بۆ بەغدا بەدەست بهێنرێ، چونکە نەکراوە بە عادەت (احصاءات) دەبارەی بازرگانی لەگەڵ ویلایەتەکاندا پێش جەنگ رێکبخرێ.

**پرسیاری سێیەم:**

لە بەندی هەشتەمی لاپەڕە نۆی یادداشتەکەی تورکیادا، حکوومەتی تورکیا باسی گرنگی گەورەی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ دەکا بۆ هاتوچۆی نێوان تورکیا و ئێران. ئایا حکوومەتی تورکیا دەتوانێ زانیاریمان بداتێ کە لە (ژمارە — احصاءات)ی پێش جەنگەوە وەرگیرابێ بۆ بەهێزکردن و سەلماندنی ئەم قسەیەی؟

وەڵام:

بەداخەوە (ژمارە — احصاءات)ی گومرگ دەربارەی بازرگانی پێش جەنگ لە نێوان تورکیا و ئێران لەو ئاگرەی ساڵی ١٩١٤ کەوتەوە و بووە هۆی وێرانکردنی بیناکانی ئیدارەی ناوەندیی گومرگ لە ئەستەنبوڵ، فەوتان و لەناوچوون.

**پرسیاری چوارەم:**

گریمان سنوور لە باشووری موسڵ دەچەسپێ و —تثبیت— دەبێ بە بەربەستێکی توند لەڕووی پەیوەندییە بازرگانییەکاندا حکوومەتی تورکیا چی پێشنیار دەکا بۆ بەردەوام بوونی ناردنی بەروبوومی ویلایەتی موسڵ بۆ دەرەوە لەگەڵ ئەو بەروبوومەی بە ترانزێت بە موسڵدا تێدەپەڕێ؟ ئایا دانیشتووانی

باكووری سنوور دەتوانن بەرهەمی كشتوكاڵی خۆیان بنێرنە دەرەوە؟ ئەگەر واشە بۆ كامەلا دەكرێ بنێردرێ؟

وەڵام:

لە پاڵ ئەو رێگە بازرگانییەی ئاماژەمان بۆ كرد (لە پرسیاری یەكەم لقی ج)دا دوو رێگەی دیكەی گرنگی بازرگانی هەیە كە: ١- رێی موسڵ — رەواندز — هەمەدان — كرمەشان.

٢- رێی بەغدا — بەسرا — (بومبی).

حكوومەتی توركیا لە وەڵامەكەیدا ناردنە دەرەوەی —صادرات— موسڵی بەم كاڵایانە دیاریكرد: گامێش، مەڕ، بزن، ئەسپ جگە لە بەروبوومی دیكە كە بۆ (أناضولیا) و سوریا و ئەوروپا و هیند دەنێردرێ. سەبارەت بە شمەك هێنانیش لە دەرەوە —إستیراد—، یادداشتەكە باسی شتی جیاواز دەكا كە لە ئەوروپا و —أناضولیا— و ئێرانەوە دێن و دەڵێ زۆربەی ئەم ماددانە، ئەگەر هەمووی نەبێ، بە بەندەرەكانی دەریای ناوەندا تێدەپەڕن، یانیش لە —أناضولیا— یان لە ئێرانەوە. لە هەمان كاتدا بڕێكی كەمی ئەو ماددانە لەڕێی بەغداو بەسرەوە دەهێنرێن.

تێبینی: لە وەڵامەكەی توركیادا لە لیستی ئەو بەرهەمانەی لە موسڵەوە رەوانەی دەرەوەی دەكەن باسی دانەوێڵە نەكرابوو لە كاتێكدا كە بەشێكی گەورەی ناردنە دەرەوەی موسڵ دانەوێڵەیە. سەرنجی ئەوەشماندا كە هەموو بەروبوومە كشتوكاڵییەكان و بەروبوومەكانی دیكەش (جگە لە مانگا و گاو گۆل —ماشیە—) بۆ بەغدا دەنێردرێ، بەروبوومی لە دەرەوە هێنراویش لەڕێی بەغدا یان بیابانی شامەوە دێتە موسڵ، بڕێكی زۆر بازرگانی لەگەڵ (أناضولیا) و لەویش كەمتر لەگەڵ ئێراندا دەكرێ.

**پرسیاری پێنجەم:**

لە یادداشتەكەی توركیادا (ل١٠ بڕگەی٢) ئاماژە بە (احصاءات)ی پێش جەنگ دەكا، لەو (احصاءات)انەدا ئەوەی تێدایە كە دەیسەلمێنێ بزووتنەوەی بازرگانی لە موسڵەوە زیاتر بەلای دیاربەكردا دەڕوا نەك بەلای بەغدادا.

وەڵام:

حكوومەتی توركیا ئاماژە بە (احصاءات)ی تایبەت بە بازرگانی موسڵ دەكا (ل٩٢-٩٣) لە نامیلكەكەی وەزارەتی دەرەوە ژمارە (٦٣) دەربارەی میسۆپۆتامیا لە ساڵی ١٩١٠ و ئەم (احصاءات)انەی لەوێ بڵاوكراونەتەوە، وەردەگرێ و دەیخاتە روو

لە دەرەوە هێنران —الواردات—:

لە شانشینی یەكگرتووەوە:



**٣٧٨٥٠** پاوەنی ئەسترلینی لە شمەك

لە هیندەوە: بایی

**٣٥٨٠٠** پاوەنی ئەسترلینی لە شمەك

لە وڵاتانی دیكەوە: بایی

**٤٣٨٩٠** پاوەنی ئەسترلینی لە شمەك

ناردنە دەرەوە —الصادرات—

بۆ شانشینی یەكگرتوو: بایی

**١٧٦٥٠٠** پاوەندی ئەسترلینی لە شمەك

بۆ هیند: بایی

**٣٥٨٠٠** پاوەنی ئەسترلینی لە شمەك

بۆ وەڵاتانی دیكە: بای

**٤٩٩٨٠** پاوەنی ئەسترلینی لە شمەك

بۆ ناوچەی دیكەی توركیا: بایی

**٣٥٢٩٥٠** پاوەنی ئەسترلینی لە شمەك

وەڵامەكەی توركیا بەردەوام دەبێ و دەڵێ ئەو شمەكانەی لە شانشینی یەكگرتووەوە دێ یان بۆی رەوانە دەكرێ هەموو كاتێ بە بەندەرەكانی دەریای ناوەندا تێناپەڕێ.

تێبینی: ئەو (احصاءات)انەی لێرەدا باسكراون وردنین وەك پێشتریش باسمان كرد كە شمەكی سەرەكی ناردنە دەرەوەی وڵات بە پلەی یەكەم دانەوێڵەیە پاشان مەڕ دێ دوای ئەو. ئەم پارە زۆرە (٣٥٢٩٥٠) پاوەنی ئەسترلینی كە بە نرخی ئەو شمەكانە دانراون رەوانەی توركیا كراون، ئەوە روونی دەكاتەوە كە زۆربەی ئەم نێردراوانە لە موسڵەوە دەڕوا بۆ بەغدا كە ئێستا لە خاكی عیراقدایە، بۆ سوریاش كە ئێستا لەژێر مانداتی —انتداب— فەڕەنسیدایە و لە ساڵی ١٩١٠ هەردووكیان بەشێك بوون لە توركیا.

لە شوێنێكی دیكەدا ئاماژەمان بەوەدا كە هەڵەیە بگوترێ ئەو شمەكانەی دێن بۆ موسڵ یان لە موسڵەوە دەردەچن هەمیشە بە دەریای ناوەندا تێدەپەڕن بە پێچەوانەوە رێگەی بەغدا لەم رێگەیە زیاتر بەكاردێ تەنها مەگەر لە مەسەلەی گواستنەوەی مەڕدا وانەبێ. ئەو (احصاءات)انەی لە (تقویم) توركی رەسمیدا سەبارەت بە موسڵ (١٩١٢) كە لە بەشی بەراوردكاری راپۆرتە ئابوورییەكەدا نووسرابوون پشتگیری ئەم زانیاریانە دەكا.

## ٢– هەڵێنجانی ڕاستییەکان: (استخلاص الحقائق)

ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە –مەبەستمان ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە ئەو سەری ئەو سنوورەی هەردوو حکوومەت پێشنیاریان کردبوو ولاتێکە بە پلەی یەکەم کشتوکاڵییە و مەڕ و بزن بەخێو دەکەن و لەوانەشە ببێ بە ولاتێکی پیشەسازی دوای ئەوەی پشکنینێکی بە بەرنامە ئەو سامانە شاردراوانەی ژێر زەوی دەدۆزێتەوە بەتایبەتی نەوت. ئەم زەوییە هەر هەمووی دەکەوێتە بازنەی حەوزی دیجلەوە لە باکوور و لەرۆژهەڵاتەوە ناوچەیێکی شاخاوی کە پانیەکەی لەناو زەویی کێشە لەسەر لە نێوان ٧٠ و ٨٠ کیلۆمەترە، سنووریەتی. ئەو بەرزاییانەی دەوری دەدەن هەندێ جار بۆ دە هەزار پێ بەرز دەبنەوە، پاشان ولاتەکە بەرەو ناوەند لێژدەبێتەوەو (حوض-حەوز-)ێکی گەورە دروستدەکا کە لە خوارووییەوە ئەو بیابانەیە کە وڵات لە سوریا جیادەکاتەوە. لە بەشە شاخاوییەکە بەتایبەتی لە باکوور و باکووری رۆژهەڵات کە هەندێکی بە دارستان داپۆشراوە، دانیشتووان کە ژمارەیان تارادەیەك کەمە کەرەستەی خواردەمەنی بەرهەم دێنن بۆ بەکاربردنی –استهلاك– ناوخۆیی. لەم ناوچە دوورانەشدا خەڵکەکە ناچارن هێستر و کەر بەکار بێنن بۆ هاتوچۆ و گواستنەوە. تاکە شێوەی عەمەلی بۆ بەردەوام بوونی بازرگانی، ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن تێچوونی بەرزی هۆیەکانی گواستنەوە بەهۆی کاروانی بەرهەمە گرانبەهاکان وەك تووتن و بەڕوو و چنراوی خوری بزن و خوری و مێوژ و چەرمی (السنسار) قەرەبو بکەنەوە. ئەم ناوچە شاخاویانە بەهۆی رووباریشەوە کە داری تێدا سەر ئاو دەکەوێ، داری بیناسازی و سووتەمەنی کە لە دەشتەکاندا نییە رەوانە دەکەن بەرەو خوار. ئەم ناوچە شاخاویانە هاوینە هەواری هۆزە کوردە کۆچەرییەکانە کە مەڕو ماڵاتیان پێش دەخەن و زستانان روودەکەنەوە دەشتەکان کە لەوێش هەر دانیشتووانی نیشتەجێ هەیە لە کورد و (نصاری) و جوولەکە و ئێزدی.

ئەو بەشەی بە بیابان ناسراوە لە واقیعدا بیابان نییە، چونکە گژوگیای زبر –العشب الخشن– و دڕك داپیۆشیوە و بە کەڵکی حوشتر و مەڕ دێ کە ئەمانەش گیانەوەری هۆزە عەرەبەکانن و ئەم گژوگیا و دڕك و داڵەش ماوەی چوار مانگی ساڵ لەو ناوچانەدا هەیە، ئەم هۆزە عەرەبانە بە زستان بەرەو خوار دەڕۆن کە وەرزەکەشی باشبێ روودەکەنە باکوور. لە نێو ناوچە شاخاوییەکان و بیاباندا زەوییەکی یەکجار بە پیت هەیە و چڕی دانیشتووانیشی بەرزە و دیجلە و لقەکانی (زێی گەورە و زێی بچووك) ئەم ناوچەیە ئاو دەدەن. جگە لەمەش دیجلە و ئەو لقانەی بە کەڵکی هاتوچۆش دێن، چونکە قووڵن و کەڵەك تیایدا سەر ئاو دەکەوێ،



ئاوەڕۆکانیشیان دەکەونە ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە و بە دەروازەیەکی سروشتیش دادەنرێ بۆ بەروبوومی گەنم و جۆ کە دوو بەرهەمی سەرەکی وڵاتەکەن.

* * *

لەڕووی ئابوورییە دەکرێ زەویی کێشە لەسەر بکرێ بە سێ بەشەوە، کە سنوورەکانیان لەگەڵ دابەشبوونە ئیدارییەکانی ئێستادا ڕێك دێتەوە.

بەشی یەکەم ((کەرتی یەکەم)): ئەو وڵاتەی دەکەوێتە رۆژئاوای زێی گەورە (لیوای موسڵ)

بەشی دووەم ((کەرتی دووەم)): ئەو زەویانەی دەکەونە نێوان زێی گەورە و زێی بچووك (لیوای هەولێر)

بەشی سێیەم ((کەرتی سێیەم)): ئەو زەویانەی دەکەونە باشووری زێی بچووك (هەردوو لیوای کەرکوك و سلێمانی)

**بەشی یەکەم ((کەرتی یەکەم)):**

سنوورەکەی لە باشووری رۆژئاواو رۆژئاواوە ناوچەی بیابانە، لە باکووریشەوە، شاخەکانە کە زەحمەتە هاوینان پیایدا بڕۆیت و لە زستانیشدا ناتوانرێ گوزەری پێدا بکرێ. رێگاییێك هەیە درێژییەکەی (٨٠٠کم) لە (دیمەشق) و (حەلەب)ەوە دەستپێدەکا و لە موسڵ کۆتایی دێت وڵات بە دەریای ناوەندەوە دەبەستێتەوە تاکە رێگاییێك بەرەو تورکیا رێگاییێکە بە پانایی بیست کیلۆمەتر لە شوێنی بە یەك گەیشتنی هەردوو رووباری دیجلە و خابوور و لە نێوان شاخ و بیابانی شامی فەرەنسیدا–ئەمەش ئەو زەویەیە کە زەویی کێشە لەسەر دەبەستێتەوە بە دەشتی (جزیرة إبن عمر). هاتوچۆش لە حاڵی حازردا لەگەڵ بەغدا و کەنداوی فارسدا بەڕێی (رۆخی چەپی دیجلە)دا و بە ناوچەیەکدا تێدەپەڕێ هەندێکی بیابانە تا شەرقات و لەوێش سەرەتای سکەی شەمەندەفەری کەنداوی فارس دەستپێدەکات.

جگە لەمەش رێگەییێکی دیکەی هاتوچۆ هەیە کە رێگەییێکی بازرگانی سەربازییە لەڕێی (هەولێر و پردێ)وە دەگاتە سکەی شەمەندەفەری (کەرکوك) کە لەڕێی (بەغدا-کفری)یەوە روو دەکاتە کەنداوی فارس.

موسڵ پایتەختی ئابووری ئەم بەشەیە، چونکە هەموو رێگەکان لەوێ بەیەك دەگەن و هەموو بەروبوومەکانی ناوچەکەش بۆ ئەوێ دێ.

گەنم و جۆ و داری سووتاندن بە کەڵەك لەو ناوچانەی نزیکن لە خابوور و دیجلەوە دەهێنرێتە موسڵ، لەکاتێکدا ئەو بەرهەمانەی زوو تێکدەچن وەك خوری و تووکی چنراوی بزن و بەڕوو و مێووژ و تووتن و هی دیکەش، بە قافڵەی هێستر و کەر دەگەیێنرێنە موسڵ و لەوێش پیشەسازییە ئەوروپی و هیندی و هەندێ کەرەستەی خواردەمەنی وەك قاوەو شەکر و خوێ کە لە بیابان کۆدەکرێتەوە، باردەکەن و دەگەڕێنەوە.

رانە مەڕیش لە ناوەوەی وڵاتەوە بە چەند قۆناغێك دەهێنرێتە موسڵ و بازرگانەکانی سووریا و دەڵاڵەکان دێن دەیکڕن. ئەو ناوچانەش کە ڕێی رووباریان نییە بێنە موسڵ و دەکەونە ئەم بەشە وەك (شەنگار — ئامێدی — دهۆك — ئاکرێ — هتد...) هەر لەگەڵ موسڵدا بازرگانی دەکەن و شمەك و کاڵاکانیان بە قافڵە (کاروان) دەگوازنەوە، بەڵام ئێستا ترومبێل زۆر بووە جێی کاروانی گرتووەتەوە.

لەوەی باسکرا روون دەبێتەوە کە هەر سنوورێك موسڵ لە بەشی ناوەوەی سروشتی وڵاتەکەی جیا بکاتەوە تەگەرە دەخاتە بەردەم ژیانی ئابووریی ئەم بەشە و زیانێکی زۆریش بە خەڵکەکەی دەگەیێنێ کە لەو زەرەرە کەمتر نییە کە لە دانیشتووانی ناوەوەی وڵات دەکەوێ. بەهەر حاڵ ئەگەر زاخۆ و ئامێدی و رەنگە دۆهکیش جیابکرێنەوە لە موسڵ بە سنوورێکی نێو دەوڵەتی، دەتوانن بازرگانی خۆیان لەگەڵ تورکیادا بکەن، کە تا ئێستاش هەر بازرگانی لەڕێی دەروازە و ڕێڕەوی زاخۆوە، هەیە لەگەڵیاندا لەلاییێکی دیکەوە، بازرگانی دانیشتووانی ناوچە دەشتییە مەزنەکە کە لە دیجلەوە درێژ دەبێتەوە تا ئاکرێ و هێڵی بازرگانییەکەی لە موسڵەوە روودەکاتە تورکیا تووشی شکستێکی گەورە دێ ئەگەر دانیشتووانی ئەوێ بخرێنە سەر تورکیا و موسڵیش وەك بەشێ لە عیراق بمێنێتەوە. سەبارەت خەڵکی (شەنگار)یش هیچ بوارێکی بازرگانییان جگە لە تورکیا لەگەڵ کەسدا نییە ئەویش یان بەڕێی موسڵدا یانیش بەناو خاکی فەڕەنسی لە سوریادا.

زۆر لەو خەڵکانەی پرسیارمان لێکردن وەك خەڵکی زاخۆ و ئامێدی و دهۆك حەزیان دەکرد وڵاتەکەیان بە تورکیاوە ببەسترێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە بیرۆکەی جیاکردنەوەیان لە موسڵ بە سنوورێکی نێودەوڵەتی دەترسان.

ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە هەموو بەشی یەکەم لەڕووی ئابوورییەوە بە پلەی جیاجیا پشت بە موسڵ دەبەستن، دەبێ مەسەلەی ئاڕاستەی گشتی بازرگانی شاری موسڵ و ئەو وڵاتانەی



بازرگانی لەگەڵ دەکا روون بکەینەوە و ئایا دەبێ لەڕووی ئابوورییەوە موسڵ بخرێتە سەر تورکیا یان بدرێ بە عیراق؟.

موسڵ لەڕووی جوگرافییەوە، لە دەریای ناوەندەوە نزیکترە تا کەنداوی فارس، ئەگەر هاتوچۆکەشی ئێستا بە بیاباندا تێدەپەڕێ هیچ گومانی تێدانییە ئەگەر رێی بازرگانی نەختێ بەرەو باکوور وەرچەرخێ- بۆ نموونە بۆ (نصیبین) (کۆتایی سکەی شەمەندەفەرە کە لە دەریای ناوەندەوە دەست پێدەکا، لە حاڵی حازردا) ئەوسا بە هەرێمێکدا تێدەپەڕێ کە ئاوەدانە (مسکون) و کردەوەی ترانزیتیش ئاسانتر و کەم مەترسیدارتر دەبێ. لەلاییێکی دیکەوە هەر دەبێ ئەم رێگە بازرگانیەی باکوور، بە هۆی شێوەی سنووری فەڕەنسی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، هەردەبێ بە زەوییەکدا تێپەڕێ کە لەژێر (ماندات-انتداب-)ی فەڕەنسیدایە.

سەبارەت بە رێی بازرگانی لە نێوان موسڵ و کەنداوی فارسدا، ئەوەی بە بیاباندا دەڕوا، یان ئەوەی بە کەرکووك و کفریدا تێدەپەڕێ، هەر کامێکان بێ هەر دەبێ بە بەغدادا تێپەڕن و کە سککەی شەمەندەفەری بەسرە-بەغدا و بۆ کەرکووك تەواوبێ (ئێستا لە دەسپێکدایە، بڕیاروایە تا موسڵیش بڕوا)، رێی بیابان پشتگوێ دەخرێ و بەکار ناهێنرێ. ئەم رێگەیە کە ئێستا گەیشتووەتە نزیك کەرکووك کەڵکی دەبێ بۆ ئەو هەرێمەی کە دەوڵەمەندە بە بەروبوومی کشتوکاڵی هەروەها بە زەوییێکیشدا تێدەپەڕێ کەوای بۆ دەچن کێڵگەی نەوت بێ.

کە لە رێگەکانی بازرگانی موسڵ دەکۆڵینەوە دەبێ بایەخێکی گرنگ بدەین بە رووباری دیجلە. ئەم رووبارە لەسەردەمە زۆر کۆنەکانەوە بەکارهێنراوە بۆ گواستنەوەی بەروبوومەکانی وڵات، بەتایبەتی دانەوێڵە و داری بیناسازی و داری سووتاندن و لە واقیعیشدا هەرزانترین و سەلامەتترین رێگەیە.

ناردنە دەرەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و لەپێش هەمووشیانەوە ماددە هەرزانەکان، دیجلە دەکاتە هۆییێکی یەکجار گرنگی ئابووری، ئەگەر هەر گومانێکیش مابێ دەربارەی گرنگی هەردوو رێگەکە بەرەو سووریا و کەنداوی فارس، ئەوا بەکارهێنانی دیجلە دەبێ پارسەنگەکە بەلای رێگەکەی بەغدادا بشکێنێتەوە.

ئەو شمەکانەی دەهێنرێن وەك ئاوریشم —حریر- و شتی لەو بابەتە مەبەستم ماددە گرانبەهاکانە بە گوێرەی کێشەکەی و سەرچاوەکەی ئەوروپایە —لە رێی بیابانی شام یان لە رێی بەغداوە دەگاتە موسڵ. لە بەغداشەوە هەموو شمەکە قورسەکانی بۆ دێ وەك شمەکی کانزایی — سلع معدنیە— و ئاسن و (خردوات) و هی دیکە.

بازرگانی لەگەڵ تورکیادا شتێکی کەمە لەمەڕ کە لە سنوور دەپەڕێتەوە نزیك (جزیره ابن عمر) و (جۆلە میرگ)، خەڵکانێکیش دەیکەن کە غەریبن و لە ناوچەی دوورەوە دێن. فرۆشتنی گامێشیش لە (أناضولیا) بازرگانییەکی زۆر کەم بەهایە، هەروەها بازرگانی ترانزێتیش هەیە کە بریتییە لە ماددەی دروستکراو و لە ڕێی موسڵەوە دەگاتە تورکیا و بڕەکەشی کەم نییە.

ئەگەر سوریا لەژێر حوکمی تورکیدا بمابایەوە دەبێ دان بەوە دابنرێ کە رادەیەکی دیاریکراوی بازرگانی لەگەڵ تورکیادا دەبوو، پێش جەنگیش ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگربوو. بەڵام ئێستا بازرگانی موسڵ و هەموو بەشی یەکەمیش دوو ڕێگە دەگرن کە گرنگییان جیاوازە. یەکەمیان و گرنگترینیان ڕێی بەغدایە دووەمیشیان ڕێی سووریایە، بازرگانییەکی کەمیش هەیە کە بەشەکانی باکووری بەشی یەکەم دەگرێتەوە.

**بەشی دووەم ((کەرتی دووەم)):**

ئەم بەشە دوو مەڵبەندی ئابوورییە: (هەولێر و پردێ) ناوچەیێکی بچووکی کەم دانیشتووانیش هەیە دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری رەواندز کە لەوێوە بازرگانی لەگەڵ ئێراندا دەکرێ.

بەروبوومەکانی بەشەکانی باکوور و رۆژهەڵات و ناوەندی (بەشی دووەم-کەرتی دووەم-) بە قافڵە دەبرێ بۆ هەولێر، (پردێ)ش مەڵبەندی بەروبوومی حەوزی زێی بچووکە بەتایبەتی قەزای کۆیە. بەروبوومە سەرەکییەکانی (بەشی دووەم) دانەوێڵە و تووتن و مێوژ و و بەڕوو و مەڕ و خوری و چەرمی (السنسار) و داری بیناسازی و داری سووتاندنە. هەموو ئەم ماددانەش بە دوو مەڵبەندا تێدەپەڕن (هەولێر و پردێ)، دارەکە نەبێ کە هەر بە پردێدا تێدەپەڕێ. شاری هەولێر کە دەکەوێتە سەر ڕێی بازرگانی سەرەکی لە موسڵەوە بۆ بەغدا، بە پلەی یەکەم بۆ موسڵی دەنێرێ و لەوێشەوە رانەمەڕ بەرەو سووریا دەڕوا و هەندێ جاریش بەروبوومی کشتوکاڵی رەوانەی موسڵ و جاروباریش بۆ بەغدا بەپێی داواکاریی و نرخ، دەکرێ. هەندێ ماددەی دروستکراویش لە موسڵەوە بەڕێی ترانزێت لە سووریا و بەغداوە دەگاتە هەولێر، هەندێکیشیان راستەوخۆ لە بەغداوە دێن، کەسککەی شەمەندەفەریش لە بەغداوە دێ و بە نزیك هەولێردا تێدەپەڕێ، کاریگەریی ئابووری موسڵ بە پلەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە هەرچەندە لەوانەشە پێچەوانەکەی رووبدا ئەگەر سککەکە لە دەریای ناوەندەوە تا موسڵ بڕێ. پێویستە دان بەوەدابنێین کە گەشەکردنی ئابووری هەولێر پشت بە موسڵ دەبەستێ هەروەها بە بەغداش،



سنوورێکیش ئەگەر ناوچەی هەولێر لە بەغدا جیابکاتەوە کاریگەری وێرانکەری نابێ بۆ ناوچەکە، لەوانەیە زیانێکی زۆر بە بازرگانی ناوچەکە بگەیەنێ بەڵام لە ناوی نابا.

وەزعی پردێ جیایە، چونکە بازرگانییەکەی، بە تایبەتی ئەوەی لە (تەق تەق) و کۆیەوە تێدەپەڕێ کە لە بەشی ناوەوەی وڵاتدان، لەگەڵ بەغدایە بە تەنها ئەویش یان بە کەڵەك لە زێی بچووك و دیجلە یانیش بە قافڵە بەڕێی وشکانیدا. پاش ماوەیەکی کەمیش شەمەندەفەریش بەکار دەهێنرێ. ئەگەر لە بەغدا جیاکرایەوە ئەوا گەشەکردنی ئابووری ئەم ناوچەیە تووشی شکستێکی ترسناك دەبێ.

* * *

ئەو زنجیرە چیایەی کە حکوومەتی بەریتانی پێشنیاری کردبوو بکرێ بە سنووری باکوور، دەبێتە گرفتێکی گەورە لەڕێی پەیوەندیی بازرگانی راستەوخۆ لە نێوان بەشی دووەم-کەرتی دووەم- و تورکیادا، لە واقیعیشدا ئەم بازرگانییە هەر نییە، چونکە بازرگانی لە نێوان ئەم دوو ناوچەیەدا لەڕێی موسڵەوە نەبێ ناکرێ.

* * *

بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە کەرتی یەکەم (بەشی یەکەم) ئەمەیە: لەگەڵ ئەوەی بەشەکانی باکوور و ناوەڕاست و رۆژهەڵات دەشێ لە رووی ئابوورییەوە هاوچارەنووس بێ لەگەڵ موسڵدا، بەڵام ئەو ناوچانەی لە دەوری تەق تەق و کۆیە دان کە پردێ دەروازەکەیانە، دەکەونە دۆخێکی ئابووری خراپەوە ئەگەر لە بەغدا جیابکرێنەوە.

**بەشی سێیەم ((کەرتی سێیەم)):**

ئەم بەشە سێ مەڵبەندی ئابوورییە کە کەرکووك و کفری و سلێمانین. بازرگانی لە نێوان کەرکووك و موسڵدا زۆر کەمە و زۆربەشی لەگەڵ بەغدادایە. دوو شارەکەی دیکە تەنها لەگەڵ بەغداد پەیوەندی ئابوورییان هەیە بەڵام سلێمانی بازرگانییەکی کەمی لەگەڵ ئێراندا هەیە و هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانیی راستەوخۆ لە نێوان تورکیا و هیچ کام لە شارەکانی ئەم بەشەدا نییە.

## گیروگرفتی ئاودێری:

چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئاودێری لەڕووی ئابوورییەوە گرنگی خۆی هەیە، ئەگەر ئاودێری کاریگەرییەکی راستەوخۆی نەبێ سەبارەت بە گەشەکردنی بەشی سێیەم، لەگەڵ ئەویشدا هەموو ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە، بەڵام زۆر گرنگە بۆ گەشەکردنی ناوچەی بەغدا. ئەگەر دەست بکرێ بە جێبەجێ کردنی (پڕۆژەی ئاودێری دیالە) ئەوسا دوو ملیۆن (إیکر) لە زەوی لە نێوان چیای حەمرین و ناوچەی کوت ئاو دەدرێ و بۆ کشتوکاڵ ئامادە دەکرێ. هەر ئەم پڕۆژەیەش نیو ملیۆن (إیکر) بۆ چاندنی لۆکە ساز دەکا و نیو ملیۆنی دیکەش بۆ گەنم و نیو ملیۆنی سێیەم بۆ جۆ، ئەو دوای زەوییەکەش بۆ چاندنی سەوزەو داری میوە تەرخان دەکرێ. ئەم پڕۆژەیەی دیالە زۆر ئاسانە هەر ئەوەندەی دەوێ بەستێ لەسەر رووبارەکە لەو شوێنەی لەگەڵ (نارین) کە بە (کفری)[3] دا تێدەپەڕێ یەکدەگرن، دروستبکرێ.

سروشتی ئەو زەوییەی لە نێوان چیای حەمرین و گردەکانی (قەرەتپە) درێژ دەبێتەوە رێ دەدا بەوەی (حوض)ێ بینا بکرێ زیاتر لە شەش سەد هەزار ملیۆن پێی (مکعب) ئاو دەگرێ و زەوییەك دادەپۆشێ کە پێوانەکەی سێ سەد میلی چوار گۆشەیە. وەك سەرەتاییێك بڕیار دراوە ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکرێ، گەشەکردنی بەشی خوارووی وڵات بە تەواوی بەندە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەوە. بۆیە ئەگەر ئەو (خزان-عەماراو-)ە لەو زەوییەی ئاوی دەدا بە سنوورێکی نێودەوڵەتی جیابکرێتەوە پڕۆژەکە لەناودەچێ، یانیش جێبەجێ کردنی زۆر زەحمەت دەبێ.

---

(٣) پڕۆژەی (أصفر)یشی پێ دەگوترێ بەناوی (نجیب أصفر) کە یەکێکە لە خاوەن ئیمتیازەکان. ئەمەش بەشێکە لە پڕۆژەییێك کە خاکی دلێم دەگرێتەوە لەوانەی (شریك) بوون لەم پڕۆژەیەدا (ثابت عبدالنور) و (حمدی الپاچچی). رێککەوتننامەکەی لە ١٠/ی تەمووزی ١٩٢٤دا مۆرکرا. پڕۆژەکە بریتییە لە دروستکردنی بەستێ-سد- لای گوندی تەوێڵە لەسەر سنووری عیراق ئێران بەسەر رووباری دیالەوە. جگە لەوەی باسمان کرد، خاوەن رێککەوتننامەکە زەوییەکیان دەدرێتێ کە پێوانەکەی (١٥) هەزار هیکتارە و پڕۆژەکە بۆ ماوەی (٦٠) ساڵ ئیش دەکا و حکوومەت ١١٪ باج لەسەر بەروبوومەکەی وەردەگرێ دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەش پڕۆژەکە هەمووی دەبێتە موڵکی حکوومەت. لە دواییدا ئاشکرابوو کە خاوەن ئیمتیازەکان هیچ نەبوون جگە لەوەی دەلاڵی چەند کۆمپانیاییێکی بەریتانی بوون. کۆمپانیاکە هەندێ کاری کشتوکاڵی تاقیکردەوە بەڵام سەرنەکەوت تیایدا، پاشان لە پەرلەماندا بوو بە هەرا لەسەر خاوەن ئیمتیازەکان و لیژنەییێکی وەزاری پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوەو لە دواییشدا بە یەکجاری واز لە پڕۆژەکە هێنرا.



## مەسەلەی نەوت:

لەکاتی وتووێژدا مەسەلەی نەوت زۆر بایەخی پێنەدرا لەکاتێکدا دەبایە بایەخی پێ بدرێ. کۆمپانیای نەوتی تورکی کە ئێستا لە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی و کۆمەڵە کۆمپانیاکانی شانشینی هۆڵەندی و کۆمەڵەی فەڕەنسی و کۆمەڵەی ئەمەریکی پێکدێ، دووبارە وتووێژی لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا دەستپێکردەوە. ئەو وتووێژەی لەگەڵ حکوومەتی تورکیدا پێش جەنگ کرابوو و ئەنجامەکەشی ئەوەبوو ئەم کۆمپانیایە بۆی هەبێ لە هەموو خاکی شانشینی عیراقیدا کاربکا جگە لەناوچەی بەسرە. خاوەن ئیمتیازەکان مافی هەڵبژاردنی (١٩٢ میل٢) دەبێ کە دەکرێ بە (٢٤) پارچەی لاکێشییەوە —مستطیل— و پێوانەی هەر یەکەیان (٨ میل٢) دەبێ. ئەم پڕۆژەیە پێویستی بەکاتێکی زۆر و پارەیەکی زۆر دەبێ چونکە وەك زانراوە کیلگەکانی نەوت لەم وڵاتەدا زۆر نەوتیان تێدایە.

بەندێك هەیە لە رێککەوتننامەکەدا لەڕووی نێودەوڵەتییەوە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو ناوچەیەی ئیمتیازەکە دەیگرێتەوە جگە لە بیست و چوار پارچەکە، هەر هەمووی دەخرێنە بەردەم کۆمپانیا و خەڵکی لە هەموو رەگەزێك —جنسیات— حکوومەتی عیراقی رێگەی داوە لە ماوەی سێ ساڵدا توێژینەوەییێکی تەواو بکرێ و بەگوێرەی ئەو توێژینەوەیە بیست و چوار پارچەکە هەڵدەبژێردرێ، ماوەکەش لە (١٤/ی ئەیلوولی ١٩٢٥)ەوە دەستپێدەکات. دەبێ هەموو ئەنجام و زانیارییە جیۆلۆجییەکان بخرێتە بەردەم هەر کەسێ داوای ئیمتیاز بکا. دوای تێپەڕبوونی ساڵێك رێگە دەدرێ بە هەر کەسێ یان کۆمپانیاییێ داوای ئیمتیازی وەبەرهێنانی هەر پارچەیەك بکا لەو پارچانەی لە ناوچەکەدا و لە ناوچەکانی دیکەش، کە دەخرێنە زیادکردنی نێو دەوڵەتی —المزاد الدولی— هەموو ساڵێك.

گرنگترین بۆچوون سەبارەت بە بوونی نەوت لەو زەوییەی کێشەی لەسەرە لە سێ شوێنی هاوتەریبدا کۆدەبێتەوە کە لە باکووری رۆژئاواوە درێژ دەبێتەوە بۆ باشووری رۆژهەڵات وەك لە نەخشەی ژمارەی (٩)دا دیاریکراوە.

بەشی باشوور لە (مندلی)یەوە بە زەوییەکدا تێدەپەڕێ کە لە دەرەوەی زەویی کێشە لەسەرەو لەگەڵ چیای حەمریندا دەڕوا. بەشی ناوەڕاست بە نزیك (کفری و توز خورماتوو)دا دەڕوا، بەشی باکووریش لە کەرکووك و موسڵەوە دەڕوا. لە باکووری ئەم ناوچەیەی دوایی نزیك (ألقوش) و (زاخۆ) بەردە کلسییەکان کە بەڕووی زەویەکەوە دیارن ئەوە دەردەخەن کە لەوانەیە نەوت لەو ناوچانەدا هەبێ. باشترین هەلیش بۆ دۆزینەوەی نەوت دەکەوێتە دەوروپشتی (کفری

و توزخورماتوو و کەرکووك). سککەی شەمەندەفەریش کە ئێستا دروستی دەکەن لە بەغداوە بەرەو موسڵ بەم سێ ناوچەیەدا دەڕوا و لە باشوورەوە درێژ دەبێتەوە بۆ باکوور و پێشتریش گوتمان لە ئازاری رابووردوودا گەیشتە نزیك کەرکووك.

ئەگەر ئەم وڵاتە ببێ بە مەڵبەندێکی گرنگی نەوت ئەوسا شۆڕشێك و گەشەکردنێکی تەواو بەخۆیەوە دەبینێ لە رووی ئابوورییەوە و ئەرك و ئیشکردنێکی زۆریشی دەوێ بۆ هەڵکەندنی بیرەکان و خستنەکاریان کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی بەروبوومی خۆراك زیاتر بەرهەم بهێنرێ. لەوانەشە لەم حاڵەتەدا زیادەی دانەوێڵە و گۆشت نەمێنێتەوە بۆ نادرنە دەرەوە چونکە لە ناوەوە دەخورێن، بەمجۆرە جووتیار و شوانکارەکان دەچنە سەردەمێکی گەشەکردن و خۆشگوزەرانی ئەوتۆوە کە وێنەی نەبێ.

❊ ❊ ❊

تا ئێرە ئێمە هەرباسی ئەو شتانەمان کردووە کە دەکرێن و لەبەردەستتدان، بۆ روونکردنەوەی ئەو ناڕوونییەی بابەتی رێ و بانی بازرگانی لەو زەوییەی کێشەی لەسەرە، بەجۆرێ کە هیچ گومانی تێدا نەمێنێ، پەنامان بردەبەر هەندێ لەو کتێبانەی پێش جەنگ بڵاوکرابوونەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا زامنی بێ لایەنی ئەو زانیارییانەیە.

سەرچاوە بنەڕەتییەکانی زانیارییەکان لە راپۆڕتەکانی کونسوڵگەریی ئەڵمانیا دایە سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ بۆ ساڵەکانی (١٩٠٥ و ١٩٠٦ و ١٩٠٧).

ئێمە راپۆڕتەکانی دوایین ساڵ دەخەینە بەردەست چونکە لە دوانەکەی دیکە پوختەترن. ئەم سەرچاوانەش لە ((التقويم))ی رەسمی تورکیدا بۆ ساڵی ١٩١٢دا هەیە، هەروەها لە کتێبی ((ڤیتال کینیە))-تورکیای ئاسییەوی- چاپی ١٨٩٢.



## راپۆڕتی کونسوڵی ئەڵمانی بۆ ساڵی ١٩٠٧ (لەگەڵ کۆمەڵێ لە ژمارەی ١٩٠٥)

ناردنە دەرەوە لە موسڵەوە بۆ .....

| شوێن —الجهه— | لیرەی تورکی |
|---|---|
| بەریتانیای مەزن (بەڕوو و هی دیکە) | ١٠٦٥٠٠ |
| هیند (ئەسپ و هی دیکە) | ٤٢٥٠٠ |
| فەڕەنسا (خوری و هی دیکە) | ٧٣١٠٠ |
| تریستا (هەمە جۆر) | ١٤٠٠٠ |
| ئێران (هەمە جۆر) | ٧٢٠٠ |
| حەلەب و دیمەشق (مەڕ و حوشتر) | ١٠٦٠٠٠ |
| طرابزون (سەرپۆشی ئافرەتان) | ٢٠٠٠ |
| دیاربەکر و ماردین و طرابزون (خوری و ئاوریشم) | ١١٠٠٠ |
| بەغدا (گەنم، جۆ، دار، بەڕوو و هی دیکە) | ١٣٦٠٠٠ |
| سعرد و بدلیس (هەمە جۆر) | ٥٠٠٠ |
| سلێمانی (هەمە جۆر) | ٥٠٠٠ |
| کەرکووك (هەمە جۆر) | ٩٠٠٠ |
| ئەستەنبۆڵ (هەمە جۆر) | ٩٥٠٠ |
| ناوەوەی ویلایەتی موسڵ (ئامێری دروستکراو و هی دیکە) | ١٠٠٠٠ |

له دەرەوە هێنراو —الوارد— بۆ موسڵ له ....

| شوێن (الجهه) | لیرەی تورکی |
|---|---|
| بەریتانیای مەزن (خوری چنراو، ئامێری ئاسن، کەل و پەلی ناوماڵ، ئامێری کانزا، قاوەی ئەمەریکی، هەمەجۆر) | ٨٨٠٠٠ |
| هیند: (چنراو و هەمە جۆر) | ٥٣٠٠٠ |
| فەرەنسا: (هەمە جۆر) | ٨٥٠٠ |
| ئەڵمانیا: (هەمە جۆر) | ٦٦٠٠ |
| نەمسا و مەجەر (طربوش و هەمەجۆر) | ١٥٠٠٠ |
| حەلەب و دیمەشق (سابون و هەمەجۆر) | ٢١٠٠٠ |
| روسیا (نەوت) | ژمارە نییە |
| ئێران (فەرش و هەمەجۆر) | ٣٦٠٠ |
| بەغدا (خورما و ئاوریشم و هەمەجۆر) | ٩٨٠٠ |
| دیاربەکر و —الجزیرە— (دار و بەڕوو و هەمەجۆر) | ١٧٥٠٠٠ |
| طرابزون (کەتان) | ١٥٠٠ |
| سعرد و بل شقلە (بەڕوو و هەمەجۆر) | ١١٠٠٠ |
| کەرکووک و سلێمانی و بەشەکانی ناوەوەیان (مەڕ و خوری و چەرم) | ٦٥٠٠٠ |
| ئەستەنبوڵ (هەمەجۆر بۆ ساڵی ١٩٠٥ و ١٩٠٧ هچ نییە) | ٥٧٠٠ |
| ناوەوەی موسڵ (مەڕ، خوری، دانەوێڵە، جۆ، ڕۆن، خوری، هەمەجۆر بۆ ساڵی ١٩٠٥ و ١٩٠٧ هیچ نییە) | |

ئەگەر لەم ڕاپۆرتەی کونسوڵی ئەڵمانی وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ ئێمە دەگەینە هەمان بۆچوونی پێشوومان:

١- ناکرێ و (مستحیل)ە لەڕووی ئابوورییەوە شاری موسڵ لە بەشە سروشتییەکانی ناوەوەی خۆی جیابکرێتەوە.

٢- هیچ بازرگانییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیای نوێدا نییە.

٣- دوو ڕێگەی بازرگانی هەیە، ڕێگەی بەغدا-کەنداوی فارس (بە پلەی یەکەم) و سوریا (کە کەمتر بەکاردەهێنرێ).



## (التقویم) ڕەسمی تورکی
## بۆ ساڵی ١٩١٢

نێردراو بۆ دەرەوە-الصادر- لە موسڵەوە بۆ

| ئەو وڵاتەی شتەکەی بۆ دەچێ (مستورد) | ماددەی نێردراو | بڕی نێردراو |
|---|---|---|
| ئەوروپا | خوری<br>لۆکە<br>هەمەجۆر | ٢٠٠٠٠٠٠أوقە(هەر ئۆقەیەك یەك کیلۆ و ٢٨٣ گرامە بڕەکەی دیارینەکراوە<br>بڕەکەی دیارینەکراوە |
| أناضولیا | حوشتر<br>گامێش<br>هێستر | ٤٠٠٠ سەر<br>١٥٠٠ سەر<br>٢٠٠٠ سەر |
| سوریا (حەلەب، دمەشق، بەیروت) | مەڕ | ٢٥٠٠٠٠ سەر |
| دیاربەکر و بەدلیس و -أرضروم- | میوە و قوماش و برنج و لۆکە | بڕەکانیان دیارینەکراوە |
| بەغدا و بەسرە | گەنم<br>جۆ<br>تووتن<br>مەڕ و چەرم و ڕێوی و (سنسار) و زەیتوون و هەمەجۆر | ١٠٠٠٠تەغار(تەغار٢٥٦کغم)<br>٦٠٠٠ تەغار<br>زۆر (بڕی ڕاستەقینە نەزانراوە دیاری نەکراون) |
| هیند و سلێمانی | ئەسپ | ٢٠٠٠ سەر |
| ئێران | تووتن و چەرم | بڕەکان نەزانراوە |

| ئەو لایەنەی ناردوویەتی- المصدرە- | ماددەی لە دەرەوە هێنراو | بڕی هێنراو |
| --- | --- | --- |
| ئەستەنبوڵ (لە سووریاوە) | کوتاڵی دروستکراو | سسسسسس |
| ئەوروپا (لە بەسرەوە) | کوتاڵی دروستکراو | سسسسسس |
| بۆمبی (لە بەسرەوە) | چای، دەل و بیبەری (توابل)ی هیندی. رایەخ-سجاد- شاڵ | سسسس |
| ئێران (لە سێمانیەوە) | رایەخ، شاڵ، عەبا، پارچە دار | سسس |
| بەغدا | ئاوریشم و سەرپۆش (براقع) | سسسسس |
| دیاربەکر | میوە | سسسسس |
| قەزا (لیوا) کەرکووک | گەنم، جۆ، برنج، لۆکە، پەتاتە، فاصۆلیا، گونیە- قنب- | |
| قەزای کفری (بۆ بەغدا) | گەنم، جۆ، برنج، گەنمەشامی، گونیە، مێووژ نیسك | |
| قەزای هەولێر {دەوڵەمەندە بە کشتوکاڵ و بە کۆگای بەغدا ناسراوە} | گەنم، جۆ، برنج، توتن، نیسك، لۆکە،گونیە،(بۆ بەغدا و موسڵ) | |
| سلێمانی بازرگانی ئەم شارە بەهۆی شوێنە جوگرافییەکەیەوە لەسەر ڕێی-بەغدا- ئێران چالاکە. | کوتاڵی دروستکراو رایەخ، لغاوی ئەسپ ((لجم خیل)) فەرش-سجاد- | |



بەڵگەنامە تورکییەکە هیچ ژمارەیەکمان ناداتێ دەربارەی بازرگانی لەگەڵ —اناضولیا— ئەوەی تیایدایە تەنها لە بارەی حوشتر و گامێش و هێسترەوەیە.

لەم خشتەیەوە دەردەکەوێ کە مەڕ ڕەوانەی سووریا دەکرێ لەکاتێکدا زۆربەی شمەکەکانی دیکە ڕەوانەی بەغدا و ئەوەی دوای ئەو دێ، دەکرێ. سەبارەت قەزاکانی کفری و کەرکووك و سلێمانی، بەڵگەنامە تورکییەکە دەیسەلمێنێ کە بازرگانیەکەیان تەنها لەگەڵ بەغدادیە. قەزای هەولێریش لەگەڵ بەغدا و موسڵ بازرگانی دەکا، لە دواییشدا دەردەکەوێ کە بۆچوونە تایبەتەکانی ئێمە بەگشتی لەگەڵ تۆمارگە ڕەسمییەکانی تورکیای پێش جەنگ ڕێك دەکەوێ.

{ڤیتال کینیە: تورکیا الاسیویە-١٩٨٢} ئەم دەقە لە نووسەرەوە وەرگیراوە ئێمەش وەك خۆی وەریدەگێڕین: ((ویلایەتی موسڵ بازرگانی ناردنە دەرەوەی —تصدیر— فراوانی هەیە، گەنم و تۆوی بۆ خۆراك بە کەڵك هاتوو بە پلەی یەکەم دێ وەك گەنم و جۆ و فاسۆلیا و نیسك و هی دیکەش..

پاشان بەڕوو (ئەمە لە ئەوروپادا بەکاردێ-دوای کردەیێکی تایبەت- بۆ دروستکردنی هەندێ جۆری نەشا-النشأ-ی بەهێزکەر-المقوي-وەك -الرکهوت-)، هەروەها میوەی وشککراو و (العفص-مازوو-) و هی دیکە و کەرەستەی بۆیاغکردن و مانگا و گاو گامێش و چەرم (کە ئەمیش دەنێردرێتە دەرەوە) هەروەها دار و مەڕمەڕ و گەچ و بەردی لمین-الحجر الرملي-... هتد.

میوەی وشککراو و گەچ و بەرد و مەڕمەڕ و دار ڕەوانەی بەغدا دەکرێ، هەروەها دانەوێڵە و ئەو تۆوانەی بۆ خواردن بەکاردێن کە لە شوێنی خۆی بەکاردەبرێ —استهلاك— و لە موسڵەوە بە کەڵەك دەهێنرێ هەمان ڕێگەش بۆ گواستنەوەی چەرم بۆ بەغدا، بەکاردێ و لەوێشەوە بۆ ئەستەنبوڵ پاشان لەڕێی موسڵەوە بۆ دەرەوە، ئەمە جگە لە کوتاڵی دیکە کە دەبرێتە (مارسیلیا) و (لیڤرپول).

ناردنە دەرەوەی ساڵانەی موسڵ لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێ، بەجۆری کوتاڵەکان و کێش و ژمارەشیانەوە. ئەبێ ئەوەشمان لەبیربێ کە هەندێ لەم شمەکانە وەك دانەوێڵە و مەڕ و خوری و میوەو هی دیکەش هەندێکی لە ویلایەتی دیاربەکر و بەدلیسەوە بە ترانزێت بە موسڵدا لەڕێی دیجلەوە دێت، زۆربەی ئەم شمەکانە دەنێردرێتە بەغدا و کەنداوی فارس ژمارەو ئەو بڕانەی لە خشتەکەدا نووسراون تێکڕای نزیکی —المعدل التقریبي— پێنج ساڵی دواییە. و نرخی کوتاڵە نێردراوەکان وەك لە خشتەکەدا هاتووە دەگاتە نزیکەی چوار سەد لیرەی ئاڵتوونی عوسمانی.

| ئاوی شمەکی نێردراو | کێشەکەی بە کیلۆ | ژمارە |
|---|---|---|
| خوری خام (جزز) | ١٩٥٠٠٠٠ | |
| بەروو | ١٦٠٠٠٠٠ | |
| لۆکەی خاو | ٨٠٠٠٠٠ | |
| تووکی بزن (تفتك) | ٥٠٠٠٠٠ | |
| سرێش (الكثيراء) | ٨٠٠٠٠ | |
| رۆن | ٢٢٠٠٠ | |
| سابون | ٢٨٠٠٠ | |
| مۆم | ٣٠٠٠ | |
| ئەفیون | ٤٥٠ | |
| مەری زیندوو | | ٦٠٠٠٠٠ |
| مانگا و گامێش | | ٦٠٠٠٠ |
| حوشتر | | ٢٨٠٠٠ |
| هێستر | | ٩٠٠٠ |
| کەر | | ٢٠٠٠ |
| ئەسپی راهێنراو (مدربە) | | ١٠٠٠ |
| چەرمی بزن | | ٢٠٠٠٠٠ |
| چەرمی مانگا و گامێش | | ١٦٠٠٠ |
| چەرمی ((سنسار)) | | ٢٠٠٠ |
| چەرمی مەڕ | | ٣٠٠٠ |
| چەرمی بزنی خۆشەکراو-مدبوغة- شین، سوور | | ١٦٠٠٠٠ |
| چەرمی مەڕی خۆشەکراو -مدبوغة- سوور | | ٣٠٠٠ |
| چەرمی مەڕی خۆشەکراو سپی | | ٢٠٠٠٠ |
| پارچە قوماشی لۆکە هەمەڕەنگ | | ٢٠٠٠٠ |
| پارچە قوماشی لۆکەی شین بۆ سەرپۆشی ژنان | | ١٥٠٠٠٠ |
| گەنم | ١٢٠٠٠٠٠٠ | |



| ئاوی شمەکی نێردراو | کێشەکەی بە کیلۆ | ژمارە |
|---|---|---|
| جۆ | ٦٠٠٠٠٠٠ | |
| برنج | ٦٠٠٠٠٠٠ | |
| گەنمە شامی | ١٥٠٠٠٠ | |
| کونجی | ١٨٠٠٠٠ | |
| نیسك | ١٦٠٠٠٠ | |
| فاسولیای سەوز | ٧٥٠٠٠ | |
| فاسولیای وشك | ٦٥٠٠٠ | |
| پەتاتە | ٣٠٠٠٠ | |
| جاودار (سریشێکە لە دار وەردەگیرێ) | ١٣٠٠٠٠ | |
| ماش (دەنکی سەوز) | ٢٥٠٠٠ | |
| بازلاء (بەزالیا) | ٣٠٠٠٠ | |
| میوە وشکەوە کراو | ٤٥٠٠٠ | |

لە دەرەوەهێنراو-المستوردات-

بازرگانی لە دەرەوە هێنراوی ویلایەتی موسڵ لە بنەڕەتدا لە کوتاڵی دروستکراو پێکدێ، وەك قوماشی لۆکە و ساتان و شاڵ و (القريز) و کەتتان و پێکهاتە کیمیاییەکان —المركبات الكيمياوية— و قوتومەنی —المعلبات— هتد. (أچواخ) و جل و بەرگی ئامادە بە زۆری لە ئەستەنبوڵ و ئینگلتەرەو نەمسا و ئەڵمانیا و فەڕەنساوە دێ، هەر ئەمانیش ئەو دەوڵەتانەن کە بە شێوەیێکی سەرەکی کوتاڵی نێردراویان لێوەدێ

| مادده هێنراوەکان —المستورد— | ئەو وڵاتەی لێوەی دێ | نرخ بە لیرەی تورکی |
|---|---|---|
| دەزووی لۆکە و چنراوی لۆکە -خیوط- (غزول) | ئەستەنبوڵ، ئێران | ١٤٠٠٠ |
| شیشی ئاسن و ئاسنی دروستکراو —حدید مصنوع— | تریستا — بلجیکا | ٦٠٠٠ |
| پۆڵا | سوید | ٢٠٠ |
| بەروبوومی کیمیایی | فەرەنسا، ئەستەنبوڵ | ٦٠٠ |
| چەرمی خۆشەکراو و لوس کراو | فەڕەنسا | ٤٠٠ |

| مادده هێنراوەکان —المستورد— —مصقول— | ئەو وڵاتەی لێوەی دێ | نرخ بە لیرەی تورکی |
|---|---|---|
| جل و بەرگی ئامادە | نەمسا، ئەڵمانیا | ٢٠٠٠ |
| خوری هەمەجۆر | ئینگلتەرە، ئەڵمانیا | ٣٠٠٠ |
| شمەکی لۆکەی هەمەجۆر | ئینگلتەرە | ٣٠٠٠٠ |
| طربوش | ئەستەنبوڵ | ٤٠٠٠ |
| قوماشی ئاوریشمی و لۆکە و هی تر | فەڕەنسا-حەلەب | ٢٠٠٠٠ |
| کاغەز | تریستا | ١٠٠٠٠ |
| هەویرکاریی نەشەویات —معجنات نشویە— | ئەستەنبوڵ | ٥٠٠ |
| ئامێری ناوماڵ و شوشەوات | ئەستەنبوڵ-أرضروم | ١٢٠٠٠ |
| مۆم | مارسیلیا-تریستا | ١٥٠ |
| نەوت | روسیا | ٦٠٠ |
| بۆیاغ | ئەستەنبوڵ | ٢٠٠٠ |
| مس و لەوحی (قصدیر و زنك) | فەڕەنسا-ئینگلتەرە | ٦٤٠٠ |
| شەکر | بەغدا | ٢٢٠٠ |
| قاوە | بەغدا | ٢٠٠٠ |
| چوکلیت و مادده ئەجزاخانە | ئەستەنبوڵ | ٨٠٠ |
| هەمەجۆر | لە وڵاتی جیاجیا | ٨٠٠٠ |
| کۆ | | ١١٠٤٥٠ |

هاوڵاتیان پێویستییەکانی خۆیان بەپێی توانا لە بەرهەمە ناوخۆییەکان دابین دەکەن، بۆیە هێنراوەکان-المستوردات- هەر لەوانەن کە پێشتر باس کرابوون لەگەڵ، نزیکەی خەمڵاندنێك بە لیرە لە ساڵی ١٨٩٠.



# پوختە و ئەنجام

## پوختە —الخلاصە—

ئەم زانیارییانە کە هی پێش جەنگن لەگەڵ تێبینییە تایبەتییەکانی خۆمان بەرەو ئەم دەرەنجامانەمان دەبات:

١- بازرگانی گشتی لە هەرێمی کێشە لەسەر دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە. یەکەمیان کە گرنگترە دەگاتە بەغدا و ئەوی دیکەشیان بۆ سووریا. بازرگانییەکی ڕاستەوخۆش هەیە کە زۆر کەمە لە نێوان ناوچەی کێشەی لەسەر و تورکیای ئاسیەویدا، ئەمە بەدەر لە بڕێکی دیاریکراوی بازرگانی لەگەڵ ویلایەتەکانی ماردین و دیاربەکر و هەکاری.

٢- هەڵەیە موسڵ لە بەشە سروشتییەکەی ناوخۆیی خۆی جیابکرێتەوە، بەڵام هەردوو قەزای زاخۆ و ئامێدی کە نزیك سنوورن گرفت و کێشەیان لە ناوچەکانی دیکە کەمتر دەبێ ئەگەر لە موسڵ جیابکرێنەوە. ئەو هەڵە ئابوورییەی دەرهەق بە دهۆك دەکرێ ئەگەر جیابکرێتەوە ئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە. بارودۆخی ئەم سێ قەزایە ئەگەر بخرێنە سە ئەو شارانەی تورکیا کە نزیکیانن لەو دیو سنوور و هەروەکو ئێستا دەمێنێتەوە، چونکە پێشتر لە چوارچێوەی بواری ئابووری موسڵدا کە لێی جیاکرایەوە هیچ لێ بەسەر نەهات.

٣- شاری موسڵ کە مەڵبەندی گشتی بازرگانییە بۆ ئەو ناوچانەی دەوروپشتی زیانێکی زۆری لێ دەکەوێ ئەگەر لە عیراق جیابکرێتەوە، هەروەها شاری دیکەش زیانی لێ دەکەوێ وەك کەرکوك و کفری و سلێمانی کە بەغدا مەڵبەندی گشتی بازرگانی ئەوبوو.

٤- بازرگانی لیواکانی سلێمانی و کەرکوك و کفری خەریکە هەمووی لەگەڵ بەغدا دابێ، چونکە بەغدا بازاڕی سەرەکییانە و زۆریش زەحمەتە لە بەغدا جیابکرێنەوە، مەگەر ئەمانە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ویلایەتی موسڵی پێشوو یەکیەتییەکی تایبەت دروستبکەن و پەیوەندیشیان هەبێ لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عیراقەوە (بەغدا)، ئەمەش دەبێ بە ڕێککەوتنێکی تایبەت بێت.

٥- بەشی باکووری لیوای هەولێر ئەگەر لەڕووی ئابوورییەوە لە بەغدا جیابکرێتەوە زیانی لێ دەکەوێ، بەڵام هەر بەردەوامیش دەبێ لە بازرگانی کردن لەگەڵ موسڵدا، بەڵام بەشی باشوور هاتوچۆی ئابووریی سەرەکی هەیە لەگەڵ بەغدا.

٦- بەشە شاخاوییەکانی باکوور کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە و دەکەونە ناو هەرێمی کێشە لەسەر، تووشی هیچ کێشەیێك نابێ ئەگەر لە عیراق جیابکرێتەوە، چونکە بازرگانی ناوچەکە بەبێ گرفت بەردەوام دەبێ لەگەڵ عیراق یان لەگەڵ تورکیا یانیش لەگەڵ ئێران.

**ئەنجامەکانی:**

لەدید و بۆچوونی ئابوورییەوە لیژنە وای بۆ دەچێ کە بەستنەوەی هەرێمی کێشە لەسەر بە عیراقەوە سوودی زیاتر دەبێ. ناوچە شاخاوییەکانی باکووری ئەو هێڵەی لە (بروکسل) لەسەری رێککەوتوون، دەکرێ لە هەرێمەکە جیابکرێتەوە بێ ئەوەی هیچ گرفتێکی ئەوتۆ رووبدا کە شایانی باسکردن بێ. ئەگەر بە پێویستیش زانرا ئەوسا دەکرێ هەردوو قەزای زاخۆ و ئامێدی جیابکرێنەوە و لەوانەیە دهۆکیش.

ئەگەر وا بەباش زانرا، لەبەر هۆی دیکەی غەیری ئەوەی لەم فەسڵەدا روون کرایەوە، کە باشتر وایە هەرێمی کێشە لەسەر لە نێوان تورکیا و عیراقدا دابەشبکرێ، ئەوسا ئەو رێککەوتنەی لەڕووی ئابوورییە بۆ هەمووان مایەی قبوولکردن دەبێ ئەوەیە، کە هێڵی سنوور لە باکووری زێی بچووك بکێشرێ و قەزاکانی (کۆیە و تەقتەق و پردێ) بۆ عیراق بەجێ بهێڵرێ. دوای ئەوە بەرەو رۆژئاوا بەردەوام بێ بەدرێژایی هێڵێك کە گرنگ نییە شوێنی کامەیە و بە کوێدا دەڕوا.



# فەسڵی چوارەم

## بەڵگە سەربازییەکان (السوقیة)

حکوومەتی بەریتانی کە لە یادداشتەکەیدا بەڵگە سەربازی و جوگرافییەکان روون دەکاتەوە دەڵێ: ((هێڵی باکووری سنوور کە پێشنیار کراوە، کە هەڵبژێردرا هەموو پێویستی و هۆیەکانی سەربازی لەبەرچاو گیرا، هیچ هێڵێکی دیکە نییە وەك ئەو هێڵە بەو رەواڵەتە جوگرافیانەی هەیەتی بە تەواوی دەوڵەتی نوێی عێراق لە تورکیا جیابکاتەوە، ئەو هێڵی دابەشکردنە بەشێکی کەمی لێدەرچێ لە رۆژئاوا، بەدرێژایی بەری راستی هەردوو رووباری نەپساو لە لوتکەی شاخە بەرزەکاندا و وەك دیوارێکی جیاکەرەوەی لێ دێ-جدار حاجز- کە زستانان بەهۆی بەفرەوە ناکرێ لێوەی تێپەڕی چونکە ئەوە زۆر زەحمەتە مەگەر لە چەند رێڕەوێکی کەمی زەحمەتەوە نەبێ. ئەم دیوارە بەتایبەتی بەشەکەی باکووری، هێڵێکی جیاکەرەوەی-أثنولوجی- و ئابووری پێکدێنێ لە نێوان ئەو ناوچانەی پشت بە عیراق دەبەستن لەگەڵ ئەوانەی لە باکوورەوە نزیکترن.

پاراستنی سنووری پێشنیارکراو، ئەگەر هێڵەکەی زۆر نزیك لە دەشتەکانی عیراق بکێشرێ، ئەوسا پێویستی بە یەکەی سەربازی زۆر دەبێ کە لە توانای دەوڵەتی عیراقی نوێدا نییە نە لە رووی دەرامەتی داراییەوە و نە لە رووی توانای سەربازییەوە. سوودی ئەم سنوورەش لەوەدایە کە دوژمنێکی بەهێز لەو زەوییە بێبەش دەکا کە بۆ هێزی گەورەی سوپا بە (زەویی حەرام-الارض الحرام-) دادەنرێ، هەروەها هەمیشە وەك زەوییەکی بە پیت بۆ پیلان و ئاشووبی عەشایەری دەمێنێتەوە، ئەگەر بکەوێتە دەست حکوومەتە دوژمنەکان.

لەبەر ئەوەش کە بەغدا و بەسرە پشت بە گەنمی موسڵ دەبەستێ، ئەوسا هەمیشە دەکەونە بەر هەڕەشەی سوپای تورك لە ویلایەتی موسڵ، هەروەها دەشتوانێ بەغدا لە هەموو پێداویستییەکانی خۆراك کە لە باکوورەوە دێ بێبەش بکا و چۆنیشی بوێ نەخشەی هێرش ئامادە بکا. هەروەها بەبێ هیچ زەحمەتییەك دەتوانێ تاقە رێگەی بەغدا بۆ ئێران ببڕێ. سوپایێکی لەمجۆرە کە چیای حەمرینی داگیرکردبێ دەتوانێ نەهێڵێ دەوڵەتێکی عەرەبی دروستببێ.

(إعتبارات)ەکانی دیکە یەکسان و تەریبن، چونکە ئەو هێڵی سنوورەی زەحمەت بێ لێ بپەڕێتەوە مەگەر لە چەند رێگەیێکی کەم و دیاریکراوەوە، ئەو بێگومان سوودی بۆ هەردوولا دەبێ)).

ئەو بەشەی تایبەتە بە بەڵگە سەربازییەکان لە یادداشتەکەی تورکیادا بەمجۆرە نووسرابوو:

ئەو هێڵەی حکوومەتی تورکیا پێیێشنیاری کردبوو وەك سنوور لە نێوان -أناضول- و عیراق، کە ئەنجامێکی سروشتی مافی نەگۆڕی تورکیا بوو کە زۆر کۆنە و لەلایەن ئیرادەی دانیشتووانەوە پشتگیریی لێ دەکرێ، هەروەها ئەو-اعتبارات-ە جیاوازانەی پێشتر باسمانکرد پشتگیریی دەکەن و پەیوەندیشان هەیە بە (اعتبارات)ی سەربازییەوە، ئەمە دابەشکردنێکی سروشتی رووتە لە نێوان دوو وڵاتدا ئەو بەڵگەیەش کە دەڵێ گوایا ئەم سنوورە هەڕەشە لە بەغدا دەکا و لە پەیوەندیی هاتوچۆی بەغداش لەگەڵ ئێران، بەڵگەییێکە هیچ بایەخێکی نییە پێویستیش ناکا نموونە بهێنینەوە لەو پایتەخت و شارە گرنگانەی دەکەونە سەرسنووریان نزیکن لە سنوورەوە، هەر ئەوەندە بەسە ئاماژەی پێ بکەین کە ئەو هێڵەی حکوومەتی تورکیا پێشنیاری کردووە بەغدا تووشی هچ مەترسییەك ناکا کە لەو مەترسییە زیاتربێ کە لەوانەیە تووشی بێ بەهۆی نزیکییەوە لە سنووری ئێران. ئەو قسەیەش کە دەڵێ هەڕەشە هەیە بۆ عیراق ئەویش هیچ پاساوێکی نییە لەبەر رۆشنایی ئەو قسەیەی کە دەڵێ مێژووی ئەم دوو سەدەیەی دوایی بە تەواوی راستی رای پێچەوانە دەسەلمێنێ.

تورکیا هیچ تەماعێکی لە وڵاتانی دراوسێدا نییە و بە هیچ جۆرێ و هەمیشەش هەوڵی داوە پەنا نەباتە بەر سیاسەتی داگیرکردن و تەنها هەوڵی خۆی بۆ ئەوە تەرخان بکا. بەرگری لەو میراتییە بکا کە بۆی ماوەتەوە و هەمیشە مایەی چاو تێبڕینی ئەوانی دیکە بووە. بە پێویستیشی نازانین بڵێین کۆماری تورکیا کە دەوڵەتێکی نەتەوەییە و لە تورك و کورد پێکدێ هیچ کاتێ بیری لەوە نەکردووەتەوە هێرش بکاتە سەر وڵاتێ کە دانیشتووانەکەی عەرەب بێ چ جای ئەوەی داگیری بکا.

((حکوومەتی تورکیا حەز ناکا دەرگای مشتومڕ بکاتەوە دەربارەی ئەوەی پێی دەگوترێ سوودی سەربازی سنوورێك کە دەیەوێ تورکیا لە ویلایەتی موسڵ بێبەش بکا بێ ئەوەی رەچاوی مافی تەواوی ئەو بکا لەو ویلایەتەدا. بەهەر حاڵ تورکیا ناتوانێ بێدەنگ بێ لە ئاست هەموو ئەو (اعتبارات)ە گشتییانەی نیازە راستەقینەکانی حکوومەتی بەریتانیا دەردەخا کە لە یادداشتەکەیدا باسی کردبوو)).

((ئەم حکوومەتە دەڵێ ئەو خەتەی داوای دەکرێ خەتێکی نموونەییە چونکە لە کۆمەڵە شاخە بەرزەکان پێکهاتووە کە بە زستان دەبێتە دیوارێك کەس ناتوانێ بیبڕێ بەهۆی بەفرەوەو هاوینانیش لە چەند رێڕەوێکەوە نەبێ ناتوانی پیایدا بڕۆی، هەرچەندە ئەو رێڕەوانەش پیادا رۆیشتنیان زەحمەتە. ئەم دیوارەش باشترین هەل بۆ عیراق دەرەخسێنێ بۆ ئاسایش و پێشکەوتنی ئاشتیانە. بەهەرحاڵ مەبدەئێکی سەربازی هەیە دەڵێ، سوپا وەك بنەماییێکی گشتی لە رێگەیێکەوە هێرش ناکا سەخت بێ و بە زەحمەت پیایدا بڕوا، بە زۆری سوپا دۆڵ و دەشتایی هەڵدەبژێرێ بۆ ئەم مەبەستە.

((باوای دابنێین کە چیاکانی هەکاری بۆ سنوور بەکەڵك دێ بەدەر لە هەموو ئەو هۆیانەی حکوومەتی تورکیا سەبارەت بەو هێڵەی خۆی پێشنیاری کردبوو، باسی کردبوو و خستبوویەڕوو، لەو



حاڵەتەشدا بەرگریکردن لە عیراق ئاسان نابێ، چونکە ئەو سوپایانەی حکوومەتی عیراق لەو شوێنانەدا دایاندەنێ ناتوانن رێگە لە سوپای دوژمن بگرن کە هێرش نەکاتە سەر عیراق لە دۆڵ و شیوەکانەوە، هەروەها سوودی سنوورێك بەم سیفاتانە بۆ دەوڵەتێکی بێگانە کە ئەو ناوچە شاخاویانەی بەدەستە بۆ دروستکردنی پشێوی لەنێو دانیشتووانی ناوچەکانی باکووردا، ئەو سوودانە ناکرێ ئینکاری لێ بکرێ و پشتگوێ بخرێ.

گومانیشی تێدا نییە کە سنووری نموونەیی لە نێوان تورکیا و عیراق لەڕووی سەربازییەوە، لەم حاڵەتەدا، دەبێ سنوورێك بێ مافە شەرعییەکانی دانیشتووانی ویلایەتەکە لەبەر چاو بگرێ.

## تێبینییەکان

گومانی تێدانییە کە ئەو سنوورەی حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردبوو سنوورێکی سەربازیی نایابە، چونکە بەپێی جۆری سنووری سوریا، شریتێك لە زەوی هەیە پانییەکەی ناگاتە بیست کیلۆمەتر، تەنها رێگەییێکە کە هەر سوپاییێك بیەوێ هێرش بکاتە سەر عیراق لە (أناضوليا)وە یان بە پێچەوانەوە، دەتوانێ بەکاربهێنێ. ئەو ناوچەیەی کە شاخی زۆر تێدایە لە نێوان سنووری پێشنیارکراو و هەردوو دەریاچەی (وان و اورومیە) رێی کۆکردنەوەی سوپا نادا، ئەو رێگایانەش کە لەم ناوچەیەوە بەرەو ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە بە زۆری لە رێ و رێڕەوی وایێکهاتووە لە هاوینان زەحمەتە پیایدا برۆیت و زستانانیش رێگەی هاتوچۆ نادا. ئەگەر سوپای تورکیا بیەوێ هێرش بکاتە سەر عیراق لەم ناوچانە سوپا مۆڵ نادا کە هاتوچۆی تیادا زۆر زەحمەتە، بۆیە هەردەبێ شوێنی کۆبوونەوەی ئەو سوپایە (دیاربەکر و بەدلیس و ماردین) بێ لە نزیك ئەو سکەی شەمەندەفەرە کە ئێستا لە (نصيبين) کۆتایی دێ. دەبێ سەرنجی ئەوەش بدرێ کە ناوچەییێکی شاخاوی هەیە پانتاییەکەی لە نێوان حەفتا کیلۆمەتر و هەشتا دایە، لە نێوان سنووری باکوور کە حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردووە و دەشتی موسڵدا، لێرەدا هەڵەییێکی زۆر گەورەیە ئەگەر یەکێك بە مەبەستی بەرگری کردن لەو دەشتە، سوپا بباتە ناوەوەی ئەو ناوچە شاخاویە کە بە کەڵکی کردەوەی سەربازی نایێ بەهۆی بەرزی و نزمی زەوییەکەوە، هەروەها ناشتوانرێ رێی هاتوچۆی لەملاو ئەو لاوە بۆ دابین بکرێ.

بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە (هێڵی بروکسل) هەمان ئەو سوودە سەربازییانەی هەیە کە سنووری باکووری، ئەوەی حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردووە، هەیەتی و هەر هێڵێك بەدرێژایی زنجیرە شاخە تەریبەکان دروستبکرێ وەك لە بەشی جوگرافی ئەم راپۆرتەدا وەسفکرا، دەکرێ سنوورێکی سەربازیی باش بێ هەرچەندە تا بەرەو باشوور برۆین نرخ و بایەخی کەم دەبێتەوە.

سەبارەت بەو سنوورەی کە حکوومەتی تورکیا پێشنیاری کردبوو، ئەوا دەکەوێتە دوو کەرت (قطاع)، کەرتێك روو دەکاتە رۆژئاوای دیجلە و بیابان دەبڕێ لە شوێنێکدا کە بەرزی و نزمی زەویەکە-تموج- هەست پێدەکرێ و سەرنجڕاکێشە، کەرتەکەی دیکەش لە نێوان دیجلە و سنووری ئێراندایە کە ناوچەیێکە رادەییێك دانیشتووانی تێدایە و دەرامەتی ناوخۆیشی هەیە. بیابانیش سنوورێکی سەربازی نایاب پێکدەهێنێ وەك رووداوەکانی جەنگی مەزن سەلماندیان.



بەشی رۆژهەڵاتی دیجلەش ئەوەندە بایەخی نییە لەڕووی سەربازیەوەو رێگەی سەرەکی کە لەم ناوچەیەدا دەڕوا پێشتر ((گزینفون)) و دە هەزار کەسەکەی بەکاریان هێنابوو هەروەها سوپاکانی ئەسکەندەری گەورەش، ئەم رێگەیە لە هەموو چەرخەکاندا بۆ کردەوە سەربازییەکان لەم وڵاتەدا بەکارهێنراوە.

ئەو زنجیرە شاخانەی کە بە دۆڵی، زۆرجار، پان، لەیەك دادەبڕێن بەتایبەتی لە باشووری هەرێمی کێشە لەسەر، لە باکووری رۆژئاواوە رووەدەکەنە باشووری رۆژهەڵات. لەم دۆڵانەشدا رووباری ئەوتۆی پێدا دەڕوا کە زۆر قووڵ نین بۆیە رێگرێکی جدی پێك ناهێنن، لەم حاڵەتەدا روونە، هەر سنوورێك لە باشووری موسڵدا وێنەی بکێشرێ لەگەڵ ئاوەکاندا بڕوا واتە رووبکاتە زنجیرە شاخەکان بەگشتی، ئەم سنوورە لەڕووی سەربازییەوە سنوورێکی لاواز دەبێ.

# فەسڵی پێنجەم
# بەڵگە سیاسییەکان

## ١- بیروڕای خەڵك:

حکوومەتی تورکیا بایەخێکی زۆری بە بیرو ویستی ئەو خەڵکە دابوو کە لە هەرێمی کێشە لەسەردان، بەڵگەی گەورەشی کە هەموو توانای خۆی بۆ خستبووە کار ئەوەبوو کە هەرێمەکە دەبێ بەدەست ئەوەوە بمێنێتەوە، چونکە ئەمە ویست و ئارەزووی خەڵکەکەیە، هەروەها سووریش بوو لەسەر ئەوەی کە کوردەکان کە لەگەڵ تورکدا زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمی کێشە لەسەر پێکدەهێنن زۆر حەز دەکەن لە تورکیادا بژین وەك چەندین وەچەیە-أجیال- ژیاون، لەوانەشە عەرەبەکانیش حەز بە تورکیا بکەن، بەهەر حاڵ ئەگەر ئەمان لەگەڵ تایەفە ناموسڵمانەکاندا کۆبکرێنەوە کەمایەتی پێکدەهێنن و رەواش نییە لەبەربوونی ئەم کەمایەتییە موسڵ بخرێتە سەر عیراق.

حکوومەتی بەریتانیش لە بەڵگە سیاسییەکانی خۆیدا پەنا دەباتە بەر بیروبۆچوونی خەڵك بەرادەیەکی فراوان و سووریشە لەسەر ئەوەی عەرەبەکان پێیان باشە بخرێنە سەر دەوڵەتی عەرەبی عیراق و ئێزدی و جوولەکەکانیش هەمان ویستیان هەیە، لە هەمان کاتدا مەسیحییەکان لەوە تۆقیون بدرێنەوە بە (ئەنقەرە) {((لورد کرزن)) لە لۆزان-٢٣/ی کانوونی دووەم ١٩٢٣}.

سەبارەت بە کوردیش حکوومەتی بەریتانی سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەوان حەز ناکەن لەگەڵ تورکیادا دابنرێن وەك لە شۆڕشە یەك لە دوا یەکەکانیانەوە دەردەکەوێ و هەروەها راپرسییەکەی هەردوو ساڵی ١٩١٩ و ١٩٢١ ئەمەی دەرخست.

لە فەسڵێکی پێشووی ئەم راپۆرتەدا لیژنە سەڵماندی کە ئەو راپرسییەی-اقتراع- حکوومەتی تورکیا پێی باش بوو بکرێ، نەدەکرا و-مستحیل- بوو، لەگەڵ ئەوەشا بە هەموو توانایەوە هەوڵیدا دڵنیا بێ لە ویست و ئارەزووی خەڵکەکە، بۆ ئەم مەبەستەش پرسیار لە ژمارەیەکی زۆری خەڵك کرا کە لەو لیستانەوە هەڵبژێردران هەردوو راوێژکاری بەریتانی و



تورکی پێشکەشیان کردبوو، لە ناوچە سەرەکییەکانیش کە لە بەشە فراوانەکانی وڵاتن بەتایبەتی شاری موسڵ، هەوڵیداوە بۆ دڵنیابوون لە بیروڕای خەڵکی، پرس بەو کەسانە بکا کە رادەیێ رۆشنبیری و دەسەڵاتیان هەیە وەك گەورە پیاوان و سەرکردە رۆحانییەکان و هەڵبژێردراوە لاوەکییەکان-**المنتخبین الثانویین**- ((لە سەردەمی حوکمی تورکدا هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکرا)) و خاوەن موڵکەکان و مەلاکەکانی گوندەکان.

جگە لەمەش گوێی لە هەندێ شایەت گرت کە ناویان هێنرابوو وەك پیاو ماقووڵ و خاوەن پلەوپایە، لیژنە هەوڵیدا هەموو رێ و شوێنێك بگرێتەبەر بۆ زامن کردنی نهێنی ئەو بیروڕایانەی ئەو شایەتانە پێشکەشیان کردبوو بە مەبەستی دابینکردنی دڵنیایی لە دەروونی شایەتەکاندا. ژمارەی ئەو کەسانەی بە تەنیا بیروڕایان وەرگیرا گەیشتە نزیکەی هەشت سەد کەس.

لیژنە لەسەرەتای دەست بەکاربوونیدا کێشەی جددی هاتە رێ هەندێکی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی زۆر لە شایەتەکان نەیاندەویست یان نەیاندەوێرا ئەوەی لە دڵیاندایە بیڵێن، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە قسەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی هۆی جیاجیاوە کە ئەمەش هەندێ گومانی دروستکرد سەبارەت بە راستگۆیی وەڵامەکان.

سەرەڕای ئەوەش کە لیژنە هەوڵیدا شایەتەکان هان بدا و دڵنیایان بکاتەوە کە هەر قسەیێك دەیکەن بەنهێنی دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ترس لە سزا زۆر گەورە بوو بەتایبەتی وەك تێبینی کرا دەترسان لە سزادانی دەسەڵاتی ئێستای وڵات. زۆرجار شایەتەکە بە نهێنی و بە چپە دەیگوت تورکیای دەوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەنگی بەرز دەکردەوە و دەیگوت حکوومەتی عیراقی دەوێ ئەمەش بۆ ئەوەی بوو ئەوانەی لە دەرەوە راوەستابوون گوێیان لە قسەکان بێ. گومانیشی تێدانییە کە ئەم دوو دڵییە لە بیروڕا دەربڕیندا هەندێ جار دەگەڕایەوە بۆ ترس لە سزادانی تورك ئەگەر گەڕانەوە بۆ وڵاتەکە، بەڵام ئەم ترسە رێی لە هیچ شایەتێکی مەسیحی نەگرت کە راشکاوانە رای خۆی بڵێ. پاشان ئەو ترسە وردە وردە کەم دەبووەوە تا بەجارێ نەما، لیژنەکەش کە خەڵکەکە وایاندەزانی لیژنەیێکی حکوومەتییە و خۆی ئاشکرا ناکا، توانی بڕوای خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشێ، بۆیە شایەتەکان دەستیانکرد بە دەربڕینی بیروڕای خۆیان ژمارەیەکی کەم نەبێ لە دوا کاتەکانی لێکۆڵینەوەکەدا. گومانی تێدا نییە کە بەرژەوەندی تایبەتی هەندێ جار رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دەربڕینی راکاندا، ئەوەی خۆی بە نزیك دەزانی لە دەسەڵاتی عیراقییەوە پشتگیریی عیراقی کرد، ئەوانەش کە بێ هودە هەوڵیان دەدا فەرمانی گشتیان دەستبکەوێ یان هەر دەسکەوتێکی دیکە مەیلیان بەلای تورکیادا بوو.

ناكۆكی نێوان سەرەك هۆزەكانیش كاری خۆی هەبوو لە دەربڕینی بیروڕاكاندا، جاری واش هەبوو شایەتەكان لە ئەندامێكی لیژنەكەیان دەپرسی فلان كەس چی گوتووە، هەر بۆ ئەوەی راییێكی جیاواز بدەن وەك تۆڵە و ركەبەرایەتی كردنی ئەو كەسە.

لە هەندێ ناوچەی دیاریكراودا زۆر بەباشی دیاربوو، كە رەوشتی فەرمانبەرەكان یان (اجراءات)ی ئیداریی تایبەت (وەك دامەزراندنی فەرمانبەری عەرەب یان كورد لە ناوچە كوردیەكاندا)، بڕیاری لەسەر پشتگیری كردنی عیراق و دەوڵەتی (انتداب-ماندات-) دەدا.

بنیاتی كۆمەڵایەتی وڵاتیش كاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر رەفتاری زۆر لە جووتیارەكان و پیاوەكانی هۆزەكان. لە ژمارەیەكی زۆری حاڵەتەكاندا داوایان لێدەكردین بگەڕێینەوە بۆ سەركردە عەشایرییەكانیان یان ئەو كەسەی گوندەكەیان موڵكی ئەوە بۆیە زۆرجار ناچار دەبووین رووی پرسیارەكانمان لەو كەسانە بكەین، چونكە نوێنەرایەتی ژمارەییێكی زۆری خەڵكیان دەكرد. بەڵام نەمانتوانی لەوە دڵنیابین ئایا ئەم سەركردە و مەلاكی زەوییەكان بیروڕای هۆزەكەیان و جووتیارەكان بە ئەمانەتەوە بە ئێمە دەگوت یان نەء! چەند ژمارەیەكیش لە شایەتەكان لە  پرسیارەكانمان تێنەگەیشتن، چونكە نەهیچیان دەربارەی دەزانی و نە هۆی پرسیاركردنەكەش. كابراییێك كە پرسیارمان لێكرد گوتی ئەو ویستی رای خۆی وەك رای دوو كەس بێ كە ناوەكانیانی گوت، لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو كەسە راییێكیان دەربڕیبوو كە پێچەوانەی رایەكەی ئەوبوو. لە حاڵەتی دیكەدا كاریگەریی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتێكی دیاریكراو ئەوەندە روون بوو تا ئەو رادەیەی كە قسەی خەڵكەكە هچ بایەخێكی نەدەما. لە هەندێ بۆنەشدا ئەندامانی ئەو وەفدانەی دەهاتن بۆ ئەوەی بڵێین زۆر حەز دەكەن بچنە پاڵ عیراق، كەچی بە دزییەوە دەیانگوت ئەوان بەهێزترین لایەنگری توركن. بۆیە بڕیارماندا هیچ حیسابێ بۆ وەفدەكان یان سكاڵانامەكان-**العرائض**- نەكەین.

شایەت هەبوو دووجار پرسیاریان لێكرابوو، كەچی لە لێپێپێچینەوەی دووەمدا شتێكیان گوت پێچەوانەی رایەكەی پێشوویان بوو. زۆرجار جووتیارەكان دەیانگوت دەیانەوێ هاووڵاتی ئەو دەوڵەتەبن كە پایتەختی لیواكەی تێدایە (مەبەستیان موسڵ بوو). پوختەی قسە ئەوەیە كە زەحمەت بوو گرنگی شایەتە جیاجیاكان و نرخی قسەكانیان بزانرێ. وەك بنەماییێكی گشتی داوامان لە شایەتەكان دەكرد ئەو هۆیانەمان پێ بڵێن كە وایان لێدەكا وابڵێن، زۆرجاریش هۆیەكان وتایبەتمەندی خۆیان هەبوو چونكە هەندێ بیرۆكەی لادروست دەكردین سەبارەت بە ڕادەی رۆشنبیری شایەتەكە و رەسەنایەتی رایەكەی-أصالة رأیە-. وەك هۆیەك بۆ ئەو رایەی



زۆر لە شایەتەكان دایان كە عیراقیان لاباشترە، ئەوەبوو كە ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە، بە جۆرێك كە لە سەردەمی توركدا نەبینرابوو، هەروەها خوێندنیش زۆر گەشەی كردبوو، ئەوەشیان دەگوت كە چاك بوونی بارودۆخی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی بەریتانی. دوو شایەت یان سیان لەبەر ئەوە عیراقیان پێ باشترە، چونكە بە زۆرگرتنی سەرباز-التجنید الاجباری-ی نەهێشتووە، كەسی دیكەش هەبوو كە لایەنگریی عیراقیان دەكرد لەبەر ئەوەیان بوو كە حكوومەتی عیراق لە هەردوو حكوومەت بەهێزترە چونكە توانی وڵات داگیر بكا، بۆیە واباشە مرۆڤ بچێتە پاڵ دەوڵەتێكی بەهێز.

ئێمە یەكسەر دەركمان بەوەكرد كە هەندێ سەرەك هۆز لە ناوچە دوورە دەستەكاندا حكوومەتی توركیایان لا باشتربوو چونكە بایی ئەوەندە سەربەخۆییان هەبوو كە لە هینەكەی ئێستایان زیاتربوو.

هەندێ لەو كەسانەی كە تاڕادەیەك رۆشنبیربوون ئاماژەیان بەهۆیە ئابوورییەكان كرد و زۆربەری هۆیەكانی مەیلی خەڵكی بۆ عیراق دەگەڕایەوە، بۆ گرنگی پەیوەندییە بازرگانییەكان لەگەڵ بەغدادا، دەبێ ئەوەش بڵێین كە زۆر لە بەڵگەكانی ئەم جۆرە كەسانە كە دڵسۆزی خۆیان پێ دەسەلماند هەموو كاتێ لە گومان لێكردن بەدەر نەبوو. ئەو بەڵگە ئابوورییانەی حكوومەتی بەریتانیا پێشكەشی كرد زۆر بەباشی لە ناوچەكەدا زانرابوو، هەندێ جار كە باسدەكرا هەر بۆ ئەوەبوو نرخێ بەڕای شایەتەكە بدا. لە یەك حاڵەتدا سەركردەكان وەڵامی پرسیارێكی ئابوورییان نەدایەوە كە پەیوەندیی بەو رێگایانەوە هەبوو كە ناردنە دەرەوەی-صادرات- مەڕی پێدا دەڕۆیشت بەو مەهانەیەی پرسیارەكە گوایا سیاسییە. توركەكان و زۆر لە كورد و عەرەبەكانیش كەوتنە ژێر كاریگەریی هەستێ نیشتمانی، یانیش ئەو هەستە و نەتەوەییەی كە زۆر گەشەی كردبوو بە ئاگای دەهێنانەوە و راكانیان لە دڵسۆزییە هەڵدەقوڵا با هەموو كاتێكیش ئەنجامی بیركردنەوەی پێگەیشتوو-**ناضج**-نەبووبێ. لە كۆتاییدا دەبێ ئەوەش بڵێین كە لە چەند حاڵەتێكی جیاوازدا ترس لە حكوومەت هۆی دەربڕینی رایەكان بوون بە پەسەند كردنی لاییێك. سەرنجی ئەوەشماندا كە جووتیارەكانی ناوچەییێك زۆریان پێخۆش بوو بەوەی لیژنەكە هەلی بۆ رەخساندن چاویان بەڕاوێژكارە توركەكە بكەوێ كەچی نوێنەرەكانیان بەكۆی دەنگ لایەنی عیراقیان گرتبوو.

ئێستاش با ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەكانمان لە لیوا جیاجیاكاندا كورت بكەینەوە، پاشان دێینە سەر باسكردنی ئەنجامە گشتییەكان كە دەبێ لە بیروبۆچوونەكانەوە وەریان بگرین و پوختەیان بكەین.

لیوای سلێمانی باشترین و پوختەترین رایان هەبوو، پێکهاتەی نەتەوەیی بەپێی دوا سەرژمێری لەم لیوایەدا بە نزیکی-تقریبی- ئەم ژمارانەبوون.

| | |
|---|---|
| عەرەب | ٧٥ |
| کورد | ١٨٩٩٠٠ |
| توورك | ١٥٥٠ |
| کۆ | ١٩١٥٢٥ |

ئەو کەسانەی لەم لیوایەدا چاومان پێکەوت کەمێکی نەبێ هەمووی مەیلیان بەلای حکوومەتی عیراقدا بوو، بیروڕاکانیش جیاواز نەبوون تەنها لە قەزای چەمچەماڵدا نەبێ کە لە سنووری لیوای کەرکووکدایە و لەڕووی ئیدارییشەوە سەر بەو لیوایەیە.

لیژنە بە تەواوی قەناعەتی هێنا کە ویستی خەڵکەکە ئازادانە وەرگیراوە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ مەیلێکی تایبەتی لای ئەو خەڵکە نەدی سەبارەت بەدامەزراندنی حکوومەتێکی عەرەبی.

یەکگرتنیان لەگەڵ تورکیا پێ قبوڵ نەبوو و ئارەزووشیان دەکرد تەنها لە یەکیەتییەکی ئابووریدا لەناو چوارچێوەی عیراق بن. مەیل و هەوڵێکی بەهێزیشیان هەیە بۆ حوکمی زاتی و داواکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندن و ئیدارە و دادگاکاندا. ئەو هەستەش هەبوو کە پێویستە راوێژکارە بەریتانییەکان بۆ ماوەیێك بمێننەوە بە تەواویش ئەوەیان قبوڵ نەبوو کە حکوومەتێکی ناوخۆیی پێکبێ بێ یارمەتی ئەورووپییەکان. لەم هەرێمەدا هەستێکی نیشتمانی کوردیمان بینی ئەگەرچی هێشتا لەسەرەتادابوو، بەڵام ماقووڵ و مام ناوەندی بوو. ئەگەر خەڵکەکەش داوای سەربەخۆیی تەواویان دەکرد وەك پیرۆزترین ئاوات، لە هەمان کاتدا هەستیان بە سوودەکانی سەرپەرشتی وشیارانە و زیرەکانە دەکرد. گومانی تێدا نییە کە لێهاتوویی ئیدارییە بەریتانییەکان لەم هەرێمەدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە بارودۆخی خەڵکەکە لەڕووی بیرو هزریانەوە. لە لیوای کەرکوکدا کۆی هەموو دەنگەکان-إجماع- کەمتر بوو، بەڵام بیروڕاکان زەحمەت بوون شیبکرێنەوە. پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم لیواە بەمجۆرەیە.

| | |
|---|---|
| عەرەب | ٣٥٦٥٠ |
| کورد | ٤٧٥٠٠ |
| تورك | ٢٦١٠٠ |
| مەسیحی | ٥٤٠٠ |
| کۆ | ١١١٦٥٠ |



مەسیحییەکان وەك براکانیان لە ناوچەکانی دیکە عیراقیان لاباشتر بوو {بەهەندێ مەرجی تایبەت کە لە دواییدا ئاماژەیان پێدەکەین} . تورکەکانیش کە زۆربەیان لە مەڵبەندی لیواکەدا دەژیان هەروەها لەو رێگەیەش کە دەگاتەوە (پردێ و کفری) زۆربەیان تورکیایان لاباش بوو، هەرچەندە کەمێکیشیان لەبەر هۆی ئابووری عیراقیان لاباشتربوو.

بیروڕاکان لە نێوان شایەتە عەرەب و کوردەکاندا جیاوازبوو رەنگە واچاوەڕوان دەکرا زۆربەی عەرەب عیراقی پێ باشتربێ کەچی زۆربەیان تورکیایان لاباشتربوو و دەنگیان بۆ ئەودا، ئەگەر رای کوردەکان بژمێرین، هەر ژماردن بەبێ شیکردنەوە، دەبینین زۆرینەیەك کە نابێ حیسابی بۆ نەکرێ مەیلیان بەلای تورکیا دایە. لەلاییێکی دیکەوە بیروڕای سەرکردە گەورەکانی کورد ئاماژە بەوە دەکا کە زیاتر مەیلیان بەلای عیراقدایە، دەبێ ئەوەش بڵێین کە ژمارەیەك لەم گەورە پیاوانە گوتیان حکوومەتی عیراق لە پاداشتی ئەوەی پارێزگاری رێگەکان دەکەین پارەیان دەداتێ. وەك بنەماییێکی گشتی وادەهاتە پێش چاو کە دەنگەکان بە ئازادی و بێ کاریگەریی دەسەڵات، کە زۆرکەم هەستی پێدەکرا، دراون. لیوای هەولێریش ئەم ژمارانەمان بۆ دەخەنە روو (بە نزیکی-تقریبی-)

| | |
|---|---|
| عەرەبی | ١١٧٠٠ |
| کورد | ١٧٠٦٥٠ |
| تورك | ٢٧٨٠ |
| مەسیحی | ٣٩٠٠ |
| جوولەکە | ٢٧٥٠ |
| کۆ | ١٩١٧٨٠ |

لەم لیوایەدا دید و بۆچوونە سیاسییەکانی زۆربەی قەزای کۆیە سەرنج رادەکێشێ. زۆربەی خەڵکەکەی هەمان ئاواتیان هەیە کە لای خەڵکی سلێمانی بینیمان ژمارەیەکی باشیشی لەسەرکردەی خوێندەوار تێدایە.

قەزاکە نزیکەی شەست هەزار کەسی تێدا دەژی کە زۆربەی زۆریان کوردن. لە قەزای هەولێر (مەرکەز) هەموو تورکەکانی شارەکە تورکیایان لاباشتر بوو، هەروەها هەموو ئەوانەش لە رەچەڵەکدا تورك بوون، ئەم رایەش ژمارەیەکی زۆری کورد و عەرەبیش پەسەندی دەکەن، بەڵام سەرکردەی هۆزە کوردەکان جگە لە دەوڵەتێکی کوردیی ئازاد هیچی دیکەیان قبوڵ

نەدەکرد، بەمەرجێ لەژێر چاودێری ئەوروپادا بێ، بۆخۆشیان بەریتانیایان لاباشتربوو بۆ ئەم مەبەستە.

کەمێك هەبوو عیراقیان پێ باش بوو بەلاّم بە مەرجێ (انتداب)ی بەریتانیا بمێنێ، ئەگەر ئەم مەرجانە نەهاتەدی، ئەوا ئەوان حکوومەتێکی تورکییان پێ باشترە لە حکوومەتێکی عەرەبی، ئەگەر بیروڕای دانیشتووانی ئەم قەزایە بەسەریەکەوە وەربگرین، ئەوا زۆربەیان مەیلیان بەلای تورکدا بوو. دانیشتووانی قەزای ڕەواندز کە نزیکە لە سنووری تورکیاوە و خەڵکەکەی لە دانیشتووانی قەزاکانی دیکە دواکەتووترن و زۆربەی شایەتەکانیش عیراقیان لاباشتر بوو بەلاّم زەحمەتیشە ئەوە شی بکەینەوە ئایا چەند کەسیان لە پرسیارەکە دەگەیشتن، بەهەرحاڵ بەهۆی شوێنی جوگرافی ئەم قەزایەوە وای بۆ دەچین کە چارەنووسی وەك چارەنووسی قەزای مەرکەز بێ.

زۆربەی جوولەکە و مەسیحییەکان لە لیواکەدا حکوومەتێکی عیراقییان دەویست بەلاّم لەژێر (انتداب)دا. پێکهاتەی نەتەوەیی لیوای موسڵ زۆرتر تێکەڵە لەوانی دیکە و بەمجۆرەیە

| | |
|---|---|
| عەرەب | ١١٩٥٠٠ {٤٧٠٠٠ یان لەناو شاردان} |
| کورد | ٨٨٠٠٠ |
| تورك | ٩٧٥٠ |
| مەسیحی | ٥٥٠٠٠ {٤٠٠٠ یان لەناو شاردان} |
| جوولەکە | ٧٥٥٠ {٤٠٠٠ یان لەناو شاردان} |
| کۆ | ٣٠٦٠٠٠ {٩٦٢٥٠ یان لەناو شاردان} |

لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەوەی دەرخست کە شتێ نییە پێی بوترێ هەستی نیشتمانی عیراقی لەو هەرێمە کە کێشەکەی لەسەرە مەگەر لای کۆمەڵە عەرەبێك نەبێ کە ڕۆشنبیرییەکی کەمیان هەیە ئەم هەستە عەرەبییە تێکەڵ مەیلی شۆڤینییەت و گیانی دەمارگیری دژی بێگانە ببوو. لای کوردەکان هەستێکی نەتەوەیی ڕوو لە زیادبوونمان بینی، هەستی کوردایەتی بە هەموو مانای وشەکە، کە هیچ مەیلی عیراقیان نەبوو، ئەو هەستە زۆر گەشەکردووتر و بەهێزترە لە باشوور و کەم دەبێتەوە تا بەرەو باکوور بڕۆین تا بە جارێ لە



دەشتی موسڵ و پایینی ئاکرێدا نامێنێ. ئەم هەستە بەزۆری لای تورکەکانی ویلایەتەکە بەهێزە.

نەبوونی هەستی نیشتمانی عیراقی ئەو بیروڕا زۆرە ڕوون دەکاتەوە کە نایانەوێ لە عیراقدا بمێننەوە مەگەر بە چەند مەرجێ. وەك پێشتریش ڕوونمانکردەوە کە دەمارگیرترین نەتەوەییە عەرەبەکان تورکیا پێ باشترە لە عیراقێك لەژێر پارێزگاری بێگانەدا بێ. لەلاییەکی دیکەوە ژمارەیەکی زۆری سەرکردە مەسیحییەکان دەڵێن کە گومانیان لە حکوومەتێکی توورکی لە گومانیان لە حکوومەتێکی عیراقی کەمترە ئەگەر لەژێر پارێزگاری ئەورووپیدا نەبێ.

هەمان مەیلمان لای ئێزدییەکانیش بینی. کوردەکانی سلێمانی داوای حوکمێکی زاتی ناوخۆییان کرد کە سنوورێکی فراوانی هەبێ و ڕاوێژکاری بەریتانیش یارمەتییان بدا. بەکورتی ئەو ڕایانەی عیراقیان لاباشتر بوو بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان پاڵی پێوەدەنان وابڵێن یانیش بەرژەوەندیی کۆمەڵ نەك هەستی نیشتمانی وایان لێ بکا. دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەستی پشتگیریی عیراق لاواز و ساردو سڕبوو و هیچ گومانیش لە قسەکانی حکوومەتی تورکیدا نییە سەبارەت بە مەیلی دانیشتووانی ناوچەکە.

ڕای کوردەکان یەکگرتوو نییە، چونکە کۆمەڵەی سلێمانی و دەوروبەری داوای حوکمی زاتییان دەکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، ئەمەش نزیکەی نیوەی هەموو دانیشتووانی ویلایەتەکە پێکدێنێ، تەنانەت لەناو توورکەکانیشدا خەڵکمان بینی بەغدایان لاباشتربوو. بەمجۆرە و بە پێچەوانەی قسەکانی حکوومەتی بەریتانی نە زمان و نە نەتەوایەتی بەڵگەیێك بوون پشتیان پێ ببەسترێ سەبارەت بە بیروبۆچوونی سیاسی، زۆریش لە چینە هەژارەکانی عەرەب مەیلیان بەلای تورکیادا بوو، دەربڕینی ئەم مەیلەش بە عادەت بە وشە و گوزارەی سووزداری گەرم دەردەبڕدرا.

خاڵێکی دیکە هەیە ئەوەیە کە یەك ناوچە نەبوو کە لە چەند (ناحیە)یەکی نزیك یەك پێکهاتبێ (جگە لە لیوای سلێمانی) و بە (إجماع) لایەنی یەکێ لە لایەنەکانی کێشەکە بگرن.

هەرچەندە ئەنجامە کۆتاییەکان ناڕوونییان تێدایە، لەگەڵ ئەوشا بەڕوونی دەری دەخەن کە بەڵگەکانی تورکیا لاوازن سەبارەت ویلایەتەکە وەك هەموو (کلی)، بەلاّم ئەگەر نەتەوەکان و ناوچەکان بەجیا وەربگرین، کەس نابینین بۆچوونی بەریتانی بە هیچ جۆرێ پەسەند و قبووڵ بکا.

**٢- مەسەلەی ئاشوورییەکان:**

**١- پوختەی بەڵگەکان:**

لە (لۆزان) باسی گێڕانەوەی ئاشوورییە (النساطرە) بۆ نیشتمانی خۆیان لە باکووری سنووری ویلایەتی موسڵ نەکرا، بەڵکو تەنها ئاماژەیەکیان پێکرابوو لە یادداشتەکەی (لورد کرزن) ((یادداشتێ دەربارەی موسڵ)) کە بۆ (عصمت پاشا) لە ١٤/ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٤دا ئاراستە کرابوو. لە یادداشتەکەدا کرزن دەڵێ: ((ئەو (النساطرە)انەی سەربازە تورکەکان لە هەردوو ناوچەی (جولە میرگ) و سنووری ئێران دەریانکردن لەکاتی جەنگدا و هەزارانیشیان لێ مردن کە رایانکرد بۆ عیراقی مەڵبەندی ئێستایان، تا مردن شەڕ دەکەن بۆ ئەوەی ناوچەکانی ئەوان نەخرێتەوە بەردەستی کەسانێك کە بۆ ئەوان نموونەی چەوساندنەوەن)) (عصمت) وەڵامی دایەوەو گوتی ((-نساطرە- کان ئیشی خراپیان کرد دەرهەق بە موسڵمانەکانی هاوبەشیان لە نیشتماندا کاتێ سوپای روسیای قەیسەری هێرشی کردە سەر ویلایەتی (وان) ئەوان لەگەڵ موسڵمانەکاندا چەند سەدەییێك بە ئاشتی و دۆستایەتی ژیان، بەڵام زۆر بەدڕندەیی و غەدر رەفتاریان لەگەڵ موسڵمانەکاندا کرد هەر ئەمەش وایلێکردن کە روسەکان پاشەکشەیان کرد ئەمانیش لەگەڵیان بڕۆن {یادداشتی (عصمت پاشا) بۆ (لورد کرزن) لە ٢٣/ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢ لەگەڵ مەحزەرەکان-بەرگی یەکەم: ل٢٨٢} .

حکوومەتی بەریتانیا ئەم مەسەلەیەی لە کۆنگرەی (قسطنطینە)دا نەبێ نەوروژاند. ئەو کۆنگرەیەی لە مانگی ئایاری ١٩٢٤ بەسترا ئەمەشی وەك بەڵگەییێك بەکارهێنا بۆ فراوانکردنی سنووری عیراق. لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٢٤دا حکوومەتی بەریتانی بە حکوومەتی عیراقی راگەیاند کە بە نیازە داوابکا بەشێ لە زەویی ئاشوورییەکان دابردرێ و بدرێ بە عیراق، لە هەمان کاتدا باسی ئەو سوودانەشی کردبوو کە عیراق دەستی دەکەوێ لە حاڵەتی بوونی گەلێکی جەنگاوەری یەکگرتوو لەگەڵ عەرەبەکاندا کە پەیوەندیی دۆستایەتی و پێزانینی بیانبەستێتەوە بە عەرەب، لەسەر سنووری باکووری عیراقدا. بەریتانیا پرسیاری کردبوو ئایا حکوومەتی بەغدا ئامادەیە هەندێ لەو زەویانەی کەسی تێدا نییە-**متروکة**- لە ناوچەکانی باکووردا تەرخان بکا بۆ ئەو ئاشوورییانەی تائێستا نیشتەجێ نەکراون؟ هەروەها حکوومەتی بەریتانی پرسیاری ئەوەشی کرد ئایا حکوومەتی عیراق ئامادەیە هەمان سەربەخۆیی ناوچەیی بدا بە ئاشوورییەکان کە پێشتر و لە سەردەمی حوکمی تورکیدا هەیانبوو؟ حکوومەتی عیراق لە ٣٠/ی نیساندا وەڵامی دایەوە کە قبوولێەتی.



(سر برسی کوکس) پێشنیارە تازەکەی بەریتانیای روونکردەوە لە (کۆنگرەی-قسطنطینە- لە ١٩/ی ئایاری ١٩٢٤-).

((سەرباری ئەوەی پێشتر گوترا و لەبەر ئەوەی وتووێژەکان لە (لۆزان) کۆتایی پێهێنرا، بۆیە کێشەییێك هەیە کە بایەخی زیادی کرد لای حکوومەتی خاوەن شکۆ، مەبەستیشم دوارۆژی ئاشوورییەکانە جگە لەوانەی لە وڵاتی ئێراندان. حکوومەتی خاوەن شکۆ بە توندترین هۆی هەستکردن بە لێپرسراویەتی دەربارەی نیشتەجێ کردنیان بەجۆرێ کە ئاواتە نەتەوەییەکانیان و داواکارییە ماقووڵەکانیان، بکاتە کێشەیەك کە دەبێ چارەسەر بکرێ لەبەر ئەمەش حکوومەتی خاوەن شکۆ ناتوانێ گوێ نەداتە بانگەوازی گەرمیان کە داوا دەکەن لە نیشتمانی پێشووی خۆیاندا و لەژێر پارێزگاری بەریتانیادا نیشتەجێ بکرێنەوە. ئەم چارەسەرە باشە هەرچییەکی لێ بکەوێتەوە لە جیهانی مەسیحی دا، حکوومەتی خاوەن شکۆ لەبەر هۆی جیاواز ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە بواری لێپرسراویەتی خۆی تا ئەو رادە مەترسیدارە فراوان بکاتەوە بۆیە لەو کاتەی کە ئامادە نییە بەدەنگ هەموو داواکارییەکانیانەوە بچێ، بەڵام حکوومەتی خاوەن شکۆ بڕیاریدا و لەرێی ئەم وتووێژەوە سنوورێکیان بۆ دابین بکات کە لەلاییێکەوە پێویستییەکانی رێککەوتننامەییێکی دان پێدانراوی سنوورێکی باش دەهێنێتەدی و لەلاییێکی دیکەوە رێ دەدا بە نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان لە یەك کۆمەڵگادا و لەناو سنووری ئەو زەوییەی کە حکوومەتی خاوەن شکۆ و لەژێر چاودێری کۆمەڵی گەلاندا دەیخاتە ژێر (انتداب)ی خۆی، ئەگەر نەتوانرا ئەم نیشتمانە دابینبکرێ لە زەویی باپیرانیان، با لە ناوچەییێکی دیکە بێ و نزیك بێ لەو شوێنانەوە. ئەم سیاسەتە کە بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان دانراوە حکوومەتی عیراق بە تەواوی قبوولێەتی و ئامادەی هاوکاریشە لەم رووەوە، هەروەها لەلای خۆشیەوە ئامادەیە یارمەتی پێویست بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پێشکەش بکا.

هەر لەبەر ئەمە من رێنماییم بۆ هاتووە دەربارەی ئەو سنوورە کە لەسەر نەخشە ئاماژەی پێکراوەو ئێستا دەیخەمە بەردەستتان))

(سر پرسی کوکس) بەردەوام بوو لە قسەکانیدا و گوتی لەو بڕوایەدایە کە حکوومەتی تورکیا ئامادەیە پێشنیارەکەی حکوومەتی بەریتانیا پەسەند بکات، چونکە بەڕێوەبردن و دەست بەسەر داگرتنی ئەم ناوچەیە کە ناوچەی ئاژاوە و دوژمنکاری و پشێوییە هەمیشە حکوومەتی تورکیای لە رابرووردوودا تووشی (إحراج) کردووە، هەروەها سەرچاوەییێکیشە بۆ پێکدادان لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکەدا. ئەوەشی گوت کە ئەم پێشنیارە گرنگترین داواکاری

نییە کە لە بڕی کەمایەتییە مەسیحییەکان پێشکەش بکرێ، چونکە ئەو هێڵەی دانرابوو بۆ ئەوە بوو بەپێی توانا ڕووبەڕووی ویستەکانی حکوومەتی تورکی بێ، جا ئەگەر نەتوانرا بگەنە ڕێککەوتن لەسەر هێڵەکانی ئەم پێشنیارەی ئێستا پێشکەش دەکرێ بە حکوومەتی تورکیا، ئەوسا حکوومەتی بەریتانی ئازادی تەواوی دەبێ بۆ ئیشکردن دەربارەی ئەو سنوورەی لەبەردەم کۆمەڵی گەلاندا داوای دەکا.

لە دانیشتنی ١١/ی ئایاری **١٩٢٤** وتارەکەی (فتحی بەگ) بەمجۆرە وەڵامی ئەو قسانەی دایەوە کە دەربارەی مەسەلەی ئاشووری کرابوون ((دوای ئەوەی-فخامە-تان ئارەزووی خۆی دەربڕی بۆ بەردەوام بوونی وتوویژ لەو خاڵەوە کە (لورد کرزن) لە (لۆزان) بەجێی هێشت، دەبینم ئێستا واز لەوە دێنن و مەسەلەییێکی تازە دەوروژێنن کە مەسەلەی دوا ڕۆژی ئاشوورییەکانە، هەر بۆ زامن کردنی دوارۆژی ئەوان داوای ئەوەتان کرد کە هەندێ زەوی دیاریکراو کە ئێستا ئاڵای تورکیا لەسەر دەشەکێتەوە بخرێتە پاڵ ئەو زەویانەی لەژێر پارێزگاری بەریتانیادان، ئەگەر بڵێم ئەم داواکاریەتان تووشی سەرسامی نەکردم ئەوا لە ڕاستی دووردەکەومەوە)) سەرۆکی وفدی بەریتانی لە لۆزان باسی ئەو ئارەزووەی حکوومەتی خاوەن شکۆی کرد بۆ پێدانی حوکمی زاتی بە گەلی کورد. کەچی-فخامە-تان ئێستا داواکارییەکانی ئاشوورییەکان پێشکەشدەکەن، بۆیە دەبێ ڕێم بدەی ئاماژە بەوە بکەم کە تۆ لە کاتێکدا ئەم داواکارییە پێشکەشدەکەی ئەوەت لەبیر چووەتەوە کە ئاشوورییەکان کەمایەتییەك پێکدەهێنن لە ویلایەتی موسڵدا کە شایانی باسکردن نییە. ئێوە کە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئەم کەمایەتییە دەکەن، ئەو بایەخە توندەتان بە ئاواتەکانی زۆرینەیێکی زۆر گەورە نەدا مەبەستم تورك و کوردە.

وەفدی تورکی هیچ هۆیەکی ماقووڵ لەوەدا نابینی کە سەدان هەزار توورك و کورد لە وڵاتی خۆیان دابڕین هەر لەبەر ئەوەی چەند کەسێکی زۆرکەم-چەند هەزارێ- کە هەندێکیان لە ئێرانەوە کۆچیان کردووە و هاتوون-بخەنە ژێر پارێزگاری بەریتانیاوە. ئاشوورییەکان مەسیحین، بۆیە من لەو هۆیەی حکوومەتی بەریتانی دەگەم کەوای لێدەکا داوای ئەوە بکا بە جۆرێکی تایبەت ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ لەگەڵ ئەمەشدا وەفدی تورکی ئاماژە بەوە دەکا کە هاووڵاتیان هەر هەموو بەچاو پۆشین لە ئاین و نەتەوەیان مافی یەکسانیان هەیە و ئاواتە نیشتمانییەکانی گەلان ناکرێ بخنکێنرێ بەڵکو دەبێ بە بۆچوونی وەفدەکە بخرێتە سەرووی هەموو (إعتبارات)ەکانی دیکەوە. ئەو لەوکاتەدا کە ڕێز لە نیازە مرۆڤایەتییەکانی



حکوومەتی بەریتانی دەگرێ کە پاراستنی مەسیحییەکانە بەڵام بە ئەرکی سەرشانی خۆیشی دەزانێ کە بڵێ ناتوانێ لەوە تێبگا، چۆن حکوومەتی بەریتانی بەرژەوەندی موسڵمانەکان لەبیر خۆی دەباتەوە بۆ ئەو مەبەستە. فەرمووتان کە بەڕێوەبردن و دەست بەسەرداگرتنی ئەو ناوچە سەختانە هەمیشە سەرچاوەی کێشە و زەحمەتی بووە بۆ حکوومەتی تورکیا منیش هیچ کێشەیێکی مەترسیداری ئەوتۆم بەبیردا نایێت تووشی ئیدارەی تورکی بووبێ کە چەندین سەدەیە لەو هەرێمەدایە. زۆر زەحمەتە بۆنەیێکم بە بیربێتەوە کە فەرمانبەرێکی تورك بەشێوەیەك ڕەفتاری لەگەڵدا کرابێ دووربێ لە ڕێز و قەدرگرتن. بەهەرحاڵ ئەگەر مەسەلە ئیدارییەکە ببێ بە هۆی ئەوەی دەست لە زەوی هەڵبگیرێ، مافی ئەوەم هەیە بیخەمەوە بیرتان کە ئیدارەی بەریتانی تووشی یاخی بوونی چەکدارانە و دەستدرێژی بووە لە ماوەی ئەم چوار یان پێنج ساڵەی دواییدا لە عیراق، بۆیە من حەزدەکەم بڵێم کە (**النساطرە**)یەکان هەمان ئاسایش و دڵنیایی چاوەڕێیان دەکا لە خاکی تورکیادا وەك چەندین سەدە، کە هەر وابوون بە مەرجێ ئەو هەڵانە دووبارە نەکەنەوە کە بە هاندانی بێگانەکان لە سەرەتای جەنگدا کردیان.

لە دانیشتنی ٢٤/ی ئایاری **١٩٢٤** (سر پرسی کوکس) وەڵامی قسەکانی (فتحی بەگ)ی دایەوە سەبارەت بە مەسەلە تازەکە و گوتی:

(معالی)تان ئاماژەتان بەو بەڵگانە کرد کە (لورد کرزن) لە (لۆزان) باسی کردبوو گوایا ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ بۆ دانانی هێڵی سنووری پێشنیارکراو، منیش حەز دەکەم بیخەمەوە بیرتان کە (لورد کرزن) خەتێکی دیاریکراوی بۆ سنووری باکوور وەسف نەکردووە، لە کاتێکدا کە زۆر سوور بووە لەسەر هەڵوێستی خۆی دەربارەی ویلایەتی موسڵ. ئەم ئەرکەی بە ئەنقەست بۆ شارەزاکانی هەردوولا بەجێهێشتووە. ئەو بارودۆخەی (لورد کرزن) لە (لۆزان) دیاریکردبوو بە حوکمی ناچاری و لە ئەنجامی زانیاریی تۆپۆگرافی دوور و درێژتر لەوەی پێشتر زانرابوو، کەمێ دەسکاری کرا، هەروەها لەبەر ئەوەش کە هەست کرا. پێویستە دوارۆژی ئاشوورییەکان دابینبکرێ، بۆیە حکوومەتی بەریتانی بڕیاریدا ((ئێستا)) داوای ئەو هێڵە بکا کە لەسەر نەخشەکاندا وێنەی کێشراوە، ئەو نەخشانەی لە ئەتڵەسی دووەمدا ((**أطلس الثانية**)) لەگەڵ خۆمدا هێنابووم، پاشان (سرپرسی کوکس) گوتی مەسەلەکە ئەوەی لە پشتەوە نییە کە زەوی بخرێتە ژێر پارێزگاریی بەریتانیاوە یان بەرژەوەندی ژمارەیێکی زۆری دانیشتووانی کورد لە پێناو بەرژەوەندیی کەمایەتییەکی مەسیحی لە ویلایەتدا، لەبیر بکرێ.

گەلی کورد بە تەواوی بەو حوکمە زاتییە ناوخۆییە رازییە کە پێی دراوە، کە مەسەلەی ئاشوورییەکانیش خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە لەبەر ئەوەبوو کە حکوومەتی بەریتانی بۆ پشتگیری کردن لە داواکارییەکانی خۆی، کە داوای هێڵی سنوورێك دەکا کەمێ دوورتر لەو هێڵەی لە سەرەتاوە پێشنیار کرابوو، باسیکردبوو بەو جۆرە دەکرێ ئاشوورییەکان لە یەك کۆمەڵگەدا نیشتەجێ بکرێن کە لەوانەیە هەمان نیشتمانی یەکەمی خۆیان بێ یان لێوەی نزیك بێ لەو زەویانە حکوومەتی خاوەن شکۆ داوای کردووە بخرێتە ژێر (انتداب) ی کۆمەڵی گەلان. بیروبۆچوونی (النساطرە)کانیش لەگەڵ بۆچوونەکانی (فتحی بەگ)دا یەك ناگرنەوە کە دەڵێ لە خاکی تورکیا ئاشتی و خۆشگوزەرانی چاوەڕێیان دەکا هەروەك جاران کەوابوون، چونکە هێشتا یادگارەکانیان زیندووەو بە تەواوی لەگەڵ قسەکانی (فەتحی بەگ)دا جیاوازە دەربارەی ئەو هەڵسوکەوتەی لەسەر دەستی توورکەکان لەگەڵیاندا کرا.

وتووێژەکانی دوارۆژی کۆنگرەکە گرنگی خۆی هەبوو لە چەند روویێکەوە:

(فتحی بەگ) تەئکیدی کرد کە ئەم کۆنگرەیە بەپێی ماددەی سێی رێککەوتننامەی (لۆزان) بەستراوە بۆ ئەوەی بگەین بە رێککەوتنێکی دۆستانە سەبارەت سنووری نێوان تورکیا و عیراق، بەڵام ئاماژەی بەوەکرد کە سنووری باکووری عیراق بەگشتی وەك دەزانن رێك بووە لەگەڵ ئەو هێڵەی خرایە بەردەم کرنگرە. بەڵگەی بۆ ئەم قسەیەی لەوەوە هێنا کە لە ئینسکلۆبیدیای بەریتانیدا نووسرابوو. پاشان ئاماژەی بەوەدا کە ویلایەتی موسڵ لەڕووی یاساییەوە بەشێکە لە تورکیا، تا ئەو کاتەی رێککەوتننامەیەکی دیاریکردنی سنوور مۆردەکرێ، بوونی ئێستا لەژێر دەسەڵات و داگیرکاری بەریتانیدا جارەکییە -**مؤقت**- و هیچ لەو راستییە ناگۆڕێ.

لەکاتێکدا کە نوێنەری تورك تەنها ئەو مەسەلەیەی خستەڕوو کە دەبێ بەپێی رێککەوتننامەکە چارەسەر بکرێ، نوێنەری بەریتانی مەسەلەیێکی تازەی هێنایە ئاراوە بەداواکردنی لێکردنەوەی زەویی دیکە کە هی ویلایەتی هەکاریی تورکیا بوو. ئەم مەسەلەیەش کەس بیری لەوە نەکردبووەوە لە وتووێژەکانی (لۆزان) دا بیوروژێنێ و ناشکرێ بەپێی رێککەوتننامەکە باسبکرێ. ئەگەر حکوومەتی بەریتانی سوور بوو لەسەر ئەوەی لە بابەتی کۆنگرەکە لابدا بە داواکردنی داواکاریی تازە دەربارەی ویلایەتی هەکاری، ئەمە هیچ شتێ ناگەیێنێ جگە لەوەی دەیەوێ ئەم وتووێژە سەرنەگرێ.



کە حکوومەتی بەریتانی باسی ئەوەکا کە مافی خۆیەتی لەبڕی حکوومەتی عیراق، کاتێ کێشەکە خرایە بەردەم کۆمەڵی گەلان، داواکاریی فراوانتر پێشکەش بکا، ئەمە هیچ شتێکی دەرەوەی سنووری کێشەکە ناگرێتەوە کە ئێستە باس دەکرێ و بە پێچەوانەی دەقی ماددەی سێی رێککەوتننامەکەیە. کاتێ حکوومەتی تورکیاش رازی بوو کێشەکە بخرێتە بەردەم کۆمەڵی گەلان بۆ ناوبژی کردن-تحکیم- ئامادە نەبوو داواکاریی سنووری تازەی بخرێتە بەردەم کە دیاری نەکراوە بۆیە ئامادە نییە رازی بێ لەسەر باسکردنی هەر مەسەلەیەك کە لە ماددەی سێی رێککەوتننامەکەدا نییە. لە واقیعدا دەست هەڵگرتنی تورکیا لە مافەکانی خۆی لە عیراقدا بەپێی ماددەی (١٦)، بە هیچ جۆرێ و بەپێی هیچ رێککەوتننامەیەك کۆتایی پێ نایێ تاکو سنووری نێوان عیراق و تورکیا دیاری نەکرێ. بۆیە ناکرێ مەسەلەیەك بێننە ئاراوە کە وازهێنانی تێدابێ لە زەویەك لە بەشی باشووری سنوورێك کە هێشتا نەچەسپیوە.

دیارە نوێنەری بەریتانی مەسەلەییێکی نوێ ئەوروژێنێ کە هیچ کاتێ باس نەکراوە و هیچ پەیوەندییێکیش بەو کێشەیەشەوە نییە کە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵی گەلان. لەکاتێ وتووێژەکەدا کە دوای ئەم مەسەلەیە دەستی پێکرا (سر پرسی کوکس) وەڵامی وەڵامەکەی (فتحی بەگ)ی دایەوە و گوتی: هەرکەسێ چۆن بیردەکاتەوە ئەوە کەیفی خۆیەتی کاتێ داوا دەکا سنووری باکووری عیراق دەبێ لەگەڵ سنووری باکووری ویلایەتی بەغدادا بێ، چونکە ئەمە بایەخی پێ نادرێ ((ئەو عیراقەی ئێمە مەبەستمانە ئەو زەویەیە کە حکوومەتی خاوەن شکۆ بەرپرسیاریەتی خستە ئەستۆی خۆی لەبەردەم کۆمەڵی گەلاندا دوای جەنگ و ئەو سنوورەش کە لە (لۆزان) دا باسکراوە دەکرێ گۆڕانی ناوخۆیی و لاوەکی-**ثانوی**-ی تێدا بکرێ چونکە حکوومەتی خاوەن شکۆ قەناعەتی بەو گۆڕانکارییە هێناوە کە پێویستە لەبەر رۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کردوویەتی و ئەو شارەزاییەش کە لەم مەسەلەیەدا بەم دواییە بەدەستی هێناوە)) بەهەرحاڵ بابەتەکە دەربارەی ئەوە نەبوو کە ویلایەتی موسڵ بدرێتەوە بە تورکیا. بەڕای (فتحی بەگ) داواکردنی زەوییەك کە هی ویلایەتی هەکارییە پێچەوانەی دەقی رێککەوتننامەی (لۆزان)ـە. بەڵام (سر پرسی کوکس) پێشتر ئەوەی بەبیری (فتحی بەگ)دا هێنابووەوە کە (لورد کرزن) پێشنیاری سنوورێکی دیاری کراوی نەکردبوو لە (لۆزان)، بۆیە گوتی ئەو هێڵەی خستییە بەردەم نوێنەری تورکیا لەگەڵ دەقی رێککەوتننامەکەدا رێك دێتەوە. پاشان گوتی هێڵی سنووری باکووری ویلایەتی موسڵ بایی ئەوەندەی ئەو بزانێ بە یەکجاری بڕیاری لەسەر نەدرابوو، بۆیە بارودۆخی سیاسی و عەشایری ئەم هێڵەی والێکرد کە

هێڵیکی یەکجارەکی نەبێ و دەکرێ بەپێی پێویست گۆڕانی بەسەردابێ. ئەم هێڵە پشتی بەڕادەی دەسەڵاتی والییەکان و جۆری ئیدارەو (اعتبارات)ی دیکەی ناوخۆیی و جارەکی- مؤقت- دەبەست بۆ مانەوەی، جگە لەوەی کە هەر دابەشکردنێکی ئیداری لە نێوان دوو هەرێمی یەك وڵاتدا بەشێوەیەکی جەوهەری لە سنووری نێودەوڵەتی نێوان دوو دەوڵەت جیاوازە. دووبارە ئەوەی گوتەوە هیچ کاتێ سنوورێکی نەگۆڕ و یەکجارەکی نەبووە بۆیە ناکرێ ئەو بۆچوونەی (فتحی بەگ) قبووڵ بکرێ گوایا ئەوەی ئەو بەبەشێ لە ویلایەتی هەکاری دەزانێ ناچێتە ناو بازنەی باسکردن بەپێی ماددەی سێی ڕێککەوتننامەی (لۆزان).

(فەتحی بەگ) وەڵامی دایەوە و گوتی ناتوانێ قسەکانی (سر پرسی کوکس) قبووڵ بکا سەبارەت بەو گۆڕانەی بەسەر سنووری ویلایەتی موسڵدا هاتووە و گوتیشی ئەو زانیارییانەی هەیەتی پشتگیریی ئەوە ناکەن کە بارودۆخێکی لەو جۆرە روویدابێ. هەردوو حکوومەت کە پەیوەندییان بە کێشەکەوە هەیە مەسەلەی ئاشوورییان جارێکی دیکە وروژاندەوە کاتێ کێشەکە خرایە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان. لەژێر ناونیشانی بەڵگە سیاسییەکاندا یادداشتەکەی بەریتانیا (١٤/ی ئابی ١٩٢٤) ئەم هۆیانەی باسکردبوو بۆ پشتگیریی کردنی داواکەی خۆی سەبارەت بەوەی ئەوەندەی  لە توانادا بێ ئاشوورییەکان بدرێن بە حکوومەتی عیراق ((گەلی بچووکی ئاشووری لە ڕۆژەکانی یەکەمی جەنگی مەزنەوە بڕیاریاندا مەسەلەی هاوپەیمانان بکەن بەهی خۆیان هەرچەندە شوێنەکەشیان شوێنێکی دابڕاو گۆشەگیرە و دەکەوێتە ناوەندیی وڵاتێك کە لەژێر دەسەڵاتی حوکمی تورکدایە ئەم گەلە هەلەکەی قۆزتەوە بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکەی بە حوکمێکەوە کە دووچاری جۆرەها چەوساندنەوەی بەردەوامیان کردبوون لە مێژووی رابوردوویاندا.

بەهۆی ئەم بڕیارەیانەوە تووشی کارەساتی گەورە بوون و لە وڵاتی خۆیان دەرکران و هەزارانیشیان لەکاتی کۆچکردنیان بەرەو عیراق لێ مرد))... ((ئەو هەلەیان بۆ رەخسا کە نیشتەجێ بن بۆیە هەندێکیان لە باشووری وڵاتی ئەسڵی خۆیان نیشتەجێ بوون... بەشێکی دیکەیان لەگەڵ کوردەکانی وڵات و مەسیحییەکانی ئەو ناوە لە باشووری نیشتمانی یەکەمی خۆیان نیشتەجێ بوون)) ((حکوومەتی بەریتانی هەست بە بەهێزترین لێپرسراویەتی دەکا سەبارەت بە نیشتەجێ کردنیان و بەدیهێنانی داواکاریی دادپەروەرانەی گەلەکەیان و ئاواتەکانیان. خۆشیان داوای ئەوەیان کرد لە هەموو زەویەکانی پێشووی خۆیاندا نیشتەجێ بکرێنەوە لەگەڵ پاراستنیان لەلایەن بەریتانیاوە)).



((حکوومەتی بەریتانیا لەبەر هۆی جیاواز نەیتوانی هەموو ئاواتەکانیان جێبەجێ بکا، بەڵام هەوڵیشی دا بۆ ئەوەی سنوورێکیان بۆ دابین بکا کە لەوانەیە هەندێ لەم مەرجانە بهێنێتەدی. ئێستاش تکا لە کۆمەڵی گەلان دەکا ئەو سنوورە بچەسپێنێ. ئەنجوومەنی کۆمەڵ کە پێویستییەکانی ڕێککەوتننامەی سنوورێکی باش دەهێنێتەدی، دەبێ لە هەمان کاتدا رێ بدا بە نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان لە کۆمەڵگەییەکی یەکگرتوودا و لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی کە خراوەتە ژێر (انتداب)ی حکوومەتی بەریتانی و لەژێر چاودێری کۆمەڵی گەلاندا. ئەگەر ئەمەیان بۆ نەرەخسا لە خاکی باپیرانی خۆیان نیشتەجێ بن، هیچ نەبێ لە ناوچەیێکدا نیشتەجێ بکرێن کە لە دەوروبەری وڵاتەکەی خۆیان بێ)).

وێنەکێشانی هێڵەکە بەرەو مەودایەکی دوورتر بە ئاڕاستەی باشوور ترسێکی زۆردەخاتە دڵی ئاشوورییەکان و دەیانخاتە بەردەم دوو شت کە سێیەمیان نییە: یان کۆچێکی بە کۆمەڵ یا شەڕکردن تا دوا هەناسە بۆ بەرگری کردن لە داواکارییەکانیان، ئەمە جگە لە زیانی ئابووری و سەربازی ئەم هێڵە تازە پێشنیارکراوە. ئەگەر ئەمە رووبدا ئەوسا ئاشتی و هێمنی لەم بەشەی سنوورەکەدا کۆتایی دێ)).

لەو بەڵگە جوگرافی و سەربازییانەی لە یادداشتەکەدا باسکراوە، بەڵگەیێکی دیکە هەیە پشتگیریی ئەوە دەکا کە دبێ ئەو سنوورەی پێشنیار کراوە لەبەرچاو بگیرێ، بەڵگەکەش ئەوەیە کە گەلی جەنگاوەری ئاشووری دەیەوێ ملکەچی خۆی بۆ عیراق رابگەیێنێ بەڵام بە چەند مەرجێ، ئەوسا دەبنە کۆمەڵگەیێکی بەبایەخی سەر سنوور بۆ دەوڵەتی عیراق.

یادداشتەکەی تورکیا لە (٥/ی ئەیلوولی ١٩٢٤)دا ئەوەی باسکردبوو، کە داواکارییەکانی بەریتانیا کە تایبەتن بە داواکردنی زەویەك دەکەوێتە ئەودیوی سنووری ویلایەتی موسڵی تورکیا بەشێوەیەکی زەق سنووری ئەو بابەتە دەبەزێنێ کە هەردوولا ڕێککەوتن بیخەنە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان، بۆیە ئەنجوومەن بڕیارێکی دا لە بەرژەوەندیی داواکارییەکەی بەریتانیادا بێ، بایی ئەوەندەی تایبەت بێ بەو کێشەیەوە کە باس دەکرێ. بۆ پشتگیری کردنی ئەم رایەی یادداشتەکە چەند گوزارەیەك وەردەگرێ کە (لورد کرزن) بەکاری هێنابوو و دەیسەلمێنی کە مەسەلەی کێشەی نێوان هەردوولا پەیوەندیی بە ویلایەتی موسڵەوە هەیە و لێی دەرناچێ.

بە گەڕانەوە بۆ ئەو بەڵگانەی حکوومەتی بەریتانیا پێشکەشی کردبوو یادداشتەکە سەرنجی ئەوە دەدا سۆزی حکوومەت هەرچەندێك بێ سەبارەت دانیشتووانی غەیرە موسڵمانی ویلایەت

کە لایەنی مەسەلەی هاوپەیمانانیان گرت لەکاتی جەنگدا، بە هیچ جۆرێ ئەم سۆزە پاساوی ئەوە نادا هەرێمێکی گەورە لە تورکیا جیابکرێتەوە کە رێژەکەیان لەو زەویەدا لە ٧٪ زیاتر نییە بەگوێرەی کۆی دانیشتووان. ئەمە جگە لەوەی کە ئاشوورییە (نسطوری)یەکان لە دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ نەبوون، بۆیە ئەگەر ناچارکرابن ولآتی خۆیان لەکاتی جەنگدا بەجێبهێڵن، ئەوە لەبەر ئەوەبوو کە چەکیان دژی موسڵمانەکانی شەرێکیان لە یەك نیشتماندا، هەڵگرت. بە هەرحاڵ ئەوان ژمارەیان کەمە و چەندین سەدەیە بە ئاشتی و بێ کێشە لەگەڵ برا موسڵمانەکانیاندا دەژین. ئەو پێشنیارەی حکوومەتی بەریتانیا کە داوای کۆکردنەوەی ئاشوورییەکان دەکا لە کۆمەڵگەییێکی رێکخراودا لەسەر سنووری تورکی-عیراقیدا، مەسەلەییێکە پرسیارێك دەهێنێتە ئاراوە کە ئایا ئەمە لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانیاندا بەڕاستی دەگونجێ، یان (اعتبارات)ی دیکە هەیە لە پشت ئەم داواکارییەوە، بەدەر لە ویستە راستەقینەکانی ئەم تایەفەیە. کۆکردنەوەی دەستکردی ئاشوورییەکان لەسەر سنوور مەبەستی ئەوەی لە پشتەوەیە کە دژی کوردەکان بەکاریان بهێنن و گیانی دوژمنایەتی کردنی تورکیاش پاڵی پێوەدەنێ، بۆیە ناکرێ چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێ ئەو ئەنجامانە بهێنێتەدی کە حکوومەتی بەریتانیا دەیەوێ پێی بگا، واتە دامەزراندنی سەردەمێکی هەمیشەیی ئاشتی لەم ناوچانەدا و دروستکردنی پەیوەندیی دۆستایەتی باش لە نێوان تورکیا و عیراق و هێنانەدی ژیانێکی بێ مەترسی بۆ ئاشوورییەکان.

**ب- ((اعتبارات)) و ئەنجامەکان:**

بارودۆخی ئاشوورییەکان لە رۆژانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێشوودا لە بەشێ لەم راپۆرتەدا هەڵسەنگێندرا، دووبارە دەڵێینەوە کە تارادەیەکی زۆرکەم تورکەکان چوونە ناو ولآتەکەیانەوە، بەڵام پێدەچێ شەڕو شۆڕ لە نێوان کورد و ئاشوورییەکاندا روویدابێ.

ساڵی پێش جەنگ پڕوپاگەندەی روسەکان کە رێڕەوێکی ئایینی گرتبووەبەر بە تەواوی هەستی پێدەکرێ. لە بەهاری ١٩١٥دا سوپای روس کە بەرەو (جولەمێرگ) دەهات پەیوەندیی بە ئاشوورییەکانەوەکرد و ئەوانیش بە هاندانی فەرماندە رووسیەکە دەستیان کرد بە هێرشبردنە سەر تورکەکان. دوای ئەوەی روسەکان کشانەوە بە ماوەییێکی کەم. ئاشوورییەکان دووچاری هێزی گەورەی توورك بوون کە هێرشی کردە سەریان و نەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن ناچار بەخۆیان و ماڵ و منداڵیانەوە بەرەو ئێران رۆیشتن، بەڵام دوای شەڕێکی خوێناوی کە شەش مانگی خایاند. کە



گەیشتنە ئێرانیش هەر بەردەوام بوون لە یارمەتی دانی رووسەکان کە چەند (کەتیبە)یێکیان لە سەربازە ئاشوورییەکان پێکهێناو لەژێر فەرماندەیی روسیادا شەڕیان کرد سوپای قەیسەری روخاو شەڕەکەی دۆڕاند بەڵام یەك فەوج لەژێر فەرماندەیی راستەوخۆی (بطریرك)ی ئاشوورییەکاندا بوو. لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ ئەو (تەشکیلات)ـە ئاشووریانە پەیوەندییان کرد بەو (یەکە غەیرە نیزامیانە)وە کە لە ئێراندا و بە فەرماندەیی ئەفسەری رووس مابوونەوەو بەرگرییان لە دەشتەکانی (أورمیە و سەلماس) دەکرد لە دژی توورك. بارودۆخی ئاشوورییەکان خراپتربوو، چونکە لەلاییێکەوە شەڕیان لەگەڵ کوردەکاندا دەکرد و لەلاییێکی دیکەوە حکوومەتی ئێران دەیویست ئەم هێزە چەکدارانەی کە لە خاکی ئێراندان چەکیان لێ داماڵێ. بە کۆتایی تەمووز ئاشوورییەکان بەرامبەر هێرشی توورك و کورد و ئێرانییەکان پاشەکشەیان کرد و پەنایان بردەبەر ئەو زەویانەی هێزەکانی بەریتانیا داگیریان کردبوو.

ئەو ئاشوورییانەی لە ئێران نیشتەجێ بوون لەکاتی جەنگدا شەڕیان دژی تووركیا دەکرد وەك رێکخراوە ئەرمەنییەکان کە هەمان چارەنووسی ئاشوورییەکانی تورکیایان هەبوو. ئاشوورییەکان کە پاشەکشەیان کرد تووشی جۆرەها کارەسات و نەهامەتی بوون و ژمارەییێکی زۆریان لێ کوژرا لەشەڕدا و زۆریشیان لە برسا مردن و هەندێکیان بە نەخۆشی و کارەساتی سروشتی (الطبیعة) لەناوچوون. بەڵام نزیکەی پەنجا هەزاریان توانییان لە ناوەڕاستی ئابدا بگەنە هەمەدان و لەوێشەوە بە قافڵە رەوانەی خێوەتگا-مخیم-ی بەعقوبە کران لەسەر رووباری دیالە کە پەنجا کیلۆمەتر لە بەغداوە دوورە. دوای شەڕ راگرتن پڕۆژەیەك پێشنیارکرا بۆ دووبارە نیشتەجێ کردنەوەی ئاشوورییەکان، بەڵام ئەو پشێوی و هەرایەی لەناوچە کوردییەکاندا روویدا پڕۆژەکەی پەکخست. دوای پشێوی و ئاڵۆزییەکانی ئامێدی لە تەمووزی ١٩١٩دا حاکمی مەلەکی گشتی داوای لە دەسەڵاتی سەربازی کرد هەموو کوردەکان لەناوچەی ئامێدی دەربکەن و پارچەیێك زەوی ئامادە بکەن بۆ ئاشوورییەکان کە لە خێوەتگاکانی بەعقوبەدا کۆکرابوونەوە، تاکو لە لیوای موسڵ نیشتەجێیان بکەن، بەڵام حکوومەتی بەریتانی لەو کاتەدا نەیویست بڕیارێکی یەکجارەکی لەم بارەوە بدا. ژمارەی ئاشوورییەکان لە بەعقوبە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩ نزیکەی سی و پێنج هەزار کەس دەبوون و لە دوو کۆمەڵ پێکهاتبوون، ئاشوورییەکانی هەکاری و ئاشوورییەکانی (أورمیە) لە ئێران. لە بەهاری ١٩٢٠دا بیرۆکەیێك هات بە خەیاڵی (اغا بطرس) کە ئاشوورییەکی شاخاوی بوو لە هۆزی (الباز) و رۆڵێکی گەورەی بینی لە سەرکردایەتی کردنی سوپای ئاشوورییەکان لەکاتی جەنگدا، پوختەی بیرۆکەکەی ئەوەبوو کە

دەوڵەتێکی ئاشووری بخولقێنرێ وەك جیاکەرەوەییێك لەسەر سنووری تورکیا و ئێران، لە هەمان کاتیشدا ئەوەی بیەوێ بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی لە شاخەکانی ویلایەتی هەکاری رێی لێ ناگیرێ و ئازاد دەبێ. بەڵام جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەورەی عەرەبەوە لە ساڵی ١٩٢٠ دواکەوت و بە تەواویش لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا کۆتایی پێهات بەهۆی لاوازی (اغا بطرس) لە رووی لێهاتوویییەوە و بەرگری کوردەکان لەو ناوچانەی دەکەونە باکووری ئاکرێ. لەکاتی شەڕەکەدا ئاشوورییەکان چەند ناوچەیەکیان تاڵان کرد کە کوردی تێدا نیشتەجێ بوون لەکاتێکدا ئەم کوردانە هیچ کارێکی دوژمنکارانەیان دژی ئەوان نەکردبوو و بەشدارییان لە شەڕدا نەکردبوو. دوای ئەمە حکوومەتی بەریتانی پەنای بردەبەر تاقیکردنەوەی پلانێکی نوێ و بڕیاریدا ئاشوورییەکان هۆز لە دوای هۆز نیشتەجێ بکا بە مەبەستی فراوانکردنی سنوورەکەیان بەرەو باکوور و لە ساڵی ١٩٢١دا (٧٥٠٠) کەسیان بەم شێوازە نیشتەجێ کران، هەندێکیان لە دەوروبەری زاخۆ و دهۆك و ئامێدی هەندێکی دیکەشیان لە ناوچەکانی (بەرواری باڵا) و (تیاری-سەروو-) و (تیاری-خواروو-) کە دەکەونە باکووری ناوچەی یەکەم بە مەودایێکی کەم و ژمارەیەکی زۆریشیان چوونە ناو سوپای (لیڤی)یەوە. حکوومەتی بەریتانی زیاتر لە (١٩٠٠) تفەنگ و بڕێ تەقەمەنی بەسەر هۆزەکانی ئاشووریدا دابەشکرد، دوای ئەوەی گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان لە باکووری سنووری ویلایەتی موسڵ. لە نیسانی ١٩٢٤دا ژمارەیەك ئاشووری لەو زەویانەدا نیشتەجێ کران کە دەکەوتنە ژێر ئیدارەی دەسەڵاتی عیراق هەروەها لە باکووری ئەو ناوچەیەش، کە ئەو زەویە بوو داوایان دەکرد و ژمارەیان بەوەندە خەمڵێنرا:

| | |
|---|---|
| لە ئێرانەوە | ٥٠٠٠ |
| لەو ناوچەیەی لە دواییدا داوایان کرد | ١٤٠٠٠ |
| لە زەوی تورکیاوە لە باکووری ناوچەی باسکراو | ٦٠٠٠ |
| کۆ | ٢٥٠٠٠ |

(٥٧٠٠) کەس لە کۆمەڵی دووەم لەو زەویەدا نیشتەجێ کران کە لە کۆنگرەی (استانبوڵ) داواکرابوو، دوای ئەو رووداوانەی لە ساڵی ١٩٢٤دا روویاندا گەڕانەوە بۆ باشووری هێڵی رێککەوتننامەکە. حکوومەتی بەریتانیا نیازی وابوو ئەو ئاشووریانەی لە ئێرانەوە هاتبوون یارمەتییان بدا بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە نیشتمانی خۆیان. پەیوەندییەکانی نێوان ئاشوورییەکان و خەڵکە موسڵمانەکە هەموو کاتێ و بەپێی پێویست باش نەبوو. دەسەڵات ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ



ئەوەی ئاشوورییەکان نەرم و زۆرباش نین چونکە ئەوان توندە تەبیعەت و شەڕانین و رەفتاریان زبر و رێك و پێك نییە. لە ئابی ١٩٢٣دا ناخۆشییەك لە نێوان کۆمەڵێ عەرەب و سەربازی ئاشووریدا لە بازاڕی موسڵدا روویدا و لە هەمان مانگدا خۆپێشاندان دژی کۆمەڵێ ئاشووری کە هەشت سەد کەس دەبوون روویدا و ئەستەنبوڵ ئەوانی فڕێدایە دەرەوەی سنووری خۆی. لەم دوو رووداوەش مەترسیدارتر یاخی بوونی دوو (سریە)ی (ئاشووری) بوو لە حامیەی کەرکووك ئەم رووداوە ئاژاوەی خولقاند لە نێوان سەربازە ئاشوورییەکان و بازرگانە موسڵمانەکاندا، ئیتر ئاشوورییەکان کەوتنە ناو شار و دەستیان بە تەقەکردن کرد لە هەر موسڵمانێ چاویان پێی بکەوتایە و ماڵ و کۆگای موسڵمانەکانیان وێران و تاڵان کرد، هەرچەندە ئەفسەر و (ضباط صف)ەکانیانیش هەوڵی زۆریاندا بەربەستی رووداوەکە بکەن. بۆیە دەسەڵاتیش ناچار بوو یەکەی سەربازی بەریتانی بە فڕۆکە رەوانە بکا بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی شارەکە. لەو ئازادییانەی ئاشوورییەکان هەیانبوو لە عیراقدا ئەوە بوو کە ناوبژیوانەکان لەکاتی شەڕ و ناکۆکیدا لە خۆیان بوون. سەرۆکەکانیان پلەی رەسمی یان نیمچە رەسمییان هەبوو و بۆشیان هەبوو(دەیەك-أعشار-) و باجی گاوگۆل (ماشیە) بەیارمەتی پۆلیس کە لە ئەندامانی هۆزەکەی خۆیان هەڵیاندەبژارد، کۆبکەنەوە. ئەم حاڵەتە دەبایە بگۆڕێ ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە بوو کە ژمارەیێکی زۆریان بەهۆی رووداوەکانی سنوور کە لە پاییزی ١٩٢٤دا روویاندا کۆچیانکرد. ئەو بنەماڵەیەی وەچەی (بطریرك)ی تێدایە خاوەنی دەسەڵاتە لەناو ئاشوورییەکاندا و هەر ئەمەشە کە هەردوو دەسەڵاتی بەریتانی و عیراقی دانی پێدادەنێن، نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا بە لیژنەکەی راگەیاند کە ئەگەر ئەو سنوورەی بۆ عیراق داوا دەکرێ بڕیاری لەسەردرا، حکوومەت نیازی وایە ئەو هۆزە ئاشووریانەی لە باشووری سنووردا دەژیان بگەڕێنێتەوە ناوچەکانی خۆیان و لەوێ نیشتەجێیان بکا، ئێستا لەم ناوچەیە تەنها دە هەزار و پێنج سەد کەس دەژی کە حەوت سەد و پەنجایان مەسیحین. بەڵام ئەو ئاشووریانەی کە وڵاتیان دەکەوتە باکووری سنووری پێشنیارکراو، لە دەوروبەری دهۆك و ئامێدی نیشتەجێ دەکرێن لە ناوچەیێکدا کە زۆر لە سنوورەوە دوورنییە. بەمجۆرە رێی ئەوەیان لێدەگیرێ بگەڕێنەوە ناوچە ئەسڵییەکانی خۆیان لەناو خاکی تورکیادا و ببنە هۆی دروستکردنی کێشە سنووری دیکە.

کۆی گشتی ئاشوورییەکان کە نیشتەجێ دەکرێن لە بیست هەزار زیاتر نابێ، دوای ئەوەی ئاشوورییەکانی ئێران دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. بەپێی زانیاری لە روسیادا ژمارەیەکی زۆریان هەیە دەگاتە نزیکەی سی هەزار کەس لە ئاشوورییە توورکەکان کە حەز دەکەن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان بەمەرجێ ئەو وڵاتەیان لەژێر دەسەڵاتی تورکیادا نەبێ.

بەریتانیا بە لیژنەکەی ڕاگەیاند کە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاشوورییەکاندا لە دوارۆژدا بەندە بەو بڕیارەوە کە سەبارەت بە سنوور دەدرێ، جا ئەگەر ئەو زەویانەی ئاشووریەکانی تێدا دەژیان نەدرێ بە عیراق ئەوسا دەبێ جۆرێ لە سەربەخۆیی زاتییان بدرێتێ، ئەمە ئەگەر لە کۆمەڵگەی ئاشووریی کە کەسی دیکەی تێدا نەبێ نیشتەجێ نەکران. ئەگەر سنووریش بەرەو باشوور بکشێ بەو جۆرەی بەشێکی بچووکی نیشتمانی پێشووی ئاشوورییەکانی بەر عیراق دەکەوێ ئەوسا زەحمەتە ناوچەیان لە عیراقدا بۆ تەرخان بکرێ. نەخشە و پلانی نیشتەجێ کردنیان بەندە بە قبووڵ کردنی ئەو سنوورەی حکوومەتی بەریتانی پێشنیاری کردبوو. ئاشوورییەکان ناتوانن لە ناوچەی دەشتاییدا بژین هەرچەندە زەویشیان بۆ دابین بکرێ، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی ئاو و هەواوەیە، هەروەها کێشەی دیکەش دێتە ئاراوە بەهۆی جیاوازی تەبیعەتی عەرەب لەگەڵ ئاشووریدا، ئەمەش کاردەکاتە سەر پەیوەندییەکانیان، لەکاتێکدا تەبیعەتی ئاشووری و کوردی لە یەك دەچن.

لیژنە هەست دەکا کە پێویستە گەلی ئاشووری بپارێزرێ و یارمەتییان بدرێ بە باشترین شێوە بژین. بەڵام لیژنە هەست ناکا کە ئەو چارەسەرەی حکوومەتی بەریتانی پیێشنیاری کردبوو لەگەڵ بنەماکانی دادپەروەریدا ڕێکدەکەوێ، کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نیشتەجێ کردنە.

لە سەرێکی دیکەوە ناڕەزایی حکوومەتی تورکیا لەو داواکارییە هەرێمایەتییە تازەیەی حکوومەتی بەریتانیا (دوای کۆنگرەی لۆزان) پێشکەشی کرد، ناڕەزاییەکی ڕاستەو بێ بنەما نییە. چونکە لە بەڵگەنامەکانی ئەو کۆنگرەیەوە دەردەکەوێ کە نوێنەری بەریتانیا لە سەرەتاوە داوای سنووری باکووری ویلایەتی موسڵی کردبوو ببێ بە سنوورێك بۆ عیراق. هەر گۆڕانکارییەك باسکرابێ گۆڕانکارییەکانی ڕێککەوتننامەی (سیڤر)ە، بەڵام ماددەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە قەزای ئامیدی بۆ تورکیا دەگەڕاندەوە.

لە نامەیێکی دیکە بە مێژووی ٢٦/ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ (لورد کرزن) پێشنیاری ئەوەی کرد بۆ (عصمت پاشا) کە شارەزا دابنرێ تاکو لە وردەکارییەکانی هێڵی نەگۆڕی سنووری ویلایەتی موسڵی باکوور کە لەو ڕێککەوتننامەیەی دەربارەی سنوور لە نێوان تورکیا و عیراق تۆمار دەکرێ، بکۆڵنەوەو لێی بدوێن. لەمەوە دەردەکەوێ کە پێشتر تەنها باسی گۆڕانێکی کەمی سنوور لە ئارادا بووە و لیژنەی دیاریکردنی سنوور لەوە زیاتری نەدەتوانی بکا. پێشنیارەکانی حکوومەتی بەریتانیا وەك لە ئەستەنبوڵ پێشکەشی کرد لەو گۆڕانکارییە کەمە زیاتر بوو. بۆیە لەوە دەچێ



پێشکەشکردنی ئەو پێشنیارە لە ئەستەنبول مەبەستی ئەوەبووە مەسەلەیێکی تازە بهێنێتە ئاراوە و حکوومەتی تورکیاش هەموو مافێکی ئەوەی هەیە کە قبوول نەکات باسبکرێ.

ناڕەزاییەکی دیکە هەیە سەبارەت بەو پێشنیارەی حکوومەتی بەریتانیا پێشکەشی کرد، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی وای لە ئاشوورییەکان کرد چەك دژی تورکیا هەڵبگرن. گومانی تێدا نییە کە ئەم گەلە ڕاپەڕی و چەکی دژی حکوومەتی شەرعی خۆی هەڵگرت، ئەمەش بە هاندانی بێگانە بوو بەبێ ئەوەی حکوومەتی تورکیا هیچی دەرهەقیان کردبێ. ئەوەش گومانی تێدا نییە کە حاڵی بژێوی و ژیانی ئاشوورییەکان لە سایەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا لە حاڵی مەسیحییەکانی دیکە باشتر بوو، چونکە ئەوان بڕێکی باشی حوکمی زاتی ناوخۆییان هەبوو لەژێر دەسەڵاتی (مالی بطریریکدا -البیت البطریریکی-).

لەم بارودۆخەدا هیچ دادپەروەرانە نییە بەشێ لە تورکیا بکرێتەوە کە بێ مشتومڕ هی خۆیەتی، تاکو گەلێکی تێدا نیشتەجێ بکرێ چەکی دژی سەروەریی ئەو هەڵگرتبوو. لیژنە وای بۆ دەچێ کە باشترین چارەسەر بۆ مەسەلەی ئاشوورییەکان قبووڵکردنی ئەو پێشنیارەیە کە نوێنەری تورکیا لە کۆنگرەی ئەستەنبوڵ پێشکەشی کرد، واتە ڕێگە بدرێ بە ئاشوورییەکان بگەڕێنەوە نیشتمانی ئەسڵی خۆیان. لەم حاڵەتەدا هەر ئەوەندە داوا دەکەین کە پێویستە ئاشوورییەکان هەمان سەربەخۆیی زاتی پێشوویان هەبێ و ژیانیان و سەلامەتییان بەدەرکردنی لێبوردنێکی گشتی بۆ دابین بکرێ.

### ٣- بەڵگەی سیاسی دیکە:

جگە لەو بەڵگە بنەڕەتییەی کە پشت بە ویستی دانیشتووان دەبەستێ هەردوولا (اعتبارات)ی سیاسی دیکەیان پێشکەش کرد هەریەکەوەو بۆ پتەوکردنی بۆچوونەکانی خۆی. حکوومەتی بەریتانیا کە پابەندە بە بەڵێنێکی سێ لایەنە (وعد ثلاثی) کە سەرچاوەکەی ڕێککەوتنەکانیەتی لەگەڵ گەلی عەرەبی و مەلیك فەیسەڵ لەلاییێکەوە و حوکمی (انتداب) لەلاییێکی دیکەوە. دەکرێ ئەم بەڵگانەی حکوومەتی بەریتانی پێشکەشی کرد بەمجۆرە کورت بکرێتەوە:

لەکاتی جەنگدا حکوومەتی بەریتانی لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو ناوچەیەی پەیوەندیی بە کێشەکەوە هەیە ڕێککەوتبوو و بەڵێنی دابوونێ کە ناگەڕێنەوە ژێر حوکمی تورکی. لە (سان ڕیمو)ش حکوومەتی بەریتانی لە نیسانی ١٩٢٠دا (انتداب) لەسەر عیراق قبووڵکرد کە لەلایەن کۆمەڵی گەلانەوە بڕیاردرابوو، لە پاییزی ١٩٢١ کۆمەڵی گەلان داوای لە حکوومەتی بەریتانی

کرد، پێش ئەوەی مەرجە کۆتاییەکانی (انتداب) یەکلا بکرێتەوە ئیدارەی ناوچەکە بگرێتە ئەستۆ کە لەگەڵ ناوەڕۆکی رەشنووسی (انتداب)ەکەدا کە ئامادەکراوە و چاوەڕێی دوا بڕیار لە سەردانی ئەنجوومەن دەکا، دەگونجێ و رێکە.

لە تشرینی یەکەمی **١٩٢٢** حکوومەتی بەریتانی رێککەوتننامەییێکی لەگەڵ مەلیکی عیراقدا مۆرکرد کە تیایدا هەردوولا بەڵێنی ئەوەیان دابوو هیچ پارچەییێك لە عیراق نەکرێتەوە یان نەدرێ بە کرێ بە هەر وڵاتێکی سێیەم یان زەویی لەو جۆرە بخرێتە ژێر دەسەڵاتییەوە. لەسەر ئەم بنەمایە حکوومەتی بەریتانی پابەندی پەیمانی سێ لایەنەبوو، جا ئەگەر موسڵ لەو زەویانەی دیکە کە (انتداب) دەیانگرێتەوە جیابکرێتەوە و بدرێ بە تورك، ئەوە مانای وایە پەیمانەکەی خۆی شکاندووە. (فتحی بەگ) نارەزایی خۆی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمەڵ لە ٢٥/ی ئەیلوولی ١٩٢٤دا لەسەر ئەم بەڵگانە دەربڕی و گوتی ئەو پەیمانە سێ لایەنەیە کە حکوومەتی بەریتانی داویەتی ناکرێ بە بەڵگەییێك دژی تورکیا چونکە تورکیا بەپێی هیچ بەڵگەنامەییێکی نێودەوڵەتی دەستی لە مافی خۆی لە ویلایەتەکەدا هەڵنەگرتووە، ئەمەش وەك ئەوە وایە دەست لە زەویی لایەنێکی دیکە هەڵبگیرێ بۆ بەرژەوەندیی لایەنی سێیەم بەبێ رەزامەندیی خاوەن زەوییە شەرعییەکە.

ئەو بەڵێنەش کە بە ئەنجوومەنی گەلان دراوە بە پێویستی نازانین ئەوە روون بکەینەوە کە سنووری ئەو زەویانەی خراونەتە ژێر (انتداب) لەلایەن کۆمەڵی گەلانەوە دیاری نەکراوە. بەپێچەوانەوە بەریتانیای مەزن یەکلایەنە بڕیاری لەسەر رادەی فراوانی ئەو زەویانەی دەکەونە کۆتاییەکانی باکووری عیراق داوە.

((ئەم کردەوەیەش یەك لایەنەیە، لەبەر ئەوە لە رووی یاساییەوە هەر لە بناغەوە (باطل)ە، بەڵگەکانی تورکیا ئەوەندە راست و سەرکەوتوون پێویست ناکا بەڵگەکانی هەردوولا شیبکرێنەوە)).

ئەوەش کە دەڵێ (تورکیا دەستی لە مافەکانی خۆی هەڵگرتووە) لە ویلایەتی موسڵدا شتێك نییە بکرێ، چونکە تورکیا لە چەند بۆنەییێکدا ئامادەی خۆی دەربڕیووە کە دەست لەو زەویانە هەڵبگرێ عەرەبی تێدا دەژین و چیدیکە نا. بەدەر لەوەش کە ویلایەتی موسڵ هەرێمێکی کوردییە، ئەگەر مەسەلەی زۆرینە بهێنرێتە ئاراوە، ئەوسا دیارە حکوومەتی تورکیا هەمیشە پابەندی قسەی خۆی بووە کە دەڵێ موسڵ بەشێکی دانەبڕاوی تورکیایە و بەهیچ جۆرێ نە لەڕووی شەرعییەوە و نە لە رووی ئەدەبییەوە دەستی لە مافەکانی خۆی هەڵنەگرتووە بۆ بەرژەوەندیی هیچ دەوڵەتێك، با وەکو بەیاننامەی حکوومەتی تورکیاش کە دەڵێ ئەو تەنها داوای ئەو ناوچانە دەکا کە حەز دەکەن بێنەوە لای، ئەوە لە رووی ئەدەبییەوە مانای دەست هەڵگرتن ببەخشێ. لەم حاڵەتەدا روونە کە ئەو



زەویانەی بەریتانیا و عیراق داگیریان کردووە لەڕووی یاساییەوە هێشتا هەر بە خاکی تورکیا دەژمێردرێن، تا ئەو کاتەی بۆخۆی دەست لە مافەکانی خۆی هەڵدەگرێ.

بەڵگەییێکی دیکە هەیە کە حکوومەتی بەریتانی پێشکەشی کردبوو ئەویش مافی فەتحە (حق الفتح) و بەمجۆرە کورت دەکرێتەوە گومان لەوەدا نییە کە وڵاتانی هاوپەیمان ناچارکران جەنگ دژی تورکیا بکەن بەبێ ئەوەی ئەوان تورکیایان (استفزاز) کردبێ، ئەوانیش لە جەنگدا سەرکەوتن و سوپای بەریتانی تورکەکانی لە وڵاتی دوو رووبارەکە دەرکرد. ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کە دەوڵەتێکی دۆڕاو شێوازی (تصرف) کردن بەو زەویانەوە کە لە رووی سەربازییەوە داگیرکراوە، بەسەر براوەکاندا بسەپێنێ.

وەڵامی حکوومەتی تورکیا لەسەر ئەم بەڵگانە ئەوەبوو کە مافی فەتح (حق الفتح) چیتر لە سەدەی بیستەمدا دانی پێدانەنراوە و نانرێ، بۆیە بەسەر ویلایەتی موسڵدا جێبەجێ ناکرێ کە بە زۆری داگیرکراو لە دوای جاڕدانی ئاگربەست و بە پێشێل کردنی مەرجەکانی ئەو ئاگربەستە وەك هەمان حاڵەت سەبارەت بە ئەستەنبول و ئیزمیر و ئەدەنە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم قسەیەی دوایی تورکیا حکوومەتی بەریتانیا ئاماژەی بەوەکرد کە هێڵی ئاگربەست لە رێککەوتننامەی کۆتایی ئاشتیدا باس نەکراوە، دووەمیش مەرجەکانی ئاگربەست ئەو مافەی بە سوپای هاوپەیمانان داوە کە دەتوانێ هەر ناوچەییێکی سەربازی لە پشت هێڵی ئاگربەستەوە داگیربکا ئەگەر لەو ناوچەیەدا شتێ روویدا هەڕەشەی لە سەلامەتی هاوپەیمانان کرد و شاری موسڵیش بەپێی ئەم مەرجانە داگیرکرا.

پێویست ناکا ئەم بیروبۆچوونە دژبەیەکانە شی بکەینەوە کە باسی پێشێلکردنی مەرجەکانی ئاگربەست دەکەن، ئەوەندە بەسە ئاماژە بکەین بە داگیرکردنی شاری موسڵ و هەموو شارەکانی وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە کە (حامیە)ی تورکی تێدا بوو بڵێین کە ئەم داگیرکارییە بەپێی ماددەی شانزە لە رێککەوتننامەی ئاگربەست رێی پێدراوە.

ئەو بەڵگەیەش کە باسی مافی فەتح (حق الفتح) دەکا مایەی لێدوانە، چونکە بارودۆخی سیاسی دوای رێککەوتننامەی (سیڤر) بە ماوەیەك، گۆڕانی لە ناکاوی بەسەردا هات تا وایلێهات پێویست بکا کۆنگرەییێکی تازە ببەسترێ بۆ ئەوەی دووبارە هەموو ئەوەی لە ((سیڤەر))دا کرابوو سەر لە نوێ دابرێژنەوە ئەم گۆڕانە ئەنجامی سەرکەوتنی سەربازیی تورکیا بوو کە بارودۆخێکی سەربازی تازەی هێنایە ئاراوە سەبارەت هەموو ئەو ناوچانەی گەڕانەوە یان دەگەڕانەوە بۆ تورکیا

لەگەڵ ئەوەی ئەمە لە مەیدانی چەندین جەنگدا ئەنجامدرابوو، ئەمەش زۆر روونە لە سروشتی ئەو کێشانەی لە (لۆزان)دا باسکران.

تورکیا کە نارەزایی خۆی لە بەڵگەی (حق الفتح) دەردەبڕێ هێنانەدی ئاشتییەکی چەسپاو (**وطید**) باس دەکا و ئەم بەڵگەیەشی لە (لۆزان) پێشکەش کرد و (فتحی بەگ) لە کۆنگرەی ئەستەنبوڵدا دووبارەی کردەوە و لە هەمان کاتیشدا ئاواتی خواست کە دۆزینەوەی چارەسەرێ بۆ کێشەی موسڵ رێ خۆش بکا بۆ هێنانەدی ئاشتییەکی چەسپیو و قایم لە نێوان تورکیا و بەریتانیای مەزندا و گوتی ((سوودەکانی ئاشتییەکی پتەو لە رۆژهەڵاتدا گرنگییەکی زۆر مەزنی دەبێ)).

دیارە کە سوودەکانی ئاشتی گرنگییەکی زۆریان هەیە و ئەگەر بویسترێ ئاشتییەکە هەمیشەیی بێ و رێ خۆشکەر بێ بۆ پەیوەندییەکی باش، پێویستە هیچ لایەنێك هەست بە کینەو رق نەکا بەرامبەر لایەنەکەی دیکە یان وابزانێ مافی خوراوە. لەم رووەوە دەبێ دەوڵەتی عیراق کە تورکیا دانی پێداناوە دانپیانانێکی واقیعی، لەو دەرامەتە پێویستیانە بێبەش نەکرێ کە بۆ گەشەکردنی گرنگن. رەنگە ئەگەر بەشێ لە ویلایەتی هەکاری بکرێتەوە ئەوسا مافی ویلایەتەکە دەخورێ و پێشێل دەکرێ، ئەگەر لیوای دیالەش بدرێ بە تورکیا ئەوا سەربەخۆیی عیراق دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەگەر وامان دانا کە تیۆری (ئاشتی چەسپیو) وەك ئەوەی حکوومەتی تورکیا پێشکەشی کرد جۆرێك لە رێککەوتن بهێنێتەدی، ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە تورکیا عیراق لەو شتە بنەڕەتیانە بێبەش دەکا کە پێویستن نەك هەر بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی بە تەنها بەڵکو بۆ گەشە پێکردنی دەرامەتەکانیشی.

### ٤- اعتبار و دەرەنجام:

گومانی تێدانییە کە تورکیا دەسەڵاتی یاسایی بەسەر هەرێمی کێشە لەسەردادەمێنێ مادامەکی دەستی لە مافەکانی خۆی لەو ویلایەتەدا هەڵنەگرتووە.

عیراق هچ مافێکی یاسایی یان مافی (فتح)ی نییە بەسەر هەرێمی کێشە لەسەرەوە، چونکە دەوڵەتەکەی لەکاتی کۆتایی هاتنی کردەوەکانی شەڕ، هێشتا دانەمەزرابوو. وەك (لورد پارمور)یش لە جنێڤ (١٩٢٤) گوتی: (عیراق بەبوونی واقیعی خۆی تەنها ئەو بەشە دەگرێتەوە کە کێشەی لەسەر نییە، هەرچی چۆنێکیش بێ، مافی ئەوەشی هەیە، کە لە هیچیشەوە دروستکرا، داوای ئەوە بکا سنوورێکی بێ کێشەی هەبێ کە بواری بۆ برەخسێنێ هۆیەکانی ژیانی ئاشتی و ئابووریانەی دابین بکات. ئەمەش لەکاتی جێبەجێ کردنیدا ئەو مەرجانە بەسەر تورکیادا دەسەپێنێ کە لە



چەندین بۆنەدا باسی کردبو و گوتبووی حەز دەکا سەربەخۆیی بڕیاردانی دوارۆژی سیاسی بۆ عەرەبەکان بەجێ بهێڵێ و خۆیان ئەو بڕیارە بدەن.

عیراق ئێستا بە یارمەتی بەریتانیای مەزن ویلایەتی پێشووی موسڵ بەڕێوە دەبا و لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەشدا رێککەوتننامەیەکی هاوپەیمانی هەیە کە لە (انتداب)دا خۆی دەنوێنێ بەگوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان لە **٢٧**/ی ئەیلوولی **١٩٢٤**دا ئەم رێککەوتننامەیە تا چوار ساڵ دوای مۆرکردنی رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا دەمێنێ. ئەگەر عیراق لە کۆمەڵی گەلان بە ئەندام وەرنەگیرا و ماوەی رێککەوتننامەکەش تەواو بوو، ئەوسا ئەنجوومەنی کۆمەڵ بۆی هەیە هەنگاوەکانی دیکە دیاری بکا و بڕیاری لەسەربدا بەپێی ماددەی بیست و دوو لە پەیمانی-میثاق-کۆمەڵ. دبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەنجوومەنی دامەزراندنی عیراق کە بڕیاری لەسەر رێککەوتننامەکەدا، مەرجێکی دانا کە دەڵێ ئەم رێککەوتننامەیە هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر حکوومەتی بەریتانی نەیتوانی بەرژەوەندییەکانی عیراق لە هەموو ویلایەتی موسڵدا بپارێزێ.

ئەم راستیانەمان بۆیە باسکرد چونکە بوونی (انتداب) لەوانەیە کاربکاتە سەر کۆتایی پێهێنای کێشەکە بەهۆی کاریگەریی زۆریەوە بەسەر بارودۆخی ناوخۆیی عیراقەوە.

گومانی تێدانییە کە بڕێکی باشی پێشکەوتن لە ویلایەتەکەدا هاتووەتەدی ئەگەر لەگەڵ رۆژانی پێش جەنگدا لەڕووی سیاسەتی ناوخۆوە بەراوردی بکەین. ئاسایشی گشتی زیاتر لە جاران چەسپیووەو چاکسازی بنەڕەتی لە خزمەتگوزاریی تەندروستی و فێرکردندا بەروونی دیارە. تەنها یەك نموونە دەهێنینەوە کە بەسە بۆ چەسپاندنی ئەم رایە، ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە ویلایەتی موسڵدا دووقات زیادی کردووە و ژمارەی ئەو قوتابیانەی دەچنە ئەو قوتابخانانە چوار ئەوەندە زیادی کردەوە لەو کاتەی کە ویلایەتەکە لەژێر ئیدارەی تورکدا نەماوە. بێ ئەوەی لە لێهاتوویی فەرمانبەرە عیراقییەکان کەم بکەینەوە بەتایبەتی لە بواری فێرکردندا دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تەقللاکانی بەریتانیا.

بەڵام باری ناوخۆ لە دەوڵەتی عیراقدا سەقامگیر نییە گومانیشی تێدانییە کە ئەوانەی وڵاتەکە بەڕێوەدەبەن باشترین نیازیان هەیە بەڵام ئەزموونیان نییە و لەڕووی سیاسیشەوە پێ نەگەیشتوون. حوکم لە عیراقدا کێشە و زەحمەتی مەترسیداری لەبەردەمدایە بەهۆی ناکۆکی نێوان سوننە و شیعە، ئەمانەی دوایی کەمتر بیروبۆچوونی سەردەم و چاکسازیانەیان لا پەسەندە.

ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە شیعە لە ویلایەتی بەغدا و بەسرادا زۆرینەن لە کاتێکدا زۆربەی دانیشتووانی ویلایەتی پێشووی موسڵ سوونەن و پەیوەندی کورد و عەرەبیش باش نییە.

لەکاتی سەردانی لیژنەکەدا حکوومەتی عیراق نەیدەوێرا ئیدارە لە لیوای سلێمانی دابنێ بۆیە ئەفسەرە بەریتانییەکان بەڕێوەیان دەبرد. ئەوەی لای لیژنەکە گەڵاڵە بوو ئەوەبوو کە (انتداب) کە لەژێر پەردەی ڕێککەوتننامەدایە دەبێ تا وەچەیەکی-جیل- دیکە بمێنێ تاکو دەوڵەتی تازە جێی خۆی قایم دەکا و گەشە دەکا. بەپێی بیروڕای زۆر لەو کەسانەی راوێژمان پێکردن بوونی دەوڵەت خۆی لە خۆیدا لەوانەیە ببێتە مایەی هەڕەشە لەو پارێزگاری و چاودێرییەی ئێستا کە (انتداب)ی کۆمەڵی گەلان دابینی دەکات، ئەگەر ئەو (انتداب)ە پاش چەند ساڵێکی کەم نەماو هەڵگیرا. ئەم حاڵەتە ئەو سوودە ئابوورییە و هی دیکەش روون دەکاتەوە کە دەست موسڵ دەکەوێ ئەگەر لەگەڵ عیراقدا یەکی گرت لە هەمان کاتدا کێشەی سیاسی زۆر مەترسیداری لێدەکەوێتەوە ئەگەر (انتداب) هەڵگیرا.لەوانەیە وا دابنرێ کە عیراق توانای ئەوەی هەیە حوکمی خۆی بەڕێوە ببا بێ یارمەتی کۆمەڵی گەلان. لەم حاڵەتەدا واباشە ویلایەتی موسڵ لەژێر دەسەڵاتی تورکیادا بمێنێتەوە، چونکە سەقامگیرترە لەکاتێکدا لە عیراقدا ئەمە نایێتەدی ئەگەر دەستی لێ هەڵگیرا.

هەستی گشتی لەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە دەکرێ ببێ بە بەڵگە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێك ئەنجامبدرێ زیان بە مافی هیچ کام لەو دوولایەنە نەگەیێنێ. ئەم هەستە لایەنی عیراق بەهێزتر دەکا ئەگەر راکانی هەموو هەرێمەکە بەسەریەکەوە وەربگیرێ. بەڵام ئەم رایانە زۆر جیاواز و هەمە چەشنە بوون و کاریگەریی بارودۆخی هەنووکەییشی پێوە دیاربوو بەڕادەیەك ناکرێ وەك بنەماییەکی سەرەکی دابنرێ بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو چوارچێوە سیاسییەی لە داهاتوودا بۆ ناوچەکە دیاریدەکرێ. دەبێ ئەوەش بڵێین بەتایبەتی هەڵوێستی ئەو ناوچانەی کە مەیلی گشتی تیایاندا بەلای عیراقدا بوو، بەو تەفسیلاتە راستەقینەیە بڕیاری لێ نەدرابوو کە (اعتبارات)ی ئابووری و ویستی خەڵکەکە بۆ مانەوەی یارمەتی بێگانە کە ئێستا لە (انتداب)دا خۆی دەنوێنێ. ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی عیراق گوتیان تورکیایان لاباشترە ئەگەر نیاز وابوو پاش ماوەییەکی کەم (انتداب) هەڵبگیرێ.

بەڵگەکانی دیکە کە هەردوو لا پێشکەشیان کرد زۆر بایەخیان نییە جگە لەو بەڵگەیەی لەسەر بنەمای گرنگی چەسپاندنی ئاشتی و پەیوەندیی دۆستانەی نێوان وڵاتە دراوسێکان، بنیات نرابوو. لە فەسڵی پێشوودا گوتمان ئەم بەڵگەیە ئەوە پێویست دەکا کە زەوییەك بە عیراق بدرێ کە پێویستیەتی بۆمانەوەی ژیانی و مسۆگەرکردنی پێشکەوتنی. لیژنە هەست دەکا کە ئەو ناتوانێ بڕیاری ئەوەبدا دەربارەی رادەی بایەخ و ئەو قورساییەی دەبێ بەم بەڵگەیە بدرێ لەچاو بەڵگەکانی دیکەدا. پوختەی قسە ئەوەیە ئەگەر ئەم بەڵگەیە پێش خرا و لە دوایشیدا وا بەباش زانرا ئەو وڵاتەی کێشەی لەسەر دەبێ هەر دابەش بکرێ ئەوسا ئەو دابەشکردنە هیچ جۆرە کێشەیێکی سیاسی لێ ناکەوێتەوە.



## فەسڵی شەشەم

## ئەنجامی گشتی ((استنتاجات عامة))

ئەم لیژنەیەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بیروڕا دروستکرا تاکو هەموو پێشنیار و راستییەکان بخاتە بەردەم کۆمەڵی گەلان بۆ ئەوەی یارمەتی بدا تاکو بگات بە بڕیارێك. سەربەرزە کورتە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەگەڵ پۆلینکردنی ئەنجامەکانیان بەمجۆرەی خوارەوە بخاتە بەردەستیان:

### ١- ئەنجامە جوگرافییەکان:

**أ- تۆپۆگرافیای سنوور:**

ئەو سنوورەی حکوومەتی بەریتانیا داوای دەکا سنوورێکی زۆر باشە، چونکە بەرەو باشوور، هەرکام لەو زنجیرە چیایانە بگری بە کەڵکی ئەوە دێ ببێ بە هێڵی سنوور. هێڵی (بروکسل)یش لەبارە بۆ ئەم مەبەستە وەك سنوورێ کە حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردبوو. هەروەها ئەو زنجیرەیەش کە لە باشووری زاخۆ و ئامێدی و نیروە-نیری-یەوە دەکشێ هەمان ئاکاری هەیە.

لە کاتی پێویستدا هەموو هێڵێکی بەدوایەکدا هاتووی لوتکەکان دەکرێ بە سنوور دابنرێ. دوا زنجیرە کە بە کەڵکی سنوور بێت دامێنی ئەو شاخانەیە کە لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات دەکشێن و (دهۆك) لە باکوور و-ألقوش- و ئاکرێ لە باشوور بەجێدەهێڵن. بەڵام ئەم هێڵە لایەنێکی خراپی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە ژمارەیەکی زۆری رێگادا دەڕواو ناوچەی دامێنی چیاکان لە ناوچەی دەشتایی جیادەکاتەوە.

ئەو سنوورەی حکوومەتی تورکیا داوایکرد سنوورێکی باشە لە بەشی رۆژئاوای کە بە بیاباندا دەڕوا، بەڵام لە بەشی رۆژهەڵاتی باش نییە. دەکرێ سنووری بیابان بە درێژایی هەر هێڵێك کە بیابان دەبڕێ تا نزیکەی پەنجا کیلۆ مەتر لە باشووری شاری موسڵ، دیاری بکرێ و بچەسپێنرێ لەوە بە دواوە زەوییە کشتوکاڵییەکان دەست پێدەکا کە بە دەوری شارەکەوەن، لەناو ویلایەتەکەشدا دەکرێ هەرسێ رووبارە گەورەکە: دیجلە و زێی گەورە و زێی بچووك وەك هێڵێکی جوگرافی نەگۆڕی سنوور دابنرێ.

**ب- جوگرافیای هەرێمی-الجغرافیة الاقلیمیة-**

ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە ناوچەییێکی گواستنەوەیە-منطقة إنتقالیة- لە دوولایەنەوە، لەلاییێکەوە دەکەوێتە نێوان شاخەکانی کوردەکان و دەشتەکانی عەرەبەکان. لەلاییێکی دیکەوە نێوان ناوچەی باشوور {سوریا و أرمینیا} و ناوچەی باشووری رۆژهەڵات (عیراق و لورستان) و بەشی باکووری وڵاتەکە کە موسڵە دەکەوێتە ناوەندی و لەڕووی جوگرافییەوە دەبەسترێتەوە بە ناوچەکانی (نصیبین و ماردین و دیاربکر و أورفە). لەکاتێکدا بەشی باشووری بەعیراق و لورستانەوە لە ئێران زیاتر پەیوەست بوو. ئەو هێڵەی ئەم دووکەرتە-قطاع- لێك جیادەکاتەوە لە نێوان کەرکووك و هەولێر درێژدەبێتەوە و رەنگیشە زێی بچووك باشترین هێڵ بێ بۆ ئەم مەبەستە.

**٢- ئەنجامە رەگەزییەکان-الاستنتاجات العرقیة-**

وڵاتەکە کورد و عەرەب و مەسیحی و توورك و ئێزدی و جوولەکەی تێدا دەژی. ئێمە بەگوێرەی ژمارەیان بەو جۆرە رێکمان خست.

ئەو سەرژمێری و نەخشانەی هەردوولا پێشکەشیان کرد ورد و رێك و پێك نەبوو. دوا سەرژمێریش کە دەسەڵاتی عیراقی کردی لەوانە باشتربوو بەڵام ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ بە تەواوی.

زۆربەی دانیشتووان کوردن، ئەمانەش نە توورکن و نە عەرەب و زمانەکەشیان زمانێکی ئارییە. (توورك)ەکانی وڵاتەکە لە هەمان رەگەزی دانیشتووانی کۆماری تورکیان ئێزدییەکان موسڵمان نین و خۆیان بە کورد دادەنێن، بەڵام ئایینەکەیان و ئەو گۆشەگیرییەی تیایدا دەژین کردوونی بە تایەفەییێکی بە تەواوی جیاواز. زۆربەی هەرە زۆری (نصاری)ەکانیش کلدان و (نساطرە)ن.

کورد و عەرەب دوو تاکە نەتەوەن کە بە کۆمەڵ و لە ناوچەی فراواندا دەژین. لە نێوان ئەم دووانەدا بە تەنها دەتوانرێ هێڵێك بۆ جیاکردنەوەی نەتەوەیی بە لێواری دیجلەدا تا ئەو شوێنەی زێی بچووك دەرژێتە دیجلەوە، بکێشرێ. بەمجۆرە موسڵ لە ناوچەکانی ناوەوەی کە بە پیتن و دانیشتووانیان چڕن جیادەکرێتەوە.

ئەو هێڵە لە باشووری زێ بەردەوام دەبێ بەدرێژایی رێی سەرەکی نێوان کەرکووك و کفری. ئێمە گەیشتینە قەناعەتێکی باش کە هێڵێکی وەك ئەمە ناکرێ داوا بکرێ لەبەر ئەو زیانە



ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی لێی دەکەوێتەوە.سنووری سیاسی هەرێمی کێشە لەسەر لەگەڵ ئێران و سوریا سنوورێکی نەتەوەییە وەك ئەم سنوورەی ئێستا هەروەها ئەو سنوورەش کە تورکیا داوای دەکا و عیراقیش. ئەو شارانەی تورکی تێدا دەژین دەکەونە باشووری هەرێمی کێشە لەسەر و لە عیراقەوە نزیکترە، لە کاتێکدا موسڵ کە شارێکی عەرەبییە دەکەوێتە ناوەندی بەشی باکووری هەرێمەکە. تەنها رێی هاتوچۆ لە نێوان موسڵ و دانیشتووانە عەرەبە نیشتەجێ بووەکان-المتحضرین- بە ناوچەیەکدا تێدەپەڕێ کە زۆرینەیەکی کوردی تێدا دەژی.

مەسیحییەکانیش پەرت و بڵاون، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لە باکووری موسڵدا دەژین. لە کۆی گشتی کوردەکان کە سێ ملیۆنە، مەعقولە بیانخەملێنین بەوەی نیوەیان لە تورکیادا دەژی و حەوت سەد هەزاریان لە ئێران و پێنج سەد هەزاریش لە هەرێمەدا دەژین کە کێشەی لەسەرە برێکیشیان لە سوریادان. بەڵام ئەوەندەی لە ناوچەکانی عیراق دەژین ژمارەیان کەمە. ئەو کوردانەی لە باکووری زێی گەورە و لەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە دەژین شێوە زاری تایبەتی خۆیان هەیە، پەیوەندیی نەژادی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەگەڵ کوردەکانی ویلایەتی هەکاری و ماردین دایە لە تورکیا. ئەوانەش کە لە باشووری زێی بچووکدا دەژین زیاتر لە کوردەکانی ئێرانەوە نزیکن نەك ئەوانەی پێشوو.

ئاژاوەی نەتەوەیی لە هەرێمی کێشە لەسەر گەیشتە رادەییێك کە زەحمەتە پشت بە (اعتبارات)ە نەتەوەییەکان ببەسترێ بۆ چەسپاندنی سنوور.

**٣- ئەنجامە مێژووییەکان:**

لەکاتێکدا هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەرێمی کێشە لەسەر چەند سەدەییێك لەژێر حوکمی تورکیا بووە، بەڵام ئەم حوکمە بە فیعلی بەدەست پاشاکانی بەغداوە بوو. لەبەر ئەوەی هەرێمی کێشە لەسەر لەژێر دەسەڵاتی هەمان حکوومەتدا بوو بۆ چەند سەدەییێك خەریکە مێژووەکەی وەك مێژووی بەغدای لێ بێ. بۆیە لەوانەیە بەڵگەی مێژوویی وابێتە بەر زەین کە لەوانە نییە یەکێتی مێژوویی وڵاتەکە لەبەر یەك هەڵبوەشێنێتەوە، هەر لەبەر ئەوە نەبێ کە ئەم راستییە دەربخا کە (ماردین و الجزیرە و دیاربکر) بە خاکی تورکیا دادەنرێ یا لەگەڵ بەغداشدا مێژووی هاوبەشیان هەبێ.

رەنگە ئەو بسەڵمێنرێ کە هەر سنوورێك، ئەوەیان بێ کە حکوومەتی بەریتانیا پێشنیاری کردبوو یان ئەوەی حکوومەتی تورکیا پێشنیاری کردبوو یان هەر هێڵێك لە ناوەڕاستی ئەو دوو هێڵە دابێ، هیچ چار نییە و ئەو پەیوەندییە مێژووییە دەبڕێ.

**٤- ئەنجامە ئابوورییەکان:**

(اعتبارات)ە ئابوورییەکان بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە هەرێمی کێشە لەسەر بخرێتە سەر عیراق، هەرچەندە دەشکرێ بکرێتەوە بێ ئەوەی هیچ زیانێکی لێ بکەوێ یان کێشەییێك دروست ببێ. ئەگەر وا بەباش زانرا -لەبەر هەر هۆییێك بێ جگە لە هۆیە ئابوورییەکە- هەرێمی کێشە لەسەر دابەشبکرێ، ئەوا چەند چارەسەرێك هەیە کە هەموویان دەکرێ قبووڵ بکرێن، ئەگەرچی هیچ کام لەو رایانە لەلایەنی یەکیەتی ئابووری وڵاتەکەوە پەسەند نەبێ و قبووڵ نەکرێ بە قەد ئەوەی لە دیدی یەکێتی وڵاتەکەوە قبووڵدەکرێ

(أ) رەنگە بکرێ قەزاکانی دهۆك و زاخۆ و ئامێدی لە موسڵ جیابکرێنەوە، ئەوسا ئەم ناوچانە لە دۆخێکدا دەبن کە لە دۆخی-الجزیرە- دەچێ کە لە رابوردوودا ئەویش وڵاتێکی ناوەکی موسڵ بوو.

(ب) لەوانەیە بکرێ سنوورێك پێشنیار بکرێ کە لە باکووری زێی بچووکەوە بکشێ و ناحیەکانی کۆیە و تەقتەق و رانییە لە عیراقدا بەجێ بێڵێ و بەرەو رۆژئاواش بە هێڵێکدا دەڕوا کە لە باشووری موسڵ بە نزیکەی پەنجا کیلۆمەتر دەکێشرێ، پاشان روو دەکاتە باشووری گوندەکانی شەنگار و زەوییە کشتوکاڵییەکانی لە واقیعدا موسڵ کە شارێکی گەورەیە و مەڵبەندێکی گشتی بازرگانییە بۆ بەروبوومەکانی ناوچەکانی باکوور و لە بەغدا زیاتر دابڕاوە نەك بەشەکانی باشووری ئەو وڵاتە کە بەغدا مەڵبەندی گشتی بازرگانیان بوو.

(ج) ئەگەر ناوچەی کێشە لەسەر دابەشکرا بەپێی سنوورێك کە بەرەو باشوور خوار ببێتەوە، باشتر وایە ناوەندی ئاوەڕۆی رووباری دیالە لەبەری عیراق بەجێ بهێڵرێ، چونکە ئەو وڵاتە ناتوانێ دەست لەو رووبارە هەڵبگرێ لەبەر مەسەلەییێك کە پەیوەندیی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاودێرییەوە هەیە. دەکرێ سنوور لە چیای حەمرینەوە و بەدرێژایی رووباری (آق صو) تا ئەو خاڵەی کە هێڵی پانی (٣٠° باکوور) دەیبڕێ و لەوێشەوە بۆ سنووری فارس بە کورتترین رێگە وێنە بکێشرێ.



**٥- (اعتبارات)ە سەربازییەکان -الاعتبارات السوقیة-**

ئەو سنوورەی بەریتانیا پێشنیاری کردبوو، هێڵێکی سەربازیی نایابە و هێڵی (برۆکسل)یش هەمان ئاکاری هەیە.

هەر هێڵێك بەدرێژایی زنجیرە شاخە تەریبەکان دابنرێ وەك لە فەسڵی جوگرافیدا باسکرا، دەتوانرێ بە سنوورێکی سەربازی دابنرێ، بەڵام ئەم نرخەی تا بەرەو باشوور شۆرببینەوە کەم دەبێتەوە.

ئەو سنوورەش کە حکوومەتی تورکیا پێشنیاری کردبوو هەر باشە لەلای رۆژئاواوە کە بە بیاباندا دەڕوا، بەڵام لە بەشی رۆژهەڵاتیدا خراپە.

رووبارەکانیش بەربەستی گرنگ دروست ناکەن بۆیە هەر سنوورێك لەگەڵ ئاوەڕۆکانیاندا بڕوا یان بە واتاییێکی دیکە تا زنجیرە چیاکان بکشێ وەك بنەماییێکی گشتی سنوورێکی سەربازیی خراپ دەبێ.

**٦- ئەنجامە سیاسییەکان:**

**(أ) لە رووی یاساییەوە:**

لیژنەکە وای بۆ دەچێ کە دەبێ هەرێمی کێشە لەسەر لەڕووی یاساییەوە بە بەشێکی لە دابڕان نەهاتووی تورکیا دابنرێ تا ئەو دەوڵەتە خۆی دەستی لێ هەڵدەگرێ.

عیراقیش بۆی نییە داوای هەرێمی کێشە لەسەر بکا نە بە پاڵپشتی مافی فەتح (حق الفتح) نە بە هەر مافێکی شەرعی دیکە. هەروەها ناتوانێ جگە لە بەڵگەی ئەدەبی کە دەڵێ کە دەوڵەتی عیراق دروستبوو، دەبێ سروشتی وڵاتەکەی بەو شێوەیە بێ کە رێی گەشەکردنی بدا، جگە لەم بەڵگە ئەدەبییە مافی چیدیکەی نییە.

لیژنە هەستدەکا کە ناتوانێ هیچ بایەخێك بۆ ئەو-اعتبارات-ە یاساییانە دابنێ چونکە ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەندایە، بۆیە نەیخستە ناو دەرەنجامە کۆتاییەکانیەوە.

(ب) سیاسەتی شانشینی عیراق لە ناوەوەدا:

لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی عیراق توانیوویەتی پێشکەوتنێکی هەست پێکراو بهێنێتەدی بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی پێش جەنگ لە وڵاتەکەدا هەبوو ئەمەش بە راوێژی بەریتانی بەدی هێنرا، بەتایبەتی لە بواری ئاسایش و تەندروستی گشتی و فێرکردندا. لەگەڵ ئەوەشدا گومانی تێدانییە کە هێشتا ئەم شانشینە سەقامگیر نییە بەدەر لەو نیازە باشەی سیاسەتمەدارانی عیراق هەیانە، بەڵام لە

ئەزموونی سیاسیدا هەژارن، بۆیە لەوە دەترسین کێشەی ترسناك دروستببێ لە ئەنجامی ئەو جیاوازییەی لە هەندێ هەڵوێستیدا هەیە، سەبارەت بە بیروڕای سیاسی شیعە لە باشوور و سوننە لە باکوور، هەروەها ناکۆکی رەگەزایەتی لە نێوان کورد و عەرەبدا و پێویستی دەست بەسەرداگرتنی هۆزە راپەڕیوەکان. ئەم کێشانە لەوانەیە زەبرێکی کوشندەبێ بۆ قەوارەی دەوڵەتەکە خۆی، ئەگەر بێ یارمەتی و رێنمایی بەجێ بهێڵرێ. لیژنە هەستدەکا کە دەبێ وڵاتەکە بخرێتە ژێر (انتداب)ی کۆمەڵی گەلان بۆ ماوەی نزیکەی (٢٥) ساڵ تاکو گەشەکردن و پێشکەوتنی مسۆگەر ببێ.

**(ج) ویستی خەڵکەکە:**

لەگەڵ ئەو تێبینیانەی هەمان بوو لە راپۆرتەکەماندا باسمان کردبوو دەربارەی وەرگرتنی رایەکان، دڵنیا بووین لەوەی ئەو ویستەی دانیشتووان دەریان بڕی لە هەموو هەرێمەکەدا ئەوە بوو کە عیراقیان لاباشتر بوو لە تورکیا. دەبێ لەوەش بگەین کە هەڵوێستی زۆربەی خەڵکەکە کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو (امتیازات)ەی چاوەڕێیان دەکرد لە (انتداب) دەستیان بکەوێ هەروەها بە (اعتبارات)ی ئابووری نەك هەستی هاوکاری و یەکێتی لەگەڵ حکوومەتی عەرەبیدا کاری تێیان کردبێ. ئەگەر ئەم دوو هۆیەش لای ئەوانەی پرسیاریان لێکرا بایەخی نەبووایە، لەوانەبوو زۆربەیان پێیان باش دەبوو بگەڕێنەوە بۆ تورکیا نەك بچنە پاڵ عیراق.

(د) کێشەی ئاشوورییەکان:

لەبەر ئەوەی حکوومەتی بەریتانیا مەسەلەی ئاشوورییەکانی نەخستە پاڵ کێشەی ئێستا تا بەستنی کۆنگرەی-قسطنطینە- هەروەها لەبەر ئەوەش کە لە وتوویێژەکانی پێشوودا یان لە رێککەوتننامەی (لۆزان)دا باسی نەکردبوو. لەبەر ئەوەش کە مەسەلەی ئاشووری بەڵگەی سەرەکی حکوومەتی بەریتانی بوو کە پێشکەشی کرد بۆ پشتگیری کردنی داواکاری خۆی کە سنوورێك بکێشرێ بەشێ لە ویلایەتی هەکاری بکرێتەوە، لەبەر ئەمانە لیژنە وای بۆ دەچێ کە داواکارییەکانی حکوومەتی بەریتانیا سەبارەت بە مەسەلەی ئاشووری پەیوەندیی بە مەسەلەکەوە نییە و لە دەرەوەی ئەم بابەتەیە.

**(هـ) پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا:**

ئەو چارەسەرەی کە بە کێشەوە بەندە دەبێ لە پێویستی هێنانەدی ئاشتییەکی هەمیشەیی لەم بەشەی ئاسیاوە هەڵبقوڵێ. لیژنەش هەست دەکا ناتوانێ نرخ و بایەخی ئەم بەڵگەیە دیاری



بکا و بڕیاری لەسەر بدا وەك هۆکارەکانی دیکە، بۆیە وای بۆدەچێ کە پێویستە ئەم مەسەلەیە بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان بەجێ بهێڵرێ. ئەگەر ئەنجوومەن دوای لەبەرچاوگرتنی ئەم (اعتبارات)ە سیاسییانە بڕیاریدا هەرێمی کێشە لەسەر دابەشبکرێ لە نێوان تورکیا و عیراق، ئەوە هیچ کێشەیێکی سیاسی لێ ناکەوێتەوە.

## ٧- ئەنجامە کۆتاییەکان -استنتاجات ختامیة-

ئەگەر لیژنەکە لە روانگەی بەرژەوەندیی دانیشتووانەوە کە پەیوەندییان بە مەسەلەکەوە هەیە تەماشای ئەم کێشەیە بکا، ئەوا وای بۆدەچێ ئەم زەوییەی کێشەی لەسەرە وەك خۆی بمێنێتەوە بێ دابەشکردن چونکە ئەوسا بۆ دانیشتووان سوودی دەبێ. لەسەر ئەم بنەمایە و دوای ئەوەی هەموو راستییەکانی تۆمارکرد و نرخی پێویست و لەباری بۆ هەر یەکێك لەو راستیانە دانا، وای دەبینێ کە بەڵگە گرنگەکان بەتایبەتی بەڵگە جوگرافی و ئابوورییەکان و هەستی زۆربەی دانیشتووان هەمووی بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە هەموو ئەو هەرێمەی دەکەوێتە باشووری هێڵی (بروکسل) بدرێ بە عیراق، لەگەڵ هەموو ئەو (تحفظات)انەی لێرەدا باسمان کردووە و بەمەرجێ دەبێ بەم مەرجانەی خوارەوە بەسترابێ:

أ- دەبێ زەویی کێشە لەسەر لەژێر چاودێریی کۆمەڵی گەلاندا، کە ئێمە بیست و پێنج ساڵی بۆ دیاریدەکەین، بمێنێتەوە.

ب- دەبێ ئاواتەکانی کوردەکان لەبەرچاو بگیرێ، کە بریتییە لە دامەزراندنی فەرمانبەرەکان لە خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ولاتەکەیاند، هەروەها کاروباری دادگا و وانەگوتنەوە لە پەیمانگاکانیدا و زمانی کوردیش ببێ بە زمانی رەسمی لە هەموو بەشەکانی ئەم ئیدارەیەدا. لیژنە قەناعەتی هەیە کە زۆربەی دانیشتووان تورکیایان لاباشترە لە عەرەب ئەگەر بزانن کۆمەڵی گەلان دەیەوێ چاودێری خۆی دوای کۆتایی ئەو چوار ساڵەی بە مەرجەوە بەستراوە لەو رێککەوتننامەیەی ئێستا لە نێوان بەریتانیا و عیراقدایە و کاری پێ دەکرێ، کۆتایی پێ بێنێ. ئەگەر کوردەکانیش بزانن کە ئەو (گەرنتییە-ضمانات-) دیاری کراوەی داوایان کردبوو لە ئیدارە زاتیەکەدا، نایاندرێتێ ئەوسا وەك گوتمان زۆربەی دانیشتووان تورکیایان پێ باشترە.

لیژنە قەناعەتی هەیە کە سوودەکانی یەکگرتنی هەرێمی کێشە لەسەر لەگەڵ عیراقدا، لەناودەچێ لە ئەنجامی ئەو کێشە سیاسییە مەترسیدارانەی لە هەڵوەشاندنەوەی چاودێری

(وصایە) و نەهێنانەدی مەرجەکان دروستدەبێ. بۆیە لەو حاڵەتەدا بۆ وڵاتەکە باشترە لەژێر دەسەڵاتی تورکیادا بمێنێتەوە کە باوردۆخی سیاسی دەرەوە و دۆخی ناوەوەشی زۆر سەقامگیرترە لەوەی لە عیراقدا هەیە. کۆمەڵ هەر بڕیارێك بدا پێویستە ناوچەی دیالەی گرنگ، بۆ عیراق بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ گرفتەکانی ئاودێری وڵاتەکەی چارەسەر بکا. لیژنەش واهەست دەکا کە لەسەریەتی بابەتی هەڵسەنگاندنی بەڵگە یاساییەکان و هی دیکەش لە بەڵگە سیاسییەکاندا کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان تاکو بایەخ و نرخی خۆی بۆ دابنێ بە بەراورد لەگەڵ بەڵگەکانی دیکەدا. ئەگەر ئەنجوومەن وای بۆچوو کە بەدیهێنانی عەدالەت وایپێویست دەکا هەرێمی کێشە لەسەر دابەش بکرێ، لەو حاڵەتەدا لیژنە پێشنیاری ئەوە دەکا کە ئەو هێڵەی لەگەڵ ئاوەڕۆی زێی بچووکدا دەڕواو لە هەمووشیان باشترە، لە شوێنێکی دیکەی ئەم راپۆرتەدا بەدوور و درێژی باسمانکردووە، خاڵی دابەشکردن بێ.

**٨- راسپاردەی-توصیات- تایبەت:**

لیژنە ناتوانێ کۆتایی بەم راپۆرتەی بهێنێ بێ ئەوەی سەرنجی ئەنجوومەن بۆ سێ مەسەلەی زۆر گرنگ رابکێشێ بۆ هێنانەدی سەقامگیری لە وڵاتدا و بۆ خێری گشتی هەمووان، هەرچەندە لە دەسەڵاتی ئەویشدا نییە، ئەم سێ مەسەلەیە ئەمانەن:

١- رێ و شوێنی دابینکردنی ئاشتی لە ناوەوەدا پەیڕەو بکرێ.

٢- پاراستنی کەمایەتییە ناموسڵمانەکان.

٣- رێ و شوێن و پێویستییە بازرگانییەکان.

**مەسەلەی یەکەم:** پەیڕەوکردنی رێ و شوێنی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ناوەوەدا لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی (لۆزان)ەوە خەڵکی هەرێمی کێشەی لەسەر کە خاوەنی تەبیعەتێکی زوو هەڵچوو و وروژاون لەو ساوە لە دڵەڕاوکێدا دەژین سەبارەت بە بارودۆخی یاسایی ئەوان لە سەردەمی داهاتوودا. شتێکی سروشتیش بوو کە ئەم هەستە میللییە زۆرجار بەدیاردەکانی توندوتیژی گوزارەی لێ بکرێ. ئەم تەبیعەتەیان لەکاتی سەردانی لیژنەکەدا بووە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕش لە زەینی ئەو خەڵکەی پڕوپاگەندەی هەردوولا بە تەواوی کاری تێکردبوون. ئەنجامی ئەمەش ئەوەبوو حیزب و کۆمەڵ دروست بکرێ و یەك دژی ئەوی تریش کار بکا، ئەمەش بەرادەیەك تەشەنەی کرد کە هەموو وڵاتی گرتەوەو بووە هۆی ئەوەی



خەڵکەکە لەوە بترسن کە دەکەونە خانەی گومانەوە، یانیش لەوانەیە دووچاری ئەوە بن، لەسەر دەستی ئەو دەوڵەتەی بەو زوانە دەسەڵاتی دەبێ بەسەریانەوە، جا هەر دەوڵەتێك بێ. بەهەرحاڵ ئێمە لەو بڕوایەداین کە خەڵکەکە دەرکیان بەوە کرد ئەندامانی لیژنە هەوڵیاندا و بە هەموو توانایانەوە کە بێ لایەنانە لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام بدەن و تەنها خێری دواڕۆژی ئەوانیشیان لەبەرچاو گرتووە، ئێمە دڵنیاین کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووان بەو بڕیارە رازی دەبن کە لەبارەیانەوە دەدرێ.

دەبێ ئەو دەوڵەتەی دەسەڵاتی بەسەر وڵاتەکەدا دەبێ، خەڵکەکە هێور بکاتەوە، بەوەی فەرمانبەرەکانی چاوپۆشن و دڵیان فراوان بێ بۆ لێبووردن، هەروەها فراوانترین لێبوردن کە لە توانادایە سەبارەت ئەوەی پێشتر روویانداوە دەربکا، بۆ لەناوبردنی بەدگومانی -سوء الظن- کە بە دڵی ئەوانەدا دێ گومانیان لێ دەکرا بەشێوەیەکی تایبەت یان ئەوانەی وادەزانن مایەی گومانن، بێ سوود نابێ ئەگەر کۆمەڵی گەلان نوێنەرێکی هەمیشەیی خۆی لەوڵاتدا و بۆ چەند ساڵێ دابنێ تاکو ئەرکی ئەوەبێ گوێ لە سکاڵای زوڵم لێکراوان و چەوساوان بگرێ، چونکە لەوانەیە ئەمە زۆر کێشە چارەسەر بکا هەروەها وای بۆدەچین کە هەموو بەربەستێ لەڕێی ئەوانەی بیروڕای تایبەتی خۆیان هەیە و نایانەوێ واز لەو بیروڕایانەی خۆیان بهێنن و ویستیان وڵات بەجێبهێڵن، لابرێ و رێیان لێ نەگیرێ.

بۆ رێگرتنیش لە هەر کارێك کە لەژێر کاریگەریی سۆز و هەڵچووندا دەکرێ و لەوەش دەچێ لەدواییدا ئەوانەی کردوویانە لێی پەشیمان ببنەوە، دەبێ رێ و شوێنی ئەوتۆ بگیرێتەبەر کە هەر بڕیارێ سەبارەت بە چارەنووسی هەرێمی کێشە لەسەر دەدرێ، تاهیچ نەبێ بۆ ماوەی شەش مانگ ئەو بڕیارە ئاشکرا نەکرێ و هیچی لەبارەوە نەگوترێ. هەروەها دەبێ بوار بۆ ئەو خەڵکە بڕەخسێنرێ تا ماوەی چوار ساڵ دوای ئاشکراکردنی بڕیارەکە مافی خۆیان بەکاربهێنن لە هەڵبژاردنی ئەو رەگەزنامەیەی-جنسیە- پێیان باشە. یەك ساڵی دیکەش بۆ کۆچکردووەکان-المهجرة- تەرخانبکرێ تاکو ماڵ و موڵکی خۆیان یەکلابکەنەوە و هیچ کەسێکیش ناچار نەکرێ و زۆری لێ نەکرێ ئەگەر رەگەزنامەی-جنسیە- وڵاتێکی دراوسێی هەڵبژارد و بۆی هەبێ وڵات بەجێبهێڵێ پێش تەواوبوونی ماوەی ئەو پێنج ساڵە و لەهەر کاتێکی ئەو ماوەیەدا بێ.

ئێمە کە ئەم ماوە درێژە پێشنیار دەکەین بۆ ئەوەیە بەرژەوەندی ئەو کەسانە دابین بکەین کە دەیانەوێ کۆچ بکەن و ناچار نەبن ماڵ و موڵکیان بە پەلە یەکلابکەنەوەو بە نرخێکی

هەرزانیش، چونکە ئەگەر ماوەکە کورت بوو ئەوسا دەرگا بۆ هەڵپەرستان و تەماحکاران دەکرێتەوە. لەوەش ناخۆشتر ئەو کێشە و سەر ئێشەیەی لە دراوسێکانیانەوە دووچاری دەبن کە چاودەبڕنە ماڵ و موڵکی کۆچکردووان بۆ ئەوەی بە هەزارنترین نرخ دەستیان بکەوێ.

**مەسەلەی دووەم:** پاراستنی کەمایەتییە ناموسڵمانەکان لەبەر ئەوەی لە هەردوو حاڵەتدا ئەو هەرێمەی کێشەی لەسەرە دەکەوێتە دەستی دەوڵەتێکی موسڵمان و بۆ ئەوەی ئاواتی کەمایەتییەکان لەبەرچاو بگیرێ بەتایبەتی مەسیحییەکان و هەروەها جوولەکە و ئێزدییەکانیش پێویستە رێ و شوێنی وەها بگیرێتەبەر کە بیانپارێزێ.

لە توانای ئێمەدا نییە هەموو ئەو مەرجانە دیاری بکەین کە دەبێ بەسەر ئەو دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەدا بسەپێنرێ بۆ دابینکردنی ئەو پارێزگارییە. بەڵام هەست دەکەین کە ئەرکی ئێمەیە ئاماژە بەوە بکەین کە دەبێ ئاشوورییەکان هەمان (امتیازات)یان هەبێ کە پێشتر لەڕووی عەمەلییەوە نەك رەسمی، لەپێش جەنگ هەیانبوو. دەبێ ئەو دەوڵەتە خاوەن سەروەریەش، هەر دەوڵەتێك بێ، رادەیەکی دیاریکراو لە حوکمی زاتی ناوخۆیی بە ئاشوورییەکان بدا و دان بە مافیاندابنێ لەوەی دەبێ فەرمانبەر دامەزرێنن و بەو باج و (رسوم)ە رازی بێ کە لەڕێی (بطريرك)ەکەیانەوە دەیدەن بە دەوڵەت.

هەروەها دەبێ بۆ هەموو مەسیحی و ئیزدییەکان ئازادی ئایینی دابین بکرێ و مافی ئەوەشیان هەبێ قوتابخانە بۆ خۆیان دابنێن. بارودۆخی کەمایەتییەکان دەبێ بە حوکمی واقیع لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی وڵاتدا بگونجێنرێ، ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەو رێ و شوێنانەی دەگیرینەبەر بۆ بەرژەوەندیی کەمایەتییەکان هیچ مانایێکی نابێ ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا چاودێرییەکی چالاکی (موقع)ی نەبێ و دەکرێ ئەم چاودێرییە (موقع)یە بدرێ بە نوێنەرانی کۆمەڵی گەلان.

**مەسەلەی سێیەم: رێ و شوێن و پێویستییە بازرگانییەکان**

وەك گوتمان ئەو زەوییەی کێشەی لەسەرە زەوی ترانزێتە لە نێوان تورکیا و سوریا لەلاییێکەوە و عیراق و ئێران لەلاییێکی دیکەوە. بۆیە هەر دەوڵەتێك دەسەڵاتی بەسەر ئەم هەرێمەدا بۆ بڕەخسێ دەبێ دەروازە بازرگانییەکان بۆ ئەو دەوڵەتە دابین بکات، ئەگەر زەویی کێشە لەسەر درایە تورکیا دەبێ ئەم دەوڵەتە بەمە رازی بێ لەبەر ئەوەی بەغدا تەنها دەروازەی بەروبوومی زیادەیە. ئەم جۆرە رێککەوتنە لە بەرژەوەندیی دانیشتووان دەبێ.



ئەگەر زەویی کێشە لەسەر درایە عیراق دەبێ دانیشتووان ئازادیی تەواوی بازرگانییان هەبێ لەگەڵ تورکیا و سوریا. هەروەها دەبێ ئاسانکاریش بۆ شارە سنوورییەکانی تورکیا دابینبکرێ تاکو رێی موسڵ بەکاربێنن بۆ ناردنی بەروبوومەکانیان و هێنانی کەرەستەی دروستکراویش لە دەرەوە. جگە لەمە دەبێ رێککەوتننامە لەم بارەوە ئیمزا بکرێ ئەگەر ئەو زەوییەی کێشەی لەسەر لە نێوان تورکیا و عیراقدا دابەشکرا.

**جنێڤ**

**١٦/ی تەموزە ١٩٢٥**

| | | |
|---|---|---|
| ی. اڤ ڤیرسین | الكونت تیلیکی | أ. پاولیس |
| (ئیمزا) | (ئیمزا) | (ئیمزا) |

## پوختەی ئەوەی کرا دوای پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکە بە ئەنجوومەنی کۆمەڵ

لە سێی ئەیلولی ١٩٢٥ ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان کۆبووەوە بۆ لێدوان و توێژینەوەی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە سەرەتا (مقرر)ی دانیشتنەکە پێشنیاری کرد داوا لە نوێنەری حکوومەتی بەریتانی و نوێنەری حکوومەتی تورکی بکرێ بیروڕای خۆیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە یان هەر خاڵێکی دیکەی پەیوەندیدار بە مەسەلەی کێشەکەوە دەربڕن.

(لورد إيمری)ی (نوێنەری بەریتانیا) بیروڕای خۆی دەربڕی گوایا قسەکانی هەموو لە ڕاپۆرتەکەوە وەرگرتووە و ڕاپۆرتەکەش لایەنی ئەو قسانەی دەگرێ.

دوای ئەو –توفيق رشدی بەگ– (نوێنەری تورکیا) ئەویش ئاماژەی بە چەند بڕگەیێکی ڕاپۆرتەکە کرد گوایا پشتگیریی بۆچوونەکانی دەکا سەبارەت بە داواکردنی ویلایەت لەلایەن وڵاتەکەیەوە.

هەردوولاشیان ئاماژەیان بەو تێبینی و بۆچوونانە کرد کە نوێنەری حکوومەتەکەی دەربارەی کارەکانی لیژنە دەری بڕیبوو، ئەمەش شتێکی تازەی تێدا نەبوو کە لەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا نووسرابوو یان لە یادداشتەکانی ئەو کەسایەتیانەی دەربارەی بۆچوونەکانیان شت نووسرابوو، زیاتربێ و ئێمەش لە بەشی دووەمدا ئەو بۆچوونانەمان تۆمارکردووە بەڵام نوێنەری تورکیا شتێکی لەو نووسینەی (جواد پاشا) وەرگرت. دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەکە لە لیوای سلێمانی و بەجۆرێك باسی کرد بۆ ئەوەی بڵێ کە لەژێر هەڕەشە و تۆقاندنی بەهێزی بەریتانی کراوە نەك وەك لیژنەکە دەڵێ کرابێ، مەبەستیش لەمە گومان بخەنە سەر ئەو کاریگەرییە بنبڕ و باشەی لیژنەکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیەوە لەوێ بەجێی هێشتبوو.

توفيق رشدی بەمجۆرە مەسەلەکەی لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکەدا باسکرد.

((هێزەکانی بەریتانیا شاری سلێمانیان داگیرکرد و لێی کشانەوە بۆ چەند جارێ، بەڵام نەیتوانی هیچ بەشێکی لیواکە داگیر بکا و خەڵکەکەش هەمیشە چەکیان لەڕووی داگیرکاریی بەریتانیدا بەرزدەکردەوە... کە لیژنەکە لە کەرکووکەوە چوو بۆ سلێمانی لەلایەن هێزەکانی بەریتانی و پۆلیسی عیراقییەوە بە توندی پارێزگاریی دەکران، هەروەها پێنج فڕۆکەش لە هێزی ئاسمانی بەریتانی بەدرێژایی ڕێگە کە بەسەر سەریانەوە بوو. هێزەکانی بەریتانیا هەموو ڕێگە و شوێنەکانی گرتووە... و سەربازی بەریتانی و پۆلیس شارەکەیان پڕکردووە[1]...))

(١) مەحەزەرەکانی کۆمەڵ The Official Journal، ل١٣٢٣-١٣٢٤.



پاشان بەرگری لە خۆیان کرد دەربارەی ئەو تۆمەتەی نوێنەری بەریتانیا خستبوویە پاڵ تورکیا لەبارەی چەوساندنەوەی کوردەکان لە تورکیا و گوتی ((کوردەکان لە تورکیا هەموو ئەو مافانەیان هەیە کە تورك هەیەتی. من لەو بڕوایەدام کە نوێنەری بەریتانی لە هەڵوێستی شێخ سەعیدی کورد (پیران) و دەست و پێوەندەکانی ڕازی نابێ کە شۆڕشیان دژی ڕژێمی تورکیا کرد، ئەو ڕژێمەی پشت بە سەروەری میللەت و ئازادی ویژدان دەبەستێ. ئەو ناتوانێ لەو مەبەستە بگا کە کورد لەبەر پارێزگاری کردنیان دەبێ دابەشبکرێن. من دەپرسم: ئایا بەریتانیا دەیەوێ بەشێ لە کورد لەژێر دەسەڵاتیدا بێ تاکو دژی تورکیا بەکاریان بێنێ کە گەورەترین ژمارەی کوردی تێدایە؟))[2]

دوای ئەوەی نوێنەرەکان لە قسەکانیان بوونەوە دەربارەی ڕاپۆرتەکە (مقرر)ی ئەنجوومەنی کۆمەڵ پێشنیاری کرد لیژنەیێکی لاوەکی-فرعی- پێك بێ بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتەکە و پوختەی کێشەکە و ڕاپۆرتێکیش لەو بارەیەوە بدەن. داواش لە لیژنەکە بکرێ پێشنیارێ پێشکەش بکەن سەبارەت دانانی هێڵێکی کاتی ی سنوور (مؤقت) تاکو کێشەکە چارەسەر دەکرێ. ئەنجوومەن لیژنەیێکی دانا لە سێ ئەندام لە بروکسل، یەکێکیان سویدی و ئەوی دیکەیان ئیسپانی و سێیەمیشیان (اورگوای)یی بوو. هەردوو لایەنی کێشەکە ڕەزامەندی خۆیان لەو بارەوە دەربڕی.

لە ١٩/ی ئەیلوولی ١٩٢٥ ئەنجوومەنی کۆمەڵ کۆبووەوە و ڕاپۆرتی لێژنە لاوەکییەکە خوێنرایەوە کە تیایدا وەڵامی دوو بڕگە درابووەوە.

أ- سیفەتی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەن بەپێی بڕگەی دووی ماددەی سێی ڕێککەوتننامەی (لۆزان)[3] دەری دەکا؟ ئایا بڕیاری ناوبژیوانی-تحکیم- دەبێ؟ یان ڕاسپاردە-توصیە- یان هەر ناوبژیوانی-وساطە-؟

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٣٣٦.

(٣) دەقی ماددەکە: سنووری نێوان تورکیا و عیراق بە ڕێککەوتنێکی دۆستانە دیاریدەکرێ کە لە نێوان تورکیا و بەریتانیای مەزندا لە ماوەی نۆ مانگدا ئیمزا دەکرێ. ئەگەر هەردوو حکوومەت لەو ماوەیەی دیاریکراوە نەگەیشتنە ڕێککەوتنێك کێشەکە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵی گەلان و هەردوو حکوومەتی تورکی و بەریتانی بەڵێنی ئەوە دەدەن کە هیچ کردەوەیەکی سەربازی یان غەیرە سەربازی نەکەن کە ببێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری، بەهەر شێوەیەك بێت، لە بارودۆخی ئێستای سنووردا، ئەو سنوورەی چارەنووسی کۆتایی بەپێی ئەو بڕیارە دیاری دەکرێ.

ب- ئایا پێویستە ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی کۆمەڵ دەری دەکا بە کۆی دەنگ-إجماع- بێ یان بەزۆرینە-اکثریە-؟

لەبەر ئەوەی ئەم دوو پرسیارە سروشتێکی یاساییان هەیە، لیژنە وای بەباش زانی کە پێشنیاری ئەوە بکا کە ئەنجوومەنی کۆمەڵ بابەتەکە رەوانەی دادگای دادی هەمیشەیی نێودەوڵەتی-محكمە العدل الدولیە الدائمە- بکا لە لاهای تاکو بیروڕای وەك راوێژکار دەربڕن.

ئەنجوومەنەی کۆمەڵ پێشنیارەکەی پەسەند کرد و بابەتەکەی لەگەڵ راپۆڕتەکە و هەموو کاغەز و بەڵگەنامەکان و بیروڕای هەردوولا و وەڵامەکانیان رەوانەی دادگای دادی نێو دەوڵەتی کرد بۆ ئەوەی بەپێی ماددەی چواری پەیڕەوی کۆمەڵ بیروڕای خۆی دەربڕێ. لە ٢٦/ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥. دادگا بڕیاری خۆی سەبارەت بە هەردوو پرسیارەکە دەرکرد. کە ئەمەی تێدابوو: ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی کۆمەڵ دەریدەکا بەپێی بڕگەی دوو لە ماددەی سێی رێککەوتننامەی (لۆزان) دەبێ هەردوولا پابەندی بن و جێبەجێ بکەن و بڕیارێکی کۆتاییش دەبێ سەبارەت هێڵی سنووری نێوان تورکیا و عیراق. ئەو بڕیارەش دەبێ بە کۆی دەنگ-إجماع- دەربکرێ نەك بە زۆرینە-اکثریة- و هەردوولاش مافی ئەوەیان هەیە بەشداریی تێدا بکەن بەڵام دەنگیان بۆ بەدیهێنانی کۆی دەنگ نابێ حیساب بکرێ.

لە هەشتی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ ئەنجوومەنی کۆمەڵ کۆبووەوە بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامەکانی و بڕیارەکەی دادگای دادی نێودەوڵەتی یان بۆ خوێنرایەوەو مشت و مڕ و وتووێژێکی زۆری لەسەر کرا. لە کۆتاییدا بەکۆی دەنگ بەڕای لیژنەی لێکۆڵینەوە رازی بوون و پەسەندیان کرد کە پێی باش بوو هەموو ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە باشووری هێڵی (بروکسل) بخرێتە سەر عیراق، نەك دابەشبکرێ.

دوای ئەوە ئەنجوومەن داوای کرد مەسەلەی ئەو سیستەمەی-نظام- لە رێککەوتننامەی هاوپەیمانیدا-معاهدە التحالف- لەسەری رێك کەوتبوون لە نێوان عیراق و بەریتانیا بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لەژێر سایەی (انتداب)دا، دیراسە بکرێ و لێی بکۆڵرێتەوە. ئەنجوومەن ئەوەی راسپارد-توصیە- کە بۆ هێنانەدی مەبەست و لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لە راپۆرتەکەیدا نووسراون، رایسپارد رێککەوتننامەیێکی نوێ لە نێوان هەردوو حکوومەتی بەریتانی و عیراقیدا ببەسترێ و پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆمەڵ بکرێ لە ماوەی شەش مانگدا کە لە ئەمڕۆوە حیسابە. هەروەها داواش لە حکوومەتی بەریتانی دەکا کە



ئاگاداری بکاتەوە لەو رێوشوێنانەی دەیگرێتەبەر بۆ هێنانەدی ئەو راسپاردە تایبەتیانەی کە لە رپۆڕتەکەدا هاتووە: ئەویش ئەمانەن

١- هێڵی بروکسل دەبێ بە هێڵی سنوور لە نێوان عیراق و تورکیادا.
٢- رێککەوتننامەیێکی نوێ پێشکەش بە ئەنجوومەن بکرێ و تیایدا بەریتانیا بەڵێنی ئەوەبدا و مسۆگەری بکا کە سیستەمی (انتداب) بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ بەردەوام دەبێ و ئەگەر عیراق وەك ئەندام قبووڵ کرا لە هەر کاتێکدا پێش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە، لە کۆمەڵی گەلاندا، ئەوسا دەکرێ (إنتداب) نەمێنێ.
٣- داوا لە حکوومەتی بەریتانی بکرێ ئەو رێ و شوێنە ئیداریانە دیاری بکا کە بۆ دابینکردنی دڵنیایی دەدرێ بە کوردەکان لەبەر رۆشنایی راپۆڕتی لیژنەکە.
٤- داواکردن لە حکوومەتی بەریتانی راسپاردەکانی لیژنەکە جێبەجێ بکا.

پاشان بە خوێندنەوەی ناوەکان دەنگ لەسەر راپۆڕتەکە دراو ئەنجوومەن بە کۆی دەنگ رەزامەندیی لەسەر دەربڕی.